# ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی

## جزمی ٢

لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە و کۆکردنەوەی

**(بابی لالۆ)**
**کەمال ڕەئووف محەمەد**



ناوی کتێب: ئەدەبی نامەنووسینی کوردی
جزمی: ٢
دانانی: کەمال ڕەئووف محەمەد (بابی لالۆ)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٦٢
دەرهێنانی هونەریی ناوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی پیت لێدان و هەڵەچنی و دەرهێنان: ئەمیری حاجی داود
هەڵەگری: نووسەر
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٥٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێڕستی بابەتەکان


**بەشی چوارەم**

١- شیعرنامەی کوردیی ........ 9

٢- پەخشاننامەی زمان بیانیی ........ 53

٢/١- پەخشاننامەی عەرەبیی ........ 53

٢/٢- پەخشاننامەی فارسیی ........ 75

٢/٣- پەخشاننامەی تورکیی ........ 91

**بەشی پێنجەم**

١- پەخشاننامەی کوردیی - کەسیی ........ 107


# کلیلی نیشانە و زاراوەکان

🗎 : پوولی پۆستە

●: مۆر (مۆری کەسیی)

◎: مۆر (تەمغەی دەزگەیێ/ ڕەسمیی)

❍: نامەنووس بە شیعر

⊖: نامە هەنێر

❑: نامە وەرگر

❑⊖: نامە هەنێر و نامە وەرگر

×: نێوی کەسێ لە نامەیێکدا هاتبێت

(*): پەراوێز

✡: یێکەم جارە بڵاودەبێتەوە

🕮: بڵاوە

🕮 ✡: پێشتر هەر من بڵاوم کردووتەوە



(...): وشەیێ ڕستەیێ بۆم نەخوێندرابێتەوە،یان ونە.

(!!): گومان لێ کردن

[ ]: بۆ نواندنی باسێ یا ڕاییێک

(...): وشەیێ، ڕستەیێ بۆم نەخوێندرابێتەوە یان ناتەواوە، یان ونە!

[ ]: دوو کەوانێ من دامناوە بۆ نواندنی باسێ یان ڕاییێکم.

-/ : ژمارەی سەرچاوە، نامە هەڵگر یان نامە هەنێر.

/-: کۆی گشتیی نامەکان (بەکەسیی و ڕەسمییەوە بێ لە شیعرنامە و نامەی بیانیی زمان!).

/-/: ژمارەی نامەی نێو سەرچاوەیە، یان ژمارەی نامەکان نامە هەنێرێ

/و-../: وەڵامنامە - ژمارە.

-//-//-: ژمارەی سەرچاوە یان نامەهەنێر/ ژمارەی نامەکانی نامەهەنێر/ کۆی گشتیی نامەکانی بیانیی زمان.

ئە. م. سلێمانیی: ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانیی.

ئە. ئـ. سلێمانیی: ئەنجوومەنی ئیداریی سلێمانیی.

ح. د. کوردستان: حیزبی دیموکراتی کوردستان - خۆرهەڵات (ئێران).

پ. د. ک: پارتی دیموکراتی کوردستان - باشوور (عێراق)

پ. ز: پێش زایین، پێش عیسا.

پ. ش: پارتی شیووعی (کۆمەنیست).

پ. ن: پەخشاننامە (نامەی نووسراو بەپەخشان).

پ. ن؛ ڕە: پەخشاننامەی ڕەسمیی.

پ. ن؛ کە: پەخشاننامەی کەسیی.

پ. ن - ت/ ڕە: پەخشاننامەی تورکیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ت/ کە: پەخشاننامەی تورکیی/ کەسیی.

پ. ن - ع/ ڕە: پەخشاننامەی عربیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ع/ کە: پەخشاننامەی عربیی/ کەسیی.

پ. ن - ف/ ڕە: پەخشاننامەی فارسیی/ ڕەسمیی.

پ. ن - ف/ کە: پەخشاننامەی فارسیی/ کەسیی.

پ. ن/ کە (ف - ک): پەخشاننامەی کەسیی (فارسیی - کوردیی)

ت: تورکیی
١. ج. گێتی: یێکەم جەنگی گێتیی.
٢. ج. گێتی: دووەم جەنگی گێتیی.
ز: زایینی، ساڵی عیسایی
ژ: ژمارە
ڕ: ڕۆمیی، ساڵی دارایی عوسمانیی
س: ساڵ
ش: شوێن
ش. ن: شیعرنامە (نامەی نووسراو بەشیعر)
ع: عەرەبیی
ف: فارسیی
ف. ع- کەرکووک: فێرگەی عیلمییە - پیشەسازیی - کەرکووک.
ف. م - بەغدا: فێرگەی مامۆستایان - بەغداد.
ق. ئا: قوتابخانەی ئامادەیی
ق. ئا. س. بەغدا: قوتابخانەی -فێرگە-ی ئامادەیی سەربازیی بەغدا
ق. ڕ: قوتابخانەی -نێوەندی-ی ڕوشدییە
ق. ڕ. س - سلێمانیی: قوتابخانە ڕوشدییەی سەربازیی - سلێمانیی
ق. س: قوتابخانە سەرەتایی
ق. ن: قوتابخانە نێودەندیی
ک. برایەتی: کۆمەڵ/ پارتی برایێتی
ک. پشتیوان: کۆمەڵ/ پارتی پشتیوان
ک. خێیبوون: کۆمەڵ/ پارتی خۆیبوون
ک. دارکەر: کۆمەڵ/ پارتی دارکەر
ک. م. و - سلێمانیی: کۆمەڵ/ پارتی مودافەعەی وەتەن - سلێمانیی (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن)
ک. ز. ک - سلێمانیی: کۆمەڵی زانستیی کوردان - سلێمانیی.
ک. زەردەشت: کۆمەڵ/ پارتی زەردەشت.
ک. ژ. ک: کۆمەڵ/ پارتی ژ. ک (ژیانەوەی کورد).



ک. س. کوردستان: کۆمەڵ/ پارتی سەربەخۆیی کوردستان.
ک. کوردستان - سلێمانیی: کۆمەڵی کوردستان - سلێمانیی (جەمعیەتی کوردستان)
ک. ل. کورد: کۆمەڵی لاوانی کورد.
ک. هـ. پ. کورد - ئەستەمبووڵ: کۆمەڵ/ پارتی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد - ئەستەنبووڵ. (کورد تەعالیی و تەرەققیی جەمعییەتی).
ک. هـ- بەغدا: کۆمەڵ/ پارتی هیوا- بەغداد
ک. ی. پ. ع/ ئەستەنبووڵ: کۆمەڵ/ پارتی یێکیەتیی و پێشکەوتنی عوسمانیی- ئەستەتبووڵ (ئیتیحاد و تەرەقیی جەمعییەتیی).
ک. ی. پ. ع - سلێمانیی: کۆمەڵ/ پارتی یێکییەتیی و پێشکەوتنی عوسمانیی - لقی سلێمانیی.
م: مێژوو
م. ع - ئەستەنبووڵ: مەکتەبی حەربییە - کۆلێجی جەنگاوەریی - ئەستەنبووڵ.
ن: نومرە، نومێرۆ/ ژمارە.
هتد: هەتا دوایی.
هـ. خ: (هـ.ش/ هیجری شەمسی) هیجری خۆریی: مانگی کۆچیی لای موسڵمانە شیعەکان.
هـ. م: (هـ. ق/ هیجریی قەمەریی) هیجری مانگیی: مانگی کۆچیی لای موسڵمانە سوننەکان.
ودبنبڕە: وێنەی دەستنووس و بەڵگە و نامە و بەڵگەنامە ڕەسمیی.
ی. س. ک - بەغداد: یانەی سەرکەوتنی کوردان - بەغداد.
ی. ن. ک: یێکییەتیی نیشتمانیی کوردستان.
E: ئینگلیزیی.
F: فڕانسیی.
G: گریکی - یۆنانی
K: کەمال/ نووسەر
L: لاتینی

# بەشی چوارەم

**١- شیعرنامەی کوردیی:**

ش. ن: ١/١/١(*)

[مەلا – ئەحمەد –ی جزیریی ـــ دلبەرەکەی](١)

[ش؟]

[م؟]

ئەی نەسیمی سەحەرێ ما د مەجالا سبەهێ
سەد سەلامان ب گەهینی ژ مە وێ پادشەهێ
عەرعەرا قامەت ئەلیف، نەی شەکەرا شۆخ و شەپال
نازکا سیمیی تەن و خوسرەو زەرین کولەهێ
د بەری دا تو ب بووسیی ب دوو سەد زاریی و لوتف
ئاستان و دەر و دیوار و شوببا کێن قەلەهێ
(نامەیا) جەور و جەفا ئو ئەلەم و دەرد و غەمان
دی ب دەستێ زەریێ موحتەشەمێ سەروێ سەهێ
بەلکو دلبەر ژ روویێ عادیلیی ئو مەرحەمەتێ
ڕەحمەکێ کەت ب فەقیران و ب پرست گلەهێ
حەق دزانت د شەڤان شوبهەتی ئاڤێن درەوان
مە ب دل زاریی و کالینە حەتا سوبحەگەهێ
ما ژ بەر زەرب و فیراقا تەسکوونەک مە هەیە
جەرگ و دل هەردوو ب نالینە وەکی چەنگ و ژهێ

(*) ١/ ٨٠ ؛ ل ٤٤٢ – ٤٤٤

(١) بۆ ژیننامەی مەلا ئەحمەدی جزیریی، بنۆڕە: نێوداران.



پەردەیا خێلی و چارێ تو ژ سەر دێمی هلێن
دا ژ شەوقا تە ب خەف بت شەفەقا میهر و مەهێ
دین ئەگەر بێتە بەها جان د درم لێ ئەمما
مە هەزار جانێ عەزیزی دهلیتن د بەهێ
قەت دبت وەک تە شەپالی نە د شام و نە د شەرق
کی نیشان دا د جەهان میسلی تە خوندکار و شەهێ
عالەمەک شەهدەیی یا حوسن و جەمالاتە ددت
تو زولەیخایی زەمانی و چ حاجەت مە دهێ
حەق نگەهدارێ تە بت پادشەها سەرووێ قەدان
ب کنارێ مە فەقیران بکە جارەک نگەهێ
خوبی و دلبەریی و ناز و تەلەتتوف ب تە شێن
خسرو وا پادشە هانی و خودانا جەبەهێ
حەجەر ئەسوەد بدرت دەستێ زیبارەت بگرم
نەزر من بت بگرم خواسیی تەریقا مەکەهێ
ژ ئەزەل حەق بە (مەلێ) دایێ ژ عشقێ قەدەحەک
تا ئەبەد مەست و خەرابێن ژ مەیا وی قەدەهێ

[تەواو]

ش. ن: ٢/١/٢(*)

[ئەحمەد موختار جاف ـــ حەفید زادە مەحموود](١)

[سلێمانییی!]

[س ١٩٢٢ز!]

سەبا عەرزی خلووسیی و بەندەگیم و هەم دوعاخوانیی
ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلێمانیی
بلێ قووربانی تۆ بم ئەی سەلاحەددینی ئەییووبیی
بەزۆری پەنجە وەک حەیدەر، بەسیما یووسفی سانیی

(*) ڕۆژی کوردستان – س ١، ژ ١٤، س ١٩٢٣ز.

(١) بو ژیننامەی ئەحمەد موختار جاف، بنۆڕە؛ نێوداران.

لە دەست کـافـر نەجـاتمان بوو بیــحــەمــدالله وەلمیننە
لە سـایەی دەست و تـیغ و هیـمـمـەتی تۆ شـێری یەزدانیی
خــوداوەندا بەلوتفی خــۆت لە چاوی بەد بەدووری کــە
بەجـاهی سـەییـدی مـورسـەل، بەڕۆحی شـاهی گـەیلانیی
لە پاش ئەم ئیــحــتــیــرامــاتە، بلێ بەو شــاهی دەورانە
چ جـورمـێکی هەیە (ئەحـمـەد) کـە کـردووتە بەزیندانیی؟
ئەگـەر شـایەد لە خـزمـەتتـا خـراپەی ئەو بووە سـابیت
بەلوتفی خۆت عەفووی کە،چونکە هەر خۆت ساحێب ئیحسانی
کە جورمێکی نییـە؛ تا کـەی لە حـەپسا دانیـشێ قـوربان
لە تەنهــایی، لە فــیـکری چۆتەوە ئادابی ئینســانیی
ئەگـەر داوای کـەفـیلی لێ دەفـەرمـووی حـازرە، یاخـود
مــولَک تەئمین دەکـا سـەد جـار بەئایین و بەئیــمـانی
هەتا مـردن وەکـو بەندە لە خـزمـەت شـاهی کــوردســتـان
حـەیاتی خـۆی فــیـداکـا بۆ هەمـوو ئەمـرێک و فـەرمـانی
من ئەم حـەپسـەم لە لا فـەخرە بەشـەرتێ سـەروەری کـوردان
لە حـەق ئەم بەندەیەی خــۆیە، ببێنێ لوتفی جـارانی![1]

[تەواو]

(١) ئەم شیعرنامەیە لە (٢. س. ح. کوردستان) و بەندیخانەوە بۆ حەفید زادە و ڕۆژنامە زمانحالَەکەی حوکوومەتەکە نێردراوە. بۆچیی گیراوە، چۆنیش گەییشتووەتە ڕۆژنامەکە و بلاوکراوەتەوە؟ دوو ڕا هەیە؛ لە لایێکەوە ڕەنگبێ بەهۆی نارەزایی بوونیەوە بێ کە لە قائیمقامیەتیی خراوە. لە لاییکی دیبەوە - ئەمیان بەهێزتریشە - ڕەنگبێ پروپاڵانتەی هێندێ ناحەز و خزمی خۆی لە لای حەفید زادە مەحموود، ڕوویان تاڵ کردبێت گۆیا چونکە لە سەردەمی داگیرکاریی بریتانیا قائیمقام بووە! جێگەی باسە، حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان، لە کاتی چۆڵ کردنی سلێمانییی لە ٣-١٩٣٢/٣/٤ز. دا و دانانی بارەگەی لە (ئەشکەوتی جانەسە/ سلێمانییی)دا، دیسان ئەحمەد موختاری بەندکراوی لەگەڵ دام و دەزگەکەی بردووە و دوای چوونە نێوچەیی هەورامان، ئەوجا ئازاد کراوە. بۆ وەلامی پرسیاری چۆنییەتیی بلاوبوونەوەی (شیعرنامە)کەش، ئەز پڕ باوەڕم کە بەهۆی دۆست و هاوەڵی خۆیەوە، بەتایبەتی بەهۆی ڕۆژنامەڤان و شاعیر عەلی کەمال باپیر ئاغاوە، گەییشتووەتە ڕۆژنامەکە و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە شێخ نووریی شێخ ساڵحی شاعیریش،=



📖 ش. ن: ٣/١/٣(*)

[مەلا ئەحمەد فەوزیی - م. فەوزیی ـــ خالیسیی شاعیر][1]

[سلێمانیی!]

[-/١٩٢١/٤ز]

بۆ خالیسە[2]

ئافــەرین ئیــمـــانی خــالیس وایە ڕێی پێ بردووە
وەک لە دوو یێک تەرح دەکا جەمعیشی ئەڵبەت کردووە
دەنگی دەف،نووکەی درۆی سۆفیی،تەپ و کپ بوونی وەلیی
مــاوە، خــاوە، گــرژ دەبێ ئەو، ئەم بەڕاســتـیی زیندووە!
فـاک و فیک، حـای و حووی پێ ناوێ، شۆربا و نان و چا
خــانەقــاه ئێــســتــاکــە ئاوایە؛ بەیاهوو یاهووە

= بلاوکردنەوەی پەسەند کردووە و لاییَنگیری ئازادکردنین!. ڕاستییەکەی بلاوکردنەوەیشی، وێنەی بارێکی دیموکراتیانە، چ بۆ سەردەمەکە، چ بۆ ڕۆژنامەکە! ئەویی مایەی سەرنجیشە، هەڵوێستی ڕەقی حەفید زادەیە کە دوای بلاوبوونەوەیشی لێی خۆش نەبووە لە هەلێکدا خۆی بەدڵنەرم و بەخشندە ناسراوە!!.

(*) بلاوکراوەی: پێشکەوتن - سلێمانییی؛ ١٤ و ١٩٢١/٤/٢٤ز (م. فەوزیی/ ئەحمەد).

(١) بۆ ژیننامەی مەلا ئەحمەد فەوزیی/ م. فەوزیی، بنۆڕە: نێوداران. ژیننامەی خالیسیی - شێخ عەبدوڕڕەحمان کوڕی شێخ ڕەزای تالەبانیی - کە ئەویش بەئەو نێوناسەوە شاعیر بووە، مخابن لە هەندەراندا لەبەردەستم نییە!

(٢) ئەم شیعرنامەیەی مەلا ئەحمەد فەوزیی، وەلامێکە بۆ شیعرێکی (خالیسیی) کە لە هەمان ڕۆژنامە ئەم شیعرەی خوارەوەی بلاوکردووەتەوە و لە کۆتاییدا نووسیویەتی (کێ بەخۆیدا ڕادەپەڕموێت و لە باریدا هەیە، جواب بداتەوە!). مەتنی شیعرەکەیشی ئەمەیە...

(بۆ پێشکەوتن)

چۆن دەزانم خـوا بەڕاسـتیی حەقـقـە، یێک نیـوەی دووە
ئەی سلیـــمـــانیی دەزانم تۆیش پەییت پێ بردووە!
دەنگی دەف، نووکەی درۆی سۆفیی لە تەکییە و خانەقا
ئێســتــەکــەیش هەر مـاوە یاخـو ئاشبـەتاڵیـان کـردووە =

زاکیری زاکیر کە ئەوسا قیمەتی کۆنت لەسەرە
پیشی سۆفیی و پرچی دەروێش نا، لە ڕشکا مردووە!
من ئەوا ئەحوالی ئێرە و خانەقایم پێ وتی:
خۆ لە تەکیەش پرسیی؛ تەشریفت بەکەرکووک فەرمووە
پرسە ئەوجا کەوشی زەرد، جبەی بەنەوشیی یێک لە پێشی
دوو لە پاشی چاو ڕەشی مێزەر زەڕ
چاک لە فێلیان تێ گەییشتی بۆیێ وا زوو دەرپەڕیت
چوویە (کفریی) و پەند و باوەت دایێ ئەم فەند و خووە
فەوزیا (خالیس) کە سەببی سۆفیی و دەروێش دەکا
بۆ گوناهی خۆی موقیرڕە، توولە ڕێی لێ تێک چووە
ئافەرین ئەولادی دەروێش فیکری چاکت کردووە
دەرپەڕینت لێ موبارەک، مەسلەکی نوێت گرتووە
مەسلەکی دین و شەرعی ئەحمەد، ڕێی حەقیقەت ون بووە،
مژدە بێ لێت، تەکیە چۆڵە، خانەقا وێران بووە
بەحسی سۆفیی، ناوی دەروێشیی لە ناوا گوم بووە،
زوڵف و پەرچەم، ناز و عیشوە، باوی پەیدا کردووە
فیلحەقیقە وەحشەتی پێشوو لە فیکری کەس نەما،
وەک جەنابت بەعزە ئەشخاسێکی تر پەیدا بووە

= حای و حووی بۆ نان و شۆربا ،فیکە فیک بۆ ماست و چا
باوی جارانیان هەیە یا خەڵقیی عەقڵی گرتووە
ڕیشی سۆفیی و پرچی دەروێش قیمەتی کۆنیان دەکەن
سووکە سووکی زیکر و زیکەی خەتمە، هەروەک پێشووە
کەوشی زەرد ،جبەی بەنەوشیی ،یێک لە پێش و دوو لەپاشی،
چاوی ڕێژراو، مێزەری زل، زۆرە یاخو کەم بووە؟
چاک لە فێلیان گەییشتم، زوو لە ناویان دەرپەڕیم
بەند و باوم پێ دەکرا، دامە بەر شەق ئەو خووە!
غەیبەتی دەروێش و سۆفیی عەیبە بۆ تۆ (خالیسیی)
تۆ لە ڕێگا وەرگەڕاوی، بەڵکو خۆت لێت تێک چووە!

[تەواو]



هەروەکو بیستوومە تەکییەی(شێخ عەلیی)ش ئێستا بەشەو
بەزمی خاسی، دەنگی سازی ئاسمانی گرتووە
بەزمە، ڕەزمە، شەو هەموو شەو، تا سەحەر وەک مێکووکە
های و هووی مەستان، بەجارێ عالەمی کەڕ کردووە!
خەڵوەتی خاسانە، جێی ڕەندانە، بۆتە مێکوتە
تەکییەی شێخم شوکر ئیعلانی تازەی کردووە
بەسیە ئیتر، فائیدە نابەخشێ، جوابی بۆ چییە؛
چونکی ئەو بۆ خۆی دەفەرمووێ؛ مەسلەکم لێ تێک چووە!

– ٢ –(*)

بێ قەیی بێ، مەسلەکی ئێستات بەیان فەرموو؛ چییە؟
مەزهەب و ئایینی تازەت پێچەوانەی پێشووە؟
باو و باپیرت چ بوون؟ تۆ ئێستە نانی چیی دەخۆی؟
عەیبە بو خودا، تۆ کە بەم نەوعە خۆت لێ تێک چووە!
تۆ کە ئەجدادی کیرامت داخڵی ئەم مەسلەکەن
تا خەیاڵ کەی، ئەم قسانەت سووئ تەئسیری بووە
ناوی خوا بۆ سوێندی ناحەق، وردەی مابوو فەقەت
وا لە سایەی تۆوە ئەو ناوەش لە ناوا گوم بووە
ڕیشی سۆفیی و پرچی دەروێش سوننەتی پێغەمبەرن
سەیرێکە مردووت مرێ، تۆ غەیبەتی چیت کردووە؟
با بەکوردیی پێت بڵێم: یا شێخ لەباتیی گشت کەسێ
ئەم قەوانی تازەیە، بەخودا حەیاتی بردووە
تەوبە کە لەم حاڵە، ئیتر تەرکی ئەم ئەتوارەکە،
با لە کورتیی ئینتیهای بێ، لادە لەم خولق و خووە!
بۆ کەسێکی خارجیی (ئەحمەد) بەهەر سووڕەت فەقەت،
سەد تەئەسسوف بۆ ئەوەی بەم ڕۆژە ڕێی لێ گوم بووە!

[تەواو]

(*) بەشی – ٢ –.

ش. ن: ٤/١/٤[*]

[خانای قوبادی ـــ بارەگەی خوای مەزن][1]

[ش!؟]

دووشەممە: - ذیلحیججە ١١٥٣ک/ ١٧٤٠ز.

یا ڕەب بەفیراق فەرهاد کۆکەن
بەخورشید حوسن شیرین ئەرمەن
بەئیستیلای عەشق خوسرەو پەروێز
بەخۆش خیرامیی گوڵگوون و شەبدێز
بەخامەی موشکێن شاپوور چینیی
بەناز شیرین، بەو نازەنینیی
بەساز و بەلەحن شۆخ نیکیسا
بەنەبیر ئاهەنگ موعجیزەی عیسا
بەتوغیان دەرد بێ دەرمان عەشق
بەتووفان سەدد ئەسر مەینەت مەشق
وێنەی (نیزامی) سەیقەل دەرزەینم
بەسورمەی دانش ڕەوشەن کەر عەینم
تاکە ماجەرای شیرین و خوسرەو
سەنگ تاشیی فەرهاد، سەرگوزەشتەی ئەو
باوەڕوون وە نەزم خاستەر جە گەوهەر
بەڕەشح خامەی شۆخ بۆ عەنبەر
ڕاستەن مواچان فارسیی شەکەرەن
(کوردیی جە فارسیی بەڵ شیرین تەرەن)
پەی چێش؛ نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش
مەحزووزەن هەر کەس بەزوبان وێش

(*) ١/٥٩؛ ل ١٣ - ١٥.

(١) بۆ ژیننامەی خانای قوبادیی بنۆڕە: نێوداران.



مەعلوومەن هەر کەس بەهەر زوبانێ
بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ
وێنەی عورووسان زێبای موشکین چین
بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین،
خاریج جە مەعنیی نە بۆ مەزموونش
کریا بۆ چون شیعر (جامیی) مەوزوونش
جە لای خێرەدمەند دڵ پەسەند مبۆ
شیرین تەر جە شەهد شێرەی قەند مبۆ
جە عەرسەی دنیای دوون بەد فەرجام
بەدەستوور نەزم (نیزامیی) تەمام
(بەلەفز کوردیی، کوردستان تەمام)
پێش بوان مەحزووز، باقیی وەسسەلام
مونشیی ئەی ئینشای شیرین تەر جەقەند
بەی تەور تەحریر کەرد نەزم دڵ پەسەند
ئەوڕۆ کە خامەی عەنبەر شەمامە
وەش بۆکەرد جەمیشک ئینشای ئەی (نامە)
تەئریخ هیجرەت (خەتمولمورسەلین)[1]
موتیع دیوان شەرح شەرع و دین
ڕۆی دووشەممە بی (زیحیججەلحەرام)[2]
هەزار و پەنجا و یێکسەد سێ تەمام!

[تەواو]

(١) ختم المرسلين!.

(٢) ذى حجه الحرام!

📖 ش. ن: ٥/١/٥ (*)
[مەلا خدر - نالیی ـــ عەبدوڕڕەحمان - سالم] [١]
[شام!]
[س ١٨٥٣ز]

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور
ئەی لوتفەکەت خەفیی و هەواخواه و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوزوور
ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان
تۆفانی دیدە و شەرەری قەلبی وەک تەنوور
گاهێ دەبیی بەڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهێ دەبیی بەدەم دەدەمێنی دەمی غروور
مەحووی قەبووڵی خاتری عاتر شەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور
سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور
هەم هەم عەنانی ئاهم و هەم هەم ریکابی ئەشک
ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوسوور
وەک ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەک ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور)
بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەرزەمین
شاد بن بەوەسڵی یێکدیی؛کە تۆی تاهیر،ئەو تەهوور
ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چونوور
چەشمێکە میسلی خۆر کە لەسەر جێ بەڕۆشنیی
فەورانی نووری سافە لەسەر بەردی وەک بلوور

(*) ١/٨٦؛ ل ١٧٤ - ٢٠٠.
(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.



یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کە وا
ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەک شەهابی نوور
داخۆ دەروونی سافە، گوڕەی ماوە (تانجەڕۆ)
یاخۆ ئەسیری خاکە بەلێڵیی دەکا عوبوور؟
سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە
ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چاییری ستوور؟
سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە وەک خەتتی ڕوویی یار
یا پووشی وشک و زۆرە وەکو ڕیشی(کاکەسوور)؟
قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین
یا وەک سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهوور؟
دەس بەندیانە دێن و دەچن و سەرو نارەوەن،
یا حەڵقەیانە سۆفیی مل خوار و مەندەبوور؟
مەیلی بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە،
ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یانە سوور؟
حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ،
لێڵاوی دا نەهاتووە وەک سەیلی (شێوە سوور)؟
ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە،
یاریی تیایە، یا بووەتە مەعرەزی نوفوور؟
چاوێ بخە لە سەبزە و سێرابی دائیرە
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمە، نەرمە یانە زوور؟
توخوا فەزایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش
مەحشەر میساله یا بووەتە(چۆلی سەلم و توور)؟
واسیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چیی ماوە،چیی نەماوە لەهەیوان و تاق و ژوور؟
ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە یا نەخۆ
هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مار و موور؟
زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بەدڵدا دەکەم خوتوور؟
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ ڕەنگە ببێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور؟
ئایا مەقامی روخسەتە لەم بەینە بێمەوە،
یا مەسڵەحەت تەوقفوفە تا یەومی نەفخی سوور؟[١]
یا چەشمەساری خاتیری پڕ فەیزی عاریفە
یەنبووعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی توور
دەمووت دوو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشک
نەبوایە تیژ و بێ سەمەر و گەرم و سوێر و سوور
داخڵ نەبی بەعەنبەری سارایی (خاک و خۆڵ)
هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی) یا عوبوور
یەعنی ڕیازی ڕەوزە کە تێدا بەچەن دەمێ
موشکین دەبێ بەکاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور
خاکی میزاجی عەنبەر و داری ڕەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی نوور
شامی هەموو نەهار و فوسوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و بوخاری هەموو بوخوور
شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگێکە خۆش و نەرم
بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن؛ شاری (شارەزوور)!
ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانیشن
هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیری ئوموور
سەیرێ بکە لە بەرد و داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەر شەقام)؟
پیر و فوتادەتەن نەبووە (داری پیرەمەسوور)؟
ئێستەش بە بەرگ وبارە عەلەمداری (شێخ هەباس)

(١) خۆدزکۆی شابەندەری ڕووس لە (پاریس)دا، لە س ١٨٥٣ز. دا، ئەحمەد پاشای بابان – نەخۆش – ی دیتووە کە پێی گوتووە؛ (نالیی) لە وڵاتی (شام)دایە!



یا بێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور؟
ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانیی با)
یاخۆ بووە بەتەفریقەیی شۆڕش و نوشوور؟
(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟
ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانیی ئاسکان،
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لوورە لوور؟
ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)
یاخۆ بووە بە سۆفییی وشکی لە حەق بەدوور؟
حاڵیی بکە بە خوفییەکە ئەی یاری سەنگ دڵ
(نالیی) لەشەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور![١]

[تەواو]

(١) ئەم قەسیدەنامەیەیشی کە هەرگیز نێوی (سالم)ی شاعیر و نیشانەیێکی خانەدانەکەی پێوە نییە و کارێکی کردووە کە هێندێ لێکۆڵ گومان بکەن کە بۆ (سالم)ە یان نا، لە لای من هەر بۆ سلێمانیی و سالم هاتووە، بۆیێکا نێوبراو وەڵامی داوەتەوە.
شایانی باسە دوای ئەوەی والیی بەغداد، قائیمقامی سلێمانیی عەبداللە پاشای بابانی بانگ کرد بۆ بەغداد لە ئەوێ ڕاشەوە دەستبەسەرانە ناردی بۆ ئەستەنبووڵ، ئیدی لەشکری عوسمانیی، سلێمانییی داگیر کرد و ئیسماعیل پاشای تورکی کرد بە یێکەم موتەسەڕریفی سلێمانیی و بۆ بەرەو دوا میرنشینیی و خانەدانی بابانیش دەسەڵاتیان پاکۆ بوو!
(٣) وەڵامنامەکەی (سالم)ی شاعیر ئەمەیە.

📖 ش. ن: ١/٦ – و/٦
[سالم ـــ نالیی]
[سلێمانیی ١٨٥٣ز]

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر
ئەی میروەحەی جەمالی مەهاسای دولبەران
وەی شانەزەن بەکاکۆڵی تورکانی سیم بەر
جاڕووکەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا
فەرڕاشی فەرشی بەهاران لە دەشت و دەر =

مالْش دەدەی بە دەم لە دەمی خودایی سوبحدەم
هەم زوڵفی قیرەگۆنە و هەم چیهرەیی قەمەر
باریی بە سروەکەت بە شنەی، ئەنگەبینی گەز
گرتوویە جونبوشت بەهەم ئاغۆشی نەی شەکەر
وەقتی تەوافی عاریزی دولبەر شنۆیی تۆ
کەی دێتە خونچە، دەمێ، بێ وەزیدەنت؟!
گەر تۆ نەبیی درەختی چەمەن ناگرێ سەمەر
ئیحیا کونیی جەمیعی نەباتی عالەمیی
ڕەعنا گوشا لە تەربییەتی قامەتت شەجەر
ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسوودەیە دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە دەر
میحنەت ئەوەندە زۆرە، دڵم هێندە تەنگ بووە
دوودی هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتە بەر
هیممەت کە، چابوکانە بە ئیجرای مەتڵەبم
لەم سەر بڕۆ وەکو بەرید و لەوێ بێ وەکو تەتەر
بۆ موڵکی (شامە) نامەیی من، سوویی (نالیی)یە
هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا خەبەر
پرسیویە زاهیرەن لە ڕەفیقانی یێک جیهەت
ئەحواڵی ئەهلی شەهر و ڕەفیقانی سەر بەسەر
لەو سایەوە کە حاکیمی (بابان) بەدەرکران
نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر
تا بوو بەجایی مەتڵەعی خورشیدی بەختی (ڕۆم)
سووتا گیاه و تەشنە و خوشکیدە بوو سەمەر
ناکەن هەوایی هیچ کە بابێ زەلیلی شەهر
بوریانە بەس لە ناری غەما پارەیی جگەر
جوزگاه گاهێ ئاه و ناڵە لە ئەییامی (ڕۆمیی)ان
نەمدیوە وا ببێ لە عەدالەت، لە بێ بەشەر
(سەیوان) پڕ لە شەخسی ستەمدیدە خواروژوور
هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لا دەکەم نەزەر
جێی (تورکەکانی ڕۆمە) دەر و ژووری (خانەقا)
غافڵ هەموو لە جایی موریدانی باخەبەر
حەوزە پڕ دەبوو کە وەکو چاوەکانی تۆ
تەغیرە ئاوی وەک دڵی مەردانی پڕ کەدە،
سووتا دڵم بەحاڵەتی جۆباری (سەرچنار)

=



=

لێلاوە چەشمە شاری وەکو چاوی بێ بەسەر
ئەو دەشتە جایی یارییی یارانی حوجرە بوو
یێکسەر مەقامی (ڕۆمیی)یە هەر وەک تەهی سەقەر
زستانی ئەووەڵێن بوو، دڕا بەرگی (شێخ هەباس)
(ڕۆمیی) ئەوەندە شوومە لە شەخسیش دەخەن زەرەر
وەک پیری ساڵ خوردە، خەمە داری (پیرمەسوور)
مەشغووڵی لەغزشە هەمە جا، پایی تا بەسەر
ئەو بەردەکانی ناوی نرا قسنی شەخسەکەی
دایان بەشاخی دارەکەیا (تورک)ی بێ هونەر
وەک چاوی بێ غەمانە هەموو (شیوی ئاودار)
بەس موشکیلە لە چەشمەیی ئەو قەترە بێتە دەر
ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو (کانیی ئاسکان)
ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی (ڕۆمیی) پڕە لە کەر
تا دوزدی وەقتی نیمە شەبن (تورک)ی بێ نیزام
دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکو شەرەر
شارێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین
جایێکە پڕ لە شۆڕ و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ
ئەمڕۆ فەزایی بازیگەهی جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی ئەلحەزەر
سەربانی پڕ لە گەژدووم و دیواری پڕ لە مار
کۆڵانی پڕ لە ڕەهەزەن و سەحرایی پڕ لە خەتەر
دڵ نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حوجرەکەت
هەر تاری عەنکەبووتە حیجابی بیروون و دەر
نایێ سەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی چوغد
غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی بێ گوزەر
توخودا بڵێ بە حەزرەتی (نالیی) دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە (سولەیمانیی) گوزەر
(سالم) سیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هێلاک
من کردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر
ئەم موڵکە نەزمی نابێ بەبێ زەبتی واریسی
بێ ئەو بە قەسدی ئەم تەرەفە با نەکا سەفەر!
[تەواو]

=

ش. ن: ٧/١/٧[*]

[مەلا مستەفا - بێسارانیی ـــ دۆستێکی][١]

[ش؟]

[م؟]

چراغم کامەن، چراغم کامەن
مابەینی دۆسیی من و تۆ کامەن؟
نە عەرزەم عەرزەن، نە نامەم نامەن
مەر تاتی کاغەز، دۆعا و سڵامەن!
مەر پەڕێ (کاغەز) بڕیان جە شاران
سیاش بکەری، پەی دەردەداران!
یا (کاغەز بڕیان) یامەڵڵا مەردەن
یاخۆ عارتەن، دۆس وە یاد کەردەن!!
دەر نە یانێ چێش، بینایی چاوان
وستەنت وە بێز، بەندەی بێ تاوان[٢]

[تەواو]

(*) ١٢/١؛ ل ١٠٩.

(١) بۆ ژیننامەی بنۆڕە: نێوداران.

(٢) سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی، دۆستەکەی پێ ئاشنا نەکراوە کە بێسارانیی گلەیی دەکات بۆچ نامەی بۆ نانێرێت!.



ش. ن: ٨/١/٨[*]

[مەلا مەحموود - بێخود ـــ نووریی مەلا مارف][١]

[سلێمانیی!]

[م؟]

سەبا، دوێنێ لە وەختی نیوەڕۆدا قاقەزی هانیی
لە پشتی زەرفەکەی نووسرا بوو:بۆ(بێخود) سلێمانیی
کە زەرفم کردەوە و چاوم بەئیمزای سەرووی(نووریی) کەوت،
وەکو بولبول، خەیاڵم کەوتە سەر ئەوجی غەزەل خوانیی
لە پاش حەمد و سەنا و شوکر و سوپاسی حەزرەتی بێچوون
لە پاش سەڵەوات و تەسلیمی شەفیعی ئوممەتی جانیی
وتم: ئەی خەت و خامەت، میل و سورمەی چاوی مەهجووران
وتم: ئەی بۆیی نامەت، بۆیی جامەی ماهی کەنعانیی
گەلێ ئەبیاتی تازەت ناردبوو بۆ من کە بیبینم
لە ئەووەڵ مەتڵەعا مەزموونی ئاخیر مەقتەعم زانیی
لە لەفزا شیعرەکانت گەر تەواو بوون وەک قەددی مەوزوون
لە مەعنادا بەڵام وەک کردەوەی خۆت بوون، بە نوقسانیی
لەباتیی شیعرومیعری فارسیی و کوردیی دەبێ جارێ،
خەریکی دەرز و دەورت بی؛ کە منداڵی دەبوستانی

(*) ١٣/١؛ ل ١٢٢ - ١٢٣.

(١) بۆ ژیننامەی مەلا مەحموود/ بێخود، بنۆڕە: نێوداران. نووریی مەلا مارف: کوڕی قازیی مەلا مارفە شەلە و برای شاعیر ڕەمزیی مەلا مارفە. خوێندنی (ق. س، ق. ن، ق. ئا)ی لە سلێمانییدا تەواو کردووە تا چووەتە کۆلێجی سەربازیی عێراقەوە و بووە بەئەفسەر و تا پلەی عەقیدیی پێشکەوتووە. (ئەو کاتەی ئەم شیعرنامەیەش دیارە خەریکی خوێندن بووە). نووریی مەلا مارف، یێکێکە لە ئەفسەرە کوردپەروەرەکان کە لە کوردایەتیی و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ز - ١٩٧٤ز. دا تێکەڵ بووە و دڵسۆزانە و بەپاکیی تێکۆشاوە. لە دوای س ١٩٧٤ـەوە خانەنشین بوو، تا لە سەرەتای هەشتاکاندا کۆچیماڵئاوایی کرد و وەجاخی ڕوونی جێگەی گرتەوە![*]

*(*) مخابن لە مەنفادا، تەواوی مێژووی ژیانیم لەبەردەست نییە!*

دەخیلت بم، لە حوسنی خولق و سەعیا، قەت نەکەی سستیی
کە سەعیی و حوسنی خولقی خەڵقە، ئەمڕۆ باعیسی نانی
لە کولبەی دیدەما گەر مەیلی ڕەقاسەت نەما؛ (نووریی)
لە جەرگەی سینەما، گەر سینەما باسی نەما، جانیی
خودا ناکەردە پەندی من ئەگەر وەک دوڕ لە گوێ نەگریی
هەتا ڕۆژی قیامەت هەر پەشیمان و پەشیمانی
ئەگەر ژانی وەها نەبوایە ڕۆماتیزمەکەی قاچم
دەهاتم حەفتەیێ بۆ زیارەتی بەغدا بەمیوانیی
ڕووە و بەیتی خودا، خاڵت دەڵێ دائیم لەسەر بەرماڵ
لە وەختی پاش و پێشی نوێژی ئێوارە و سبەینانی
خوداوەندا بە جاهی خۆشەویستی خۆت، بە دووری کەی
لە ئاسیب و بەلا، ئەم خوشکەزایەم خۆی و خزمانی!

[تەواو]

📖 ش. ن: ٩/١/٩(*)

[شێخ ڕەزا – تاڵەبانیی ـــ ڕێبەری قزڵجە](١)

[ش؟]

[م؟]

لە تەرەف کێرەوە بەریدی (سەبا)
بۆ موریدی (قزڵجە) نامە دەبا
بۆ جەنابی موقەرڕەبولخاقان
میر عەلیی بەگ، لە ئەنجەبی نوجەبا
میرم ئایا چلۆنە عیللەتەکەت
باز بە خارشتە، بن گونت عەجەبا؟
ئیحتیاجت بنووسە عەیبی چییە
مەحرەمی ڕازی تۆم بە عەهدی سەبا

(*) ١٦/١

(١) بۆ ژیننامەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی، بنۆڕە: نێوداران.



دوو دەمانتان چرووکە بونیادی
(بو قەباحەت بەنم د گەل هە بەبا!)(١)
عەبدوڕڕەحمان بەگی برات فەرمووی
ئابڕووی خاتە عەلیی دەیبا
خاڵە کوێریش سەراحەتەن دەیووت
کە عەلیی بەگ بووە بەدێڵەبەبا
لە ئەبانت ئیبا مەکە میرم
(هازیهی ئیرسوکم ئەخەن وە ئەبا)(٢)
گەر بە کێری (قزڵجە) تێر ناخۆیت
وەرە با (شێخ ڕەزا) بە ڕەشتا با!
دەستێکی هەیە(...) ئەفەندیی لە کەرەمدا(٣)
میوانی ئەزیزی هەیە، دائیم لە حەرەمدا
ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان
سەد گانی بە ڕۆم، دوو هەزاری بە عەجەم دا
هێند کێری هەتیوان بە کوزیا چوو دایکی
دەستێکی شکا بوو بە مناڵیی لە شکەمدا
بەر زەربەتی کام کێری قەوی کەوتووە ئاخۆ
بەو دەردە چووە ساعیدی(...) لە ڕەحەمدا(٤)
حەققەن (مەجید)ی کوڕی زۆر تەبعی جوادە
سەد گانی بە یێک لەحزە بەبێ پوول ودرەم دا
گەوواد و تەرەس،مولحید وبێ دین و مونافیق
مردووە، نییە میسلی لە(مۆسقۆف) و عەجەمدا

(١) بو قباحت بنم دگل (ت): هەی بابە من دەخڵم بەسەر ئەو تاوان و ناشیرینییەوە نییە!
(٢) هذه ارثکم أخاً وأبا (ع): ئەوەی میراتی باب و براتە.
(٣) وشەکە لە دیوانەکەدا نەنووسراوە!
(٤) = = = =.

بۆ سەددی ڕەهی وەک تەپڵی (سکەندەر)
ئاوازی دەهۆڵی کوزی دایکی لە حەرەمدا
ئەو کێرە زلەی کێ بوو لە کێلانی فەتاح بەگ
مستێکی کوتایە کوزی،مشتێکی لە دەم دا؟

[تەواو]

📖 ش. ن: ١٠/١/١٠[*]

[مەلا عومەر – ڕەنجووریی ـــ عەبدوڕڕەحمان پاشا بابان][١]

[ش؟]

[س: ١٧٩٧ز]

شەماڵ شنیار! شەماڵ شنیار!
شەماڵ شەوگەرد شەمیم شنیا
شەن کەردەی شکەنج، گێسووی لوول یار
شانا و تاناکەر بە ڕەزای موغار
بۆ وەشتەر نە عەتر عەبیران بێزەن
بۆی ئەشەدبووان پەی وێ ئاخێزەن
مەحرەم پەردەی پەردەنشینان
زینەت ئەفزای زەوق خورشید جەمینان
گوستاخ یا تاخ، جا نە پێوداران
ڕازدار ئەسرار مابەین یاران
شادیی بەخش قەلب دەردەداران گشت
کلیل قاپیی ڕازیار وە مشت
چون شای جەوانان گۆش دەر بە واتەم
شەرحێم نویسان سەر کەیل ماتەم

---

(*) ١/٣٢؛ ل ٢٠٥ – ٢٠٧.

(١) بۆ ژیننامەیان بنۆڕە: نێوداران.



ڕەوان بە ڕاهی چون بەرق ڕەهوار
مدارا مەکەر تا وە (بەغدا) شار
نە بارگەی خاسان بوازە هیممەت
ڕووکەر نە ماوای قەیس پڕ بەینەت
دەور بدەر نە موڵک (بابل) بێ ئەندێش
بشۆ وە جایێ (حیللە) ماچان پێش
شەهزادێ جە نەسل بەگزادەی (بابان)
جە نەوەی ئۆجاخ مالیک ڕیقابان
والیی ویلایەت گشت (کوردستان)ەن
ئیسم شەریفش (عەبدوڕڕەحمان)ەن
ستارەی بەختش قیران نەحسەن
جە حیلەی دنیا نە (حیللە) حەبسەن
بشۆش ئەو خیدمەت وێنەی خێرخواهان
باوەڕە وە هەم ئاداب شاهان
جەو دما عەرزکەر ئادابان سەخت
سەرگەشتەگیی حاڵ، بەرگەشتەگیی بەخت
واچە: ئاغایان نەدیمان خاس
خاسەی غولامان قۆجاغ ئیخلاس
-دوور بۆ- قورعەی فاڵ نەرد نەحس شەندن
نامەی نائومێد بەخت تو وەندەن
تکەی زووخ نە تۆی پژەی دڵ وەردن
پابۆس دامان خواجای تۆ کەردن
چەند کەسێ چون کۆر ئومید وە دیدە
بە ویر تۆوە بین ئارەمیدە
جە خۆف ئاسیب تەعنەی ئەغیاران
وێشان ئاوین کەردنە گۆشەی شاران
مات و سەرگەردان پەڕگەندە و فیرار
بێ سەبر و ئارام وێنەی دەردەدار

پۆل خاڵخاسان پەروەردەی سەهەند
سەرسام بین نە جەور زەمانەی پڕ بەند[١]
[تەواو]

(١) یاسین ئەفەندیی ئەلعومەریی خاوەندیی دانراوی عەرەبیی (ڕووداوە سەمەرەکانی چارەکێ سەدەی سیانزە) (٢/٣٤/١٣٠؛ ل ٥٦ – ٥٧) دەگێڕێتەوە: س ١٢١٢ک/١٧٩٧ز، والیی سلێمانیی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان، بەدەست و دیارییەکی زۆرەوە – چل پارچە جلک و پارە و فەرش و هتد... – هاتبووە بەغداد. سلێمان پاشای والیی بەغداد، ڕێزی گرت. دوایی کارکەناری کرد و فەرمانی دا بەغدادنشیین بێت و لە جێگەیشی ئیبراهیم پاشای ئەحمەد پاشای بابان – کوڕە مامی ئەوڕەحمان پاشا –ی بەوالیی سلێمانیی دانا. ئەم چووە ئەوێ و ئەوڕەحمان پاشا لە بەغدادا و (سەلیم بەگ)ی برایشی بە فەرمانڕەوای (کۆیە) مانەوە. سەلیم بەگ تووشی شەڕێ بوو لەگەڵ مستەفا بەگی ڕواندز و لە ئەنجامدا فەرماندەیێکی ییێکەم کوژرا و دووەمیش لە لای سلێمان پاشای وەزیر سکاڵای لە ییێکەم کرد. سلێمان پاشاش فەرمانی دا کە سەلیم بەگ لەگەڵ مستەفا بەگ ڕێک بکەوێت. ئەمەش ڕووی دا، بەڵام دوای چەند ڕۆژێ لە لای زێیی بچووکەوە – پردێ/ ئاڵتوون کۆپریی – دیسان بەگژییێکدا چوون و مستەفا بەگ کوژرا. ئەم باسە گەیشتەوە بەرگوێی سلێمان پاشای وەزیر کە گەلێ تووڕە بوو! فەرمانی دا کە ئەوڕەحمان پاشا بگیرێت و لە بەندیخانەدا بئاخنرێت. هەروەها فەرمانی بە ئیبراهیم پاشای بابان دا کە سەلیم بەگ دەستگیر بکات، بەڵام ئەو ڕایکرد بۆ کەرکووک، ئەوجا بۆ بەغداد، دوا جار گیرا و لەگەڵ ئەوڕەحمان پاشای برا گەورەی لە (حیللە)دا و لە زینداندا توند کران! (بۆنەی شیعرنامەکە تەواو). سلێمان پاشای والیی لە ٧ی ڕەبیعولئاخیری ١٢١٧ک/١٨٠٢ز. دا مرد و ناسراوانی بەغداد بڕیاریان دا (عەلیی پاشا)ی زاوای والیی مردوو ببێتە جێنشینیی. بەڵام زاوایێکی دی (سەلیم بەگ) نێوێ هەڵگەڕایەوە و لەگەڵ لەشکری یێنیچەریی سەر بەوالیی نوێ، شەڕی کرد. لە ئەم هەلەدا ئەم یاخیی بوانە؛ (ئەوڕەحمان پاشا و سەلیم بەگ)یان ئازاد کرد و ویستیان پشتیوانیان بن. لە هەلێکدا کە ئەوان ئازاد بوون، یاخیی بوەکان تێکشکان و (سەلیم)ی یاخیی بوو کوژرا. ئەوڕەحمان پاشا و سەلیم بەگی برایشی دوو ڕۆژێ خۆیان شاردەوە. دوایی ڕێگەیان بڕیی و چوون بۆ مووسڵ کە محەممەد پاشای جەلیلیی والیی بوو. ئەمیش لە لای والیی بەغداد بۆیان تێ کەوت و ئەوڕەحمان پاشای بەمیوانی خۆی ڕاگرت و سەلیمی برایشی لە گوندی (نەبیی یوونس) دانا تا سەرئەنجام لێ بوردنیان پێ بڕا!.



📖 ش. ن: ١٠/٢/١١[*]
[مەلا عومەر – ڕەنجووریی ـــ وەلیی دێوانە][١]
[ش؟]
[م؟]

میرزای خاس خەیاڵ! میرزای خاس خەیاڵ
میرزای خوڵاسەی خاسسە خاس خەیاڵ
دانای دوڕشوناس، کان کۆی کەماڵ
سەڕڕاف بێ لاف باخەبەر جە حاڵ
شوعەرای سینە ساف گەنجینەی ئەبیات!
بەیت و فەرد شیرین(شێخ سەعدیی) سیفات
جا نوشین نە جای (جامیی) جەوهەربار
جەواهیر فرۆش سەرچەشمەی ئەشعار
لێوەی لەب لاڵ لەیلێ بەینەتان
شەیدای شێوەی نازشیرین خەسڵەتان
سێراو زەینپاک، دڵ ئایینە تەور
قەیس قەدیم ساڵ، نادیرەی ڕووی دەور
زامزەدەی هیجران دڵ کوورەی شەرار
ئەی حەرفە واتم جە لات بۆ ئیزهار
زیاد نە زومرەی ساحیب کەماڵان
ئارەزووی تۆمەن وەشای ئەوداڵان
داییم هەر تەحسین کەلام تۆمەن
فەردت فەرەح بەخش دڵەی غەم خۆمەن
(خالیقولئەشیا)[٢] ئاگای هەر حاڵەن
هەر پەند تاسەی تۆم داییم خەیاڵەن

(*) ١/٣٢؛ ل ١٦٠ – ١٦٣.
(١) وەلیی دێوانە: شاعیری کلاسیکی هاوسەردەمی ڕەنجوورییە. مێژووی ژین و مردنی ڕاست و ساغ نەکراوەتەوە و ڕای جۆربەجۆر هەیە. بەڕۆشنایی ئەم شیعرنامەیە،ڕەنگبێ هاوتەمەنی ڕەنجووریی بێت!
(٢) خالق الاشیاء.

هەرکەسێ مێو نەی ڕاگە و جێوە
بە دڵگە و مەکان نام تۆ پێوە
تەئکید پێش ماچوون پەرێ جوستوجۆن
پەیم بارۆ ئەحواڵ جەستەی غەم بێ شۆت
بەڵێ میرزای خاس عاقیبەت وەخەیر
تۆ جە بارەی من هیچ نەداری سەیر!!
هیچ نەمە پرسی جارێ جە جەستەم
جەستەی پەشێوحاڵ سەرتاپا خەستەم
ئومێدەن – میرزا – مین بەعدیلئەییام[1]
نامەی ئینشای تۆ کەم نە بۆ جەلام
داییم یادێوە پەرێم بکیانی
ئاداب و تەرتیب یێک ڕەنگ بنمانی
پەی چیش وە نامەت دڵ مەبۆ گوشاد؟
یاد ئاوەریی کەر تا نەشی جە یاد
جەی وەرتەر یاران ویەردەی ئەییام
یادکەردەن یاران باقیی وەسسەلام[2]
(ڕەنجووریی)م ڕەنجوور ماجەرای دنیام
پەی جەوابنامەی فەردت چە مەڕام![3]

[تەواو]

---

(١) من بعد الایام.

(٢) باقی والسلام.

(٣) ڕەنجووریی، وێڕای ئەوەی لە دیوانەکەیدا نێوی گەلێ شاعیری کۆن و هاوسەردەمی خۆی بردووە، نێوی کۆمەڵێ پیاوی ناسراو و شاعیر و زانستپەروەری خۆ و بێگانەی بردووە کە هێندێکیان دۆست و ئاشنای بوون و شیعرنامەی لەگەڵ گۆڕیونەتەوە وەک لەگەڵ؛ میرزا نەجەف عەلی، حەمەئاغای مەسرەف، هیجرانیی، شێخ حەسەنی کانیی بی شاعیر، شێخ یووسفی داڵەڕوویی شاعیر، ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان، شەوقیی – سالمی شاعیر، زەبوونیی شاعیر، مەلا حەیدەری دزڵەیی شاعیر. ئەم شیعرنامەیەیشی وێنەیێکە بۆ دۆستیی و ناسیاریی پەیداکردن کە (وەلی دێوانە)ش وەڵامی داوەتەوە و جەخت دەکات کە ئاگەداری هونەری بووە و (ڕەنجووریی)شی لە ڕیزی شاعیرە بەرز و=



.................................................................

---

= بەنێوبانگەکانی خۆرهەڵاتدا ڕاگرتووە... وەڵامنامەکەی (وەلیی دێوانە)ش ئەمەیە:

📖 ش. ن: ١/١١ – و/١٢

[وەلی دێوانە ــــ ڕەنجووریی]

[ش؟]

[م؟]

مەولای لاڵ شوناس! مەولای لاڵ شوناس
مەولای ئەولەویی، دانای لاڵ شوناس
هەیاس دوڕناس ئەسڵ و نەسەب خاس
نەژادپاکان (نیزامیی) قیاس
(فیردەوسیی توسیی)،(جامیی) موڵک جام
(خاقانیی) خەیاڵ، (ئەنوەریی) ئەییام
(سەعدیی) سوخەندان بەحر مەعانیی
(حافیز) شیراز (سائیب) سانیی
بەتای بێ هەمتای قەییوم بێ چوون
هەمتای تۆ کەمەن نە ڕووی دەور دوون
(شەوکەت) خۆشەچین، پەیدای مەعناتەن
(عیسمەت) نە ئەوساف سیفاتت ماتەن
(مەولانا زەهیر)، (فاریابیی) دەور
فوزەڵای فازیڵ نادیرەی خۆش تەور
هەنی چەند شوعەرای ئاسەف نیشانان
دەرس نە مەدرەسەی عیلم تۆ وانان
غەوواس موحیت دەریای علوومی
شیعر مەسنەویت مەر (مەلای ڕۆمیی)
تۆ شاالله هەنی بابەت بۆ زیاد
من چیشم کە نام من ئاری وە یاد
غەرەز هەر ئێدەن بوزرگیت کەردەن
نام بەندەی وێت ئەو یاد ئاوەردەن
ئەڵبەت وێت وە حاڵ پەشێویم زانان
جە ڕووی ئیلتیفات نامەت کیانان

=

📖 ش. ن: ١٢/١/١٣(*)

[شێخ عومەر – زیائوددین ـــ مەلا عەبداللە جەلیی](١)

[بیارە!]

[م؟](٢)

دەمـــێکە کـــاغـــەزت نائێنە لامـــان
عـەجـەب سـستـی لە پەیغـام و سـەلامـان

---

کـەردەنت ئیـزهار، مـەولای کـەرەم سـەیل
تۆ سـاحـیب لوتفی یەعنی من بێ مـەیل
من قـەسـەم وەزات ئەو کـەس یەگـانەن
دائـــیـــم نـــام تـــۆم ویـــرد زوانـــەن
هەرچەند وە خـــیـــدمـــەت تۆ ئاشنا نیم
بەڵێ جـــە فـــیکرت لا دێ غـــافڵ نیم
دڵ پەروانەدار جـــــە شـــــەو تا وە ڕۆ
هەر ها نە خـــــەیاڵ وەسڵ و دین تۆ
من کـە هام تەرکـیب عـومـەرم نام تۆن
نیـــشـــات زەینم کـــۆی کـــەلام تۆن
نادیدە حـــوبت جـــا گـــرتەن نە دڵ
هەرگـیـز جە سەودات دڵ نییـەن غـافڵ
کـەلامت سـەر مـەشق ئینشـای زەینمـەن
نامـــەت بینایی هەردوو عـــەینمـــەن
لا تەشبـیـە چون وەیس ڕمـوودەی ڕەسـووڵ
هەر هام نە تەحسیل وەسڵت کەم وسووڵ
نـەوا بـواچـی جـــــەو زامـن دووریـیـم
(دیوانە)م بەندەی مـەولای (ڕەنجـووریی)م

[تەواو]

(*) ١/٧٦؛ ج٢، ل ١٧٣ – ١٧٦.

(١)– بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.

(٢) وێی دەچێ شیـعـرنامـەکـە –هەروەها وەڵامـەکـەیشی– ڕێکەوتی ساڵانی ١٨٠٠ز بێت، چونکە هەردووکیان لە س ١٢٩٣ک/١٨٧٦ز. دا لە بەغدادا یێکدگیر بوون!.



(جـــەلیی) دائیم دەبێ جـــیلوەی دیار بێ
لە نێـــو گـێـــژاوی شـەت بێ، یا کـەنار بێ
(عـومـەر) عـــومـــرێکە بۆ تۆ ئینتـــیـــزارە
لە شـــەوقی تۆ وەکـــو ئاو بێ قـــەرارە
چ ئینســـافـــێکە گـــاهێ ناوی نابەی؟
چ فـــیکرێت هەیە، بێ باکـــیی تا کـــەی؟
حـــەیاتی من بە یادی تۆ مـــەنووتە
نەوازش چاوەکـــەم لایێق بە خـــۆتە
دەبوو بۆ خـــاتری تەفـــریحی یاران
بکەی سـەیر و سـەفـا وەختی بەهاران
ببـــینیی شـــارەزووری بێ زەڕ و زۆر
بچـیـتە کـێـوی هەورامـانی پڕ نوور
شەوێ تا فـەجـری سادیق دابنیـشیی
بە ئومێـــدی وەفـــا پێ ڕابکیـــشـیی
وەکـو ئەو عـالیـمـانە مل بە حـەق دەی
هەزاران نادان ئەپێـشی شـەقق و لەق دەی
ئیـجـازەی خـەرقـە و تاج و مـوسـەڵلا
بسێـنیی بۆ ڕەواجی کـاری دنیـا
لە عـوقـبا گـەر بڵێن بۆچیی وەهات کرد؟
بڵێ؛ دەفـعی فـەسـادم بۆ دوهات کـرد!
منیش بۆ دەفـعی ئەو مـەنهیی قـەبیحە
تەڵاشم کـرد بە ئەلفـازی فـەسیحە
لە ئەسڵی دین و ئیـمـان بێ خـەبەر بوون،
لە هەی هەی قـال و قـول و پڕ خـەتەر بوون
بەسـیـرەتیـان نەبوو تا حـەق بزانن،
حـەق و باتیل جـوێ کـەن بزانن،

وە ئیللا عالیم و عامیی و مەشاییخ
هەموو موحتاج بەون،هەم تیفل و ڕاسیخ![(١)]

(١) بڵاوکەرەوە، لە پەراوێزدا نووسیویەتی؛ شێخ عومەر ئەو پارچە شیعرەی لەگەڵ نامەیێک بە (مەلا عەبدوسسەمەدی گۆجی شیواشانیی)دا – موریدێکی خۆی و خزمی مەلا عەبدالڵەی جەلیی بووە – بۆ مەلا عەبداللە ناردووە کە بە ئەم جۆرە وەڵامی داوەتەوە:

🕮 ش. ن: ١/١٣ – و/١٤
[ش؟]
[م؟]

ئەمرنامەت بە دەستی (گۆجی) موخلیس
گەییشتە دەستی عەبدی موفلیس
لە پاش بوێیدەن و بۆ سیدەنیی تام
نیامە سەر سەر و سەرچاو بە ئیکرام
نیگاهم کرد، هەموو لوتف و عیتاب بوو
بە هەم ئامێزشی قیشر و لوباب بوو
سەلامی من چییە بۆ تۆی بنێرم
ئەتۆی عەزب و فورات، من تاڵ و سوێرم
(جەلیی) ئیسمم، خەفیی ڕەسمم، دوو ڕەنگیی
میسالی مەسئەلەی کافوور و زەنگیی
سوهاو بێ چارە، قوربان چۆن دیارە
لە وەختی شەعشەعەی شەمسوننەهارە؟
(عومەر) عومرێکە گەر مەیلی لە لامە
ئەدیی بۆ چ مەرکەزی دەرد و بەڵامە؟
ئەتۆی بێ ڕەحم و بێ ئینساف و و بێ باک
وە ئیللا من لەبەر پێتام وەکو خاک
حەیاتی من لە دووریی تۆ مەماتە
عەجائیب بەستەییێک و ئیرتیباتە
هەموویان قاتیعی ڕێگەن بە حەددی
میسداقی ئایەت (لا یُهِدي)[(١)] =

(١) لا یوهدی!



🕮 ش. ن: ١٤/١/١٥[(*)]
[سەیید عەبدوڕڕەحیم/ مەولەویی ـــ ئەحمەد بەگی کۆماسیی][(١)]
[ش؟]
[م؟]

نامەی نەفتینت یێک ڕۆ باو ئاوەرد
کلپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد
دەڵاڵەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادیی
گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادیی
سەدای (لاو هەی لاو) زڕەی زەڕ زنجیر
سڵسڵە و بانی سەر بە نزرێ و لاگیر
زیڵەی گوارە و زرنگەی زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ

= وەلێ بۆ خاتری تۆ بەندەیانم
زوبان دەگرم لە حەقیان تا بتوانم
لە پاشی تۆ خودا بۆ خۆی عەلیمە
لە (کەرکووک)ێ دوعاگۆی (شێخ عەلیی)مە![(*١)]

[تەواو]

(*) ٨٣/١؛ ل ١٦٨ – ١٧٣.
(١) بۆ ژیننامەی مەولەویی بنۆڕە؛ نێوداران. ئەحمەد بەگی کۆماسیی؛ شاعیری کلاسیکە. وەک دیوانی ونە، مێژووی ژین و مردنی، جۆری یادگارەکانی و ئەو بیروڕای جودای بەرامبەر نیشان دراوە. بەڵام وێڕا شاعیرێکی باڵادەست و هاوەڵی مەولەویی بووە و ئەمیشیان لە شیعرێکی خۆیدا قسەی لە کۆچی ماڵئاوایی کردووە، واتە – ئەحمەد بەگ – بەر لە مەولەویی مردووە!

*(*١) بڵاوکەرەوەی دەبێژیت؛ بەنامەکەی شێخ عومەر زیائوددین و وەڵامی مەلا عەبداللە جەلییدا دیارە کە (شێخ) بە ئاشکرا و شانازییەوە، داوا لە (مەلا) دەکات ببێت بە موریدی و بچێت بۆ لای بۆ هەورامان. مەلاش بە ئەوە خۆی دەپەڕێنێتەوە کە مەنسووبی (شێخ عەلیی تاڵەبانیی)ە و سەرەڕای ئەوەش، شێخانی ڕاستەقینەی وەک شێخ عەلیی لێ دەربکەیت، زۆر حەزی بە هاوەڵیی شێخان نییە!.*

شەوق و زەرق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو
ورشە و پرشەی خووی کوڵم بۆ گوڵاو
شەوقە و تەقەی گەرم، چەپڵە و چیلّەی نەرم
چریکەی وەناز، نزیکەی وە شەرم
سەمای دەسماڵان، ڕومای نەوهاڵان
نەمای مەلاڵان، نمای وەش حاڵان
چفەی گەردن کەچ، مەرگ من چیش واچ؟
خایین وە خەفەت، نەزان جگەر پاچ
لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران
ئیشارەی کەم کەم پەنجە و شاران
شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ
فڕەی فۆتەی شۆڕ، پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ
خشە و خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت، گریشمەی بێ خەوش
وە لیمۆی ئاڵای کاڵای شەنگ
قرچە و چۆقەی جەرگ، دڵ وە خەمان تەنگ
خەمیا و چەمیای نیاز نیمچە کناچان
دەنگ (هەی شا باش) نەوجوان واچان
شاباش شادیی شەیدای شاباشان
خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاشخاشان
یاران! یاوەران! های دەردەداران!
بەیدێ بکردێ من سەنگە باران
جە نەحسی تاڵە و جە بەد ئیقباڵیم
هەر کۆ فرسەتەن من یاگە خاڵیم
ڕوو ئەو شیوەنان، دەی ئەجەل بۆرێ
نەو بەزم شیرین مایەی هەر شۆرێ



تاوەی ڕەنگ زەرد چون خەزانەوە
سیم ساف هەرکەس نەزانەوە
هەر لایێ بادەی شەوقێوەم بەردا
یێکسەر سەر چون گیان شاباشم کەردا
(خاڵۆ) گیان! نامان پەی نەو نەمامان
گیان دان وە مۆبەت،پە(مەعدووم) ئامان![١]

[تەواو]

---

(١) محەممەد ئەمین ئەردەڵانیی کە (شیعرنامە)کەی جوان گۆڕیوە بۆ شێوەی سلێمانیی، دەڵێت؛ خاڵۆ – ئەحمەد بەگی کۆماسیی – مەولەویی داوەت کردووە بۆ سەر گۆڤەندێ و ئەویش پێی نەکراوە بچێت و ئەو وەڵامەی بۆ ناردووە. مەتنی ئەو وەڵامنامەیە – شیعرنامەکەی سەرەوە – بۆ شێوەی سلێمانیی ئەمەیە:

نامەی نەوتینت با پێی گەیاندم
کڵپەی بڵێسەی کوورەی جۆشاندم
میهری جۆشا وەک ڕۆژی ئازادیی
گەرمیی نەزمەکەی بەزمی پڕ شادیی
سەدای (لاو هەی لاو)، زڕەی زەڕ زنجیر
سڵسڵە و بانی سەر، بە نزرێ ولاگیر
زیڵەی گوارە، ملیوانکەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق و زەرق و بەرق، تەوقی زەڕ کڵاو
ورشەی ئارەقی کوڵمی بۆ گوڵاو
شەقە و تەقەی گەرم،چەپڵە و چێڵەی نەرم
چریکەی بەناز، خەندەی پڕ شەرم
سەمای دەسماڵان، لەنجەی نەوهاڵان،
نەمانی خەمان، نمای خۆش حاڵان
چپەی گەردن کەچ،چیی وت؟ مەرگی من!
ناحەز خەمبار و نەزان جیگەر کون
لارەی پۆلی لاو، کۆی شەدەلاران
کەم کەم ئیشارەی پەنجە گوشادان
=

.........................................................................

=

دەنگ و شریخەی زێڕ و خشڵی کاڵ
فڕەی لەچکی شۆڕ، ڕیشووی مشکیی ئاڵ
خشە وخشپەی خاس، ترپەی پاژنەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت،تیلەی دوور لە خەوش
بە لیمووی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ
قرچە و چۆقەی جەرگ،دڵ بە خەمان تەنگ
بە ناز و چەماوەی نیمچە نەوڕەسان
دەنگی (های شاباش)واتەی جوان خاسان
شاباشی شایی شەیدای شاباشان
کزەی بە سۆزی دڵی دڵ ڕێشان
یاران! دۆستان! هەی دەردەداران
بێن بکەن باش باش من بەردە باران
لە نەحسیی چارە و لەبەد ئیقباڵیم
لە کۆی بەزمێکە من جێگە خاڵیم
ڕووم لە شێوە نە ئەجەل! مەتۆرێ،
لەم بەزمەی شیرین مایەی هەر شۆڕێ
تا بەم ڕەنگ زەردیی وەک خەزانەوە
زیوی ئەشکی ساف کەس نەزانەوە
هەڵمدایێ زۆر بادەی شەوقم باش
دەمکرد وەکو گیان سەرم بە شاباش
(خاڵۆ) گیان! ئاسان نییە بۆ هەر کەس
گیان دان بە مەعشووق بۆ(مەعدووم)ە و بەس(*)

[تەواو]

*(*) وەرگێڕەکەی دەبێژێت: خاڵۆ، لە نامەکەیدا بە مەولەویی – مەعدووم –ی گوتووە: ئەگەر بهاتیتایە بۆ سەر ئەم شایی و گۆڤەندە، نەوجوانان گەلێکیان خۆیان بە شاباش و قوربان دەکردیت. مەولەوییش بە ئەو بەیتە وەڵامی داوەتەوە؛ خاڵۆ گیان، گیانبەخشین لە ڕێی مەعشووقدا، کاری نەونەمامان نییە، بەڵکو ئەمە بەشی (مەعدووم/ مەولەویی) و بەس!*



ش. ن: ١٦/٢/١٤(*)

[سەیید عەبدوڕڕەحیم – مەولەویی ـــ بولبول](١)

[ش؟]

[م؟]

## چیشەن پەشێویم، ماتەمیی دڵەن،
## یا کزەی ئامای نامەی (بوڵبوڵ)ەن

(*) ١/٨٢، ب ٢؛ ل ١٧٢ – ١٧٨.

(١) مەلا عەبدولکەریمی موددەڕڕیس، (بولبول)ی بە شاعیر شێخ حەسەن سازانیی ئاشنا کردووە و ژیننامەیشی پێ ئاشنا نەکراوە. بەڵام لە بۆنەی ئەم شیعرنامەی مەولەوییدا دەبێژێت؛ ئەم زاتە – بولبول – لە خزمەتی مەولەوییدا خوێندوویەتی و حەزی لە کیژێکی کردووە و لە دڵیشیدا بووە کە داوای بکات، بەڵام دەنگی نەکردووە تا مەولەوی کیژەکەی خۆی داوە بە شوو. ئەوجا بە ئەم شیعرەی خوارەوە – پڕ لە زویریی و دۆعای شەڕ لە مەولەویی – ڕووی لە مەولەویی کردووە.

نیشانەی ناوک نیگای نازاران
یانی سەر دەفتەر سوپای خەمباران
وە غەڵەت مەشهوور حاڵ زان دەردان
پەی وێت وەرپاکەر هەناسەی سەردان
نەتیجەی قیاس قەزییەی قەزای تۆ
تەدبیر چەند دڵ پی نارەزای تۆ
پزیسکەی ناسوور دەرد جەستەی من
کزەی کولیای زام تۆ ژار بەستەی من
گەردەلوول گێچ هەناسان سەرد
دوور نییەن بوو زوت نە سەد گێچ دەرد
فەڵەک وە کوورەی موورەی ساختەی دەرد
پەی تەفرەقەی وەسڵ بشانۆییێک فەرد
وزوت نە گێچا و مەینەتان خەم
ڕووی شادیی، ڕووی وەسڵ نەوینی وەچەم
تا ئاوخانەی دڵ نە کەللەی سەر بۆ
ئانە شیرینەن ئەووەل چەمەر بۆ
پەی گەرمیی کوورەی مەیل دەروونت
هەناسەی سەردم ئاما ئەو شوونەت

[تەواو]

شاهید داناى گردین ئەحواڵەن
وەسەن پەى ڕاسیى عەرزەى مەلالان
ئێش هام فەردم، ئێش وێم زانان
دەرد هام دەردم، دەرد وێم زانان
بەلاٚم تۆ قەزا و بێ تەدبیریى وێت
كەردەن پێت ئانا هەرچیى كەردەن پێت
كەى تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد
هانات كەرد ئەو من، من بێ مەیلیم كەرد
تا تەئسیرێ بۆ پەرێ شەو ناڵەت
یا پەى هەناسەى سوب دوعا و لاڵەت
گۆیا جەلا وێت دەروونت ئێشان
بەد دوعاییت كەرد تەسدیقدت كێشان
من ڕۆى مامەڵەى گردین خاس و كەس
جەو ڕاسە، بازاڕ شارەكەى ئەلەس
جە سەر دوكانچەى شاى سەر توجاران
هۆر گوتم كالاٚى بەلاٚى نازاران
نامان نە گۆشت مەر فەردەكەى من
فەرد وەش مەزموون بێ گەردەكەى من
ئەر هەر سات دەردێ دەردێ و تەرجەنی
بە یۆ ماچوو ئاخ پەى دەردێ هەنی
یێكێوەن جە لام شادیى و ڕەنجووریى
كەیفى و بێ كەینیى، نزیكیى و دووریى
مەر چون تۆ هەڵواى مەحەبەت خامێ
قەباى عەشق دڵ پشت نا تەمامێ
وەشیى و ناوەشیى تەفاووت زانۆ
مەلێ نە رانۆ هەر پەلێ شانۆ
مەیل و قین هەردوو هەر جە شەخسێوەن
جەریمە و خەلاٚت شێوەى كەسێوەن



لا هۆر كەردە جەو، پەى ئید تەماشا
بەو شاد، پێد ناشاد (كەللا و حاشا!)
سا هەر دوعاكەر با چەرخ چەپ گەرد
تا تاقەتش هەن هەر بشانۆ نەرد
من وزۆ ئەو دەرد، ئەو ئەو سەردیى مەیل
ئەو ئەو قەبایل، من ئەو كۆى دوجەیل
خوسووسەن (بوڵبوڵ) جە لاى زامداران
دووریى خاستەرەن نە وەسڵ یاران
نزیكیى یاگەى تەریدەى فەسڵەن
دووریى ڕاى خەیاڵ قافڵەى وەسڵەن
پەوكە خوو گرتەى بەلاٚ و كۆسەنان
نزیكیى بێزار، دووریى دۆسەنان
نە كۆى نزیكیى شادیى وە بادم
نە دەورەى دووریى وە یادش شادم!
سەد نەوبەت یاوان قەرینەى حاڵی
ئیحتیاج چیش بی هاناى مەقالی
ئاخ جە حاڵ زانیت خەیلی ئیشكالەن
حاڵ نەزانات مونافیى حاڵەن
پەى تەتیمەى ڕەد مەولام كافییەن
بێ باكیت جە ڕووى بێ ئینسانییەن
ئەر بێ وەفاییى، وەر بێ مەیلیت كەرد
جە بەد بەختیى من هەرچیى بی و بەرد
ئەمما حەیف (بوڵبوڵ) جە ویت هەراس كەرد
پەى تەنیا گوڵی ویت كەس نەناس كەرد(١)
[تەواو]

(١) مەلا عەبدولكەریمى بلاوكەرەوەى دەبێژێت؛ كە ئەم وەلاٚمەى مەولەویى دەگاتە دەست (بولبول)ى شاعیر، ئەم شیعرنامەى خوارەوەى بۆ دەنێرێت:
=

= 📖 ش. ن: ١/١٥ – و/١٧
[ش؟]
[م؟]

سەرشار، سەرخۆش مەیخانەی (ئەلەست)(*)
وە نەشئەی مینای دەس ساقیی مەست
پا بەستە وە قەید سەییاد مەعنیی
فاریغ نە سوورەت فیرقەی (لا یەعنیی)(**)
سینە خەزانەی نازک خەیاڵان
نازکتەر جە ناز نازک نەوهاڵان
شیوەی شانای شیرین ئەتواران
شەریک تاڵیی و شادیی خەمباران
ڕاستەن نەتیجەی قیاست سەختەن
مودعات ئیلزام خەسم بەد بەختەن
بەڵام دەعوای بەخت جە دەلالاتەن
قیاست مەجمووع موغالەتاتەن
پێکسەر عەمیقەن قەزایای تەحریر
غەیر جە وەسیلەی دەلیل تەقدیر
خۆ من دەزانم ئەدەب تەقسیرەن
واتەی بەدکاران جە لات دڵگیرەن
بدیە بێ مەیلیت وە جایی یاوان
بە واتەی بەدان مگیرم تاوان
سەد نەوبەت یاوان قەرینەی حاڵی
ئیحتیاج چیش بی هانای مەقالی
ئاخ جە حاڵ زانیت خەیلی ئیشکالەن
حاڵ نەزانان مونافیی حاڵەن
پەی تەتیمەی ڕەد مەولام کافییەن
بێ باکیت جە ڕووی بێ ئینسافییەن
=

(*) أَلَسْتُ.
(**) لا يعني.



📖 ش. ن: ١٨/١/١٦(*)
[عەلیی کەمال باپیر – کەمالیی ـــ کەریم مەعرووف – ناتیق](١)
[کەرکووک ـــ هەڵەبجە]
[س ١٩٥٠ز]

دەخیلی بەختتم ئەی (بادی) خۆش خرامی سەبا
لەباتیی بەندە بڕۆ بۆ «هەڵەبجە» تۆ ئێستا
بچۆرە خزمەتی (ناتیق) سەلام و حورمەتی من
بە زەوقەوە بکە عەرزی جەنابی مامۆستا
بپرسە ئاخۆ «هەڵەبجە» چلۆنە؛ ئیمساڵیش
بە کەیف و زەوق و ئاهەنگە هەر وەکو ئەوسا؟
دەماخی بەرزە، سەری سپییە کێوی هەورامان
وە یاخۆ مێزەری تووڕ دا، لە داخی کۆلکە مەلا؟
زەمانی ڕاوە کەوە شاخی بەرزی (شنروێ)
پڕە لە دەنگی تفەنگ و لە گرمە و لە سەدا؟
بە ڕۆژی جومعە دەچن بۆ (گوڵان و کانیی شێخ)
بچووک و گەورە، بە شەوق و بەزم و سەفا؟
درەختەکان بە نەشئە و شەففافە (باخی میر)
وە یاخود وشکە لەبەر بەفر و شیددەتی گەرما؟
پڕە لە لالە و گوڵ ئاخۆ جۆگەکەی (کوڵەبۆز)
ڕواوە لێی گوڵە زەرد و ترنج و سەوزە گیا؟

=
ئەر بێ وەفایی، وەر بێ مەیلیت کەرد
جە بەد بەختیی من هەرچیی بێ و بەرد
ئەمما حەیف (بولبوڵ)جە ویت هەراس کەرد
پەی تەنیا گوڵ ویت کەس نەناس کەرد!

[تەواو]

(*) ١/١، ل: ١١٢ – ١١٣.
(١)– بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.

دەبینیی دەستەیی سەرخۆش و بەزمی مەیخۆران
بە دەنگی خۆشەوە (فازیڵ)دەڵێت مەقامی نەوا؟
نەماوە ئێستەکە مەیخانەکان وەکو جاران
چلۆنە حاڵەتی ڕەندانی بێ سەر و پا؟
دەڵێن کە ئێستە لە جێی«شێوە» جوانەکەی شێوە
دەبینرێ پیرەژنێ چرچ و پیس و دڵ بێ مەعنا
نەماوە (جوولەکە)، لام وایە فورسەتە بۆ خەڵک
گران بووە هەموو کوتاڵ و خواردن و ئەشیا!
لەتەکییەیە کوورەیی زیکروخۆ گەرمە وەک ساڵان،
بەدەنگی تەپڵەوەدەروێشەکانی دەکەونە بەزم و سەما
جەنابی (ناتیق) ئەگەر جوابی ئەم سوئالانەم،
بداتەوە بە کەرەم، غەرقی لوتفی خۆییم دەکا
(کەمالیی) زەوقی نەماوە بە چاوی تۆ (ناتیق)،
بە یادی تۆوە دەکا ئەم قەسیدەیە ئینشا
دەمێکە تووتیی تەبعی خەمۆش و بێ دەنگە
لە شەوقی شیعری شەکرباری تۆ دەبێ گۆیا!![1]

[تەواو]

---

(١) ناتیقی شاعیر بە ئەم شیعرنامەیە وەڵامی (کەمالیی) داوەتەوە:

📖 ش. ن: ١/١٧ - و/١٩

[هەڵەبجە]

[م؟]

شەماڵ فییای شنەت بم، ڕەفیقەکەی جانی
تەبیبی دافیعی دەردی فیراق و هیجرانی!
دەمێکە وا لە جەفای چەرخی دوونا زمان بەستە
قەڵەم شکستە و کاغەز دوڕیدە، میوانیی
لەکونجی دەرد و خەما گرت بووم کەنارە لە خەڵک
لەپڕ بەریدی سەبا، نامەیێکی بۆم هانیی
بە شەوق و زەوقەوە دایە دەستم بە موستەعجەل
وتی بینێرەوە جوابی سوئالەکەی ئانیی
=



................................................................

=
ئەگەر تۆ ماوی لەسەر عەهد و شەرتەکەی جاران
کە ڕۆژی هیممەتە، ئەمڕۆ بە ناوی ئینسانیی
لە پێ کە کالەیی هیممەت، کوڕانە بەستە کەمەر
کە پەیکی یێکبەری چۆڵ و دەر و بیابانی
بە مەردیی پێ بخەرە حەلقەیی ڕێگا بێ وەفا
کۆمیتیەکەت بێنە سەر ڕەوی گەرم و جەولانیی
دوو پەلکی شاپەڕەکەت توند بکە لە ئەوجی سەما
بڕۆ بە چاپووکیی و چوستیی بەرەو سولەیمانیی
مەوەستە تا دەگەییتە(خاسە)؛شارەکەی (کەرکووک)
بچۆ مەقامی (کەمالیی) ببینە بە پەنهانیی
کە چوویتە خزمەتی ئەو زاتە فازیلە بە ئەدەب
بفەرموو عەرزی سەلامم هەتاکو دەتوانیی
بلێ لە وەزعی «هەڵەبجە» سوئالت فەرموو بوو
لە شاخ و داخ و لە باخ و لە جێگە سەیرانی
لە شێخ و مێزەرەکەی فەرقی شاخی هەورامان
تەنافە بۆ ملی سالارەکانی ئێرانیی
هەر مایە شەوقە، ئەگەرچیی کە ڕەش بووە جێ جێی
لە پێی تەوژمی بارەشی بەفری زستانی
لە جەلبی ڕاوکەرەکانا، هەمیشە «شنروێ»
سەدای تفەنگی لە لا خۆشترە لە گۆرانیی
کە چونکە لانەی سەییادی شێر بەچەی کوردە
دەماخی بەرزە، نەزاکەت دەکا بە جێ و لانی
دەبینێ هەر کەسێ دەگریی بە حاڵی (کانیی شێخ)
کە دارەکانی دەلەرزێ لە دەردی عوریانیی
زەمانێ مەرکەزی خوبانی شۆخ و ڕەعنا بوو،
یێکێ بە ناز و عیشوە، یێکێ بە عینوانی
لە پای سەماوەری زیویی، بە پەنجەی شمشاڵ
خەریکی دەوری چا بوون لە چەشمەی کانیی
لە چۆڵ و هۆڵیی ئێستا و لە داخی بێ بەرگیی
نە شەوقی «شێوە»ی لێ ماوە، نە زەوقی جارانی
=

= «گولاّن» لەباتیی گولاّن گولاّلە ڕوو ئەم سالّ
پڕە لە قاری خەفەت دەور و پشتی قەبرانی
نەماوە زەمزەمە و بەزم و زەوقی هەلّپەڕکێ
نە دەنگی لوولکی (مینە)یە و نە چەپلّەڕێزانی
پەی شوعاعی مەهـ جەبین نەما ئەسەفا
سەفا و شەعشەعەی (باخی میر) و جارانی
خەمیدە. قامەتە، داری شکستە، پەرژینە
لە ڕووی نیشتووە یێک دەفعە تۆزی ویرانیی
(تەکییە) لە هۆ هۆی دەروێشەکان نەجاتی بوو
پڕی جەماعەتی ئیسلامە ژوور و هەیوانیی
لە جێی بتانی پەریی چەهرە، دەرەی «کولّە بۆز»
مەقام و جێی «کولّە بۆز» بە ڕان و گۆچانی
لە جێی گولّە زەردە و ترنج و سەوزە گیا
پڕە لە پشقلی مالاّت و زبلّی حەیوانیی
بە دەستی جووچکەوە (فازیلّ) وەکو مریشکە بەکڕ
خەریکی قرتەیە نەیماوە زەوقی گۆرانیی
مەراقی «شێوە»؛ بەلّێ مەردی عاریف دەیزانێ
چلۆنە حەسرەت و دەردی، چلۆنە هیجرانی؟
حیسابی جوولەکەکان وەهایە، عەینی فەرمووتە
بە کامی میللەتی ئیسلامە دەور و دوکانی
لە دەوری جوولەکەکان بەدترە، تەماشاکەی؛
تەرازوو کەچ و گەزی کولّی،سەنگ و بەردی نوقسانی
مەلّێ نەماوە کە مەیخانەکان لە ناو شارا؛
گەلێ زیاتر بەزمی عەرەق لە جارانی
خەمت نەبێ، بە خوا نەوعە دەردێ ڕووی داوە
هەتاکو مابێ لە برووزدایە، فیعلی شەیتانیی
ئێوارە سەیری دەکەی؛ دار و بەردی سەرخۆشە
دەگاتە گومبەدی گەردوون خرۆشی مەستانی =



📖 ش. ن: ١٨/١/٢٠(*)

[شێخ محەممەد – ویسالیی ـــ دوو برادەری!!](١)

[ش؟]

[م؟]

بۆ خۆشەویستم ڕەفیقی شەفیق
ئەووەلّ کاک عەلیی، دووەم کاک تۆفیق
دەپارێمەوە لە قاپیی خودا
لەسەر کەسابەت تۆفیقتان بدا
لە پاش بەیانی عەرز و ئیحتیرام
ئەوا بۆم ناردن چەن فەوجێ سەلام
دوعا و سەلامتان هەر بۆ دەنێرم
وە مننەتیشتان بەسەری کێرم
چونکە لە دنیا من ساف و پاکم
لە ڕاست هەموو کەس دائیم بێ باکم
ئەگەر دەپرسن لە حالّ و ئەحوالّ
خۆشترە حالّمان لە حالّی بەقالّ
ئێمە لە لادێ خوا موعینمانە
بۆ ئەهلی بازاڕ ڕەفیق شەیتانە

= بلّێ بە زاتی (کەمالیی) دەخیلە وەک عەرەب،
نەکا خەیالّی «هەلّەبجە» دەستم بە دامانی
نەبینێ تا وەکو (ناتیق) بە جەوری بای میحنەت
میسالی زولّفی بۆتانە، حالّەتی پەرێشانی!(*)

[تەواو]

(*) ١/٩٢؛ ل ٢٧٣ – ٢٧٤

(١) بۆ ژیننامەی ویسالیی، بنۆڕە: نێوداران.

(*) ١/١؛ ل ١٢٥ – ١٢٧.

لێره هەرچیی بوو لەوێ دایدەنێین
ئەووەڵ تا ئاخیر سەر ئێوەی دەنێین
نەجیبن ئێوە کە هەر ئەمەتە
کاغەزتان ناردبوو بۆ دوو سەبەتە
وام زانیی کاغەز کەوا نێرراوە
بۆ کاری موهیم یێک جار نووسراوە
کە تەماشام کرد نامە سەرانسەر
نوسراوە لە بۆ دوو سەبەتەی شڕ
بینائەن عەلێهـ ئەی برای ئەرشەد
سەبەتەکانم داون بە ئەحمەد
ئەمن وام زانیی ئێوە بەقاڵن
نەمزانیی هەردوو قنگ بەتاڵن
گەر وەک ئێوەن بەقاڵ و چەقاڵ
کێرم بە قنگی دوو هەزار بەقاڵ
بیستم کە ئێوە هەردوو بە پڕتاو
تەسادوفتان کردبوو دوو کچی لاو
بە جارێ کردتان مەرحەبا لەوان
شکڵی ئێوەیان کە دیی هەردووکیان
هەردووکیان بە جووت تفیان لێ کردن
بە جارێ حەیا و نامووسیان بردن
تازە هەردووکتان لە ساڵ بوونەوە
ئاشی ئاو کەوتوون، بەتاڵ بوونەوە
تازە چیتانە لە کچی جوان
ڕیشتان سپییە و نەماوە دانتان
تازە هەر بە خەو بینین جوانی
ئەویش بە جومعە سەر لە بەیانیی
هیچتان بۆ ناکرێ بە پیرە پیرە
مەگەر هەردوو دەست بگرن بەم کیرە



حوسەین هەر ڕاستە، ڕاست ئەبێژێ
بۆبێ قسەی ورد بۆ ئێوە ئێژێ
چەندم تا ئێستا نەسیحەت کردن
ئینسان تێی هەڵدەن نەک حەیا بردن
عالەم کە پیر بوون بە حەیا دەبن
ئێوە تا پیر بن، بێ حەیا دەبن
بەڵێ هەقتانە حەیا بە چاوە
ئێوەش خۆ شوکر چاوتان نەماوە
کالانەی چاوتان بووەتە شکڵی نوون
لە دوور دەشوبهێ بە قنگی مەیموون
چونکە هەردووکتان چڕ و چاو نووساو
دەم بە قووڵا چوو، وەک بیر و گۆلاو
دەم وەک کەلاوەی ساڵی دەقیانووس
تەعمیر ناکرێتۆ بە ئینگلیس و ڕووس

[تەواو]

📖 ش. ن: ٢١/١/١٩ (*)

[نووریی شێخ ساڵح ـــ مەلا عەبدالله مەلا ڕەسوول - زێوەر] (١)

[هەولێر] (٢)

[س ١٩٣٩ز]

ئەی بادی سەبا! پەیکی خەیاڵاتی ئەدیبان
ئەی میروەحەی فینکیی زامی دڵ سووتاو
ئەی بادی خەرامان

---

(*) ١/٤٢؛ ب ٢، ل ١٠٣ - ١٠٦.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.

(٢) بڵاوکەرەوەی دەبێژێت؛ شێخ نووریی ڕاگوێستراوەتەوە بۆ هەولێر و لە ئەوێڕاوە ناردوویەتی بۆ سلێمانیی.

وەختێ کە دەدەی شەو لە لق و پۆپی درەختان
سەد دەنگی نەی و ناڵەیی عوودت بەفیدا بێ،
ئەی موتریبی ناڵان
گەر تۆ نەدەبووی ئەی ئەسەری قودرەتی لاهووت
چۆن پێدەکەنیی خونچە دەمی سوبحی بەهاران؟
ئەی نەیزەنی بێستان
چۆن ناڵەیی مەحزوونی کەوی مەدانی کێوان
تەئسیری دەکردە جگەری لەت و پەت و برژراو؟
ئەی موونیسیی مورغان
ئەی بادی سەبا! هەستە مەوەستە وەکو ئینسان
ڕوویێ بکەرە مەسکەنی جارانی سولەیمان،
مەدفوونە لە «سەیوان»
ئەو شارە کە مەشهوورە بە کاشانەیی (بابان)
یەنبووعی ئەدەب،کانیی گەوهەر، مەنبەعەی
عیرفان، هەم لانەی شێران
سەیری بکە بنوارە بە شار و کەنارا
دەورێ بدە نەختێ لە دەمی سوبحی بەهارا،
ئەی یادی دلارا
ئەم (نامە)یە جوان بگرە بە دەستێکی بلوورین
ڕازاوەتەوە، چونکە بە میهر و مەه و ئەختەر،
عەینەن وەکو ئەفسەر
بەو شەرتە لە تەقدیمی ئەوا واسیتە بێ (ژین)
بیخەیتە سەری شاهی ئەدەب، حەزرەتی (زیوەر)،
ئەی بادی پەیەمبەر
زاتێکی ئەدیبە، بە ئەدەب بچووە حوزووری
عەرزی بکە؛ چاکە، بە دڵی ئێوەیە (نووریی)،
هەر ماتە لە دووریی



عەرزی بکە؟ ئەی هەیکەلی شیعر و ئەدەبییات،
بێ دەنگیی بەسە، گیان لە (ئوتێلی شەریفا)،
ئوستادی ئەدەب، شاعیری پڕ فیکر و خەیاڵات
نابێ بەزەییت بێ بە غەریبێکی زەعیفا،
مەزڵووم و نەحیفا؟
ئاخۆ ئەسەرێ ماوە لە سەیرانگەهی «بیارە»
چوارشەممە دەڕازانەوە، نەوڕەستە نیهالان
وەک توولی نەمامان
لاگیرە بەسەریانەوە، وەک ڕۆژی درەخشان
گەردانە لە ملدا دەبووە ماه و ستارە،
بەم فەسڵی بەهارە
چوارشەممە کە دێ، ناڵە دەکا دڵ لە قەفەسدا
وەک مورغی ستەمدیدەیی مەحبووس و موکەددەر
وەک کۆتری پا بەستە، لە ئەسنای هەوەسدا
مەبهووت و سەراسیمە، موکەددەر لە موکەددەر،
بێ تاب لە نەفەسدا
داییم دڵەکەم ئێستە لە لای «قۆریە شکاو»ە
ئەو جێیە کە مەشهوورە بە مەڵبەندی نیگاران،
جێی موحەببەت و سەیران
چۆنە، ئەسەری ماوە، وە یا بۆتە کەلاوە؟
کیسرایی (سولەیمانییە)، ئاساری ماوە
هەر بوومی لە ناوە؟

[تەواو]

## ٢- پەخشاننامەی زمان بیانیی

### ٢/ ١ پەخشاننامەی عەرەبیی

☼ پ. ن؛ ع/ کە: ١/١/١(*)

[کاکەئەحمەدی شێخ ـــ کاربەدەستێکی گەورەی عوسمانیی!!](١)

[سلێمانیی]

[هەر ساڵێکی دوای س ١٢٧٨ک/ ١٨٦١ز!](٢)

.........(٣)

المعروض؛ من داعٍ لحضرتكم في اوقات الاستجابة بدعوات يَطلبُ المُحِبُّ أحبابَه، وبعد... فقد سمعنا إنَّ الكبار من الرجال لا يقرّون (...) إنمأ الطَول (...) ولاَ تطلع على على مُصيبتنا ولا تترحم بِنا إلاَّ نكشف حالنا إلا بمكتوب طويل، والقصير لايُشفي العليل ولذا كتبتُ مكتوباً طويلاً بيّنتُ فيه عدم خيانتنا في الاموال الأميرية وعدم تقصيرنا في كلِّ وجوه مِنْ خدمات الدولة العليَّة، وكذا بيّنتُ فيه إنّ إملاقها إنّما كانَ مِنْ فساد تلك الآيّام وإغِتشاشها، وبيّنت سبب وقوعنا في هذه المصيبة العظمى، إنهّ

(*) گەنجینە مامۆستا محەممەد خاڵ: ١٨/ ١٩٨٦/١٠ز. سلێمانیی (فۆتۆکۆپیی کرا و بەڕەزامەندیی خۆی).

(١) بۆ ژیننامەی کاکەئەحمەدی شێخ بنۆڕە: نێوداران.

(٢) بەڕۆشنایی شێوەی ئاخاوتنەکەی، دڵنیام کە نامەکە بۆ گەورەییێکی عوسمانیی کاربەدەست نێردراوە، گەورەییێکی وەک والیی بەغداد و دوای ساڵی ١٢٧٨ک/ ١٨٦٠ز.یش نووسراوە.

(٣) نامەکە – وەک بەسمەلەی بەسەرەوە نییە – دامێنی خوارووی پواوە و ناتەواوە و چەند ڕستەییێکی لێ پەڕیوە و دواییەکەیشی ناناسرێتەوە. ئەم خاڵانەش شایانی ڕوون بوونەوەن:

١- مونیب پاشا، مەبەست مونیب پاشای قائیمقام، والیی بەغدادی لە نێوان ٢٥ی ڕەبیعولئەووەل – شەعبانی ١٢٧٨ک/ ١٨٦١ز.ە.

٢- باسی موڵک و زەویی لە دەست چوونیان؛ وێ دەچێ کە ئەمە ڕێکەوتی باوبوونی تاپۆ بێت لە عێراقی عوسمانییدا کە مەدحەت پاشای والیی بەغداد لە نێوان ١٨٦٩ز – ١٨٧٢ز.دا دایهێنا.

٣- نێوهێنانی یێکەم موتەسەڕیفی سلێمانیی و دڵسۆزیی خانەدانی بەرزنجەیی بۆی، مەبەستی لە فەریق ئیسماعیل پاشای یێکەم موتەسەڕیفی سلێمانیییە کە لە س ١٢٦٦ک/ ١٨٤٩ز.دا دامەزرا بە موتەسەڕیف و کۆتایی بە دوا دەسەڵاتداری بابانیی – عەبداللە پاشا – هات و لە حوزەیرانی =



كان حيلة وخداع (منيب باشا) وبينت فيه سبب قبولنا خداعه، عدم الاطلاع على الاصول فلهذا صار شمس طالعنا الى الافول. وكذا (لدى قدوم اوّلَ متصرفي الدولة بسبب الاغتشاش لم يكن غير السادة البرزنجية مخلصاً يقوم بالخدمة الاّ القليل!) فوقعنا فيما وقعنا.

فبحقِّ جَدِّنا رسول الله، عيلكم، ارحمونا فأن كان يليق بعتبات الدولة العليّة لا زالت عالية غالية على الدولِ الخارجية، أن نَقعْ نحنُ ستة بيوت مِنْ أهل البيت النبويه وعيالنا وأطفالنا وخدمنا ودراوِيشنا من الذُلّ (...) والاحتياج والمحَنة مدة حياتنا الى مَماتنا كلّ سنة، فيأخذْ مِنّا جميع ما يُأتى بايدينا، فامروا (...) الى يوم الوصل الى الرمّس فيكون (...) يومنا مِن الامســـ (...........)(١)

(انتهت!)

= ئەو ساڵەشدا (عەزیز بەگی بابان) لێی ڕاپەڕیی و پەلاماری سلێمانیی و لەشکری تورکی دا، بەڵام ناپاکیی و هاریکاریی کۆمەڵێ – بابانی مورتەد – بوون بە هۆی شکستیی ڕاپەڕینەکەی عەزیز بەگ. پیرەمێردی ڕۆژنامەڤان، هێندێ بیرەوەریی – هەڵبەت لە زاری بابییەوە – وەرگرتووە و دەگێڕێتەوە: (دوای هاتنی ڕۆمیی، عەزیز بەگی مامی ئەحمەد پاشای بابان، عوسیانی کرد. پەنجا و یێک ڕۆژ دەورەی سلێمانیی بەست! ئاخیریی بە فێڵ و بە نێوی عەسکەرەکەی ئەحمەد پاشاوە، دەستە و دائیرەی مورتەددەکان کاغەزیان بۆ نووسیی کە (وەرە ئێمە تەسلیم دەبین!). زۆریان لێ کوشتن. هەمزەی مەسرەفی باپیرم لەو شەڕەدا یانزە برازا و کەسوکاری کوژرا، خۆیشی بەبرینداریی گیرا، لە چوخمەکەی حەساری (ماڵی کاکەئەحمەدی شێخ حەپس بوون)، شەو پەنجەرەی شکاند و ڕایکرد/ تەواو)(*)

شاعیری مەردی کورد، هاوڕۆژگاری شەڕە ئازادیخوازییەکەی عەزیز بەگی بابان (سالم) ئەو ڕووداو و کارەساتانەی لە قەسیدەییێکی نایاب و مێژوویيدا ڕازاندووەتەوە!

(١) دڵنیابوونم لە ڕاستیی نامە و دەستنووسی کاکەئەحمەدی شێخ بە ڕۆشنایی بەراووردکردنی ڕوونووسی نامەییێکی دەستنووسی دی نێو کۆمەڵە نامەییێکی گەنجینەی مامۆستا محەممەدی خاڵە کە (یێکێ) لە ئەو نامانەدا – بە هەمان شێوە ئاخاوتن و دەستنووسەوە – کوتومت، وەک ڕەشنووسە، (پاکنووسەکەی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد – ب١، بەش: ١، س ١٩٧٣ز.دا بڵاوە!). ئێرەش جێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕەشنووسە و پاکنووسەی تێدا نابێتەوە. کورتیی ئەم نامە عەرەبییەی کاکەئەحمەدی شێخ بە کوردیی و لە لایێن منەوە ئەمەیە کە نامەنووس دەبێژێت: نامەیێکی=

*(*) بنۆڕە: ژین – ز ژ ٨٩٤؛ ١٩٤٧/١١/٢٠ز.*

پ. ن؛ ع/ که: ٢/١/٢ (*)

[مەولانا خالید شارەزووریی - نەقشبەندیی ـــ شێخ محەممەد - شێخ مەعرووف نۆدێیی بەرزنجەیی] (١)

[بەغداد]

[ڕەنگبێ س ١٢٣٢ک/ ١٨١٦ز]

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله حق حمده والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه. من العبد المسكين والفقير المستكين الى جناب سيدي الجامع لشرفي الفضل والاب، الحائز لكرامتي الحسب والنسب، سيدنا ومولانا السيد معروف، سامحه بفضله الرؤوف.

وبعد، فقد بلغني ما وصيتم به الاخ الملا حسين القاضي وأمرتموه بتبليغه من حسن العبارات ولطائف الاشارات، ثم ما القيتموه مع قرة عيني العالم الفاضل السيد اسماعيل من مكارم الاخلاف والاشتياق الى التلاف واظهار الاسف على ما صدر منكم في حق الفقير على سبيل الاتفاق بسعايه ارباب الاغراض واهل الشقاق والاعتذار عن جميع ما جرى من اليراع في (رسالتكم المعهودة) الناشئة عن تقليد الوشاة وعن عدم الاطلاع المهيجة عند بعض عوام المريدين تفرط الوحشة والنزاع الحاكمة على هذا

= دوورودرێژی نووسیوە و ڕوونی دەکاتەوە کە ناپاکییان لە ئەموالی ئەمیرییدا نەکردووە. هەروەها کەمتەرخەم نەبوون لە خزمەت کردنی دەوڵەتی بەرزی عوسمانیی و ئەو موسیبەتەش کە تێی کەوتوون و خۆری بەختی ئاوا کردوون، ئەنجامی فرت و فێڵی (مونیب پاشا) و نەشارەزاییییە لە کاروبار و تەگبیردا. نامەنووس پتر دەبێژێت: هەتا یێکەم موتەسەڕڕیفی دەوڵەت هاتە سلێمانیی، کەم کەس خزمەتگوزار بوون و هەر خانەدانی ساداتی بەرزنجەیی دڵسۆزیان دەنواند!! ئەوجا - نامەنووس سوێندی نامەوەرگری داوە بە هەقی باپیرەگەورەمان پەیامبەری خودا، ڕەحممان پێ بکەن! ئایا جوان و ڕەوایە بۆ دەوڵەتی بەرزی عوسمانیی کە شەش خێزانی وەچەی پەیامبەری خودا؛ ماڵ و منداڵ، خزمەتکار و دەروێشەکانیان هیچیان بەدەستەوە نەمێنێت، ڕیسوا و پەک کەوتە بن؟ ئەوجا فەرمان دەن و هتد ...).

[تەواو]

(*) ١٢٨/٣٢/٢؛ ص ٢٠٧ - ٢١٦

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە؛ نێوداران!



المسكين بأمور تنبو عن استماعها الاسماع من استحلال المحرم والكلمات الدالّة على الكفر وداعية الاستيلاء على البقاع وغير ذلك مما لا يليق بشأن الاوغاد والدعاع، وتفصيله لا يخفى على ذهنكم الوقاد وطبعكم النقاد، وإني لبرئ مما نسبتم اليّ من فنون المثالب والفساد والافساد، وأمرتم السيد المذكور ان يُستكتَبْ مني (ألوكَةً) تنطقُ ببراءة ذمتكم من جميع ما صدر وغبَر، وجرى به القلم بمقتضى القضاء والقدر لتصير مفتاحاً لابواب الائتلاف ومصباحاً لدياجير المراء والخلاف، وبلغني من السفيرين المذكورين تصميمكم على الامساك فيما بعد عن أمثال ما مضي من النزاع والمغاضرة وملافات ما فات بطيب التحابب وحسن المعاشرة وتبديل المعارضة والمنافرة بالمفاكهة والمسامرة، فسرّني هذه الحكاية غاية المسرّة، وحَمدْتُ الله تعالى على هذه النعمة المرّة بعد المرّة، شكراً لمنْ بدلَّ الشِّقاق بالاتفّات، وهيأ أَسباب الوصال بعد طول الفراق، ادامنا الله تعالى على هذه النيّة واتمّ لنا بمَّنه هاتيك الامنيةَ، ثم الأمر بارسالَ المكتوب أمتثلناه وهو أحسن مطلوب ونريد جوابه على أبلغ الاسلوب، وأما الاجراء فهو يَصدرُ منيّ ليلاً ونهاراً، وأفصحتُ به في المحافل جهاراً كما قَرِعَ سمعكم مراراً، وأمّا حَب الالتئام وترك الخلاف فأمرءَ يشتاقُ اليه أهلَ الانصاف فكيف بمنْ يدَّعي له قدم في طريق التصوف ولو بالجذاف؟

ولا يخفى عليكم أنَّ السبب الأصلي لهذه الوحشة انّما هو ترك التردّد وتقليد أقاويل الناس، فأن صحَّ ما بلغني عنكم فعليكم بالاعراض عن الكلمات المؤدّية إلى الشّك والوسواس، فانَّ احوال أهل الفقراء وراء العقل والعلمُ لايُدْرَك بالقياس. وبعد اللتا والتي يضمن لك هذا المسكين أنّ ثبّتَ قدمك وما طغي قلمك بعد اليوم، انْ ترى نتائج لا يُحمل اكثرها السفير وتزيد على حوصلة التقرير والتحرير.

ومنْ بعد هذا ما تدق صفاته وما كتمه احظى لديّ وأجمل والسلام عليكم وعلى ولَدَيَكُمْ السّيد محمد والسيد (كاكا احمد) ورحمة الله وبركاته.(*)

(انتهت)

(*) مەتنی وەرگێڕاندنی - لەلایێن منەوە - بۆ کوردیی و بەکورتیی ئەمەیە:

بسم الله الرحمن

الحمدلله حق حمده والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه. من العبد المسكين والفقير المستكين الى جناب سيدي الجامع لشرفي الفضل والاب، الحائز لكرامتي الحسب =

پ. ن؛ ع/ که: ٣/٢/٢(*)

[مەولانا خالید ـــــ داود پاشا والیی بەغداد](١)

[سلێمانیی]

[ڕەنگبێ ١٢٣٣ک/ ١٢٣٤ک - ١٨١٧ز - ١٨١٨ز]

بسم الله الرحمن الرحيم

عليه التعويل وهو حسبي ونعم الوكيل

من العبد الفقير الى جناب العلامة التحرير الغطريف العلم صاحب السيف والقلم لازالت صحاب الامور لقائد رأيته لينة القياد وفكره الصائب ناظماً لشتات مَصالحَ البلاد والعباد. أما بعد؛ فقد تواترتْ الاشارة عنكم الى افقر الفقراء وزاد في الالحاح والابرام وزير الامراء ليتوسط الفقير لاصلاح ذات البين وليبُذل النصح لدفع الكدورة والشحنا، والشين ليتبدل النفاق بالوفاق وتتحول المنافرة الى الاتفاق مع انَّ اقتحام هذا

---

=والنسب، سيدنا ومولانا السيد معروف، سامحه بفضله الرؤوف...

ئەوجا قسه و باسی چاکتم پێ گەییشت کە برا مەلا حسێنی قازیبیت ڕاسپاردبوو، هەروەها ڕەووشت چاکیی و نیازی جوانیشت بۆ یێکگرتنەوەمان کە لە لای گلێنەی دیدەم زانای بەڕێز سەیید ئیسماعیل نواندبووت و عوزر خواهیی و پەشیمانیت لە ئەو کردار و تانە و تەشەرە ناشیرینانە هێنابووەوە کە لە دەستتان قەومابوو و منتان بە شتی حەرام و ناتۆری کفر ئاسا و نیازی دەسەڵات زەوت کردن تاوانبار کردبوو، هەمووی پێم ڕاگەیاندرا. ئەوەیشم پێ زانیی کە لە لای هەردوو ڕاسپێردراو، هیواتان نواندووە تا ناکۆکیی و لە یێک دابڕان لابدرێن و خۆشەویستیی و نیازی چاک جێ بگرنەوە. سا سوپاسی یێک لە دوای یێک بۆ خوای باڵادەست بۆ ئەم بەخشش و نیعمەتەی. ئەوە لەسەر داخوازیشتان، نامەی گەردن ئازادیتانم نووسیی و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەییێکدا، شەو و ڕۆژ ئاشکرای دەکەم و چاوەنۆڕی وەڵامی جوانتر و چاکتریشم. هیوام زۆرە لەمەودوا، لەسەر پێی خۆتان بوەستن و قەڵەمتان توغیان نەکات.

سڵاوتان لێ بێتەوە و سڵاو لە هەردوو کوڕت سەیید محەممەد و سەیید کاکەئەحمەد.(**)

[تەواو]

(*) ١٢٨/٣٢/٢، ص ١٠٨ - ١١١.

(١) بۆ ژیننامەییێکی کورتی داود پاشا، بنۆڕە: نێوداران.

*(**) مخابن چەندم کرد نامەکەی شێخ مارفی نۆدێیی بەرزنجەیشم دەستگیر بێت، ڕەنجم بێ هوودە بوو!.*



المسكين الفقير وخوضه في مثل هذا الأمر الخطير كان بالنسبة الى بعض العقول سبباً للسقوط عن العيون والانحطاط والنزول، على ان الاعتماد على عهود أهل الدنيا حق الاعتماد عزيز علينا اذ هو اصعب من خرط القتاد ولا نأمن من نقضهم الميثاق واخلافهم الميعاد. الا أنّا لمّا نظرنا الى رضى المولى جلّ جلاله وان امر وزراء الاسلام ما لم يخالف الشرع يجب إمتثاله وغلبتينا حميّة الدين وملاحظة صلاح المسلمين وتقوية السّنة السنيِّة ورعاية جانب الدولة العليَّة وتجاه المؤمنين عن سلط الفرقة الافّاكة الدنيّة، قبلنا المطاعن والعار واعرضنا عن ساسف الاشرار كما قيل.

اذا رضي الكريم بفعل مرء فلا يرتاع إنْ لامَ اللئام! فشمرنا عن ساعد الجدَّ لتشمير أولي العزائم واقدمنا عليه بعونه تعالى وتقدسَ إقدام مَنْ لايخاف في الله لومة لائم وتوجّهنا إستخارة واستجازة واستمداداً الى سادتنا وقاداتنا أئمة السلسلة النقشبندية قدسنا الله تعالى وتقدسَ باسرارهم السنيَّة، كما ملاء الخافقين بغيوضهم وانوارهم البهيّة واستحضرنا امير امراء البابان محمود باشا ومحمد عبدالله باشا وأخاه عثمان بك مع القاضي ومعظم أكابر اعوانهم مجتمعين بعدما كلّمناهم واحداً بعد واحد منفردين، فَمَلَئَتْ بتأييده تعالى قلوبَهُم وآذانهم من زواجر الوعظ وحشيتُ جيوبهم واردانهم من جَواهر اللفظ حتى أجابوا وأنفادوا وانقلعوا عمّا ترسخ فيهم طول السنين واعتادوا، ثم عقدنا لهم محفلاً وشددنا عيلهم غاية التشديد وسددنا عنهم طوق التورية وانذرناهم بالوعيد وبذلنا المجهود في اتقان تحليف محمود باشا بالوجوه العديدة وأخذنا منه المواثيق والعهود الاكيدة، وسلكن به في ذلك المسلك الاوعر وما احتفلنا به مع حقوقه إذ حق اللّه تعالى أجلُّ واكَبر. (وهذه صورة التحليف قد ارسلتُ اليكم مع المصْحَف المبهور) وكم من وجوه التأكيد ما استحسنا ثبتُّها في هذه السطور وبالجملة لا يتصوَّر نكثُ هذه المواثيق والعهود الاّ ممّنْ لا يجاب والعياذ بالله جزاء اليوم الموعود ولا يتأنّى نقض هذه الارَام الاّ ممّنْ يهونَ عليه الخروج عن دائرة الاسلام والبراءة من ملّة سّيد الانام ومصباح الظلام عليهَ وعلى آله وصحبه أفضل الصلاة والسلام.

فاذا نقضتم انتم وبالله المستعان أو محمود باشا هذا الميثاق والالية وتعرضتم لسخط الجبار تعالى وتقدسّ لاجل جيفة دنيّة وارتكبتم الخروج عن دائرة الاسلام واستوجبتم العار والتوار والملام واطلتم اليكم ألْسنَةَ مطاعن الكرام واللئام فأيِّ عتاب بقي على هذا المسكين الضعيف او على غيره من الَوضيع الشريف أَمْ أَيُّ قُصور يتطرَّقُ الى المُحِّلف والتحليف، اقول هذا ولا اعلم الغيب وسيعلم الذين ظلموا أيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبون، وأجلُّ

صلوات الله وتسليماته على خاتم النبيين وعلى آله وصحبه أجمعين بُدَّ الابدين عدد معلوملاته و مداد كلماته في كلِّ لحظةٍ وحين وآخر دعوانا انِ الحمدُلله ربَّ العالمين![1]

[انتهت]

(١) وەرگێڕاندنی -کورتیی نامەکە- لەلایێن منەوە: نامەنووس دوای سڵاو و ستاییشی کردنی خوا و پەیامبەر و یارانی و ستاییش و بەسەرهەڵدادانی داود پاشا، دەبێژێت: (بۆ خاوەندی شیر و قەڵەم... ئاماژەییێکتان کردبوو کە منی هەژار بکەومە نێوانەوە بۆ گۆڕینی زویریی و ناکۆکیی بە دۆستیی و جێگیر کردنی ڕێککەوتن. هەرچەندە تێکەڵ کردنی منێکی هەژار و داماو لە کێشەییێکی ئەوتۆ ترسناکدا، لە نێو خەڵکدا دەبێتە مایەی ڕەنگ و ڕوو تاڵ کردن و هێندێکیش بە مایەی کەوتنمانی دەزانێ، بەڵام بە ڕووناکیی ڕەزامەندیی خودای هەرە ڕووناک و توانا و لەپێناوی بەپیرەوە چوونی هەر فەرمانێکی وەزیری ئیسلام کە پێچەوانەی شەرع نەبێت، هەروەها لەبەر پەرۆشیی و دڵسۆزیمان بۆ ئایین و چاکەی موسڵمانان و لایێن گرتنی دەوڵەتی بەرز، ئەوە قۆڵمان لێ هەڵماڵیی و بە پشتیوانی خودا و ئافەرینی پیر و گەورەکانی نەقشبەندیی، میری میران مەحموود پاشا و عەبداللە پاشا و عوسمان بەگ و قازیی و گەورە و یارانیانم خڕ کردەوە و یێکە یێکە لەگەڵیان ئاخاوتم و بە ئافەرینی خودای باڵادەست، هەموو بە سوێندن خواردن قاییل بوون، تەنانەت مەحموود پاشاشم سوێند دا و ئەوە وێنەی سوێند و «مەسحەفە» مۆرکراوەکەشم بۆ ناردیت! کورتییەکەی، باوەڕ ناکرێ کە ئەم سوێند و گفت و بەڵێنانە پەشیمانیی لەدوو بێ. سا ئەگەر ئێوە، یان مەحموود پاشا لە ئەم بەڵێنانە لاتان دا، ئەوە تووشی غەزەبی خوای باڵادەست دەبن و گلەیی و لەکە و عارتان تووش دەبێت و ئەوێ دەمێ منێکی هەژار و لاوازیش گلەییم نایەتە سەر! (وسيعلم الذين ظلموا أيَّ مُنقلبٍ ينقلبون!).(*)

*(*) ئەو نامەیە و مەتنی سوێندە نادیارەکە و (قرآن)ەکە کە بۆ دالیی نێوبراو نێردراوە، بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو بۆ ئەوە بووە گۆیا هەر نامەیێ لە هەر شوێنێکەوە بێت بۆ میری میران مەحموود پاشای ئەوڕەحمان پاشای بابان و عوسمان بەگی برای و عەبداللە پاشای مامی، لە لای م. خالید ئاشکرای بکەن و کەسیان گومان و نیازێکی خراپەی لە دڵدا نەمێنێت و پێکەوە خۆیان و خانەدان و میرنشینییەکەیان ئاسوود بن. بەڵام وەکو ڕووالەتی باسەکە ئەوەیە، گۆیا والیی بەغداد ئەم مەبەستەی هەبووە و چاکەی میرنشینییەکەی ویستووە، ڕاستییەکە پێچەوانەیە و نێوبراو بۆ کەڵکی خۆی ئەم کارەی ویستووە تا ئەو نێوبراوانە لە هاریکاریی و یارمەتیی ئێران دابیڕێت، تەنانەت - وەکو سوێند خواردن و بەڵێنی نێوبراوەکان بڕی نەکردووە - داود پاشای والی بەغداد خۆی مایە فیتنەی نێوان بووە، هەر بۆیێکا م. خالیدی نەقشبەندیی - لە نامەکەیدا - پێشەکیی و ئاشکرا هەڕەشەی لێ کردووە! وەک سەرچاوەکانی مێژووش دەگێڕنەوە، گۆتاوڕۆی ئەم سوێند و بەڵێن شکێنییەش ڕووی م. خالیدیشی گرتووەتەوە و مەحموود پاشایشی لێ زویر بووە کە سەرئەنجام باوەڕیان بە یێکدیی نەما! بەش بەحاڵی خۆمیش بۆ ئەوە دەچم کە نێوبراوەکان خۆیان ئاگایان لە ئەوە نەبووە کە داود پاشا م. خالیدی بۆ ئەم کارە ڕاسپاردووە و دواتر کە پێیان زانیوە - بە تایبەتی مەحموود پاشا - گومانیان لێ کردووە! من ئەم باسە بە هۆیێکی گەورەی تێکچوونی دۆستایەتی مەحموود پاشا و م. خالید دەزانم!*



📖 پ. ن؛ ع: ٣/١/٤(*)

[عەلیی بن حسێن ئامەدیی ـــــ ڕێبەری ڕۆژنامەی کوردستان]

[ماردین]

[١٨٩٨ز][1]

حضرة مدير جريدة الكردستان

لقد اطلعلت على جريدتكم الغراء المسماة (كردستان) التي بذلتم قصارى الهمم في انشائها باللغة الكردية في محروسة (الجنوره)[2] وتصفحت صحائفها فاذا هي موشحة بالمواعظ السديدة والمقالات المفيدة حثآ للامم الكردية على طلب العلوم والمعارف وايقاظآ لهم من سنة الغفلة والعطالة وتنويرآ لافكارهم التي تتوفر بالفطنة والذكاء وتنشيطآ للهمم التي ذلت لها الصعاب وحصلت لها الرقاب ولعمري انها لمأثرة تذكر وتشكر اذ لا يخفى ان الامم الكردية وقد يتجاوز عدد نفوسها الملايين هي موصوفة بالنجدة والشجاعة والفطنة والبراعة وقد نشأ منها من الملوك والسلاطين والامراء والخواقين والعلماء والاولياء من طارصيته في الافاق وملئت بذكر مناقبه الصحف والاوراق والتأريخ اعظم شاهد وسنوا فيكم بالبريد الآتي بمقالة تسقمنى تفاصيل احوال بلاد كردستان واهاليها ونبذة شئونها السياسية والادبية والجغرافية ووقائعها التأريخية وساقت البعض من ملوكها وسلاطينها وامراءها وصلحاءها ومأثرهم الجليلة ولنكتف الآن بهذا المقدار.

شكر الله سعيكم وجزاكم خيرآ والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.[3]

خادم العلم الشريف

علي بن الحسين الامدي

(*) کردستان - س ١، ع ٨، ٥ رجب ١٣١٦ھ/ ١٨ تشرين ثانی ١٣١٤ر - ١٨٩٨م.

(١) نامەکە خۆی مێژووی ناردنی لێ نەدراوە.

(٢) مەبەستی بازێری (ژنێف/ سویسرا)یە کە ڕۆژنامەکە لە ئەوێدا ماوەییێک چاپ و بڵاو دەکرایەوە.

(٣)- خاوەند ڕۆژنامە؛ (عەبدوڕڕەحمان بەدرخان پاشا) لە پێشەکیی بڵاوکردنەوەدا نووسیویەتی: (کاغەزەکە عەرەبییە ژ عولەماین ماردینی عالمەک خۆیی فەزڵ و کەرەم ڕێ کرییە). لە پەراوێزنامەکەشدا نووسیویەتی: (ئەز زانم کورد ژ تەئریخا کوردستانی تو تشتی نزانن لۆ ما ئەزی هەر جەریدا خۆدە کورت پیچەک تەئریخا کوردستانی ئەویا ئەجدادێن عەزیزان بنڤیسم!/ تەواو).

🕮 پ. ن؛ ع/ که: ٤/١/٥ (*)

[شێخ مەعرووف نۆدێیی ــــ مەحموود پاشای عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان] [١]

[سلێمانیی]

[ڕەنگبێ ١٢٣٩ک/١٨٢٣ز]

......... [٢]

ادعو لجناب الباشا بالعافية وسلامة الايمان وهما اعظم مَهمّات الانسان وادعو له بالرجوع الى هذا المكان سالكاً مسالك العدل والاحسان فقد ذكر عندنا انّ الرومَ والعجمَ تصالحوا على ردّ هذه البلاد الى الروم، لكن هذا الامر عندنا غير معلوم فأن صحّ هذا القول فبشرنا حتى نُخبر الناس فتطمئن القلوب وتتفرح الكروب ولك الثواب الجزيل

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ: ١٨/ ١٠/١٩٨٦ز. سلێمانیی (فۆتۆکراو بە ڕەزامەندی خۆی).

(١) ئەم نامەیە و فۆتۆکۆپییەکەی بۆ کەڵکی گشتیی زووتر بەخشیم بە خاوەندی (میرایەتیی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم – س ١٩٩٨ز).

(٢) نامەکە وەک (بێ بەسمەلە) دەستی پێ کردووە، دیسان نێوی پاشا و مێژووی نووسینی دیاریی نەکردووە! بەراوردکردن و لێ کۆڵینەوەی مەبەستەکەی بەرامبەر ڕووداوەکانی مێژوو دڵنیای ئەو مێژووەم دەکەن و پاشاکەش (مەحموود پاشا)یە. هەروەها:

١/٢: پاشای دووره سلێمانیی هێشتا نەگەییشتۆتەوە جێگە و چاوەنۆڕی چوونەوە سەر تەختەکە بە پێی یێکەم پەیمانی ئەرزرووم (١٩ی زیلقەعیدەی ١٢٣٩ک/ ١٨/٧/١٨٢٣ز) لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی و ئێراندا، بڕیارە خۆی بە میری بابان و عەبدالله پاشای مامی فەرمانڕەوای کۆیە و هەریر بن.

٢/٢: بەندی یێکەمی پەیماننامەکە ڕادەگەیێنیت؛ (هەردوو دەوڵەت ناشێ خۆ لە کاروباری یێکدی هەڵقورتێنن و دەوڵەتی ئێران دەبێت لە ئەورۆ بەدواوە دەستدرێژ و پەلاماری بۆ ویلایەتی بەغداد و سنجاقەکانی کوردستان نەبا و موتەسەڕڕیفەکانی ڕابوردوو یان داهاتووی بابان داڵدە نەدات!) (*)

*(*) سەرچاوە:*

١- ١٤١/٤٥/٢ *(یاسین عبدالکریم - اتفاقیات الحدود الشرقیة؛ ص ٢٠٥ - ٢٠٦)*.

٢- ١٤١/٤٥/٢ *(د. مهدي جواد حبیب - الصراع العثماني الفارسي واثره في العراق؛ ص ٨٩)*.



والأجر الجميل وإن كان هذا القول كاذباً فاخبرنا حتى نُدبّر الخروج الى بلاد الاسلام والدعاء لله كلام ختام.

الداعی

(...) [١]

[انتهت] [٢]

(١) نێوی و ئیمزای بەر فۆتۆکۆپیی نەکەوتوون.

(٢) مەتنی وەرگێڕاندنی بۆ کوردیی – لە لایێن منەوە – ئەمەیە:

دوعای چاکیی و سلامەتیی بۆ پاشا دەکەم کە ئەو دووە مەزنترین داخوازی مرۆڤە. هەروەها دوعای گەڕاندنەوەی بۆ دەکەم بۆ ئەم شوێنە و ڕێگەی چاکە و دادیش بگرێتە بەر!

لە نێوماندا بیژراوە گۆیا (رۆم و عەجەم) ڕێککەوتوون ئەم وڵاتە بخرێتەوە ژێر باری ڕۆم، بەڵام ئەم باسە لامان ڕوون نییە، ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستە سا مژدەمان بدەرێ تا خەڵکیی لێ ئاگەدار بکەین و دڵنیا بن و گرێی ناخۆشیی بڕەوێتەوە، ئەگەر ئەم قسەیەش درۆیە سا ئاگەدارمان بکە بەشکو مشووری خۆ بخۆین و دەربچین و ڕوو لە وڵاتی ئیسلام بکەین.

دوا قسەشم پاڕاندنەوە و دوعایە لە بارەگەی خودا.

ئەز

(...)

[تەواو]

📖 پ. ن؛ ع/ كه: ٦/٢/٤(*)

[شێخ مەعرووف نۆدێیی ـــ عەلیی ڕەزا والیی بەغداد][1]

[سلێمانیی]

[ڕەنگبێ س ١٢٥٠ك/١٨٣٤ز]

......[2]

حضرة والي مدينة السلام بان ينتظم له امور دولته على أحسن نظام، عاملاً لايام حياته بوظائف دين الاسلام وبأن تكون وفاته على الايمان عند حلول الحمامْ وبأن يَعصمْ من هول المطلَّعِ وعذاب البرزخ وعذاب دار الانتقام وبأن يفوز في زمن الابرار بخلود دار السَلام وكل واحدة من هذه الدعوات أحبُّ مِن طلاء الارض ذهباً الى مَنْ كان مِنْ ذوي الاحلام.

وبعد؛ فسادة برزنجة لهم في مملكة بابان منذ قرون اكثر من خمسمائة عام قرى كثيرة متوطنين بها في أرغد عيش وأهنأ حال، متمكنين مِنْ اقامة امورهم على ما أقرَ به الشرع ومنذ ان استولى شاه العجم وعساعر الارفاض من جنود الشيعة الشنيعة وعلى هذه الممالك، إختلتْ امور الدنيا والدين، فلم يُبقَ في القرى إقامه الجماعات والجُمَع، وكانت القرى كلها عامرة، واليوم اكثرها غامرة وتطلعت مدارس البلدان والتدريس ولم يبق فيها من المحصّلين إلاّ شرذمء قليلون، وكان بمدرستنا اكثر من سبعينَ طالباً، واليوم بها أقلُّ من عشرة، وخُرِّبتْ حُجُرات مدرستنا وحُجُرَ اكثر المدارس ومنْ ثُمَّ عَزمنا معاشرَ سادة برزنجة، عَزِمنا على الرحيل بأهلينا وجميع مَن يتعلّق مِنَ الخُدَّام والأحِبّاء

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ: ١٨/١٠/١٩٨٦ز. سلێمانیی (فۆتۆكۆپیی كرا بە ڕەزامەندی خۆی)!.

(١) مامۆستا خاڵ لە (الشيخ معروف النودهی البرزنجی - ص ٨٤)دا، بەشێكی ناتەواوی ئەم نامەیەی بڵاو كردووەتەوە كە لە (استولیٰ شاه العجم ـــ اليوم فيها اكثر من عشره!)یە و نێوی والیی بەغداد چ میرەكەی بابانیشی ئاشنا نەكردووە. ڕاستییەكەی وەک نێوی والیی لە (پەراوێزی نامەكە)دا هاتووە؛ عەلیی ڕەزای لاز (١٨٣١ز - ١٨٤٢ز فەرمانڕەوا) و میرەكەی ئەو ڕۆژگارەی بابان - كاتی نامەكە - سلێمان پاشای كوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابانن! بەراووردی مێژووش، ڕۆژگارەكە لە دەوروبەری س ١٢٥٠ك/١٨٣٤ز.دا دەخەملێنێت!

(٢) نامەكە بێ (بەسمەلە)یە.



الى مملكة أفندينا، وقد أعطانا في سابق الأزمان داود پاشا[1] (بشير)[2] ولَمْ يُقَدَّر لنا الانتقال اليها، فواثق الرجاء مِنْ جناب حضرة أفندينا أنْ يعطينا للجوت والزرع (بشيراً) أو غيرها مِن القرى التي تناسب أحوالنا وتكفينا لأمور معاشنا ويُعطينا بكركوك داراً واسعة تسكنها ومدرسة نُدرّسَ بها ووظيفة للمدرسة ووظيفة لنا لقضاء خوائجنا بالبلد وإطعام ضيوفَنا وأكلة طعامنا لِندعو نحنُ واولادنا بالليالي والأيام والدعاء لله كلام ختام.

(حاشية)

في الحديث اربعة أنابَهُم شفيعَ يوم القيامة؛ الُمكرِّم لُذريِّتي والقاضي لهم حوائجهم والساعي لهم في أمورهم إذا إضطرُّوا اليه، والمحُبُّ لهم بقلبه ولسانه، فاذا قضى جناب الوزير (علي باشا) الحاجة التي عرضناها عليه، كان مستوجَباً للشَفاعة يوم القيامة على ما نطق به هذا الحديث وفي هذا الباب احاديث كثيرة رواها شيخ مشايخنا ابن حجر عليه الرحمة، والسلام[1]

(١) داود پاشا بەر لە عەلیی لاز والیی بەغداد بووە.

(٢) بەشیر: ئەو ساتە گوندێک و ئەمێستە - وەک بیستوومە - گوندێكی نزیک كەركووكە و توركمان نشینە نێویان لێ ناوە (بەشیر)!.

(٣) مەتنی نامەكە بۆ كوردیی - لە لایێن منەوە - ئەمەیە: بۆ حەزرەتی والیی باژێری سەلام - بەغداد/K - وابێت نەزمی كاروباری دەوڵەتی چاک بێت و خۆیشی لە ڕۆژگاری ژیندا كارامە و چاک بێت بۆ ئایینی ئیسلام. وابێت لە هەلی مەرگدا كۆچی بە ئیمانەوە بێت. وا بێت خۆی لە ترسی بەخت و سزای دوودڵیی و سزایماڵی تۆڵە بپارێزێت. وابێت لە ڕۆژی شەهادەتدا نەمریی ماڵی سەرفرازیی بەش بێت كە هەر یێكی لە ئەم دوعایانە لە بۆ ئەوانەی خەون دەبینن، خۆشەویستترە لە زێڕگرتنی زەویی. ئەوجا، سەییدەكانی بەرزنجەیی لە مەملەكەتی باباندا، بەر لە چەند سەدەییێكەوە، لە پێنج سەد ساڵەوە، گوندی زۆریان و نیشتەنیی و خۆشترین بار و ژینیان هەبووە و بەپێی فەرمانەكانی شەرع، توانا كاروباریان هەڵسووڕاندووە! ئەوەتەی شای عەجەم و سەربازەكانی شیعە ڕافیزەكان ئەم مەملەكەتەیان داگیر كردووە، كاروباری دنیا و دین شێواوە. لە گوندەكاندا كۆڕ و كۆبوونەوە نەماوە كە گوندەكان هەموو ئاوەدان بوون، كەچیی ئەوڕۆ سەرەوژێرن، خوێندنیش لە قوتابخانەكانی ئەم باژێرەدا پەكی كەوتووە و كەسی لە شاگردانی تێدا نەماوە لە برێكی كەم بەولاوە. فێرگەكانی ئێمەش پتر لە حەفتا شاگردیان تێدا هەبوو، كەچیی ئەوڕۆ كەمتر لە دەی تێدا هەیە و ژوورەكانی فێرگەكەشمان وێران و ژوورەكانی زۆربەی فێرگەكان كاولن، هەر بۆیێكا ئێمەی گەلە =

الداعي الملهوف

محمد الشهر بالمعروف[١]

---

=سەییدی بەرزنجەیی، بڕیارمان دا بە خاووخێزانەوە، بەنۆکەر و دۆستانمانەوە بەرەو مەملەکەتی ئەفەندییمان – والیی/K – کۆچ بکەین کە لە ڕۆژگاری (داود پاشا)ی ڕابوردوودا (بەشیر)مان پێ بەخشرا بوو، بەڵام هەڵنەسووڕا ڕابگوێزینەوە. تکای تەواو پڕ باوەڕمان لە ئەفەندیی بەڕێزمان ئەوەیە کە بۆ کشت و کێڵ (بەشیر)، یان هەر گوندێکی دیمان بداتێ، بەجۆرێ دەست بدات بۆ کاروبارمان و بەشی گوزەرانمان بکات. هەروەها لە کەرکووکدا خانوویێکی بەرفراوانی ئەوتۆمان بداتێ بەشی نیشتەنییمان بکات و فێرگەیێکیشمان بۆ دابمەزرێنێت بۆ دەرز گوتنەوە و وەزیفەیێکیش بۆ فێرگەکە و وەزیفەیێکیش بۆ ئێمە تا بەشی مەیسەرکردنی پێویستیەکانمان، میوانەکانمان، نان خۆرەکانمان بکات. ئێمەش، قسەی دوایی خۆمان و منداڵانمان، شەو و ڕۆژ هەر دۆعا کردنە بۆتان لە لای بارگەی خوا.

(پەراوێز)

لە حەدیسدا چوار شت هەیە کە شەفیعی ڕۆژی قیامەت خستوویەتییە بریی خۆی؛ قەدرگری وەچەم، دابینکەری پێویستییەکانیان، تێکۆشەر بۆ کاروباریان لە تەنگانەدا، دۆستییان بەدڵ و زمان، ئەوجا ئەگەر وەزیری بەڕێز – والیی – عەلیی پاشا، ئەو پێویستییانەی خستمانە بەردەمی و جێبەجێیان بکات، شایانی شەفاعەتە لە ڕۆژی قیامەتدا وەکو ئەم حەدیسە لێی ئاخاوتووە و دیسان باسی ویش لە ئەم بارەیەوە زۆرە کە پیری شێخان (ئیبنولحەجەر) عەلیهی ئەلڕەحمە، فەرموویەتی. وەسسەلام.

(ئەزی شەیدا)

محەممەد؛ ناسراو بە مەعرووف

[تەواو]

(١) بۆ ڕوون کردنەوەی چەند گۆشەیێکی تاریکی ڕۆژگاری نامەکە، یاداشتنامەی گەشتڤانی ئینگلیزیی میستەر (بیلی فرایزەر B. Fraiser) یاد دەکەمەوە کە لە ١٨٣٤/١/١ز. دا بە باژێری «ورمێ» و «سەردەشت»دا هاتووەتە سلێمانیی. گەشتڤانە دەگێڕێتەوە؛ (لە چۆڵیی نێوان «سەردەشت» و «سلێمانیی» سەرم سوڕماوە، بەڵام کە گەییشتینە سلێمانیی، پتر بە نێو وێرانەیێکی زۆردا بەینێک ڕۆییشتین تا گەییشتینە ماڵی پاشا، یاخود سەراکە کە ئەویش لە بارێکی وێرانییدا بوو، بێ لە لایێکی کە حەرەم بوو، بۆ نیشتەنیی دەستی نەدەدا، پاشا خۆی لە دەرەوەی باژێرەکەدا خێوەتی هەڵدابوو! سلێمانیی لە پێنج هەزار ماڵێ بەتەنێ هەزار و پێنج سەد ماڵێکی نیوە وێرانی تێدا ماوە و دیمەنی ئەوڕۆی کە بریتی بوو لە بێ دەنگیی و خامۆشیی و وێرانیی، وێنەیێکی ناسروشتییە و کە مرۆڤ ورد دەبێتەوە، جگەری هەڵدەقرچێت، چونکە وەک ئەوەیە تەماشای مردوویێک بکات کە جەفا و ژانێکی زۆری چێژتبێت) فرایزەر لە نێو چەند هۆیێکدا بۆ نالەباریی و کارەساتی ئەم =



[انتهت][١]

---

=میرنشینییە، دەبێژێت؛ (یێکێکیان ڕشانەوەی سێ ساڵ لەمەوبەر بوو کە قڕی تێ خست بوو. لە دوای ڕشانەوەکەش ڕشانەوە – تاعوون –ی لەشکری عەجەم ڕوویدا و ئەم لەشکرە پاشماوەی لە نێو برد و هەموو گوندەکانی ڕێگەوبانانی وێران کرد و بەم تەحرە ئەم وڵاتە هیچی تێدا نەما... پاشماوەی خەڵکییش کە نە لە حوکوومەت و نە لە سەربازی دراوسێ یارمەتییەکان پێ بڕا، ناچار و بەهۆیەوە، وڵاتەکەیان بەجێ هێشت!). فرایزەر وێنەی قەبارەی نێرووی عەجەمی لە سلێمانیی ئەو کاتەدا، هەروەها باری دارایی و گوزەرانی نالەباری میری بە ئەم شێوەیە گرتووە و دەینوێنێت؛ (... ئەوڕۆ چەند ئەفسەرێکی عەجەم کە فەرماندەی سەربازانی تەورێزیی بوون، هاتنە لام. لەمەڕ حوکوومەتی بابان، هێندێ زانیارییان پێ دام. سەرتیپ محەممەد خان لەگەڵ نێروویێکی چوار سەد سەرباز کەمتر و هەشتا کەسی سەرتۆپ و پێنج تۆپی چیایی لە سلێمانییدا بوون. ئەم نێرووە بۆ پاراستنی سلێمان پاشا بەرامبەر بە مەحموود پاشای برای، لە ئێرەدا دامەزراوە. سەرتیپ داوای دوو سەد تمەنی لە پاشا کرد بوو تا بیدات بە سەربازەکانی، بەڵام پاشا چەند تێ کۆشا بوو، بۆی هەڵنەسووڕا بوو... هتد).(*) جێگەی باسە، نێرووەکانی عەجەم تا س ١٢٥٦ک/ ١٨٤٠ز هەر لە سلێمانییدا بوون. کە مەحموود پاشای برایشی لە ئەو ساڵەدا بە پشتیوانی نێرووەکانی والیی بەغداد هاتەوە سەر تەختی میرنشینیی – والییش بە نامەکاریی داوای کشاندنەوەی ئەو نێرووانەی کردبوو، داوایشی جێبەجێ بوو – ئەوجا باژێرەکە لە دەست نێرووەکانی عەجەم ڕسگار بوو، بەڵام تا سەر نا!!

(١)– ئەم نامەیە و فۆتۆکۆپییەکەیم – لەبەر کەڵکی گشت – یێکەم جار پێشکەشی خاوەنی کتێبی (میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم – س ١٩٩٨) کرد!.

*(*) بنۆڕە: ١/٣٥؛ ل ١٦٦ – ١٧٠ (بەدەستکاریی شێوەی ئاخاوتنی نووسەریەوە!).*

🕮 پ. ن؛ ع/ که: ٤/٣/٧(*)

[شێخ مەعرووفی نۆدێیی ـــ کاکەئەحمەدی شێخ - کوڕی] (١)

[سلێمانیی]

[ڕەنگبێ سنووری ١٨٢٣ز] (٢)

...... (٣)

أسلِّم على المولد العزيز وادعو له ولأولاده بطول البقاء والعافية في الدنيا ويوم اللقاء.

كلمتُ (علي بك) بباب دارنا في رفع الذخيرة عن قرُانا فلم يسمع كلامي، وبعثتُ الى والده أرجو انْ يرفع الذخيرة عنها فلم يسمع رجائي ويطلب منيّ عشرين حقة من الخبز وليس عندنا من الدقيق ما يكفي حققين واخاف أن يأتي عليّ من العجم مَنْ يطلب مني ذلك ولا أجده فيؤذيني بمقالة وفعّالة وأنا ضعيف عن ذلك فعليك انْ تدعو لي ولنفسك وأهل بيتك بالحفظ من شرِّ العجم لازلتم سالمين! (٤)

(التوقيع/ ئيمزا)

محب - معروف

[انتهت]

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ؛ ١٨/ ١٠/ ١٩٨٦ز - سلێمانیی (فۆتۆکۆپیی کرا و بە ڕەزامەندیی خۆی).

(١) بۆ ژیننامەی کاکەئەحمەد بنۆڕە: نێوداران.

(٢) نامەکە نێوی (عەلیی بەگ) و (باب/ دەرگە) و (عەجەم) دەبات. بەراورد و لێکدانەوەی ئەم نیشانانە بەرامبەر ڕووداوەکانی مێژوو؛ لە لایێکەوە ساڵەکە دەهێنێتە بەرچاو کە دەبێت دوای پەیماننامەی ئەرزرووملی یێکەم؛ (١٨/٧/١٨٢٣ز) نووسرا بێ. ئەو کاتەش (عەلیی بەگ)ی کوڕی مەحموود پاشای بابان - لە کابانە کوردە شیعەکەی کە کاتی خۆی فەرمانڕەوای ئێران لێی مارە کردبوو - لەگەڵ بابی هاتوونەتەوە بۆ فەرمانڕەوایی سلێمانییەکی داماو و برسیی و نێرووەکانی (عەجەم)یش پشتیوانیان بوو. جێگەی گوتنە زاناکانی سلێمانیی بە ئەم (عەلیی بەگ)ە قاییل نەبوون و هەر دەنگیان بۆ هاتنەوە سەر تەختی مەحموود پاشا دەدا.

(٣) بێ بەسمەلەیە!

(٤) مەتنی نامەکە بۆ کوردیی - لەلایێن منەوە - ئەمەیە:

سڵاوم لە کوڕی خۆشەویست کە بۆ خۆی و منداڵانی دۆعاگۆی تەمەن درێژیی و چاکییانم لە دنیا و =



✡ پ. ن؛ ع/ که: ٤/٤/٨(*)

[شێخ مەعرووف نۆدێیی ـــ پاشایێکی بابان] (١)

[سلێمانیی]

(دەوروبەری س ١٢٥٦ک/ ١٨٤٠ز)

...... (٢)

أدعو للباشا بأن يعيش في أيام حياته على دين الاسلام، وبأنْ تكون وفاته على الايمان عند حلول الحِمام وبأنْ يُحفظْ منْ هولَ المُطَّلِعْ وعذاب البرزخ وعذاب دار الانتقام وبأنْ يفوزَ بخلودِ دارَ السلاَم، وليس للمؤمن مطلبَ عزيز مثل واحد منْ هذه المهام.

وبعد؛ فالحاج أحمد عندي بمنزلة الاخ الشقيق الشفيق ومنذ برهة طويلة من الدهر له معي مواخاة وثيقة فَمنْ آذاه فقد أذاّني ومَنْ أكرَمَهُ فقدْ أكرَمَني ويكون إكرامه منَّةً يُطوِّقُ بها جيدى وعندي كلمات اخرى لا تناسبُ المراسلة، وقد اخذوا منه اربعة توامين ونصف تومان، وقد ترجّيتُ في العفو عنه عند بيت الباشا وذهبت مراراً الى قريب بيت الباشا وسمعَتْ أهلَ الباشا رجائي، لكنَّ الخدَّام ما يسمعوا وأخذوا منه ماذكرنا، فالمرجو

= قیامەتدا! لەبەر دەرگەی ماڵماندا لەگەڵ (عەلیی بەگ) ئاخاوتم بۆ لابردنی - داوای/K - زەخیرە لەسەر گوندەکەکانمان، بەڵام گوێی پێ نەدا و ڕاسپاردەکەم کردە سەر (باب)ی تا زەخیرەمان لەسەر هەڵبگرێت، کەچیی ئەویش تکای نەگرتم و داوای بیست هۆققە دەکات کە خۆمان هەر بەشی دوو هۆققەیێ گەنممان هەیە. دەترسم (عەجەم)م بکەنە سەر و داخوازیی بکەن و منیش بەدەستمەوە نییە و ئەوانیش بە قسەیێ یا کردەوەیێ ئازارم بدەن کە من خۆم بێ توانام. ئەوجا لەسەرتە بکەویتە دوعاگۆیی بۆ پارێزگاریی من و خۆت و کەسانی ماڵت لە شەڕی (عەجەم)! ئیدی هەر بمێنن بە چاکیی

(ئیمزا)

مەعرووف

[تەواو]

(*) گەنجینەی مامۆستا خاڵ؛ ١٨/ ١٠/ ١٩٨٦ز.

(١) نێوی پاشاکە دیار نییە، بەڵام پڕ بڕوام کە هەر مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابانە کە لە دەوروبەری مێژووی دیاریی کراومدا فەرمانڕەوا بووە و باری گوزەران تاڵ بووە.

(٢) نامەکە بێ (بەسمەلە)یە.

أن يأمُرَ الباشا بأنْ يُرَدَّ عليهِ ما أخُذَ منه وله على الباشا حقوق، منها حقوق الخدمة ولا ينبغي أنْ يضيعَ عندكم حقوقَ الخدمة.

واريد (؟؟؟) الجواب ولوء (؟؟؟) هذا الكتاب.[1]

(التوقيع/ ئيمزا)[2]

[انتهت]

(١)- ئەم شوێنە چۆڵانە -وشەكان- بە كاغەزی نامەكەوە نەماون!.

(٢)- مەتنی نامەكە بۆ كوردیی -لەلایێن منەوە- ئەمەیە:

دوعاگۆم پاشا لە ڕۆژگاری ژینی بە ئایینی ئیسلامەوە بباتە سەر و لە هەڵكەوتی چارەنووسدا، مردنی بە ئیمانەوە بێت و پارێزراو بێت لە سامی زەبری هێز و سزای ماڵی تۆڵە و بەشكو لە ماڵی ئاسوودەییدا بەشی نەمریی بێت. ئیمانداریش پتر لە یێكی لە ئەم داخوازییە ئازیزانەی نییە. ئەوجا، حاجیی ئەحمەد لە ڕیزی برایانی بەزەییدارمدایە و ماوەیێكی دوورودرێژە برایییمان هەیە و ئەویی ئازاری بدات ئازاری داوم و ئەوی جوامێریی لەگەڵ بكات، لەگەڵ منی نواندووە و گەردنی جوامێریی خۆیشی پێ دەڕازنێتەوە. وشەی دیشم هەیە بەڵام شوێنی نامە نووسینەكەم بەشی ناكات.ئەوجا ئەوە چوار تمەن و نیویان لێ سەندووە. لە لای ماڵی پاشا تكام بۆ بەخشینی كرد، هەروەها چەند جارێ چوومە لای نزیک ماڵی پاشاوە و كەسی پاشاش تكای گرتم، بەڵام نۆكەرەكان گوێیان پێ نەدا و ئەمەیان لێ سەندووە كە باسم كرد. ئەوجا تكا دەكەم كە پاشا فەرمان بدات ئەویی لێی سەندراوە بیدرێتەوە، بەتایبەتی هی ئەوێ كە چاكەی بەسەر پاشاوە هەیە و ناشبێت ئێوە چاكەی ون بكەن.

دەمەوێ (؟؟؟) وەڵامی (؟؟؟) ئەم نووسراوە.

(ئیمزا)

(...)

[تەواو]



☼ پ. ن؛ ع/ كە: ٩/٥/٤[*]

[شێخ مەعرووف نۆدێیی ــــ كاكەئەحمەدی شێخی كوڕی]

[ش؟][1]

[م؟]

......[2]

أُسَلِّمْ اعلى الولد العزيز احمد تسليمات اعدادها من النجوم (...) وادعو له بان ينال كل مقصد وبعد؛ فأنْ كان في قلبك مقدار ذرّة من محبَّتي ومراعاةً لحقِّ الأُبوّة وميل الى الحجّ المبرور، بنظرة اَلشّفقةِ الى الوالد، فعليكَ بالمجيء الينا بلا إمهال ولوْ ظهرَ عُشْرَ مِعشارَ ما بقلبي بعد غيبتيَ عنك، ما مكثْتَ بعدي يوماَ واقررتَ عيوني بقدومك.

والسلام عليك.[3]

(......)

[انتهت]

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ؛ ١٨/ ١٠/١٩٨٦ز. سلێمانیی (فۆتۆكۆپیی كرا و بە ڕەزامەندیی خۆی!).

(١) وێ دەچێ ئەم نامە ناسک و بەسۆزەی شێخ مارف بۆ كوڕەكەی، ڕێكەوتی ڕۆژگاری پیریەتیی بێت كە ڕەنگبێ كوڕەكەی لە دەرەوەی سلێمانییدا - وەک لە گوندی بەرزنجەدا - بووبێت و پەرۆشی دیدەنیی بێت!

(٢) نامەكە بێ (بەسمەلە)یە!

(٣) مەتنی نامەكە بۆ كوردیی - لەلایێن منەوە - ئەمەیە:

سڵاو لە كوڕی خۆشەویستم ئەحمەد، سڵاوێكی ئەوتۆ كە ژمارەی لە ڕیزی ئەستێرەكان (...) بێت و دوعاگۆی هاتنە دیی هەموو نیازێكتم! ئەوجا، ئەگەر تۆزەڵقانێ خۆشەویستیی من و ئەجری باوكایەتیی و نیازی حەجی پیرۆزت لە دڵدا بوایە، ئەوە بەزەییت بە بابتدا دەهاتەوە، بێ دواكەوتن ڕووت تێ دەكردین و ئەگەر دەیێكی ئەویی لە دڵی مندا هەیە دیار بوایە كە مایەی دووریی تۆیە، ئەوە ڕۆژێ دوور نەدەمایتەوە لە من و بەهاتنت چاوت ڕوون دەكردمەوە!

ئیدی سڵاوت لێ بێت

(...)

[تەواو]

✡ پ. ن؛ ع/كه: ١٠/٦/٤(*)

[شێخ مەعرووف نۆدێیی ـــ کاکەئەحمەدی شێخی کوڕی]

[ش؟][١]

[م؟]

......[٢]

أسَلِّم عليك ايها الولد العزيز وادعو لك بدعاء وجيز جامع لكلِّ مطلب عزيز؛ واسألك عن حال أهلك، فاخبرني بها وتكتب لي سلامتك ومتى تفرحني بقدومك الى البلد؟ وعليك بملاحظة أهل الشيخ مصطفى وقد أهدى لي تين لم أرَ مثله الاّ في هذا العام، وقد ارسلته اليك، والسلام عليك.[٣]

(التوقيع/ئيمزا)

ابوكم

معروف

[انتهت]

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ؛ ١٨/ ١٠/١٩٨٦ز. سلێمانیی (فۆتۆکۆپیی کرا و بە ڕەزامەندیی خۆی!).

(١) وێ دەچێ لە هەلی نامەکەدا -هاوین یان پاییز- کوڕەکەی لە دەرەوەی باژێری سلێمانییدا بووبێت!.

(٢) نامەکە بێ (بەسمەلە)یە!

(٣) مەتنی نامەکە بۆ کوردیی - لەلاییێن منەوە - ئەمەیە:

سڵاوت لێ بێت کوڕی خۆشەویستم، دوعا کورت و پڕم بۆ هەموو نیاز و داخوازێکی شیرینت؛ پرسیاری باری خزمانت لێ دەکەم و لە بارەی سڵامەتییانەوە بۆم بنووسە و کە بە هاتنت بۆ ئەم باژێرە شادمان دەکەیت؟ پێویستە لەسەرت ئاگات لە کەسانی شێخ مستەفا بێت، ئەوێ کە هەنجیرێکی ئەوتۆی بۆ ناردووم، هەر ئەم ساڵ هاوتایم دیتووە و ئەوە بۆشم ناردیت.

ئیدی سڵاوت لێ بێت

(ئیمزا)

بابت

مەعرووف

[تەواو]



📖 پ. ن؛ ع/كه: ١١/١/٥(*)

[نادر شا ـــ شێخ حەسەن گڵەزەردەیی][١]

[قەڵاچوالان][٢]

[س ١١٥٦ك/١٧٤٣ز]

.........[٣]

منّي الى الجبر النبيل، والشريف الغطريف الاصيل، ذي المآتر والمناقب والمنن، السيد حسن، نسمات التسليمات، ونفحات التحيات. وبعد؛ فأن أجَلَّ مطالبي، واولَّ مآربي، ترويج مذهب جَدِّكُم جعفر الصادق، الإمام الهُمام، منبع العلوم والحقائق وإن حُبِّي لأجدادكُم الاماجدَ لمعلوم، وإنَّ مجيئكمْ الينا لزِمَ أشدَّ اللزوم، فبوصول أمري اليكم أئتنا لنتبرَّك بكُمُ وبِمَنْ لديكمُ والاّ فستزل نارَ غضبي عليكُم. والسلامُ عليكَم![٤]

(...)

[انتهت]

(*) ١١٧/٢١/٢، ص ٧٥ - ٧٦.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.

(٢) بێژراوە نامەهەنێر لە «قەڵاچوالان»ی داگیرکراویەوە، نامەکەی ناردووە!.

(٣) نامەکە بە (بەسمەلە) و پاڕاندنەوە لە خوا و ستاییش کردنی دەستی پێ نەکردووە.

مامۆستای کۆچ کردوو محەممەد خاڵ - بڵاوکەرەوە -ی فەرموویەتی کە هەردوو نامەکەی نادر شا و وەڵامی شێخ حەسەنی بە دەستنووسی زانا شێخ عەبدوسسەمیعی چنارییەوە لە لا هەیە و بڵاو نەبوونەتەوە. مخابن خۆیشی لە بڵاوکردنەوەیدا وێنەی دەستنووسی نامەکەی نەخستووەتە ڕوو. لە لاییێکی دییەوە دۆستم عەبدوڕڕەقیب یووسف - لەسەر داخواز بم - هەردوو نامەی دەستنووسی مەلا محەممەد ئەمین هەوایی دووشیوانیی نیشان دام و بۆم ساغ بووەوە کە (نامە)ی نادر شاه، هەر خۆی بێ (بەسمەلە) دەستی پێ کردووە!

(٤) مەتنی (وەرگێڕانی نامە)کەش بۆ کوردیی ئەمەیە:(*) =

(*) وەڵامنامەی شێخ حەسەن...

📖 پ. ن؛ ع/ كە: ١/٦ - و ١٢/

(گڵەزەردە!)

(١١٥٦ك/١٧٤٣ز)

←

= (... له منەوە بۆ دلێری جوامێر... شەریفی چاک و ڕەسەن، خاوەندی پەند و نیشان و مننەت؛ سەیید حەسەن، شنەی شەماڵ و بۆن و بەرامەی سڵاوتان پێشکەش. ئەوجا، دیارترین داخوازم، یێکەمین مەبەست و نیازم، برەوپێدانی مەزەبی باپیرەتان (جەعفەروسسادیق)ی ئیمامی شاسوار، کانیی زانست و ڕاستییەکانە. دۆستیی من بۆ باپیرانی سەروەرتان ئاشکرایە و هاتنیشتان بۆ لامان یێکجار پێویست و داخوازە. ئەوجا بە گەییشتنی فەرمانم وەرنە لام تا بە ئێوە و هاوەڵاتتان تەبەڕوک بکەین، دەنا ئاگری تووڕەییم بەسەرتاندا دەبارێت. وەسسەلام و عەلەیکوم.

[تەواو]

بسم الله الرحمن الرحيم

*الحمدلله ربَّ العالمين والعاقبة للمتقين، ولا عدوانَ الاّ على الظالمين، والصلاة والسلامُ على سيدِّنا محمد وعلى آله وصَحْبه أجمعين.*

*وبعد، فقَدَ أخذتُ كتابَكُمْ، أما دعوى حُبَّ أجدادي فلا أعْلَمُ أهذا الحُبَّ مشوُبُ ببُغض الاصحاب أمْ لا ؟ فأنْ كانَ مشوباً ببُغضهِمْ فلا يَنفَعُكَ يَومَ الحسابْ، بلْ يكونَ سَبباً للحساب والعذاب، وأما قَولكُمْ أنَّ قصديَ ترويجَ مذهبَ الصادق رضيَ الله عنهُ فَهَوَ وإنْ كان منْ أجَلِّ التابعَين وأكمَلُ المجتهدين، لكنَّ لإنقراض أصحابه ما صارَ مذهباً مدونَاً، ولو عَلمنا تدوينه لإتبعناه، لكوننا منْ ذريّته، وأمّا انا فكاسفُ الحال، عليلَ البال، لاَ اقدرُ على المجيء، لكن أوصَيك بوصايا إنْ عَملْتَ بها نجَوتَ؛ فيهَا أنْ لا تُحاربَ معَ السلاطين العثمانية، إذْ أطلَعَ أهلُ الكشف على بقاءهم الى قربَ قيام الساعة، ممتازين بخصائص لا توجد في غيرهم. ومنها أن ما أضمرت من تخريب الموصل والحرب مع أهلها، فلا تفعله لأنَّ ذلك يكون سبب هلاك جندك، ومنها ان تعجِّل في التوبة والاستغفار قبل ان يُفاجأ الحمام والبوار فانَّ بعض منْ اقاربك أراد قتلك. والسلام على من اتبّعَ الهدى!(**)*

(**) مەتنە کوردییە – وەرگێڕدراوەکەی وەک پێشووەکەی – لەلایێن منەوە:

الحمدلله ربَّ العالمين والعاقبة للمتقين، ولا عدوانَ الاّ على الظالمين، والصلاة والسلامُ على سيدِّنا محمد وعلى آلهِ وصَحْبهِ أجمعين...

ئەوجا؛ نامەتانم وەرگرت. لە بارەی دۆستیتەوە بۆ باپیرانم، نازانم ئەوە تێکەڵ بە کینەیە لە دژی یارانی یان نا ؟ ئەگەر تێکەڵە، ئەوە ڕۆژی حیساب کەڵکت ناگرێت، بەڵکو دەبێتە هۆی حیساب و سزاشت. ئەوجا بۆ قسەشتان کە دەبێژن مەبەستتان برەوپێدانی مەزەبی (سادیق)ـە خوا لێی ڕازیی بێت، ئەوە وێڕای کە خۆی دیارترین یاران و تەواوترین تێکۆشەر بوو، بەڵام لەبەر پاکۆبوونی یارانی، نەبووەتە مەزەبێکی نووسراو. ئەگەر ئێمە بە نووسینەوەیمان بزانیبا، هەڵبەت پەیڕەومان دەکرد، چونکە خۆ بە وەچەی ئەو دەزانین. ئەوجا من بارم کۆڵەوارە و نەخۆشم و توانای هاتنم نییە، بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم کە ئەگەر بەکاری ببەیت، ڕسگار دەبیت... لە ئەوانەدا نەکەیت شەڕی سوڵتانەکانی عوسمانیی بکەیت، چونکە خەڵکی نهێنیناس – ئەهلوکەشف – پێیان زانیوە کە ئەوان تا نزیکەی هەڵکەوتنی دوا سات،
=



= دەمێننەوە کە پەسنی هەرە چاکیان هەیە و خەڵکی دیی نییەتی! هەروەها ئەگەر نیازت هەیە «مووسڵ» کاول و شەڕی خەڵکەکەی بکەیت، مەیکە! چونکە ئەوە مایەی تێکشکانی لەشکرتە! هەروەها بەر لە ئەوەی تووشی ئاگری دۆزەخ بیت، پەلە بکە بۆ تۆبەکردن و کڕنووش بردن، چونکە یێکێ لە خزمانت کوشتنتی مەبەستە!

وە سسەلامو عەلا من ئیتتەبەعەلهودا!

[تەواو]

## ٢/٢: پەخشاننامەی فارسیی

📖 پ. ن؛ ف/ که: ١/١/١[*]

[کاکەئەحمەدی شێخ ـــ مەلا عومەر عوسمان هەولێریی][١]

[سلێمانیی]

(بەر لە س ١٢٩٨ک/١٨٨٩ز)[٢]

......[٣]

أقَبلُ أيدي حبيبي ملا عمر افندي واسلّم عيله وأدعو له بطول عُمره ورفع قدره وبعد؛ ممنونش هستم كه ترويج مكتوب عقائد داده اند و رضادارم بعربيِ بكنند، بفارسى و عربى شد نفع تر هست، وحسب الامر شما اجازه توريدات ملا ابوبكر ولد شما دادم و نوشتم و مهر كردم. در مكتوبات انشاء كرد. كاشكى همه را پيدا مى كونند، لقمه حاضره أند احتياج بمراجعت كتبهاى مبسوطه نمى مانند![٤]

الحزين / احمد المهين

[انتهت]

(*) کاروان – ئەیلوول ١٩٨٤ز (احسان رشاد مفتى – رسائل من كاكى احمد الشيخ الى الحاج ملا عمر ابن بكر ملا گچكه الاربلى).

(١) بۆ ژیننامەی مەلا عومەر، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) بەڕۆشنایی قسەی بڵاوکەرەوەی.

(٣) نامەکە بێ (بەسمەلە)یە.

(٤) مەتنی وەرگێڕاندنی – لەلایێن منەوە و لە عەرەبییەکەوە – بۆ کوردیی ئەمەیە:

دەستی خۆشەویستم مەلا عومەر ئەفەندیی ماچ دەکەم، سڵاومی لێ بێت و داخوازی تەمەن درێژیی و بەرزیی قەدری دەکەم. ئەوجا، سوپاست دەکەم کە کتێبەکانی (عەقائید) برەو پێ دەدەن. قایلیشم کە بە عەرەبیی و فارسیی بن، چونکە پتر کەڵک دەبەخشن.

بەپێی فەرمایشتان ئەوە بەدەستی خۆم ئیجازەی (ویردەکان)م بە ئەبووبەکری کوڕت دا و مۆرم لێ دا. لەمەڕ نامە دانراوەکانیشم، خۆزیا هەموویانت دەست بکەوتایە، چونکە پارووێکی بەردەستە و دەوور کردنەوەی کتێبی لە بارەیەوە، پێویست ناکات!

خەمگین

ئەحمەدی موهین

[تەواو]



📖 پ. ن؛ ف/ڕە:٢/١/٢[*]

[بڕیارنامە/ فەرمانی ئەمانوالله خان والیی ئەردەڵان ـــ شێخ عوسمان – سیراجوددین][١]

[سنە]

[جومادی یێکەم ١٢٦٥ک/١٨٤٩ز]

هو[٢]

حكم عالى شد

صحيح است كه چون سركار ايالت را همه جا پشنهاد نهاده حقانيت پيشنهاد از بر آوردن مامول ارباب زهد و صلاح و قبول كردن مسؤول صحاب فوز و فلاح است و از اينكه مقدمهء مطول و مختصر پر هيز كارى و مُقَننً قوانين صغرى و كبرى ديندارى مرشد طريقت هر كه اهل شوق و ايمان و پر تحقيق هرچه طَبقه ذوق و عرفان قطب دائرهء امكان و فخر زهاء جيهان جناب شيخ عوسمان دام بركاته را در باب محل آسايش و مقام زراعتكارى و بعمل آوردن محصولات مرده وخلفا خواهش مكانى چند از ما شده، بهذا پر حسب خواهش و فرمايش جناب ايشان قراء مفصله ذيل را با و مفوض و موكول فرموده كه چنانچه آيين خداجوئى را سزادار و در خو راست اهتمام تمام در آبادى و معمورى قراء مزبورها بعمل آورند مداخله زراعتكارى آنهارا صرف عابرين و زايرين تكيهجات متبركه خود ساخنه در خطان استجابت. دعا بدعاگوئى خير وجود مسعود عالى پرداخته باشند مقرر آنكه كلفه او رعاياى قراء مفصله فوق حسب الامر جناب معظم اليه را صاحب امتياز خود دانسته تخلف نورزند و در عهده شناسد. فى شهر جمادى الاول ١٢٦٥.

●

لا اله الله الله

الملک الحق المبين

عبده امان الله

قريهء ماضى بن

(*) ڕۆشنبیری نوێ–س ١٩٨٥، ل ٢٥٧–٢٧٢ (عەبدوڕڕەقیب یووسف– لە کەلەپووری بەڵگەنامەوە).

(١) بۆ ژیننامەیان بنۆڕە: نێوداران.

(٢) نێوێکی خودایە.

قریه باقل آباد

باغ و ملک قریه ء کلاته

انچه ولدان آقا احمد را ملک در قریه ء مزبورها هست ازانها باشد

باقی آن در وجه جناب شیخ

قریه خانقا(۱)

[نهایت]

🕮 پ. ن؛ ف/ که: ۳/۱/۳(*)

[مەولانا خالید – نەقشبەندیی ـــــ عەبدوڕڕەحمان پاشا بابان](۲)

[سلێمانیی]

[دەوروبەری س ١٢٢٤ک/١٨٠٩ز](۳)

......

صاحبا، امیدگاها. چونکه نهال اخلاص در اصل کار بصفوت بسیار و تصادف بی شمار در کشتزار خاطر اندوه‌بار مغروس شده است، هر روز میوه ء تازه‌رس صداقتی و هر زمان ثمره ء نوظهور مودتی بار می آورد، تا به غایتی انجامید که با شاه گل گلستان

---

(۱) لە هەندەران – مەنفا – دا کەسێکی کوردی فارسییزانی ئەوتۆم نەدۆزیەوە تا نامە فارسییەکانی (۲، ۳، ۵، ٦، ۹)م بۆ وەربگێرِێت کە یێکێ لە نێو ئەو ئاشنایەی ڕووم تێ کردن و نامەکانی بۆ ناردمەوە؛ نووسەر کەریمی حوسامیی – لە سویددا – بوو گۆیا ۷۵٪ی نامەکان عەرەبیین و ئەویش زمانەکە نازانێت!!

بە ئەو ڕۆشناییە، ناچارم هەر (بە کورتیی بابەتی ئەو نامە نێوبراوانە بخەمە ڕوو!)(**)

(*) ج١/ ۷۵، ج١، ل ۱۷۲ – ۱۷۳ (نامەی ۲۷ لە سەردەمی مەلاییێتی و دوا حەج کردن نووسیویێتی) جێگەی خۆیەتی ئەو سەیید محەممەدی نێوی بردووە، بردی بۆ هیندوستان.

(۲) نامەکە خۆی بێ بەسمەلەیە.

(۳) مێژووەکەم بە لێکدانەوەی خۆم و بەراوردی مێژووەوە، داناوە. خۆمیشنامەکەم وەرگێڕاوە بۆ کوردیی کە ئەمەیە: ساحێب، جێگە هیوا؛ چونکێ سەروچاوەی دڵسۆزیی ئەسڵی کاری فرە پاکە و لە گەشتی پڕ کێشەی دەروونداو، لە ئەندازەبەدەر بنجی داکوتاوە، ئەوە هەر ڕۆژەی مێوەییێکی تازە و پێ =

*(**) ئەم نامەیەی ئەمانوالله خانی والیی ئەردەڵانیش؛ (بڕینەوەی چەند گوند و باخ و بەروبوومیانە بۆ شێخ عوسمان – سیراجوددین!).*



طریقت و سرو بوستان حقیقت و اختر برج سعادت و گوهر درج سیادت، سفینه ء اسرار فرائد ربانی و فریده ء دریای عرفان سبحانی، غواص قلزم هدایت و پیک دین؛ حضرت قطب العارفین سید محمد هراتی چینی سر رشته ء تعلق بهم پیوسته و طناب جدائی بکلی گزشته‌شد!

لهذا بعد ازین بر ذمت همت داعی دولت خواه، لازم و لابد شد که آناء اللیل واطراف النهار دست تضرع را برای سعادت دین و دنیای آن حضرت بدرگاه این آفریدگار بر داود و در هر خصوص خود را از زمره ء هواخواهان برون نشمارد و بجهت تهی بنودن عریضه یک رشته سبحه ء یمنی و مزمزم که بزیارت حرمین مشرف شده و بعض زیره که یکی از عزیزان خراسان بهدیة بخدمت سید فرستاد بود و او بتبرک بحقیر انعام فرموده بودند با یک عدد عرق چین دست دوز خووش بصورت تبرک روانه ء خدمت شدند. امید بمعرض قبول فائز و باعث سعادت آن عزیز گردند. دگر ادهم خامه لنگ و عرصه ء نامه تنگ است. نه اینکه ما جرا کم است، بلکه زبان از تفصیلش ابکم است. امید بکام باشند.

والسلام والاکرام

[نهایت]

---

=گەیشتووی ڕاستیی، هەر دەمە و بەری نوێی دۆستیی بەبار دەهێنێ و ئەوەتە گەییشت بە شاگوڵی؛ گوڵستانی تەریقەت، سەرووی بێستانی حەقیقەت، ئەستێرەی بورجی کام، گەوهەری دوڕئاسای سەروەریی، کەشتییی دانسقەی نهێنیی یەزدانیی، دوڕڕی بێ هاوتای دەریای عیرفانی سوبحانیی، مەلەوانی چاپوکی هیدایەت، دەنگی دین، حەزرەتی قوتبی عاریفان، گەورەی خوداناسان؛ سەیید موحەممەدی هەراتیی چینیی کە ڕشتەی لەرزوکیی پێکەوە گرێ داوە، تەنافی جودایی تەواو لە یێک پساندووە و پاکۆی داوە. بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم؛ منێکی دەوڵەتخواز، بە درێژایی شەوگار و ڕۆژگار – آناء اللیل وأطراف النهار – دەستی نزا و پاڕاندوە بۆ کام و سەرکەوتنی دین و دنیای ئێوەی ڕێزدار بەرەو ڕووی دەرگەی یەزدانی ئافەرین کار بەرز ڕابگرم و لە هەر بوارێکدا خۆم لە دەستەی هۆگران دوور نەگرم. تا پەیامەکەش ون نەبێ؛ ئەوە یێک دانە تەزبیحی موزەمزەم کە بە زیارەتی دییاری حەرەمەینی شەریفەین پیرۆز بووە، هەروەها بڕێ زێڕ کە یێکێ لە خۆشەویستانی (خوراسان) ناردبووی بۆ خزمەتی سەیید و ئەویش بۆ پیرۆزیی بە منی چەپەڵی ڕەوا بینی، لەگەڵ کڵاوێک کە دەستچنی پیرۆزی خۆیتی، بۆ پیرۆزیی پێشکەشتانی دەکەم. هیوام پەسەندکردنیانە کە مایەی خۆشیی ئەو ئازیزەشە. ئیدی قەڵەم لەنگە و بەری نامە تەنگە و ئەگەر باس و خواستیش مابێ، ئەوە زمان بۆ گۆی ئاخاوتنی درێژ لاڵە. هیوام کام و خۆشیتانە. وەسسەلام و وەلئیکرام

[تەواو]

📖 پ. ن؛ ف/ ڕە: ٤/١/٤(*)

[بڕیارنامە، فەرمانی سلێمان پاشای عەبدوڕڕەحمان پاشا ـــ پزیشک باباجان][(١)]

[سلێمانیی]

[٢٩ موحەڕڕەم ١٢٤٨ک/١٨٣٢ز][(٢)]

......

حکم عـالـی (الشـأن) انکه درینوقت از روی لطف و ازدیاد مـرحـمت کـالأول، قـریەی (عمر کویر)[(٣)] را بعنوان میری و داروغه (درەربارەء) عـالیشان باباجان حکیم تفویض و فرجوع نمودیم. لهذا مقرر است که بعد ازین احدی دخل در قریەء مزمـور ننموده، ایراد و منافع میری، زکات و رسومات داروغه قریه مزموره را بتصرف خود در آورده، صرف و جه مماش و مدارگزاری خود ساخته. مطلقا احدی دخل در قریه مرموز ((را)) نکنه. عـمال و کارگزاران، سرکاران عالی البته حسب المقرر عمل ((...))[(٤)]

٢٩م سنه ١٢٤٨

(ئیمزا)

سلیمان

●

میرمیران

[نهایت][(٥)]

---

(*) کاروان، نیسان ١٩٨٤ (محمد الملا عبدالکریم – عوده علیٰ بدء فی الرسائل البابانیه).

(١) باباجـان؛ پزیشک مـیـرزا بەدیع. ئەو نیـوناسـەیشی لە سـەردەمی باباندا بەسـەر دابڕا کـە خـۆیشی هەرگـیـز لە خێـڵی (باباجانیی) نیـیە. نێوناسـەکـەی مـایەی بۆنەییێکە کە کـوڕێکی نـیوە مـردووی پاشـاییێکی بابانی چاک کردووەتەوە و کـە منداڵەکە هۆشیـار بووەتەوە، هاواری کردووە؛ (بابـاجان، بابەگیان).

(٢) بڵاوکـەرەوەی لە ئاسـتی مـێـژووەکـە و تیـپی (م)دا، دەنگی نەکـردووە، من ئەو (م)ەم بە مـانـگی موحەڕڕەم دێتە بەرچاو بۆییێکا دانانم پەسەند.

(٣) عـومـەر کوێر/ هۆمـەرە کویر: گـوندێکە کـەوتووەتە خۆرهەڵاتی باژێڕی سلێـمـانییـیەوە. لە سـاڵانی هەشتاکاندا حوکوومەتی بەعسی عەرەبی عێراق تەختی کرد.

(٤) نیـشـانەکـانی (( )) پڕ یان چۆڵ لەلایێن بڵاوکـەرەوە دانراون گـۆیا لەبەر پەڕپووتیی و کـۆنیی کاغەزی نامەکە لە ڕاستییان دڵنیا نییە، هەروەها دیار نییە!.

(٥) مەتنی وەرگێڕاندنی – لە عەرەبییی بڵاوکەرەوەیەوە – بۆ کوردیی و لەلاییێن منەوە، ئەمەیە: =



📖 پ. ن؛ ف/ کە: ٥/١/٥(*)

[عەبدوڕڕەحمان پاشا بابان ـــ محەممەد عەلیی میرزا][(١)]

[سلێمانیی]

[نێوەندی جومادیی دووەم – س ١٢٢٢ک/کۆتاییەکانی تەشرینی دووەم ١٨٠٧ز][(٢)]

هو

بندگان پناها، امیدگاها

نظر به اینکه شاهنشـاه ظل الله، کمترین را بەرسالت عالیشان معلی مکان، باقربیک به امداد و اعـانت سرکـار مـأمور فرمـوده و خودهم پیشتـر عرض کرده ام که حسب الامر شاهنشـاهی اگر دشمنی برای سرکـار ازسمتی اتفاق بیفتد دشمن آن دشمن می باشم و حالا والی ارضروم آدم مـعقـولی با بیـورلدی مبنی براینکه از دولت علیه وزارت بغـداد تعـویض شـده و در اواسط مـاه رمـضـان از ارض روم به عـزم بغـداد حرکت کـرد باکورکی جهت کمترین به نزد کمترین فرستاده آمد رسید، لازم بود که از روی صداقت مراتب را به

---

= فـەرمـانـی پایەبەرزی، لەم هەلەدا ئەمـەیە: لە ڕووی نـوازش و سـۆزی زۆرەوە، هەروەک ڕابردوو، بڕیارمـان ئەمەیە کە گـوندی «هۆمەرە کـوێر» بە شێـوەی میریی و ئەژمـاریەوە، ئەسپـاردەی پایەبەرز (باباجـان)ی پزیشک کـرا، بۆییێکا لە ئێـرە بەدواوە، دەبێت کـەس لە گـوندی باس کـراودا خـۆی تێ هەڵنەقـورتێنێت و داهات و فـەڕی، زەکـات و باجی بەروبـوومی بەرەو ڕووی ئەو بکرێنەوە و تا لە ژیندایە کاروباری گوزەرانی پێ دابین بکات و هەرگیز کەس بۆی نییە دەست وەربداتە گوندی نێوبراو و دەشبێت پاڵە و سەرکارانی پایەبەرزیش گوێ ڕاییێڵی بڕیارەکە بن (( )).

٢٩م/موحەڕڕەم/١٢٤٨

(ئیمزا)

سلێمان

●

میرمیران

[تەواو]

(*) ١٥٨/٧/٣؛ ج ١؛ ص ٢١٠ و ٣٧٣ (لە گـەنجینەی بارەگـەی تۆپ قـاپوسرای – تورکـیا – ژ: E ٦٠٥٧ـەوە).

(١) بۆ ژیننامەی محەممەد عەلی میرزا، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) نامەکە خۆی مێژووی تێدا نییە! بڵاوکەرەوەی دایناوە.

خدمت عرض نماید که کمترین به امر و فرموده شاهی در امداد و اعانت سرکار ثابت قدم و راست گفتار است و مطلق اعتنایی به خلعت و بیورلدی فربور ننموده و ایلچی او را اعزاز و احترامی نکرده برای اینکه بیورلدی مرسوله به نظر امنای دولت شاهنشاهی برسد، بیورلدی را از ایلچی مزبور گرفته به دار السلطنهء طهران فرستاده و ایلچی را هم در این ولا الی باز آمدن، جواب از در بار شاهنشاهی توقف داد برای اینکه بندگان ولی النعمی از کیفیت مزبور مطلع و مضبوط از کارد امور خود متوجه و منجر شود آدم خودرا با آدم عالیشأن معلی مکان باقربیک روانه و آنها را تاکید کرده که ازاین ولا تا بغداد هم مطلق گفتگویی در این خصوصها نکرده، مراتب مذکور را مخفی دارند و کمترین نیز در سر مصداق و ارادت حسب الامر شاهنشاهی به امداد و اعانت بندگان ولی النعمی ان لشاء الله مستعد ومهیّا ایستاده است تا بحول و قوه الهی ارادت خود را به بندگان ولی النعمی نمایان ساخته باشیم. زیاده بی ادبی نمی نماید. الامر منکم.[1]

●

کام دل حاصل باد
عبدالرحمن

[نهایت]

(١) ئەم نامەیەی عەبدوڕڕەحمان پاشا نامەیێکی دڵنیایی کردنی شای ئێرانە کە تێیدا دەگێڕێتەوە؛ (بە ڕۆشنایی ئەوەی هەر کەسێ دوژمنی شا بێت، ئەوە ئەمیش دوژمنی ئەو کەسەیە؛ والیی ئەرزڕۆم – عوسمانیان – بە پێشنیازی وەزارەتی بەغداد، لە نێوەندی مانگی ڕەمەزاندا، بە پیاوە ماقووڵدا فەرمان – بیۆرڵدی –ی دامەزراندن و بەرگی بۆ هێناوە و ئەوە ئەمیش بە ڕۆشنایی گفتێ کە بە شای داوە و دڵسۆزیەتی، ڕێزی پیاوە ماقووڵی ڕاسپێردراوی نەگرتووە و ڕەوانەی کردووەتەوە و ئەوە فەرمانەکەیشی بۆ ئاگەداریی شا ڕەوانە کردووە تا ڕاستییەکە پێ بزانێت!).



📖 پ. ن؛ ف/ کە: ٦/١/٦(*)
[شێخ عوبیدالله شەمدینیی ـــــ شێخ محەممەد – بەهائوددین][1]
[ش؟]
[س ١٢٨٣ک/ ١٨٦٦ز][2]

......[3]

خدمت ذی برکت، سرو جویبار عرفان و محبت و سدرهء برشده، سمای ایقان و معرفت، درّ صدف عالم ربانی، گوهر گرانبهای معدن اسرار نهانی، محیی شریعت، مبین، پیر و سنن حضرت سید المرسلین علیه التحیه وعلی آله أجمعین الی یوم الدین، اعنی بر گوزیدهء سریر خلافت و زیبندهء مسند عزت نیابت: شیخ محمد الملقب ببهاءالدین ادام الله نعمته و بقائه علی فرق الملّة والمسلمین.

اولا بر نشر روائح فوائح بعض اسرار به عنوان اداء فاتحه خوانبی و اظهار اخلاصمندی زحمت میدهد (...)[4]

نمیداند از شدائد فراق آن سوختهء تجلای سیمای محبت چمه نویسم، واز مرارات جان گذاری هجران آن شهید عمزه و ناز محبوب حقیقت که سایهء هما أسایش سایبان امن ملت بود چه گویم:

هرچه گـــویم عــــشق از ان بر تو بود
خـــود بیــــان این کند اظهــــر بود

همانا أو گلی بود که أز گلشن چنان به دنیا آمده أز روی إشتیاق رضوان برد و یا طائر همایون فرخندهء قدسی بود که ازین تنگتای قفص جسمانی به تنگ آمده، عروج آشیان أصلی روحانی را میل فرموده به محبوب حقیقی که فحوای (والیه المرجع والمصیر) إشارتی به آن دارد، پیوبستند (انا لله وانا الیه راجعون).

(*) ١/٧٥؛ ج ٢، ل ٩١ – ٩٦.
نامەکە بە بۆنەی کۆچی ماڵئاوایی بابی شێخ محەممەد؛ شێخ عوسمان – سیراجوددین)وەیە.
(١) بۆ ژیننامەی شێخ محەممەد – بەهائوددین، بنۆڕە: نێوداران.
(٢)ساڵی کۆچی شێخ عوسمان – سیراجوددینە!
(٣) نامەکە بێ (بەسمەلە)یە.
(٤) شوێنەکە لە بلاوکردنەوەدا چۆڵ نیشان دراوە.

فحبذا پیری چنان که با چین عزت و وقار بر دلدار خود برود و جوانی چنین پیر را به رهنمون و امامت ملت احمدی بعد از خود گذارد.

آری اگر نه آن بودی که وفات بزرگان دین به صورت صوری مایه‌ی تخریب و فساد دین و دنیا و باعث فتور و قصور شریعت حضرت سید المرسلین اند، هیچ جای تأسف و الم نبوند، چه رستن جوهر فروشان ازین حجاب وقید جسمانی، پیوستن به ذات بحت و اتصال به جان جانی است. پس چه نعمتی ازین نعمت بالاتر و کدام شرف و منزلتی ازین شریف تر و محبوب تر است که جان به وصال جانان رسیده و دوست در خلوت خانهء خاص خو به دوست خود راه یافته، معنی قرب و اتصال بهم رساند (فافوز فوزا عظیما).

ترسم کــه یار با مــا نا آشنا بماند
تا دامن قیــامت این غم به مـا بماند

اما به ملاحظهء گرفتاری و بیچاره‌گیء وا پس ماندکان خصوصن عجز و تقصیر که از ماء الحیوان محبت هنوز قطرهء پخشییده و از روح و راحت بادهء معرفت باری پیمانهء نپیموده و بیم است که بی وجود آن مقربان بارگاه هویت درین دارفانی همچنان تشنه لب و تا کام بالحمال خجلت و انفعال از حضرت ذی الجلال شرمند و سرافگنده به عرصه، عرصات درانید و به عذاب الیم درمانند، (فیا خجلنا علی ما علمنا و یا حسرتا علی فرطنا، ربّنا لا تؤاخذنا ان نسینا أو أخطأنا. ربّنا اتمم لنا واغفر لنا انک علی کل شیء قدیر وصلی الله علی سیدنا محمد سید المرسلین).

جای تأسف و قابل اظهار فزع اکبرند و سبب اینکه طغرانویس ازل در نشأه اولی رقم عدم و فنا بر جرائد وجود عموم عالم ملکوت و ناسوت و جبروت کشیده و ندای (کل شییء هالک الا وجهه) به گوش هوش عالم و عالمیان رساینده اند و ابدی صنعت ذات او است جل وعلا، جزء تمسک به عروة الوثقی شکر و ثبات و رضایت به فعل فاعل مختار جهت هر موجودات چاره و علاجی نه و برای أمثال ما ضعیفان عاصی واجب است که انواع این گونه مصائب را نعمتی شکرین ملاحظه نماییم که ایلام دوست اگر چه در صورت ظاهر با نیش است، اما در معنی همه‌نوش باید تصور نمود. از قول خواجگان است؛ (من لم یتلذذ بضرب مولاه فلیس بصادق في دعواه!)

من تلخ است جـور گل عُـذارانـکه هر
چندش خـــوری باشـــد گـــواران



هر آتش کان بیفر و زد بت سیمخلیلان
را بود باغ براهیـمویعـد؛ خاصـه جـهت

زیارت ضریح جنت آسای آن مخزن اسرار نهانی که فی الواقع نمونهء از روضهء رضوانی و شمیمی از عطر و بوی گولزاجانی دارد و أدای رواسم فاتحه خوانی واجب بود به نفس خود در جناح عجله بیاییم و اقتباسی از آن مشکاة عرفانی بنمایم، أما به اعتبار این که حرکت امثال ما ننگ درویشان بی شان را به خاک عثمانی خالی از ذکر و فکری نمیدانند، ازین سعادت عظمی به صورت ظاهر محروم ماندم و در این صورت معذور نه مسئول هستم انشاالله تعالی!

من بعد استمداد همت پیران دین، همت مسیحی به‌کار برده به احیای قلوب مرده و نوازیش زنده دلان پرداخته، یک دقیقه تساهل نفرمایند. امید است که روز بروز امطار امطار فیوضات ربانی بر کشتزار خاطر ان یوسف پیر کنعانی در فیضان و جاری باشد بمنه واحسانه!(٥)

(ئیمزا)

عبیدالله

[نهایت]

(٥) شێخ عبیدالله له ئه‌م پرسه‌نامه‌یه‌دا (داوای لێ بوردنی له شێخ محه‌مه‌د – به‌هائوددین کردووه که نه‌یتوانیوه به په‌له و له وڵاتی عوسمانییه‌وه، بگاته جێگه و ده‌ستووری سه‌ره‌خۆشیی لێ کردن و تێکه‌ڵیی ماته‌مینیی بنوێنێت!). جێگه‌ی گوتنه؛ نامه‌که په‌خشانێکی قه‌شه‌نگ و نایابه و تواناییێکی ئه‌ده‌بیی به‌رزی نواندووه! و بۆم نه‌کرا هه‌مووی وه‌ربگێڕم.

📖 پ. ن؛ ف/ كه: ٧/١/٧ (*)

[قازیی مەلا محەممەد کەریمی سەقزیی/ کەوسەر ـــ شێخ ڕەزای تاڵەبانیی] (١)

[ش؟]

[م؟] (٢)

فدای وجود مسعودت شوم

پس از عرض سلام و اشتیاق بی اختتام در ضمیر منیر، جناب مستطابعالیی دام فضله مشکوف باشد و پوشیده نماند.

آرزوی که حقیر ارادت لآلی کلام آبدار و در شاهسوار اشعار و نتایج افکار ابکار جنابعالی را دام بقائه در گوش دل گوشوار و بر صحیفه ضمیر اندوه بار جای تعظیم و نثار و قصور ریاض طبع پر قصور را، حورعین و غلمان شهریار و نفوس سلاطین تاج دار قرار داده و در عموم سال و ماه و ساعات لیل و نهار آرزوی این دیده اشکبار بمشاهده جمال آن وجود فرخنده تبار و تمنای قلبی این ستمدیده روزگار باشد امت مطالعه اشعار آن خجسته شعار زبانا وجانا و پوشیده و اشکار از حضرت خالق پروردگار در لوح سینه پر شرا، مسکن التهاب نایره فراق و ندیم و غمگسار خود ساخته است.

و در اینمدت کسی را که شرح در فراق و با آرزوی حقیر را حمل توان کرد بخیر پهلوان زبان برادر مهربان (ملا عبدالله) کسی را نیافت. لهذا روی ارادت از غنیمت وقت

---

(*) حەمەی حەمەباقیی «نامەییێکی مێژوویی بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانیی و هەواڵی تازە»؛ مامۆستای کورد – ژ: ٢٤ – ٢٥، زستان و بەهاری ١٩٩٥ز، ل ١٥ – ٢١/سوید.

(١) بۆ ژیننامەی قازیی مەلا محەممەد کەریمی سەقزیی، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) نامەکە – لە لای من مێژوویی نییە و نامەییێکی ئەدەبیی زمان فارسییە – بێ مێژووە، بەڵام بڵاوکەرەوەی بە ڕۆشنایی لێکدانەوەی دوو تاکە شیعری شێخ ڕەزا کە دەبێژێت:

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا

مێروولە نەچێ چاکە بەگژ قوللەی قافا

کە گۆیا لە ساڵی ١٨٦٥ز.دا بێژراوە و لە ئەم نامەیەشدا هاتووە، ئەوە نامەکە لە ئەو مێرووە بە دواوە نووسراوە! من لەگەڵ بڵاوکەرەوە نیم کە نامەکە لە تافی لاویەتیی نامەهەنێر یان لاویەتیی شێخ ڕەزادا نووسرا بێت!



نیافت و بابلاغ این مختصر آرزونامه شنافت و بمفتاح تصویر این شکایت وکلید تحریر این مختصر حکایت قفل حقه آرزوی بسته و دیرینه را شکافت و با سنان نساج طبیعت شقایقة به نسج تاروپود و سه غزل از نتایج افکار خود و در بافت.

سازم فکر سیاهی چشمان خود مداد

تا در لباس نامه بهبینم جمال دوست

هرچند اهدای این قطعات غزل و ارسال این ارمغانی به نقاط و مراکز بلدان در نواحی دولت عثمانی صورت ریزه ریزه و کرمانی شال و ادعای خط خط هنر مندان اصفهانی دارد علی الخصوص در ناحیه کرکوک باوجود جنابعالی دام فضله چون زر غیر مسکوک کم عیار وبی رواج و محکوک مینمایه. لکن چون امکان آن دارد که گاه بحث از حقیر یادگاری و هنگام مطالعه موجب بدکاری شود بمنطوق (لا یكلف الله نفساً الا وسعها) اهدای خدمت شدند. یقین است چنانکه گفته اند (طاعت از هیچ نباشد کهنی باید کرد در دل دوست بهر حیلهرهی باید کرد) حقیر که بارسال این اشعار بی هنجار در دل جنابعالی راه دوستی را اختیار کرده جنابعالی نیز در کمال مرحمت و انصاف خداداده خودتان ار پستی پایه ابیات و نقص ارکان آنها صرفنظر نموده و مقبول طبع کهربار خواهید فرمود.

مستدعی و خواهشمندم چند صفحه از لآلی منظومه کلام خودتان از هر قبیل که حاضر و نسخه اش موجود است خواه توحید و خواه نعمت و خواه قصیده و خواه سخریه و جمله قطعه و خواه غزل و خواه رباعی که در این صفحات بسیار مرغوب و مطلوبند خاصه در نزد حقیر صورت گوگرد احمر دار و در صحابت (ملا عبدالله) برسم هدیه و ارمغانی که در نظر ارباب بصیرت تحفه بی بدلند با جواب حقیر ارسال فرمائید تا به نشر و ترویج آنها اکثریرا در این صفحات بلفظ جنابعالی ممنون و بدرج صنایع آنها بیدار نمایم چنانکه خودتان در مدح ایل جاف فرموده اند (حیفه برزی تیغ مجوهر لغلافا).

زیاده تطویل مهربان تحویل باد همه وقت منتظر مژده سلامتی وجودتان و ارجاع خدماتکم والسلام علیکم ورحمه الله

بدون سابقه ابلاغ گفته اند خطا است

ولی بسوی هنرمند و اهل فضل رواست

سـؤال كـردم ازين نكتـه از وزير خـرد
جواب داد كه آرى جناب شيخ رضا است

(بێ ئیمزا)

(تەواو)[1]

(١) کوردییەکەی کە بڵاوکەرەوەی نواندوویەتی ئەمەیە:

بۆ خزمەتی جەنابی زمان پاراوترینی شاعیران شێخ ڕەزا(*)

بەسەرگەردی وجوودی بەختەوەرت بم

دوای پێشکەش کردنی ئارەزوومەندیی بێ بڕانەوە، لە بیری درەوشاوەی ئێوەی پایەبەرزدا. ئاشکرا بێ و نادیار نەمێنێتەوە... لەو ڕۆژەوە ئەم کەمینەیە - حەقیر - توانای ئەوەی بووە، مرواریی شایستەی شیعرەکانت و وتەی تەڕ و تازەی گەوهەری بیری دەست بۆ نەبراوی ئێوەی بەڕێز - خودا تەمەنتان درێژ بکات - لە سەدەف دەربهێنێ و لە گوێچکەی دڵدا بیکاتە گوارە و لە لاپەڕەی دڵەی خەمیندا ببنە مایەی سەردانەواندن و بەخشین و لە کۆشکی باخی بیری کەم و کورتییا ببنە حوور و غیلمانی بەهەشت و خزمەتگوزارانی سەردارانی تاجدار... سەرومڕی ساڵ و مانگ، سەعات و ڕۆژ و شەو، ئارەزووی ئەم چاوە فرمێسکاوییە، دیتنی ڕوخساری ئەو زاتە داوێن پاکەیە. دڵخوازی ئەم ستەم دیدەیەی ڕۆژگار، بۆ هەمیشە؛ خوێندنەوەی شیعری ئەو پیرۆز وتارەیە کە بە زمان و گیان، دیار و نادیار لە پێشگەی یەزدانی پەروەردگار، لە سینەی پڕ بڵێسەدا، مایەی هێوور بوونی کڵپەی ئاگری دووریی و هاوڕاز و هاوخەمییە!. بەڵێ لەم ماوەیەدا ئەوەی توانای لە ئەستۆ گرتنی باسی ژانی دووریی و باری ئاوات و تاسەی ئەم کەمینەیە - حەقیرە -ی لە باردا بوو، لە پاڵەوانی دەوران، برای میهرەبان (مەلا عەبدالله) زیاتر بە چاک نەزانرا... بۆیێکا هەلی لە دەست نەدا و بە ناردنی ئەم کورتە ئاواتنامەیە، کەوتە پەلە و بە کلیلی دەروازەی خستنە ڕووی سکاڵا و پوختەی ئەم ڕازەوە، قفڵی سنووقی ئاواتی مێژینەی خۆی کردەوە و بە پشتیوانیی کردگار، جۆڵای باڵای سروشتکار، تانوپۆی سێ غەزەلی، لە پاڵاوتەی بیری خۆی داڕشت و چنی:

سازم مگر سياهى چشمان خود مداد
تا در لباس نامه ببينم جمال دوست(**)

هەرچەندە پێشکەش کردنی ئەم غەزەلانە و ناردنی ئەم دیارییانە بۆ مەڵبەند و هەرێمگەلی دەوڵەتی

*(*) مەتنە فارسییەکە کە بڵاوکەرەوەکەی هەر فۆتۆکۆپییەکەی چاپ کردوو، دۆستم (سامانی کەریمی)ی لە مەنفادا - هۆڵاند - بۆی نووسیومەوە. کاری ڕاست بێت.*

*(**) بڵاوکەرەوەی بەیتەکانی بە ئەم جۆرە وەرگێڕاوە؛ مەگەر لە ڕەشایی چاوی خۆم، قەڵەمێک ساز بکەم تا لە دوو توێی نامەکەدا، جوانیی ئەو دۆستەم ببینم کە پێشتر وێنەی ئەو دوستە لە چاومدا، لە ڕەشاییی چاومدا بوو!.*



........................................

عوسمانیی وەک ناردنی وردە (زێڕ)ە و (شاڵ)، بۆ «کرمانی»، یان وەک لافی خەتخۆشییە لای هونەرمەندی (ئەسفەهانیی) بە تایبەتیش بۆ وڵای «کەرکووک» و کە بە بوونی تەشریفی موبارەکی ئێوە - خودا دەوامی گەورەییتان بدات - وەک قاڵیی کەم عەیاری بێ برەوە کە شایستەی بەکارهێنان نەبێ... بەڵام ڕەنگە لە کاتی ناوبردنی ئەم کەمینەیەدا - حەقیر - ببێتە مایەی یادگار و لە کاتی خوێندنەوەشدا ببێتە مایەی یادکردنەوە، بە پێی ئایەتی (لا يكلف الله نفساً إلاّ وسعها) بۆیێکا ناردمە خزمەتتان، چونکە وەک وتوویانە:

طاعت ار هيچ نباشد، گنهى بايد كرد
در دل دوست بهر حيله رهى بايد كرد(***)

منیش بە ناردنی ئەم شیعرە نارێکانە، ڕێگەی دۆستایەتیم لە دڵی ئێوەدا کردووەتەوە... جەنابیشتان بەوپەڕی سۆز و ویژدانی خوا پێ داویی خۆتانەوە، لە کاڵ و کرچیی بەیتەکان و کەم و کوڕیی پایەکانی، چاوپۆشین و پەسەندی چەشنی گەوهەر باری بفەرموون... داخواز و تکاکاریشم چەند لاپەڕەیێک لە مرواریی شیعری خۆتان کە لەبەر دەستدان و ئامادەن، لە هەر بابەتێک بن، چ لە بابەت ستایشی خوا و چ پێ دا هەڵدان و چ قەسیدە و چ لاقرتێ و توانج و داشۆرین و چ پارچە غەزەل و چوارینە، کە لەم هەرێمانەدا لەبەر دڵن و داواکارییمان یێکجار زۆرە، بە تایبەتی لای ئەم کەمینەیە - حقیر - وەک گۆگردی سوور وایە، بە ناوی دیارییەکی بێ هاوتایە و لەگەڵ وەڵامنامەکەدا بە (مەلا عەبدالله)دا بۆمی ڕەوانە بفەرموون تا بۆ بڵاوکردنەوە و برەوپێدانیان، کەسانێکی زۆر لە وێژەی ئێوەی بەڕێز و دەست ڕەنگینتان ئاگادار بکەمەوە، چونکە خۆت وتەنیی (حەیفە بڕزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا)(****)

لە کۆتاییدا خوا تەمەنتان درێژ بکات و هەمیشە چاوەڕوانی مژدەی سەلامەتیی و فەرمانتانم!

بدون سـايقـه ابلاغ گـفـتـه‌اند خطا است
ولى بسـوى هنرمند و اهل فـضل روا است
سـوال كـردم، ازين نكتـه و از وزير خـود
جواب داكه ارى جناب شيخ رضا است(*****)

[تەواو]

*(***) هەر بڵاوکەرەوەی ئەوهەی وەرگێڕاوە: ئەگەر پەرستن هیچ دادێ نەدا، دەبێت گوناهێک بکەیت، تا بە هەر فێڵێک بێت، ڕێگەیێک بۆ ناو دڵی دۆست بکەیتەوە.*

*(****) بڵاوکەرەوەی نووسیویەتی: ئاماژەکە بۆ شیعرێکی شێخ ڕەزایە کە سەرەتاکەی ئەمەیە:*

*خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا*
*مێرووڵە نەچێ چاکە بەگژ قوللەی قافا!*

*(*****) بڵاوکەرەوەی -بێ وەرگێڕانی بۆ کوردیی- دەبێژێت کە ئەو دوو بەیتە، شیعری (قازیی کەوسەر)ە!*

پ. ن؛ ف/ ڕە: ٨/١/٨[*]

[مەحموود پاشا بابان ـــ داود پاشا – والیی بەغداد]

[سلێمانیی]

١٠ی ڕەبیعولئەووەل ١٢٤٠ک/١٨٢٤ز

......[١]

غلامان امیدگاها، ملجأ و پناها

غرض از فرستادن عالیجناب سید محمود و سید محمد به قاپو به رسم استشفاع آن بود که باب مرحمت و عنایت حضرت اولیای نعم به روی غلام گشاده گرود. از آنجا که عفو و گذشت اولیای نعم است که از جرم و گناه غلام أجلّ واعظم باب عفو به روی غلام گشاده، (الحمدلله الذي ذهب عنّا الحزن و سلب من الممن)، بر ذمهء غلام صداقت فرجام واجب آمد که یکی از نزدیکان و اقارب خود را که حکم نفس غلام داشته باشد به رسم دخالت روانه قاپوی مرحمت پوی حضرت اولیای نعم سازد، لهذا عالیجاه خالد بک بنی عم خود را از تننخواه نفس خود به رسم دخالت روانهء باب عفو و احسان بی پایان حضرت اولیای نعم ساخت و به تحریر عریضه صداقت فریضه در پێشگاه حضور باهر النور به رفع رقعهء تضرع وابتهال برداخت

ز ابتـــدای دور آدم تا به عـــهـــد پادشـــاه

از بزرگان عفو بوده است از فرودستان گشاه

استدعا و تمنا و رجاو التجاء غلام به خاکپای مرحمت انتمای ولی النّعمی این است که حقیقت بالتمام دربارهء غلام قدیمی و بندهء صمیمی عیان و نمایان فرموده بالمرّة قلم عفو و مرحمت بر جراید جرایم غلام اخلاص ارتسام کشیده، غلام را به نحوی مورد عفو و بخشایش فرمایند که بر دور و نزدیک و ترک و تاجیک واضح و نمایان گردد که حضرت اولیای نعم دربارهء حنین گناهکاری و محرم خطاکاری، چنین عفو و گذشتی به عرصهء ظهور آورند که اهل زمان را ورد زبان و آیندگان را داستان باشد.

---

(*) ١٥٨/٧/٣؛ ج ١، ص ٦٦ و ٢٥٧ (لە گەنجینەی بارگەی سەر وەزیرانی ئەستەنبوول) خەتی هومایۆنیی – ژ ٣٣٢٢٠٢ ـەوە).

(١) نامەکە بێ (بەسمەلە)یە.



زیاد بی ادبی، ترقب امره العالی مطاعا. من دهم ربیع الاول سنه ١٢٤٠[١].

●

افوض امری الی الله

محمود

---

(١) ئەم نامەیەی مەحموود پاشا وەک داخوازیینامەیێکی لێ بوردنە کە تێیدا ڕایگەیاندووە؛ (سەیید مەحموود و سەیید محەممەد نێوانی بۆ شەفاعەت ناردووەتە کن والیی و ئەوە بۆ دڵنیایی و سەلماندنی سەر ڕاستیی پتری، کوڕە مامی خۆیشی خالید بەگی ناردووەتە بەر دەرگەی بارەگەی بەخشندەیی و نیعمەتی و هیوای بەخودا و والییە کە لە هەر تاوان و هەڵەیێکی ئەویکی خولام خۆش بێ و ئامادەشە بۆ بەجێ گەیاندنی هەر کار و فەرمانێ!).

## ٣- پەخشاننامەی تورکیی

📖 پ. ن؛ کە: ١/١/١[*]

[ئیسماعیل ئاغا/ سمکۆی شکاک ـــــ حەفید زادە مەحموود][1]

[هەولێر]

١٤ کانوون ئەووەل ٣٣٨ [١. ر -١٩٢٣/١/٢ز][2]

---

(*) ڕۆژی کوردستان – س ١، ژ ٧، چوارشەممە ١٦ جومادیی ئەووەل ١٣٤١ (ک)، ٣٠ کانوون ئەووەل ١٣٣٨ (١٩٢٢/١٢/٣١ز).

(١) وەڵامی حەفید زادە لە هەمان سەرچاوەوە بە هەمان مێژووەوە:

📖 پ. ن؛ کە: ٢/ و-٢/١

[مەحموود ـــــ ئیسماعیل ئاغا/ سمکۆ]

اربیلده کوردستان قهرمانی اسماعیل آغا حضرتلرینه یالکز باشمه کورد ملتنک استحصال حقوقی اوغرنده هرکسدن اول یاپدینم فداکارلنک درجەسیله کوردیکم فلاکتک نسبتنی البتده تقدیر بیورمشکز. بو گون ذات وریلری گبی بر قهرمانک اتفاقیله عین غایەیه قوشمنی نه قدر آرزو ایتدیکمی ایضاحه حاجت کوریمەرک تقدیرات سامیلرینه حواله ایدرم. انجق یویله بر جداله قولسز فنادسز معاونتسز حقسز بر معرکهء مخاهماته اتلانمق هر حالده بر حقک مدافعەسی ایچون اولمالیدر که بر کورد ملتنی بو غایەنک استحصالی إیچون حیاتلرنی افنایه سوق ایتدرەلم. بو گون بزم کورد ملتنی تهج و مخاصملرینه قارشو مدافعەیه سوق ایدەجک رسمی بر حق ویولمامش و لطفاً ویرلمسنی استرحام اینمکده اولدیغمز حقوق دزلو درلو بهانه لرو عدلرله امهال ایدلکده بولونمشدر. اوج ماهدتبری بریتانیا حکومت فخیمەسنک وعد بیو ردنیی معاونتدن یوزده برینی ایغا بیورمدیلرکه. داعیکزده کورد ملتنی آلتی بر استقبال ایله اطماع ایدەیم. داعیکز بر حق ایجون جداله گیرەک ایسترمه حقسز یره اقەچق ملسمان قاننی اسالەدن حذر ایدرم. حقمز لطفاً مساعده الدلورسه معتر ضمزی دفع و تنکیل ایچون هردرلو فداکار لغه حاضر یو قسه حکومت فخیمەیه اطاعت مطلقه ایچون حکومت فخیمەیه صادق قالق صورتیله بی طرف قالەچغمه قطعیاً سوز ویر یورم دها فضله مذاکراته لزوم وارایسه بورایه تشریفکزی رجا ایله تأیید احترام ایلرم.

محمود

[تەواو]

(٢) کوردییەکەی نامەکەی سمکۆ، وەکو لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا، بڵاوە:

سلێمانیی

بۆ حوزووری حوکمداری ئەعزەمی کوردستان

ئەمڕۆ موقەددەراتی کوردستان تەودیعی دەستی موبارەکتان کراوە. موناسیبی، نازانین هیچ =



سلیمانیه حضور حکمدار افخمییه[1]

بو گون کرُد ملتنک مقدراتی ید افخمیلرنه تودیع قلنمشدر. هیچ برایش ذات حکمدار اریلرینک امر سز لکیله یاپمەیی مناسب گورەمیز بزم گبی معذور کورد ملتنه اجمبور سکز

---

=ئیشێک بێ ئەمری زاتی حوکمدارانەتان بکرێ. بەزەییتان نایێتەوە بە ئێمەمانان کە میللەتی کورد مەغدوور بن.

ئیستیرحام ئەکەین لە هەموو خوسووسێکەوە موعاوەنەت بفەرموون بۆ ئیستیخلاسی ئەم وەتەنەمان.

سمکۆ

[تەواو]

(١) وەڵامە کوردییەکەی حەفید زادە مەحموود وەکو لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا بڵاوە:

ئەربیل؛ قەهرمانی کوردستان حەزرەتی ئیسماعیل ئاغا

ئەڵبەتە تەقدیری ئەفەرموون کە بە تاقی تەنیا لە ڕێگەی سەندنی حوقووقی میللەتی کورددا لە پێش هەموو کەسێکەوە بە چ دەرەجەیێک فیداکارییەکم کردووە و بەو نیسبەتەش فەلاکەتم دیوە. ئەمڕۆش بە ئیتتیفاقی قەهرەمانێکی وەک زاتی وەتەنپەروەرانەی ئێوە بۆ گەییشتن بە عەینی غایە، دەرەجەی ئارەزووم ئیحتیاج بە ئیزاح ناکات، حەواڵەی تەقدیری ویجدانی جەنابتانی ئەکەم. لاکین ئەبێ بۆ مودافەعەی حەق خۆمان بهاوینە ناو جیدال و مەعرەکەی شەڕوشۆڕ و بۆ سەندنی غایەی میللەتی کورد بێ کە حەیاتی ئەم قەومە، فەنا بکەین. ئەمڕۆ حەقێکی ڕەسمیی نەدراوە بە میللەتی کورد، ئێمە کە ببێتە سەبەبی جونبوش و مودافەعەی دوشمنانی خاریجیی و هەرچەند ئێمە داوای لوتف و حوقووقمان کردبێ، بە نەوع نەوعی وەعد و بەهانە، ئیهمال کراوە. سێ مانگ لەمەوپێش حوکوومەتی فەخیمەی بریتانیا ئەو موعاوەنەتەی کە وەعدی فەرمووە، لە سەد یێکێکی بەجێ نەهێناوە تاوەکو منیش میللەتی کورد بە ئیستیقبالەوە تەماعداریان بکەم. بۆ حەقی شەڕوشۆڕم پێ خۆشە، بەڵام بۆ ناحەقیی پێم خۆش نییە کە خوێنی موسڵمانی کورد بڕێژم. ئەگەر لوتفەن حەقی خۆمان پێ ببەخشرێ، حازرین بۆ هەموو فیداکاریی و دەفع و دوورخستنەوەی موعتەریزەکان، ئەگینا هەر بۆ تاعەتی موتڵەقەی حوکوومەتی فەخیمە بە قەتعیی، قەول ئەدەم کە بێ تەرەف و سادیق ئەمێنمەوە بەرامبەر بە دەوڵەتی موعەززەمەی بریتانیا... ئەگەر لەمە زیاتر لوزووم بە موزاکەرە هەیە، بۆ تەشریف فەرموونتان ڕجا و تەئیدی ئیحتیرام ئەکەم.

مەحموود

١٤ کانوون ئەووەل ٣٣٨

[تەواو]

هر خصوصده وطنمزک استلاحصنه معاونت بیورلمەکزی استرحامات اید یورز.(١)

سمکو

١٤ کانوون ئەووەل ٣٣٨

[تەواو]

(١) رۆژنامەکە سەرەتایێکی کورتی بۆ بلاوکردنەوەی نامەکەی سمکۆ نووسیوە کە ئەمەیە:

بە تەئریخی ٩ی ڕەبیعولئەووەل ٣٤١ و ژمارەی ٧٠ی غەزەتەی (ستارەی ایران/ ستارەء ایران) موخالیفی حەقیقەت بەعزێ نەشرییاتی کردبوو، بۆ تەسحیحی ئەفکاری عوموومی، سەرداران و مونەوویرانی کورد، مەجبوور بووین، موخابەراتێ کە لە بەینی حەزرەتی مەلیکی کوردستان و جەنابی سمکۆ و سەیید تەهادا جەریانی کردووە، دەرج و نەشری بکەین.(*)

[تەواو]

*(*) نامەکانی نێوان سەیید تەها و حەفید زادە مەحموودم ڕەچاو نەکرد و وەرگێڕانی نامە کوردییەکانم بە دەستکاریی ڕێنووسیانەوە نواندووە!*



📖 پ. ن؛ کە: ١/٢/٣(*)

[سمکۆی شکاک ـــ حەفید زادە مەحموود](١)

[هەولێر]

١٤ کانوون ئەووەل ٣٣٨ [١. ر/ ٢/١/١٩٢٣ز](٢)

سلیمانیه حکمدار

انگلیز حکومتذدن بشقه بزه حقوقمزی بخش ایدەجک، بر کسه یوقدر و بزه ایدەجکی لطفه قارشی خذمت بکلیور و بو حقوقمز بلا شبهه که آله بیلورز جانب حکمداریلرندن

(*) رۆژی کوردستان – س ١، ژ: ٧.

(١) وەڵامی حەفید زادە لە هەمان سەرچاوە و بە هەمان مێژووەوە:

📖 پ. ن؛ کە: ٢/و–٢/٤

[مەحموود ـــ ئیسماعیل ئاغا/ سمکۆ]

اربیلده – کوردستان قهرمانی اسماعیل اغا حضرتلرین

حقیقتاً هر نعمت ایچون اختیار کلفت و هر لطفه قارشو عرض تشکر ایلمک لازمدر، فقط روا کورملیان لطفه اختیار کلفت ایلمک بشقه لرک منافعنه فدای موجودیت ایتمک دیمکدر.

انگلیز حکومت فخیمه سندن غیری بزه حقی حیات ویرەجک و کند وسندن آتی یی دیلنەجک کیمسه بیلمیورم. لطفا احسان بیوریله حق حقمزک معترضه قارشی قیامی مشروع بیلدیکم قدر بلا سبب مجادلەیه کرشمکی ده او نسبتده غیر معقول بیلرم ملیتمزی اعتراف حقمزی تقدیره مرحمت و مخاصممزه قارشی یاپیله حق حرکاتده مادی معاونت ایدەجکلرینی وعد بیورلن حکومت فخمەنک ایفای مواعیدی حالنده بتون کورد ملتی بلا تردد وطن دشمن ددفعه مهیادر بو کون وطنک معترضی ملتمک دشمنی کسدره میورم بزه حق ویران کیمدر و حضمزه تعرض ایدان قانغی حکومتدر.

سببیتی بیلمەدن حقمزی کورمدن مجادلەیی نه ایچون یا پەلم و کیمک حسابنه قان آقندیرەلم بزده بو کا قاتلا نسەق اوقه مزده بر کورد معاونتی بولمیورز چونکه قانغی حقه قارشو مدافعه و ملت قاننی فدا ایدیور سکز صور رلرسه ویرەجک جواب بولمیورز، بناءً علبه غیره رسمی مخاصمه یایمقدن ایسه حکومته اطاعت و بی طرفانه اولەرق خانەمده اقامتی ده امناسب کوریورم فرمان.

محمود

[تەواو]

(٢) کوردییەکەی نامەکەی سمکۆ وەکو لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا بڵاوە:

سلێمانیی – بۆ حوزووری حوکمداری ئەفخەم

لە حکوومەتی ئینگلیس بەولاوە کەس نییە حوقووقی بە ئێمە ببەخشێ و موقابیل ئەو لوتفە کە =

یالعسكز چیقمه لرینه دا عمر اراده بیورلورنه عون حقله مسلمان قاننی دوكلمكسزین، بوراده چیقاروم و حقوقمزی هر جالده آلیزاویله مصلحت كوریورم ال برلكیله دشمنی ایچرومزدن چیقاروب ینه ال برلكیله حقوقمزی بریطانیا و عرب حكومتندن آله‌لم فرمان.(۱)

**١٤ كانون ئەووەل ٣٣٨**

سمكو

[تەواو]

= لە گەڵمان ئەكات، چاوەڕوانی خیدمەتی ئێمەیە. ئەم حوقووقە بێ شوبهە ئەتوانین ببینین، (ئەگەر هەر لە جانیبی حوكمداریتانەوە ئیرادەیێكی دەركردنیان بێ!) بە عەونی خودا بێ خوێن ڕشتنی موسڵمانان (لێرە دەریان ئەكەم!) و حوقووقیشمان بە هەموو نەوع وەرئەگرین.

دا مەسڵەحەت ئەبینم كە بە یێكەوە دوشمن لە ناو خۆمان دەركەین و حوقووقیشمان هەر بەیێكەوە لە حوكوومەتی بریتانیا و عەرەب وەرگرین.

١٤ (ئەو مانگە)

سمكۆ

[تەواو]

(١) وەڵامە كوردییەكەی حەفید زادە مەحموود وەكو لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەكەدا بڵاوە:

**ئەربیل – قەهرەمانی كوردستان حەزرەتی ئیسماعیل ئاغا(*)**

**حەقیقەتەن بۆ هەموو نیعمەتی ئیختیاری زەحمت و بۆ هەموو لوتفێ عەرزی تەشەككور لازیمە، لاكین بۆ لوتفێ كە ڕەوا نەبینرێ؛ ئیختیاری كولفەت كردن لەوە ئەچێ كە فیدای مەوجوودییەت بكرێ بۆ مەنافیعی خەڵقی كە. غەیری حوكوومەتی بریتانیا ئەویی حەقی حەیاتمان بداتێ و ئومێدی سەعادەتی لێ بكرێ، كەس شك نابەم، وەكو قیام كردن لە موقابیلی موعتەریزی ئەو حوقووقەمان=**

*(*) نامەكەی سمكۆ بۆ حەفید زادە كە تێیدا گوتوویەتی؛ (ئەگەر هەر لە جانیبی حوكمداریتانەوە ئیرادەیێكی دەركردنیان بێ!) هەروەها كە گوتوویەتی؛ (لێرە دەریان ئەكەم!!)، ئەمەی مەبەستی لە (نیرووەكانی توركە كە هاتبوونە ڕواندز) و هەڕەشەیان لە دەسەڵاتی بریتانیای داگیركەری كوردستان دەكرد و بریتانیا كۆششی كرد – وەك نامەی بڵاوكراوەی مێجەر نۆیێل بۆ شێخ عەبدولكەریم قادر كەرەم بەڵگەیە – بە هۆی (سمكۆ)وە كارێ بكرێت حەفید زادە مەحموود قایبل بكات بە دووركەوتنەوە لە تورك و دەركردنی ئەو نیرووانەی. هەڵبەت وەكو لە ئاشناكردنی نامەكەی نۆیبل بۆ شێخ عەبدولكەریم ئاماژەم كردووە؛ سمكۆ كە هات بۆ دیدەنیی حەفید زادە، نەك هەر تێكەوتنەكەی سەری نەگرت، بگرە خۆیشی لە پشت بەستن بە بریتانیا دووركەوتەوە (بنۆڕە نامەی مێجەر نویێل!)*



📖 ☼ پ. ن؛ ت: ٣/١/٥(*)

[ئەرزوحاڵنامەی حسێن عەبدولفەتاح – ناظم ــــ سەر وەزیرانی عێراق](١)

[سلێمانیی]

**١١ ئەیلوول ١٩٣١ز**

عراق رئیس الوزراسی حضور فخیمانەلرینه عرض و تقدیم فخامتلو افندمز حضرتلری:

عراقك موجودیت سیاسیه واستقلال ذاتیه مظهریتی شبهەسز كه بتون عراقلیلری عین صورت متساویه ده دلشاد افتخار ایتمشدر. حالبوكی و سائراوارایەده استحالەلی مساواتزلك بو ابتهاج روحیەیی انكسار خیاله اوغراتمشدر. معلوم علم فخیمانەلری بیورلدیغی وجهتله عراق هر عراقلینن آغوش مادری و بلا استثنا عمومك مهدی شفقتی اولدیغی حالده مساواتسزلكله بر قسمك مشیمهء پرورشندن مأیوس و محروم بیوریلیور.

بندەلری سلیمانیه لی اولمق اعتباریله عراقلیم موصلك انحلالی صره سنده چمچمال قائمقامی ایدم انحلال بالطبع بندلریده آچیغه چقارتمشدر. سلیمانیەنك اوزایوب تبمك

= كە بە مەرحەمەت پێمان ئەبەخشرێ بە مەشرووعی ئەزانم بەبێ سەبەب چوونە موجادەلەشەوە ئەوەندە بە غەیرە مەعقوولی ئەزانم! هەموو میللەتی كورد بێ تەرەددود، حازرە بۆ دەفعی دوشمن خۆی بە شەرتێ وەكو حوكوومەتی بریتانیا وەعدی داوە وەعدەكەی بەجێ بێنێ؛ ئیعتیراف بە میللییەتمان بكات و بە مەرحەمەت تەقدیری حوقووقمان بفەرمووێ و لە حەرەكاتیدا كە بەرامبەر بە دوشمنان ئەكرێ ماددەتەن یاریەمان بدات. بەڵام ئەمڕۆ موعتەریزی وەتەن و دوشمنی میللییەتم ناناسم؛ كێ حەقمان ئەداتێ و چ حكوومەتێ تەعەرروزی حەقمان ئەكات!! بێ زانینی سەبەب، بێ چاوپێكەوتنی، حەق موجادەلە بۆچیی بكەین و بۆ مەنفەعەتی كێ خوێن بڕێژین؟ ئەگەر بەم حاڵە ڕازیی بین، موعاونێكی كورد لە دوای خۆمانەوە نابینین، چونكە ئەگەر بپرسن بۆ چ حەقێك مودافەعە و خوێنی میللەت فیدا ئەكەن؟ جوابمان نییە بیدەیینەوە. ئیتر لەجیاتیی دشمنایەتیی، غەیر ڕەسمی ئیتاعەت كردنی حوكوومەت و بێ تەڕەفانە لە ماڵی خۆمدا دانیشتن بۆ موناسیبتر ئەزانم!

مەحموود

١٤ (ئەو مانگە)

[تەواو]

(*) گەنجینەی دەزگەی گشتیی خانەنشینەكانی عێراق/ مدیریة التقاعد العامة – بەغداد؛ س ١٩٨٩.
(دۆستم عەبدڕەقیب یووسف لە – / ١٠/ ٢٠٠٠دا نوسراوە توركییەكەی بۆ نووسیومەتەوە).

(١) بۆ ژیننامەی حسێن عەبدولفەتاح – ناظم بنۆڕە؛ نێوداران!.

بیلمیان اضطراباتی و بو اضطراباته تنگنای معیشت بندەلرینی ٩٢٤ سنه سنده ایلولنده تورکیایه کیتمکلکمه سببیت ویرمشدر تورکیا ده حکارینک (شمدینان) و (وان) ولایتنک سرای قائمقاملغنده اوچ دورت سنه استخدام ایدلدمسەده موصلک ترکیادن افتراق ابدیەسنی قرار ویرلدیکی جهتله ارتق خدمتمدن استفاده ایدلمیه جکندن بحثله تقاعده سوق اولندم.

آرتف کندی حکومت میجلەمز عاطفتنه کیدانەرک تورکیانن تقاعدیه سندن استغنا ایدرک مسقط رأسمه دوندم. کلنجه معاهده عقبنده عراقه کلمیان عراقلیلرحق تقاعدیه دن ساقط ایدلدکلرینی اوکرندم. هر عراقلینک وطنلرینه عودت تسهیلات یاپیله جغی قناعت رغما بو مشکل اوضاعه اوغرایه جغمی خاطره بیله کوتورەمزدم چونکه ویریلان بو قراره معلوماتدار دکلرم کیچنلرده مؤخراً عودت ایدن هر عراقلینن حقوقی تقاعدیه سن تأمین ایدیلەجک. برقانونک در دست تنظیم اولدیغنی منتشر غزتەلرده اوقودم سفالتمزک رفاهتنی إستکفال ایدن بو قانونن انتشاری انتظاریله بر قاچ آی وقت کیچردم کیچن حزیران آینن ١٩ندە بغداد دن برارقه داشمزه کلان مکتوبده قانونن بر صورتیله بو قانونن مستحیل طرز اجراسی محتوی ایدی قانون (ب) فقره سیله قایل تألیف و توفیق اولمیان شرائط اجرائیەسی هپمزی تلاشه دوشردی چونکه تجنس مسئلەسی شرط اول اولەرق کوسترلمشدی ایکی سنەیە قریب زماندنبری عراق کلمش اولدیغم خالده بو طرز تجنس هر کس کبی بیلمامش وایشتمامشدم ابا عن جد سلیمانیه لی اولمق اعتباریله بالطبع عراقلی ایدم مع مافیه ٩٢٤ سنەسی ایلولنده سلیمانیه دن چقد یغمه نظراً حقوق عراقیەم باقی بولندیغنه و قانون (ب) فقرەسنده مولدینی عیراقیەیی اجنبیلرک طرز تجنسندن آیرس اولدیغنه رغماً عراقلیلریده اجنبیلرک طرز تجنسلرینه اشتراک مسئلەسی طوغریسی هپمزی شاشمەتدی، بو اصول تجنس عراقلیلر ایچونده مجبور ایدیسەندک عودتمزده بو اصوله تابع و مجبور ایتمدیلر و کلدیسه بویله نازک بر زمانده بو اصول نیرەدن چیقمش اولیور بزیالکز نفوس قیدینی بو اصوله کافی اولدیغنن قناعتنده ایدک، مع ما فیه مکتوبک ورودی دقیقەسنده حقوقمزی اسقاط ایتمامک ایحون بو تجنسک احرازی ضمننده حکومته مراجعت ایتدک، ایجاب ایدن معامله شرطه دائرەسنده في ٢٠ حزیرانده إکمال و بغداد تحقیقات دائره سنه تقدیم ایدلری. دائره مذکوره بو اوراقی نقصانی معامله نامیله درت دفعه اعاده وهر دفعەسنده بو راده تأخیر ایدلمیەرک، تکرار تقدیم ایدلری شمدی دوائر حکومتجه تأخره اوغرا دیلان کیفیتد نطولایی بو بابده استرحاماتمزه باقلمیور



بو مسئلەده بندەلری مراجعتده بر آن بیله تأنی کوسترمدم قانون عمومی و بو شرط تجنسه مربوط ایسه بو معاملاتنن اکمالی نظره آلنوب اکاکوره مساعد بر زمان تعیین بیورلمسی لازم کلیوردی و یاخود عودتمزله برابر بو اصول تجنسه مجبور طوتلملی ایدک بوندن بشقه قانون ٩ حزیران تأریخننه ارادەدن چیقدیغی حالده ٣٠ حزیران ده سلیمانیەیه کلان وقائیع عراقیەده انتشار ایدیور حالبوکه ٢٣ حزیران شرائطک اکمالی شراطآ قوشیلور ما دامکه ٢٣ حزیران بو ایشه نهایت ویرلیور حزیران اپتدا سنده تلغرافله هر طرفه اعلان اولنمق لازم کلمزمیدی معاملاتنن احوال عمومیەسندن استدلال ویریلدکنه کوره بو قانون متساویآ ملت عراقیه ایچون دکل بغداده موجود حکومتک ملتزم و ملتمس اولان، بر قاچ ذاته منحصر قالمق مقصدی تعقیب ایدلرکی اکلاشیلیور بوده بر حکومتک ملته قارشی تجویز بیوریلەجک بر حال اولوب اولمدیغنی نزاهت وجدانیەء افخمیلرینه بورافیورم اساسآ یاپیلان بو قانون اوروپایه سیاحت اعظمیلری زماننه تصادف ایلمش اولدیغنه بناءً بو بابده کی مستحیل معاملاتی وجدان افخمیلره حضورنده بر وجه معروض استیناف ایلرم یدی نفوس افراد عائلەم واردر بر خانەدن بشقه هیچ بر ملک و املاکم یو قدر، حیات مأمورینم هردرلو شائبەدن ازاده اولدیغی. سجل جزدانم شاهدر شو حاله قارشی مع عائله اوغراد لدیکم سفالته نهایت ویرلمسی ایچون مروت اعظمیلرینه ملتجیم.(١)

سلیمانیەنک گویژه محلەسی ساکنلرندن

ملکیه قائمقاملغی نه متقاعد

حسین ناظم بن عبدالفتاح

[تەواو]

(١) مەتنی وەرگێڕانی نامەکە - بەکورتیی لە تورکی لەلایێن سامیی کوڕی حسێن نازمەوە بۆ عەرەبیی و لەئەوەشەوە لەلایێن خۆمەوە بۆ کوردیی - ئەمەیە:

١١ ئەیلول ١٩٣١

پایەبەرزی بەڕێز سەروەزیرانی عێراق

حەزرەتی ئەفەندیی گەورە...

گومان نییە ئەو کەشە خۆش و پڕ شادییەی کە عێراقی گرتەوە بە دەستگیر بوونی سەربەخۆیی، هیوای هەموو عێراقییەک بوو تا هەموو مافێکیان بێتە دیی و بەیێکسانیی شاد بن و هیچ کەسێ تووشی ستەم نەبێت! من کە هاونیشتمانییەکی خەڵکی سلێمانییم، بەر لە داگیرکاریی، =

.......................................................

=قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بووم. داگیرکردنی عێراقیش لەلایێن بریتانیاوە، کەشێکی ناهێوور و بارێکی شلۆقی لێ کەوتەوە کە ناچاری کردم عێراق بەجێ بهێڵم و پەنا بەرمە بەر تورکیا. لە ئەوێدا و لە ئەیلوولی ١٩٢٤ز.دا دامەزرا. بە قائیمقامی قەزای «شەمدینان»ی هەرێمی «هەکاریی» و قەزای «سەرا»ی هەرێمی «وان». نزیکەی چوار ساڵێ بە ئەو فرمانەوە کارگوزار بووم، بەڵام باری ئەو نێوچەیەش گۆڕدرا و بە کەڵکی ئەوە نەما بمێنمەوە. ئیدی خانەنشین کرام و منیش بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ سلێمانیی مەڵبەندی لە دایک بوونم. وەکو تێبینیم کرد لە ئەو ماوەیەدا کۆمەڵێ بڕیار لە چاکەی کەسانی گەڕاوە بۆ نیشتیمان دەرچووە و هەموو مافێکیان دەستگیر کرد، لە ئەوانەدا مافی خانەنشینیی لە ئەو هەلانەدا من پێوەندیم بە هێندێ خزم و دۆستەوە کرد دا، ئەوانیش ڕاستیی ئەو باسەیان بۆ سەلماندم. بێ گومان قانوونێ دەرچوو بوو کە بەپێی بەندی (ب)ی، مافەکانی خانەنشینیی. ئەو کەسانەی مسۆگەر و دابین کردووە کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان، بە مەرجێ ڕەگەزنامەی عێراقییان هەبێت. دوای گەڕاندنەوەم بڕوام هەبوو کە هەر هێندەی ڕووم کردە دەزگەکانی پۆلیس و داوای ڕەگەزنامەی عێراقیم کرد کە لە باب و باپیرەوە قەیدی نوفووسم هەیە، کاروبارم بۆ ئاسان دەکرێت، بەڵام مخابن کە ئەم هاتن و چوونە بۆ تەواوکردنی ئەم باسە زۆر درێژەی کێشا گۆیا ناتەواوە، بۆیێکا سەرئەنجام کەوتە گۆشەی فەرامۆشییەوە. دوای ئەم هەموو ماندوویی و بێ بەش بوونە، ئەوە بە ڕەوای دەزانم کە لە ئەم مافەم بێ بەش نەبم کە من ئەرکی دابینکردنی ژینی حەوت سەرخێزانم لە ئەستۆدایە و لە خانووی نیشتەنیم پتر، چ سەرمایەیێکی دیم نییە! ئەوە ئەم داخوازییەم دەخەمە بەردەستی پایەبەرزیتان تا بە ویژدانی زیندووتانەوە سنوورێ بۆ ئەم باسە دابنێن و ئارەزووش دەکەم بزانن کە من لە ژینی کار و فرماندا کارامە و دەست پاک بووم و دەفتەری خزمەتگوزارییشم چاکترین بەڵگەیە و شایەتی ڕاستییە!

دواجار ڕێز و پێ زانینم بۆ پایەبەرزیتان دەنوێنم.

١١/ئەیلوول/١٩٣١

سلێمانیی – گەڕەکی گۆیژە

قائیمقامی موڵکیی خانەنشین

حسێن نازم کوڕی عەبدولفەتاح

[تەواو]



📖 پ. ن؛ ت/ ڕە: ٦/١/٤(*)

[دەزگەی مەشیەخەتی ئیسلامیی عوسمانیی ـــ مەلا ئەحمەد دیلیژەیی](١)

[نووسینگەی] دائرة مشيخت إسلامية

[ژ؟] قلم مكتوبى – عدد «؟»

١٢٧٩ک/١٨٦٢ز

عزت مآب سليمانيه قضاء سنده ساكن دليژەلى احمد افندى

بعد السلام

انها اولنوركى قضاء مزبورده مأذون بالافتاء اولان عبدالرحمن افنديںك مقدما وقوع وفاتيله سنک أهليت واستحقاقكه مبنى خدمت جليله فتوايه ماذونيتک قضاء مذكوردن با مضبطه استدعا و بغداد والى دولتلو پاشا حضرتلرى طرفندن انها ولنمغله متوفاى مومى اليهنک برينه قضاء مزبورده افتايه طرفمزدن سكا اذن ويرلمشدر كركدركه لرى الاستفتاء اقول أئمة حنفيه عليهم الرحمه رب البريه ايله افتا ايدرب كتب معتبردەن نقل صريح وامضالرينه سليمانيه مفتيسى (...) تصريح ايليەسز والسلام(٢)

حرر في غرة شهر ربيع الاخر لسنة تسع و سبعين و مائتين والف

الفقير محمد سعدالدين

عفى عنه

(*) گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسف، بڵاوکراوەی گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ.

(١) بۆ ژیننامەی مەلا ئەحمەد مەلا مەحموود – ناسراو بە چاومار – بنۆڕە: نێوداران. لە بارەی دەزگە نێوبراویشەوە چ هەواڵێکم لەبەردەست نییە بیخەمە ڕوو!

(٢) وەرگێڕاندنی نامەکە بۆ کوردیی ئەمەیە:

خاوەند عیززەت؛ دانیشتووی قەزای سلێمانیی ئەحمەد ئەفەندیی دێلێژەیی دوای سڵاو... پێتان ڕادەگەیێنین بە بۆنەی مردنی موفتیی عەبدوڕڕەحمان ئەفەندییەوە، پەسن و شایستەیی ئێوە بۆ فرمانی گەورەی موفتیاتیی، لەلایێن قەزای نێوبراوەوە، بە مەزبەتە داواکراوە. خاوەند دەوڵەت؛ پاشای بەغداد – والیی/کەمال – تەسدیقی فەرمووە. ئەوجا لە شوێنی کۆچ کردوودا، دامەزرایت بە موفتیی! پێویستە لە کاتی فەتواداندا و بە ڕاستترین گفتاری ئیمامی حەنەفیی مەزەبان – خوا =

پ. ن؛ ت/ڕە: ٧/١/٥ [*]

[مەزبەتەنامەی ناسراوانی سلێمانیی ـــ سوڵتانی عوسمانیی] [١]

[سلێمانیی]

[س ١٩٠٢ز]

امیر المؤمنین و خلیفهء روی زمین

پادشاه عالیشان افندمز حضرتلرین عتبهء شهنشاهلرینه حضور صدارتیناهییه

اشقیابه تصاحب اشراریه لطف و معاوندایدن لوافرک متصرفی (جمال بگ) سوء ادارەسیی یوزندن امنیت کلیاً منسلب اولمغله مملکتمز عادتا بر ماتمخانه کیسلمشد، متصرف مشار الیهنک و معاونتلنر مقرون اولان، قتل نفوسه، نهب اموالنه دائر تعدیاتلری اهالیء مظلومەنک داخل و خارج امنیت و اسایشنی اخلال ایتمشدر اشبو دوام ایتمکده اولان فجیعەنک آسایشه تبدیلنه مساعده ایدرطنیله مشار الیه ویردیکمز عرضحا للریمزی رسماً اوزریمزه دایدەرک بزی مرحمت حکومتدن مأیوس ایتدیکندن دیوانەدا و اغلیه اغلیه ماتمخانەمزه مراجعتله حسرت (...) واش ویرشمزک واسطەسی اولان چارشو بازارفر و دکانلرمز برماهدنبر و قپالی قالەرق عدالت حکومتنه انتظاراً تعطیل و اخراجات و ادخالات تجاریەدنده مجبوراً صرفنظر ایتمشدر شمدی یالکز ناموس و عرضمزک حفظی جناب باريء توديعاً كيفين (...) فی ٢ و ٧ و ١١ كانون ثانی سنه ٣١٧ تاریخلرده متقدم عریضهء تلغرافیەمز عتبهء شهنشاهینی وارمزه واروس ظهور

=لێیان ڕازیی بێت - بەکار ببەیت و مەتنەکانی کتێبە پەسەندکراوەکان لە کاتی ئیمزا کردندا بە ڕاشکاویی (......) بگوێزیتەوە و موفتیەتیی سلێمانیی بنوێنیت. وەسسەلام. [**]

هەژار

محەممەد سەعدوددین

خوا بیبەخشێت

[تەواو]

(*) گەنجینەی ئاغا فەتح الله - لە فەرەیدوونی کوڕەزایەوە - سلێمانیی؛ س ١٩٨٨ز.

(١) بۆ یێکەم جار لە: کوردستانی نوێ - ژ ؟، ؟ ١٩٨٨ز. دا بڵاوم کردووەتەوە.

*(**) عەبدوڕڕەقیب یووسف لە؛ ٧٣/١ـەوە.*



ایتمدیکزنه در یای یأس وتحیرده قالەرق اضطراب حال و پریشانیت أسف اشتمالمزه برقانەها اشرایه قارشو ویردی. بو اسارتله یشامکدن ایسه موت (...) بر نعمت عظیمدر.

جناب حق شو فضایخی دین اعدالرمز (......) حالان معروضەنک تحملهء تاب اور اولدیه جقمزدن دوچاری بولند (...) نار جهنم ظلمدن اخراج و بهشت عدالت حریه ایصالمزی متضرعاً شوکتماب افندمز بالاسترحام شفیعمز بولفان رسول اکرم حرمتنه اولسون بر آن اول چارەمزه فرمان بیور لمسنی تکراراً عتبهء شهنشاهیه دخالت ایلر (...) فرمان!

[نێوەکان و مۆرەکان ـــــ سلیمانیه علماء اهالیلری]

[نێوەکان و مۆرەکان ـــــ سلیمانیه تجارلری] [١]

(١) کاک عوسمان محەممەد ڕەشاد موفتیی؛ لە س ١٩٩٦ز. هەولێردا بۆی کردم بەعەرەبیی و تەواوی وەرگێڕاندنەکەش - لەلاییێن منەوە - بۆ کوردیی ئەمەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ بارگەی میری ئیمانداران، خەلیفەی سەر ڕووی زەمین، [*]

سوڵتانی پشتیوانی عالەم، سەدارەتی ئەعزەم. [**]

خاوەند چەتەکان و یار و یاوەریان؛ موتەسەڕڕیفی سلێمانیی (جەمال بەگ) [***] لەبەر نالەباریی ئیدارەیی، ئەوە تەواو ئاسایشی نەهێشتووە و مەملەکەتەکەمان تووشی کارەسات کردووە. موتەسەڕڕیفی نێوبراو بووەتە مایەی کوشتن و تاڵان بوونی سەر و ماڵی خەڵکیی زوڵم لێ کراو، ئاسایشی نێوخۆ و دەرەوەیشی پەرێشان و نابووت کردووە! ئەم بارە خەمناکە، ئەگەر ئەوهە بڕوات، هەروەها بێ دەنگیی لە ئەو مەزبەتە ڕەسمییانەی پێشکەشمان کردوون؛ هەموو لە ئاستی مەرحەمەتی حوکوومەت هیوابڕاومان دەکەن. خەڵکی ئەم بازێڕە بەشیان گریانە و خەڵکانی دیی کە =

(*) مەبەست سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمە.

(**) سەدارەتی ئەعزەم: سەرۆەزیران (دیارە وێنەکی مەزبەتەکەی بەرەو ڕوو کراوە).

(***) جەمال بەگ: موتەسەڕڕیفی سلێمانیی ساڵانی ١٩٠٢ز - ١٩٠٣ز بووە. بڕوا دەکەم ئەم کابرایە هەر ئەو کەسە بێت کە (تەیخولعیراق بەینە ئیحتیلالەین/ تأریخ العراق بين احتلالين - عباس العزاوی؛ ج ٧، ص ٢٥) بە ئەم جۆرەی باس کردووە؛ والیی بەغداد، جەمال بەگ (١٩١١/٨/٢٦ز - ١٩١٢/٨/١٧ز) دوای دەستبەرداربوونی لە هەرێمی بەغداد، لە دوا مێژوودا ڕووی کردەوە ئەستەنبووڵ. خاوەندی گۆڤاری (لوغەتولعەرەب/ لغە العرب) ستاییشی ئیدارە و کارگێڕیی کردووە و بە لێزانی ژماردووە. بەڵام نووسەر مەحموود حەمۆشی عەرەب ئەوهەی لێ گوتووە؛ نێوبانگی خراپە و لەگەڵ خانمی ڕێبەری بانکی عوسمانیی خەریکی دانس - سەما - کردن بووە. لە نێو عەرەبدا نێوبانگی بە خوێنڕێژ ←


= ڕووی تێ دەکەن، هەناسەی حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشن کە لەوەتیی مانگێکەوە بازاڕەکانی هەڵگیراوە و چاوبڕدراوەتە دادپەروەریی حوکوومەت. ئەوە داهات، کڕین و فرۆتن پەکیان کەوتووە و هەر ئەوەمان بۆ ماوەتەوە، بۆ ئاسوودەیی و پاراستنی شەرەف و ناموسمان خۆ بدەینە دەست باریی تەعالا! دوای مەزبەتەکانمان کە لە ڕۆژانی ٢، ٧، ١١ی کانوونی دووەمی ١٣١٧ (ر = ١٥، ٢٠، ٢٤ کانوون دووەم ١٩٠٢/k) کە بە تەلگراف بەرەو ڕووی بارەگەی شاهانەتان کرا، ئەوەتە چونکە چ ئەنجامێکیانمان دەستگیر نەبووە، تووشی دڵشکاویی و داماویی بووین. ئەوەتە کەوتووینەتە دەریای دڵشکاویی و سەرسامیی و پەرێشانیی و پەشیمانیی. پەژارەش دووقات گیرۆدەی دڵشکاویی کردووین. سا مردن لە ئەم بارەدا وەکو نیعمەتێکی مەزنە و لە تەعالای حەق دەپاڕێینەوە کە دوژمنانی دین و کەسانێکی مایەی ئەم کارە ناڕەوایانە تەفروتونا و لە ئاگری دۆزەخ ئێمەش ڕسگار بکات و بمانخاتە بەهەشتی عەدالەت و حوڕڕیەتەوە. لە خاوەند توانا و دەسەڵات – ساحیبولشەوکە – دەپاڕێینەوە و ڕەحمەت و شەفاعەتی پەیامبەری ئەکرەمیش پشتیوانمانە تا بەزووترین کات چارەسەرێکمان بکرێت! سەرلەنوێ بارمان بۆ بارەگەی شاهانەتان دەنوێنین و دەپاڕێینەوە کە فەرمانێ لە ئەم ڕووەوە دەربکەن!. (****)

→ ڕۆیبیشتووە چونکە لە «شام»دا خەڵکێکی زۆری کوشتووە. خۆی وەکو فێرگەی حەربییەی تەواو کردووە، ئەندامێکی (ک. ی. ب – عوسمانیی) بووە. چەند جارێک موتەسەڕڕیف، والیەتیی کردووە، تەنانەت بووشە بە وەزیری دەریایی. وەک فەرماندەی بەرەیێ چووەتە وڵاتی (سووریا) و پەلاماری «کەناڵی سوێس»ی داوە و شکاوە. خەڵکەکە لێی بێزار بووە و ناچار گەڕاوەتەوە بۆ وەزیریی دەریایی. دوای ئاگربڕی (١. ج. گ) لە ئەستەنبوولدا نەماوە و دوورکەوتووە. ماوەیێ لە ئەورووپادا ژیاوە. دوایی چووە بۆ ئەفگانستان و بەتەمای ڕێکخستنی سوپا بووە. دوایی بۆ دیدەنیی ماڵ و منداڵی و هێندێ کاروباری چووە بۆ «بەرلین» و لە ڕێگەی گەڕانەوەشدا بۆ ئەفگانستان و لە باژێڕی «تەفلیس»دا ئەرمەنەکان ڕاویان کردووە و خۆی و دوو کوڕیان کوشتووە. وێ دەچێت لە کوشتاری ئەرمەندا تاوانی زۆر بووبێت!

(****) ڕەنگبێ خوێندەوار پەرۆشی ئەنجامی (مەزبەتەکە) بێت، بۆیێکا دەبێژم؛ بەپێی چەند بەڵگەنامەییێکی ڕەسمییانەی تورکیی زمان و دەرچووی موتەسەڕڕیفی سلێمانیی و ئیمزاکراوی (موتەسەڕڕیف جەمال پاشا/ محەممەد جەمال) ئەوە نێوبراو، بەڕۆشنایی دوو نامەی ١١ی ذیلقەعیدەی ١٣٢٠ک/ ٢٧ کانوونی سانیی ٣١٨ر – ١٩٠٢/٩/١ز، هەروەها ١٩ی ڕەبیعولئاخیر ١٣٢١ک/ ٢ی حوزەیران ١٣١٩ر – ١٩٠٣/٥/١٦ز (هەر حوکمڕانیی سلێمانیی) بووە کە بەئەمەدا دیارە، مەزبەتەکە بێ ئەنجام بووە و (موتەسەڕڕیفی نێوبراو هەر لە سلێمانییدا ماوەتەوە!)



زانایان و خەڵکی سلێمانیی(*****)




→

(*****) ساغ کردنەوەی نێوەکان گەلێ گرانە و کاتی پێ دەوێت. لە ئەو پێناوەشدا – لە کوردستانی نوێدا – خوێندەوارانم ئاگادار کرد و ئەمێستەش دووبارەی دەکەمەوە، هەر کەسێ ئەسڵی ئەو (مۆرانە)ی لە لا هەیە ئاگادارم بکات تا بتوانرێت شوناسنامەیان بناسرێتەوە و مافی ئەو هەڵوێستەیان ون نەبێت.

تێبینی: ئەم وێنەیە: (___) هەروەها: ___ نیشانەی ئەو نێوانەن کە نێویان مۆریان لێ نەداوە، هەروەها نێویان نەنووسیوە!.

## بازرگانانی سلێمانی

| | |
|---|---|
| محەمەد | محمد عبده |
| ڕەحیم | محمد رحیم |
| تۆفیق | محمد توفیق |
| فەرەج | [____] |
| ئیبراهیم | [____] |
| مەحموود | [____] |
| عەبدوڵڵە | عبدالله |
| مەعروف | معروف عبده |
| عەبدولقادر | عبدالقادر |
| ئەحمەد | احمد |
| عەبدولعەزیز | عبدالعزیز |
| ئەمین | امین |
| ئەحمەد | احمد |
| ساڵح | محمد صالح |
| عەبدوڵڵە | عبدالله |
| سەعید | محمد سعید |
| مستەفا | مصطفی |
| فەتح الله | فتح الله |
| عەبدولعەزیز | [____] |
| عەبدولغەفوور | عبدالغفور |
| ساڵح | [____] |
| عەلیی | علی صابر |
| ساڵح | محمد صالح |
| مستەفا | [____] |
| حەسەن | حسن |
| مەحموود | [____] |
| محەمەد | محمد |
| عەبدورڕەحمان | عبدالرحمن |
| ساڵح | محمد صالح |
| قادر | عبدالقادر |
| ئەحمەد | [____] |
| عەبدولفەتاح | عبدالفتاح |
| سەعدالله | [____] |
| حەسەن | [____] |
| ئەمین | محمد امین |
| عەبدولعەزیز | عبدالعزیز |
| عەبدالله | عبدالله |
| عەلیی | [____] |
| مەحموود | [____] |
| ئەمین | محمد امین |
| قادر | [____] |
| ئەمین | محمد امین |
| ساڵح | محمد صالح |
| سەعید | محمد سعید |
| عەبدورڕەحمان | عبدالرحمن |
| ساڵح | صالح ابن عزیز |
| ئەمین | محمد امین |
| ____ | |
| ____ | |
| ____ | |



| | |
|---|---|
| قادر | عبدالقادر |
| عەلی | محمد علی |
| ساڵح | صالح صدقی |
| سەعید | محمد سعید |
| ڕەشید | محمد رشید |
| ساڵح | محمد صالح |
| محیەددین | محی الدین |
| عەبدالله | عبدالقادر |
| عەزیز | عبدالعزیز |
| عەبدالله | عبدالله |
| محەمەد | عبده محمد |
| ئەحمەد | احمد معروف |
| محیەددین | یا محی الدین |
| عەزیز | محمد عزیز |
| محەمەد | محمد |
| عارف | عارف |
| شەریف | محمد شریف |
| ئەمین | [____] |
| محیەددین | محی الدین |
| عەلیی | یا علی |
| فەتاح | یافتاح |
| ڕەشید | محمد رشید |
| فەرەج | فرج |
| ئەمین | محمد امین |
| فەرەجوالله | فرج الله |
| ئیبراهیم | عبده ابراهیم |
| فەتاح | عبدالفتاح |
| لاوە | لاوه عبده |
| مەحموود | یا محمود |
| فەیزالله | فیض الله |
| ئەمین | محمد امین |
| کەریم | عبدالکریم |
| ئەمین | محمد امین |
| عەزیز | عبدالعزیز |
| ئیبراهیم | عبده ابراهیم |
| عەبدالله | عبدالله |

[تەواو]

# بەشی پێنجەم

## ١- پەخشاننامەی کوردیی - کەسیی

✡ پ. ن؛ کە: ٢٩/١/٤٤(*)

[ئەحمەد تۆفیق بەگ پشدەریی ـــــ شێخ ئەمین محەممەد خاڵ](١)

[سلێمانیی]

١٠ ذیلحیجەجە ١٣٤٩ (ک = ٣شەممە ٢٨ی نیسان ١٩٣١ز)

٩٠٠.

قوربانی حەزرەتی شیخم

لە دوای عەرزی ئیفتیخار بە دوعای خێر و ئیستیمالەی تەوەججوه (...)!!

ئەمرنامەتان زیارەت کرا. بەپێی فەرمایشتان تەوەسسول ئەکەین بۆ تەئمینی مەقسەد و بە عینایەتی ئێوە ئینشاالله مووەففەقییەت ئەبێ. بیلموقابەلە بۆ ئەم جەژنە پیرۆزباییتان عەرز و تەئهنیئەت ئەکەم و ئومێدەوارم لە حوسوولی فەراغەتی مومکینەدا موشەڕڕەفیابی خۆشتان بم! بەم وەسیلەیە ئەمەلی فەیز و بەرەکەتتانم هەیە قوربان.(٢)

١٠ ذیلحیجەجە ٣١٩

موخلێستان

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ – سلێمانیی؛ س ١٩٨٥.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ئەحمەد موتەسەڕڕیفی ئەو هەلەی سلێمانیی بووە.(**)

*(**) دوو مانگ دوای ئەم نامەیەی ئەحمەد بەگ، شێخ ئەمین مردووە!*



📖 پ. ن؛ کە: ٢٩/٢/٤٥(*)

[ئەحمەد تۆفیق بەگ ـــــ خۆولاّیەتەکانی سلێمانیی](١)

[سلێمانیی]

٢٤/٤/١٩٣٥ز

بۆ هەموو هاوولاّتیی خۆشەویستانم

قیسمەت وایە کە لێتان جوێ ببمەوە. لەبەر ئەوەی کە بەم دەمودەستە نەتانئەگەییشتمێ، ویستم بە نووسین خواحافیزیتان لێ بکەم.

ئێستا من هەرچەندە لێتان جوێ ئەبمەوە، بەلاّم ئەم جودائیەی هەر بۆ نییە. لە هۆش و دڵم بەشێکی موناسیبی لاتان ئەمێنێ و بەجێی ئەهێڵم و تا وەقتێ پێویست بێ، بتوانم لە خزمەتتاندا بەتەواویی حازر بم. زاتەن سروشتم، سەرنوشتم کە لەم خاکە پاکەیە – کوردستانی عێراق – بێ ئیختیار، دڵ و گیانم، پێوەند و پێویستیەتی!

هەموو ئەیزانن، با خوسووس ئەربابی ئینساف و زی وقووف و حەمییەت و حەقبین کە هەنگامەی شەباب و جوانیم کەوتە بەر ئەدواری میحنەت بۆ خۆم و هەرچەندە کە عومر دووبارە نابێتەوە و ڕابوردوو چنگ ناکەوێتەوە و لە دەستم چوو، دیسان خۆشبەختانە ئەڵێم کە لەبەر ئەوەی بۆ خزمەت کردنی ئەم ولاّتە (بە نەزاهەت و ئیخلاّسەوە سەرف و لە عەینی حاڵدا موسمیر بووە!) بە ڕەغمی تەقەددومی عومرم، خۆم جوانبەخت ئەبینم و چ ڕۆژێکیش ئەگەر ژیانم وەفا بکا بمێنێ و پێویستیش بێ، بۆ بەرزیی شەرەفی ئەم ولاّتە و ئەم خاکە پاکە ڕەهنی ئەکەم بە ڕەهنێکی نەزیه و موقەددەس بێ ئەوەی هیچ تەئسیرێکی ئاگەدار بتوانێ ئامال و حیسسییاتم زەبوون و تەسخیر بکا! ئیتر خواحافیزیی لەم پارچەیە لە وەتەنی موقەددەسم، خواحافیزیی لە هەموو هاوولاّت (برایان و خوشکانم، ورد و گەورە)،

(*) ژیان – ٢٧/٤/١٩٣٥ز.

(١) لەگەڵ نامەکە، ئەم ڕستانەیشی بەرەو رووی (ژیان) کردووەتەوە کە ئەسڵەن نامەکەی بە بۆنەی ڕاگۆستنەوەیەتی بۆ فرمانی موتەسەڕڕیفیەتی هەولێر: (مایەی ژیانم ژیان؛ تکایە ئەم چەند دێڕە بخەرە سەر ڕوخساری شیرینتان!).

ئەحمەد تۆفیق

موتەسەڕڕیفی سلێمانیی

لەگەڵ ئاواتم بۆ سەربەرزیی و خۆشحاڵیتان و هەر بمێنێ جامیعەی عیراقیی و بەرزیی کوردستان لە ناویا و بەخواتان ئەسپێرم.

ئەحمەد تۆفیق

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ٤٦/٣/٢٩ (*)

[ئەحمەد تۆفیق بەگ ـــ مەلا محەممەد حامید] (١)

[بەغداد]

[ئاغستۆس ١٩٦١] (٢)

فەزیلەتمەئاب جەناب حاجیی مەلا حامید

زیدە فەزلوهو

١- ئینشاللە سەلامەت و خۆشوەقتن. لەم دوو سێ ڕۆژەدا بە واسیتەی دوکتۆر جەلال کتێبی (نفحات)م(٣) پێ گەییشت لەگەڵ کاغەزێکی جەنابی مەلا عەبدوورڕەحیم مەریوانیی و(٤) بەپێی نووسینی دوو دینار کە نرخ و کولفەتی بوو، هەر عەینی ڕۆژ بە پۆستەدا ڕەسمەن حەواڵەی کرا.

٢- وا بە واسیتەی حەمە فەرەج ناو، حامیلی عەریزە، (کتێبی ئەمانەت کە ئەویش: (نفحات)ـە و(٥) عائیدە بە جەنابی مەلا محەممەد چرووستانیی(٦) وا تەقدیم کرایەوە بەم عەریزەوە!

---

(*) وەرگیراو لە حاجیی مەلا محەممەد حامید مەمەنداوەیی - س ١٩٩٦. سلێمانیی (بەهۆی در. دارا ئەحمەد تۆفیقەوە).

(١) ژیننامەی نامەوەرگرم پێ نەناسرایەوە، چونکە ماوەی ساڵێ - لەماڵی خۆم و مزگەوتی شێخ سەلامدا - تکام لێ کرد و هەر گفتی پێ ئەنجامی دەستگیر کردم!!

(٢) ئەم نامەیە لادانێکە لە سنووری مێژوویی ئەم کتێبەم، هەڵبەت زانست چاوپۆشی دەکات، بەتایبەتی کە ویستوومە وێنەی دوا نامەکانی دەستنووسی خاوەندەکەی بخەمە ڕوو!

(٣) مەبەست لە (نفحات)ی شێخی جامیی کە فارسییە و لەمەڕ ئەولییاکانە.

(٤) کتێب فرۆشێ بووە.

(٥) مەبەست (در الاحکام فی کتاب درر الحکام فی شرح غرر الاحکام)ە.



٣- زۆر زۆر سوپاست ئەکەم و عەرزی سەلام و ئەشواق و ئیحتیراماتم بۆ حەزرەتی عولەمای کیرام زادە اللە فەزلوهوم وە بەرەکاتوهم وە کەراماتوهم!

جارێ هەر ئەمەندە و بەخوای موتەعالتان ئەسپێرم، لەگەڵ عەرزی ئیفتیخارم بۆ ئەدعیەی خێرییەتان!

ئەلموخلیس

(ئیمزا)

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ٤٧/١/٣٠ (*)

[ئەحمەد زێباریی ـــ هادیی چاوەشلیی] (١)

دهۆک

٥٤/٦/٢٢ [١٩. ز] (٢)

بۆ جەنابی گەورەی خۆشەویستمان هادیی بەگ زۆر موحتەرەم

لەپاش عەرزی ئیحتیرام

تەمەننای سیحەت و سەرفرازییتان ئەکەین. قاقەزی موبارەکت لە ڕۆژی ٥٤/٦/١٩ وەرمگرت و مەتلەبی جەنابت بەجێمان هێنا و هەموو دەمەک حازرین بۆ تەنفیزکردنی ئەمری جەنابت و تەمەننای خوای گەورە ئەکەین کە پیاوانی وەک جەنابت لە ناو قەومی خۆمان هەر هەبن، بۆ ئێمە فەخرە. ئیتر لە حیفزی خوای دابیی لە دین و دنیادا، ئیتر هەر بژی.

(ئیمزا)

موخلێست / ئەحمەد زێباری

[تەواو]

---

(*) گەنجینەی هادیی ڕەشید چاوەشلیی؛ هەولێر - ١٩٩٦/٦/٧ز. (وێڕای لەش بەباریی بەڕێزی - لە دیدەنیمدا - خۆی نەگرت و لە گەنجینەی بەڵگە و نووسراو و نامەکانیدا دوو نامەی بۆ دۆزیمەوە کە ئەمە یێکێکیانە!

(١) نامەهەنێر سەرخێڵی زێبارییانە، ژیننامەی پێ نازانم. بۆ ژیننامەی هادی ڕەشید چاوەشلیی، بنۆڕە: نێوداران!

(٢) ئەو کاتە هادیی چاوەشلیی قائیمقامی قەزای زێبار بووە.

☼ پ. ن؛ كە: ٤٨/١/٣١[*]

[تاهیر مەلا مەحموود - بەهجەت مەریوانیی ـــ مستەفا مەلا ئەحمەد - سایب][١]

[ئەمریکا]

[-/-/١٩٣٨ز][٢]

......

... چووم، سەیری «ڕۆما»ی قەدیم کرد. مەوقیعێکی تەئریخیی بە قیمەت، پڕ لە هەیکەلی جوان و گرانبەها.

لە ناوەڕاستی «ڕۆما»دا؛ نزیک ستاسیۆن، جێگەیێک هەیە، لەو جێگەیە حەوزێک هەیە و لەسەر ئەو حەوزە، لە ناوەڕاستا ٦ - ٧ هەیکەلی ژنی ڕووت و لە ناوەڕاستی ئەوانا نەختێ بەرز، پیاوێک ڕاوەستاوە، دەستی هەڵبڕیوە و لە ناو لەپییەوە ئاو فیچقە ئەکا و ئەڕژێ بەسەر ئەو ژنانەدا. وا ئەزانم ژنانی «ڕۆما» تووشی عاریزێکی زۆر خراپ بوون و کەوتوونەتە مونتەهای دەرەجەی سەفاهەتەوە. لە پاشان یێکێک هاتووە لە ڕێی چەوت لایداون و بە ئاوی قودسییەتی شوتوون!

ڕۆما؛ شارێکی فەوقولعادە جوان و خۆشە، ئەڵێی تازە کراوە. هەندەسەی ئیتالیا جیددەن جوان و دڵگیرە. لە دوانگزە - دوانزە، K - قات زیاترم بینا تیا ئەدیی. چونکە ئەغلەب فابریقە لە ئیتالیادا بە ئەلەکتریک ئیش ئەکا، دیواری بیناکان وەک هی

(*) پاشماوەی گەنجینەی مستەفا سایب، وەرگیراو لە ئازاد جەمیل سایب؛ س ١٩٨٢ز. سلێمانیی.

(١)- بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ئەم نامەیە کە نرخێکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵیی تایبەتی هەیە، خۆم - بۆ یێکەم جار - لە (مستەفا سایب ئەستێرەگەشەی کورد - س ١٩٨٨ز)دا بڵاوم کردووەتەوە. نامەکە وەک ٣٧ لاپەڕەیە، لاپەڕەکانی ١ ـــ ١٠ی ونە و ڕەنگبێ دوای گەیشتنە ئامریکا بۆ خوێندن، لە کۆتایی مانگی ١٩٣٨/٩ز.دا ناردییەتی کە بە شێوەیێکی گەشتنامەیی و یاداشتنووسییەوە، باسی سەفەرەکەی دەکات. وردبوونەوەم هانم دەدات بڵێم ڕەنگبێ لە دەوروبەری ١٩٣٨/٨/١٥ز.دا، لە بەغدادڕاوە ڕووی کردبیەتە (تورکیا) یان (سووریا) و دوای سێ ڕۆژێ لە ئەوێ ڕاوە بەسواری واپۆڕێکی (رومانیایی) بەرەو (یۆنانستان) و لە ئەوێڕاشەوە بە واپۆڕێکی (یۆنانستانیی) ڕووی کردبیەتە (ڕۆما - ئیتاڵیا) کە وێ دەچێت لە ١٩٣٨/٨/٢٠ز.دا گەیشتبیەتە جێ... نامەکە لە ئێرەڕاوە تا کۆتایی تەواوە!.



«پاریس» و «لۆندرە» ڕەش هەڵنەگەڕاوە. نیزام و ئینتیزام فەوقولعادە مەتین و جارییە! لاوانی (فاچیست)م دیی و کیژانی (فاچیست)یش میسالی عەزم، قووەت، مەتانەت وە ئیمانێکی پاک بوون!.

لە بەغدا کابراییێکی ئیتالیاییم دیی، هەیکەلتراش؛ ئەیوت: (من فیترەتەن فێری هەیکەلتراشیی بووم!)، باوەڕم بە قسەی نەئەکرد، بەڵام ئێستە ئەڵێم؛ هەرکەس لە ئیتالیادا دادەنیشێ، هەم شاعیر، هەم ئەدیب، هەم ڕەسسام و هەم هەیکەلتراش ئەبێ، چونکە ئەو خاکە ویسعەت بە زیهن و مەداریکی ئینسان ئەدا و شوعوور و حەسساسییەتی ئینسان ئەهێنێتە حەرەکە و جونبوش!

لە پێشا زۆر حەزم لە نەغمەی فڕانسزیی ئەکرد. بەڵام کابراییێکی چوار ڕەگ - باوک ئەڵمانیی، دایک ئیتالیایی، لە میسر لە دایک بوو - ئەیووت؛ (زمانی ئیتالیایی زمانێکی مۆسیقییە و خوا بۆ گۆرانیی داناوە!). ئەم قسەیەم بە موبالەغە ئەزانیی و ئەموت؛ ئەم کابرایە کوڕی دایکییەتی نەک باوکی! بەڵام کە داخڵی ئیتالیا بووم و نەغمە و مووسیقەی ئیتالیام لە نێر و مێ بیست، ئەمجا باوەڕم کرد بە قسەی کابرای چوار ڕەگ و خۆم لۆمە کرد! خۆ ئێجگار دەنگی کچانی ئیتالیا و حەرەکە و عیشوە و نازیان، عابید لە دین وەرئەگێڕێ... حەقیقەت زمانێکی مووسیقیە، حەتتا قسەی ئیعتیادیی نەغمەیێکی مووسیقیی لێ حبس ئەکرێ. ئینجا بڕوانە ئەو خاکە و ئەو زمانە، ئەبێ چ تەحرە قەومێ پێ بگەیێنن؟

لە لاییێکەوە، لە هەر شارێک لە شارانی ئیتالیا بوێستە؛ سەرنج لە هاتوچۆکەران بدە، هەموو فیکر مەشغووڵ! ئەڵێی ئەمانە وا ئەزانن بەخۆڕایی نەهاتوونەتە دنیا، بۆیێ هاتوون بۆ واجیبێک کە ئەبێ بەجێی بێنن... ئەمە پرۆغرامی ژینی نێر و مێیە لە ئیتالیادا!

لە ئیتالیا بێ ئیش زۆر کەم ئەبینیی. لە لاکۆڵان و سەر شارێگان وەک یۆنان، فڕانسە و ئینگلتەرا نییە! حەتتا بە نیسبەت ئەو جێگایانەوە پرساش - سواڵکەر - کەمە، ئینجا نازانم لە کوتوبخانەکاندا وەخت ڕائەبوێرن یا جێی تایبەتییان هەیە؟

کچان و ژنان لە بەیانییەوە تا سەعات شەشی ئێوارە، زۆر و کەم ژن و کچ ئەبینیی لەسەر شەقامەکان، مەگەر ئەوانەی بۆ شت کڕین هاتبن، بەڵام لە شەش بەولاوە، هەموو وەک کۆترە باریکە، جووت جووت، یا نێر و مێیێک و یا دوو مێ پیاسە ئەکەن، بەڵام چ کچ و چ ژنی ئیتالیایی قورس و گران و بەویقارن... ئەغلەب گەنم ڕەنگ و موو ڕەش. لام

وایە بە ئاوی خەنە مەلە بکەن و سەریشیان وسمەی تێ بگرن، چونکە ئەسمەر مەرغووبە لە ئەوروپادا! ئینجا ئەم کچ و ژنانەی کە پیاسە ئەکەن، وا بە ترۆفیز بەڕێوە ئەڕۆن، مننەت بەسەر ئەردا ئەنێن کە پێی بەسەرا ئەنێن! بەڕاستیی حەقیانە لام وایە لە هەموو شتێکا جیددین، وەختی کەیف و سەفایان مەعلووم بێ و زۆر موفریت نەبن لە کەیفا! ئینسان نەک بۆ کەیف و سەفا خوڵقاوە، بۆ موکافەحە یا جیدال، ئینجا کەسێ ئەمە بزانێ و نەختێ ورد بووەوە، قەت موفریت نابێ لە هەوەسدا، بەڵام هەمیشە هەوڵ ئەدا بۆ ڕێکخستنی پرۆغرامێکی ڕێکوپێک تا بەپێی بجووڵێتەوە! ڕێکخستنی پرۆغرامێکی وا، زۆر ئاسانە، بەڵام تەتبیقی گرانە. کەوابوو لە پێشا؛ بەقەدەر قودرەت و تاقەتی خۆی پرۆغرامەکە دائەنێ و ئەکەوێتە کۆڕەوە! دیارە هەنگێ – هێندێ/ K – جار، هەنگێ کەس بۆڕ ئەخۆن. بەڵام ئەم بۆڕ خواردنە نابێ ببێتە سەبەبی نەومێدیی! ئەبێ زیاتر غیرەت بداتە خۆی تا بە تەواویی ئەو پرۆغرامە تەتبیق ئەکا!

کەسێ کە باش بۆی هات، زۆر بە ئاسانیی ئەو پرۆغرامە تەتبیق ئەکا، ئینجا ئەم تەحرە کەسانە بەپێی مەقدەرەتی خۆیان یا سێ مانگ جارێ، یا شەش مانگ و یا ساڵیی جارێ پرۆغرامەکەیان ئەگۆڕن و باشتر تەنزیمی ئەکەن و بە هەموو هێز و تەوانای خۆی، هەوڵ ئەدا کە زیاتر لەو پرۆغرامە سەمەرەی چنگ کەوێ. بەڵێ ئینسان بۆ واجیب خوڵقاوە، بەڵام ناکرێ هەموو وەختی لە ئیشا سەرف بکا! بەشەر بە عومومیی موحتاجی غیزایە، غیزاش دووانە: ١– خواردەمەنیی. ٢– مووسیقە! ئینجا ئەبێ لە پرۆغرامەکەیا وەختی خواردن و بیستنی مووسیقە تەعین بکرێ و زۆر موفریت نەبێ لە هیچیانا! وا ئەزانم ئیتالیاییی بەو تەحرەی لە سەرەوە بەیانم – کرد/ K – ئەژین؛ خۆزگەم بە خۆیان. بەخوا مردن لە ناو ئەم شاخوداخ و مێرغوزارەی ئیتالیا، هەزار ژینی جێگای کە ئەهێنێ! هەرچەنگ ئەمەوێ بیبڕمەوە، ئیتر واز لە ئیتالیا بێنم، بەڵام قەڵەم بێ ئیختیاری من هەر لەسەری ئەڕوا، ئینجا تکا ئەکەم مەمکەن بە (فاچیست)!.

ڕۆژی ٣٨/٨/٢٣، شەوێ سەعات ٩,٥٠ بەترەیێنی ئەورووپای خێرا بەرەو «پاریس» حەرەکەتم کرد... ترەیێن چ ترەیێنێ؟ حەتتا جێی تەوالێتی بوو، جگە لە جێی نوستن. بەختی ڕەش، چەرخی فەلەک بە ئارەزووی من نەسووڕایەوە! هاوەڵم پیرەژنێکی فرانسز بوو. پیرەژن بە هەموو لەونێ قوبووڵ بکرێ، بەڵام بە سووراو و سپیاوەوە قوبووڵ ناکرێ!

پیرەژن هەرکە هات، دانیشت... جانتاکەی کردەوە و قوتووە سووراو و سپیاوەکەی دەرهێنا، دەستی کرد بە تێ هەڵسوونی لە چرۆچاوی. من بەمە زۆر پەست بووم، بەڵام دڵ



خۆشیی خۆم دایەوە، وتم: بەشکم هەر ئەم جارە بێ، ئیتر بڕایەوە! کەچیی خوا گرتووە هەر تاوە نا تاوێ سەیرێکی ئاوێنەکەی ناو واغۆنەکەی ئەکرد و هەمدیسان ئەکەوتەوە گەچکاریی! من زۆر پەست بووم، ئیتر لەمە زیاتر نەمتوانیی سەبر بکەم. گورج هەستام، چراکەم کوژانەوە و چرا شینەکە لە خۆیەوە داگیرسا، بەم تەحرە شەومان کردەوە.

سەعات ١١,٣٠ی بەیانیی گەییشتینە «باردو نەچیا، باردەنوسشیا Bardeone schia»ی سنووری ئیتالیا و سەعات ١١,٤٥ دەقیقە گەییشتینە (مودانە Modana)ی سنووری فرانسز.

نۆت Note (تێبینی/ K)

ترەیێن تا «مودانە» ئاینجینەکەی هیی ئیتالیایە، بە ئەلەکتریک ئیش ئەکا و لەوێدا ئاینجینەکە لە گۆڕرێ. ئاینجینی فرانسر و شۆفێرێ دێت و واغۆنەکان ئەبا بۆ «پاریس» کە ئەو ئاینجینەش بەخەڵووز ئیش ئەکا! لە «مودانە»دا ئەستێرەی بەخت هەڵات، پیرەژنم لە کۆڵ بووەوە، دابەزیی. لە جێی ئەو کچێکی لە تەمەنی چواردە ساڵییدا هات، لە جێگەی دانیشت!.

نۆت Note:

تا گەییشتینە نزیک «مودانە»، ئەو دەشت و کێوە، هەمووی سەراپا سەوز و پڕ لە گوڵ و گوڵزار بوو، کەچیی داخڵی خاکی فرانسز بووین، ئەڵێی لە ئەورووپا هاتینە دەرەوە، داخڵی ئاسیا بووین... چیاکان ناو بەناو ڕووتوقووت و زەوییەکان گیاکەی ببوو بەپووش، پووشی دەشتی شارەزوور. هەوا هیچ فەرقێکی وای نەکرد، بەڵام ڕەنگە سەجییە و کاراکتەری قەومەکە خاکەکەی وا گۆڕیی بێ. ئەمجا لای من، خاک و هەوا زۆر تەئسیر ئەکاتە کارکتەر و مێشکی ئینسان و واسیتەیێکی بەقووەتە بۆ نەشونومای مێشک. ئینجا کەوا بوو، چیا عەینی چیا، هەوا لام وایە دەرەجەیێک کەمتر فەرقی بوو، بۆچیی فەرقە؟ من لەمە سەرم سوڕماوە!!

لە «باردەنوسشیا Bardeaneshia»ی سنووری ئیتالیا، هەگبەیێک قاوەڵتیم کڕیی بوو، هێنامە پێشەوە و خوڵکی کچەکەم کرد. بە نازەوە نەختێ مومانەعەتی کرد، بەڵام دەستیم گرت و هێنامە پێشەوە. دەستمان کرد بە خواردن، بەڵام وەک کەڕ و لاڵ. لە پاشاندا گیرفانی کەمم تەزەخخومی کرد، بەتەحرێ خۆم پێ ڕانەگیرا. زریزەکەم ڕاکێشا، گارسۆنی ڕێستۆران هات، پێم وت: دووێ بیرە (دوو بیرە!/ K)، وتی: وی مسیۆ.

(بەڵێ ڕێزدار/ K). دەستمان کرد بە خواردنەوە تا گەرم بووین. لە پاشاندا کەوتینە ماچوموچ، ئەمجا (...)[1] لە ئەوروپادا، واغۆنەکان کە دەرگەی پێوەدراو پەنجەرەی پەردەی دادرایەوە؛ ئیتر کەس ناتوانێ دەرگەی بکاتەوە! ئەگەر قەڵەباڵغییش زۆر بێ، لە ڕاڕەوەکەدا ئەوێستن. ئینجا ئەم ئوسووڵە بۆ ئێمە زۆر باش بوو. ئینجا بزانە هەگبەکە چیی تیا بوو؛ لە پێش هەموو شتێکا شووشەیێک شەرابی چاک، مریشک؛ جوان سوورکرابووەوە. چوار پارچە پۆرک pork؛ گۆشتی گاگۆل، هێشوویێک ترێ. زۆر سوپاسی ئیتالیاییەکانم کرد کە منیان لای مادموازێل تەریق نەکرد. لای ئێوارە، بەهەر لەونێک بوو، ویستم چەند کەلیمەیێکی فرانسزیی فێر بم لێیەوە. ئەو کەلیمانەی زۆر زەروورییە، پرسیم: بە خواردن، ئاو، نوستن، چاو، ئەم تەحرە شتانە چیی ئەڵێن؟ ئەویش جوملەیێکی فێرکردم، دە پانگرە جار (مێرسیی/ سوپاس.K)م دا بە تەنگەیا!

باوەڕم پێ بکە، ئەوەندە خۆش بوو ئەو مەوودەتە لە «مودانە»وە تا «پاریس»، هیچ ئارەزووم نەئەکرد وا زوو بگەیینە پاریس، چونکە زۆر جوان بوو!

ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٢٤. شەوێ سەعات ١٠,٣٠ گەییشتینە «پاریس P. L. M ستاسیۆن»[2].

کە دابەزین و لە ستاسیۆن هاتینە دەرەوە، شەش پەریی و کوڕێکی لووسکەلە هاتبوون بە پیر مادموازێلەوە. لە پاش یێکتر ماچ کردن، مادموازیل منی تەقدیمیان کرد... هەر چاوەڕێ بووم ماچوموچێک لەگەڵ ئەوانیش بکەم، کەچیی بەتەوقە ئیکتیفایان کرد. مادموازێل لە پاش ئەمەی ئادرەسی خۆی دامێ، هەموو سواری ئوتوموبێلێ بوون و لە دوای ئۆرڤوار، ڕۆییشتن. منیش ئوتوموبیلچییەکم تووش بوو، تاکوتووک ئینگلیزیی ئەزانیی و وتم؛ (بمبەرە ئوتێلێکی موناسیب). بردمییە ئوتێل Hotel de La gare deord/ ئوتێلی وێستگەی باکوور[3] لە ناوجەرگەی پاریسدا! کە چوومە سەری قاتی پێنجەم و سەرم کرد بەژوورا و چاوم بەتەرتیبات و نوێنی ئەو ژوورەی منی تیا ئەنووم، کەوت، وتم: بەخوا حەیفە ئینسان بەتەنیا لەم جێگەیەدا بنوێ، ئای بۆ ڕاوکەرێکی چاک و زمانزان؟ لە دوای بانێو، چوومە دەرەوە نەختێ سەیری دەوروپشتی ئوتێلەکە بکەم.

(١) خۆی بۆشایی داناوە!.

(٢) وێستگەی شەمەندووفەری پاریس، لیۆن، مارسیلیا/ پ. ل. م.

(٣) ئێستەش ماوە!



شەویش درەنگ بوو، سەعات یانگزە و نیو، کەچیی هەروا کچ بوو یا ژن؛ قۆڵ لە قۆڵی کوڕێکا یا پیاوێکا. کچان یان ژنانیش بەجووتە وە یا بەتاک ئەگەڕان؟ سەرێکم هەڵبڕیی بۆ ئاسمان و وتم: کەریمی کارساز بینێری!

کەچیی هەر ئەوەندەم نەزانیی، کچێکی نازەنین ئەڵێ؛ (چێشتخانە؛ قاوەخانە: Cafe, Resturant؟). من وەمزانیی لێم ئەپرسێ: قاوەخانە یان ڕێستۆران لە کوێیە؟

دەستم درێژ کرد بۆ قاوەخانەیێک، کەچیی وتی: (کافێە؟)، منیش زمانم سووتا، وتم: (وی!/ بەڵێ). گورج قۆڵی کرد بەقۆڵما و خزامیە ناو قاوەخانەکەوە و لە قوڕنەیێکەوە دانیشتین.

ئەو داوای شەرابی کرد، من دۆندرمە. لە پاشاندا بیرەیێکیشم خواردەوە و ئەو شەوچەرەیێکی بۆ خوارد. ئەمجا وتم: (مادموازێل، ئوتێل؟). کاری ڕاست بێ، وتی؛ وی مسیۆ (بەڵێ ڕێزدار.K).

لە خۆشییانا کەوا زوو کەریم، سازی کرد بۆم، وەختەبوو باڵ بگرم. پێکەوە گەڕاینەوە ئوتێل. کە چووینە سەرێ و سەرمان کرد بە ژووردا، گورج دەرگەکەی پێوەدا و ڕووتوقووت بووەوە و بەو ڕووتییە سەر و پۆتەڵاکی چا کرد! لە پاشاندا حوکمی لە منیش کرد ئەبێ ڕووت بمەوە! ئەلحوکمو لەها و تا بەیانیی وەک ئادەم و حەووا لە ژێر ئەو جێگەیەدا بەڕووتیی، مەگەر خوا بزانێ چیمان کردبێ! بەیانیی، لە دوای نان و چا، (ئۆرڤوار)ێکی کوتا بەبن دەستما و ئۆغری کرد! ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٢٥ چووم سەرێکم لە (مسیۆ دالادێیە)[1] و (مسیۆ بۆنێیە)[2] دا

دوورودرێژ قسەمان لە پۆلاتیکەی جیهان کرد. وەزعی دوێنێ و ئەمڕۆی دنیامان هێنایە پێش چاو. لە پاشاندا لە (دالادێیە)م پرسیی؛ (ئێوە بۆ وا بوون بە کەری جۆن پۆڵ؟).

بۆنێیە وتی: (بەزۆر هیتلەر کردنیی! فلانیی، هیتلەر بە تەواویی عەیشی پێ تاڵ کردووین! نازانم مەرامی چییە؟ لام وایە چاوی بڕیوەتە دنیا ئەیەوێ بخاتە ژێر چنگی! ئینجا توخوا قەت ئەمە مومکینە؟).

وتم: (ئێوە ئەتوانن هیتلەر بۆڕ بدەن بەشتێک و بەجارێ قوڕوقەپی پێ بکەن!). کابرا لە خۆشییان خۆی قیت کرد و چاوی کردەوە و وتی؛ (فەرموو بزانم چیی بکەین تا بێ

(١) بنۆڕە: فەرهەنگۆک، ئەنسکلۆپیدیا.

(٢) بنۆڕە: فەرهەنگۆک، ئەنسکلۆپیدیا.

دەنگ ببێ؟). وتم: (خێڵێک لەو پەرییە نازدارانەی پاریس بەچەکەوە بنێرنە بەرلین. من تەئمینت ئەکەم لە حودوودەوە تا ناوشاری بەرلین، کەس توخنیان ناکەوێ. ئەوسا بچن بۆ لای هیتلەر و ئیستعیزار لە بەردەمیا بکەن و لە پاشاندا پێی بڵێن: وا ئێمە بەتیلی چاو تیربارانت ئەکەین و بە ناز و عیشوە شێت و شەیدات ئەکەین، بە زەردەخەنە مەست و حەیرانت ئەکەین، ئەمجا لە دوای ئەمانە گوللەبارانت ئەکەین، ئاخۆ ئەتوانیی دەست لە ئێمە ڕاست بکەیتەوە؟

باوەڕ بکەن کابرا ئەحەپەسێ و نقە ناکا. ئەوسا لە ئەوروپا ئاساییش زۆر مونتەزەم ئەبێ! بەڵام تکا ئەکەم لە دوای مووەففەقییەت، بنووسن لە غەزەتەکاندا کە ئەم مەسئەلەیە لەسەر ئیقتیراحی مسیۆ مەریوانیی بوو، چونکە هیوام هەیە خەڵاتی نۆبەلم بەرکەوێ!).

زۆر مەمنوون بوون بەم ئیقتیراحە، بەڵام کەربابانە، چونکە کەری ئینگلیزن، وتیان: (حەز ئەکەین میستەر چامبەرلین ئاگادار بکەین بۆ ئەم مەسئەلەیە!).

خۆتان ئەیزانن، ئینگلیزەکان لە هەموو دیزەییێکا ئەسکۆین و ئەیانەوێ لە هەموو شتێکا ناویان ببێ. کەوا بوو قەت باوەڕ ناکەم ئیقتیراحی من، کابینەی ئینگیلتەرا پەسەندی بکا! بەڵام من ئەهەمییەت نادەم بەمە، چونکە وەکو لە پێشەوە وتم؛ من ئەمەوێ لە پۆلاتیکەی کۆن بگەم و نامەوێ مەقدەرەتی سیاسیی خۆم بەتەواویی دەرخەم!

لە دوای قاوەڵتی، لەگەڵ (دالاێیە و بۆنێیە) گەڕامەوە ئوتێل، نەختێ لێی ڕاکشام. لە پاشاندا بۆ سەیری (قەڵای ئیڤێل) نزیک ئێوارە سواری تاکسیی بووم و چووم... حەقیقەت کابرا موهەندیسێکی ماهیر و موقتەدیر بووە - حەددی نەبێ لە ڕووی خۆتا مستۆ - لە پاشاندا ویستم بەپێ بێمەوە، هەتا گەییشتمە (ئوتێل ئاتینە) مانگو (ماندوو/K) بووم، بەڵام ئاکادیمیی مووسیقە نزیک بوو، هەر چۆنێک بوو، خۆم کێش کرد!

لە دوای سەیر کردن، چاوم گێڕا بۆ ڕێستۆڕانێک، یان قاوەخانەییێک، نەبوو! بەخۆم وت: وا چاکە ئەو کەلیمانەی کە لە کچەکەی ئاشنام فێر بووم، ئێستە بەکار بێنم، بڵێم خواردن، ئیتر تێ ئەگەن! ئینجا لە کێ بپرسم؟ لە پیرەمێرد؛ نەء لە پیاو! نەء لە کوڕ! نەء، پیسە! لە پیرەژن؟ خوا بەڵای لێ دا! لە کامڵ؟ نەء!! لە کچێکی زۆر جوان... ئا دۆزیمەوە!

پاریس جۆگەی (سین) کردوویە بە دوو بەشەوە. بەشی ڕۆژهەڵاتی مەنبەعی فابریقە و ستاسیۆنە. لەبەر ئەوە موحیتێکی پڕ لە دووکەڵ و غوبارە. بەڵام بەشی ڕۆژئاوای، هەواییێکی ساف و خۆش و پارکی زۆر تیایە، پڕ لە (ئەنیستیتوت) و هەیکەلی مودهیش



و زۆر مولتەقای دڵخوازان. ئینجا ئێواران بەعوموومیی ڕاوکەران - نێر و مێی - لەوبەرن، هەرکەسە بۆ تاکێک ئەگەڕێ. منیش وا برسییەتیی زیفی لێ سەندووم، ئەمەوێ بگەمە ڕێستۆڕانێک، شتێ بخۆم تا ئاهێکم پیا بێتەوە!

هەروا وردە وردە ئەڕۆییشتم بەرەو ئوتێل، بەڵام ئوتێل تەقریبەن دوو سەعات دوور بوو لێمەوە... کچێکی فەوقولعادە جوان کە بە خۆری ئەوت؛ (ئاوا بە! من جیهان ڕووناک ئەکەمەوە!) دیم... کە ئەووەڵ جوملەم پێ وت؛ دوو زللەم خوارد و دوو سیخورمەش!!

زەرد هەڵگەڕام... وتم: بەخوا ئەم ماکەرە پەنگی پێ دام، تووش بووم، شەو لە بەندیخانە ئەنووم، بەخوا ناخۆشە!. بەئانێک ئەم خەیاڵانەم کرد. بەڵام دوای سیخورمەکان دەستی گرتم و بەکۆڵانێکا بردمی تا گەییشتینە ڕێستۆڕانێک بردمییە ژوورەوە، لەوێ بێ ئێوە ناخۆش، خواردمان و خواردمانەوە!

نۆت Note:

تا خواردەمەنییەکەیان هێنا، من هەر دەستم بەدڵمەوە بوو، ئەموت؛ ئێستە تووشم ئەکا، ئەمداتە دەست پۆلیسێک! لەپاش مەست بوون، مادموازێل ئەمری کرد سواری تاکسیی بین و نەختێ بگەڕێین. ئەمجا شەوێ چووینە ئوتێل... ئەویش تا بەیانیی بەرۆکی بەرنەدام. بەیانیی، لە دوای نان و چا، وتی؛ ئۆرڤوار مسیۆ (بەدوعا بەڕێز.K). منیش وتم؛ (ئۆرڤوار مادموازێل)، چونکە حەتتا پیرەژن پێی بڵێی مادموازێل، زۆر مەمنوون ئەبێ!.

پاریس وەکو مەدحی ئەکەن، وا نییە! خۆی بەری ڕۆژهەڵاتی بۆ کەسانێ فێر نەبووبن، ژیان تیایا زۆر زەحمەتە، بەڵام بەری ڕۆژئاوای کە مەیدانی عەشرەت و کەیف و سەفایە، خۆشە، نەک زۆر خۆش! ژنانی پاریس؛ هەتا حەزکەی جوان، بەعیشوە، قەدباریک، ناسکۆڵە، کەمەرەشل، ڕێکوپێک، قنگ خڕ، مەمک شەمامەیی! ئەو جازبییەی پاریس - مێ - هەیەتیی، قەت باوەڕ ناکەم ژنی هیچ قەومێکی کە بیبێ! بەڵام ژنی فڕانسز وەک بۆڵەترێ بیمژە و توێکڵەکەی فڕێدە! سەڕف بۆ کەیف و سەفا خولقاوە، بۆ ژنیەتیی - ئافرەتیی - بەکار نایەن!

بەیانیی ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٢٦ کە دووەمین مادموازێلم لە ئوتێل بەڕێ کرد، هاتمە خوارەوە، لە ئوتێلچییەکەم - نەختێ ئینگلیزیی ئەزانیی کابرا - پرسیی بۆ ئەو کەلیمانەی کە کچە فڕانسزەکە لە ناو تڕەییێندا فێری کردم و بە سایەی ئەوەوە زللە و سیخورمەم

خوارد! من لەمە سەرم سوڕما، وتم؛ ئاخۆ ئەبێ ئەو جوملانە چیی بێ؟

لە پاشاندا کابرا وتی؛ (جوملەی ئەووەڵ یەعنی: تکا ئەکەم ماچێکم بەرێ لەو لێوە ناسکانەت؟). وتم؛ قەیناکا با لە پاریسا لە مستۆ چوختیتر بم، دیپلۆمی چوختیەتیی وەرگرم!

لەپاشاندا کابرا وتی؛ (جوملەی دووەم یەعنی... I can't Say) (من ناتوانم بیلێم!K).

وتم: Oh say don't care (بیلێ، دەربەست مەبە!/K)[1] بەتکاوە، ئامان و دەخیل، وتی؛ (یەعنی تکا ئەکەم با... بکەین!)[2]

من لەو ئانەدا ئارەقی تەریقیم ڕشت، کەچیی کابرا، هیچ؛ وەک باسی ئاو خواردنەوە بکا! ئەی قوربان ئەو نازەت لە چیی بوو؟ چوزانم!.

قەومی فڕانسز – چ نێر و چ مێ – هەتا حەز بکەی نازک و حەسساس و کەلیمەیێکی زۆر بەسیت کە بە عاستەم بۆنێکی ناخۆشی لێ بێ، شوعووریان ئازار ئەدا، بەعەکسی مام ئینگلیزەوە!

پۆشتەیی فڕانسزەکان –چ نێر و چ مێ– لە بەرگا زۆر بەزەوقن. خۆ ئێجگار ژنان؟ ئەو زەوقەی ئەوان هەیانە، مەگەر خۆیان بیانبێ! پڵنگی فڕانسز (کلیمانسۆ/ G. Cle-manceau/K) لە نزیک (ڤارسایل پالاس) لەسەر تاوێرێک، هەیکەلی چەشنی خۆی ناشیرین و ئێسک گرانیان بۆ کردووە، بەجلی سەروازییەوە.[3]

لە موزیک ئینستیتوت،[4] هەیکەلی فەوقولعادە جوان و بەقیمەت هەیە، لەوانەی کە بەدەوری بیناکەدا لەسەر محەججەرەکە چەسپ کراون. هەننێکیان (هێندێکیان/K) نێر و مێ کە باوەشیان بەیێکا کردووە، بەئاشکرا ئالەتی تەناسولیەیان دیارە. لام وایە ئەو مەنازیرە چ بۆ نێر و چ بۆ مێ، باش نییە!! چونکە هەرچەنگ چاوی پێ بکەوێ، مەیلی ئیجتیماعی جینسیی ئەکا و زۆر مەیل کردنیش ئەبێ بە ئیفڕات. ئینجا فڕانسزەکان ئەو مەنازیرانە و مەشرووباتی سیپرتیی زۆر، هەمیشە ئەیانهێنێتە سەر هەوەس!

(١) خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیوە!

(٢) خۆی بۆشاییەکەی داناوە!.

(٣) بنۆڕە: فەرهەنگۆک!

(٤) Music Instiutute مەعهەدی مووسیقە!



هەوەس ئەگەر عیبارەت بێ لە پێکەوە دانیشتن و قسەی خۆش، ئەمە وەحیی و ئیلهامە بۆ ئینسان کە ئەنواعی شت ئەتوانێ بنووسێ لەو ساتەدا. بەڵام ئەگەر لەو تێپەڕیی و گەیشتە دەرەجەی (...)[1] ئیتر لەوێدا، مەلەکەی خەیاڵ و ئەعسابەکان زەعیف ئەبێ و بینای جیسمی ئینسان بەرەو دوا ئەڕوا، یەعنی Catabolism (کاتابۆلیزم/ K)[2]

ژن لە پاریسا لە بەیانییەوە تا عەسر زۆر کەم ئەبینیی، چونکە هەموو ئیش ئەکەن، بەڵام کە بوو بە عەسر، وەک کۆترە باریکە، هەموو لە مەغازە و فابریکەکاندا دێنە دەرەوە و بڵاوەی لێ دەکەن... یێکێ چاوەڕێی یار ئەبێ، یێکێ بۆ یاری تازە ئەگەڕێ و یێکێ موکەللەفە بە ئیعاشەی کەسوکاری. تا سەعات ٢ – ٣ی شەو نزیکی بەیانیی، ژن ئەبینرێ کە پیاسە ئەکەن لەو سەر جادانەی پاریس.

لە پاریسدا، بێ کارە زۆرە و پرسا، ئێجگار زۆرە. عەجەبا بۆلشڤیکیی و یا کۆمۆنیست چ کەڵکێکی بۆ ئەو هەژارانە هەیە؟ ئەگەر ڕاستە بۆلشڤیکیی؛ یەعنی موساوات لە هەموو شتێکا، ئەی ئەو بەسەزمانانە چڵکنوپڵکن، برسیی ولاکەی سەریان دێ، لە برسانا دەست لە خەڵک پان ئەکەنەوە، بۆچیی موساویی نین؟ باوەڕ بکە، دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە؛ بۆڵشڤیکیی، کۆمۆنیستیی، سۆسیالیستیی، تەڕەماش، ئەمانە هەمووی کەلیماتی موتەرادیفەن، هەموویان یەعنی لەم ڕێیەوە ئەتوانم بچمە سەر کورسیی نیابەت یان وەزارەت!

لە فڕانسەدا، حەقیقەت گەوواد زۆرە. بەڵام فیکە پەکی گەوادیی خستووە! چاوت بە هەر کچێ یان ژنێ کەوت، فیکەیێکی بۆ بکە، ئەگەر حەزی کرد دووت ئەکەوێ و ئەگەر حەزیشی نەکرد گوێ ناداتێ، ملی ڕێگە ئەگرێ و ئەڕوا. حەتتا هی وا ئەبینیی قۆڵی لە قۆڵی یێکێکایە، فیکەیێکی بۆ بکە، تەماشایێکت ئەکا، ئەگەر بەدڵی بوویت، ئەوا بەرەڵڵای ئەکا و دێ قۆڵ ئەکا بە قۆڵی تۆدا!

سەربەستیی ئاوا ئەبێ! دیم لە ناوەڕاستی شەقاما، ماچومووچ کراوە و دیم کچێک خێرا خێرا خۆی ئەدا بەسەر کوڕێکا کە خۆی نوشتان بووەوە بەپشتا، بەڕاستیی سەربەستیی کە لە سنووری ئەدەب تێپەڕیی و خووی ئینسانی خراپ کرد، قەت ئارەزوو ناکرێ! ئینسانی

(١) خۆی ئەو بۆشاییەی داناوە!

(٢) زاراوەیێکی زانستییە بە واتای (بزاڤی ڕوخاندنی شانە زیندووەکان) کە (ئەییز) دەگرێتەوە! (بۆیێکا لە فەرهەنگۆکدا دام نەنا، تا خوێندەوار بیری لە باسەکە ئاڵۆز نەبێت!).

سەربەست، ئەبێ لە سنووری ئەدەب تێنەپەڕێ، چونکە هەموو شتێ حەددی هەیە، حەتتا سەربەستییش! ئینسانی سەربەست کە خۆی چاک بوو، بە ئەدەب بوو، لەگەڵ ئەوەش لەش ساغ بوو، ئەو کەسە لە (سوپەرمان)یەوە نزیکە و سوپەرمانیش کەسێکە قەت خەتا ناکا و کەسێکیش کە خەتای نەکرد، ئەگاتە دەرەجەی بەرزترین و کەسێ بگاتە ئەو دەرەجەیە بەختیارترینی بەشەر ئەبێ و ڕەنگە لە حەقیقەتی ژیان تێبگا... ئەم ژینەی کە ئێمە تێی نەگەییشتووین، نازانین بۆچیی هاتووین و بۆ کوێ ئەڕۆیین؟ لە تاریکییەوە بۆ تاریکیی، ڕەنگە لە عەدەمەوە بۆ عەدەم بێ. بەڵام فەنای مادده، جێی باوەڕ نییە، چونکە ئینسان کە مرد، ئەو ئێسک و مێشک و گۆشتەی ئەبێ بە خۆڵ، ئەو خۆڵە شتی کەی لێ پەییا ئەبێ؛ یا ئەکرێ بە گۆزە و دیزە، لەشی نازەنینێک، نازەنینێکی کە ئاوی پێ ئەخواتەوە، وە یا ئەکرێ بە خشت و ئەچێتە ناو دیوارەوە، یاخو ئەبێ بە سەبەبی ژینی گوڵ و گوڵزار، یا دار و دەوەن! کەوا بوو، مادده، ئەگەرچیی کوت کوت ئەبێ، بەڵام – وەک ماڵکووک ئەڵێ – یێک ئەگرێتەوە و هێزەکەی جارانی پەییا ئەکاتەوە.

شتێ[1] زۆر بەهێز کە کوت کوت کرا، ئەو هێزە بەسەر ئەو کوتانەدا دابەش ئەکرێ، بەڵام لە دوای دەورەیێک یا وەختێکی موساعید – ئەگەر فورسەت لە دەست نەدرێ – ئەو کوتانە کە یێکیان گرتەوە، عەینی قووەت یا هێزی ئەبێ! ئینجا نازانم جیسمی ئینسان کە

(٢) نامەنووس، دوای نامەکە، ئەم پەڕە نووسراوەی وەک پەراوێز – نووسیوە و نامەوەرگری ئاگادار کردووە کە ئەم لاپەڕەیە سەر بە ئەم باسەیە کە من لە ئێرەدا دەینوێنم! نووسیویەتی؛

١– هەر هێزێک کە دابەش کرا، بێ هێز ئەبێ. هەر شتێک کوت کوت کرا، تین و هێزی بەسەر ئەو کوتانەدا دابەش ئەکرێ. ئینجا ئەگەر ئەم کوتانە یێکیان گرت و بوون بە پارچەیێک، ئەوسا هێز زیاد ئەکا. مەسەلا هێدرۆجین کە دوو مۆڵە کێوولی تیایە؛ ئەگەر ئەو دوو مۆڵە کێوولە لە یێک جیا بکرێتەوە – یا ئەو میقدارە دابەش بکرێ – دیارە ئەو هێزەی جارانە لە هیچ بەشێک لەو بەشانەدا نابێ و بەم کوت کوتیە ئەگەر عەوامیلی تەبیعییە نەیپارێزێ، ڕەنگە خۆی هێدرۆجین بگۆڕێ. بەڵام هەنگێ جار تەبیعەت غەدر ئەکا؛ مەیدانی یێکبوون نادا و ئەو دوو مۆڵە کێوولە پەردەیێکی غەیرە تەبیعیی مانیعی یێکبوونیان ئەبێ. هەنگێ جاریش ناتوور – سروشت/K – نایێڵێ فرسەت لە دەست بچێ، شەماڵێکی زۆر خۆش ئەو پەردەیە لائەبا و ئەو دوو مۆڵە کێوولە یێک ئەگرن. ئەوسا عونسوری هێدرۆجین ناوئەنرێ!

٢– هەنگێ مەواد هەیە کە لە عەناسیری هەمەچیزە – جۆرە – مورەککەبە ئەو مەوادانە؛ کیمیاگەر ئەگەر بێتو نزیک هەر عونسرە نزیکی جینسی خۆی بخا، هاوچەشنی خۆی، لەو مورەککەبە جوێ =



دارڕزاو بوو بە هەزار کوتەوە، لە پاشاندا ئەو کوتانە یێکیان گرتەوە، ئینسانێک تەشکیل ئەکا، یا حەیوانێک، وە یا درەختێک؟ باشە، لەمانە هەر کامێکیان بێ، ئاخۆ ئەو هێزەی جارانی ئەبێ؟ بڕوانە کتێبی (Matter & Power) هی بوخنەر Bochner.[1]

ڕەنگە تووشی وەرامێکی وا نەبی، چونکە زۆر لە ناتوریستەکان – تەبیعیوون – فیلۆزۆفەکان بەم ڕێگەیەدا ڕۆییشتوون و ئەڕۆن، بەڵام جارێ کەس نەگەییشتووەتە مەقسەد... بەڵام بۆ مەودای کیمیاویی، ئەمە بیلفیعل تاقیی کراوەتەوە و ڕاستە!

بزانە من باسی پاریس و پاریسیم کرد، کەچیی بۆ کوێ چووم؟ لام وایە نیازم هەیە ببم بە فیلۆزۆف – فەیلەسووف/K – چونکە پۆلاتیکە، مێشکی ئینسان مانگوو ئەکا، منیش ئەمەوێ لەمەولا بە فەلسەفە مێشکم مانگوو بکەم!

ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٢٦؛ حیسسم بە زوعفێکی عوموومیی کرد و وەختە بوو گیرفانیشم تووشی ئەزمەیێکی زۆر خراپ ببێ. لە ترسا قەرارم دا، ڕاکەم لە پاریس، ڕاکەم تا بەجارێ پەکم نەکەوتووە و لە خاکی فڕانسە دەرچم!

ئەو ڕۆژە، سەعات ٣,١٠ی ئێوارە، بەترەیێن لە (ستاسیۆنی نورد Nord)ەوە حەرەکەتم کرد بۆ (کالێیە مارتینە Colios Maritine)ی ساحیلی فڕانسە![2]

سەعات ٧,٣٠ گەییشتم. لەوێ لە ناو ترەیێندا، گوڵعوزارێکی سیمین بەدەن لە تەنیشتمەوە دانیشت. وەک نە بام دیبێ نە باران، ئاگری عەشقم هاتە جۆش. ویستم

= ئەبێتەوە و ئەنووسێ بەو کەرتەی کە وەک خۆیەتی. دیارە مەواددی مورەککەبە دائیما مەعرووزی گۆڕانە. عەوامیلی سونعی ئەگەر نەیگۆڕێ، عوامیلی تەبیعیی غاڵب ئەبێ بەسەریا.

هەنگێ کیمیاگەر زۆر زیرەک و وریان، نایێڵن فورسەت لە دەست بچێ؛ هەم ئیستیفادە لە عامیلی تەبیعیی ئەکەن، هەم بۆ پێکهێنانی عامیلی سونعی قوسوور ناکەن! ئینجا مەرام لەم مەوزووعە، هێزە. ئەلەکترۆن کە لە فەزادا شەقاڵ ئەبێ و قووەی جەزب خولی ئەدا و چەرخەیێکی پێ ئەکا. لە دوای چەرخەیێک هەر کوتە تووشی کوتی خۆی ئەبێتەوە و بەیێکەوە ئەنووسێن و سەرلەنوێ بەم چەشنە ڕاوەستاوە، نەک لەسەر پشتی گا و ماسیی! هەنگێ هەیە ئەڵێن هەر هێزێک کوت کوت کرا، لە دوای یێک بوون، ئەو هێزەی جارانی نابێ، بەڵام ئەم قسەیە جێی باوەڕ نییە، چونکە ئەو هێزە با کوتیش بکرێ، قەت زاییع نابێ. ڕەنگە زوعفێکی وەقیی حاسڵ ببێ لە فیراقدا، بەڵام لە دوای یێک بوون ئەو زوعفە نامێنێ!/ تەواو.

(١) نێونیشانی کتێبەکەیە؛ (مایە و توانا).

(٢) خۆی نێوەکەی هەر بە تیپی لاتینیی نووسیوە!.

بیدوێنم، بەڵام فڕانسزییم نەئەزانیی. داخی گرانم ئەو جوملە قۆڕانەش کە لە مەعناکەی گەییشتم، ئیتر ئیمکانی نەبوو ئیستیعمالی بکەم! گیسکە گولەییێک مێردی بوو... باوەڕم پێ بکە بۆ نۆکەریی نەئەشیا. بەڵام من زۆر بەم ئیشە نارێکە خەفەتم خوارد، وتم: ئاخۆ بە حەقیقیی، ئەم پەرییە حەزی لەمە کردبێ؟ قەت جێی باوەڕ نییە!!.

خولاسە، من ئاگری دڵم بەچیی بکوژێنمەوە؟ کچێکی جوانی بوو، لەگەڵ کچەکەدا – شاکیر ئاسایی – کەوتمە دەستبازیی تا گەییشتمە جێ، بەڵام ئەوان لە پێش مندا دابەزین، من چوومە قەراغ دەریا دابەزیم![1] چوومە (تەرمیووس هۆتێل Termiuis Hotel)[2]، کە سەرم کرد بە ئوتێلدا، لە ئینگلیز بەولاوە، فڕانسزم نەدیی غەیری گارسۆن و خزمەتچییەکان. نەختێ پشووم هاتەوە بەبەرا، وتم: شوکر لێرە کۆتری ڕاوکەر نییە!.

ئەو شەوەم لەوێ ڕابوارد. سبەینێ سەعات ۱۲,۱۳ی نیوەڕۆ، بەپاپۆڕی فرانسز (کۆت، ۹، ئۆزور Cot. 9 Ozur)[3]، حەرەکەتمان کرد بەرەو ئینگلتەرە؛ مەوتینی جۆن بۆل، کلیلی پۆلاتیکی جیهان، مەنبەعی فڕوفێڵ، درۆودەلەسە، پڕوپاگەندەی عەجیب! سەعات ۱,۱۳ گەییشتینە (دۆڤەر Dover).

ساحیلی فڕانسە لە ساحیلی ئینگلتەرەوە سەعاتێک دوورە، بۆیێکا بە دەردی جۆن بۆڵ ئەڵێ: (بەپێی سیاسەتی تەقلیدیی، ئینگلیز و فڕانسز دۆستن!). لام وایە ئەگەر ساحیلی منیش لە ئینگلتەرەوە وا نزیک بوایە، بە حوکمی موحافەزەی خاکی بریتانیا، لەگەڵ منیش دۆست بوو، ئەگینە ئەگەر ئینگلیز تێک بچێ لەگەڵ فڕانسە و، فڕانسە لەگەڵ کەسێکی کە دۆستایەتیی بکا، ئەتوانن بەجووتە، بە هەڵمەتی (سان جێمس) بکەن بەجێگە پیاز![4]

ئینجا لە ترسی ئەمەیە سیاسەتی تەقلیدیی! کە لە پاپۆڕ هاتینە خوارەوە، ئینگلیزەکان لە دەرگاییێکەوە ئەڕۆیشتن و غەیرە ئینگلیزیش لە دەرگاییێکی کەوە، شتی غەیرە ئینگلیزەکان ئەگەڕان، بۆ کامێرا. لام وایە ئەوانەی کامیرایان پێ بوو لێیان سەندرا بێ تا دەرچوونیان لە خاکی ئینگلتەرە!

---

(١) نەمزانی مەبەست کام شاکیرە!!

(٢) خۆی نێوەکەی هەر بە تیپی لاتینیی نووسیوە!

(٣) هەروەها

(٤) وێ دەچێت مەبەستی (کۆشکی سان جێمس) بێت!



لە پاش ئەمەی کە لە گومرگ قوتار بووین، هاتینە دەرەوەی ستاسیۆن. لەوێدا ترەیێن ئامادە بوو، ئەمرم کرد بە ساحێب[1] چا و شیرێک و کێک بێنێ بۆم! بۆ خۆم بە هەموو عەزەمەتێکەوە لە واغۆنەکەدا دانیشتم و بەکەماڵی ئیحتیرامەوە بۆی هێنام!

لە دوای چا خواردنەوە، سەعات ۲,۳۰ ترەیێن جوولا بۆ (لۆندون London). سەعات ٤,٤٥ گەییشت هەمدیسان لەم ترەیێنەدا هاوەڵم پیرەژنێک بوو کە هەر تاوە نا تاوێک، قوتووی سووراو و سپیاوەکەی دەرئەهێنا و بەر ئەبووە گەچکاریی چڕوچاوی! مەوقیعی سێیەمی ترەیێنی ئینگلتەرە زۆر مودهیشە؛ دۆشەکی قەدیفە و باقیی تەرتیباتی وەک هی ئیتاڵیایە. بەڵام ترەیێنی فڕانسە لە پاریسەوە تا «کالێیە» زۆر قۆڕە، وەک دەرەجە سێیەمی عێراق وایە! کە گەییشتینە ستاسیۆنی «ڤیکتۆریا Victoria» لە واغۆن هاتینە خوارەوە، حەماڵ پەستی کردم. ئەو جانتاکەمی ڕائەپسکاند، ئەم ڕایئەکێشا. ڕقم هەستا، وەختە بوو ورد و بچووکیان هەڵئاخنم.

کە هاتمەوە، لە شۆفێرێک هەواڵی ئوتێلێکی موناسیبم پرسیی. کەچیی کابرا وتی: (لە ئوتێل ڤیکتۆریا موناسیبتری نییە کە شەویی بە ۱۲ شیلینە!). چوومە ئەوێ![2]

ئوتێلەکە لە شەقامی ڤیکتۆریایە، دە قاتە، بەڵام ئەو عەزەمەت و زەوق و فەخامەتەی کە لە ئوتێلەکەی پاریسا دیم، لە ئەو ئوتێلەدا نەمدیی!.

ئوتێل مودهیش و بە عەزەمەت بوو، بەڵام ئەسباب و تروتیفاقی بەسیت و سادە بوو، وەک زەوقی ئینگلیز. کچێکی زۆر جوان و نەرم و نیان، مەسئوولی ژوورەکەی من بوو، بەڵام بەیانیی لە سەعات شەشەوە تا شەشی ئێوارە بە شەو پیاو خزمەتی ئەکرد!

خەیاڵم دایە کچە![3]

(چاکە! نێوت چییە خۆشەویستم؟ Well, What is your name darling)

(مێری! بەڕێز. Mary. Sir)

(ئۆە مێری! دەتوانم ئێوارە پیاسەیێکت لەگەڵ بکەم؟ Oh Mary. Can I take you a

---

(١) نامەنووس، ژیرانە و بەکینایەت (ئەمرم کرد بە ساحێب) ئاخاوتووە کە مەبەست ئینگلیزە و لە داگیرکردنی کوردستاندا بە (ساحێب) بانگ دەکران. ئەمێستە ئەوێکی کورد بەسەر (ساحێب)دا ئەمر دەکات!.

(٢) پارەیێکی بریتانیاییە!.

(٣) خۆی هەر نووسینە ئینگلیزییەکەی نووسیوە. من گۆڕیم بۆ کوردیی!

(walk with you at the evening?

(بەڵێ بەڕێز! Yes. Sir).

بەم موحارەوە کورت و موختەسەرە و بەزۆری زۆردارەکیی لەگەڵ (مێری) بووم بەئاشنا!

سەعات شەش، پێکەوە بە پاسی دوو نوهۆم چووین -ئەبلەقۆیسون- بۆ هەوای پاک وەرگرتن؛ Openair.[1]

کوڕە هەوای سافی چیی؟ماڵی ئینگلیز وێران بێ بۆ خۆی و پێتەختی! چڵم ئەسڕیی، ڕەشە و تف ئەکەیتەوە ڕەشە؛ لەبەر دووکەڵی فابریقە. بەڵام ئەو جێگەیە چونکە زۆر قەڵەباڵغ و سیخناخ نەبوو، نەختێ باشتر بوو لە ناو شارا. لەگەڵ (مێری) دوو سەعاتم ڕابوارد، ئەمجا گەڕامەوە ئوتێل لە ترسی باران، چونکە لە وەزعی ئەوروپا نەگەییشت بووم کە بە هاوینیش بارانی هەیە. لەبەر ئەمە نە چەترم هەبوو نە زاخۆی باران. ئەمریکاشم نەئەزانیی چۆنە، ئەگینا چەترێکم ئەکڕیی. مەسئەلەکە ئێکۆنۆمیی - دارایی/K - نەبوو، کاک شاکیر![2]

شەوێ، تێروپڕ لە ئوتێل لێی نوستم. نەختێ لەو هێزەی لە کیسم چوو بوو، بۆم هاتەوە. بەیانیی لە دوای بانێو کە چوومە ژووری نان خواردن بۆ نان و چا، زرتە بۆزێکم دیی لەگەڵ ژنێکی جوانی جاهێلا. جێگاکەم لە تەنیشت ئافرەتەکەوە بوو. کابرا دەمی سووتا بە منی وت؛ (باقڵ ئەبارێ؟). منیش وتم؛ (نازانم!)، کەچیی ئافرەتەکە وتی؛ (لە کن منەوە بڕوانە!)، کە ڕوانیم، بەڵێ ئەباری! وتم؛ (بەڵێ ئەبارێ!).

ئافرەتە ئیتر مۆڵەتی نەئەدام، کەوتە قسە و چیرۆک بۆم. لام وایە منی بە (دۆن ژوان) زانیی بێ!

تەرجومەی حاڵم، لە کوێوە، بەکوێدا هاتووم و بۆ کوێ ئەچم، ئەمانەی هەموو لێ پرسیم! لەگەڵ ئەوەش هەر چاوی تێبڕیی بووم، لە خۆم ئەترسام. وتم؛ (باقڵ ئەم ئافرەتە نیازی هەیە لە خشتەم بەرێ. بەدخووم بکا یا لە ڕێم دەرکا! خوا، تۆ پارێزگاری گشت کەسی!). بەڵام کابرای مێردی چەشنی خاڵۆ محەممەد، هیچ مێشیش میوانی نەبوو، هەر خەریکی پاروو گلاندن بوو!.

---

(١) بنۆڕە فەرهەنگۆک.

(٢) دیسان نێوی شاکیری هێناوەتەوە کە من نازانم مەبەستی لە کام هەردوو هاوەڵی؛ شاکیر فەتاح و شاکیر موجریمە! وێش دەچێت کە مەبەستی ێیکەمیان بێت!



کە لە نان خواردن بووینەوە، ئافرەتە وتی؛ (تۆ لۆندرەت نەدیوە؟ حەز ئەکەی پێشانت بدەم؟). موتەحەییر مام، وتم؛ (بەخوا تەڵەی بۆ نامەوە. نەخێر پێوە بووم! کەریمی کارساز بۆ سازکردن خێرا، بەشکم ئەویش وتبیەتی: کارساز بۆم ساز کە! بەخوا ڕەنگە وا بووبێ!) وتم؛ (ئەگەر ئارەزوو ئەکەی مەمنوونت ئەبم!). لە پاشان بە مێردەکەی وت؛ (تۆش دێی یا لێرە ئەمێنی؟). وتی؛ (نە ء! من نەختێ ئەچم بۆ کوتوبخانە!).

خاڵۆمان بەجێ هێشت! سواری ئوتومۆبێلی خوسووسیی مادام بووین، تا نیوەڕۆ سووڕاینەوە. کە ئەوێستاین بۆ ئەلەکتریکی سوور، ئەکەوتە دەستبازیی لەگەڵم. منیش وتم؛ قەیناکا، هەر خەلەل بەگیرفانم نەگەییێنێ، هەموو لەشم بۆ تۆ!. کە گەڕاینەوە، یێکسەر بۆ ژوورەکەی من. لەوێ خۆی دا بەسەر جێگەکە و (......)[1] ئێوارەش کاری ڕاست بێ، بردمی لاییێکی کەی پێشاندام!.

شەوێ چووم لە ڕێستۆرانێک نانم خوارد. کچێکی زۆر جوانم دی، کەوتمە داوی. زۆر مەشرەب خۆش و قسە خۆش بوو. کە گەڕامەوە ئوتێل، وتم؛ باقڵ من ناتوانم ڕەحەت دانیشم!! وا چاکە لێرەش خۆم دەربازکەم!

لەم خەیاڵەدا بووم، مادام لە دەرگەی دا و هاتە ژوورەوە، بێ ئەوەی بڵێم؛ وەرە! دوو سێ سەعاتمان پێکەوە ڕابوارد. ئەمجا ئەو ڕۆییشت و من کەوتمە گێژاوی خەیاڵەوە!

لۆندرە، شارێکی زۆر گەورە و مودهیشە، چڕە، بینای موحتەشەمی تیایە، بەڵام ئەو بینایانە، لەبەر دووکەڵی فابریکە هەموو وەک خەڵووز وایە. لام وایە کەسێ سیی زۆر بەقووەت نەبێ لە «لۆندرە»دا زوو تووشی دیق ئەبێ... هەوایێکی پیس و موتەمادیی باران، بەدەگمەن هەتاو ئەبینرێ. ئینجا بۆ ئەمەی خەڵکی «لۆندرە» ئیستیفادە لە هەتاو بکەن، دائیرەی ترەیێن، ڕۆژی شەموان و یێک شەموان بۆ شارەکانی قەراغ دەریا بە هەزاران تیکت ئەدا.  بزانە چ خزمەتێکە! هەوای پاریسیش لە لۆندرە چاکترە، بەڵام هەوای ڕۆما فێنک و ساف و خۆش، لۆندرە و پاریسیش فێنکن!

لۆندرە، مەزیەتی هەیە بەسەر ئەو شارانەوە کە دیمن، پارکی زۆری هەیە. ئینگلیزەکان لەگەڵ ئەو خوێن ساردییەی خۆیان، کەچیی ئەغلەب هەیکەلەکانیان شێرە. بۆچیی، شێر خوێن ساردە؟ «پیکادێللی پارک»، چەنگ دەرگەی هەیە و هەر دەرگەیێکی بە ناوی موستەعمەرەیێکەوە ناونراوە!

---

(١) خۆی بۆشایی داناوە!.

لە «هاید پارک» و «پیکادێللی»دا، ئێواران ئەگەر باران نەبێ، باندۆی مۆزیقە لەوێدا مۆزیقە لێ ئەدا، بەڵام من دوو ڕۆژی تیا بووم، کاولم کرد ئاسمان چاوی وشک نەکردەوە! دووەمین ڕۆژ چووم چاو بە (چامبەرلین) کەوت و ناوی (لۆرد هالیفاکس)یش هات، کەوتینە موحاوەرە... وتم بە چامبەرلین: ئەوە بۆچیی ئێوە لە هەموو دیزەییێکا ئەسکوێن؛ وتی؛ (قوربان، ئێمە ئێستە موازەنەی قووەتی عالەممان کردووە و دائیما ئێمە موحافەزەی ئاشتیی ئەکەین!).

وتم: ئای مردووت مرێ!! ئێوە ئەتانەوێ ئەمرتان ڕەوا بێ بەسەر عالەما، بەڵام لام وایە ئەو باوکەتان مرد. عالەم لە خەو خەبەری بووەوە؛ لە فیشاڵ و درۆودەلەسەی ئێوە گەییشت. ئیتر قەت ئەو ڕۆژە نابیننەوە کە ئێوە حاکمی موتلەق بن لە ئاتلەنتیکدا و لە دەریای سپییدا! نەء، ئەم جارە نۆرەی کەسانێکی کەیە!.

چامبەرلین وتی؛ (دنیات چۆن دێتە پێش چاو؟).

سەگبابە ئەیویست ئیستیفادە لە بیرم بکا، بەڵام من ئاگام لە خۆم بوو. وتم: جەمسەری پۆلاتیکە بەدەست تۆوەیە! خۆت چاکی ئەزانیی! پێکەوە قاوەڵتیمان کرد و گەڕامەوە.[١]

بینای مەجلیسی عەوامم دی. قەسری سان جێمس و زۆر جێگەی کەش، بەڵام نە بینای مەجلیس و نە قەسری سان جێمس، مەنزەرەی جوان نەبوو!.

لە لۆندرەدا بێ کارە زۆرە، پرسا ئێجگار زۆرە، عەزمەتی بریتانیا بەکاری بێ کار و پرسا نەهاتووە! گەووادیش زۆرە، بەڵام فیکە لەوان باشترە.

لە لۆندرەدا ئێواران، کچان و بەعزەن ژنانیش سواری پاسکیل ئەبن و ئەچن بۆ گەڕان. داخی گرانمە نەمزانیی سواریی پاسکیل! چاوم بە بینای (پارتی ئەنتی بۆلشفیک، کۆمۆنیست – سۆسیالیست) کەوت[٢] چاوم بە موزەخانەش کەوت، بەڵام لە دوورەوە.

ئەو بەساتەتە و ئەو نەزاکەت و تەربییەی لای ئینگلیز لە ئینگلتەرادا ئەیبینی، لە خاریجی ئەوێدا نییە! تەرەس بابانە لە فرانسزەکان نازکتر و بە خزمەتترن. لام وایە ئەوانەی کە ئەیانەوێ بێن بۆ ڕۆژئاوا، ئەیاننێرنە دەبیرستان، کلاسێک تەواو ئەکەن، یەعنی کلاسی بێ نامووسیی، ئەمجا پاسپۆرتیان ئەدەنێ!

---

(١) دیسان – وەک باسەکانی ڕابوردوو – ئەمەی بۆ خۆشیی گێڕاوەتەوە، دەنا نەیدیوە.

(٢) پارتی ئەنتی... هتد، واتە پارتی دژ بە...



ئەو ڕۆژەی گەییشتمە لۆندرە، شەمموو بوو... دوکان و بازاڕ نەبوو. جگە لە هەنگێ ڕێستۆران و وردە دوکان بەولاوە و بۆ سبەینێش هەر وا، بەڵام لە هەمووی موهیمتر ڕۆژی یێکشەممو، لە هەموو سەرکۆڵانێک و قورنەییێکەوە دەستەوارەیێک ڕۆژنامە – تاو نامە، چونکە هەر تاوە نا تاوە ژمارەییێکی دەرئەچێ – لەسەر خواجەنشینی ماڵێک و یا سنووقێک دانراوە. هەر کەسێ، هەر کامێکی بوێ، دانەییێک هەڵئەگرێ و پارەکەی فڕێ ئەداتە سەر غەزەتەکان ئەڕوا و ئەگەر کەسێ وردەی پێ نەبوو، لەو وردەیەی لەسەر غەزەتەکانە وردی ئەکاتەوە. ئینجا بزانە چەنگ متمانەیان بە یێک هەیە! دووەمین ڕۆژ لە لۆندرەدا لە (ڤیکتۆریا ماجیستیک گریل Victoria majestic grill)دا[١] دانیشتبووم نانم ئەخوارد. کابراییێک لە نزیکمەوە بە جلی تایبەتی نان خواردنەوە دانیشت بوو، هەر تەماشای ئەکردم، بەڵام بە ئوسووڵ. من زۆر بەم تەماشا کردنە سەغڵەت بووم، لە پاشاندا لام وایە کابرا پەتی پچڕیی، وتی؛ (لێم ببوورە شتێکت لێ ئەپرسم!) وتم: چییە؟ وتی؛ (ئەگەر ئاگری جەنگ هەڵگیرسا ئەگەڕێیتەوە بۆ ئەسپانیا یا لێرە ئەمێنیتەوە؟). وتم؛ ئەچم بۆ ئەمریکا!

وتی؛ (بۆ تۆ لە کام پارتیت؟). بۆ ئەمەی کابرا نەختێ پەست بکەم، وتم؛ نازیست Nazist![٢] کەچیی کابرا وتی؛ (پاردۆن!)[٣] کابرا ڕووی لێ وەرگێڕام، بەڵام من بەرۆکم بەر نەدا، لێم پرسیی: (ئەرێ بەڕاست، هیتلەر ئەیەوێ پارچەییێک زەویی ئەڵمان کە بە سیاسەتی زاڵما نە لێی جوێ کرا بووبووەوە، ئێستاکە هێزی پەیا کردووە، ئەڵمان بیداتەوە دەم خۆی، ئێوە بۆچ وا کەوتوونەتە حەلوەلا؟

وتی؛ (ئەوە ئێمە ئەڕوانینە دنیا، هەر حوکوومەتێک کە زۆر بەهێز و تەوانا بوو، ئێمە ئەبێ حیسابی دوارۆژی خۆمان لەگەڵ ئەو حوکوومەتە، ئەمڕۆ بخەینە پێش چاومان! ئینجا بۆیێکا بەهێزیی ئەڵمان نەک بۆ ئێمە تەنیا، بۆ فڕانسەش خەتەرە!). منیش لە دڵی خۆما وتم؛ خوا خەتەری واتان بۆ زۆرکا؟

لە ئینگلتەرەدا زۆر بە گەرمیی، خەڵک ئەهمییەت بە مەسئەلەی (چیکۆسلۆڤاکیا)

---

(١) نێوی شێوخانەییێکە بۆ گۆشت برژاندن (برژاندنخانەی پاشایەنەی ڤیکتۆریا) خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیوە!

(٢) خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیوە!

(٣) خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیوە!

ئەدا. دیارە کە قسەی موخالیفی ئینگلیز لە غەزەتەکانیا نابینریّ. کەچیی لەگەڵ ئەوەش، هەر تاوە نا تاوێک کە غەزەتەکە دەرئەچوو، خەڵکیی وەک هار ئەیانقۆستەوە. نەک تەنیا تەبەقەییێک وا ئەهمییەت ئەدا بە ئەخبارات، هەموو، حەتتا شۆفیر، حەماڵ، کۆڵان حاڵەر، کرێکار... هتد! لەتاو دووکەڵ وەختەبوو بخنکێم. ئەو دوو ڕۆژە لە لۆندرەدا خۆ هەتاوم شوکر نەدی، لە باران بەولاوە، پرسیم؛ بەری ئاسمان ڕوون نابێتەوە تا هەتاو دەرکەویّ؟ ئەیانوت؛ (بەدەگمەن، یان زۆر کەم!). منیش وەختەبوو فیراق بکەم، لەبەر ئەوە پلانی ڕۆییشتنم ڕێکخست!

ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٢٩؛ سەعات ١١,٣٠ بەیانیی بەترەیێن لە (واتەرلوو ستاسیۆن Watrloo sta...)ەوە چوومە (ساوتهامپتۆن Southampton). سەعات ١,١٥ی نیوەڕۆ گەییشتم، سواری ئوتوموبێل بووم بۆ ناو شار، نزیک قەراغ دەریا ئوتێلێ بگرم. لەگەڵ شۆفێرەکە ٥ – ٦ ئوتێل گەڕاین، هەموو ئەیانوت؛ (بە خوا جێگەی خاڵیمان نییە!). دوایی لە ناوەڕاستی شارا لە ئوتێل (هوپەر Hopper) جێگام چنگ کەوت.[١]

لای ئێوارە لە ئوتێل هاتمە دەرەوە؛ چووم بۆ پیاسە. لە دوای ئەمەی ڕێ و شارێکانم نیشانە کرد... تەماشام ئەکرد هەرچیی کچ هەیە لە «ساوتهامپتۆن»دا، هەموو بەجاریّ سواری پایسکل بوون، کوڕان کەمتر. هەمدیسان ئاهێکی ساردم هەڵکێشا بۆ خۆم کە نازانم سواری پایسکل ببم، بەڵام لە پارکێک دانیشتم!.

کچەکان، کە بەو مەجالەدا ئەغلەب ئەڕۆییشتن، هەموو بەبەردەمی منا ئەهاتن و ئەچوون، منیش بە تیلایی چاو سەیری ژێر کراسەکەیانم ئەکرد. لە بەغدادا، کتێبی (نێر و مێی خولڤاندووە) هی نیقۆلا حەدداد؛ کە خوێندمەوە ئەڵیّ؛ (کچ نابیّ دەرپێی تەسک و یا تەنگوورەی تەسک لەبەر بکا، چونکە لەشی ئەجەڕێنیّ و ئەو جەڕاننەش ئەبێتە سەبەبی جووڵاننی دەرپێکە و ئەو جوڵاننەش خوتووکە ئەدا بە ئالەتی تەناسولییەی کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی ئینتیباهی حیسسی شەهوانیی!). قسەکەی نەختیّ مەعقوولە، بەڵام ئەی ئەم کچانەی کە ڕۆژیی ٢ – ٣ سەعات بەسەر پایسکلەوە هەڵبەز هەڵبەز ئەکەن، چیی ئەڵیّ؟ ئەوەندەی دەرپێی تەسک خوتووکەی ئاستی تەناسولیی ئەدا، سەد ئەوەندە زینی پایسکل خوتووکەی ئەدا، چونکە ئالەتی تەناسولییەی چ کچ و چ کوڕ لە هی ژن و پیاو حەسساسترە؛ بەعاستەم شتێکی لووسی بەرکەویّ خەبەردار ئەبیّ! ئینجا خۆ زینی

(١) خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیوە!



پایسکل، هەم لووس و هەم سەرلوتکەی باریک.

ئەم ڕیازەیەی کچانی ئینگلتەرە خوویان پێوە گرتووە لاکین باش نییە، چونکە نیوە دەستپەڕێکە! لام وایە ئەم سوارییەیە کەوا شکڵی ژنان زوو ئەگۆڕیّ، چرچ و ناشیرینیان ئەکا!

لە «ساوتهامپتۆن»دا، هەتاو هەیە. هەواکەی نەوعەن ما لە چاو «لۆندرە»دا ساف و پاکە یا وەکو ئینگلیز ئەڵیّ؛ (هەوای پاکە/ Open air)، پڕە لە کوتویخانە، قیرائەتخانە، پارکی زۆر، کچی جوان... ئا، لە بیرم نەبوو، لە ستاسیۆنی «واتەرلوو Wa-terlu»دا لە پێش حەرەکەتمان بە چافرۆشەکەم وت -کچێکی جوان بوو-؛ چا و شیرێکم بەریّ!

کە دامیّ، وتی؛ (شەکری تیّ کەم؟)

منیش وتم؛ ئەمەویّ ئەوەندە شیرین بیّ وەک ماچی لێوت!

وتی؛ (کەواتە هەر قومێک و ماچێکم بکە. شەکری ناویّ!)

وتم؛ چاکە بێنە ناو واغۆنەکەوە بۆم، لەگەڵ کێک!.

کە هێنایە ژوورەوە، خۆی ماچێکی دامیّ، وتی؛ (ئیتر ئەو شیرینییە، ئەتوانیی چوار چای پیّ بخۆیتەوە!). بەڕاستیی شەکری نەکردبووە چا و شیرەکەوە. ماکەرە شیلینێکم دایێ باقییم بداتەوە، وتی؛ (وردەم پیّ نییە، لەوسەر کە هاتیتەوە!).

لە «ساوتهامپتۆن»دا فابریکەی ئایروپلانم «تەیارە» دی. لە ئیتالیادا بە تەیارە ئەڵێن (ئایرۆپلان)، بۆیێکا منیش وا ئەڵێم!

ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٣٠، بەیانیی کە چوومە دەرەوە بۆ پیاسە و لە دواییدا کە گەڕامەوە ئوتێل، سەرم کرد بە ژوورەکەمدا... دیم، ئەوا نازەنینێک کۆماوەتەوە، ژوورەکە ئەسڕیّ بەپەڕۆی تەڕ، کە چاوم پیّ کەوت بەو جوانییە ئەوە ئەکا، عەقڵ لەسەرما نەما. گورج پەلیم گرت و پەڕۆکەم لە دەست سەند و خۆم کەوتمە سڕینی ژوورەکە. وتی؛ (بۆ؟ ناتەویّ من ژوورەکەت بۆ پاک بکەمەوە؟). وتم؛ قەت دڵم دیّ ئەو دەستە بلووریانەی تۆ ئەوەی پیّ بکریّ!

ئێوارە، پیاسەم ئەکرد، چاوم بە کچێکی قیت و جوان، چاویلکە لە چاوا کەوت. ئەو لە پێشدا – چونکە من نەمناسییەوە – وتی؛ (ئێوارەت باش Good Evening Sir)[١]

(١) ئەم ڕستەیە وشەکانی ڕابوردووش، خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیوە!.

که ئەمەی وت، وەک جەرەیانی ئەلەکتریکیی، موچەڕکێک بە لەشمدا هات! ناسیمەوە که ئەوەیە ژوورەکەمی پاک ئەکردەوە!

وتم؛ ناوت چییە؟ وتی؛ (مارگورێت!). وتم؛ حەز ئەکەی پێکەوە پیاسەیێک بکەین؟ وتی؛ (ئەگەر حەز ئەکەی؟). بە قسەی خۆش گەڕانێکم لەگەڵی کرد. پێی وتم؛ (حەز لە سواری پایسکل ناکەی؟) وتم؛ نازانم. زۆر عەجاییبی لێ هات! خەڵکەکە، هەموو هەستانە سەرپێ و ئەیانڕوانییە دوور، ئەیانوت؛ (ها ها... ئەوەتە واوە دێ!). منیش ئەمەم بە فورسەت زانیی، لە یارم پرسیی؛ چ باسە؟.

بەدەنگێکی فریشتەیی، لە دەنگی (داوود) کە ئەڵێن زۆر خۆش بووە، خۆشتر وتی؛ (پاپۆڕی بەرلینە! دێ بۆ لای ئێمە! تۆ ئەچیی بۆ کوێ؟). وتم؛ نیویۆرک.

وتی؛ (ئۆهـ! کەواتە ئەوانەی کە ئەچن بۆ نیۆیۆرک و هالیڤاکس لەم پاپۆڕەوە ئەچنە ئەو پاپۆڕە!). بەم موحادەسە کەمە، نەختێ ئاگری دڵم ساکین بوو!

سەعات ٦,٣٠، پاپۆڕی (بەرلین Berlin) هات، لە تەنیشت پاپۆڕەکەی ئێمەوە وێستا، لە ئەو ئانەدا، لە ناو پاپۆڕی بەرلیندا، باندۆی مۆسیقە، مۆسیقەی لێ ئەدا!.

پەیژەمان بۆ دانرا و چووینە ناو پاپۆڕی بەرلینەوە. گورج ڕەنجبەری پاپۆڕی بەرلین، ڕژانە ناو پاپۆڕی (گریتینگ)ەوە و هەرچیی جانتا و شتوومەکمان بوو، هەموویان هێنایە ناو بەرلینەوە! بەرلین؛ پاپۆڕێکی مودهیش و گەورە و موحتەشەم، مونتەزەم، موعەززەم، نزیکی هەزار ژووری بوو، قەسرێک بوو بۆ خۆی. لە ژوورەکانیا ئاوێنە، مێز، کورسیی، لەگەنی دەست شتن، لەگەنی تەنەکەی ئاو، سابوونی پالمۆلیڤ، دوو خاولیی، جگە لە نوێن و دەسکێ گوڵیش لەسەر مێزەکە!.

لە پێش ئەمەی ئەوروپا بەجێ بێڵم، با موختەسەر باسی وەزعی پۆلاتیکی بکەم.

وەکو لە پێشەوە وتم؛ هیتلەر و مۆسۆلینیی، ئەبینن کە ئینگلیز و فەڕانسز دنیایان کردووە بە موستەعمەرەی خۆیان. خۆ ئێجگار ئینگلیز لە ئەوروپادا، لە جەزیرەیێکدان کە قولانجێ زیاتر نابێ بە نیسبەت خاکی ئەلمانەوە. ئەڵمانەکان نە لە زەکادا، نە لە قودرەتدا، لە ئینگلیز کەمتر نین. هەر بەم تەحرە مۆسۆلینیی ئەڕوانێتە ئینگلیز و فەڕانسز. ئینجا ئەڵمان ئەیەوێ جارێ باڵ و پەڕ بێنێتەوە - یەعنی هەرچیی عونسوری ئەڵمان هەیە، هەمووی یێک بگرێ و لە ژێر ئالاّییێکا بێ - ئەوسا شێرانە دێتە مەیدانەوە و بە مام جۆن بۆڵ ئەڵێ (بەشم!)، ئەو وەختە ئینگلیز وەک ماکەری بەقاڵ، بە مەجبووریی دووی



سیاسەتی ئەڵمان ئەکەوێ، چونکە مەجموعی ئەڵمان ١٠٠ میلیۆن زیاترە، بەڵاّم ئینگلیز خۆیشی بکوژێ لە ٤٧ میلیۆن تێناپەڕێ! ئەمما مۆسۆلینیی، سیاسەتی (پان ئیتالیا)ی نییە، چونکە هەر ئەو نەختە کە تازە نەقڵی «ئەعزەمییە» ببووم، ڕۆژێکیان ئافرەتێکی گاڵتەچیی هات، منالێک بەباوەشەوە - کچەزای بوو - خۆی پیر. وتم؛ چیت ئەوێ؟... کەچیی وتی؛ (ئەمە چۆن دوکتۆرێکە، چاوم لێ هەڵئەتەکێنێ؟). ئەگەر خەڵکەکە پێی نەکەنیبنایە، من زۆر موتەئەسسیر ئەبووم، بەڵاّم کە ئەوان پێکەنین - و منیش ناوبانگی ئەو ژنەم بیستبوو - ئیتر من گوێم نەدایێ قسەکەی.

ئەم مەسئەلەیەم وەختێ بەبیرا هاتەوە کە بەیانیی ڕۆژی ١٩٣٨/٨/٣٠ لە ژووری نان خواردن لە ئوتێلدا دانیشتبووم (سەرڤیتەر Serviter) مەحبووبەیێک هات و وتی؛ (چ نەوعە خواردنێکت بۆ بێنم قوربان Sir؟) وتم؛ هەرچیی تۆ حەز ئەکەی؟

کە وام وت، کەچیی چاوی لێ هەڵتەکانم. لەگەڵ ئەویش بووم بە ئاشنا، بەڵاّم ئەو نەختێ لە ژوورپاککەرەکەوە گەورەتر بوو، لووتیشی هەڵگەڕاوە - ئینگلیزیی - بوو، لەبەر ئەمە زۆر خووم دابووە بچکۆلەکە!

لە «ساوتهامپتۆن»دا بێ کارە ئێجگار زۆرە، پرساش، جگە لە گەوواد. ژنانی ئینگلتەرە؟ لە ئینگلتەرەدا ژنی زۆر جوان هەیە، بەڵاّم ئەغلەب؛ لووتی هەڵگەڕاوەتەوە. ئەمەش لەم وایە (ترەییدمارک Trdemar/ نیشانەی کارخانە)ی ئینگلیزە!.[١]

ئەمما عیشوە و ناز و لەنجەولارەی فەڕانسزیی هەیەتی، ئینگلیزەکان نییانە. هێیی و هێمن، بەڵاّم نەک وەک ئیتالیایی... لە «ساوتهامپتۆن»یشدا تاقەتم چوو!

ڕۆژی ١٩٣٨/٩/٢، سەعات ١٥,١٠، بەپاپۆڕێکی بچووکی ئینگلیزیی؛ (گریتنگس Greetings) بەرەو «گالویێ Galway» حەرەکەتمان کرد![٢]

من ئەمزانیی بەو پاپۆڕە تا «نیویۆرک Newyork» ئەچین؛ بەڵاّم چابوو وا نەبوو! چونکە پاپۆڕێکی بچووک، جێی نوستنی نەبوو، بەڵاّم وەک چاخانە کورسیی و مێزی جوانی تیابوو، ڕادیۆش ئیشی ئەکرد، بەو پاپۆڕە تا نزیک «ساندس لاند Sand’s Land» چووین و لەوێدا وێستاین! قسەی ڕاوکەر؛ یێکێکی فەوقولعادەی جوان، چاو شەهێن، وەک گەلاوێژ ئەبریسکایەوە، باڵا بەرز، قەد باریک، سوور و سپیی، کڵاو لار،

(١) خۆی هەر ئینگلیزەکەی نووسیوە و من ڕێنووسەکەی و واتاییم داناوە.
(٢) هەروەها!.

خۆ ئەو چاوێلکانەی لە چاویا بوو زیاتر جوانی کردبوو... وەختەبوو بە ئاگری عەشقی ئەو سیمین عوزارە بسووتێم! چووم لە تەنیشتییەوە دانیشتم و بە تیلایی چاو کردم بە هەدەفی تیری عەشق و غەرامم، ئەمویست ئەو گرفتاری عەشقی من ببێ لە پێشا! هەیە کە ئیتالیایی لە ئیتتیحادی «سویسرە»دایە. ئەگەرچیی مۆسۆلینی چاوی تێ بڕین، بەڵام تا هیتلەر دانی لێ تیژ نەکاتەوە، ئەوە جارێ هەر خۆی مەڵاس ئەکا! بەم تەحرە سیاسەتی ئینگلیز و فەڕەنسز، لەولا ئەبێ مونقادی سیاسەتی (نازیی) و (فاچیست) بێ! ئینجا بزانین تا ١٩٤٠، جەنگ خاریتەی جیهان ئەگۆڕێ؟ نوقتەی زۆر موهیم ئەوەیە کە ئینگلیز سەرانە ئەگەر بدا بە ئەڵمانیا، یا ئیتالیا، جەزیرەیێک لە جەزائیری بریتانیای ناداتێ، نە پارچەیێک لە موستەعمەرەکان، ئەویی کە ڕێی هیندوستان نییە، بەڵام هیتلەر و چ مۆسۆلینیی، چاویان بڕیوەتە هیندوستان. لام وایە سێ بەگای ئەڵمانیا، ئیتالیا، ژاپۆن، بەهەرسێکیان ئەیانەوێ هەموو هیندوستان، حەتتا بەشی فەڕەنسەش لە ناو خۆیانا دابەش بکەن. ئەمە موجمەل سیاسەتی ئەمڕۆی ئەوروپا ئینجا یەزدان لە شەیتان بمانپارێزێ!.(١)

لە پاپۆڕی بەرلیندا، هەموو ڕۆژێ سەعاتێک باندۆی مۆسیقە، مۆسیقەی بۆ لێ ئەداین. هەموو ڕۆژێکیش بەناوی (لۆید پۆست Loyd Post)ەوە ڕۆژنامەیێک دەرئەچێ بە ئەڵمانیی و ئینگلیزیی؛ بەکورتیی هەواڵی دنیای تیا بوو، لەوێدا چاپخانەیێکی خنجیلەی جوان بوو، لەگەڵ قیسمی زینکۆغرافیی، فۆتۆگرافچییشی تیا بوو، وێنەگرتن و گەورەکردن، جگە لە دەلاک و جل شۆر!

ئەم پاپۆڕە – هی ئەڵمانە – بە عەکسی پاپۆڕەکەی ڕۆمانیا کە پێی چووم بۆ «یۆنانستان»، ئەو پڕ بوو لە جووی شاربەدەرکراوی ئەڵمان. ئەم لە پێنج بەشا، چوار بەشی ئەڵمانیی بوون، بەگیان، لەش و ماڵ. ئەوانی کە ئینگلیز و تەنیا کوردێک؛ (جەنابم!).

هەمدیسانەوە ڕاوکەر...

کە جێگەمان ئاز و گوێز کرد لە (Greeting/گریتینگ)ەوە بۆ (Berlin/بەرلین)، گورج زەنگی نان خواردنی لێ دا و چووینە ڕێستۆران بۆ نان خواردن. تەسادوف پیرەژنێکی نیویۆرکیی لە تەنیشتمەوە دانیشت، لیستەی چێشتەکان بە ئەڵمانیی و ئینگلیزیی نووسرا بوو. داپیرە، سەیری ئەکرد و پێئەکەنیی. وتم؛ ئەڵمانیی ئەزانیی؟

(١) ساڵح قەفتانی خاوەندی گۆڤاری (زانستی – س ١٩٣٨ز) و ئەمیش لە ئەم نامەیەدا پێشبینیی قەوفانی (٢. ج گ)یان زوو کردووە کە ئەمە نیشانەی ژیریی هەردووکیانە!



وتی؛ (نەء!). لەو ئانەدا، من خۆم لێ کرد بە پرۆفیسۆر لە زمانی (گێرمانا)، سەروگوێلاکی چەنگ تیپێکم بۆ شکاند، بەو موناسەبەتەوە لەگەڵ پیرەژن بووین بەئاشنا!.

پیرەژن ئەگەرچیی ئێسکی گران بوو، بەڵام گاڵتەچیی بوو، ئەنواعی جانەوەری بەدەستەسر ئەکرد و ئەم هەموو خەڵکەی ئەهێنایە پێکەنین. کە چووم سەیری ژوورەکەم بکەم و شتومەکەکانم ببینم، دیم داپیرە ژوورەکەی بە تەنیشت ژوورەکەی منەوەیە. وتم؛ لام وایە ئەم پیرەژنە بۆ من کەڵکی ئەبێ!

پیرەژن بەو گەمانەی کە ئەیکرد، هەرچیی لەو پاپۆڕەدا بوو، هەمووی لە خۆی گردکردەوە. کچەکان بەتەواویی مونقادی ببوون. وتم؛ بەخوا پیرەژن بکەم بە تەڵە باشە!

لەگەڵی بەتەواویی کەوتمە گاڵتە و گەمە تا خوا دڵی نەرم کرد. لە ناو پاپۆڕەکەدا دوو کچی زۆر جوان و عەیار بوو. یێکێکیان زوو دەستەمۆ بوو، بەڵام ئەوی کەیان نەختێ زەحمەت ئەویست! بە سایەی پیرەژنەوە، هەردووکیانم دەستەمۆ کرد، یێکە یێکە بانگی ئەکردنە ژوورەکەی خۆی و منیشی بانگ ئەکرد. مەوزووعێکی ئەهێنایە پێشەوە، ئێمەی بەو مەوزووعەوە مەشغووڵ ئەکرد و خۆی ئەچووە دەرەوە، ئەیوت؛ (ئێستە دێمەوە!). نزیکیی سەعاتێکی پێ ئەچوو، ئەمجا ئەهاتەوە. منیش تەقدیرەن لیخەدەماتیها ئەم شیعرانەم بۆ هەڵبەست:

لە ئەرد و ئاسمان سەرفی نەزەر
سواری پاپۆڕ بە بێ خەبەر
هەر کەیف بکە هەتا سەحەر
بێ پیرەژن هیچ ناکرێ!

ئینجا ئەم کەیف و سەفایەی من، سێ ڕۆژ دەوامی کرد تا پاپۆڕەکە لە جەزائیری بریتانیادا تێپەڕ بوو. ئیتر لەوە بەولاوە کەوتینە شەپۆلی دەریاوە!

من، هەر مردم؛ شیرێ دایکم کە خواردبووم، هێنامەوە. ئاتڵەنتیک وای شڵەقاندم، وای تاساندم، وای گۆڕەوشاردام، سیاسەت و تەڕەماشی لە بیر بردمەوە. بۆ هەزار پشتی خۆمی عاقڵ کردم. تا ڕۆژی ١٩٣٨/٩/٩ من لە دوو کووپ شیر بەولاوە کە ئەویشم لە دوای تاوێک هێنایەوە، هیچیکەم نەخوارد. بەڵام ڕۆژی ٩ کە لە (کانادا Canada)وە نزیک بووینەوە، دەریا هێیی و هێمن بوو، بەڵام من ئەو هێز و توانایەی جارانم نەمابوو، لووتت بگرتمایە، گیانم دەرئەچوو. ئینجا لە هەموو سەیرتر هەر تاوە نا تاوێک، (ستیوارت

Steward)ی ژوورەکەم کە دوو سێ تیپ ئینگلیزیی بەولاوە هیچی کەی نەئەزانیی، ئەهات، ئەیوت پێم؛ (زی کرانگ ?Sie krank) یەعنی (نەخۆشی؟).

منیش ئەمــوت؛ نایـن Nien/ نەء! یا ئەیوت؛ (زی شــلافن ?Sie selapen/ نوستوویت؟).(١)

خولاسە، لە نوێ مانگەوە، من وردە وردە وەک نەخۆشی ژەم بوردە، کەوتمە سەرخۆ و دەستم کرد بەخواردن، بەلام زۆر کەم! ئینجا چ خواردنێک بوو لەوێدا؟ نەوع نەوع، ئەلمانیی، سپانیایی، ئیتالیایی، فرانسزیی، ئینگلیزیی، ئەمریکایی!.

ئەم لیستەیە، لە پێش دانیشتندا، لەسەر مێز دائەنرا لەبەردەمما؛ برنجیی ڕێستۆران ئەو خواردنانەی تیا چنگ نەئەکەوت؛ ئەنواعی مورەببا، ئەنواعی پەنیر، میوە بەهەموو تەحرێک. خۆ مۆز، ئەوە هیچ، بەلام من خەفەتی خواردنەکەم نەئەخوارد، خەفەتی ئەو پارەیەم ئەخوارد کە دابووم بۆ خواردن!

کوڕ و کچێک، نازانم ئەلمانیی بوون یا پۆلۆنیایی، تەماشای ئەو لیستەیان ئەکرد، لە سەرەوە پیا ئەهاتن، یێکە یێکە ئەو خواردەمەنییانەیان داوا ئەکرد تا دوایی. خۆ کوڕەکە زوحاکێک بوو بۆ خۆی، ئەغلەب بەناوی کچەکەوە داوای دوو قاپی ئەکرد، یێکێ بۆ خۆی و یێکێ بۆ کچەکە، بەلام خۆی هەردووکیانی هەلئەلووشیی!

ژنانی ئەلمان، لە ناو پاپۆڕا، پانتۆلێکی ئاوەدان لە پێ ئەکەن و فانیلەیێکی خوریی باڵ کورت، ئەنواعی گۆرانیی و یاریی ئەکەن! ها، لە بیرم نەبوو؛ لەو پاپۆڕەدا جێی دانس بوو، هەموو شەوێک دانسی تیا ئەکرا و ئۆرکێسترا خۆ لازمە بۆ دانس.

نزیکی هەزار ژووری تیا بوو؟ ڕێستۆران، کلاسی یێک، کابینە و کلاسی سێ جیاجیا بوو. لە هەموو تەبەقەیێکا، دوو دوو سەرشۆرکی تیا بوو. بۆ ژنان دووان و بۆ پیاوان دوو، باقڵ دە تەبەقە بوو. باقڵ دە تەبەقە بوو؛ تەبەقەی سێیەم؛ کلاسی سێیەم نەزیری نەبوو بۆ جوانیی و ئینتیزامی.

پاپۆڕی قۆڕت ئەوێ، هی یۆنانە! جیددەن قۆڕ! دڵی ئینسان قەبز ئەکا. بەلام هی ڕۆمانیا لە هی یۆنان گەلێ باشترە. خۆ هی فرانسە، ئەوە دیارە لە یۆنان و ڕۆمانیا بالاترە. مام ئینگلیزیش – کە پاپۆڕی کوین ماری Qeen Mary/ شاژن ماریی (٢) لە

(١) نووسینەکانی و زمانەکە ئەلمانین و من ڕێنووسیم بەکوردیی نیشان داوە.

(٢) خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیوە و من ڕێنووسیم بەکوردیی نیشان داوە.



ساحیلی ساوتهامپتوندا وەک کێوی ئەلبورز لە دەریادا دێ؛ لەگەڵ ئەوانە بەرابەریی ناکرێ!

بەو تەحرە، کاس و گێژ، لاکەی سەرم ئەهات، لەبەر لاوازیی، ڕەنگ و ڕووی مردووم لێ نیشتبوو. جاروبار کچەکانی ئاشنام ئەهاتن و سەیرێکیان ئەکردم و پێئەکەنین و ئەڕۆییشتن؛ چلکن و پلکن؛ بۆنێکی ناخۆشم لێوە ئەهات. کە ئەچوومە سەر مێز تەریق ئەبوومەوە. نەشمئەتوانیی حەمام بکەم، چونکە هێزی ئەوەم نەبوو وە بەخۆما ڕامنەئەدیی، ئەترسام لە حەمامەکەدا ببووڕێمەوە، یا ڕۆحم بەجەننەت شاد ببێ!

خولاسە؛ هەموو وەک عاجباتیی سەیریان ئەکردم و هەریێکە لەبەر خۆیەوە ئەیوت؛ (نەخۆشی دەریایە!).

ڕۆژی دوانگەزی مانگی ئەیلوولی ١٩٣٨، سەعات یێکی دوای نیوەڕۆ، پاپۆڕەکەمان لە (پییەر ٨٦: Pier 86)دا وێستا لە نیوێۆرکدا. ڕۆژی ١٩٣٨/٩/١٠ کە چاومان بەزەویی کەوت، نەختێ هۆشمان بەبەرا هاتەوە – هەر من ها! – ئەو ڕۆژە سەعات حەوتی ئێوارە لە هالیڤاکس – کانادا (Canada Halifax) لایدا. خەڵک دابەزین و سوار بوون. سەعات نۆ حەرەکەتی کرد بەرەو نیوێۆرک. بەڕاستیی مەنزەرەی مانگەشەو کە ئەیدا لەو ئاوە؛ جوان و فەرەحناک بوو. ئینجا کە گەیشتینە (پییەر)، هەریێکە کارتێکیان داینێ کە تیا نووسرا بوو، لە دوای ناو و جێگەیەی لێوە هاتووین، موعایەنەی دوکتۆر، کوتان بۆ ئاوڵە!).

وتم؛ بەخوا لەبەر من هەمووان ئەخەنە کورەنتینەوە!

زۆر ترسام، چابوو کە دوکتۆر هاتە ناو پاپۆڕەکەوە، بێ موعایەنە هەموو ئەوروپاییەکانی ڕایی کرد. بە منی وت؛ (تکا ئەکەم چەنگ دەقیقەیێک چاوەڕێ بە!).

لە پاشاندا من درەنگم بوو، ئەمویست چاوم لە چاوی دەریا بێ، بچم حەمامێ بکەم و جلەکانم بگۆڕم. پێم وت؛ هیچ نەخۆشییەکم نییە! وا کە ئەمبینیی، هی دەریایە!

وتی؛ (چاوت؟). وتم؛ تراخومام نییە! وتی؛ (چوزانیی؟) وتم؛ من خۆم موعالەجەی تراخومادار ئەکەم، چۆن چاودێریی خۆم ناکەم؟!.

لە پاش ئەمە، وتی؛ (ئیشت چییە؟). تەماشای چاومی کرد و کارتەکەی مۆر کرد. ئەمجا چوومە لای مەئمووری پۆلیس. لەوێشدا قورتارم بووم، بۆ دەرەوە لە پاپۆڕ!

لە (پییەر پۆرت) کە هاتمە دەرەوە، چوومە ستاسیۆنی بەشی (فیلادەلفیا) و لەوێدا

سواری ئوتوموبێل بووم. بەچوار سەعات گەییشتمە فیلادەلفیا، سەعات ٧,٣٠. بەڵام لە ڕێگەدا ئوتوموبێل وێستا بۆ بەنزین وەرگرتن، من چووم لەو ئانەدا تینووم بوو – چووم لە چاخانەیێک یا بیرەخانەیێکدا، غازووزیی بخۆمەوە. بەکچەکەم وت؛ ئۆرێنج Orange/ پرتەقاڵ.(١)

ناوچەوانی گرژ کرد، وتی؛ (چیی؟ پرتەقاڵ ?Orange). بەلالووتێکەوە دامێ. لام وایە ئەمە سەبەبی ئەو هەیئەت مردووییەم بوو لەگەڵ چڵکنیی و بۆگەنیی!

فیلادەلفیا، چوومە (Hotel Terminal/ هۆتێل تەرمینال)، گورج بانیۆییێکی مودهیشم بۆ کرد. ئەمجا چووم نانم خوارد. ئەو شەوە زۆر خۆش نوستم!

کە گەییشتمە (هازا کیتاب من تاهیر ئەلموتەههەر، ئەلتەهوور مین ئەقزار ئەسسیاسە وە ئەمسالیها، لا یەمەسسەهو ئیللالموتەههەروون وە لا یەقرەئوهو ئیللا لسیاسیوون مین دەرەجەت چامپەرلین، ڕۆز ڤێلت وە دالادییە!)(٢)

(ئمیزای مەریوانیی
هەروەها نێونیشانی
بەتیپی لاتینیی)(٣)

[تەواو]

(١) خۆی هەر ئینگلیزییەکەی نووسیی بوو.
(٢) هذا کتاب من طاهر المُطهَّر مِنْ أقذار السیاسة وامثالها لا یُمسَّهُ الاّ المُطّهرون ولا یقرأه الاّ السیاسییون من درجة جامبرلین، روزفلت، دالادییە، ئەم کتێبە لە تاهیری پاک و پاکیژ لە چەپەڵیی سیاسەت و هاوتایەوە، هەر پاکان دەستیان پێ دەکەوێت و لە سیاسییەکانیش کەس نایخوێنێتەوە بێ لە ئەوانەی کە هاوشانی چامپەرلین، ڕۆزڤێلت و دالادییەن).
هەڵبەت ئەم ڕستانەیشی بۆ خۆشیی نووسیوە!
(٣) نێونیشانەکەی ئەمە بووە:

| | |
|---|---|
| ت. ب. مەریوانیی | T. B. Marywaniy |
| کۆلێجی دەرمانسازیی و زانست | Phila, College Parmcy & Sience |
| ڤیلادەلڤیا پەنسیلڤانیا | Philadelphie, Pa |
| ئوو. ئێس، ئا (ئامریکا) | U. S. A |



📖☼ پ. ن؛ کە: ٣١/ ٢/ ٤٩(*)
[تاهیر بەهجەت مەریوانیی ـــ مستەفا ساییب](١)
Phila, pa [فیلادەلفیا – پەنسەلڤانیا/ ئامریکا]
[م؟]

برا

زۆر چاوەڕێی خەبەری گەییشتنی ئەووەڵ نووسراو بووم، بەڵام دەنگت لێوە نەهات. وامزانیی کە ئەو نووسراوە سیاسییەی من، خستوونییە داوی دائیرەی پۆلیسەوە. بەڵام نووریی حاجیی ساڵح ئاغا بۆی نووسیوم کە چاوەڕێی پاشماوەی نووسراوە سیاسییەکەیە. ئەوا پاشماوەکەم نارد. ئەگەر دائیرەی پۆلیس بانگی کردی و لێتی پرسیی کە؛ (تۆ چۆن موناسەبەتت لەگەڵ ئەو سیاسییە عەزیمەدا پەیدا کردووە؟)، بڵێ؛ (منیش یێکێکم لەو عەزیمتر!). ئیتر مەئمووری تەحقیق، زەرد هەڵئەگەڕێ و پاشە و پاش – ئیلالوەراء – ئەچێتە دەرەوە!

قسەییێکی زۆر خۆش و کەم؛ باقڵ پێرار بوو کەوا خەیاڵ بوو بمنێرن بۆ ئەڵمانیا بۆ تەحسیل کە ئەو قسەیە لەناوا بوو... ڕۆژێکیان دایکم چووبووە ماڵی خوشکت، فەهیمەی خوشکەزات پێی وتبوو؛ (ئەگەر تایەر بچێ بۆ ئەڵمانیا، کە هاتەوە کچێک هەیە، شووی پێ ئەکا!).

لام وایە، بەدایکمی نەوتبوو ئەو کچە کێیە؟ یا دایکم لە بیری چوو!! تۆ لێی بپرسە، بزانە کە هاتمەوە ئەو کچە شووم پێ ئەکا یا نەء؟ چونکە وابزانم، هەر لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە نازانم کێیە و چۆنە ؟شووم پێ بکا ،من ئەم هەموو زەحمەتەم ئیختیارکرد: کوڕی لەمەغریب زەمین چووە بۆ مەشریق زەمین بۆ خوازبێنیی کچێ!! بزانە کێیە و ناوی چییە؟

ساڵح فەخریی نووسیی بووی کە هەمدیسان نێرراوەتەوە بۆ کەربەلا! چییە فوتبۆڵە؟ ئەمە (2 team/ دووەم تیمە) بەئسیتیلاحی یاریی.

(*) پاشماوەی گەنجینەی مستەفا ساییب و وەرگیراو لە ئازاد جەمیل ساییب، س ١٩٨٢ز. سلێمانیی.
(١) ئەم نامەیە بەتەنێ پەڕەی یێکەمی (پاشماوەی یێکەم نامەیە) کە تەواوەکەیشی ونە. وردبوونەوەم هانم دەدات بڵێم ڕەنگبێ ٦ مانگێ دوای یێکەم نامەی ناردییەتی و ڕێکەتی بەر لە قەومانی (١. ج. گ) بێ! گرنگیی ئەم پەڕەیە لە ئەوەدایە کە نووسەر –خوێندکار– بەورەییێکی بەرز و تواناوە خووی داوەتە خوێندن و هیوای زۆرە و سەرئەنجام پێی گەییشت!

من لە کولولیییەدا (Advainced Midical Bacteriology)[١] لەگەڵ (Clincal Chemistry)[٢] وەرئەگرم. جگە لە General باکتەریۆلۆجی،[٣] ئەگەر - جگە لەم ساڵ - ساڵێکی کە بخوێنم، دەرەجەی M. Sc.[٤] وەرئەگرم، بەڵام ڕەنگە نەتوانم بمێنمەوە، چونکە زۆر دواکەوتووم، لە نەخۆشیی ئەترسم. ئەمەوێ - ئەگەر بۆم لووا - لە ئەڵمانیادا ئیکمالی تەحسیل بکەم لە دوای یێک دوو ساڵی تر.

ئیتر لە خوسووس ئێرەوە؛ ئەگەر بمەوێ بنووسم، نووسراوێکی زۆر درێژ ئەبێ بنووسم، بەڵام ئیمتیحانمان هەیە لە ٢٣ی مانگەوە (سیمسیتەری - ١، بەشی ٢)، لەبەر ئەوە لێم ببوورە، بۆ مانگی ئایینده هیوام هەیە پێم بکرێ.

ئیتر بەخۆشیی و بەرزیی بمێنی بۆ برات!

(ئیمزای لاتینیی)

مەریوانیی

ئادرەسی شاکیر فەتاح نازانم تا نووسراوی بۆ بنێرم. تۆ دیارە نووسراوە سیاسییەکەی بۆ ئەنێریی و هەواڵی بپرسە!

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٣١/٣/٥٠-أ[*]

[تاهیر بەهجەت مەریوانیی ـــــ ڕەفیق حیلمیی]

(ئەمریکا شیکاگۆ]

١٩٥٦/٩/٢٠

خۆشەویستم مامۆستا ڕەفیق حیلمیی بەگ

کتێبە تازەکەتان «مقالات» کە بۆتان ناردبووم، گەیشت- بۆیە تا ئێستە سوپاسنامەم بۆ نەناردوون چونکە ویستم بیخوێنمەوە، لەم ڕۆژانەدا تەواوم کرد.

---

(١) کۆلێجی باڵای باکتەریۆلۆژیی پزیشکیی.

(٢) کیمیای سەریریی.

(٣) باکتەریۆلۆژیی گشتیی.

(٤) پلەی ماجستێر لە زانستدا.

(*) بنۆڕە فۆتۆکۆپیی نامەکە کە یێکەم جارە بڵاو دەبێتەوە.



هەر بژین، کتێبێکی زۆر بەکەڵک و تایابە. من ناوەخنەکانیم زۆر لا خۆش بوو. لای من شوکری سەگباب[١] لەوانە نییە کە پیاو وەرامی بداتەوە. دیارە کابرا بێ مەعلوومات ویستوییێتی کەلیمات بداتە دەم یێک و بیکا بەکتێب وە یا ویستوویە خاڵۆ محەمەدی ئاغاکانی (تورکەکان) ڕازیی بکات، بۆە ئەوەی نووسیووە، بەڵام ئەو کابرایە ئەوەندە عەقڵی بووە کە نەییێڵێ کتێبەکەی زۆر بڵاوبێتەوە تا نەکەوێتە دەست خوێندەواران و گاڵتەی پێ بکەن.

ئەبووایە تۆفیق وەهبیی ئەو کتێبەی بخوێندایەوە چونکە ئەو بە منی وت کە کوردەکان لە عێراق بە کوردیی دەخوێنن کە من قسەکەیم ڕەد کردەوە. ئەمجا وتی تۆ لە ئەمریکاوە هاتووی نازانی، ئاگات لە هیچ نییە! من لە ئەمریکاوە زیاتر ئاگام لە ئەحواڵی کوردەکان هەیەتا تۆفیق وەهبیی.

هەر بژین بۆ جەسارەت و شێرانە هاتنەوەتان، نموونەیێکی بەرزی کورد و کانگای ئیلهامن بۆ لاوانی کورد.

ئیتر هەر بژین بۆ

دکتۆر تایەر. ب. مەریوانیی

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٣١/٣/٥٠-ب[*]

[تاهیر بەهجەت مەریوانیی ـــ مستەفا سەیید ئەحمەد - نەریمان][٢]

[ئەمریکا - شیکاگۆ]

١٩٥٦/٩/٢٠[ز]

خۆشەویستم مامۆستا نەریمان

وتارەکەتان کە لە (هەتاو)دا بڵاوکرابووەوە؛ (١) خوێندمەوە دە کتێبەکەتان (هەڵبەست بۆ قوتابییان) لەگەڵ کاغەزەکەتاندا گەییشت! زۆر زۆر سوپاستان دەکەم. لێم ببوورن لە سستیی وەرامدانەوەم.

---

(١) مەبەستی پزیشک محەمەد شوکری سەگبانە کە لە ژیننامەی ڕەفیق حیلمییدا قسەم لێ کردووە.

(*) ڕۆژنامەی: عێراق - ژ: ١، دووشەممە ١٩٧٧/٣/٢١ز.

(٢) بۆ ژیننامەی مستەفا نەریمان، بنۆڕە: نێوداران.

وەرامەکەم نووسیی و چەنگ - چەند/K - جار خەریک بووم بینێرم بۆ (هەتاو) کەچیی هەموو جارێک پەشیمان دەبوومەوە.

کاکی خۆم

گۆڤار دەرهێنان لێرە، زۆر گرانە، هەر ژمارەی «٢٠٠» دیناری تێدەچێ، جگە لە حەقی پۆستە. کێ لێرە یارییەم دەدات؟ لەوێ چەنگی - چەندی/K - دەفرۆشرێ؟

من ڕۆژیی ١٢ - ١٤ سەعات ئیش دەکەم. پشوودان لێرە کەمە. من هەموو مانگێک ناتوانم «٢٠٠» دینار فڕێ بدەم، مەسرەفم زۆرە![١]

ئەوا ئەو وتارەی کە چەنگ ویستم بینێرم بۆ (هەتاو) لەگەڵ ئەم کاغەزە بۆ ئێوەم نارد. ئەزانم کە بڵاوکردنەوەی لە (هەتاو) کەڵکێکی نابێ، کەواتە بیخوێنەوە و لە پاشاندا فڕێی دە!

ئیتر هیوام هەیە کە جاروبار کاغەزتان وەرگرم، زۆر حەز بەخوێندنەوەی وتارەکانتان و کاغەزتان دەکەم. دیارە کە دڵسۆز و ڕۆح پاکن. خوا هاوەڵتان زۆر بکات بۆ قەومی هەژاری کورد.[٢]

برات

دکتۆر ت. ب. مەریوانیی

[تەواو]

(١) دوو سەد دیناری پەنجاکان پارەیێکی زۆرە کە مووچەی موتەسەڕڕیفێ هەر لە ئەو دەوروبەرەدا بووە!.

(٢) مستەفا نەریمان لە (عێراق - ژ: ٢، پێنج شەممە ١٩٧٧/٤/٢١ز)دا ئەو گوتارەی -وەک بەشی دووەم- بڵاوکردووەتەوە.

لەبەر گرنگیی، تەواوی گوتارەکە دەخەمە ڕوو کە ئەمەیە:

من و کتێب و گۆڤار

شیکاکۆ - دوکتۆر، ت. ب. مەریوانیی

لە ١٩٥٢دا کە هاتمەوە بۆ سەردان لە وڵات، تۆفیق وەهبیی بەگ لێی پرسیم؛ (بۆ نایەیتەوە کتێبمان بۆ لە چاپ بدەی؟ دەزانم کە تۆ هەر خەریک دەبیی و ناسرەوێی!) نەریمانیش دەیەوێ گۆڤارێک لێرە دەربێنم و دەڵێ: یاریەت دەدەین!!

من لەوێ وەرامی تۆفیق وەهبیی بەگم دایەوە و وتم: (ئەی ئێوە چیتانە؟ ئێوەش دەتوانن هەر خەریک بن و نەسرەوون!) وەرامم لە (ئێوە!)، تەنیا تۆفیق وەهبیی نەبوو، هەموو خوێندەوارێکی کورد =



.....................................................................

=بوو، هەر کەسە لە چ مەیدانێکدا دەستی درێژە، لەو بابەتەوە بنووسێ! بۆ لە چاپدانی کتێب، تەنیا پیاوێک -دەوڵەمەندیش بێ - ئەرکێکی گرانە... چوار پێنجێک کۆ ببنەوە و کۆمەڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی ڕێک بخەن. ئەمانە بەپرۆپاغاند و هاندانی خەڵک بۆ خوێندنەوەی کتێبی کوردیی، لە دوای بەینێک، پارە پاشەکەوت دەکەن! من و کتێب و نووسین: لام وایە من ماوەم لە هەموو کوردانی کوردستان زیاتر هەیە بۆ کتێب نووسین، چونکە دە میلیۆن زیاتر کتێبم لەبەر دەستە. لە هەموو شەرقی وەسەتدا، باوەڕ ناکەم سەد یێکی ئەم دە میلیۆنە ببێ!! نیشانەی ئەمەش سستیی قوتابیانە کە لە کوللییە و جامیعەی ئەوێ دەردەچن و دێن بۆ ئێرە بۆ دوکتۆرا وەرگرتن، لەجیاتیی بە سێساڵ دوکتۆرا وەرگرن، بە ٨ - ١٠ وەریدەگرن! لە یێکێکی خەڵکی «ناسڕیبیە»م پرسیی: (ئەرێ بۆچیی ئەمریکایی و ئەوروپاییەک، لە پاش چوار ساڵی کوللییە، بە سێ ساڵ دوکتۆرا وەردەگرن، کەچیی ئێوە بە ٨ - ١٠ ساڵ؟) وتی؛ (چونکە بەزمانی خۆمان ناخوێنین بۆیە!). لە میسرییەکیشم پرسیی، وتی: (لای ئێمە کتێب لە مستەوای سانەویی بەرزتر نییە!). وتم: من ماوەم لە ئێوە زیاترە، چونکە کتێبی زۆرم لەبەر دەستدایە! ئەمە مێژوو، ئەدەب، هۆگریی وە زمانی کۆن ناگرێتەوە. ئێوە لەم مەوزووعانەدا دەستتان زۆر درێژە و سستیی کردن شوورەییە! لە بابەت ئەمانەوە، ئەوروپایی و ئەمریکایی نووسیویانە، بەڵام کەمیان بەکاری خوێندنەوە دێن! کابراییێکی ئینگلیز لە بابەت ژیانی هۆگریی کوردەوە کتێبێکی نووسیوە، پیاو تەریق دەبێتەوە کە دەیخوێنێتەوە... هەموو باسی شێخێکە کە چۆن لەگەڵ چوار ژنەکەیدا، ڕایدەبوێرێ![*]

من و کتێب و گۆڤار

کە من پێم نایە ئەمریکا، هەر چاوێکم کرد بە هەزار چاو. بۆ ئەوەی لە هەموو شتێک بگەم و زۆر شت فێر بم! دیم لە هەر شارێکدا ٨ - ٩ یۆنانیی، یا پۆڵاندیی، یا فڕانسز، یا ئەڵمانیی، هتد... یانە و ڕۆژنامەیان هەیە. ئەمە شڵەژاندمی، بۆ کورد گەڕام تا یانەیێک و ڕۆژنامەیێک بۆ خۆمان پێک بهێنین. دوکتۆر نەجیب بەکر لە (فەلادیلفیا)یە، کوردیی نازانێ. وتار بەتورکیی دەنووسێ وە بەناوی هاوەڵێکەوە دەینێرێ بۆ تورکیا تا لە گۆڤاری توبیی ئەوێدا بڵاو بکرێتەوە. حەبیب الله ئیسماعیل موکریی، لە شیکاگۆدا هەر (میللەتننی!!) دەزانێ و قەت خۆی بەکورد دانەناوە. دەستەیێک کوردی نەخوێندەوار لە «دیترۆیت»دا هەیە، ئێستاش لە دەوری عەبدولحەمیددا - سوڵتان / K - دەژین و لەگەڵ (ئەرنائوودەکان) لە چاخانەیێکدا کۆ دەبنەوە وەکو جێی بەنگ کێشەکان وەهایە. هەرچەندم کرد نەمتوانیی ئەو کابرایانە بخەمە سەر هەوەسی خوێندن و دامەزراندنی یانە و ڕۆژنامە، لام وایە پیریی وای لێ کردوون. من بە تەنیا گۆڤارم پێ دەرنایەت، من هەموو ڕۆژێک لە (کوللییەی توبییە)دا دەرس دەڵێمەوە، تەماشای نەخۆشان دەکەم و خەریکی سەرکارییم. تەنیا=

*(*) وشەی هۆگریی؛ بە واتای کۆمەڵیی نواندووە!*

.............................................................

= ڕۆژی یێکشەممەم هەیە بۆ پشوودان. ئەو ڕۆژەش گەرەکە گۆڤاری پزیشکیی، پسپۆریی و زانستیی بخوێنمەوە. جگە لەمەش جاروبار خۆم لە نەخۆشان بدزمەوە بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵی زانستیی، پزیشکیی و پسپۆریی. ئەمانەش مانگیی ٢ - ٣ جار هەیە. بێجگە لە ساڵیی ٢ - ٣ جار کۆبوونەوە کە هەفتەیێک دەخایێنێ. هەر چوار پێنج ساڵیش جارێک، هەفتەیێک دەبێ بچینەوە مەکتەب بۆ فێربوونی ڕێگەی تازە دۆزراوە بۆ تەشخیسی نەخۆشیی، ئالەتی تازە و داوودەرمانی تازە بەکارهێنان! لێرە پیاو کە لە جامیعە دەرچوو، مانای ئەوە نییە کە (وەکو مەل جریوەی تێ!) وە یا (بووە بەدوانگزە عیلم!)، هەتا مادی دەبێ کتێب بخوێنیتەوە و ناوبەناو لە مەکتەب بخوێنی، ئەگینا دوا دەکەوێ، وە دواکەوتنی لە مردن ناخۆشترە! پیاو دەبێ هەمیشە هەوڵ بدات بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن. قەناعەت خراپە! من کە شتێکی باشم کرد، ئەوە ناکەم بەتەرازووی تەوانام و لەسەری بڕۆم و خۆمی پێوە هەڵکێشم. زیاتر هەوڵ دەدەم تا شتێکی باشتر بکەم! کە منداڵ بووم لە سلێمانیی، جارێکیان ئەمەم لە پیاوێک بیست و لە مێشکمدا چەسپیی؛ (پیاو خۆ گا نییە تا مردن لە پێستێکدا بێ!). هەمیشە هەوڵ دان بەسەرکاریی و کتێب و گۆڤار زۆر خوێندنەوە، پیاو پێش دەخات. ئینجا ئەگەر قەسیدەیێک وە یا وتارێکت نووسیی و خەڵک پەسەندی کرد، مانای ئەوە نییە کە تۆ بەمەرامی خۆت گەییشتی؛ ئیتر دەبێ پشتی لێ بکەیتەوە و چرچی لنگی لێ ڕاکێشی! هەوڵ بدە شیعری جوانتر، یا وتاری باشتر بنووسە! کورسیی چاکتر، وە یا خانووی خاستر دروست بکە! شەو و ڕۆژ هەوڵ بدە بۆ پێشەوە بۆ سەرکەوتن! من دەمەوێ دوو کتێب بنووسم و لە چاپیان بدەم:

١- خۆپاراستن لە نەخۆشیی تەشەنە! (بە عەرەبیی الامراض الساريه/ K).

٢- نەخۆشیی؛ بڵاوبوونەوەی و چارەی!

زۆر هیوام بەخوێندەوارانی (گەلاوێژ) بوو کە ناوی ئەو نەخۆشیانەی کە من نایزانم بۆم بنووسن، بەڵام کەس گوێی نەدایە! لە (هەتاو)دا ئەو هیوایەم هەیە، هیوام هەیە دوو ساڵی کە ئەم هیوایەم بێتە دیی، کە ئەو دوو کتێبەم بڵاوبووەوە بەناو کوردەکاندا، من خۆم بەبەختیار دەزانم! بۆ گۆڤار؛ لام وایە ئەگەر هەموو کوردە بەغیرەتەکان دەست بدەنە باڵ (هەتاو) و ئابوونەی لە هەزار تێپەڕ بکات، ئەوسا خاوەنی هەتاو هەم تیپی باشتر، هەم کاغەزی چاکتر بەکار دەهێنێ و هەم لاپەڕەکانیشی زۆر دەکات. من هەتا بتوانم لە نووسین دەست کورتیی ناکەم. با لێرەدا باسی کابرایێکی بەغیرەتتان بۆ بکەم: جۆنسۆن؛ کابرایێکی قولەڕەشە. کە لە مەکتەبی سانەویی بوو، تەماشای کرد قولەڕەشەکانی شیکاگۆ، ڕۆژنامە و گۆڤاری خۆیان نییە! ڕۆژنامە و گۆڤاری قولەڕەشانیان لە شارانی کەوە بۆ دێت، زۆر شتی هۆگریی، مێژوویی، ئەدەبیی کە لێرە ڕووی دەدا، ڕۆژنامە و گۆڤاری دەرەوە یا باسیان نەدەکرد وە یا بەکورتیی دەیاننووسیی. جۆنسۆن کە لە مەکتەب دەرچوو، ویستی گۆڤارێکی هەفتەیی دەربینێ تا هەموو جووڵەیێکی قولەڕەشی ئێرەی تیا بنووسرێ!. ئەم لاوە بێ پارە بوو، بەڵام زۆر =



📖 پ. ن؛ کە: ٥١/١/٣٢(*)

[تۆفیق مەحموود ئاغا - پیرەمێرد ـــــ شێخ محەممەد شێخ عەلیی - محەممەد خاڵ][١]

[سلێمانیی]

[-/-/١٩٣٥ز]

مەولانا

هەرچیتان فەرمووە، ناچارم بڵێم وایە. من ئێستا لە ژێر بارام، تۆ تەنها مەگەر دەستی نەقیزەت ماندوو بیت!

مەسەلەی (هادیی)[٢] ڕەنگە بەهۆی ئێوەوە ڕەنگ بکرێ، یا ڕەنگ کرابێ، بەڵام لە پێش ئەو ڕەنگەدا ڕنەکێ پێ ئەوێ، ئاڵۆشی هۆشی هێواش بێتەوە!

تۆ کە لەسەر ئەورەنگی، ڕنەکی بفەرموو، منیش قاشاوی. نەوەی خاڵ لە خاڵ پێشترە، هەرچەندە بۆ من بەئێشترە، ئەگەر بەئارەزووی خۆی ئیشی بێ، ئێشی نابێ.

---

= باوەڕی بەسەرکەوتن هەبوو... هات بای «٥٠٠» دۆلار کەلوپەلی ماڵی دایکی بەبارمتە دانا. ئەمجا بەخۆی و ژنەکەی «٢٠,٠٠٠» کاغەزیان بۆ خەڵک نارد، پێیان وتن کە گۆڤارێکی هەفتەیی بۆ قولەڕەشی ئێرە دەردەچێ؛ ئەوانەی دوو دۆلار پێشەکیی بنێرن، گۆڤارەکەیان هەتا ساڵێک بۆ دێت. «٣٠,٠٠٠» کەس وەرامیان دایەوە، سەرمایەی جۆنسۆن لە «٦٠,٠٠٠» دۆلار تێپەڕی کرد. جۆنسۆن دوکانێکی بەکرێ گرت، بەخۆی و ژنەکەی یێکەمین ژمارەیان دەرهێنا. لە ساڵی ١٩٤٣دا گۆڤارێکی کەشی دەرکرد. ئەم گۆڤارە دووەمە کە ناوی (عەبەنووسە) نیو میلیۆن ئابوونەی هەیە! ئەمڕۆ جۆنسۆن چوار گۆڤاری هەفتەیی دەردەهێنێ و نزیکی سەد کەس لەبەر دەستیا ئیش ئەکەن. جۆنسۆن لاوێکی بەغیرەتە و ئەوانەی گۆڤارەکانی دەخوێننەوە بەغیرەتن! ئەویی ئێمە دیومانە، قولەڕەشی ئێرە ئەوەندەی نەدیی، کەچیی قولەڕەشەکان بەزیرەکیی خۆیان، خاوەن سەدەها گۆڤار و ڕۆژنامە و دەزگەی ڕۆشنبیرن!

[تەواو]

(*) ١/٢٤؛ ج ٢٢ ل ١٢٤ - ١٢٧ (فۆتۆکۆپییەکەی یێکەم جارە بڵاو ببێتەوە).

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران.

(٢- هادیی؛ هادیی مەلا ئەحمەد سایيب (١٩٠١ز- ١٩٦٣/٣/٣٠ سلێمانیی) ڕۆژنامەڤانی؛ پێشکەوتن - سلێمانیی، هەروەها لە (ژیانەوە، ژیان)یشدا گوتاری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵیی بڵاوە. دەستی لە شیعردا هەبووە. چ چاپکراوێکی نییە! هاوسەری هەڵبژاردووە و کوڕی تاقانەی (هیوا)یە!

خوا تۆفیقت بدات، تۆ پیر و من پیر، بێ زەرفم![1]

(......)

[تەواو]

(١) عەسرێکی درەنگی ١٩٨٤/٧/٤ز، لە سلێمانیی و ژووری نوێژی مزگەوتی (شێخ ئەمین خاڵ)دا، لەگەڵ مامۆستا محەممەد خاڵی زانا، دوو بەدوو بووین و هێندی باسی ئەدەبیی و بیرەوەریی خۆی لەگەڵ پیرەمێرد گێڕایەوە و لە نێویدا باسی ئەم نامەیەش کرا. دوایی لە ١٩٨٤/٨/١٠ز.دا (نامەکە)م لێ وەرگرت و دوای فۆتۆکۆپیی کردنی لە ١٩٨٥/٢/٢٠ز.دا – لەسەر داخوازی خۆی گۆیا بۆ محەممەدی مەلا کەریمی دەنێرێت – بۆم گێڕایەوە! مامۆستای بەهەشتیی لە – دانیشتنەکەشدا – دانراوەکەدا، ئەم باسەی گێڕاوەتەوە؛ (ساڵی ١٩٣٥ز، تەفسیری (جزمێ عم)ەم لە چاپ دەدا لە چاپخانەی ژین – ڕاستتر؛ ژیان/ K –دا و بڕیار بوو کە بە مانگ و نیوێ بۆم چاپ بکات، بەڵام ئەو مانگ و نیوە بوو بەپێنج مانگ. منیش هەر ڕۆژە تا ڕۆژێک کاغەزێکم دەکردە سەر، ئەویش هەر جارە بەجۆرێک وەرامی دەدامەوە و هەر ساتەی بیانوویێکی بۆ دەهێنامەوە. لە ئەو ڕۆژانەدا، «هادیی سائیب»ی خوا لێ خۆش بوو، بە ئەو هەموو جەوهەرەیەوە کە لە کوردیی و فارسیی و تورکیی و عەرەبیی و ئینگلیزییدا بووی، بێ ئیش مابوو، هەرچەندی دەکرد دەستی لە ئیشێک گیر نەدەبوو کە مانگیی هەشت نۆ دینارێکی لێ دەست بکەوێت! ڕۆژێ هاتە لام و سکاڵاییێکی بۆ کردم و داوای کرد کە کاغەزێکی بۆ بنووسم بۆ خوا لێ خۆش بوو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ – لە ئەو ڕۆژگارەدا پارێزگاری هەولێر بوو، زۆر ڕێزی لێ دەگرتم – و تکای لێ بکەم کە هادیی سائیب بە ئیشێک دابمەزرێنێت. پێی گوتم؛ کاغەزەکە خۆت بۆی بنێرە و وەرامەکەش چیی بوو، بینێرە بۆ پیرەمێردی خاڵم، ئەو جوابم لێ دەگێڕێتەوە! منیش کاغەزێکم بۆ ئەحمەد بەگ نووسیی. ئەویش لە وەرامدا بەڵێنی دابوو کە بەم زووانە خوا یار بێ دایبمەزرێنێت. منیش کاغەزەکەی ئەحمەد بەگم بۆ پیرەمێرد نارد، لەگەڵ کاغەزێکم. لە پاشدا باسی ئیشەکەی هادییم بۆ کردبوو کە ئەوهەیە. پیرەمێردیش لە وەرامی ئەم کاغەزەدا، وەرامی هەردوو قسەکانمی ئەوهە دابووەوە!). محەممەدی خاڵی زانا، بەکورتییش نرخی ئەدەبیی وەڵامنامەکەی پیرەمێردی ڕوون کردووەتەوە و دەبێژێت؛ (... ئینجا وەرە ورد بەرەوە لە «بار» و «نەقیزە» کە هونەری «تیباق»ی تێدا هەیە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی چەند وتەیێ کە لە مەبەستدا هاوپێوەندن. هەروەک «تیباق»یش لە نێوەندی «ڕنەک» و «قاشاو»دا، لە نێوەندی «ئەورەنگ» و «ئەوڕەنگ»دا «جیناس»ی تەواو هەیە. هەروەک لە نێوەندی «هۆش» و «هێواش»دا «جیناسی ناقیس» هەیە، بەڵام لە نێوەندی «ئاڵۆش» و «هۆش»دا لەگەڵ «هێواش» جۆرە جوانییەک هەیە کە ڕەوانبێژیی – بەلاغەی – عەرەبیی لێ بێ دەنگە! هەروەها لە نێوان «ئیش» و «ئێش»دا!).



📖 پ. ن؛ کە: ٥٢/٢/٣٢[*]

[پیرەمێرد ـــــ عەبدولعەزیز مەلا ئەمین – موفتیی][1]

[سلێمانیی]

[١٩٣٥/٧/٧ز]

بۆ خزمەتی فەزائیل مەنقەبەت موفقیی عەبدولعەزیز ئەفەندیی

ئەمڕۆ ١٣٥٤ ساڵە کە ئەم کۆنە جیهانە بە ڕەونەق و دیدار و کرداری فرستادەی کردگار، پێغەمبەری شاسواری ڕۆژگار «ص» ڕوون بووەتەوە. لەوساوە کە ئەو پەیدا بووە تا ئەمڕۆ. نە پێغەمبەری تر هات و نە وێنەی ئەو (قرآن)ەی ئەوی هێناویە بینرا! ئایات و موعجیزاتی (قرآن) لەگەڵ هەموو دەوری جیهان و ئاساری فونوونی تازەی خورمەندان ڕێک ئەکەوێ، وشک و تەڕ، هەرچیی خوا دروستی کردووە تیا هەیە.

(من مثله ما یَرکبون!)[2] هەتا دێ وێنەی جوانتر لە وشتر و تەیارە و سەیارە دێنە مەیدان. هەندێ باوەڕیان نەدەکرد خوا بای بۆ (سلێمان) پێغەمبەر ڕام کردووە؛ (وسخّرنا لسلیمان الریح!)[3] تا بەچاوی خۆم لە ئەستەموولّ، لە مەیدانی تەقسیمدا چاوم بەباڵۆنی گەورە (ژپلین Jiplyn) کەوت لە هەوا دەڕوا بە ئاسمانا و تەختێکی لەسەر تەختە پیا هەڵئاوەسراوە جێی (سلێمان)، (بەلکیس) و (ئاسەف) و دێو و درنجی لێ دەبێتەوە.

پێغەمبەرێ کە بەو (قرآن)ە خوا خۆی مەدحی فەرمووە و لە سوورەی (والنَجمُ) ئەو روتبە و مەنزیلەتەی داوەتێ و شەئنینی ئیعجازە!. ئیعجازیش ماجەرای لە عادەت بەدەرە؛ ئەویی موسڵمان بێ بەهەموو ئیعجازی خۆی باوەڕ ئەکا و حەتتا لامارتین Lamartin ستاییشی کردووە، بەڵام ئێمە هەندێ حەقاییقی مەعنەویی لە پەردەی ماددییدا دەربارەی ئەو بەیان ئەکەین کە زەمان و مەکان و گرووهی موستەمیعین تا گەنجینەی چیکڵدانیانەوە و!!) لەوانە شێوەی مەلوود خوێندنمان و ماددەی مەولوود خوێندنی (موزەففەرەددینی هەولێریی) لە ماددییاتا! وە دوازدە پەردە و دیوار و قڵیشانەوە و هاتنی فیرعەون و

(*) ژیان: ١٩٣٥/٧/٧.

(١) بۆ ژیننامەی عەبدولعەزیز موفتیی بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ئایەتی (قرآن)ە.

(٣)– ئایەتی (قرآن)ە.

دایکە حەووا و کێ و کێ لە مەعنەوییاتا و وەقفەی (فاتیمە) لە وەفاتی باوکیا، هەرچەندە جێی باوەڕە، بەڵام بەحوکم و ئوسووڵی تەغییری ئەزمان و ئەحکام، ئەگەر ئیعجازی پێش ویلادەتی بخەینە دوای ڕیسالەتی و مەولوودێکی وەک مەولوودی (سلێمان ئەفەندیی) مەشهوور کە لە موحیتی عوسمانییدا دەستوورولعەمەلە، یا وەک مەولوودی (سەیید جەعفەر بەرزنجەیی) مەرحووم؛ موفتیی «مەدینە» کە ئەسڵیان لێرەوە چوونە «مەدینە» و لەوێ ئەو قودرەتی عیلمییەی نواندووە کە مەولوودی ئەو لە حەجدا لە «مینا» لە مەعشەری هەموو عەرەبدا دەخوێنرێ، پێڕەوی ئەوان بکەین و یێکێکیان وەرگێڕینە سەر کوردیی، باشتر ئەبێ!

بەندەش دەست لەبەر ئەبم، تەنزیلەکانی بەکوردیی ڕێک بخەم. ئینجا هیممەت بفەرموون، عولەما لە جێیەکدا کۆببنەوە و بۆ ئەمە قەرار و دەستوورێ دابنێن و ئەووەڵ مەولوود بەدەف و عەنعەنەوە، بەندە ئەیخوێنم، خوێندنەکە نا، زیافەتەکەی![1]

(......)

[تەواو]

🕮 پ. ن؛ کە: ٥٣/٣/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــ محەممەد ئەمین عەبدورڕەحمان - زەکیی]

[سلێمانیی]

[١٩٣٥/١٠/١٤ز]

## نووری دیدەی عیرفانی وڵاتەکەمان

### ئەمین زەکیی بەگ

زۆر کەس هەن کردوویانە بە خوو، یێکێ مەنسەبێکی گەورەی دەست کەوتبێ، کوتوپڕ تەبریکی بۆ دەنووسن و کە لێشکەوت، تەئەسسور! من ئەوددەمە تۆ بووی بەوەزیر، نووسیم: هیچ ئارەزووم نەبوو بۆ تۆ بنووسم (مەعالیی)؛ یەعنی حەزم نەکرد ببی بەوەزیر!

---

(١) شایانی باسە، شیعرێکی پیرەمێرد - بەنێوی کۆمەڵی زانستییەوە - داواکارە کە عەسری هەینیی ١٩ی مانگ، کۆمەڵان تەشریف ببەن بۆ بەشداریی خوێندنی مەولوود لە بارەگەی کۆمەڵەکەدا.(**)

(*) ژیان - ١٤/ ١٠/١٩٣٦.

(**) *بنۆڕە: ژیان* - ١٩٣٦/٦/١٣



ئێستایش زۆرم لا خۆشە لە وەزیرییدا نەمای![1] چونکە ئەمەندە ساڵێ وەزیریت کرد، ئەمما چ وەزیرییەک؛ ئێرانی دەڵێن، مۆسیقا دوازدە مەقام و بیست و چوار شوعبەیە، ئیدارەی دوازدە مەقام و بیست و چوار شوعبەت کرد، بە قەد دوو جزمە تەئریخەکەت[2] بەکار نەهات و لەمەیشا خۆم ئەیزانم کە قەرزاری!

بەسایەی خواوە، وا ئەم جارە بۆ خۆمان، یەعنی بۆ قەومەکەت بوویتەوە بە ماڵ. خێر، خێر، قەومەکەت ناڵێم، ئەگەر قەوم ئەبووین، ئێمەیش یێکێکمان لە کایەدا ئەبوو، ئەو یێکەش بە ناچاریی تۆ دەبوویت، چونکو کەسی تر شک نابەین بۆ ئەوی بژیێنێ... ئەوە کەیفی خۆیانە! ئێستا ئەوی من ئەمەوێ، تا ماوم؛ تۆ بنووسە و من بۆت چاپ بکەم. بەرگوزاریی کوردیی، بۆ کوردیی هەژار ئەوەیە: یادگاری بەکار!

(......)

[تەواو]

🕮 پ. ن؛ کە: ٥٤/٤/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــ محەممەد ئەمین زەکیی]

[سلێمانیی]

[١٩٤٩/٣/٢٢ز]

## بینایی بەڕاستی چاوی ڕاستم

### ئەمین زەکیی بەگ

تۆ؛ خوای بێ هاوبەش، بەشێکی سەرپشکی هونەر و زانستی وای پێ بەخشیوی کە لە ڕێی ئامۆژگاریی گەلی کورددا بەختت کردووە و سەرەتای پەیدایی ناو و باپیرانی خۆیانت پێ ناسیون. ئەوە بۆ تۆ و بۆ نەوەت، بەهرەیێکی کامگاریی و بەختیاریی پایەدارە... بەڵام ماوتە، مەترسە، هێشتا باوتە، هەستیی و نیشتمانپەرستییت پێ ناسیوین، ئاخ چ سوود

---

(١) هەڵبەت مەبەستی بەشدار نەبوونیەتی لە بیست و سێیەمین وەزارەتی حوکوومەتی عێراقدا؛ وەزارەتی (حیکمەت سلێمان: ١٩٣٦/١١/٢٩ز ـــ ١٩٣٧/٨/١٧ز)ی هەڵکەوتووی دوای هەڵگەڕاندنەوەی سەربازییەکەی فەریق بەکر سیدقیی.

(٢) مەبەستی (خوڵاسەیێکی تەئریخی کورد و کوردستان)ە کە وێ دەچێ پێش چاپ بوونی (ج -٢؛ س ١٩٣٧ز) پیرەمێرد ئاگاداری تەواوبوونی بووبێت!

(*) ژین - ١٩٤٩/٣/٢٢ز.

و بوودێکە کە بێ زبانین، بەستەزبانین!!.

کاتێ لە ئەستەمووڵ جۆش و جونبوشێکی کوردەواریی پەیدا بوو و کۆمەڵ کۆمەڵ جوولانەوە و لە پایتەختدا چەند ڕۆژنامەی کوردیی کەوتە ناوە و من لەو غەزەتانەدا هاوارێکم کرد؛ زبان، ئامان لە پێش هەموو چشتێکدا زبان! چونکو ئەم کوردەوارییە شێوەی گفتوگۆ و ئاخاوتن و ڕاز و گلەیی هیچ لاییێکیان لەولا ناکا! ئەفسانەییێکی کۆن هەیە، ئەڵێن: لە پێشدا دانیشتوانی ڕووی زەمین ییێک بووە، کاتێ (قوللەی بابل) بەپەڕی (جوبریل) ڕووخاوە، لە گرمە و زرمەی ئەو، زبان لە بیر چووەتەوە، هەر کەسە وەک گروگاڵی منداڵ لە خۆیەوە زبانێکی گرتووە.

بەڵێ؛ ئەمە ئەزانین ئەفسانەییێکە و جێ باوەڕ نییە، بەڵام بۆ کورد و کوردستان، ڕاستییەکە ئاو لێڵ ناکا، تۆ لە من چاکتری ئەزانیی؛ دوور نەچین هەر لە مەڵبەندەکەی خۆمانا؛ هەورامان زبانێکی هەیە، جاف تێی ناگا! کەڵوور - کەڵهور - هەر وا، فەیلیی، لەولای هەورامانەوە زبانیان لە ییێک ناکا. لە بن دەستی سلێمانییەوە، باڕە باڕە و بووەشە و هەڕەشەی (هەمەوەند) شێوەییێکی ترە... کەپوو، سکڵ و پووڵ و هەرامە... شاباژێڕ و دوو مارە؛ کوڕە دای وە کەللەمەوە، ئای کلکم و سەرگوزەشتەی گەڵی و... (وەیسەی خلە)یش لەوێ بوەستێ.

ئەمە تەنها لە شارێکا ئەمە بێ، ئینسان نازانێ شایەتمان بۆ کوێ بێنێ و ئەمە لە خۆمی ڕووداوە! جا هاتم لە غەزەتەدا نووسییم؛ جارێ ییێکدگیریی بکەین؛ من خەرجیی کۆکردنەوە و لە چاپدانی ئەگرمە ئەستۆی خۆم! ئەوەیش نەکرا! سەردەمێ لەتەک (ئەکرەمی جەمیل پاشای دیاربەکر)دا[١]، فەرهەنگێکمان لە ئەستەمووڵ ڕێکخست بەچوار ستوون چوار زبانی کوردیی؛ سۆرانیی خۆمان و کوردیی جزیرە و بادینان و تورکیی و فڕەنسزیی بەدەستووری (مەتود پەڕ لیچ) کە لە دوای کۆکردنەوەی هەر تیپێکدا، چیرۆکێکی کورت و ڕەوان و ئاسانمان بەو تیپانە لە ژێردا نووسیی بوو و ئەرک و ئەمەکێکی زۆرمان لەگەڵ دا - بەڵام - (ئیتتیحادچیەکان)[٢] نەیانهێشت بڵاوی بکەینەوە، هەر لە چاپخانەکاندا

(١) ئەکرەم جەمیل پاشا دیاربەکریی؛ کوردپەروەری ئەندامی (کۆمەڵی تەعالیی کوردستان/ ئەستەنبووڵ).

(٢) مەبەستی لە کارگێڕەکانی تورکخواز (ک. ی. پ. عوسمانیی) فەرمانڕەوایە و پێم وەیە ئەم کۆششەی هەردوو کوردپەروەریش ڕێکەوتی هەڵکەوتنی گۆڤاری (ژین/ ئەستەنبووڵ)ە.



دەستیان بەسەرا گرت و لە ناویان برد!

کە هاتمەوە ئێرەش، زۆر ئارەزووم بوو کە فەرهەنگێکی کوردیی دابنێم. بۆ ئەمانە (مستۆ)ی[١] خوشکەزام لە منیش و لە (جەمیل)یش[٢] بەکارترە، هەندێ لەو لوغاتانەی کە بوومان، بردی و کردی بەژێر کاوە.

لەمانە لە هەموو بەڕێ و جێ تر، هەزاران جار یادی بەخێر (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) لە (زانستیی)دا (کۆمەڵی بژار)ی دانا و زۆر لوغەتی هەڵبژاردەیان کۆکردەوە و ئەویی (زانستیی) شێواند خوا بیشێوێنێ، ئەویش مایەوە!

لەم دواییەدا (شێخ محەممەدی خاڵ) ئەهلی کەماڵ، ساڵەهای ساڵ لە هەوڵ و تەقەللادایە، فەرهەنگی کوردیی ڕێک ئەخا، ئەویش وای داوەتە پێش، لە عومری مندا نەیەتە بەرهەم.

ئەم جارە (بلە)[٣]ی، (گەلاوێژ) بەرەنگێکی تر تێ هەڵچووە، ئەوە زۆر باشە، بەڵام مانگیی تیپێک؟ (بز، شیر دا بۆ داپیر دا)یە!![٤]

شەوێک ئەمانەم لێک دایەوە و هەروا توانجێکم لە خۆمدا، من بە خۆهەڵکێشان نەبێ، لوغەتی کوردیی شک نابەم کە لە لەبەرم نەبێ و بەهەموو زبان و شێوەییێک گۆرانییم هەیە و چاپخانەیشم بەدەستەوەیە؛ بۆ چ خەریکی ئەم دەرمانی گیانییە نەبم؟.

بەو ئارەزووەوە، دەستم بەنووسین کرد، وام نیازە لەو لوغەتانەی کەوا هەموو بەئاسانیی تێی دەگەن، کۆ بکەمەوە و بەو دەستوورەی عەرزم کردی؛ (مەتود پەر لیچ) لە چاپی بدەم، بەڵام من خۆم ئەوەندە عەرەبییەکەم بەگوڕ نییە تا بەرامبەر بە کوردییەکان، عەرەبییەکەیشی بنووسم. هیوای زۆر و ئەرکی گران بەسەرپەرشتیی ئێوە، ئەکەوێتە سەرشانی جگەرگۆشە نازدارەکەمان؛ (سانیحە)![٥]

جا ئەگەر دڵت دێ ئەوەندە بیرەنجێنی، من بەرە بەرە بیاننێرم، لەوێ پیا بێتەوە و عەرەبییەکانیشی بنووسن، من فۆرمە فۆرمە لە چاپی ئەدەم!

(١) مەبەست مستەفا سابیبە!.

(٢) مەبەست جەمیل سابیبە!.

(٣) مەبەست پارێزەر و خاوەند ئیمتیازی گۆڤاری گەلاوێژ؛ ئیبراهیم ئەحمەدە.

(٤) قسەییێکی نەستەقی پێشینانە!.

(٥) مەبەست کیژی محەممەدئەمین زەکییە!.

خوا بۆ خاتری (محەممەدولئەمین)ە خۆشەویستەکەی خۆی بەتەندروستیی بتهێڵێ بۆ وڵاتەکەت و قەومەکەت![1] مەرگت نەبینم ڕۆڵەی شیرینم[2]

(......)

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٥٥/٥/٣٢(*)
[پیرەمێرد ـــ حسێن عەبدوللەتیف/ حوزنی موکریانیی][3]
[سلێمانیی]
[١٩٣٦/٤/٢٥ز]

بۆ جەنابی حسێن حوزنیی ئەفەندیی موکریانیی موحتەرەم

لە ژمارەی (٧ – ڕووناکیی)دا، سەربوهوردی (مەولەویی) و چەند شیعرێکی ئەوتان نووسیوە و دەفەرموون: دیوانی مەولەویی ئامادەی تەبع کردنە!

جارێ با ئەمەتان لە پێشەوە پێ ڕابگەیێنم کە بەندە سێ ساڵە خەریکی (دیوانی مەولەوی)یم کە تێبی بگەم،[4] ئەنجا لە چاپی بدەم، بەسێ ساڵ ئەنجا (ڕۆحی مەولەوی)یم بۆ کەشف بوو، لەگەڵ ئەمەیش کە بەزمانی هەورامیی شیعرم هەیە!.

دووەم؛ بەدەستوور و ئارەزووی (سەیید محەممەد)ی نەوەی مەولەویی؛ (دیوانی مەولەویی)م بەشی زۆری چاپ کردووە و دوو فۆرمەیشی بڵاو کراوەتەوە، زۆری لێ فرۆشراوە، ڕاوەستاوم بەسەر یێکەوە بڵاوی بکەمەوە!.

سێیەم؛ جەنابتان شارەزای (مێژوو، چیرۆک)ن، (مەولەویی) شاعیرە، ئەو چەند دێرەی کە بۆ سەربەهوردی (مەولەویی)تان نووسیوە، هەونییە! تەرجەمەی حاڵی (مەولەویی) کە

(١) مەبەست لە محەممەدولئەمین، پێغەمبەری ئیسلامە!.
(٢) دیارە ئەم هیوا و نیازەی ئەنجامی نەبووە، چونکە وەک هەواڵی دی لێ بڵاو نەبووەتەوە، یادگارێکی ئەوتۆی لە چاپ نەداوە.
(*) ژیان – ١٩٣٦/٤/٢٥ز.
(٣)– بۆ ژیننامەی حسێن عەبدوللەتیف – حوزنی موکریانیی؛ بنۆڕە: نێوداران.
(٤) پیرەمێرد لە: ژیان – ١٩٣٥/٥/٢١ز.دا بڵاوی کردووەتەوە: (لەمەوبەر مژدەمان دابوو کە بەڕەنجی سێ ساڵ «دیوانی مەولەوی»مان لە هەموو لایێکەوە کۆکردەوە و خەریکە لە چاپی بدەین!).



لە کوڕەزاکەییم وەرگرتووە و نەشرم کردووە، ئەمەی تیا نییە کە محەممەد پاشای جاف نەنگەویستی (مەولەویی) بووە و (مەولەویی) بەپێی نەیاریی و دڵگیرییەکی کە لە نێواندا بوو، ناچار کرا. دەست لە «دزاید»ی وەتەنی هەڵگرێ![1] مەولەویی، جاف نییە! هەڵەبجەش وەتەنی مەولەویی نییە و بەنەوازشیی و دەستگیریی پاشا و[2] قادر بەگ و مەحموود پاشای کوڕی هێناویانە لە دەوروبەری هەڵەبجە دایانناوە! ناشارڕێتەوە، مەولەویی بەهۆی بەگزادەی جافەوە ناسراوە و سەراپا ئەشعاری بۆ ئەوانە!

مەولەویی؛ هەمیشە مووچەخۆری بەگزادە بووە. وەک لە لاپەڕەی (٧ و ستوونی ٣)دا نووسیوتانە: لە ماڵ و سامان و دارایی و بووندا، دەستدرێژ و سەرفراز نەبووە. بەڵێ لە عیلم و شیعردا هەموو کورد مووچەخۆر و ڕیزەچنی خوانی سەنعاتی ئەون.

نە تەوەللودی، نە وەفاتی ڕاست نییە! بۆ نموونە چەند شیعرێکتان نووسیوە و فەرمووتانە؛ (لە دەست زەمانە گوتوویەتی و ناڵاندوویە!)ی ئەو دوو شیعرە زۆر کەس و زۆر نوسخە بەهیی (مەولەویی) دانانێن!

باوە سەیید

بەندە هەر ئەو پیرەمێردەم کە تۆم بەگەورە و ئوستادی خۆم داناوە و بەهیچ ڕەنگێ لە ئاسار و کردارتان نادوێم، بەڵام ڕەنجی زۆرم لەگەڵ (مەولەویی) داوە و ڕۆحی مەولەویی لە (ژیان)دا شادە[3]، ئەو شێوە هەر بۆ (ژیان) ڕێ دەکەوێ. هەموو شێوەی موکریان و هەموو مێژوو و سەربەهورد و چیرۆک و تەئریخ بۆ جەنابتان... عەلیی بەردەشانیی و (کوچیی کوچیی – نانیی نانیی... هەردوو لینگت بکەم بەیێک)[4]

(١) وێ دەچێت نووسراوی (حوزنیی) بێت و پیرەمێرد قسەکانی بەڕوودا دابێتەوە.
(٢) مەبەست محەممەد پاشای جافە.
(٣) مەبەست لە ڕۆژنامەی: ژیان – ١٩٣٤/٨/١٦ز.ە کە لە ژێر سەر نێوی (ڕۆحی مەولەوی)یدا دەستی داوەتە ئاشناکردنی مەولەویی و شیعری.
(٤) ئەم ڕستەیەی، مەبەستی سەرگوزشتەیێکە کە حسێن حوزنی لە پێشەکیی باسی عەلیی بەردەشانیی و بەیتی (ئەوڕەحمان پاشای بابان)دا بڵاوی کردووەتەوە، گۆیا: (پاشای نێوبراو ڕۆژێ دەپرسێت: کێ دەتوانێت کارێ بکات عەلیی بەردەشانیی بشلەژێنێت و سڵاوی لە بیر بباتەوە کە دێتە دیواخانم؟
ژنێ دەڵێت؛ من! (گۆیا ژنەکە نێوی مەلەک بووە!)
کاتێ کە عەلیی دێت و لە ئەوەدا دەبێت بگاتە بەردەم دیواخان، ژنەکە بەرەو ڕووی دەچرکێنێت: =

..............................

=

هات هات عەلیی بەردەشانیی(*)

کوچیی کوچیی، نانیی نانیی

عەلییش دەستبەجێ بەرەو ڕووی دەتەقێتەوە و دەڵێت:

هاتم هاتم هەلێک مەلێک

هەردوو لینگت بکەم بەئێک

«پاشای بابان) سەلامون عەلێک!

(بنۆڕە: ڕووناکیی - ١٩٣٦/٤/٤؛ عەلیی بەردەشانیی) لە ئێرەدا وشەکانی: (لێک لێک، سەڵاوو عەلێک) نووسراوەتەوە. بۆ زانینی پتر دەشڵێم؛ حوزنیی یێکەم کەسە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردستانی باشووردا کە ئەدەبی گەل - فۆلکلۆر -ی بووژاندووەتەوە و بڵاوی کردووەتەوە. پیرەمێردیش کە وێ =

(*) عەلیی بەردەشانیی: بەبابی شایێران ناسراوە و لە ئەدەبی کوردییدا شوێنی بەرزە. بەردەشان گوندێکی سەر بەپشدەرە. ڕیشەی عەلیی و خانەدانەکەی، هەروەها مێژووی ژین و مردنی زۆر تاریکە. لێکۆڵەکانی وەک محەممەد تۆفیق وردیی، قادری فەتاحی قازیی، د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ و هتد... تەواو بۆیان ڕوون نەبووەتەوە! سەرچاوەییێکی تاقانە - گۆیا کەشکۆڵێکی کۆنی دەستگیر بووە - سەفیزادەیە کە لە (مێژووی ئەدەبی کوردیی - ج٢، ل ٤٦٥)دا باسی کردووە و دەڵێت؛ (عەلیی کوڕی عەبداللەیە، لە س ١١٨٥ک/١٨٧٧ز، لە گوندی بەردەشاندا لە داییک بووە، لە سلێمانییدا خوێندوویەتی تا بووە بەفەقێ. لەساڵی ١٢٨٨ک/ ١٨١٣ز هەر لە ئەو باژێرەدا مردووە و لە گردی سەیواندا نێژراوە!!) ئەو نووسینەش زۆر جێگەی باوەڕی من نییە کە دیارە لە نێوان ژینی هەردوو برای بابانیی (عوسمان پاشا و ئەوڕەحمان پاشا )دا ڕایگرتووە. قادری فەتاحی قازیی دەڵێت: گۆیا شاییێری دەرباری میری ڕواندز بووە. ئەمەش جێگەی گومانە و ڕاستییەکەی شاییێری دەرباری بابان بووە نەک سۆران. وردبوونەوە جەخت دەکات کە سنووری نێوبانگی لە نێوان وڵاتی (بابان، موکریان) و تەنانەت (سۆران)یشدا بووە. تا ئێستەش نێوبانگی هەر زیندووە و بەیتێکی زۆر دەدرێنە پاڵی و بەسەر زمانی خەڵکیشەوەن و باس کردنیشی گەییشتووەتە ئاستی ئەفسانە گۆیا؛ زمانی جنۆکەیشی زانیوە! بەیتی حەماسیی، شایی و زەماوەند، هێندێ بەیتی ئایینیی، تەنانەت چەند داستانێ خراونەتە پاڵی. داستانی (ناز و خدر) بەلای قادری فەتاحی قازییەوە، بەرهەمی بیری جوانی ئەوە و گۆیا بۆ (ئەوڕەحمان پاشای بابان)ی گێڕاوەتەوە. هەر ئەو چەند سەرچاوەی دیش دەڵێن کە گەلێ شاییێر، شاگردی ئەو بوون. بەڵێ ئەوڕەحمان پاشا شاکارە و بەبڕوای من (بەیتی وەسمان پاشا )ش هەر یادگاری ئەوە. شوێنی بەردەشانیی لە ئەدەبی کوردییدا هێندە بەرز و بەنێوبانگە، شاعیری نەتەوەی کورد؛ حاجیی قادری کۆیی لە ڕیزی (حەسسان کوڕی سابیت)ی شاعیری پەیامبەری ئیسلامی داناوە و دەبێژێت:

دوو (عەلیی)ن شاعیرن وەکو حەسسان

«بەردەشان» و «حەریر»ە مەسکەنیان



و ئەدەبییاتی بۆ (ڕووناکیی)، بەڵام توخوا، (ڕۆحی مەولەویی) مەڕەنجێنە![1]

(...)

[تەواو]

= دەچێت حوزنیی کاری تێ کردبێت، لە ڕۆژنامەی (ژین)دا، درەنگانێ دەستی داوەتە یادکردنەوەی شاییێر و گوێندەکانی کورد، تەنانەت بەیتی کوردیی وەک (بەیتی وەسمان پاشای بەبە)ی لە: ژین - ١١/٦ و ١١/٢٧ و ١٩٤٧/١٢/١٨ز.دا بڵاوکردووەتەوە.

(١) حسێن حوزنیی موکریانیی لە (ڕووناکیی - ١٩٣٦/٥/١٦ز)دا بەسەر نێوی (ڕاستەکەی)ەوە، وەڵامی پیرەمێردی ئەوهە داوەتەوە:

📖 پ. ن؛ کە: ١/٣٣ - و/ ٥٦

[حسێن حوزنی ـــ پیرەمێرد]

[هەولێر]

[١٩٣٦/٥/١٦ز]

ئوستادی فازیڵ، ئەدیبی عاقڵ، فەیلەسووفی گەورە، ڕەهبەری لاوان، خاوەند نان و خوان، هەمشانی ماقووڵ، بەعیززەت و شان، تاقانەی سلێمانیی، عالیمی زەمان، بەپشت و هێز، مودیری (ژیان)؛ جەنابی حاجیی تۆفیق بەگ ویستم بەم دوو کەلیمەیە، دڵ ڕەنجینی خۆمتان عەرزکەم... ئەو قەوم و میللەتە بەختەوەرە و خاوەند ئیش و کار و پیشە و ئیختیراعات و تەئلیفاتە گەورانە کە ڕۆژنامە، مەجەللە و مەتبەعەی ڕێک کەوتوو و چاکی بێ ژمارەیان هەیە، هەموو بۆ یێکدیی پشت و پەنا و هێز و دەستگرن و لە نێونیاندا کەچیی و خواریی و ناکۆکیی و هەڵمەت و پەلامار و خراپیی یێکدیی نابینرێ. هەرکەس بەدڵێکی پاکەوە، لەگەڵ ئیش و کار و بەتەئلیفات و تەتەببوعاتی خۆی خەریکە و لە یێکدیی وەریشنەگرن، یێکدیی نارەنجێنن و ڕۆحی خۆیان بۆ چتی پڕوپووچ موتەئەسسیر ناکەن و هەموو بەیێکەوە، بۆ ئامانجێک چووین... لە کۆشش و تەقەللادان، هەر یێک بەتەئلیفاتی سوودمەندەوە خەریک دەبن و بە مەقالەی بەکار و چاک، ڕۆژنامەکەیان پڕ دەکەنەوە. ئێمە، بەناشکوریی، هێشتا نەبووینە خاوەندی مەتبەعە و ڕۆژنامەیێک کە بەکەمترین ڕۆژنامە، پیسترین مەتبەعەی میللەتە بێ جێ و ڕێگاکان بچێ و هێشتا نەمانتوانیوە کتێب و یا ریسالەیێک وەک خەڵق بێنینە وجوود و هێشتا نەبووینەتە ساحیبی لاپەڕەیێک کە سوودی تێدا بێ، لەبەر نیفاق و خۆخۆریی و نەکێشان و حەسوودیی! مەتبەعەکەی ئێوە، هێشتا ئەو مەتبەعەیە کە (مێجەرسۆن) لە سلێمانیی دایمەزراند و ماوە و مەتبەعەی منیش لەوە پتر بەنووکی قەڵەمی حەککاکیی لە «حەڵەب» ڕێکم خستبوو، هیچم لەسەر زیاد نەکردووە و هەر پەرێشان و بێ ئەسبابە و ڕووتوقووتە و بێ حورووفات!! لەبەر یێکدیی خستن و پاڵ پێکەوەنان و ئەزییەتدانی یێکدیی، نەپەرژاوینە سەر تەئلیفات و مەتبووعاتێکی وا؛ بەخیلیی بەیێک ببەین و ڕەقابەتیی یێکدیی بکەین! ئەگەرچیی=

📖 پ. ن؛ کە: ٥٧/٦/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــــ ڕێبەری ڕادیۆی عێراق][١]

[سلێمانیی]

[١٩٣٩/٢/٢٣ز]

بۆ مودیری ئیزاعەی ڕادیۆ

تەختگای عێراق کە حەوالیی و حەواشیی بەئەقوام و عەناسیری موختەلیفە و موتەخالیفە ڕازاوەتەوە؛ ئەم دیبای زەڕبەفتیی ڕەنگاوڕەنگە، وەسڵە وەسڵە، بەدەستێکی فەسڵ و وەسڵی (فەیسەل)یی ڕێک خراوە. بەڕشتەی ڕەگی دڵ تەریب دراوە؛ بەیداخێکی ڕەنگینی دڵ نشینی لێ هەڵدراوە، ڕەونەقی شەوق و بەرقی (ئافاق و ویفاقی عێراقە و بەچوار لادا لا دەکاتەوە!).

لە خوامان دەوێ ئەو (لالە عەباسە) پێشڕەوی (لە لای عەباسی)ی بێ! خۆزگە وەک ڕەنگمان یێکە، دەنگیشمان یێک دەکەوت، «قەتار»ی (ڕەشۆل)یشمان لە ڕادیۆی عێراقییدا دەبیست، ئەوسا ئاهەنگی یێک ئاهەنگیمان دەکرد!

(...)

[تەواو]

---

= یێک دوو ڕیسالەی بێ سەروبەریش بڵاو کرابێتەوە، لە مەجلیسی زانایاندا، ڕووی خۆ نواندنی نییە کە جێگەی حەسوودیی پێ بردن بێ! هێشتا ئێمە ڕۆحی زیندوومان پێ ڕانەگیراوە، چی جای مردوو نەڕەنجان! هێشتا نەگەییشتووینەتە پایەیێک بۆ سەرخستنی عیلم و ئەدەب، هەڵمەت بەرینە سەر یێکدیی و بۆ نەشری چتی بێ سوود دڵی یێک ڕەنجیدە بکەین.

حسێن حوزنی

[تەواو]

(*) ژین - ١٩٣٩/٢/٢٣ز.

(١) ئەم نامەیە کە هونەر ئەدەبیی کۆنی زۆر پێوە دیارە، بەڵگەی یێکەمی پەرۆشیی پیرەمێردە بۆ دامەزراندنی (ڕادیۆی کوردیی) کە تا ئەم هەلە هێشتا دانەمەزرا بوو. لێکۆڵین و وردبوونەوەی تایبەتیی خۆم، جەخت دەکات کە ڕادیۆی کوردیی بەغداد، ڕۆژی ١شەممە ٢٩ی تەشرینی دووەم ١٩٣٩ز دامەزراوە، بەپێچەوانەی ڕای هەڵەی هێندێ کەسی نەشارەزا و کارمەندی ڕادیۆی نێوبراوەوە کە لاف لێ دەدەن گۆیا لە ١٩ی کانوونی دووەم ١٩٣٩ز. دامەزراوە و تا ئەوڕۆ لەسەر ئەو هەڵەیە دەڕۆن! بنۆڕە: لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەم؛ ئاسۆ - ٢٨/١٠/١٩٨٩ز/ یۆبیلی زێڕینیی ڕادیۆی کوردیی عێراق!.



📖 پ. ن؛ کە: ٥٨/٧/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــــ کەمالیی شاعیر]

[سلێمانیی]

[س ١٩٤١ز][١]

(......)[٢]

(......)

(......)

......... هەڵبەستنی گۆڕی مەولەویی

تۆ ئەڵێی چیی؟ (...)داوە، بەڵام لە هەڵەبجەوە تا «سەرشاتە»[٣] چۆن بچین؟ لە هەموو (...) جۆش و خرۆشێ پەیدا بووە، زۆر لە دووریشەوە کوڕگەل دێن.

لە حەسەن بەگ[٤] دڵگیرم، تۆ بەو دەستە تەنگەتەوە، بەڵام بەو دڵە گوشادەتەوە، پارەت بۆ (ژین) نارد کە ئەبوایە (ژین) پارە بەتۆ بدا کە بیخوێنێتەوە. ئەو، چوار ساڵ لەمەوبەر لە پاداشتی ستاییشی مەحموود پاشا[٥] دوو دینار (...) نارد بوو، دوایی وتی پارەی ئابوونەیە، خۆشی بۆ قادر ئەفەندیی نووسیی بوو (...)!!.

غەزەتەیشی بۆ ئەچێ، ئەوەندەی هەیە (ژین) جۆکەری تیا نییە، هەزار دیناری پێ بدۆڕێنێ[٦]، لەگەڵ ئەوەیش چونکو ئەوەی مەحموود پاشایە لێی نابوورم، تەنانەت

---

(*) بەدەستیی - دەستنووسە دڕاو و ناتەواوەکە - لە وەهبی ڕەسوول، سلێمانیی - س ١٩٨٥ز.

(١) ئەو کەسە - وەکو فۆتۆکۆپیی نامەکەی پێ داوم - دوایی دای بەچەند کەسێکی دی و بەر لە من بڵاویان کردەوە. جێگەی گوتنە، ئەم کەسە لەخۆڕاوە دەبێژێت گۆیا؛ نامەکە لە س ١٩٣٨ز.دا نووسراوە. ڕاستییەکەی پڕ باوەڕم کە ڕاست ناکات و نامەکە لە س ١٩٤١ز.دا نووسراوە، نیشان بەئەو نیشانەی پیرەمێرد لە س ١٩٣٧ز.دا ستاییشی مەحموود پاشای بڵاوکردووەتەوە کە لە ئێرەدا هەیە و لە ئەم نامەیەشدا دەڵێت؛ (چوار ساڵ لەمەوبەر... هتد)

(٢) ئەم بۆشاییانە وێنەی نادیاریی و ون بوونی نووسینەکانە.

(٣) ئەو شوێنەیە - لە شارەزووردا - گۆیا مەولەویی لێ نێژراوە.

(٤) مەبەست حەسەن محەممەد عەلیی جاف، حەسەن فەهمییە.

(٥) مەبەست مەحموود پاشای جافە.

(٦) بەیاریی قاقەزێن/ قومار!

بەفەخرەوە زنجیرەی باوک و باپیریشم لە (ژین)دا نووسیوە، ئەگینە شیعرێکی خۆش ئەبوو هەزار دینار بۆ قومار، دوو دینار بەخشیش نەگەڕێتەوە بۆ ئابوونەی چوار ساڵ. ئیتر تۆ سەلامەت بی، هەردووکمان پوولەکیی نین!

(......)

(......) (تا کۆتایی نازانرێت/K)

(...)

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: **٥٩/٨/٣٢**(*)

[پیرەمێرد ـــــ میرزا مارف مەلا ئەحمەد][١]

[سلێمانیی]

[-/١٢/١٩٤٣ز]

جەنابی میرزا مارف –ی قەلادزە

کاکە مارفە

گەلێ پێ خۆشحاڵ بووم کە سەرنجت داوەتە شیعرەکانم؛ ئینجا ئەو شیعرانە بە(جگەرگۆشە)ی خۆم ئەزانم کە زانا و خێرەوەمەندی وەک ئێوە لێی وردبوونەوە و پێواوتانە، بەڵام بەسەرپۆشەوە. گوناهی خۆم بوو کە ناوم نابوو «پۆشیدە»!

شەست ساڵە شیعر ئەڵێم، هەموو لە «بارێک» و «تا»ی لاسەنگی نەبووە و داوێن و پەراوێز و خشتەک و تەریب و تەقەڵیشی لە خۆی و لە «جاو»ی خۆماڵییە.

ئەشیا تۆ، کە لە شیعردا هاوشانی پیرەمێردی، باشتر لێی وردبوویتاتەوە.

«تا»ی یێکەمی سێیەم و دووەمی پێنجەم، دوو تیپی «تەفسیری»یە، ویستوومە بەشێوەیێکی تریش مەعنایان لێک بداتەوە، وەک وتوویە؛ (داخە! هێلانەی دڵان شێواوە، بی بینە «بۆن» سەبا).

تیپی «بۆن» تەفسیری «بینە» و لە پێوانەدا نییە و کەواتە – پەرەنتیی –شی بۆ کراوە.ئەویی تریش «پرچ برین» مەعنای «قژ برینە»، تەنها «قژ ڕنین» لە کێشانەدایە.

---

(*) گەلاوێژ – کانوونی یێکەم ١٩٤٣ز.

(١) بۆ ژیننامەی میرزا مارف بنۆڕە: نێوداران.



بارێ تۆ کە لە کێشا نەگەڕاوی، لە ڕۆحەکەی بۆچ نەگەڕاوی؟ چرای چراوەکوژێنت «چرا؟» هەڵنەگیرساندووە؟

مارف، کە ڕەهەندی ئاوی ئاموون بووی، کاشکی بەئاوی ئاموون، ئاموژی خۆت بشتایەوە، نەدەگەییشتیە «بن عێز!»، عاریف نەبوویتایە، مەعرووف ئەبووی!

جارێکی تر ئەمەم بۆ نووسیت، خستتە پشتگوێ، بۆیێ لە پشت دەری!

ئەگەر هەمەوەندی ئەوبەری، ئەبێ لەوبەر بی![١]

پیرەمێرد

[تەواو]

---

(١) پیرەمێرد لە (گەلاوێژ – تەشرینی یێکەم ١٩٤٣ز)دا شیعرێکی بڵاوکردووەتەوە و میرزا مارف لە (گەلاوێژ – تەشرینی دووەم ١٩٤٣ز)دا ڕەخنەنامەیێکی بەرەو ڕوو کردووەتەوە. ئەم نامەیەی پیرەمێرد وەڵامی ڕەخنەنامەکەیە.

شیعرەکەی پیرەمێرد و ڕەخنەنامەکەی میرزا مارف ئەمەن:

١- شیعری پیرەمێرد:

جیناسی کوردیی

(شیعری پوشیدە)؛ پیرەمێرد

بای خەزان، خونچەی خزاند و دڕکی پیر هەر مایەوە
گێژە، هەرچیی خۆی دەخاتە گێژی ئەم دینایەوە
دادی ئاییمان لە دەست مەی نۆشیی و ڕەش پۆشییە
هەش بەسەر ئەو جەژنە، وا سەرخۆشی یا سەرخۆشییە
قژ ڕنین و پرچ ڕنین بۆ ماتەمیی جاران کە ئێستا قژ نەما
پیرێ ژن ما، مووی برووتێنێتەوە و بی دا بەبا
زوڵف؛ کە ڕووی داپۆشیایە، بانگ و هاواریان دەکرد
خەڵکە مانگ گیرا،لەتەپڵ و دومەڵەکی دەن، دەستوبرد!
ئێستە زوڵف بڕرا، سفووریی مانگە، ڕووی پۆشیی نەما
داخە! هێلانەی دڵان شێواوە، بی بینە «بۆن» سەبا
بێتو شەو تۆ بێیتە لام، ڕۆژێ چرام پێویست نییە
تۆ وەرە بناسە، پیشەی من چرا «وەکو ژێنی»یە
هەر کەسە هاواری چاوی پیس دەکا و من چاوی جوان
بەندی جەرگی وا بڕیوم، نیمە یادی نیشتیمان
=

........................................................................

= ئەم گرِوگاڵانە، شێوەی شیعری کۆنە ئێستەکە،
هەوڵی سەربەرزیی گەلت بێ،زوڵف و ڕوو،گوێی لێ مەکە!

[تەواو]

٢- ڕەخنەنامەکەی میرزا مارف:

📖 پ. ن؛ کە: ٦٠/١/٣٤
[میرزا مارف ـــ پیرەمێرد]
[قەلادزە]
[-/١٩٤٣/١٠ز]

بۆ مامۆستای زۆر گەورە

جەنابی پیرەمێرد

خاڵە گیان، ئاوی ئاموون چووم و نێردرام بۆ بنی عێز، ئێستا تەشیی تەڵام ناوە بەسەرمەوە. بڕوام نییە، پەروام لە کەس بێ وە نیازم وایە کە هەر کەس لە هەر شتێکدا پێی خوار دانا، وە یا دەنکە جۆیێکی پاشای خواردبێ، هەرای لێ بکەم و بڵێم چاو مەقووچینە، چاومان لێتە، نەخوازەڵا من بۆ جەنابتان کە بەخاڵۆی خۆم فێرم! وە لام وایە خۆت دەزانیی کە ئێمەش لە شیعردا هەمەوەندی ئەوبەرین، تەپاوتلێکمان هەیە.[*] ئینجا لەم ڕووەوە ئەم دوو کەلیمەیەتان عەرز دەکەم: خاڵە گیان، هیچ گومان ناکەم کە کەس ببێ لە ئەدیبیەتیی ئێوە گومانی بێ! مەعناییێک کە ئێوە بیرِازێننەوە، فەرقی زۆرە لەگەڵ ڕازانەوەی سەنعەتکارەکانی فونوونی جەمیلەی ئیتالیای جاران، چونکە هینەکەی ئێوە جەماڵی تەبیعەت دەهێنێتە گفتار، کەڕ و کوێر وەک یێک دڵ خۆش و مەسروور دەکات. هینەکەی ئەوان جیسمێکی بێ ڕۆحە، وە ئەگەر دڵخۆشیی بدا، هەر بۆ چاو ساغە زۆر وریاکانە! بەڵام خاڵە گیان شیعر زیاد لە جوانیی مەعنا و شیرینیی بەیان، تەرازوویێکیشی هەیە، دەبێ بەو تەرازووە بکێشرێ و جووت بەرامبەر بێ وە سەر نەکات. کەچی وەکو بەراوردم کرد، لەو شیعرانەی فەرمووتانە، بەراورد نەکراوە، ئێمە بەراوردمان کرد و خستمانە تەرازووەکەوە، بۆتان دەرکەوێ کە لە نیوە شیعری ئەووەڵی شیعری سێیەم لە تەرازووەکەدا چەند سەر دەکات، وە وەک عەمەلییاتی حیسابیی لە یێکەمم تەرح کرد؛ حاسیڵی تەرحەکە هەمووی زیادە و هاوتای هاوڕێکانی نییە! نیوە شیعرەکە:

قژ ڕنین و پرچ برِین بۆ ماتەمیی جاران کە ئێستا قژ نەما
(قژ ڕنین و پرچ برِین بۆ ماتەم... ئێستا قژ نەما!!) =

*(*) مەبەستی لە هەمەوەندی ئەوبەر، توانا و دەسەڵاتە!.*



📖 پ. ن؛ کە: ٦١/٩/٣٢[*]
[تۆفیق مەحموود ئاغا - پیرەمێرد ـــ لاوە جگەرگۆشەکانی کورد]
[سلێمانیی]
[١٩٤٤/٨/١٧ز]

بۆ لاوە جگەرگۆشەکان

ڕۆڵەکانم

هەمووتان پیرەمێرد دەناسن کە کوردە و ئامۆژگاریی گۆڕیشی بەکوردییە و بۆ ئەوەیش نییە خۆی پێ بەرێتە پێشەوە و چشتێکی پێ بپچڕێ! هەر ئەویشە کە بەڕاستیەتی. ئەو پیرەمێردە هیوای بەرەو دوای بەلاوانی کوردە، تەنانەت لە ئەستەمووڵ هاتەوە، لە شەمەندەفەردا مەنزوومەیێکی نووسیوە، دەڵێ: ئومێدم وایە ئەم دەستەی کوڕانە، مەشعەلێ هەڵکەن!

بەڵێ دەستەی کۆن کە بەئیستیلاحی کۆن (سەنادید/صناديد)یان پێ دەڵێن، کۆڕی خۆیان گرتووە، ئیتر دەربەست نین. ماوەتەوە سەر ئێوە، ئێوەیش لە پێش هەموو چشتێکدا هەرچیی دەکەن دەبێ بەچرای خوێندەواریی بەڕێدا برِۆن تا ڕێ گوم نەکەن!

عیلم و فەن میللەتێک سەردەخا. لە هەموو کارێکدا دەبێ دوو قۆڵتان ببێ؛ غایە و دەستوور، مەرام و خەتی حەرەکەت! خوێن گەرمیی، لەشی پیاو دەکا بە لیر و دوومەڵ!

وەک پێم وتن، بزانن چیمان بۆ چاکە. بپرسن! خۆ من ئەگەر عەقڵیشم نەبێ، تەحسیلێکی بەرزم هەیە کەوا ئەمانەی پێ دەنووسم و تەجرەبەیشم هەیە کە لەم مەیدانەدا زیندان و حوکمی ئیعدامم دیوە. وەرن بزانم چیتان دەوێ؟ ئەگەر مەعقوولە، منیش لەگەڵتان و ئەگەر نارِەوایە بۆچ بەخۆڕاییی ئەم هەموو لاوانەمان لە باڵی بدرێ؟ لەبیرتان

= وە دیسانەوە نیوە شیعری دووەمی شیعری پێنجەم، ئەویش زۆر سەری کردووە، بەڵام تەسحیحی ئەویانم نەکرد و هێشتمەوە بۆ خۆتان!
خاڵە گیان، هەر خوا سەهوو ناکات، لێم ببوورە!

قەلادزە - میرزا مارف

[تەواو]

(*) ژین - س ١٨، ز ژ ٧٥٤، ١٩٤٤/٨/١٧.

چووە کە چەند لاوی نازدارتان لەکەی بەیاننامەچییان پێوەنان و لە مەنفادا لە کەڵک کەوتن؟ بەڵێ کوڕانمان دەبێ لە ڕێی نیشتیماندا نەبەزن، بیشیاکوژن، (؟؟؟)، بەڵام مەعقوول! وە ئەساسەن، ئەم نەوعە بەیاناتی دزیەتییە، بۆ مەردان عارە! کامتان خۆتان بەعەلاقەدار دەبینن، وەرن یێکتریی ببینن!

خوا ئاگای لێ بێ، بۆ کارێک کە ڕێی تێ بچێ، من درێغیم نییە و بەم پیریبە بەگیرم، بەڵام خوا هەڵناگرێ بەهیچە تیا بچن!

من ئەگەر کوشتە نەشەوەم، بەهرەی بێ کاریی بارێ![1]

(......)

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٦٢/١٠/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــ ڕۆژنامەی شەعب/شعب][2]

[سلێمانیی]

[١٩٤٤/١٢/٧ز]

بۆ جەریدەی شەعب

ئێمە هێشتا لەبیرمان نەچووەتەوە کە جامیعەی عوسمانیی، دە، دوانزە عونسوری یێک خست بوو، بۆی ببووە لق و پۆپی درەختی سایەدار. کاتێ کە ناکۆکییان خستە ناوەوە، کورد و عەرەب و چەرکەس و لاز و ئەرنەئووت و ڕۆم و ئەرمەنیی و دەرووز و عونسورەکانی تریان جوێ کردەوە، مانەوە کە مانەوە.

(١)- ڕستەیێکی فارسییە؛ (من اگر کشته نشوم بهری بی کاری بار):
ئەگەر نەکوژرێم بەهرەی بێ کارییم بەسەردا بباریێ!(*)
(*) ژین - ١٩٤٤/١٢/٧ز.
ئەم نامەیەی کە نێوی خۆی تێدا هێناوە، بەوێنەی دەنگی قەڵەمی ڕۆژنامەڤانێکی ئازادم نواندووە.
(٢) شەعب/الشعب: ڕۆژنامەیێکی هەواڵبەخش و خاوەندەکەی و بەرپرسی یەحیا قاسم بووە و لە نێوان ١٩٤٤/٩/٢ز - ١٩٥٨/٧/١٤ز لە بەغدادا دەرچووە. لە سەرەتادا زمانی (پارتی گەل/حزب الشعب: ١٩٤٧/١٢/٢٧) و تاسەریش لایێنگری ڕژێمی مەلیکی عێراقی عەرەب بووە!

*(*) بێ کاریی: بەڵا!*



عێراقیش سی عونسوری ڕەونەقدارە کە دەستی قودرەتی ئیزویی لە یێک خاکا یێکی خستوون، خوا لێکیان نەکا. لەبەر ئەمە کە (قەومییەت) عەزیزە، دەبێ هەرسێ لامان خۆمان بەیێک بناسین. غەزەتەی (شەعب) نووسیویە: (کوردێکی کێویی، دوو شاخ لەسەری ڕوواوە!)[1] جارێ سیفەتی جیبالیی، عیززەتی نەفسی قەومێک دەشکێنێ. دووەم؛ شاخ نەبووە، ڕەگێک لە تەنها گوێیێکەوە ڕاست بووەتەوە و بڕیویانە!

بێینەوە سەر بەندوباو، قەڵەم و شیعری پیرەمێرد دەتوانێ نەک شاخ، کلک بۆ (شەعب) دروست بکا! ئێمە لە هەستیی و دۆستیی پەشیمان نین تا شاخمان لێ بڕوێ! (شەعب) کلکە لەقێ نەکا چاکە!

(...)

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٦٣/١١/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــ حسێن حوزنیی]

[سلێمانیی]

[١٩٤٥/١/٣١ز]

......[2]

ئەوەتی (دەنگی گێتیی تازە) بەتایبەتی کەوتووەتە دەست خۆتان، هەموو جارێ بۆم دێت و سەراپا دەیخوێنمەوە، چاوم پێی ڕوون دەبێتەوە.

من، دەمەوێ لە هەموو شوێنێک و لە هەموو مەڵبەندێکدا بانگێکی خۆمانی تیا بدرێ، ئینجا ئەویی بەشێوەی ئەولا بێ کە دەڵێن، (خودێ مەزنە) یاخو ئایینی الله ئەکبەر بێت.[3]

(١) ڕەنگبێ ڕۆژنامەکە لەسەر نەورۆز و زوهاکی نووسیی بێت! ڕۆژنامەکەم نەدیتووە!
(*) دەنگی گێتیی تازە - ١٩٤٥/١٢/٣١ز.
(٢) ئەم نامەیە بەسەر نێوی (بۆ دۆستێکی هونەروەر)ەوە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە و لە پێشەکییدا - دیارە نووسینی حسێن حوزنییە - نووسراوە؛ (ئەم گوتارە لەلایێن مامۆستای زانا پیری ڕەوشەن زەمیر، جەنابی حاجیی تۆفیق بەگێمان بۆ هاتووە!) دیاریشە نامەکە سەرەتا و کۆتایی لێ کەم کراوە!
(٣) مەبەست شێوەزاری لقی کورمانجیی باکوورە!.

منیش، لە خۆشیی ئەم ئاوازەی هەستییە کە شادمەرگ بووم، بردمیانە سەر گردەکەی (یارە)ی شوێن نەورۆزی خۆم، شێخ محەممەدی خاڵ بەکوردیی ئامۆژگاریم بکا و تەڵقینم دا بدا! وەک ئەم جارەش لە (ژین)دا وتوومە؛ ئوستاد، لە نوسخەی ٨٠٧ - ژیندا، لە (شیرین و خوسرەو)[١] و هیممەتی تۆ دوواوم، منیش نوسخەییێکی خەتیی (شیرین و

(١) شیرین و خوسرەوی خانای قوبادیی،[*] داستانێکی شیعرییە، لەمەڕ ئەڤینی شیرین و خوسرەوی پەروێز و فەرهادی پەیکەرتراش دانراوە کە بەرهەمی شاعیری بەنێوبانگ - دایک کورد - و باب ئازەریی، زمان فارسیی (نیزامی گەنجەویی: ١٤٤٤ز - ١٢١١ز)ە کە ٦١٨٨ بەیتە. شاعیری بەهرەمەندی کوردی سەدەی یانزەی کۆچیی؛ (خانای قوبادیی) بەشێوەزاری گۆران و بە ٥٥٢٦ بەیت ڕازاندوویەتیەوە و کردەوەکەیشی لە ئەوەی (گەنجەویی) بەکەمتر نەزانیوە.

(*) خۆشیی و نامە ناردنی پیرەمێرد - بۆ حوزنیی موکریانیی - بەشێکی گەورەی بەهۆی هەڵکەوتنی هەواڵی (شیرین و خوسرەوی خانای قوبادیی)ە کە حوزنیی دڵسۆزی مێژوو و کەلەپووری کورد - بەر لە گەییشتنی نامەکە - زووتر دووجار هەواڵی لەمەڕ بڵاو کردووەتەوە:
جاری یێکەم؛ بەسەر نێوی (شیرین و فەرهاد/ موئەللیفی نەزاندراوە)؛ باسی بڵاو کردووەتەوە و دەڵێت: (داستانی شیرین و فەرهاد لە نێو کورددا زۆر باوی هەیە و هەموو کوردێک سەربوهوردەکەی شیرین و فەرهاد و پیرەژنی فەرهادکوژ دەزانێ! لە سالانی جەنگی پێشوودا - یێکەم/K - نوسخەییێکم دەست کەوت کە (مەلا فەیزاللە)ی کوردی موکریی، خەڵکی گوندی «باخڵووجە» مودەڕڕیسی ئەحمەددییە لە «حەڵەب»، سالانی ١٩٠٩ز لە (هەورامان)دا نووسیویە. لە ساڵی ١٩٣٤ز.دا، نوسخەییێکی دیکەم دەست کەوت. لە ساڵی ١٩٤٣ز.شدا لە بەغدادا لە لایێن (مەلا موحسین هەورامیی)ەوە نوسخەییێکم دۆزییەوە کە لە لایێن (محەممەد ئەمین کوڕی خدر ناو بۆ تۆفیق کوڕی ڕەزا ئەفەندیی نوسراوە!).
لەمەوپێش نامەی هەڵبەست و داستان بەم شێوەیە بێژراوە کە ئەم شیرین و فەرهادەی پێ نووسراوەتەوە. من لەوانەدا بیست و دوو بەرگ نامەم - واتە دەستنووس/K - دیون کە هەموویان بەم زمانەن و موئەللیفیشیان نادیارە و لە کێ و بۆ کێ و کەی نوسراوەتەوە لە گوماندان!! هەروەک: داستانی جیهانگیر، برزوو فەلامەرز، زالنوون و ڕۆستەم، سەقلاب و ڕۆستەم، ڕۆستەم و زەردە هەنگ، بەوری بەیان و ڕۆستەم، دێوی سپید و ڕۆستەم، زۆراب و ڕۆستەم، مەنیجە و بێژە، حەرەسی حەوت سەر، شەرحی درەخت، ورقە و گوڵشاد، خورەم و زیبا، بارام و گوڵەندام، حەوت لەشکر، شێخی سەنعانیی، شا حسێن؟ نامەی واقیعەی کەربەلا، محەممەدی حەنیفە، جەنگی خەیبەر، شەماییلی نەبەویی، خورشیدی خاوەر، دەوڵەتنامە - بەڕاستیی زانیومە تەئلیفی مەلا خدری ڕوودبارییە!
بنۆڕە: دەنگی گێتیی تازە - ئەیلوول ١٩٤٥ز.
دووەم؛ بەسەر نێوی (نامەییێکی کوردیی دەسنوویس)ەوە دەڵێت؛ (بەهۆی گەورە کوردێکەوە - پێم وەیە تۆفیق وەهبیی بووبێ/K - نامەی شیرین و خوسرەوی کوردییم دی کە ساڵی ١١٥ک/١٧٠٣ز، ←



خوسرەوی خانای قوبادیی)م لە لایە، ئەگەر مام چاپی دەکەم!

ئەوەیشم دەوێ، هەموو جارێ لە پاداشتی ئەرک و ڕەنجی تۆ، هەڵبەستێ بۆ (دەنگی گێتیی تازە) بنێرم! بەڵێ دەبینم؛ بەناچاریی و لەبەر بێ تووتنیی، هەندێ داستان و ماستان دەخەنە غەزەتەکەتانەوە کە تەرز و شێوەی کوردییەکەی نازانرێ!! وەکو لاپەڕە؛ (.../ جەم بێژ، فرە زور، فەرماییشتەوان، عەلا وەزن تووتنەوان!)، هەموو پلەییێکی کەوتووەتە (کێشەوە) وەک (کێشە و گێرە، جەم بێژ[١]).

ئەمانە باوەڕ ناکەم من تێی نەگەم، کەسی تر تێی بگا!! دوای ئەوە، هەندێ شێوە دووان هەیە با لە شوێنێکیش بەکاری بێنن، لە هەندێ ناوچەی تردا، بەڕەنگێکی تری تێ دەگەن.

لە شیعری تۆفیق وردییدا، بە(لووتکە)، یان (پۆتکە)ی شاخان (قیتکە) بێژراوە. کاشکا بە(لووتکە) بوایە و وردترە، (قیتکە) زۆر درشتە، زیانیش لە شیعرەکەی دەدا.[٢] دەڵێ؛ ( «قاقای» «کەنین» یان «کێشی دڵ دەکا!» )[٣]

دوای ئەمانە با دەست بکەین بە (مەتارە!) و (ج. ب). لە خویەوانێ لە سەرچاوەی

(١) ج. ب: جەمیل بەندی ڕۆژبەیانیی، لە گوندی «مەتارە»وە بەنێونیشانی (زانستی فەرماییشت و مێژووی)ەوە، دوو بەش گوتاری بۆ ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی زاراوەی زانستیی بڵاو کردووەتەوە. بۆ وێنە لە بەشی دووەمدا، زاراوەی وەک (فەرماییشتە وانەکان = درجات المحدثین) و (جەم بێژ = متواتر)ی خستووەتە ڕوو.
بۆ ئەو گوتارانە بنۆڕە: دەنگی گێتیی تازە - ئەیلوول ١٩٤٥ و ١٩٤٥/١١/١٢ز.
(٢)- ئەو بەشە پەسەند نەکراوە لەم دوو تاکەدایە:

چیاش بەفرە لەسەر (قیتکە)ی، قەدیشی زیوی تاواوە
لە شەو وەک پیرە شۆخێکە کە ڕازابێ بۆ سەیرانت

بنۆڕە: دەنگی گێتیی تازە - ١٩٤٥/١١/١٩ز.
(٣) نەمزانیی مەبەستی نووسینەکەی کێیە؛ ئەگەر مەبەستی لە وشەکانی نێو شیعرەکەی (وردیی) بێت، تێیدا نییە!

→ شاعیری کوردی بەنێوبانگ، (خانای قوبادیی) شیرین و فەرهادی بەکوردیی کردووەتە نامەییێکی دوو سەد و شەش لاپەڕە کە هەر لاپەڕەییێکی بیست و سێ شیعرە.
هەر لە ئەو سالانەدا (محەممەد سادیق) نێوێ، (ڕۆژی دووشەممەی ٢٠ی مانگی ڕەبیعی یێکەم) لە گوندی «کەیمەنە»دا نووسیویەتیەوە و بە سی و نۆ نیگاری ڕەنگین ڕازاندوویەتیەوە!).
بنۆڕە: دەنگی گێتیی تازە - ١٩٤٥/١١/١٩ز.

زەڵم و قەلای خان ئەحمەد دوواوە![1] ئەو شاخە بەرزە کە هاوشانی کێوی قافە و تاڤگەی زەڵم کە بڵندیی هەزار گەز هەڵدەڕژێتە خوارەوە، سەعاتە ڕێیەک جەنگەلستانە و باخ و ڕەزە، بەفوویێک بردوویەتیە کانیی قادری داوودە!!

خۆ من، واتەی جەمالوددین زنووریی کە دەربارەی سەرچاوەی زەڵم و ئەو تاڤگە (نیاغارایی)یە و قەڵای خان ئەحمەد وتوویە، لە کەشکۆڵەی مەحموود پاشادا بەختی مەحموود پاشا خۆی نووسراوە، لە (ژین)دا نەشرم کردووە، دەڵێ:

أوج غار نە تەرح قوللەی کوه قاف
فەرقەش چەنی فەرق (قاق) مەدان گەزاف
جۆش بە فراوان، سەرتاف قەڵوەز
مەدارای جەو تاق بەرز، هەزار گەز

ئێستا ئەم قەڵای خان ئەحمەد و تاڤگەی هەزار گەزی و مەغارەی قەڵبەز چۆن چووە کانیی قادر؛ کاشکی بچوایە گەرمیانیش، لە ئاوی زەڵم پاراو دەبوو! ئەوە چشتێکە و شوێنێکە لە پێش چاو. ئەو کێوە بەرزە و ئەو نەهر و ئاوە ناشارڕێتەوە تا بیکەین بە قەیتووڵ و قەبری خان ئەحمەد و کڵاو زێڕیش لەوێیە![2]

(...)

[تەواو]

---

(1) پیرەمێرد مەبەستی گوتارێکی دی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانییە کە دەبێت لە ژمارەیێکی دیی هەمان گۆڤاردا بڵاو بووبێتەوە، مخابن ئەو ژمارەیەم دەستگیر نەبوو تا باسی ڕوو بکەمەوە و ڕاستییەکەی بناسرێت و بزانرێت چۆن لەمەڕ (زەڵم و خان ئەحمەد خان) دوواوە!

(2)- ج. ب. ڕۆژبەیانیی، دوای نامەکەی پیرەمێرد، وەڵامنامەیێکی بەسەر نێوی (سەرمەشقی شیرینی پیرەمێرد)ەوە بڵاو کردووەتەوە، بەڵام گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە - ١٩٤٦/٢/١١ز) لە کۆتاییدا نووسیویەتی؛ (ماویەتی).

ئەز پێم وەبوو کە هەموو وەڵامەکە لە ژمارەیێکی دیی گۆڤارەکەدا تەواو بڵاوکراوەتەوە و من بەردەستم نەکەوتووە، کەچیی ڕاستییەکە - وەک مەلا جەمیل خۆی لە دانیشتنێکی هاوینی س ١٩٨٨ز.دا لە بەغدادا بۆ منی گێڕایەوە - ئەوەیە کە (هەر ئەو بەشە)ی بڵاو کراوەتەوە و (پاشماوەی نییە) چونکە ئەو پاشماوەیە لە نێو کتێبخانە فەوتاوەکەیدا - تاڵان کراودا - لە دەست چووە.

مەتنی ئەو بەشە وەڵامە بڵاوکراوەیەش ئەمەیە:
=



---

= 🕮 پ. ن؛ کە: ١/٣٥ - و/ ٦٤

[محەممەد جەمیل مەلا ئەحمەد - ڕۆژبەیانی ــــ پیرەمێرد] (*)

[مەتارە!]

[-/-/١٩٤٦ز]

زانای هونەروەر، بوێژی مەزن، نووسەری یێکانە، کوردی بەناوبانگ، پیری دەستگیر، لالە حاجیی تۆفیق بەگی پیرەمێردی بیر و مێشک تازە

لە لاپەڕەی؛ «١٨٨ - ١٨٩»ی ژمارە «٩»ی ئەم گۆڤارە نازدارەدا، سەرمەشقێکی ڕابەرانەی دادابوو. بەوە حاڵیی کردم کە زۆر میهرەبانانە و دڵسۆزانە تەماشای نووسینەکانی (زانستی فەرماییشت و مێژووی) وە (بوێژەکانی...) کردووم و گەلێ بەوردیی، وتە و وشە و دێڕ و لاپەڕەکانی بەبێژنگی بیری ڕۆشنی بێزراوە، بەچەشنێ کە هەر لە دەستی وردەکارێکی هونەرمەندی وەک ئەو دێت. ڕاستییەکەی، سەرنج و بەراوردە قووڵەکانی، ئەوەندەی گەشاندمەوە، هیوام بەنووسینەکانم قاییم بوو، چونکە ئەو نووسینە کە (باوکی نووسەران) لێی ورد ببێتەوە، بێ گومان «نەمریی»ە و «پیرۆز» دەمێنێ و خەڵک بەچاوی لێ پێچان و لێکۆڵینەوە سەرنجی دەدەن. جا بەرامبەر بەم میهرەبانیی و دڵسۆزییە، هیچ نییە پێشکەشی بکەم جگە لە سوپاس و ستاییش و نەوازیشییات!

[ماویەتیی!!!].

[تەواو]

---

*(*) بۆ ژیننامەی مەلا محەممەد جەمیل ڕۆژبەیانیی، بنۆڕە: نێوداران.*

پ. ن؛ كە: ٦٥/١٢/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــ محەممەد تۆفیق ڕەشید - وردیی](١)

[سلێمانیی]

[١٩٤٥/١١/٢٩ز]

بۆ جەنابی شاعیری موحتەرەم

تۆفیق وردیی

ئەدیبی گران قیمەت و قەڵەم سووک!

ئێمە لە (ژین)دا، لە مەنزوومێکی جەنابتان دووابووین.(٢) ئێوەش جوابێکتان داوەتەوە. دەمانویست ئەم جوابە لە غەزەتەدا بنووسین، بەڵام جوابەکە لەسەر دوو پەڕەی کاغەزی چزگیی داردا هەفتا و دوو دێڕە کە هەموو غەزەتەکەی ئێمە پڕ دەکاتەوە. زاتەن ئێمە دادمان لە دەست نوسراوی درێژە کە جێی نابێتەوە.

شیعرەکانی جەنابتان بەئیعتیباری مەعناوە، شیعرە. زۆر جوانن، بەڵام لەوانەن (ژین) نەژێینێ و هیچ مەنزوومەیێکتان لە سیی چل شیعر، بەیت کەمتر نییە و واش گومان دەکەین هیچیان «سنوحات» نایەڵێ کورتی بکەینەوە! ئێمە سنوحاتمان نووسیوە، مەیکەن بە«سنوجات!».

دوای هەموو چشتێک دەڵێی: (دەترسم سەرمای ئەم زستانە نەختێ پیرەمێردەکان بخاتە لەرز و سەرما لێ دراوبن!!).

توخوا ئەگەر خۆت قوتابیی خۆت بی و مامۆستاییێکی وەک خۆت ئەم جوملەیەت بەدەرس پێ بڵێت، بەشێوەی کوردیی و ئەدەبیی دایدەنێیت؟

سەرما لێ دراوین! هێندە بزانە هەموو غەزەتەییێک، خۆی لە شوێن شیعری ورد دەگەڕێ، نەک وردی درشت!

(...)

[تەواو]

(*) ژین - ١٩٤٥/١١/٢٩ز.

(١) بۆ ژیننامەی محەممەد تۆفیق وردیی، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) مخابن چەندم کرد ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەم دەستگیر نەبوو.



پ. ن؛ كە: ٦٦/١٣/٣٢(*)

[پیرەمێرد ـــ حسێن حوزنیی]

[سلێمانیی]

[١٩٤٦/١/٣]

ئوستادی پڕ هونەری مەزن سەیید حوزنیی

تۆ لە کۆکردنەوەی یاداشتە کوردییەکاندا، خدمەتێکی زۆرت کردووە! (شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی)یت وەچنگ کەوتووە کە لای منیش هەیە. جگە لەوە (یووسف و زولێخا)ییێکی تەواوی کوردییم لە لایە، سەرداستانەکەی دەڵێ:

بە تەوفیقی حەق، دانای لەم یەزەل
بە فەزڵی ئیعجاز (مستەفا)ی مورسەل(١)
خودای بانی سەر بدە و هیدایەت
بکەردەن بەیان شیرین حەکایەت
بە لەفزی کوردیی و شێوەی (گۆرانیی)
زاهیر بۆ تەمام، مەعنای پەنهانی

ئینجا بەتەواویی حەکایەتی (یووسف و زولێخا) دەنووسێ، بەڵام ناڵێ کێ وتوویە؟ دوایی لاپەڕە دەڵێ؛ (موبارەکیش بۆ ئەی مەلا ڕۆستەم!).

ئێستا نازانم موئەللیفەکەی کێیە؟ ئایا ئێوە (یووسف و زولێخا)ی واتان دیوە یا نا؟(٢)

(......)

[تەواو]

(*) ژین - ١٩٤٦/١/٣ز.

(١) مەبەست محەممەدلموستەفای پەیامبەری ئیسلامە!

(٢) چەندم کرد وەڵامی حسێن حوزنیم لە ژمارەییێکی (دەنگی گێتیی تازە)دا بەرچاو نەکەوت. پێم وەیە وەڵامی داوەتەوە و ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە بەردەست من نەکەوتووە!

پ. ن؛ کە: ٣٢/١٤/٦٧[*]

[پیرەمێرد ـــــ باباعەلیی شێخ مەحموود][١]

[سلێمانیی]

[١٩٤٦/٩/١٢ز]

بۆ مەعالیی باباعەلیی وەزیری ئیقتیساد

بەچاو ڕوونییەوە، لە غەزەتەکاندا دەبینم کە بۆ گەلێ چشتی بەفائیدە، ڕەهنومایی دەکەی لە شیمالدا[٢] بکرێ. من بیست ساڵە لە (ژیان) و (ژین)دا وەک (لوقمان) کە ئێستایش لە گۆڕدا نووزەییێکی دێت و دەڵێ «بریز»ە؛ هاوار دەکەم، دەڵێم؛ ئەم خاکی ئێمە بەحیساب حەڤدە نەوع مەحسووڵی هەیە. حەوتیان لەوانەیە کە هیچ ڕەنجی بۆ نەدەی، لە چیای کوردستاندا کۆی بکەیتەوە، قیمەتێکی باشیان هەیە!

ئەم مەحسووڵە خواداوە، وەک؛ مازوو، کەتیرە و بنیشت و جەوت و گەزۆ و دار و گژوگیا و چیپی و هەموو دەرئامادە، بەشی شەکر و کوتاڵ ناکا.

شەکر لە شارەزووردا، چەوەندەری، لە زۆر جێگە کە فابریقەی شەکری تیایە، باشترە.

ئەگەر لە «سەییدسادیق» فابریقەیێک دابندرێ و ئاوی چەمان و ئەو دەشتە بۆ چەوەندەر تەرخان بکرێ، هەتا بڵێی مەنفەعەتی هەیە.

ئەووەڵەن؛ دەچینە ڕیزی ئەو دەوڵەتانە کە دەوڵەمەند و فابریقەدار و ناودارن.

دووەم؛ شارەزووری پێ ئاوا دەبێتەوە!

شارەزووری ئێمە هەر لە ڕێی چارەک سەعاتێکدا، نەهرێکی تیایە، بەسەر ئەو دەشتە ڕاست و ڕەوانەدا جارییە، بەدەفتە «٢٣» ڕووبارە. ئەسڵی خیدمەتی گەورە ئەمەیە، تۆیش دەتوانیی بیکەی و ناوت لە جیهاندا بەشیرینیی بمێنێتەوە!.

(...)

[تەواو]

---

[*] ژین – ١٩٤٦/٩/١٢ز. ئەم نامەیە و نامەی ئاییندەش، وەک وێنەی دەنگی ڕۆژنامەڤانێکی ئازاد دەخەمە ڕوو کە هاوتای زۆرە و تا سەرروەزیرانی گرتووەتەوە.

(١) بۆ ژیننامەی باباعەلیی شێخ مەحموود بنۆڕە: نێوداران.

(٢) مەبەست کوردستانی باشوورە.



پ. ن؛ کە: ٣٢/١٥/٦٨[*]

[پیرەمێرد ـــــ باباعەلیی]

[سلێمانیی]

[١٩٤٦/١١/٢٤ز]

بۆ مەعالیی وەزیری ئیقتیساد

قابینە - کابینە -ی ئەم جارە کە (ئەرشەد عومەریی) پێشەوایانە، من بەنەفسی خۆم وام داناوە کە ئەگەر ئەم قابینەیە سامانێ بەکاری عێراقە خۆشەویستەکەمان نەدا، کارمان دەکەوێتە جیهانێکی تر. چونکە ئەم هەموو گیروگرفتە و پەشێوی و سێ بەرەکییە کە شەیتان خستوویە ناوەوە، وا خراپەی ئەحزابە کە بووەتە شەڕە گەڕەکێ پێشەی پێشووی ئێرە. یێکێکی وەک (ئەرشەد)ی پێ دەوێ کە لە هیچ نەپەرمووێتەوە و زۆری لێک نەداوەتەوە و چاوی لە زێڕ و زیو و زویری وەزیر نەبێ!

ئەوەی کە من دەینووسم لە دڵ و دەروونێکی پاک و بێ باک و ڕووناکەوە دێتە دەرێ، ئارەزووی بەرزیی نیشتیمان نەبێ، هیچی تری تیا نییە! هەموو کاتێ دووبارە پاتی دەکەمەوە؛ پیرەمێرد تا ئێستا ئالوودەیی کاری دنیایی نەبووە تا هیوای بەکەس بێ و کەس ناتوانێ بڵێ ئەم هەموو شایی و سەیران و زیافەتەکە کردوویە و دەیکا، پێنج فلسی لە لێشاوی (دیعایە)ی تیا بووە![١]

بەو ناوچەوانە بێ گەردەوە لە دەرگای کردگار تەنها کار ڕەوایی حوکوومەتە خۆشەویستەکەمانم دەوێ، باوەڕیشم وایە خوا بۆ دەکا، بێ مننەت بن، کەس ئیشم بۆ نەکا!

---

[*] ژین – ١٩٤٦/١١/٢٤ز.

(١) هێندێ لە ناحەزانی پیرەمێرد پروپاگەندەیان لە دژ نواندووە گۆیا لە دەزگەی پێوەندییەکانی بریتانیاوە – لە ٢. ج. گ دا – مانگانە پارەی پروپاگەندەی وەرگرتووە!

ڕاستییەکەی پیرەمێرد – وەک هەموو ڕۆشنبیرەکانی کورد – لە ئەو جەنگەدا دژی بەرەی فاشیزم بووە و بەئاشکرا لە ڕووی نووسیوە و ئەگەر هێندێ یارمەتیی بۆ ڕۆژنامەکە وەرگرتبێت، چ شتێ لە پاکیی و ڕاستیی و ڕۆژنامەڤانیی کەم ناکاتەوە چۆن کارکردنی (گۆران) لە ڕادیۆی کوردستانی دامەزراوی هەمان دەزگە، چیی لێ کەم نەکردووەتەوە. وێڕاش ئەم گوتارە خۆی وەڵامێکە بۆ ئەو جۆرە پروپاگەندەیە!

ئێستا ئەی وەزیری ئیقتیساد، یاخو ئەی بابەعەلیی خۆمان، ئەم پیاوە کە بەتایبەتی تۆی هەڵبژاردووە، دیارە تۆیش بەپێی ئەو ئیعتیماد و بایەخە تێ دەکۆشیی، بۆ ئەم خاکەیش بەر لە هەموو چشتێک ئیقتیسادە کرد و کۆشی دەرئامەد پێویستە. لەو سەردەمەدا کە هاتیتە ڕووی کار، هەندێ تەشەببوساتی ئێوەمان لە غەزەتەکاندا بەرچاو کەوت، زۆر بەڕێ و جێ بوو. بەو بۆنەیەوە، ئێمەیش چەند ئارەزوویێکمان لە (ژین)دا نووسیی. یێکی لەوانە؛ هەوڵی پێکهێنانی فابریقەیێکی شەکر بوو کە لەوە باشتر بۆ عێراق نایەتە خەیاڵەوە.(۱)

دوای ئەوە، ئەم هەموو ئەنهارە ئەمیرییە کە لە ژمارەی لەمەوبەری (ژین)دا ئێمە تەعریفمان کردبوو، میریی بەنیسبەتی قابیلییەتی ئەوانەوە ئیستیفادەی لێ ناکا، ئەوانە و غابات کە تەنها ناوی هەیە و شوێنی نییە، جارێ بۆ ئەمانە تێ کۆشن! لەو سایەوە نەمانزانی ئەم تەشەببوسانە بەچیی گەییشت؟ خۆ عومری قابینەیش ڕۆژی ئەم ڕۆژانەیە کە پاییزە! بەڵێ ئەوە دەزانم کە هەر تەشەببوسێکی پەسەند و کەڵک بێ، گیروگرفتی دێتە ڕێ، بەڵام مەرد ئەوەتە نەبەزێ! هەرچەند دەڵێن تیغێ کە زۆر تیژ بێ زوو کوڵ دەبێ، بەڵام خەنجەری دەبان، هەمیشە بەبڕشتە!

ئینجا دەمەوێ بزانم چۆنت دەست داوەتێ و لە چیای؟ بۆ ژینی بنووسیی!(۲)

(...)

[تەواو]

(۱) لە ئەو هەلە و زووتریشەوە، ڕۆشنبیرەکانی کورد هاواریان بوو بۆ دامەزراندنی (کارخانەیێکی شەکر) لە کوردستانی باشووردا، بەتایبەتی لە سلێمانییدا کە پیت و بەرەکەتی شارەزوور بەکەڵکی دەهات، کەچیی تا سەرەتاکانی حەفتاکان کارخانەیێکی ئەوتۆ دانەمەزرا و کە داشمەزرا، زۆر نەژیا و لە ساڵی ۱۹۸۰ز.دا بەرگورزی تاوانی فڕۆکەکانی ئێران کەوت و بۆ بەرەو دوا تەخت بوو!.

(۲) چەند وردبوومەتەوە وەڵامێکی وەزیری نێوبراوم بەرچاو نەکەوت!



📖 پ. ن؛ کە: ٦٩/١/٣٦(*)

[تۆفیق مەعرووف – وەهبیی ـــ مەلا سەعید حەسەن/ سەعید سیدقی کابان](۱)

[بەغداد]

[-/-/١٩٥٨ز]

بۆ جەنابی مامۆستامان سەعید سیدقی بەڕێز

زۆر سپاسی مامۆستای خۆشەویست دەکەم بۆ ئەو وتانەی لە (ژین)دا نووسیبووتان. شیعرە نایابەکەی شاعیری خوا لێ خۆش بوو (زیوەر) دەلالەت لەوە دەکا کە ئێوە لە ساڵی ١٣٣٨ی هیجرییدا (صرف و نحو)یێکی کوردیتان نووسیوە!

پەنهان نییە کە نیشانەدانان لەسەر تیپی عەرەبیی، لەلایێن ئەو نەتەوە ئیسلامانەی بەو تیپانە دەنووسن کە وەکو جاوەییەکان و هێندییەکان و ئەفغانییەکان... هتد، بن کردەوەیێکی چەند سەد ساڵ لەمەوپێشە. زۆر دوور نەڕۆین لە فەرهەنگێکی کوردیی – عەرەبییدا کە (یووسف زیا پاشا) لە ساڵی ١٣١٠ھ/١٨٩٢م.دا، واتا ٦٦ ساڵ لەمەوپێش بڵاوی کردووەتەوە، لەباتیی تیپەکانی «ۆ» و «ێ» کە من بەکارهێنانیانم بڵاو کردووەتەوە، ئەو نیشانەیێکی «٨»ی داناوە لە ژێر «و» و «ی»دا وە لەباتیی «وو»یش واو و بۆ «وو»ی بەکارهێناوە!

شەمسوددینی سامییش بۆ فەرهەنگە تورکییەکان خۆی بەچەشنێکی تر، نیشانەی دروست کردووە. لەبەر ئەمە هونەرێکی ئەوتۆ نییە کە جەنابتان و من بەویەوە بنازین کە یێکێکمان لە پێش یێکێکمانەوە هاتنە بیری. خەڵک زۆر لەوە پێشتر هاتووەتە بیریان و خستوویانەتە کار. هونەر لە پاش دۆزینەوەی گشت بزوێن و دەنگەکانی زمانی کوردیی، دارشتنی قاعیدەیە بۆیان بەچەشنێ کە زمانەکە وەکو لە دەم دەردەچێ، بخوێنرێتەوە، چونکە ئەمە کاری ئەو کەسەیە کە ئاگای لە هەموو کون و قوژبنێکی دەستووری زمانی کوردیی و فۆنۆلۆژییەکەیەتی.

من ئەو قاعیدانەم دارشتووە لە ساڵی ١٩٢٩دا، لە (دەستووری زمانی کوردیی)دا بڵاوم کردووەتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٦دا تەرجەمەم کرد بەزمانی عەرەبیی و لە شکڵی

(*) گۆڤاری؛ پێشکەوتن – نیسان ١٩٥٨ز.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.

نامیلکەییەکی سەربەخۆدا دووبارە بڵاوم کردەوە! لە پێش ئەوانەدا هیچ کوردێ قەواعیدی نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردیی دانەڕشتووە و بڵاوی نەکردووەتەوە.

ئێستا هەندێ لە نووسەرەکانمان لەسەر ئەو قاعیدانە دەڕۆن، هەرچەندە ئەوانیش هەندێ نوقتەی وردی ئەو قاعیدا ساڵ لە پاش ساڵ تێ دەگەن! من ئەمانەم بۆ خۆهەڵکێشان نانووسم، بۆ ئەوەیان دەنووسم کە تەسجیلیان بکەم تاکو بارێکی تر هەروەکو ئەم جارە قەوما، کەس ئیددیعای موڵکییەتیان نەکا و تووشی دەردەسەریی نەبم.

لە ئەنجامدا تکا دەکەم کە ئێوە بزانن من هەمیشە تەقدیرکاری ئەو خزمەتەم کە ئێوە بۆ خوێندەواریی کوردتان کردووە. لە تەئریخی خوێندەواریی کورددا جێگەی ئێوە بێ گومان باڵایە.

ئیتر خوا ئاگادارتان بێ مامۆستای خۆشەویست![1]

دۆستی وێژەتان

تۆفیق وەهبیی

[ تەواو ]

(١) ئەم نامەیەی تۆفیق وەهبیی، کۆتایی بە (مقۆ مقۆ)یێ هێناوە کە نووسەر پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد لە (هیوا – س ١، ژ ١٠، س ١٩٥٨ز)دا بەسەر نێوی (فەرمانی ئێستامان)ەوە گوتارێکی لەمەڕ (زمان و ڕێنووسی کوردیی) نووسیی بوو، ئەوجا دوایی لە (پێشکەوتن – ١٩٥٨/٣/٢٨ز)دا تۆفیق وەهبیش (سوپاس)ێکی بڵاو کردەوە و تێیدا کردەوەکەی سەعید سیدقی کابانی بەکەم زانیی بوو و هی خۆیشی بەزۆر و چاکتر. لەسەر ئەم باسەی دوایی، سەعید سیدقی کابانیش – بەقسەی بەهجەتی کوڕی، حەزی بەوەڵامدانەوەی تۆفیق وەهبیی نەکردبوو، ئیبراهیم ئەحمەد هانی داوە – بەسەر نێوی (ڕاستکردنەوەییێک)ەوە لە ڕۆژنامەی (ژین – ١٩٥٨/٤/١٠ز)دا وەڵامی تۆفیق وەهبیی داوەتەوە!. هەڵبەت ئەوان، هەموویان – بەئەو نامەیەشەوە، بیرەوەریی و یادگارێکیان بۆ خوێندەوارانی کورد بەجێ هێشتووە و ئاشکرابوون و تێ گەییشتنیان پێویستە. ئەز لە ئێرەدا – چونکە نووسینەکەی خودا لێ خۆش بوو ئیبراهیم ئەحمەد کورت کراوەتەوە و پێویست بەدووبارەکردنەوەی ناکات – پەسەندم کرد کە هەر (سوپاس)ەکەی تۆفیق وەهبیی و (ڕاستکردنەوەییێک)ی سەعید سیدقیی کابان بنوێنمەوە کە ئەمەن:
١– سپاس (تۆفیق وەهبیی)
(... وتارێکم خوێندەوە، کۆواری «هیوا»ی بەڕێز «ساڵ: ١، ژ – ١٠» بەناوی «فەرمانی ئیستەمان»ەوە! پێویستم بینیی کە سپاسی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بکەم کە خۆی پاراستووە لە =



= لایێنگیریی ناڕاستیی! بەڕاستیی تیپەکانم مێژوویێکی چیرۆکاویی سیی و پێنج ساڵی سەیریان هەیە کە ئێستا لەبەر خەریک بوونم شەو و ڕۆژ بە (کوردۆلۆژی)یەوە، نامەوێ وەخت سەرف بکەم لە گێڕانەوەیدا. لێرەدا هەر ئەوەم پێ دەکرێ کە ئەو سەرچاوەیە پێشان بدەم کە مامۆستا سەعید سیدقیی «ڵ، ۆ، ێ»ی لێ وەرگرتووە و خستوویەتە نامیلکەیەوە کە ناوی ناوە (مختصر صرف ونحو کردی) وە کە بریتییە لە لاسایی کردنەوەییێکی (نصر، ینصر)!. مامۆستا سەعید سیدقیی، نە ئەوسا دەیزانیی ئەم «ڵ، ۆ، ێ»یە چین و بەکەڵکی چیی دێن، وە نە ئێستا دەیانزانێ!! ئەم شکڵانەی لە منەوە دەست کەوت بوو! من هەرچەندە (دەستووری زمانی کوردی)یم ساڵێ لە پاش نامیلکەی مامۆستا سەعید سیدقی بڵاو کردبووەوە، بەڵام ئەویش وەکو هەموو خوێندەوارێکی ئەوسا کە پێوەندییان هەبوو لەگەڵ نووسینی کوردیی وە بەتایبەتی ئەو خۆی کە گۆیا دەستووری زمانی دادەنا بەئەمری وەزارەتی مەعاریف، لەو تیپانەی منیان دیی بوو، چونکە لە ساڵی ١٩٢٦ـەوە شکڵەکانیان بەهەموو لایێکدا بەدەستنووسی بڵاو کردبووەوە، بەڵام هەر شکڵەکانیان. لەسەر ئەوەبوو کە لە عەینی ساڵدا، لە هەندێ لاوە بۆ دائیرەکانی مەعاریفی سلێمانیی و هەولێر نووسرا، وە پێیان گوترا کە (تۆفیق وەهبیی چەشنە نیشانەییێکی خستووەتە سەر تیپەکانی عەرەبیی کە لە «قرآن»دا نین) وە هەرگیز بڕوا ناکرێ کە باوکەکانی شاگردەکان ڕازیی بن بۆ بەکارهێنانی ئەو تیپانە! من کە دەمبیست؛ لەگەڵ ئەوەش کە دەمەقاڵێیەکم بوو لەگەڵ ئەو کەسانە، کاغەزیشم نووسیی بۆ هەندێ دۆستم کە جەواب بنووسنەوە بۆ ڕازیی بوونیان بەتیپەکانی من و کە چاویان پێ کەوتووە هیچ موخالەفەتێکی نییە لەگەڵ دین و (قرآن). وەکو من ویستم، جەواب هاتەوە. لەمەدا یاریدەی مەعالیی جەمال بەگی بابان زۆر کاریگەر بوو. ئێستاش سوپاسی دەکەم. بەڵام بێ ئەنجام بوو، چونکە (نصر، ینصر)ەکەی مامۆستا سەعید سیدقیی دەبوو لە ڕوودا بوو. من ئەمەم هەر بۆ ئەوە گێڕایەوە کە بزانرێ ئەو تیپانەم لە ساڵی ١٩٢٦دا بڵاو کرابووەوە. من، لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣وە لەسەر خواهیشتی نووسراوی وەزارەتی مەعاریف، دەسم کرد بەنووسینەوەی (دەستووری زمانی کوردیی)، بەهەموو کۆششێکەوە کە ڕۆژ و شەو دەمکرد، توانیم لە ساڵی ١٩٢٩دا یێکەم جزم وە لە ساڵی ١٩٣٠دا بەشێکی گەورەی دووەم جزم بڵاو بکەمەوە! هەر لەو ڕۆژەوە کە دەستم کرد بەگیرامێر – ڕێزمان/ K – نووسینەوە، هەستم کرد بەپێویستیی تیپی تایبەتیی کرد بۆ کوردیی. گەلێ چەشنی نیشانەم دانا لەسەر تیپەکانی کوردیی و بەپێی پێشکەوتنم لە زانستی دەستووردا – دەستووری زمان – ڕێزمان/ K – گۆڕیمن، چونکە پیاو لە پاش چاک زانینی دەستووری زمانی کوردیی، ئینجا دەتوانێ شکڵی پیت و دەستووری نووسینی و خوێندنەوەی بۆ دابنێ! لە ژمارەی (پێشکەوتن)ی ئایییندەدا، وێنەییێکیان پێشان دەدەم لەو ئیملایەی لە کانوونی یێکەمی ١٩٢٣دا کە چەند مانگێک بوو دەستم کردبوو بەنووسینی دەستوور، بەکارهێناوە. ئێوە دەبینن کە شکڵی «ڵ، ۆ»ی تێدایە، دە =

= هەندێ نیشانەی تریش کە لە پاشدا بەرە بەرە گۆڕیومن، بەوێنە «ڵ»م گۆڕیی بە «ل»ی خاڵدار کە وەک لە دەستووردا دەبینرێ! ئەو وێنەیە کە لە ژمارەی ئاییندەدا دەبینرێ، زەنگۆگرافی – هەڵکۆڵینی وێنەکانی K/ – لاپەڕەییێکە لە موسوەددەی (دەستوور)ەکە، وە دەستنووسی مامۆستا ئەنوەر سائیبی خۆشەویستمە کە ئەوسا شاگرد بوو لە مەدرەسەی هەندەسەدا وە گەلێ ئێوارە دەهاتە لام بۆ دیدەنیی. زۆر جار تکام لێ دەکرد کە ئەوەی دەمنووسیی لە (دەستوورەکە)دا، بۆم پاکنووس بکا! من سیی و پێنج ساڵ لەمەوپێش ئەم نیشانانەم داناوە، دەیانەوێ ئەمانەشم وەک هەندێ لە کردەوە نووسراوەکانم لێ بفڕێنن. دەترسم ڕۆژێ چاکەتەکەشم بفڕێنن و ئاوەژوو لەبەریکەن، بلێن: موڵکی کەس نییە! ئەوەی لە ناو ئێمەدا ڕوو دەدا لەم بارەیەوە، لە ناو هیچ نەتەوەییێکی؛ گێتییدا ڕوو نادا! لە ناو گشت قەومەکاندا، کەسێ بیەوێ وشەیێ، بەڵێ تەنیا وشەیێ بڵاو بکاتەوە، کە ئەو وشەیە کەسێکی تر لە پێش ئەودا دۆزیبیەتەوە، ناتوانێ ناوی ئەم کەسەی تر کەتم بکا و بلێ: ئەم وشەیە لە خۆمەوە دۆزیومەتەوە وە ئەگەر کەتمی بکا، ئەوانەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ئەو وشەیە، پەلاماری دەدەنێ و دەیکەن بەپەند. نووسەرەکانی گێتیی، سەرچاوەکانی نامەکانیان بەفەخرەوە لە نامەکانیاندا دەگێڕنەوە، کەچیی لای ئێمە نامەییێکی زل و زەلام دەفڕێنێ، نەک کەسێ سەرزەنشتیان بکا، بەڵکو چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن و مودافەعەشیان دەکەن. ئیتر هیوای چیمان بەخۆمان بێ؟ خوا بکا ڕۆڵەی ئاییندەمان کە بێ گومان لەمانە خوێندەوارتر دەبن، ئەم ڕەووشتە نەگرن!).

[تەواو]

٢- ڕاستکردنەوەییێک (سەعید سیدقی کابان/ موعەللیمی موتەقاعید)

(... لە ژمارە «٥»ی گۆڤاری «پێشکەوتن» ڕۆژی شەممە ٢٩ی مارت ٩٥٨دا، گوتارێکم لە ژێر عینوانی (سپاس)دا خوێندەوە کە لە لاییێن پایە بڵند مامۆستا تۆفیق وەهبییەوە نووسراوە. مامۆستای ناوبراو لە بابەت ئەو ئیشارەتانەوە دوواوە کە من لە کتێبەکەمدا (مختصر صرف و نحوی کوردی – چاپخانەی نەجاح، بەغداد ١٩٢٨) لەسەر تیپەکانی «ۆ، ێ، ڵ» دامناون. ئەوا منیش، بۆ ئەوەی لای هەموو خوێندەوارە بەڕێزەکان ئاشکرا بێ، ئەوەی کە پەیوەندیی بەم باسەوە بێ، ڕوونی دەکەمەوە، وە نەبێ مەبەستی منیش لێرە ئەوە بێ کە داهێنانی ئەو ئیشارەتانەم لە مێژوودا بۆ بنووسرێتەوە:

١- مامۆستا تۆفیق وەهبیی لە گوتارەکەیدا دەڵێ: (مامۆستا سەعید سیدقی نە ئەوسا دەیزانیی ئەم «ڵ، ۆ، ێ»یە چین و بەکەڵکی چیی دێن، وە نە ئێستا دەیزانێ!!). من زۆر سوپاسی مامۆستای ناوبراو دەکەم بۆ بیروباوەڕی دەرحەق من! منیش دیارە تا کەڵکی ئەو ئیشارەتانەم نەزانیانە، لە کتێبەکەمدا ناوم نەدەبرد، بەڵام بڵێم چیی کە لەو کاتەدا لە چاپخانەکاندا ئەو تیپانەم بۆ دروست نەدەکرا کە تا کتێبەکە بەو جۆرە لە چاپ بدەم بەو ئیشارەتانەوە کە لە موسوەددەی کتێبەکەمدا =



= بەدەست نووسیومەتەوە، وە کە ئێستاش – وەک مامۆستا تۆفیق وەهبیی دەڵێ – نایانزانم بەکەڵکی چیی دێن، ئەوە باسێکی ترە، پێویست بەلێکۆڵینەوە ناکات، چونکە هەر قوتابییەک لە پۆلی یێکەم و دووەمی ئیپتیدائیی دەرچووبێت، بێ ڕاوەستان ئەو ئیشارەتانە لە شوێن و جێگەی خۆیدا بەڕاستیی دادەنێت!

٢- مامۆستا تۆفیق وەهبیی دەڵێ: کە گۆیا؛ ئەو ئیشارەتانەم لەوەوە وەرگرتووە، بەبەڵگەی ئەوەی کە ئەو چەشنە نووسینەی ئەوم دیوە کە لە ساڵی ١٩٢٦دا بەدەستنووس بڵاوی کردووەتەوە. وە دیسان وەک خۆی دەفەرموێ لە ساڵی ١٩٢٣دا، موسوەددەی کتێبەکەی خۆی بەو چەشنە ئیملایە نووسیوەتەوە. منیش لێرەدا دەڵێم کە منیش موسوەددەی کتێبەکەی خۆم – کە لە چاپ کراوەکە دوورودرێژە – لە ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی مانگی زیلحیجەجەی ساڵی ١٣٣٨ی کە دەکاتە ١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٠ تەواو کردووە و لە نووسینەوەی ئەو موسوەددەیەدا – کە بۆ قوتابییان کورتم کردەوە و چاپ کرا – ئەو ئیشارەتانەم بەکارهێناوە. کەوا بوو بەم پێیە، من ٣ ساڵ لە پێش ئەوەی ئەو دەست بکا بەنووسینی موسوەددەی کتێبەکەی خۆی، وە شەش ساڵ پێش ئەوەی ئەو ئیشارەتانە بەدەستنووس بڵاو بکاتەوە، من بەکارم هێناون. وە ئامادەم ئەگەر پێویست زانرا، زەنگۆگرافی لاپەڕەییێک لەو موسوەددەیە و ئەو لاپەڕەیەی کە تەئریخی تەواوبوونی نووسینی موسوەددەکەی تیا نووسراوە، بڵاو بکەمەوە! لەمەوە دەردەکەوێ کە من لەو سەرچاوەیەوە کە زانای بەنرخ مامۆستا تۆفیق وەهبیی لە گوتارەکەیدا بەیانی کردووە، ئەو ئیشارەتانەم وەرنەگرتووە و بەڵکو بەبیری خۆم بووە، وە ئەگەر ئەم فیکرەیە لە کاتێکدا کە بەبیری هەردوو لاماندا هاتبێ جێی سەرسوڕمان نییە، بەڵکو شتێکی تەبیعییە، وە دیسان بۆ ڕاستیی ئەم قسانەشم شیعرێکی خوا لێ خۆش بوو (زیوەر)ی هاوڕێم کە بەستاییش فەرموویەتی و لە دوا لاپەڕەی موسوەددەی کتێبەکەمدا نووسیومەتەوە، پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی دەکەم و لەم شیعرەدا تەئریخی نووسینەوەی موسوەددەکەی تیا ئاشکرایە. ئیتر هیوادارم کە مامۆستا تۆفیق وەهبیی، لەم ڕاستکردنەوەیە دڵگیر نەبێ، چونکە ئامانجم تەنها دەرخستنی حەقیقەتە:

تەماشا و دیقەتم لێ کرد، دەکەم تەحسینی ئەفکارت
موبارەک بێ لە میللەت، ئەی ڕەفیقم تازە ئاسارت
لە مەیدانی مەعاریفدا لە بۆ ئەم میللەتی کوردە
حەقیقەت باغەبانیت کرد، بمێنێ باغ و گوڵزارت
کە سەرفی هیممەتی خۆت کرد لە(صرف و نحوی کوردیی)دا
هەموو ئەهلی هونەر تەقدیر دەکەن ئاساری نازدارت =

✡ پ. ن؛ کە: ۳۷/۱/۷۰(*)

[شێخ حسێن شێخ عەبدولقادر - کەسنەزان ـــــ ئەحمەد تۆفیق بەگ - موتەسەڕڕیفی سلێمانیی][1]

[ش؟]

۳۱/۹/۲۰ [۱۹ز]

## ۹۰۰

بۆ حوزووری جەنابی مەحبووبی سەمیمیی

موتەسەڕڕیفی ئەکرەمی سلێمانیی عەرز و تەقدیم

لەپاش عەرزی تەعزیمات و دوعای تەرەققیی و تەوفیق و زیادیی سەتوەتتان کە ئەخەسسی ئامالمانە، بەقەتعیی مەعلوومی عالیتانە، مەسلەکی من و تەبیعەتی شەخسیی، هەموو وەختێ بەواجیبی مەجبوورم ئەکا بەسەعیی و کۆشش بۆ تەرەققیی و تەعالیی شەخسیی و عومومی هەموو موسڵمانان. بەهەموو نەوعێ و هەم بەقەدەر تاقەت، بۆ خدمەتی حوکوومەت کە سەتوەتی حوکوومەتی حازیرە سەبەبی ئیستراحەتی ئیسلامە. لەبەر ئەوە بەسووڕەتێکی قەلبیی و مەقسوود، ئیستیرحامێکی واجیبانە لە

= لە تەئریخی هەزار و سێ سەد و سیی و هەشتی هیجرییدا مەتاعی قاعیدەی کوردییت نیشان دا بۆ خریدارت.(*)

[تەواو]

(*) وەرگیراو لە؛ فەتاح شێخ مەحموود و عەبدولباسیت شێخ فەتاحی نەوەی خانەدانی شێخ فەتاحی دۆلان. سلێمانیی: ۲۹/۱۰/۱۹۹۷ز.

(۱) بۆ ژیننامەی شێخ حسێن کەسنەزان بنۆڕە: نێوداران.

*(*) پێویستی دەبینم بەکورتیی باری سەرنجم لەمەڕ باسی هەردووکیان بنوێنم:*

*۱- وەک سەرنجی دەستنووسی (گلڵزار - س ۱۹۲۰ز)م داوە، دەستکارییێ لە تیپەکانی (ڵ، ۆ، ێ)دا کراوە و زۆر وێ دەچێت لە ئەسڵدا ئەوەهە نەبووبن و دوایی (۷، ۸)کان درەنگتر داندرا بن!*

*۲- تۆفیق وەهبیی زۆری لە سەعید سیدقی کابان کردووە کە دانراوەکەی بە (نصرَ ینصرُ) لە قەڵەم داوە، تەنانەت خۆی بەکەم توانا ژماردووە کە توانجی تێ گرتووە و گوتوویەتی؛ (نە ئەوسا دەیزانیی «ڵ، ۆ، ێ» چین و بەکەڵکی چیی دێن و نە ئێستا دەیزانێ!!).*



لوتف و عەدالەتتان ئەکەم کە مەعلوومی جەنابتانە (مەحموود خانی دزڵی)[1] پیاوێکی بەنوفووزی موعتەبەر و خانەدان و عەشیرەتە. زاتەن هەرچەند ڕەعییەت و ئەهالیی حوکوومەتی ئێران بوو، بۆ جەلبی عەدالەتی عاممەی حوکوومەتی عێراق، تەمەسسوک و تەشەببوسی بەم حوکوومەتە کرد و وازی لە حوکوومەتەکەی خۆی هێنا. لەبەر ئەوە لام وایە لوتف لەگەڵ فەرموون لە واجیباتی عەدالەتە و موخلیس و مەحسووبێکی قەتعیی ئەم خانەدانەیە. وەک مەعلووم بووە گۆیا لوتفی لەگەڵ فەرمووراوە بەکەفالەت تەرخیس بکرێ، مەشرووت بەشەرائیتێ کە بەلازم زانراوە و بەشەرت دانراوە!

خۆ ئەمیش مەعلوومە هەموو وەزعێکی موومائیلێهـ، عائیدی موتالەعەی جەنابی عالیتانە و لە داخیلی مەنتیقە و ئیدارەی جەنابتان ئیشی پێک دێ![2]

ئەمەوێ بەقەتعیی، بەئیستیرحامێکی سەمیمیی جیددەن لوتف بفەرموون کە بەکەفالەتی شەخسیی تەرخیس بفەرمووێ و زوو ئیشەکەی جێبەجێ بفەرموون. موحەققەق سەبەبی تەرفیع و تەرەققیتانە لەبەر پێ خۆش بوونی خودا و ڕەسوول و پیرانی تەریقەت و ئێمە.

ئیتر مونتەزیری جەواب و ئیرادە و بیلفیعل مەقسوودین. ئیتر حورمەت!

●

(عبد، عبدالقادر)

خادیمولفوقەرائـ

حەفیدی پیری کەسنەزان

(ئیمزا، شێخ حسێن کەسنەزان)

[تەواو]

(۱) مەحموود خانی دزڵی: سەرخێڵی دزڵییە لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا. نیشتمانپەروەر و هاوکار و دڵسۆزی حوکوومەتی کوردستان و حەفید زادە مەحموود. (ژیننامەی تەواویم دەستگیر نەبوو!).

(۲) هەرچەندە نێوی موتەسەڕڕیف نەهاتووە، بەڵام لە ئەو مێژووەدا ئەحمەد بەگ موتەسەڕڕیف بووە.

📖 پ. ن؛ کە: ٣٨/ ١/ ٧١[*]

[حەسەن محەممەد عەلیی جاف – حەسەن فەهمی ـــ پیرەمێرد][١]

هەڵەبجە

٢١ی حوزەیران ١٩٤٣ (!!)[٢]

ئەدیب و دانیشمەند، فازیڵ و هونەرمەند

نابیغەی دەوران سەعادەتی حاجیی تۆفیق بەگ

پاش پێشکەش کردنی ئیحتیرامات و ئیخلاسێکی بێ پایان، هەمیشە تەمەننام له خوا هەیە کە هەتا موددەتێکی درێژ، هەر بژین و میللەتی کورد لە قەڵەمی ئاتەشینت بێ بەش نەبێ! ئەمینم کە هەموو کوردێکی تەقدیرکار لەم فیکرەدا شەریکمە.

---

(*) ڕەنگین – س ١٩٩٦ (قەدری زەڕ لای زێڕەنگەرە؛ در. حەسەن جاف).

(١) بۆ ژیننامەی حەسەن محەممەد عەلیی/ حەسەن فەهمی، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) بەقسەی بڵاوکەرەوەی نامەکە[**] با حەسەن فەهمی جافی کوڕەزای ئەم نامەیەی کردووە بەوەڵا و سوپاسنامەیێ بۆ نووسینێکی پیرەمێرد کە ستاییشی پاشای نێوبراوی کردووە و هەروەها بەوەجاخ کوێریشی ژماردووە کە نەوەکانی چاپکردنی (کەشکۆڵ)ە بەنرخەی پاشایان فەرامۆش کردووە. در. حەسەن جاف، لە (ڕەنگین)دا گفتی داوە کە ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە و هیوای پیرەمێردیش بهێنێتە دیی!! جێگەی گوتنە نامەکەی حەسەن فەهمی لە ساڵی ١٩٤٣ز.دا نووسراوە، کەچیی گوتارەکەی پیرەمێرد – ئەویی در. حەسەن نیشانی داوە – لە ساڵی ١٩٣٧ز.دا نووسراوە. من هەست دەکەم یا ئەوەتە کاتی خۆی ئەم گوتارەی پیرەمێرد، نەکەوتبیەتە بەرچاوی حەسەن فەهمیی، یان ئەوەتە لە س ١٩٤٣ز.دا، پیرەمێرد، دیسان ئەو باسەی – کە من نەمدیتووە ئەگەر هەشبێ – یان باسێکی دیی لەمەڕ مەحموود پاشا نووسیی بێت و سەرنجی حەسەن فەهمیی ڕاکێشا بێت! یان ئەوەتە (گلەییەکانی پیرەمێرد لە حەسەن فەهمی لە نامەکەی پیرەمێرد بۆ عەلیی باپیرئاغا – کەمالیی شاعیر لە س ١٩٤١ز.دا/ بنۆڕە: پ. ن؛ کە: ٢/ ٧/ ١٠ لە ساڵی ١٩٤٣ز.دا بەرچاوی حەسەن فەهمیی کەوتبێت و بەئەم سوپاسنامەیەی وەڵامی دابێتەوە!! ئەمەش تەواوی گوتارەکەی پیرەمێردە – کە در. حەسەن دەڵێت نامەکەی حەسەن فەهمیی بەئەم بۆنەیەوە نوسراوە – کە لە ژیان – ١٢/ ١/ ١٩٣٧ز.دا بەسەر نێوی (حەیاتی ئەدەبییەی مەحموود پاشای جاف)ەوە بڵاوە و =

*(**) در. حەسەن جاف لە نیشاندانی ئەو گوتارەی پیرەمێرددا، بەهەڵە (ژین – ژ ٥٠٩، س ١٩٤٣ز)ی نووسیوە، ڕاستەکە ئەوەیە کە من خستوومەتە ڕوو!.*



بەناوی (مەحموود پاشاه خدمەتی ئەدەبییاتی) مەقالە شیرینە پڕ لە بەلاغەت و لە تافەکەتانم خوێندەوە. جیددەن بەرابەر بەم لوتفە مەمنوونت بووم!.

---

= نووسراوە: (زۆر کەس هەن کە ئەم سەر لەوحەیە دەبینن – نێونیشانەکە/K – هەڵدەوەشێننەوە؛ مەحموود پاشا و حەیاتی ئەدەبیی؟ چونکە تا ئێستا کە گوتبیەتیان جاف؛ کوردێکی خەیمەنشین، سەحرا نەوەرد، خێڵە و خوار و خێڵە و ژوور، سوار ماییینی ڕەسەن، تفەنگ و فیشەک و تیپی سوار و ئاژاڵی زۆری ڕەوەگ و ڕانی، هاتووەتە خاتیرەوە. هەرچەندە لەم دواییەدا یێک دوو کەسێکی شاعیر لە نەوەی بەگزادە پەیدا بوون، ئەوانە لە ناو جافدا پەروەردە نەبوون، کوڕە قائیمقام بوون لە مەرکەزی قەزادا! بەڵام مەحموود پاشا، بەهەموو مەعنایێکەوە، سەرداری عەشرەتێ بوو... سوارچاک و سەلاح شۆڕ و جەنگاوەر و هەمیشە لەگەڵ کاروباری عەشائیردا خەریک بوو! بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات مەحموود پاشا ئەم خزمەتە گەورەیەی کردبێ، تا وەفاتی کەس نەیزانیی بێ لە سیلسیلەی هەموو حوکمدارانی بەبە و نامدارانی ئەم خاکەوە، تا ئەمڕۆ کەسێ نەبووە بەقەد مەحموود پاشا، عومری خۆی لە خۆشیی و تاڵیی و دەربەدەریی و فیراریی ئەستەنبوولدا، لە کۆکردنەوەی ئەشعار و ئەدەبییاتی کوردییدا خەرج کردبێ! لەو تەئریخەوە، دەستی قەڵەمی گرتووە تا وەفاتی، بەخەتی خۆی هەرچیی ئاساری کوردیی هەیە نووسیوەتەوە و ئەوەندەیش بەسەلیقە و دیققەت نووسیویە، لەو هەموو ئاسارەدا بگەڕێ غەڵەتێکی تێدا نییە، خەتێکی گوندە و خۆش خوێن. نازانم لە هەموو کاری حوکوومەتیی و عەشائیریی و دەوڵەت و حساباتی خۆیدا، چۆن پەرژاویەتە سەر ئەمانە؟ (دیوانی سالم)ی لێرە نووسیوەتەوە. لە ئەستەنبووڵ، لای ئەحمەد کامیلی نازیری گومرگ کە کوڕی وەسمان جۆردار بوو، نوسخەیێکی تری دەست کەوتووە؛ دیسان بەخەتی خۆی ناتەواوییەکەی نووسیوە! سێ ساڵ من بەشوێن نوسخەیێکی (مەولەویی)دا گەڕام، دەستم نەکەوت، کەچیی هەرچیی (مەولەویی) گوتوویە، ئەو قەیدی کردووە و حەتتا ئەویی بەخەتی خۆی بۆ ئەوی نووسیوە، عەینەن چەسپاندوویە بەکەشکۆڵەکەیەوە! ئێستا زۆر دوور نەچین، (دیوانی سالم، کوردیی، نالیی) و (مەولەویی) بەتەواویی، ئاساری (خانای قوبادیی، ئەحمەد بەگی کۆماسیی، بێسارانی مەلا مستەفا، فەخرولعولەما، مەلا وەڵەدخان، وەلیی دێوانە، حەمەئاغای دەربەندفەقرە، حەسەن کەنوش، جونوونیی، تالیعیی، سەرعیی، ڕەنجووریی، والیی، غوڵام شاخان، میرزا یووسف، میرزا یاقوو، شەفیع، نەجەف، مەولانا خالید، خانگایی، مەلکە، کلاشیی، قەمەر عەلیی، عەبدولخالیقی پاوە، داخیی، زنووریی، مەلا ساڵحی تەڕەماریی، شێخ مستەفای شەهاب، میرزا مووسا...) وەلحاسڵ ئەمانەی هەموو، خۆی نووسیونیەوە، بەڵام درێغ و واوەیلا، ئەمڕۆ وەجاخ کوێرە! ئەو هەموو سەرەوتی بێ سامان و موڵکی ڕووی جیهانەی بەجێ هێشت، یێکێکیان تەنها بۆ ئەمەی ئەم ڕەنجەی بەباد نەڕوا، چاپیان نەکرد!! کەشکۆڵەکەی بووەتە «خرمیز!» هەرچیی هەستا و چشتێکی لێ نووسیوە، حەتتا حسابی گاڵ و جۆ و گەنم و مەن و تەغاریشی تێدایە. کتێبێ ئەوتۆی بووە، فرۆشراوە بەشەش

مەحموود پاشا بەتاب و تەحەممولی جارانییەوە ئەگەر خۆی بمایە، چەند بەزمانێکی پڕ لە شوکر و مننەتدار بەرابەر بەبراییێکی موشفیقی وەکو سەعادەتتان ئیزهاری مەمنوونییەتی ئەکرد. ئێستایش ئەمینم کە ڕۆحی ئەو زاتە کە جەنابت خەریکی زیندووی ئەکەیتەوە، لە ئیزهاری مەمنوونییی و تەشەککور، خۆی پێ ڕاگیر ناکرێت. ڕۆحی مەحموود پاشا ئیلهامی دڵی بەندەی کرد کە لە وەکالەت خۆیەوە، بەم کاغەزە سوپاستان بکەم!.

زۆر مەمنوون و موفتەخیر ئەبم کە ئابوونەی سێ ساڵتان تەقدیم بکەم و لە هەزار یێک، ئەقەللەن توانیبێتم خزمەتێکم بەڕۆژنامەکەتان - کە زبانی حاڵی هەموومانە - کردبێ. ئەگەر فورسەت بوو، جار جار لوتفەن غەزەتەم بۆ بنێرە!

ئیتر خۆشیی و سەعادەتتان ئەهەم ئامالمانە قوربان

موخلێستان

حەسەن فەهمی جاف

[تەواو]

= سەد ڕوپییە و لە قەشقەی بەغدادەوە تا حودوودی عەجەم موڵکی بەجێ هێشتووە. با ئەوانە بۆ ئێوە بێ، با پارەی کتێبێکتان بدایە، ڕۆحی ئەوتان شاد بکردایە.

ئەمە کەم نییە، زاتێکی وەک مەحموود پاشا، عومرێک سەرف بکا، خزمەتی ئەدەبییاتی قەومەکەی خۆی بکا و ڕەنج بەخەسار بێ! لای خوێندەواران و قەدرشوناسان، ئەم خزمەتەی ئەو کردوویە، لە هەموو ئاساری بابان و بابە ئەردەڵان پێشترە، ئەمما!!...

[تەواو]



☼ پ. ن؛ کە: ٧٢/٢/٣٨(*)

[حەسەن فەهمی جاف ـــ مەحموود حەسەن فەهمی/ هۆشمەندی کوڕی](١)

[هەڵەبجە!]

٥ی کانوون ئەووەل ١٩٤٥

نووری دیدەم مەحموود هۆشمەند

ئا ئێستا کە ئەم کاغەزە بۆ تۆ ئەنووسم، پێنجی مانگی کانوونی ئەووەلە ١٩٤٥، وە تەنها ٥٦ ڕۆژ لە عومری تۆ ڕابوردووە.

ئەلئان سەعات و نیوێ لە نیوەشەو ڕابوردووە. دایکت نوستووە، خوشکەکانت هەموو لە هۆدەکەی خۆیان نوستوون. تۆ دایەنت نییە(٢)، بەشیری قوتوو، یەعنی بەشیری سناعیی ژێر ئەکرێیتەوە وە من کە باوکتم لەبەر بێ تاقەتیی، خەریکم لەم وەقتەدا کتێب ئەخوێنمەوە. ڕۆژێک ئەبێ ئەم نووسینەی باوکتە خاتیرەیێکی عەزیز ئەبێ لە لات.

هۆشمەند، گوێ مەدەرە قسەی موعاسیرینی خۆت، وە ئەم قسەیەم بەتوڕڕەهات مەژمێرە. خواوە ئیسلامەتیت هەر لە بیر بێ وە بەخێر و ئیحسانیش منیش یاد بکە!

هۆشمەند ئا ئێستا خەوت لێ کەوتووە!

٥ کانوون ئەووەل ١٩٤٥

[تەواو]

(*) گەنجینەی حەسەن فەهمی جاف؛ بەغداد - ١٩٩٧/٥/١٤ز (نامەکەم لە هۆشمەند خۆی وەرگرت و پێکەوە فۆتۆکۆپیمان کرد).

(١) بۆ ژیننامەی مەحموود حەسەن جاف - هۆشمەند، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) هۆشمەند بۆ منی گێڕایەوە، کە لە ئەو هەلەدا دایەنی نەبووە، دەنا لە ژینیدا سێ دایەنی هەبووە؛ ئاییشێی حەسوون ئەفەندیی، ئافرەتێکی گورجیی، سەلمای جافی عەمەڵە!.

☼ پ. ن؛ که: ٧٣/٣/٣٨(*)

[حەسەن فەهمی جاف ـــ محەممەد ڕەمزیی مەعرووف/ ڕەمزیی مەلا مارف](١)

[بەغداد]

١٩٦١/٥/١٤(٢)

نەزیری نیشاپووریی؛(٣)

شانه بر زلفش زدم شب بود چشمش مست خواب
مـیگشـودم از هم و ناگـه برامـد آفـتـاب
گفـتمش خورشید سـر ز دماه من بیـدار شو
گـفت تا من بر نخـیـزم کی براید آفـتـاب(٤)

ئوستادی دانا و موحتـەرەم محەممەد ڕەمزیی ئەفەندیی ئەم دوو شیعرەی (نەزیری)یە، چونکی تامی شیعری جەنابت ئەدا، ئەوا بۆم ناردی.

موخلّیستان

حەسەن جاف

١٩٦١/٥/١٤

[تەواو]

---

(*) گەنجینەی محەممەد ڕەمزیی مەعرووف - ڕەمزیی مەلا مارف - سلێمانیی؛ ١٩٩٧/٣/٣ (بەهۆی فەوزیی کوڕیەوە).

(١) بۆ ژیننامەی ڕەمزیی مەلا مارف بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ئەم نامەیە و نامەی ئایین‌دەش، لادانە لە سنووری مێژوویی ئەم کتێبە، بەڵام چونکە نێوبراو شاعیرێکی توانا و کۆچ کردووە و (دیوانی شیعر)ی چاپ نەبووە، پێویستم زانیی تێ هەڵکێشی بکەم. هەرچۆنێ بێت داوای چاوپۆشینی زانست دەکەم.

(٣) بۆ (نەزیریی) بنۆڕە: فەرهەنگۆک.

(٤) وەرگێڕاندنەکەی بۆ کوردیی ئەمەیە:

شەو بوو، زوڵفیم شانە کرد و چاوەکانی مەستی خەو بوون
لە یێکم جوێ کردنەوە - بەشانە - لەپڕێکدا خۆر هەڵات
پێم گوت: خۆر کەوت، ئەی مانگی من هەڵستە لە خەو
گوتی: تا من هەڵئەستم، کەی خۆر هەڵدێت؟



☼ پ. ن؛ که: ٧٤/٤/٣٨(*)

[حەسەن فەهمیی جاف ـــ ڕەمزیی مەلا مارف](١)

[بەغداد]

١٩٦٨/١٠/٣

بۆ خدمەتی زۆر موحتەرەم

جەنابی حاجیی ڕەمزیی ئەفەندیی تەقدیم

لەپاش عەرز و سەلام وە تەقدیمی ئیحتیرام، ئینشاالله وجوودی شەریفتان لە هەموو زەحمەت و موسیبەتێ مەحفووزە.

لە ڕووی لوتفەوە ئەحواڵی ئێمە ئەپرسیی؛ شوکر سەلامەتین. کە دەرێ ببێ، دووریی دۆستانی میسلی جەنابتانە. ئینشاالله ئەویش بەمژدەی سیحەتتان ڕەفع ئەبێت. بەحاجیی محەممەد عەللافدا کاغەزێکم بۆ نووسیی بوویت، فەرمووبووت، پێم نەگەییشتووە. حاجیی محەممەد مەشهوورە بەمحەممەدی سەلمەخان. حەتتا سوئالم لێ کرد، وتی کاغەزەکەم داوەتێ! باوەڕ ئەفەرمووی زۆر زۆر فیکرت ئەکەم.

بیستم تەشریفت هێناوەتە بەغدا، عەجەبا ماڵی خۆت بووە، چوویتە جێگایێکی تر یا ئوتێل؟ لە بەغدادا بەپرسیار، هەموو ماڵێ ئەدۆزرێتەوە. زۆر موشتاقم بۆ چاوپێکەوتنت. سا خوا بەنسیبی بکا!

ئاگات لێیە؛ ئاخیریی عومرمان کەوتینە چ عەسر و زەمانێ! خوا بەخێری بگێڕێ! خوا ئیمانمان مەحفووز بکا!

باقیی ئیحتیرام وە ئاوات تەقدیم ئەکەم ئەفەندم

موخلّیس

(ئیمزای حەسەن جاف)

٩٦٨/١٠/٣

---

(*) سەرچاوەی ڕابردوو.

(١)- ئەم نامەیەی سێ ساڵ بەر لە مردنیەتی! تێ هەڵکێشیی ئەم نامەیە- هەڵبەت پەڕینە لە سنووری مێژوویی کتێبەکە- ئەنجامی ڕێز لێ گرتنی نامە نووسەرەکانە.

📖 پ. ن؛ کە: ٣٩/١/٧٥(*)

[مەلا کاکەحەمە مەلا ئەحمەد/ ناریی ـــ شێخ مەحموود شێخ سەعید/ حەفید زادە][(١)]

مەریوان

[م؟][(٢)]

ڕۆح و دڵ قــوربانی ناڵی کــەوشــەکــەت
سەر بەسـەر گـەردی حەساری حـەوشەکەت
دائیــمـا مــوحــتــاج و مــوشــتــاقم لە بۆ؛
گـەنجی یادی خـاتیـری بێ خـەوشـەکـەت

ئەگەر لە ڕێگەی مەرحەمەتەوە حاڵی ئەم پیرە غولامی خۆتانە مەنزوور بفەرموون، بەکوردیی و بەکورتیی ئەمەیە عەرزم:

بەتیغی میحنەت و دەرد و جەفا جەرگی مەلا لەت بوو
بەڵێ مەعلوومی ئافاقە مەلا، نیوەی مەلا لەت بوو

وە ئەگەر مەیلت بەبەیانیی توولانیی بێ و ئارەزووت لە حیکایەتی «قـویلە» و «چوچانیی» بێ، ئەمەیە عەرزم:

دوور لە تۆ، چاوم بێ بینش ماوە، قووەی بیستنم بۆ ناڵە و گرمەی هەوری بەهاریی نەماوە، حەواسم سەراسەر فەوتاوە، دڵم بەئاگری مەحروومیی وەک کەبابی سلێمانیی

---

(*) ١/٤٤، ل ١٩٢ - ١٩٣.

(١)- بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) بڵاوکەرەوەی دەبێژێت؛ (نامەکە مێژووی تێدا نییە، بەڵام من وا تێ دەگەم لە پاش ساڵانی ١٩٣٢ بووە!). وردبوونەوە لە ئەو ڕایە و باری حەفید زادە لە نێوان ١٩٣٢ز - ١٩٤١ز.دا کە لە باشوور و نێوەندی عێراقدا ئاوارە و دەستبەسەر بوو، هەروەها مردنی نامەهەنێر لە س ١٩٤٤ز.دا، لەلاویشە داخوازیی بۆ تێ کەوتنی (بەندکراوی نێوبراو لە لای حوکوومەت، ئەمانە (ئەو ڕایە) پەسەند ناکەن و دەبێت حەفید زادە لە بارێکدا بووبێت کە پێوەندیی ئاسایی و قسەی ڕەواجی هەبووبێت لە لای کاربەدەستەکانی عێراق... ئەوجا داخۆ چ مێژوویێ لەبارە بۆ ئەو باسە؟ ئەز پێم وەیە، دوای سازانی لە ١٩٢٧ز.دا کە لە (پیران) ژیاوە، مێژوویێکی پەسەندە، بەڵام - بەڕۆشنایی نامەکە - پیریی و پەک کەوتەیی نامەهەنێر دڵ دادەخورپێنێت بۆ ساڵەکانی ١٩٤٢ز - ١٩٤٤ز. خۆ ئەگەر مەبەستی لە حوکوومەتەکەش (ئێران) بێت، ئەوە مێژووی یێکەم نزیکترە. هەرچۆنێک بێت، بۆم نییە یێکێ لە ئەو دوو سنوورە مێژوویییە هەڵبژێرم،بەڵام پێم وەیە یێکێکیانە نەک ئەوەی بڵاوکەرەوە نیشانی داوە.



بڕژاوە، جەرگم لە قازانی سینەدا بەبڵێسەی دووریی، وەک «سلێق»ی کەرکووکێ کوڵاوە.

هەمیشە چاوەڕێگەی حافزم بۆ یاسین، موحتاجی مەلام بۆ تەڵقین، مائیلی شەش گەز جاو و دوو گەز خاکم بۆ تەکفین! وەلێ ئەی بەشارەتی مژدەی سروور، سەلامەتیی زاتی موبارەکتم زوو پێ بگا - کە بۆ من ئەم مژدەی ئاوی حەیاتە - یەقینم وایە چاوم ببێ بەدووربین و زەڕەبین وە لەگەڵ حەزرەتی (خدر)ا لە حەیاتا موساویی دەبین!

عەرزی مەخسووس؛ کۆچ و کوڵفەت و دایکی (سەعید بەگ)ی بادەڵانیی، پەنایان هێناوە بەغولامی خۆتان. لەسەر واقیعەیێ کە نیسبەتی قەتڵیان لە (سەعید بەگ) داوە، وە فیعلەن مەحبووسە لە حەپسخانەی حوکوومەتایە. ناچار منیش ئەوا پەنام بەقاپیی موبارەکت هێنا. شایەد فیکرێ بەحاڵی ئەو بفەرموون کە شایەد لە زەحمەتی حەبسا نەجاتی ببێ وە مەعلووم، ئەم پیرە غولامی قاپیی خۆتانە تا قیامەت مەسروور و مەمنوون و موتەشەککیرتانە.

ئیدی هەرچیی بڵێم زیادەیە.

غولامی دەرگای خۆتانە (ناریی)

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٣٩/٢/٧٦(*)

[کاکەحەمە مەلا ئەحمەد - ناریی ـــ بابا عەلیی شێخ مەحموود]

[ش؟]

[م؟]

ئەی قـیـبلەی ئەربابی وەفـا
شـەمعی شـەبوسـتـانی سـەفـا

ڕەونەقی دیوانی ئەدیبان و لەبیبان. دەبوستانی هونەرپەروەر و ئەهلی عورەفا. تاجی وجووهی شورەفا، سەدری جەمیعی نوقەبا، فەخری جەمیعی نوجەبا.

لالەیی گوڵزاری عەلیی، گوڵبوونی باغ و چەمەنی تاقمی ئەقتاب و وەلیی. کانیی گەوهەر، نووری بەسەر. ئەفسەری سەر کەوکەبی فەرخوندە سیەر. تاکوو لەسەر دەورەیی ئەم چەرخە بێیت و بگەڕێ شەمس و قەمەر، جیسمی لەتیفت بەئەلەم عاجیز و ئەفسووردە

---

(*) ١/٨٥؛ ل ١٤٦ - ١٤٧.

نەبێ، زاتی ڕەئووفت بەهەم و مـیـحنەت و غـەم، هەمـدەم و پەژمـوردە نەبێ، بۆ منی بێ بەرگ و نەوا، یەعنی بەقانوونی وەفا؛ ویردی جیهانم ئەمەیە، زیکری زبانم ئەمەیە:

مـەزهەری ئەڵتـافی خـودایی، لە حەوادیس بەریی و بێ غـەم و بێ دەرد و بەڵا بی. لە هەمـوو مـەحفەل و مەجلیس فەرەح و ئەنگێزی دڵ و ئەهلی دڵ و عـوقدە گـوشا بی. بەدڵ ئاسوودە، لە ناز و گریشـمەی نەزەری دولبەری شیرین کەمەر و سیمبەر و جیلوەگەر و شۆخ و زوڵەیخا سـیـفەتی مـیـسـریی و تورکانی خەتا، بێ خەتا، پەنجەی تەرسابەچە، یا موغ بەچەیی عـیشوەگەری، نەی کەمەری ئاهوویی سـیـمین زەقەنی جاودوویی، ئەفسـانی زەنی وەک جگەری من، لە فیراقت، بەدەنی جامەیی، تۆ پارە نەکا!

تۆ بەغولامی قەدی وەک عەرعەری دوو نەرگسی جادووگەر و فەتتان و جەفا پیشە و خونخوارە نەکا!

بێینەوە سەر بەحسی گلە و بێ مەرحەمەتیی؛ یەعنی دەلیلم ئەمەیە: شێوەی خەتتی ئەحسەنی تۆ، نیسبەتی پیراهەنی تۆ، مەتڵەبی عوششاقە نەبوو! دەوڵەتی عوششاق نەبوو، عـەیشی، دڵی پارە نەبوو، ئافـەتی ئەغـیـارە نەبوو. گـەنجی هەواخـواهە نەبوو، ڕەنجیشی بەدخواهە نەبوو! مەخفیی پوشیدە نەبی چاکە، لە ڕووتا کە ئەگەر ڕووتە وە یا تاقی دوو ئەبرۆتە وەک قیبلە وەهایە.

بەسەری تۆ، دڵەکەی من بەهەمـوو لەحزە وەکو قیبلەنومایە لە تەریقی ئەدبا، سادیقی بێ کـیـزب و ریایە، لە هەمـوو بەخـشـشی جـوود و قـەڵەمت، ڕازیی و قـانیع بەسـڵاوێک دوعایە![1]

وەسسەلام

محەممەد بێڵوویی

[تەواو]

(١) بلاوکەرەوەی دەبێژێت؛ (بۆ بابا عەلیی کە ئەو کاتە لە وڵاتی میسردا دەیخوێند!). نێوبراویش لە نێوان س ١٩٢٨ز – ١٩٣٢ز.دا خوێندکار بوو. کەواتە نامەکە ڕێکەوتی ئەو مەودایەیە!



✿ پ. ن؛ کە: ٧٧/١/٤٠(*)

[ڕووناک مەلا محەممەدئەمین – ڕووناک مەلا ڕەشید بابان ـــ عەبدولکەریم محەممەد فوئاد][1]

[بەغداد]

-/١٩٢٨/٨[ز]

جەنابی کەریم بەگ[2]

قـاقـەزی ١٩٢٨/٨/١٣تان پێم گـەییـشت. زۆر مـەمنوونتـان بووم و لە خـۆشـیی و سەلامەتیـتان خـۆشـحاڵ بووم. هەمـوو لایێک سـەلام دەکەن. منیش دەسـتی دایکم مـاچ ئەکەم. دەستی حەپسەخانی خوشکم ماچ ئەکەم. زۆر چاوی سەعادەت ماچ ئەکەم.

نووریی بەگ[3] لە ٢٨/٨/١٢دا لەگەڵ بلووکەکەیدا[4] چووەتە «ئومموتبوول»[5] بۆیە – هەندێ وەخت– پێنجشـەممان یەتەوە و جومعـان دەڕواتەوە. ئێستا خەفەتی من مەخۆن، من دوو ژنم لە لایە. دراوسێیەکانمان زۆر باشن. هەموو سەلام لە دایکم ئەکەن. ئیمڕۆ ئافتاوی حەسەنە فەنیی میوانمانە. ئیمشەو لە لام نوستووە.

ئیتر خۆشیی ئێوە و هەموو خزمەکانمان

(ئیمزای ڕووناک)

[تەواو]

(*) خۆی؛ سلێمانیی – ١٩٩٧/١٠/٣ز.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) هاوسەری خوشکی ڕووناک (حەفسە مەلا ڕەشید بابان).

(٣) هاوسەری!.

(٤) فەوجەکەی!.

(٥) نێوچەکی بەغدادە! (أم الطبول).

☼ پ. ن؛ کە: ٧٨/٢/٤٠(*)
[ڕووناک مەلا ڕەشید بابان ـــ عەبدولکەریم محەممەد فوئاد]
[بەسرە]
٩٣٠/٣/١١[ز]

خۆشەویستمان کەریم بەگ

تەلغورافەکەتان ڕۆژی ٨/٣/٣٠ گەییشت! زۆر تەشەککوری لوتفتان ئەکەین. نووریی، لەم ڕۆژانەیا لێرە نییە. لەو دەشتەیە لەبەر ئەوە جوابی تەلەکەتان نەدرایەوە. ڕجا ئەکەم تەماشای قوسوورمان مەکەن. شوکر ئێستاکە چەن ڕۆژێکە باشم، دڵتان مەراق نەکات. دەستی حەپسە، چاوی سەعادەت و جەمال ماچ ئەکەم. دایکم چاوتان ماچ ئەکات.

وا ئێستاکە کاغەز بۆ (نووریی)ش دەنووسم

خۆشیی ئێوەمان ئەوێت!

(ئیمزای ڕووناک)

بەسرە: ٣٠/٣/١١ ڕووناک

ئەدرەسمان وەهایە:

بەسرە - فەوجوسسابیع؛ ئەرڕەئیس نووریی ئەحمەد!

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ٧٩/١/٤١(**)
[مەلا ڕەشید فەتاح بەگ/ مەلا ڕەشید بابان ـــ حەفسە مەلا ڕەشید فەتاح][١]
[گوندێکی تورکیا]
١٩٣١/٢/٢٤[ز]

چاوی خۆم حەفسەخانمی کچی خۆم

چاوی خۆت و سوعادەت و جەمال ماچ ئەکەم. سەلام لە کەریم بەگ و باوکی ئەکەم. ڕەسمەکەتان هات، بۆچیی ڕەسمی جەمالی تیا نەبوو؟ لەبەر ئەوە زۆر لە مەراقام!!

(*) خۆی؛ سلێمانیی - ١٣/١٠/١٩٩٧ز.

(**) گەنجینەی ئەلبوومی وێنەکانی عەبدولکەریم محەممەد فوئاد، سلێمانیی - ١٣/٩/١٩٩٧ز.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران.



کەریم بەگ داوای کتێبی کردبوو و ئێرە دێیەکی پەنجاماڵەیە، هەمووی شاخ و بەردە، هیچ کتێبی تیا دەست ناکەوێ، نە کتێبی کۆن و نە کتێبی تازە! منیش خۆم هیچ کتێبێکم لە لا نییە، وەختێ کە چوومەوە ئەستامووڵ[١] ئینشاالله هەر کتێبێکی بدەوێ[٢] بۆی ئەنێرم!

چاوی دایکت ماچ ئەکەم، ئێستە لە کوێیە؟ ئینشاالله دوای جەژنی قوربان پارەی بۆ ئەنێرم، هیچ مەراق نەکات، بەقسەی کەسیش نەکات! بەهیجە و خەدیجە، دایکیان چاوتان ماچ ئەکەن![٣] لێرە ڕەسسام نییە، (یێکباشیی شوعبە)[٤] ئەم ڕەسمەی گرتین، هەتاو بوو، لەبەر تیشکی ڕۆژ نەمتوانیی چاو هەڵبڕم، بۆیە ڕەسمی من خراپ هاتە دەرێ.

باقیی بەسەلامەت بیت چاوی خۆم[٥]

باوکی خۆت؛ ڕەشید
٢٢ی شوبات ١٩٣١

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ٨٠/١/٤٢(*)
[ڕەفیق ساڵح عەبدالله/ ڕەفیق حیلمیی ـــ ناهیدە ڕەفیق حیلمیی][٦]
[بەعقووبە]
١٩٤٨/١٠/٢٧[ز]

کچی خۆشەویستم ناهیدە

چاوەکانت ماچ ئەکەم. کاغەز و ڕەسمەکانت گەییشت. زۆر زۆر پێمان خۆش بوو، بەتایبەتی لەوەی لەگەڵ (بیتی)ی پێکەوەن و جێگە و ژوورتان خۆشە.[٧]

(١) بنۆڕە فۆتۆکۆپیی نامەکە کە خاڵێکی لەسەر تیپی (ل) داناوە.

(٢) خۆی ئەوهای نووسیوە.

(٣) نەوەکانی -دووەم کابانی- لە تورکیادا لەگەڵی بوون.

(٤) یێکباشیی: موقەددەم کە پلەیێکی سوپاییە. دیارە ئەو کاتە خۆیشی لە لەشکری تورکدا ئیمام بووە.

(٥) مخابن کرد و کۆشم بۆ دەستگیرکردنی نامەی دیی، بێ هوودە بوو!

(*) وەرگیراو - بەفۆتۆکۆپییەوە - لە ناهیدە؛ ١٩٨٧/٣/١١ز.

(٦) بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران.

(٧) بیتیی: هاوڕێی ناهیدە.

ئەوا كاغەزم نووسیی بۆ جامیعە، بەدەستی خۆتان بیاندەرێ، بەڵام تەبیعیی زۆر حەز ئەكەم ئەلعاب و ڕیازەییێک - بكەیت - خۆتی پێوە ماندوو نەكەی! ئینشاالله لە هەموو لاییێكەوە ئیش و كارت بەئارەزوو و مەسڵەحەتی خۆت ڕێک ئەكەوێت و مووەفەق ئەبی.(١) كاغەزەكەی (شەوقیی) لە داروموعەللیمینەوە هاتەوە «بەعقووبە»، چونكو موعامەلەی قوبووڵی (شەوقیی) تازە تەواو بووە و هێشتا ئیلتیحاقی نەكردووە.

پاكیزە(٢) ئێستەیش جاروبار نارەحەتیی حیس ئەكا و مەجبووری پارێز ئەبێ. پێم وت، كە سەری مانگ بچێتەوە لای دكتۆر (ماكس)(٣) نەتیجەكەیشی مەعلووم بووە، ئەلحەمدولله قورحەی نییە و ئیلتیهابێكی بەسیتیە، بەڵكو تەداویی باشی بكا و چا بێتەوە. مەسئەلەی تەعینی بۆ موفەتتیش، هیوام وایە كە بەم زووانە جێبەجێ بێت!

فەوزیی(٤) ئەڵێت: قەیناكا پیانۆم ناوێ و دیارییەكی ترم بۆ بنێرێت لەگەڵی ئاشت ئەبمەوە! خۆیشی دوو سێ كەلیمەی بۆ نووسیویت خستمە كاغەزەكەوە. ئیتر دایكت و بێجیت - باجیت/K - و پاكیزە چاوت و نەجات و شەوقیی و فەوزیی و فەرەیدوون و ژیلە(٥) دەستت ماچ ئەكەن و زۆر چاوی (بینی)ی ماچ ئەكەن و ئەحواڵی ئەپرسن!

مەلاژن چاوت ماچ ئەكا. شوكر هەمووان چاكین و دوعای سەركەوتن و سیحەت و نەجاحت بۆ ئەكەین! خاڵە فەتحیی، هەموو وەقتێک ئەحواڵت ئەپرسێ و چاوت ماچ ئەكا. خاڵە ئەورەحمانت لەم ڕۆژانەدا كاغەزی نووسیبوو، شوكر چاكە. دایەگەورە چاوت ماچ ئەكا. زوو زوو كاغەزمان بۆ بنووسە!

خوا ئاگادارت بێ عەزیزم

(ئیمزا)

باوكت

عێراق - بەعقووبە - ٤٨/١٠/٢٧

[تەواو]

---

(١) ساڵانی ١٩٤٨ز - ١٩٤٩ز قوتابیی (جۆنێركۆڵێج) بووە.

(٢) كچە گەورەی ڕەفیق.

(٣) پزیشكێكی باژێڕی «باقووبە»ی ئەو كاتە.

(٤) كوڕی دووەمی ڕەفیق.

(٥) بەڕێز كوڕ و كیژانی ڕەفیق.



✡ پ. ن؛ كە: ٨١/٢/٤٢(*)

[ڕەفیق حیلیمیی ـــــ مەعرووف عەبدولقادر - مارف خەزنەدار](١)

[بەغداد]

[-/٨/١٩٥٢ز](٢)

چاوەكەم كاك مەعرووف

زۆر سوپاسی نامە شیرینەكەتان ئەكەم، بەڵام ئەگەر كاك جەمال(٣) هەڵێكی بدۆزیبایەتەوە و لە جێگەیێكی تایبەتی چاوی بەمن بكەوتایە، تێ ئەگەییشت كە من لە ئێوە قەت دڵگیر نەبووم و نابم، بەتایبەتی باسەكەی من و (مەنگووریی)(٤) هەر مەوزووع نییە و بەخەیاڵما نەهاتووە، تەنیا ئەوەندە هەیە كە لەم بەینەدا بۆم دەركەوت، دەربارەی (شەفەق)(٥) «عاسیفە»یێک هەڵی كردووە! شەفەق كە بەگۆڤاری خۆمی ئەزانم، نەئەبوو تووشی ئەم عاسیفەیە ببێت، عاجزیی من لەم ڕووەیە! خۆتان دیارە لە هەموو شتێک گەییشتوون، بەڵام پێویستە بەحیكمەت چارەسازیی بكەن.

وێستاویی من بەرامبەر بە(شەفەق) و بەئێوە هەر وەكو خۆیەتی. لێم ببوورە كە لەسەر كارتی جەژنە پیرۆزەی «عەرەبیی» جەژنە پیرۆزەشتان لەگەڵ بكەم، چونكە كارتە «كوردیی»ەكانم تەواو بوو، هی تریشم لەبەردەستا نییە!

نازانم جەمال هاتووەتەوە كەركووک یا نە؟ سڵاو و برایەتیی بەڕاستیم پێشكەشی كاكە شێخ قادر و هەموو برایان ئەكەم.(٦)

---

(*) وەرگیراوە لە در. مارف خەزنەدار - هەولێر؛ ١٩٩٤/١٠/٧ز.

(١) بۆ ژیننامەی مارف خەزنەدار، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) نامەكە - كارتەكە - مێژووی بەسەرەوەییە، بەڵام مۆری پۆست بەسەر زەرفەكەوە ١٩٥٢/٨/٨ز.ە.
هەروەها نێونیشانی خۆیشی لەسەر كارتەكەدا بەئەم شێوەیە چاپ كردووە؛ بەغداد - بستان الخس ١/١٧/٤٦٩.

(٣) مەبەست برایەتی!

(٤) مەبەست شاعیری كۆچ كردوو میرزا محەممەد ئەمین مەنگوورییە كە لە گۆڤاری (شەفەق)دا ڕەخنەی لە (گۆران)ی شاعیر گرتووە.

(٥) گۆڤاری شەفەق كە لە ئەم كتێبەدا نێوی هاتووە.

(٦) شێخ قادر بەرزنجەیی خاوەند ئیمتیازی گۆڤاری نێوبراو.

ئیتر خۆشیتان پێویستمه چاوەکەم!

ڕەفیق حیلمیی

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ٨٢/٣/٤٢(*)

[ڕەفیق حیلیمیی ـــــ مارف خەزنەدار]

بەغدا

٩٥٢/٨/٩ [١ - ز]

ڕەفیق حیلمیی

برای شیرینم کاک مارف خەزنەدار

ڕۆژتان باش

زۆر بەخۆشییەوە نامە شیرینەکەتانم خوێندەوە، باوەڕ بکە کە زۆر کەم هەلی وا پیرۆزم بۆ هەڵکەوتووە و نامەی وا بەنرخم بۆ هاتووە! ئەمەیش بەپیرۆزیی - تالیع - ئەژمێرم و خۆم بە (بەختیار ئەبینم کە لە نەدیدە[١] ئەتوانم هاوڕێ و هاوبیری وەکو ئێوە بۆ خۆم بدۆزمەوە و دڵ و هۆشی بەلای خۆمدا ڕابکێشم. بەڕاستیی ئەو ساتەم لا زۆر پیرۆز بوو کە هاودەمێکی وەکو ئێوەم دۆزییەوە و لە دەفتەری چاو و سینەمدا جێگەم بۆ کردەوە. هیوام وایە کە ئەم برایەتییە زۆر بەهێز و بەردەوام بێت.

وتارە بەنرخەکانی کە لە ڕۆژنامە خۆشەویستەکەی (هەولێر)[٢] بڵاوی ئەکەنەوە، تا بفەرموون جوانە و جێگەی سوپاسی هەموو کوردانە، بەتایبەتی بەندە زۆر بەئیشتیاق

(*) سەرچاوەی پێشوو. بۆ ڕوون بوونەوەی خاڵەکانی نێو نامەکەش، بەنامە گۆڕینەوە و دیمانەی دووقۆڵیی لە ١٩٩٥/٤/٢٢ز. سلێمانییدا، وەڵامم لێ ڕوون بووەتەوە!

(١) نامەوەرگر گێڕایەوە کە هەتا بەر لە ئەم نامەیە یێکدییان نەدیتبوو. دوایی - وەک باس دێتە پێشەوە - یێکدییان دیتووە و ئەم خۆی بەتایبەتیی دیدەنیی کردووە!.

(٢) مەبەست لە گوتارە کوردیی و عەرەبییەکانی مەعرووف خەزنەدارە لە ڕۆژنامەی کوردیی - عەرەبیی (هەولێر)دا. ئەو لە (ژ ١٨؛ ١٩٥١/٤/١٤ز ـــ ژ ٧٥؛ ١٩٥٢/٥/١٠ز)دا، شیعری هێندێ شاعیری بەنێوبانگی دنیای بۆ کوردیی وەرگێڕاوە، بەڵام تا هەلی ئەم نامەیە و لە (ژ ٧٦؛ ١٩٥٢/٥/١٠ز ـــ ژ ٨١؛ ١٩٥٢/٧/٢٩ز) دان لەسەر شاعیرانی وەک باباتاییێری هەمەدانیی، ئەحمەدی خانیی، مەلا ئەحمەدی جزیریی، مەولەویی، حاجیی قادری کۆیی، پیرەمێرد و... هتد، =



ئەیانخوێنمەوە. بەهەڵکەوت یێک دوو نوسخە - ژمارە -ی نەگەییشت بووە دەستم و لای برای خۆشەویست کاک شێخ یووسف[١] لەگەڵ باسی خزمەتی هونەروەرانەی ئێوە، داوای ئەو ژمارانەم لێ کردبوو. زۆر زۆر سوپاستان ئەکەم کە ئەرکتان کێشاوە و بۆتان ناردبووم، هەر کاتێک وەرمگرت بۆتان ئەنووسم. ڕەنگە سبەینێش ژمارەیێک لە (دراسة في الشعر الكردي/ دیراسە فیشیعر لکوردی - K)تان پێشکەش بکەم. هەرچەن ئەمە چەن ساڵێک لەمەوبەر لە چاپ دراوە و دوور نییە کە لە لای جەنابیشتان هەبێ و خوێندبێتتانەوە. بەڵێ هەرچەن شتێکی بەنرخیش نییە و ئەوە هەڵناگرێت کە بەدیاریی بۆ ئەدیبێکی وەکو ئێوەی بنێرم، بەڵام چونکە نیشانەی دۆستیی و برایەتیی تازەمان ئەبێت و بەتایبەتی بەناوی خۆتانەوە پێشکەش ئەکرێت. هیوام وایە کە بەچاوی لوتف تەماشای بکەن و لە قوژبنێکی کتێبخانە بچووکەکەتاندا هەر بۆ یادئاوەریی و مێژووی برایەتیمان بیشارنەوە.

لەوە زیاتر سەرتان نەیێشێنم، بۆ هەموو ئەمر و سفارشێکتان ئامادەم. بەئیشتیاقەوە چاوەنواڕی (مەلحەمە)کە ئەکەم.[٢]

ئیتر خۆشیی و بەرزیی و پێشکەوتنتان ئامانجمە. ئیحتیراماتی تایبەتیم لە ڕووی لوتفەوە بەهەموو برادەران و بەتایبەتی بەکاک شێخ یووسف بگەیێنن، ڕۆحەکەم!

(ئیمزا)

برای موخلێست

[تەواو]

= ڕستی گوتاری بەسەرنێوی (الادب الكردی/ ئەلئەدەبلکوردیی - ئەدەبی کوردیی) بڵاو کردووەتەوە. هەروەها بەسەر نێوی (الادب الكردی الحديث/ ئەلئەدەبلکوردی ئەلحەدیسی - ئەدەبی نوێیی کورد)ەوە لە (ژ ٧٦؛ ١٩٥٢/١٠/٥ز ـــ ژ ٩٦؛ تەشرینی دووەم ١٩٥٢ز)دا ڕستێ گوتاری دی بڵاو کردووەتەوە. هەروەها وەک نووسەرێکی دیاری ڕۆژنامەکە تا (ژ ١٢٢؛ ١٩٥٣/٦/١٢ز) کە شیعرێکی عەرەبییە و دوا نووسینە، بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە! بنۆڕە: ٣٣/١

(١) شێخ یووسف نەقشبەندیی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی هەولێر کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا کۆچی ماڵئاوایی کردووە.

(٢) نامەوەرگر گێڕایەوە: مەبەست لە (مەلحەمە، داستان)ێکە کە بەنێوی (ناڵەی دەروون)ەوە دایانابوو، بەشێکی لە گۆڤاری (ئاگا و ڕووداوی هەفتەیی - پەیام!!)دا بڵاو کردبووەوە.
پتر گێڕایەوە؛ داستانەکە، چیرۆکێکی شیعریی بوو، دابووی بەڕەفیق حیلمیی و بەتەمای چاپکردنی بوو، بەڵام تەواوکردنی نەچووە سەر و فەوتا و بەختم بوو کە دەرنەچوو!!.

☼ پ. ن؛ کە: ٨٣/٤/٤٢(*)

[ ڕەفیق حیلمیی ـــــ مارف خەزنەدار]

(عیمارە)

[-/٨/١٩٥٢ز](١)

کاکە مارف

زۆر ئارەزوو دەکەم یێکێکی وەکو جەنابت لەو بەهرەی ئەدەبە کە خوا پێی داون، کەڵکێکی تەواو وەربگرن و کەڵک بەهەموو لایێک بگەیێنن. لەبەر ئەوە نیازم وایە کە بۆ بیعسەی ئاداب هەوڵتان بۆ بدەم.(٢)

ئەگەر بەباشی دەزانن خەبەردارم بفەرموون تا وەکو لە هەڵکەوت -فورسەت- ئیستیفادە بکەم و لە موستەقبەلدا.

ڕەفیق حیلمیی

بەغداد

[ تەواو ]

(*) سەرچاوەی پێشوو!

(١) ئەم نامەیە لەسەر کارتێکی جەژنە پیرۆزە نووسراوە و مێژووی بەسەرەوە نییە، بەڵام مۆری پۆستەکەی بەزەرفەکەوە، مێژووی ٢٤ ئۆگۆست ١٩٥٢ی لێ دراوە.

(٢) نامەوەرگر بۆ منی گێڕایەوە کە باسی ناردنەکەی - دوای یێکدیی ناسین - هەر پێشنیاری ڕەفیق خۆی بووە!.



☼ پ. ن؛ کە: ٨٤/٥/٤٢(*)

[ ڕەفیق حیلمیی ـــــ مارف خەزنەدار]

عیمارە

٢١/١٠/٩٥٢ [١ - ز]

عەزیزم کاک مەعرووف

دوای موحەببەت و تەمەننای خۆشیتان، نامەکەتم وەرگرت و زۆر داخم خوارد کە نەتیجەی خزمەتتان و فیداکاریتان، بەم جۆرە تووشی جەفا و تانووت ئەبن. من بەهەموو هێزمەوە ئامادەم بۆ خزمەتی هەمووتان!(١) ئیمڕۆ فورسەتم دەست کەوت و بۆ کیتابەتی سانەویی عیمارە «تەرشیح»م کردن. کاغەزەکەی بۆ وەزارەتی مەعاریفمان ناردووە ژمارە و تەئریخی لە خوارەوەیە. زۆر تکا ئەکەم کە بەواسیتەی مامۆستا عەبدولمەجید حەسەنەوە لە بەغدا تەعقیبی بفەرموون.

هەرچەن ئەم وەزیفەیە لایێق بەئێوە نییە، بەڵام کە ئێوە لێرە لە نزیک بەندەوە بن، پێویستە هیچ خەیاڵێک نەکەن و بەهەموو لەونێک هیواداری یارمەتیی ئەم برایەی خۆتان بن. ئیتر درێژە پێ دان بەموناسیب نازانم.

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) نامەوەرگر لەسەر تەواوی باسەکە ئەم وەڵامەی داومەتەوە:

کە پۆلی پێنجی ئامادەییم تەواو کرد و چووم بۆ بەغداد، لە ١٩٥١دا لە کۆلێج وەرگیرام. دارییمان لە تەنگانەدا نەبوو، نەمتوانیی لەسەر خوێندن بڕۆم. ناچار هاتمەوە بۆ هەولێر و لە دائیرەی مەعاریفدا بەنووسەر دامەزرام. لە ئەم هەڵکەوتەدا، ڕێبەری مەعاریف، بێ ئاگاداریم و بەتۆمەتی شیوعیەتیی، من و مەولوود ساڵحی نووسەری ئامادەیی ڕاگۆستەوە، ئەو بۆ «عیمارە» و من بۆ «کووت».

ڕەفیق حیلمیی ڕێبەری مەعاریفی «عیمارە» بوو، ئەو لە لای خۆیەوە بیستبوویەوە کە من لە هەولێرڕاوە ڕاگۆستراومەتەوە. ئیدی لە لای خۆیەوە نامەی ڕەسمیی بۆ مەعاریفی گشتیی ناردبوو، داخواز بووە کە منی پێ دەوێت! لە ئەو هەڵکەوتەدا یێکەم جارم بوو بەدیمانەی شادبم.

باسەکەش ئەوهە شکایەوە، من نەچووم بۆ «عیمارە» و بەهەمان فرمانەوە ساڵێ لە «کووت»دا ڕامبوارد. دوایی ڕاگۆسترامەوە بۆ بەغداد و بووم بەنووسەری ئامادەیی بەغداد (الاعدادیة المرکزیة) و لە کۆلێجی ئادابیشدا درێژەم بەخوێندن دا. نامەوەرگر پتر دەگێڕێتەوە: ڕەفیق حیلمیی جوامێر، چاکەیێکی گەورەی لەگەڵ نواندم بۆ ڕاگرتنی جەمسەری فرمانەکەم و خوێندن!

وا بەتەمام کە لێرە زۆر بەخۆشیی ڕابوێرن و ئینشاالله پەکتان نەکەوێت. ئینجا نازانم کە ئەگەر ئیشەکەتان سەری گرت و هاتن، هەر خۆتان ئەبن و یا عائیلەیشتان لەگەڵ ئەبێت.

لوتفەن لە پێشەوە و بەتەفسیلەوە ئەحواڵی خۆتان و نەوع و عەدەدی ئەفرادی عائیلەتانم بۆ بنوسن و لە من چ نەوعە ئیش و موساعەدەییێکتان ئەوێت، بەیانی بکەن!

ئیتر زۆر هیوادارم کە نەتیجەمان دەست بکەوێت و مووافەقەتی مەعاریف حاسڵ ببێت و بەمولاقاتتان مەسروور بین عەزیزم!

(ئیمزا)

موحیببت

ڕەفیق حیلمیی

مودیر مەعاریف لیوائـ ئەلعیمارە

٩٥٢/١٠/٢١

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ٨٥/٦/٤٢[*]

[ڕەفیق حیلمیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغدا

١٩٥٥/٢/٢٥(ز)

عەللامە و موحتەرەم فەزیلەتمەئاب

جەنابی شێخ محەممەد ئەفەندیی خاڵ

دوای حورمەت و مەحەببەت و ئیخلاسی تەواو، بەپێویستی ئەزانم کە لە لایێن لوتف و نەوازشێکی بێ ئەندازەوە کە لە فەزیلەتتان چاوم پێ کەوت، سوپاسی تایبەتیمتان پێشکەش کەم و لە عەینی وەقتدا ئیلتیماسی ئەوە ئەکەم کە لێم ببوورن لەوەی کە لەبەر پەشۆکیی و ئیش و کارێکی زۆر، لە ماوەیێکی زۆر کەمدا ئەبوو جێبەجێ بکرێت، پێم نەکرا بۆ دوعاخوازیی بێمە خزمەتتان!

---

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ (لە در. خالد خاڵی کوڕیەوە)؛ سلێمانیی – س ١٩٩٥ز.



نامەی موبارەکتان کە لە ڕووی لوتفەوە نووسیبووتان پێشکەشی جەنابی مامۆستای فازیڵ (مەلا محەممەد ئەفەندیی قزلجیی)[١] کرا و قەرار وایە سبەینێ جومعەیە، (شەوقیی)[٢] بچێتە خزمەتیان و چیی پێویستییە، لەسەر فەرموودەی جەنابتان جێبەجێ بکرێت.

بۆ مەوزووعەکەی (مەجمەعی عیلمیی)[٣] و لە چاپدانی کتێبە نایابەکەی لە خزمەتتاندایە، ئەگەر مووافەقەت بفەرموون، بەندە لەگەڵ دوکتۆر (مستەفا جواد)[٤] قسە ئەکەم، بەڵام تا جەنابی عالییتان قەراری تەواو نەدەن و ئەمرم پێ نەفەرموون، نامەوێت لەخۆوە شتێک بکەم، تەبیعیی کە مووافەقەتتان فەرموو، خۆیشتان یا بۆ دوکتور (جواد عەلیی)[٥] و یا بۆ دکتور مستەفا جەواد کاغەزێک ئەنووسن و مولاحەزەی خۆتان بەیان ئەفەرموون.

---

(١) مەلا محەممەد سادیق قزلجیی؛ (١٨٩٥ز. مەهاباد ـــ ١٩٥٩ز. بەغداد)، زانایێکی ئایینناس و ڕێزدار بووە. هاریکاری شۆڕشی سمکۆی شکاک و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کورد/ ١٩٢٠/٦/٢٩ز) بوو کە بەنێوی محەممەد تورجانییەوە کاری کردووە!
یێکی لە دانراوە بەنرخەکانی (التعریف بمساجد السلیمانیة ومدارسها الدینیة – س ١٩٣٨ز/ ئەلتەعریف بیمەساجدە سلێمانییە وە مەدارسیها ددینییە/ ئاشناکردنی مزگەوتەکانی سلێمانیی و فێرگە ئایینییەکانی).
هەروەها لە ساڵەکانی پەنجاکانیشدا گوتاربێژی ئایینیی بووە لە ڕادیۆی کوردیی بەغداددا و گوێگری زۆری هەبووە. دیسان هەر لە ئەو بارەیەوە لە گۆڤاری (هنا بغداد/ هونا بەغداد – ئێرە بەغدادە) گوتاری کوردیی بڵاو کردووەتەوە.
(٢) ئەم کوڕە گەورەیەی ڕەفیق لە س ١٩٨١ز.دا بەتامپۆنی ئوتومووبیل ژینی لە دەست داوە.
(٣) مەبەست کۆڕی زانیاریی عێراقە.
(٤) مستەفا جواد (س ١٩٠٤ز – ١٩٦٩ز) زمان و مێژووناس. لە گوندێکی کەرکووکدا لە دایک بووە. مامۆستای قوتابخانە و دواتر لە (زانکۆی سۆربۆن)ی فڕانسەدا دوکتورانامەی وەرگرتووە. لە س ١٩٥٣ز.دا جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاریی عێراق بووە. لە ساڵانی ١٩٦٦ز – ١٩٦٨ز.دا گوتاری لەمەڕ (نێودارەکانی کورد لە مێژوودا) بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغداد – بەعەرەبیی – دەنووسیی و قسەزانێ وەریدەگێڕا و بەکوردیی بڵاوی دەکردەوە. دۆستی کورد بوو!
(٥) جواد عەلیی؛ (١٩٠٧ز – ١٩٨٧ز) عەرەبێکی خەڵکی کازمییەی بەغدادە، لە مامۆستاییەوە ڕووی کردە (زانکۆی هامبورگ)ی ئەلمانیا و ساڵی ١٩٣٨ز، دوکتۆرانامەی وەرگرتووە. ئەندام ئەوجا سکرتێری کۆڕی زانیاریی عێراق بوو!!.

ئیتر هەر بژین بۆ خزمەتی عیلم و فەزیلەت ئوستادی خۆشەویست و بەحورمەتم.
بەندەزادە (شەوقیی) دەستی موبارەکتان ماچ ئەکا.

(ئیمزا)
موخلێستان
ڕەفیق حیلمیی
بەغدا: ١٩٥٥/٢/٢٥

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ٨٦/٧/٤٢(*)
[ڕەفیق حیلمیی ـــ ڕەمزیی مەلا مارف]
بەغداد. بوستانولخەس ١/١٧/٤٦٩
ڕەفیق حیلمیی
(ز) ١٩٥٦/١/٣١

برای بەنرخ و خۆشەویستم کاکە ڕەمزیی

زۆر زۆر بەپەرۆش و ئارەزووەوە هەواڵتان ئەپرسم و لە یەزدانم ئەوێ کە هەمیشە لە خۆشیی و ساغ و سەلامەتییا بن! چاوەکەم؛ لەم ڕۆژانەدا بڕیارم دا کە بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبییاتی کوردیی) لە چاپ بدەم[١] کە بە مەسوەددەکانا چوومەوە، لە ناو کاغەز و دەفتەرەکانا گەڕام، تەرجەمەی ژیانی جەنابتان و نموونەی شیعرەکانتم بەرچاو نەکەوت. ئینجا نازانم کە لە وەختی خۆیا بۆتان ناردووم یان نەئە؟ ئەم بەرگە ناوەکانی تا تیپی (گ)ی تیا ئەبێ، واتا جەنابتان کە ناوتان لە (ر)ەوە دەست پێ ئەکا، لەم بەرگەدا باستان ئەکرێت. جا بۆ ئەوەی دوا نەکەوێت و بگا بەچاپ، زۆر تکام هەیە کە بەگەییشتنی ئەم نامەیە لەسەر کاغەزێک وە یا دەفتەرێکی پاک و تەمیز و بەمەرەکەب سەرگوروشتەیێکی ژیانی - تەرجەمەی حاڵی - خۆتان و لە هەر بابەتە، جوانترین شیعرێکتان بەوێنەیێکی وا کە بەسووکی بخوێنرێتەوە، بینووسنەوە و بۆم بنێرن کە بتوانم

(*) گەنجینەی ڕەمزیی مەلا مارف (بەهۆی فەوزیی کوڕییەوە)؛ سلێمانیی١٩٩٧/٣/٣ز.
(١) چاپخانەی ئەلشەباب - بەغداد ١٩٥٦ز.



ئەویی بۆم ئەکرێت دەربارەی خۆت و شیعرەکانت بینووسم و لەم بەرگەدا کە بەدەستمەوەیە لە چاپی بدەم!

زۆر جوانتر ئەبێ ئەگەر لە لاییێن مەبەستی خۆتانەوە و لە هەر شیعرێک و موناسەبەتی دانانی ئەو شیعرە وە بەکورتیی و - بەنەسر - بیروڕاتان بنووسن و هەر یێکە لەو شیعرانە بەلای خۆتانەوە لاییێنی جوانیی و سەنعەتی ئەدەبیی چییە، بەیێک دوو وشە بۆم دەربخەن، نەوەک لەبەر زۆریی ئیش و کەم وەختیی، خۆم بەرچاوی سەرنجاویم نەکەوێت! جگە لەمەیش و لە ڕووی ماندووەیەتیی و مەشغوولییەتەوە بێت و لەم نامەیەدا کەم و کورتییتان بەرچاو بکەوێت.

هیوادارم کە لێی ببوورن و سوپاسی پێشەکیی و حورمەتم قوبووڵ بفەرموون چاوەکەم.

(ئیمزا)
موخلێستان
ڕەفیق حیلمیی

کاکە گیان:

چابوو بیرم کەوتەوە کە عەرزتان بکەم پێویستە لەگەڵ تەرجەمە و شیعرەکان وێنەیێکی خۆیشتانم بۆ بنێرن، بەڵام تکام وایە کە ئەگەر هەبێ، وێنەکەتان بەبەرگی کوردییەوە گیرا بێ باشترە. ئەگەر هەر نەبوو «سدارە»تان لەسەرا نەبێ.[١] واتا بەسەری ڕووت گیرا بێ و یا بیگرن. ئیتر زۆر پەلەمە برای خۆشەویستم.

ئەوەیشتان لە بیر نەچێ کە وێنەکە ئەبێ باش گیرا بێ بۆ ئەوەی «کلێشە» باش دەربچێ.

(ئیمزا)
٩٥٦/١/٣١

[تەواو]

(١) وێنە بڵاوکراوەکەی ڕەمزیی - لە کتێبەکەدا - بەسەری ڕووتەوەیە و کتێبەکەش وێنەی کەسی بەسدارەوە نەنواندووە! سدارەش وێنەیێکی ئەفەندییەکان - چاکەت و پانتۆڵ لەبەرەکان -ی دوای داگیرکردنی عێراق و کوردستانە لە لاییێن بریتانیاوە. لە سەردەمی عوسمانییدا (فێست) باو بوو!

☼ پ. ن؛ کە: ٨٧/٨/٤٢(*)

[ڕەفیق حیلمیی ــــ ڕەمزیی مەلا مارف]

[بەغداد]

١٩٥٦/٢/١٥[ز]

برای بەنرخ و خۆشەویستم کاک ڕەمزیی

زۆر حورمەت و ئیشتیاقم هەیە. هەردوو نامە شیرینەکەتانم پێ گەییشتووە، سوپاسی لوتف و برایەتیتان ئەکەم. وەک فەرمووتانە شیعری فارسیی لەگەڵ مەوزووعی کتێبەکەدا عەلاقەییێکی نییە، لەبەر ئەوە داوام نەکرد، بەڵام ئەوانەی تر زۆر جوانە. وا خەریکم، هیوام وایە کە کتێبەکە بەدڵی هەموو لاییێک بێ. ئەویی لە دەستم بێ ئەیکەم، مووەفەقییەت لە خواوەیە! بۆ دڵنیایی جەنابتان ئەم یێک دوو کەلیمەیەم نووسیی، ئەگینا زۆر مەشغووڵم و فورسەتی نووسینم نییە. ئیتر بەخواتان ئەسپێرم و تەمەننای خۆشیی و بەرزیتان ئەکەم چاوەکەم.

(ئیمزا)

ڕەفیق حیلمیی

برای موخلێستان

٥٦/٢/١٥

١- لوتفەن عەرزی ئوستادی موحتەرەم قازیی ئەفەندیی بفەرموو کە تۆزێ نەخۆش و مەشغووڵ بووم، ئیمڕۆش چوومە دەرەوە بۆ بینینی!.(١)

٢- دکتۆر مستەفا جەواد بۆ پرسینی مەوزووعەکەی جەنابی قازیی، بەڵام نەمدۆزییەوە. ئینشاالله جوابی بۆ ئەنووسمەوە!

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) مەبەست محەممەدی خاڵە!



☼ پ. ن؛ کە: ٨٨/٩/٤٢(*)

[ڕەفیق حیلمیی ــــ ڕەمزیی مەلا مارف]

[بەغداد]

٥٦/٣/٩[١٩]ز]

برای خۆشەویستم کاک ڕەمزیی

زۆر بەئیشتیاقەوە حورمەت و خۆشەویستیم پێشکەش ئەکەم، هیوام وایە لە خۆشیی و سەلامەتیدا بن!

چاوەکەم؛ ئەوا دەسم کردووە بە لە چاپدانی کتێبەکە، بەڵام تا ئەمڕۆ بەتەمای ئەوە بووم کە ڕەسمی خوالێخۆش بوو مامۆستا (زیوەر)م لە سلێمانیییەوە بۆ بنێرن، یێک دوو کەسم ڕاسپاردبوو بەڵام هیچ دیار نەبوو. مامۆستا عەلائوددین سەججادیی بۆ کاک ئەحمەد زرەنگ خەبەری نارد کە «کلێشە»ی لایە بۆمان بنێرێتەوە، ئەویش نەهات. بەندە هەموو ڕەسمەکانی کەم دابوو بە «زەنگوغراف» و کلێشەکان دروست کراوە و وەرمگرتەوە، تەنیا کلێشەی مامۆستا (زێوەر) ماوە. زۆر مەمنوون ئەبم کە یا کلێشەکەی لای کاک ئەحمەد زرەنگ و(١) یا ڕەسمێکی (زێوەر)م بەیێکەم واستە و یا بەپۆستەدا بنێرن؛ چونکە لە چاپدا (زێوەر) سێیەم شاعیرە و ئەبێ لە ئێستەوە کلێشەکە حازر بکرێت. ئیتر ئیشم زۆرە و تا بفەرمووی مەشغووڵم، ناتوانم جارێکی کەیش بۆ ئەم ڕەسمە کاغەز بنووسمەوە و بەتەمای هیممەتی جەنابتانم!(٢)

حورمەت و مەحەببەتم بۆ خۆت و هەموو برایان... هەر بژین بۆ موخلێسی خۆتان میرم.

(ئیمزا)

برای موخلێست

ڕەفیق حیلمیی

٥٦/٣/٩

عینوان: بەغداد - ئەلئەعدادییەلمەرکەزییە.

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) ئەحمەد زرەنگ - خاوەند ئیمتیازی ڕۆژنامەی (ژین).

(٢) وێنەی زێوەر لە کتێبەکەیدا چاپ کراوە.

✡ پ. ن؛ کە: ٨٩/١٠/٤٢(*)

[ڕەفیق حیلمیی ـــ ڕەمزیی مەلا مارف]

بەغداد

١٩٥٦/٤/٤[ز]

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک ڕەمزیی

زۆر سوپاسی تایبەتیتان ئەکەم بۆ نامە شیرینەکانتان و وێنەکانی بۆتان ناردووم. وێنەکەی مامۆستای خوالێخۆش بوو؛ (زێوەر)یشم لە کاتی خۆیا پێ گەییشت و کلێشەم لەسەر دەرهێنا. کتێبەکە هەرچەندە نزیکەی مانگێکە لە ژێر چاپدایە، بەلام لەبەر ئەوەی مورەتتیبی کوردییزان کەمە و ئیشی چاپەکان لەم ڕۆژانەدا یێکجار زۆرە، داخەکەم کتێبەکەی بەندە، ڕەنگە بۆ نیهایەتی ئەم مانگە ئینجا تەواو بێ. خۆیشتان ئەیزانن کە بەندە نامەوێت هەرچۆنێک بۆ خاوەن چاپەکان دەست بدا، بکرێت، بەڵکو ئەمەوێت شتێکی باش و جوان و کەم غەڵەت بێتە ناو و ئێوەش لێی ڕازیی بن!

لەبەر دڵی ئێوە نەبێ، لەم بەینەدا خۆم بەکاغەز نووسینەوە خەریک ناکەم، بەلام ویستم بەچەن وشەیێک سوپاسی خۆمتان پێشکەش بکەم، چونکە لە دوو چاپخانەدا، بەدوو کتێبەوە؛ (یێکێکیان عەرەبییە)(١) خەریکم. دەرس و ئیش و کاری تریشم هەیە. ئیتر بەخواتان ئەسپێرم! خۆشەویستیی و سەلامی زۆرم پێشکەشی هەموو برایان و دۆستان و بەتایبەتی پێشکەشی کاکە شێخ نووریی بفەرموون!(٢)

ئیتر هەر بژین بۆ برای خۆتان چاوەکەم!

(ئیمزا)

ڕەفیق حیلمیی

٩٥٦/٤/٤

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) پێم وەیە مەبەستی (مذکرات رفیق حلمی – ترجمه جمیل بندی ڕۆژبەیانی) بێت!.

(٢) مەبەست لە شێخ نووریی شێخ ساڵحی شاعیرە.



گیانەکەم کاک ڕەمزیی

نازانم شێخ سەلام(١) ئەبینی یان نەئ؛ لەو بەینەدا بیستم کە بەناساغیی هاتووەتە بەغدا. زۆر گەڕام بەشوێنیا. تەلەفوونم کرد بۆ ماڵی ناهیدە خانی کچی. دوایی زانیم کە نەهاتووە و وەلحەمدوللە ئێستە چاکە. زۆر سەلامی لێ ئەکەم. ئینشاالله بەتەواویی چابووەتەوە. بەخوا بیری ئەکەم. زۆریش بۆ مردنی شێخ جوانەمەرگ(٢) موتەئەسسیر بووم!

(ئیمزا)

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ٩٠/١١/٤٢(*)

[ڕەفیق حیلمیی ـــ پاکیزە ڕەفیق حیلمیی](٣)

[بەغداد]

١٩٥٧/٣/٥[ز]

لە قاهیرە؛

بۆ کچی خۆشەویستم پاکیزە ڕەفیق حیلمیی(٤) جزمی چوارەمی (یاداشت)ەکەم بەبۆنەی جەژنی چوارەمی لە دایک بوونی (مەی)ەوە(٥) کردم بەدیاریی. هیوام وایە کە ئەمە نوقڵانەیێکی خێر و خۆشیی بێ بۆ هەمووان!

ڕەفیق حیلمیی

٩٥٧/٣/٥

[تەواو]

(١) مەبەست شێخ سەلامی شاعیرە.

(٢) مەبەست شێخ حسێنە!.

(*) سەرچاوە؛ لە لاپەڕەی یێکەمی کتێبی (یاداشت – ج٤)دا نووسراوەتەوە کە ئەو دانەیەم لای دۆستێ دیتووە و فۆتۆکۆپییم کردووە!.

(٣) بۆ ژیننامەی پاکیزە ڕەفیق حیلمیی، بنۆڕە: نێوداران.

(٤) لە ئەو هەڵەدا خوێندکار بووە بۆ وەرگرتنی دوکتۆرانامە.

(٥) خۆشکی پاکیزە!.

پ. ن؛ کە: ٩١/١٢/٤٢[*]
[ڕەفیق حیلمیی ـــ مستەفا ساڵح کەریم][1]
[بەغداد]
[-/٩/١٩٥٧ز]

## کاک مستەفا

بەڕاستیی و بەدڵ سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو دیارییە خۆش و نایاب و بەنرخە کە بۆتان ناردم. (خانزاد)،[2] لە کانگای دڵمەوە ئەڵێم؛ بەڕاستیی دیارییەکی هەرە نایابە کە لەم دەوری وریابوونەوەیەدا پێشکەش خوێنەرەکانی کورد ئەکرێ! ئەمە یێکێکە لەو شتانەی کە ئەبێ نووسەران و ئەوانەی بەدوای تەقالیدی کۆمەڵایەتیمانا ئەگەڕێن، هەوڵی بۆ بدەن، چونکە لەو شتانەی بینە هۆی دەرخستنی ئەو تەقالیدانەمان؛ (خانزاد) ڕیزی پێشەوەی داگیر ئەکا!

کاک جەمال عەبدولقادر بابان[3] کە ڕەنگە بەخزمەتی نەگەییشتبم، لە ناوچەی چیرۆکنووسەکانا، هەنگاوێکی ئێجگار بەجێی هاویشتووە و باشی بۆ چووە! لە یەزدانم

(*) ڕۆژنامەی: ژین - ١٢/٩/١٩٥٧ز.
(١) بۆ ژیننامەی مستەفا ساڵح کەریم بنۆڕە: نێوداران.
(نێوبراو لە ١٧/٤/١٩٩٧ز.دا لە ماڵی خۆمدا بۆ منی گێڕایەوە کە گۆیا ئەحمەد زرەنگی خاوەندی ڕۆژنامەکە، وشەی «گیانەکەم»ی لابردووە. گوتیشی من وەک سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەکە بووم«!!» و هەمووی نۆ مانگێ بوو هاتبوومە کۆڕی ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە، کەچیی مامۆستا ڕەفیق حیلمیی ئە ئەوهە جوامێرانە لەگەڵم دوواوە کە بەکوڕی دەشێم!/تەواو).
(٢) خانزاد؛ چیرۆکێکی کۆمەڵییە، باسی دەرد و ئەندێشەی ژینی گوندەکانمان دەگێڕێتەوە. مستەفا ساڵح کەریم پێشەکیی بۆ نووسیوە و بە ئەو بۆنەیەشەوە بۆ ڕەفیقی ناردووە.
خانزاد، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی گەلاوێژ - ڕەئووف مەعرووف -ی سلێمانییە و چاپکراوی چاپخانەی تەمەددون - بەغداد ١٩٥٧ز. ـە!.
(٣) جەمال عەبدولقادر - بابان؛ چیرۆکنووس و لێکۆڵی مێژوو، لە س ١٩٢٧ز.دا لە سلێمانییدا لە دایک بووە. خوێندنی (ق. س) و (ق. ن) و (ق. ئا) لە سلێمانییدا تەواو کردووە و دوایی کۆلێجی قانوونی لە بەغدادا سەرکەوتوانە بڕیوە. هەر لە سەرەتاوە چووەتە ڕیزی کار و فرمانی ئیدارییەوە و لە چەند ئاوایی/ ناحیەی سەر بەسلێمانیی و هەولێردا، ڕێبەر بووە.
لە نێوەندی شەستەکاندا سەرۆکی بەلەدییەی سلێمانیی بووە. لە ئەو هەلەدا گۆڤاری دەزگەکەی بەنێوی (سلێمانیی)ەوە دەرکردووە. لە نێوان س ١٩٧٤ز. ١٩٧٦ز.دا ڕێبەری گشتیی دەزگەی=



ئەویّ نامەخانەکانمان برازێنێتەوە![1] هەر لە چەند جێیەک دوو ڕەخنەی بچووکم بەرچاو کەوت و لەوانەیە کە ئەم جێ ڕەخنانە لە وتارێکی تایبەتدا بخەمە بەرچاوی کاک جەمال بابانی خۆشەویست. دیسانەوە بەلامەوە وایە کە (خانزاد) بەتێکڕایی چیرۆکێکی هەرە جوان و واقیعییە کە لە کانگای ژیانی کوردەوارییەوە، هەڵێنجراوە و یێکەم چیرۆکێکە (بەکوردیی بابان)[2] بنووسرێتەوە و برینەکانی کۆن و دەردەکانی کۆمەڵایەتیمان ئەخاتە

= ڕۆشنبیریی بڵاوکردنەوەی کوردیی بەغداد و سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (هاوکاریی، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ) بووە... دوایی خانەنشین بووە و لە بەغداددا بەپارێزەرەییەوە خەریک بووە!
لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە تا هەشتاکان، لە ڕادیۆی کوردیی بەغداددا - هەروەها لە تەلەڤزیۆنی کەرکووکەوە - بەرنامەی ڕۆشنبیریی و کەلەپووریی پێشکەش کردووە. هەرە گرنگیان (پەندی پێشینیان) بوو.
جەمال بابان ئەندامی یێکییەتی نووسەرانی کورد، کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد، نیقابەی پارێزەرەکانی عێراق کە عەرەبیی و ئینگلیزیش دەزانێت و بەیێکەم دەنووسێت، لە حەفتاکانەوە، بەهەناسەیێکی درێژەوە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوو، هەروەها ڕۆشنبیریی کوردە. وێرا لە چیرۆکنووسە دیارەکانی پەنجاکانە. لە گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردییشدا گوتاری بڵاوە! لە ڕووی کۆمەڵییەوە، کابانی هەڵبژاردووە و نەوەی هەیە. ئەمێستە بەغدادنشینە و بەنووسینەوە خەریکە!
* دانراوە چاپکراوەکانی:
١- کوردیی...

| | |
|---|---|
| ١/١- خانزاد «چیرۆک» | - بەغداد؛ س ١٩٥٧ز |
| ٢/١- پەڵە هەورێکی چڵکن «چیرۆک» | - بەغداد؛ س ١٩٥٨ز |
| ٣/١- سەیید کەڵەک «چیرۆک» | - بەغداد؛ س ١٩٦٩ز |
| ٤/١- لە خەوما (چیرۆکی جەمیل سائیب - لەسەر نووسین ج. بابان) | - بەغداد؛ س ١٩٧٥ز |
| ٥/١- مامە یارە «چیرۆک» | - بەغداد؛ س ١٩٧٣ز |
| ٦/١- هەندێک داوەریی بەناوبانگ | - بەغداد؛ س ١٩٨١ز |

٢- عەرەبیی...

| | |
|---|---|
| ١/٢- اصول أسماء المدن والمواقع العراقيه | - بغداد؛ ١٩٧٦ |
| ٢/٢- بابان فی التأريخ ومشاهير البابان | - بغداد؛ ١٩٩٣ |

(١) نامەنووس لە پەراوێزدا لەمەڕ وشەی (نامەخانە) ئەم تێبینییەی نووسیوە؛ (من نامەخانەم بەدڵ نییە. وا بزانم جێی کتێبخانە ناگرێتەوە!/ ر. ج).
(٢) دوای پیرەمێرد لە س ١٩٠٨ز.دا، ئەمە دووجارە یێکێ ئەم زاراوەیێ بەکار بهێنێت کە لە لای من ڕاستترە لە زاراوەی (شێوەی سۆرانیی، سلێمانیی).

بەرچاو کە هێشتا بیرمان لە تیماریان نەکردووەتەوە!.

(گۆمی شلّەقاو)ی کاک موحەرڕەم[١] هەرچەند بێ گەرد و جوانە و دیسانەوە – ئەگەر لێم ببوورن – لە چاو (خانزاد)ا ئەکەوێتە پلەی دووەمەوە، تەنانەت لەبەر ئەوە کە (خانزاد) وەکو وتم؛ لاپەڕەیێکی بێ کەم و زیادە لە واقیعی کۆمەڵایەتیمان. لە دڵی منا نرخی زۆر لە ژوور لە (بەهرام گور)ی مامۆستا وەهبیی بەگیشەوەیە![٢] بەهرامی گور، جێی ئینکار نییە، بەری کۆڵینەوەیێکی عیلمییە کە تایبەتە بەمامۆستای مەزن، بەڵام من هەر ئەوەندە ئەڵێم؛ کە کوردی ئەمڕۆ، لەو، بەتەمای جۆرە خزمەتێکن کە لە نامەکانی (بەغدا) و (ئاڵتوون کۆپریی) و (بەهرامی گور)دا، چنگیان ناکەوێ. واتە لاوی خوێن گەرمی ئەمڕۆ لە نووسینەکانمانا بۆ زاد، وە یا خۆراکی گیان ئەگەڕێن. زانیاریی قوتابخانەکان سەروزیادیانە، لەو کتێبانەی کە بەزمانی بێگانە نووسراون ئەنووسرێنەوە زاد وەرئەگرن! بەڵام ئەو زادە کە بەوان لازمە و ئەو غیزای گیانەی کە لاوی کورد بۆی

(١) موحەرڕەم محەممەدئەمین؛ (س ١٩٢١ز – ١٩٨٠ز. سلێمانیی) خوێندنی (ق. س) و (ق. ن) و (ق. ئا) لە سلێمانییدا تەواو کردووە! ئەندامێکی (پ. د. ک/ عێراق)، و لە ١٩٦٦دا یێکێ بوو لە ڕیزی هەڵواسراوەکانی زیندانی بەکرەجۆدا هەروەها ئەندامی یێکیەتیی نووسەرانی کورد بووە. لە دەزگەی بەلەدییەی سلێمانییدا کارگێڕ بووە. لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا نووسەر و لە ڕۆژنامەکانی دییدا گوتار و چیرۆکی بڵاوە. یێکێکە لە چیرۆکنووسە تواناکانی پەنجاکان و شوێنێکی گەورە و دیاری لە هونەری کورتە چیرۆکی کوردییدا گرتووە! هاوسەری هەڵبژاردووە و نەوەی پێگەیشتووی هەیە، یێکێ لە کوڕەکانی؛ شۆڕشە! لە دوارۆژیشدا نەخۆشی دڵ بوو، دەزگەی ئاساییشی بەعسی عەرەبی دوژمن لە سلێمانییدا گرتی و لە ئەنجامدا کۆچی ماڵئاوایی کرد!

* دانراو و چاپکراوەکانی:

| | |
|---|---|
| ١– مام هۆمەر «چیرۆک» | – هەولێر؛ س ١٩٥٤ز |
| ٢– گۆمی شلّەقاو «چیرۆک» | – بەغداد؛ س ١٩٥٧ز |
| ٣– گردی شەهیدان «چیرۆک» | – سلێمانیی؛ س ١٩٥٨ز |
| ٤– یادی گۆڕستانەکە «چیرۆک، وەرگێڕدراو لە عەرەبییەوە!» | – بەغداد؛ س ١٩٥٨ز |
| ٥– ڕێگای ئازادیی | – سلێمانیی؛ س ١٩٥٩ز |
| ٦– شۆڕشی بەرزان (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە) | – سلێمانیی؛ س ١٩٥٩ز |
| ٧– مەبدەئە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە | – سلێمانیی؛ س ١٩٦٠ز |

٨– ئادەمیزاد «چیرۆک»– سلێمانیی؛ س ١٩٦٩ز

(٢) مەبەست تۆفیق مەعرووف/ وەهبییە!.



ئەگەڕێ لە دەرخستنی تەقالیدی کۆمەڵایەتیی نەتەوایەتییا چنگی ئەکەوێ، وە لەبەر ئەوەی کە (خانزاد) بەشێکی هەرە بەنرخە لە زەخیرەی تەقالیدی کۆمەڵایەتیی کورد، بەلامەوە بەنرخترە لە (بەغدا) و (ئاڵتوون کۆپریی) و (بەهرامی گور).[١]

مامۆستای مەزن وەهبیی بەگ نابێ لێم زیز بێ کە ئەوە ئەڵێم، چونکە لەگەڵ ئەوەش مەفتوونی زانیاریی بەرز و کۆڵینەوەی زانیاریی ئەوم و هەرچەندە لەوە ئاگادارم کە شەو و ڕۆژ خەریکە و بەگەرم ئەیەوێ خزمەتی نەتەوەکەی بەرێتە پێشەوە؛ بەڵگەی ئەم وتەیەشم ئەوەیە کە لەم ڕۆژانەدا، دۆستێک بۆم ئەنووسێ و ئەڵێ: (بەهرامی گۆری مامۆستا وەهبیی بەندیوارێکی بەکوردەوە نییە! ئاڵتوون کۆپریی کە «قۆریات»ی تیا بوو[٢] دڵی تورکەکانی پێ خۆش کرد. بەهرام گۆریش هی فارسەکانە).[٣]

ئینجا کە ئەمە چەشنی لێکدانەوەی لاوەکانمان بێ، ئەرکی خۆپاراستن لە ڕەخنەی لاوانی وتووریای ئەمڕۆ، ئەکەوێتە سەرشانی مامۆستای مەزن خۆی زانیاریی بەرز و فراوانی خۆی بخاتە کارەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو زمانە خاوێن و تازەیە کە بۆ کوردی داناوە! خۆی لە پێش لاوەکان هەر بەو زمانە بنووسێ و لەو شتانە بدوێ کە بۆ کورد بەکەڵک بێ و تەقالیدی کۆمەڵایەتیی کوردی پێ بخاتە ڕوو! گومانی تیا نییە کە مامۆستا وەهبیی بەگ یێکێکە لە زانا بەرزەکانی کورد، جا لەبەر ئەوە، گەل داوای خزمەتی کوردی لێ ئەکا. لێی نابوورێ ئەگەر ئەو خەریکی ئەوە بێ خۆی بەزانایانی گێتیی بناسێت و یان ناوی لە دنیای شارستانیەتا بڵاو ببێتەوە![٤] سڵاوم هەیە بۆ هەمووان![٥]

برات

ڕەفیق حیلمیی

(١) هەرسێکی لێکۆڵینەوەی زانستیی نێوبراوە. بنۆڕەوە ژیننامەی.

(٢) قۆریات؛ مەقامێکی خۆرهەڵاتییە و لە نێو تورکمانەکاندا بەنێوبانگە.

(٣) ئەم بیروباوەڕە چەند ڕاستە و ڕەوایە، زانستیی نییە، چونکە بەهرەی زانستپەروەریی بێ سنوورە. وێڕاش بابەتێکی وەک (ئاڵتوون کۆپریی) ئەوە نییە کە باسی کراوە. دیسان (بەغداد) ئەوە نییە کە دامەزراوی فارسەکان بێت. ڕیشەی نێوەکەی خۆی بەڵگەیە.
وێڕا ئەز نکوولیی لە ئەو ڕاستییە هەرە مەزنە ناکەم کە تۆفیق وەهبیی ئەگەر بەتەنێ خۆی بۆ زانست – نەک کورسیی و پایە و سیاسەت – دابنایە، ئەوە مەزن دەبوو!.

(٤) نامەوەرگر پێی گوتم کە نامەکە خۆی لە نێو نووسراوی دییدا لە دەست چووە!.

✡ پ. ن؛ کە: ٩٢/١/٤٣(*)

[شێخ عومەر شێخ محەممەد – قەرەداخیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ][1]

[سلێمانیی]

٣ شەعبان ١٣٥٠ [ک/ پێنجشەممو ١٧/١١/١٩٣١ز]

جەنابی شێخ محەممەد[2]

مولاحەزەی بفەرمووبت...

جانا بەدەعەواتی مەخسووسە عەلیمت دەکەم، ئەمڕۆ جەناب سەیید ئەحمەد ئەمین لە عەللامەی (چوڕڕی) ئیجازە وەردەگرێ. ئەگەر مومکین بوو، سەعات «٥»ی عەرەبیی لەگەڵ براکانتا تەشریف بفەرموون بۆ خانەقای مەولانا.

ئیتر حورمەت. وەسسەلام

ئەلداعیی

عومەر

[تەواو]

(*) وەرگیراو لە ڕێبەری کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی مەحموود ئەحمەد، سلێمانیی – ١٨٩٣/١١/٢٧ز.

(١) بۆ ژیننامەی شێخ عومەر قەرەداخیی، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) لە ١١/٥/١٩٨٦ز.دا پرسم بەمامۆستا محەممەد خاڵ کرد بۆ (وەڵامنامەیێکی فارسیی) خۆی و گوتی؛ (خۆی وەکو نێو و، دەستنووس و نامەکە هی منە، چونکە مامۆستام بوو؛ بۆیێکا بەئەو زمانەوە ڕووم تێ کرد!).

وەڵامەکەیشی –بەفارسیی– پێویست نەزانرا کە بنووسرێتەوە و وەرگێڕانەکەیشی ئەمەیە: (ئەگەر تەگەرەیێ نەبوو، ئامادە دەبم... هتد). بنۆڕە فۆتۆکۆپییەکەی!.



✡ پ. ن؛ کە: ٩٣/٢/١٨(*)

[عەبدالله سلێمان کاتیب فارسیی/ گۆران – ـــ پیرەمێرد][1]

هەڵەبجە

٤/٤/١٩٣٢[ز]

ئوستادی موحتەرەم

ڕەنگە لەبیریشتان چووبێت، هاوینی ڕابوردوو، لە دوکانی حەماغای عەتار، بەمولاقاتێکی بچووکتان فەیزی گەورەم چنگ کەوت، بەرامبەر بەمەلەکەی شیعرم، لە زێنی تەشویقا، موتەفائیل دیاربوون![2] هەرچەن ئەم ئیلتیفاتەم حەرفییەن بەجیددیی وەرنەگرت، بەڵام چونکە لە شەخسێکی سەڵاحییەتدار و تەجرەبە دیدەی شیعرەوە سادیر ببوو، حاشا ناکەم قووەتێکی موئەسسیری بەهیوام بەخشیی. زاتەن، پێش ئەوەش مەفتوونی (پەریی شیعر) بووم، ئینجا بەهەموو ئیشتیهایێکەوە تێی ئاڵام کە هەر ساتە بەڕەنگێک، لە شکڵی ئەوا، دێتە بەرچاوم. حاسیڵیی، چ ئەو بێت، چ شەیتانێک لە شکڵی ئەوا، بەرامبەر بەخوێنێکی زۆری جگەرم، دڵی نەرم بوو، چەن جارێک خۆی تەسلیم کردووم.

بەری ئەم عەشقە ئاگرینە، چەن ڕۆڵەیێکە؛ هیچیان لە هیچیان ناچن و هەریێکە خوێنێکی جیاوازیان بەلەشا ئەگەڕێت، بەعزێکیان دڵۆپێک چییە، خوێنی کوردیان تیا نییە. بەڵام کەم و زۆر، جەرەیانێکی پەریی پەتیی، لە ناو دەماریانا هەیە. بەعزێکیان بەعەکسەوە... لەم ڕۆژانەدا، لە دەمی خۆرکەوتنا، لە ناو مەنزەرەیێکی جوانی بەهارا، ئاخیر بێچوومان هاتە دنیا... بەخوێن، بەکاڵا، بەباڵا، لە بێچکەی کورد، لە ڕۆڵەی پەریی ئەچوو... لە خۆشییانا وەختە بوو گەشکەم پێ بگات؛ نەختێک یان گەلێک لاواز بوو، مەعەمافیە[3] لاوازیی لای من مەتڵەب نەبوو، بەتەلیسمی سک و زای شیعرم ئەویست، شیعری کوردییم بۆ ساغ بێتەوە!

ئا بەشەوقی ئەم ئاوات و ئەحلامە شیرینەوە، کە لە پاش تاریکستانیی، گومڕایی، وەک

(*) سەرچاوە؛ ٩٣/١؛ ل ٨٢ – ٨٦.

(١) بۆ ژیننامەی عەبدالله سلێمان – گۆران –، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) حەماغای عەتار: کتێب فرۆشیش بووە لە سلێمانیی ئەو ڕۆژگارەدا.

(٣) مع مافیە: هەرچۆنێ بێ!

نووری ئیمان ڕۆحی لە ئەشکەنجە ئازاد کردم؛ کەوتمە ناو کۆڵانەکانی هەڵەبجە... بەتەما بووم شەهادەتنامەی جینسییەت بۆ ئەم جگەرگۆشە عەزیزەم بەهەیئەتی ئیختیارییەی (وڵاتی خەیاڵ) تەسدیق بکەم.

هەیهات!! هەیئەتی ئیختیارییە، بەجلی بێگانەوە نەبێ، پەریزادە ناناسنەوە!

وتیان: پۆیلانەی (موتەنەببی) و (موعەڕڕی)ی عەرەب، موجەوهەراتی (حافز) و (سەعدی)ی عەجەم، موتوموورووی (نەفعیی) و (باقیی)ی تورکی پێوە نییە! لەبەر ئەوە، تەبیعیی لە ڕەونەق و جازیبەی جەماڵ مەحروومە، ئەتوانین بڵێین هیچ وێنەیێکی لە پەریی شیعر و خەیاڵ ناچێ!!

هەروا سەرم سوڕما... چەن جارێکی تر بەسککەی قەڵب و نارەواج، بەدراوی بێگانە (أشهد بالله)م لەم زاتانە کڕیوە. نازانم، ئەوان سککەی ساغ ناناسن، یا من حەقاییق پێچەوانە وەرئەگرم؟ بەشکوو ئەوان موسیب بن، بەشکو من عیللەتێکی نەفسیم لەگەڵ بێت؟ سەلامەتی فیکر و زەوقی تێک دابم. بەشکو من لە ڕێگای زەلالەت بم، شەیتانێکی فاحیشە. بەعەشقێکی حەرام، بەعەشقێکی سەفیلیی مولەووەس، ئیغوای کردبم؟ ئەفسووس عومری جوانییم خەسار گیڕا لە پێناوی عەشقێکا کە مایەی هەیکەلی موقەددەسی خاتیرەی حەرامزادەیێک دەرچوو!

بەدەم ئەم چەشنە موجادەلەوە، لە بەینی یەئس و تەرەددودا، بیابانی خەیاڵم گرتە بەر... نازانم کەمم پشکنیی، زۆرم پشکنیی؛ ئەوەندە ئەزانم لەپڕ، بەرامبەر بەمەنزەرەیێکی عولوویی حەپەسام!! لە جێی خۆم هەروەک مێخ، داچەقیم؛ لەسەر یالێکی بەرزی سەوز، پڕ لە گوڵاڵە و داوێن دارستان، لە ژێر سێبەری ڕەنگاوڕەنگی چەن پەڵە هەورێکی تەنکا، دەرویشێکی نوورانیی بەرامبەر بەرۆژ ڕاوەستا بوو. پڕ بەدۆڵەکەی بەردەمی کە چەمێکی گەورەی پێچ پێچۆکە، هاژەهاژی پیا ئەکشا، پەپوولەی هەزار تەحرە ئەجریوایەوە، هەزاران بێچووە پەریی بەدەوروپشتی سەریا هەڵفڕ هەڵفڕیان بوو کە هەریێکە ئەوەندەی کۆترێکی تەقلەباز ئەبوون، بەڵام جوانتر بوون، ورشە ورشی پەپوولەیان گەلێ زیاتر بوو... دەستی ڕاستی عاسایێکی پڕشنگاویی درێژی پێ گرتبوو، بەدەستی چەپیش، دڵێکی خوێن گەرم و پڕ نەبزی بەسنگی خۆیەوە نووسان بوو، پرچێکی خاوی درێژ، وەک چۆڕی شیر بەسەر شان و ملیا پەخشان ببوو، ڕیشێکی سپیی سپیی سەر سینگی، لەگەڵ بەشێکی زۆری دڵە جوانەکەی، باوەشی داپۆشیی بوو...



دەستی عاساکەی لێ هەڵتەکانم... بەهەڕڕاکردن ملم نا بۆ لای. لە پاش زیارەتی داوێنی کەوڵەکەی، بەخوشووعێکەوە پرسیم: (قوربان، بێ ئەدەبیی نەبێ ئێوە کێن؟).

بەزەردەخەنەیێکی شیرینەوە جوابی دامەوە:

(قەلەندەر).[١]

ناسیم! ئیتر حاجەت نەما بەپرسین لە مەعنای عاساکەی دەستی، دڵە تازەکەی باوەشیی، ڕاوەستانی لە ناو ئەم مەنزەرە شاعیرانەدا!

گورج پەلی هەتیوە بەدبەختەکەم گرت و فڕێم دایە بەرپێی. دەستم کرد بەباخەڵما، سووڕەتی شەهادەتنامەکەم دەرهێنا کە ئیمزا نەکرا بوو و تەقدیم کرد. بەئیسڕارێکی ئیستیرحامکارانەوە دەستم کرد بەلاڵانەوە: (تو ئەم جێگە موقەددەسە! تو ئەو شیعارانەی بەهەردوو دەست گرتووتن، هەرچیی ڕاستە ئەوەم پێ بڵێ؛ ئەم هەتیوە حەڵاڵزادەیە یان حەرامزادەیە؟ ئەگەر حەڵاڵزادەیە با نەجاتم بێت لە دەست ئەشکەنجەی وەسوەسە! ئەگەر حەرامزادەشە با جەرگی دایکە فاحیشەکەی بسووتێنم، زیندەبەچاڵی بکەم!؟).

لەو حەلەوە، بەئاگری چاوەنواڕیی ئەتوێمەوە؛ ئاخۆ کەی ئەبێ (حوکمی قەتعیی) لە قەلەندەری موحتەرەم ببیەم؟[٢]

عەبداللە سلێمان

هەڵەبجە

[تەواو]

---

(١) ناسنێوێکیشە بۆ پیرەمێرد خۆی و ماڵەکەیشی بەقەلەندەرخانە دەناسرا.

(٢) بڵاوکەرەوەی نامەکە دەبێژێت: ئەم نامەیە(*) دەڵێ: بەدەستخەتی مامۆستا گۆران خۆی، لەنێو موسوەددەکانی پیرەمێردا چنگم کەوتووە!

هەروەها دەبێژێت؛ تا ئەم کاتە (گۆران) هێشتا ئەو ناسینوەی لە خۆی نەنابوو، چ بۆ شیعر، چ بۆ پەخشان بڵاوکردنەوە. دەستنووسە کۆنەکانی (گۆران) کە لە لای منن، هەموو بەئەو نێوەوەن!.

*(*) ئەز ڕێنووسەکەیم بەئەم شێوەیە نواندووە!*

📖 پ. ن؛ کە: ٩٤/٣/١٨(*)

[گۆران ـــــ بۆ یارێکی] (١)

[ش؟]

[م؟] (٢)

......(٣)

توانجەکانت لەسەر سەرم، بۆ سەرگەردانێکی دڵداری وەک من، چیی لەوە خۆشترە؛ ئەو دەست و پەنجەیەی دڵێ دەرزیی ئاژن ئەکات، دەست و پەنجەی یاری نازدار بێت؟

کە قسەی ڕەق ڕەقی کاغەزەکەتان، دە جار و بیست جار ئەخوێنمەوە، دڵی خۆم ئەوەندەی ئەو پارچە ئاوریشمە بەختیار دێتە پێش چاو کە لەبەردەست، لە پاش هەزاران تەریب و تەقەڵ، هێشتا چاوەنواڕی هەزاران نووکە دەرزیی ترە، بۆ نەخشێکی تازەتری شیرینتر!

هەتا ئەتوانیی بمکە بەنیشانەی توانج. هەتا هێزت تیایە بەردەبارانم کە! یاخو وەکو خۆت نووسیوتە، لە کونجێکی دڵتا، قەبر بۆ ناونیشانم هەڵکەنە! بەڵام ئەو تەکلیفە بچووکەی کردووتە، بەجێهێنانی لە وزەی من بەدەرە!

ئەو هەڵبەستە کە بەساردێکەوە ئەنووسیی؛ (کبریتێکی پێوەنێ، بیسووتێنە!) تاقە ڕووناکیی ناو دیوانەکەمە... دیوانەکەم، یەعنی مایە و مووری سیی و شەش ساڵی تەواوی ژیانم، عومرم!... ئەو دیوانەی کە سەرانسەر ئەلف و بێی فرمێسک و هەناسەیە، تاقە حەرفێکی شادمانی تیایە، ئەویش زەردەخەنەی خەرامانە، خەرامان!

(*) ژین – ١٩٧١/٩/٢٣ز (خاوەند ڕۆژنامە: کاکەی فەلاح).

(١) ئەم نامەیە بەشێوەی پەخشان و بەسەر نێوی (ئەنجامی هەڵبەست) و بەئیمزای (خورشید)ەوە نووسراوە. بێ گومانم کە ئەوە وەڵامنامەیێکە کە (گۆران) بۆ (خەرامان) نێوی یاریی نووسیوە. هەڵبەت ئەگەر کۆت و زنجیری کۆمەڵیی نەبوایە، نە گۆران نێوی خۆی و یاری دەشاردەوە، نە ئێمەیش چیرۆکی عەشقێکی ئەوانمان لێ بزر دەبوو. نە هەزاران (نامەی ئەڤینیی)ش گڵەکوێر دەبوون!.

(٢) هەرچەند نامەکە مێژووی بەسەرەوە نییە، بەڵام بەرۆشنایی ڕستەی (مایە و مووری سیی و شەش ساڵی عومرم) دیارە لە تەمەنی چل ساڵاندا نووسیویەتی.

(٣) نامەکە بێ سەرەتا خراوەتە ڕوو.



یێکەم ڕۆژی جەژن بوو بەر جیلوەی زەردەخەنە کەوتم... ئیتر لە پاش ئەوەی لە مەعبەینی مەستیی و کەللەیی بوونا شۆڕێکم بەسەرا هات. ئەزانیی چیم کرد؟ خۆیشم نازانم!! هەر ئەوەندە نەبێ لە (گردی سەیوان)، لە گومەزەکەی شێخ مارف کە هاتمە دەرێ، خەڵق ئەیانوت؛ (ئەمرۆ ئاخیر ڕۆژی جەژنە!).

کەوابێ دوو شەو و ڕۆژی تەواو، پیاوێکی شێتی شیعر و دڵداریی، لە قەڵەباڵغیی جەژنی «سلێمانیی»، تەریک بووە، خزاوەتە قەبرستانێکەوە، لەباتیی نان، بەخەو بینین. لەباتیی ئاو، بەخەیاڵ. لەباتیی ئاگر، بەجۆشی دڵ. لەباتیی ڕووناکیی، بەنەشئەی زەردەخەنە ڤیناتی کردووە! لەگەڵ ئەوەش، لە هەموو دەمارێکم خوێنی شادمانیی، لافاوی هێز و زیندەگانیی فیچقەی ئەبەست. چونکی هەموو جۆشی دڵم، هەموو نەشئەی کەللەم، هەموو ڕووناکیی ژیانم، هەموو گەرمایی دڵدارییم بەدوو ڕۆژ، لە قاڵبی هەڵبەستێکی درێژا دارشتبوو!

هەڵبەست بەدوو نوسخە، لە تەنکەی باخەڵی چاکەتەکە مابوو... ئا لەو عاستەی کە پیاوی پارە خۆشەویست، هەرچەن دڵی لێ ئەدا، خشەی دەستەی چەک و بانقەنۆت، ئاوازی ئۆخخەی لە تەلی سەعادەتی بەرز ئەکاتەوە!

بەم چەشنە کە گەییشتمە ماڵەوە، یێکەم فرمانم، ناردنی نوسخەکەی تۆ و لکاندنی نوسخەکەی (دیوان) بوو!

ئێستا؛ خەرامان، بەدڵێکی ڕەقەوە، بەڕقێکی پڕ لە ڤینەوە، ئەنووسێ؛ (تکات لێ ئەکەم، ئەم شیعرانە بسووتێنە! نەخەڵەتابیی لە چاپیان بدەی!).

هەیهات! چەند ئاسانتر بوو بنووسیت؛ (تکات لێ ئەکەم ئیتر نامەوێ بژیت. بەگەییشتنی کاغەز دەمانچەیێک بنێ بەسەری دڵی خۆتەوە!).

بەڵێ خەرمان، خۆکوشتن ئاسانترە، چونکە ئادەمیزاد بۆ مردن لە داییک ئەبێت، بەڵام شیعر سووتاندن، ئەفسووس... ئەفسووس! شیعر؛ بولبولێکە لە هێلانەی دڵا زاوە، لە عاسمانی دڵدارییا پەڕ و باڵی دەرکردووە، بەسەر باخچەی ئافرەت و جوانییا بەستە ئەخوێنێ!

ئەو هەڵبەستەی تۆ، ئەتەوێ بۆ ئێجگاریی دەنووک لێک بنێت پێویستییەکەی تری هەیە لە ژیانا!

کاتێک من و تۆ ئەمرین، هەی داخ... نە عیشوە و جوانیی تۆ، نە شاعیرییەت و

عەشقی من، لە ڕووی زەوییدا شوێنیان ئەمێنێ! ئەو حەلەش ئەم بولبولە دەنووک ئەکاتەوە، بەناو نەوەی پاشەڕۆژا، بەناو خوار و ژووری کوردستانا سەرگوروشتەی عەشقی من و تۆ، دەماودەم ئەگێڕێ، ئەیگێڕێ وەک بەسەرهاتی شیرین و فەرهاد، وەک بەسەرهاتی لەیلا و مەجنوون![١]

خورشید

[تەواو]

🕮 ✡ پ. ن؛ کە: ٩٥/١/٤٤(*)
[عەبدالله عەزیز عەبدوڕڕەحیم ـــــ مستەفا سایب][٢]
[١٩٣٣/٥/٦ز - کۆیسنجق]
[٣]Koysincak 6/5/33

ڕۆحەکەم کاک مستەفا

قاقەزەکەتم وەرگرت. لە مژدەی سەلامەتیتان، زۆر خۆشحاڵ بووم. ئێمە لێرە و هەولێر قەرارمان دابوو کە بۆ هیچ کەس جەژنە پیرۆزە نەنووسین، بەڵام قارتێکی زۆرمان بۆ هات، من جوابی «٧» قارتم داوە، موقابیل بە «٤٩» قارت! ئینجا بابێینە سەر جوابی سوئالەکانتان:

١- مەلا ئەسعەد ئەڵێ؛ من هەر ئەشعاری شێخ ڕەزا و حاجیی قادرم لەبەرە و بەیازم نەبووە و نییە![٤] ئەشعاری شێخ ڕەزا هەرچییەکم لەبەر بوو، وتوومە بەکاکە مەلا سەلیم

(١) ئەم نامەیە و نامەکەی بۆ پیرەمێرد - وەک باسی گۆران کراوە - دوو وێنەی دی (ئەدەبی نامەی هونەرانەی کوردین) و دەنگی نامەی هونەرانەی نوێیە کە بەرە بەرە لە ئەدەبی کوردییدا جێگەی خۆی پتەو کرد و باوی نامەی هونەرانەی کۆنی پاکۆ کرد!
(*) گەنجینەی عەبدالله عەزیز (لە نەژادی کوڕییەوە)، هەولێر - ١٩٨٥/٨/٢٣ز.
(٢) بۆ ژیننامەی عەبدالله عەزیز، بنۆڕە: نێوداران.
(٣) بەلاتینیی نووسراوە.
(٤) مەلا ئەسعەد، مەلاییێکی نابینای دەنگ خۆش و هاوەڵی (سێوە)ی مەقامبێژ بووە و پێکەوە - لە کۆڕی کۆمەڵییدا - گۆرانیی تۆمارکراویان لەسەر شریتی ماگنێتەفۆن هەیە، بەڵام گۆبیندەی ڕادیۆ نەبووە. من لە بەرنامەی (دەنگی هونەر - س ١٩٦٦ز)دا وێنەی گۆرانیی گوتینم لە ڕادیۆی کوردیی بەغدادەوە بڵاو کردەوە!.



ئاغای کۆیی کە ئێستە لە بەغدایە تەبعی بکا، وا لە بەغدا خەریکیەتی.[١]

وە سەیید ئەحمەدی شێخ کەریم، دراوسێی منە، ئەمە چەند ڕۆژێکە لە شار نییە، چووەتە دەرەوە! کە هات لێی ئەپرسم، بەهەموو قووەتی خۆم سەعیی لەگەڵ ئەکەم، ئەگەر مووەفەق بووم، خەبەرتان لێ ئەگێڕمەوە.

٢- نوسخەی (لاتین)ەکە، لە هەولێر بووم بۆ ئەوانیشت ناردبوو.[٢]

لێرە هەموو موعەللیمەکان لەبەریان نووسییانەوە و تەلەبەی سونفی شەشەم و پێنجەم هەروا. ئینشاالله جارێکی کە بەو حەرفانە قاقەزتان بۆ ئەنووسمەوە.

٣- A/ ئا: مەکتەبەکەمان شەش سونف و سونفی یێکەم دوو شوعبەیە. مەوجوودی عومووم «٢٣٥» قوتابییە. سونفی یێکەم، شوعبەی (بێ - ٨٦)، یێکەم، شوعبەی (ئە - ٤١)، دووەم؛ ٢٧، چوارەم: ١٤، پێنجەم: ١٦، شەشەم: ١٥ - ٢٤.

B/ بێ: بەمودیرەوە «٧» موعەللیمین. هەر موعەللیمێک «٣٢» دەرسی تەواوی هەیە لە هەفتەییێکدا، بێ ئیستراحەت! سەد جار زیاتر نووسرا بۆ موعەللیمێک نەیانداینێ! ئیحتیاجی شەدید هەیە بۆ موعەللیمێکی تر. موعەللیمەکان هەموو کوردن.

(١) کوردیی - مەریوانیی لە س ١٩٣٥ز.دا (دیوانی شێخ ڕەزا)یان چاپ کرد و لە پێشەکییدا نووسیویانە: (دیوانەکەیان لە مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا و محەممەد عەلیی ئەفەندییەوە وەرگرتووە!). ڕاستییەکەیشی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای حەوێزیی کۆیە کە دوای ساڵی ١٩١٨ز کەوتووەتە کۆکردنەوەی شیعرە پەرت و بڵاوەکانی حاجیی قادری کۆیی و ئامادەی چاپی کردبوو، هێندێکی لێ دابوون بەعەبدوڕڕەحمان سەعید و دوایی بەکەسانی دی وەک گیوی موکریانیی و محەممەد تۆفیق وردیی، بەڵام تا کۆچی ماڵئاوایی بۆی نەکرا، بەری ڕەنجی چاپ بکات.
(٢) مەبەست ئەلفابێی لاتینە! شایانی باسە ئەم کۆششە یێکەمە لە - کوردستانی باشووردا - گۆڤاری (دیاریی کوردستان: ١٩٢٥/١٢/٥/ گوتاری کوردیی بەچ حەرفێ بنووسرێ؟) دەستی بەنووسین و بڵاوکردنەوەی ئەلفابێی لاتینیی کرد. ئەمەش زۆر بڕی نەکرد ئەگەرچیی (ژیان - س ١٢، ژ ٥٣٨، دووشەممە: ١٩٣٧/٩/٣٠؛ گوتاری: هاوار بۆ لاوان - بۆ ژیانەوەی زبانی کوردی)ی، تیپی لاتینیی بڵاو کردەوە و بەهیوای سەرگرتنی ئەم باسە بوو. بەڵام دیسان کۆششەکە بڕی نەکرد کە مەڵامەت ڕازیی نەبوونی ڕیزە حوکوومەتەکانی مەملەکەتی عێراقی عەرەب بوو کە تا ئەوڕۆ بەربەرەکانیی دەکەن. هەڵبەت لە ئێرەدا کرد و کۆشی ئەو پیشینانەی وەک ئیسماعیل حەققی شاوەیس، مەحموود جەودەت، تۆفیق وەهبیی، مستەفا سایب، بەتایبەتی پیرەمێرد - کە خۆی و ڕۆژنامەی ژیان تووشی بەربەرەکانێی کاربەدەستەکان بوون - دەبێت لە خانەییێکی بەرز و مێژووییدا نیشانە بکرێن!

C/سی: گۆرانیی کوردیی ئەڵێن و بەدەرسی ئەخوێنن و عەرەبییش هەر وا. ڕیازەی بەدەنییە لە هەولێر بەعارەبییە، بەڵام لە (کۆیە)دا پاش سەعییەکی زۆر، من کردوومە بەکوردیی. لەسەر ئەو تەرتیبە کە لە وەختی خۆیدا لە سلێمانیی تەرتیب کرابوو. ئەگەرچیی مەنعیان کردم، بەڵام من گوێم نەدا!

D/ دی: ئەفکاری عومومییە لە خوسووس خوێندن زۆر باش بووە. پارەکە مەوجوودی تەلەبە «١٧٠» کەسی بوو، تەنها موقەیید دین، ئەم ساڵ «٢٣٥» موقەییدە، «٢٥٠» موداویم هەیە، وە (مەکتەبی نەخوێندەواران) مەوجوودیان «٥٤» کەسە. خۆیان مەعاشی موعەللیم تەئمین ئەکەن. حوکوومەت هیچ یاریدەییێک نادا.

E/ ئە: پرۆپاغەندەی مودیری سابیق تەئسیری نەماوە، هەتا هیچم نەبیستووە لەم خوسووسەوە.

F/ ئیف: عەبدولخالیق ئیدارەی زۆر چاکە، بەڵام غایەت ترسنۆکە. بەزۆرێکی زۆر نەبێ خزمەتی پێ ناکرێ. جار جار تەبدیلی فیکر ئەکا.

خولاسە عەبدولخالیقی جاران نییە، نەختێ گۆڕاوە، ئەمەش تەئسیری «مووسڵ»ە.[١]

٤- موعەللیمی عەرەبیی، شێخ نوورەددین ئەفەندیی برای مەلای گەورە «کۆیە» و[٢] عەبدولخالیق ئەفەندییە!.

دەرسی عەرەبیی و کوردیی

| سونفی: ئە | بی | دووەم | سێیەم | چوارەم | پێنجەم |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٣ع، ٦ک | ٣ع، ٦ک | ٣/٨ | ٢/٧ک | ٢/٧ | ٦ع/٢ک |

٥- بەرزنجیی: لە خوسووس زبانەوە هیچ ئیلتیفاتێکی نییە و موخابەرە بەکوردییە شکاوەکەی ئەکا. حەز بەکورچیەتیی تەزاهور ئەکا بۆ تەحکیمی مەوقیعی خۆی![٣]

---

(١) مەبەست لە عەبدولواحید قوتبە کە ئەندامی (ک. ل. کورد) بوو.

(٢) مەلا گەورە: مەلا محەممەد جەلیی زادەی کۆیی؛ (١٨٧٦ز - ١٩٤٧ز) ئاییناس و شاعیرێکی کوردپەروەر، کە ساڵانی ١٩٣٠ز، ١٩٥٨ز، ١٩٦٩ز (دیوانی مەلا محەممەد کۆیی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

(٣) بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە مەبەست لە سەیید نووریی بەرزنجەییە، ئەو بێ کە لە ساڵانی ١٩٣٠ز - ١٩٣٥ز.دا (موفەتتیشی مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان) بوو لە کەرکووکدا بۆ چاودێریی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردیی لە کەرکووک، هەولێر، سلێمانییدا. بەر لە ئەم دەزگەیەش هەر =



............................................................

---

= لە کەرکووکدا و لە ساڵی ١٩٢٤ز.دا پشکنی قوتابخانەکان بوو. لە ئەیلوولی س ١٩٢٥ز.شدا مستەفا مەزهەری بۆ دانرا و دواییش دیسانەوە ئەم نورییە!

نووریی وەک بەرەگەز کوردە، لە نێو کوردستاندا ناسراو و دیار نەبووە و - وەک بەڵگەنامەیشم لەبەردەستە کە کۆنترینیان دەستنووسێکی خۆیەتی لە کاتی دیدەنیی کردنی قوتابخانەی فەیسەلییەی سەرەتایی سلێمانیی لە ٢٨/١٠/١٩٣٠ز.دا. دیارە کە قسە و نووسینی کوردیی، ناتەواو بووە. بەرۆشنایی لێ پرسینەوە و وردبوونەوەشم، دەرکەوتووە کە خۆپەرست بووە، بۆیێکا لە لایێن ڕێبەری مەعاریفی گشتییەوە؛ ساتیعولحوسەریی، کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ کۆسپ خستنە بەر خوێندن و خوێندەواریی کوردیی. بێ لە عەبداللە عەزیز، نووسەرانی دی وەک مستەفا سابیب، تەنانەت (بێ کەس)ی شاعیر ڕەخنە و توانجیان بەرەو ڕوو کردووەتەوە. ئەوەتە (بێ کەس) لە دەستنووسێکی تازە دۆزراوەدا - کاروان - س ٧، ژ ٧٧، تەمووز ١٩٨٨ز/ بێگەرد جەلال - دوو قەسیدەی تانە و تەشەری لێ نووسیوە و بەسەرنێوی ئەوەوە (قەسیدە رائیعە لیلسەیید نووریی بەرزنجەیی ئەلکونەکۆتری)یەوە و بەزمانی ئەوەوە دەڵێت:

ئەو سلێمانیی جیددەن زۆر لەتیف
وەلاسیەما لە فەسڵ خەریف
موناخ موعتەدیل، ئەشجار موختەلیف
ئەشهەدو باللە لە خۆم موعتەریف
لاکین لەو بەلەدە هیچ نییە عیمران
بەمەرقەد باوکم میسل سەر قەبران
عەلاوا موتەسەڕریف دەبم لە یێک ساڵ
ئینقیلاب سوهوول دەیدە بەئەحواڵ
ئەو سلێمانیی دەبێ لە جەننەت
ئیزدیهار دەیکا لە عیلم و سەنعەت
جەمیع شەواریع تەبلیت دەیکردم
یێک شوهرەت گەورە لە خۆم دەیبردم
ئەبنیە عوموووم لە تەڕاز حەدیس
تەشر دەیکردم تەفسیر و حەدیس
تۆ زەن نەیکا خۆم شەخس خورافیی
بەس یێک ئیشارە لە عاقڵ کافیی
ئەم بەلەد حاڵی مەنزەر حەزینە
لازم حەدائیق لە ئەو مەدینە
=

٦- ڕانییە؛ مەکتەبی لێیە! سێ سونفی هەیە، بەڵام یێک موعەللیم «٤٠» تەلەبەی هەیە، بەڵام سونفەکەی وابزانم غەیری ڕەسمییە، هەر سونفێکی ڕەسمییە!

٧- موخابەرەی مەکتەب بۆ داخیل و خاریج هەر بەکوردییە، ئیللا ئەگەر لەگەڵ بەغداد یا جێگاییێکی تر ئیقیزا بکا، ئەو وەختە بەعارەبیی بێ!

٨- موخابەراتی دائیرەکانی تر: تاپۆ، گومرگ، شورتە، سیحە؛ عەرەبییە! داخیلییە، مالییە، ئەوقاف، عەدلییە، مەعاریف؛ کوردییە!.

٩- قائیمقام؛ وەزعییەتی موناسیبە. حەز لە کوردییەت ئەکا، بەڵام خۆی ئەپارێزێ!.

B/ بی: جار جار خۆی دەرئەخا.

C/ سی: مەسئەلەکەی قائیمقامیەتیی حەمدیی غەفوورمان نەبیستووە، بەڵام ئەڵێن جەمیل ئاغا تەقاعود کراوە، بەڵام تەعلیق کراوە.

D/ دی: وەزعییەتی قائیمقام لەگەڵ موتەسەڕڕیف و یا موتەسەڕڕیف لەگەڵ ئەو،

---

= خۆم بەعەون الله زۆر ئەمەل دەیکەم
ئەو دیقەت زانی چۆن عەمەل دەیکەم
میسل هەموو شت لەو مەنسەب جەدید
ئیقتیراح ئەیکەم یێک فیکر سەدید
تەبعەن خۆم عالیم لە لوغەت کوردیی
بەعز لە ئەشخاس میسل خۆم عاقیل
ئەو لیسان کوردیی زۆر عالیم فازیل
تەشویقات ئەیکەم بەئەوان هەر جار
تەئلیف مالّی خۆم بیکەن ئینتیشار
یێک قامووس کوردیی دەیکەم لەخۆم غەریب
عومووم ئیعتیراف بیکا خۆم ئەدیب
حورمەتەن لە کورد مین بەعد دیوان
لە خۆم هەدییە بەخاتیرشینیان
لە یێک موددەی کەم ئەو شەعب نەجیب
لە جەهل خەلاس ئەیکەم عەن قەریب(*)

*(*) بۆ هێنانی هەواڵی دی نووریی بەرزنجەیی، بنۆڕە نامەکانی مستەفا مەلا ئەحمەد - سایبب کە بۆ مەبعووسەکانی ناردووە!*



بەتەواویی نازانم. بەڵام وەکو ئەبییەم بەینیان ناکۆکە، وە لە «کۆیە»دا ئاساری عیمران و ئیسلاحات و تەرەققیی ئەبەدییەت نییە!.

١٠- فیکری کوردایەتیی و حیسسییاتی وەتەنییەت لە «کۆیە»دا لە بەینی تەلەبە و قوتابیی و خوێندەواران و تێگەیشتوان زۆر ئومێد بەخشە، بەڵام زۆر بێ جەسارەت و ترسنۆکن، چونکە چاوترس کراون!.

داخیلییە

| جینسییەتی | ویلادەتی | تەربییە | ناوی |
|---|---|---|---|
| ١- قائیمقام - کورد | کۆیی | کۆیی | جەمیل ئاغا |
| ٢- کاتیبی تەحریر - کورد | کۆیی | کۆیی | تاهیر چەلەبی |
| ٣- کاتیبی دووەم - کورد | کۆیی | کۆیی | وەهاب ئاغا |

مالییە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- ماڵ مودیریی - تورکمان | توزخورماتوو | تووزیی | حسێن ئەفەندی |
| ٢- کاتیبی مالییە - کورد | کەرکووک | شەقلاوە - کۆیی | فەتح الله ئەفەندی |
| ٣- سەندووق ئەمینیی - تورکمان | کۆیی | کۆیی | تاهیر چەلەبی |
| ٤- تەحسیلدار - کورد | کۆیی | کۆیی | سمایل ئاغا |
| ٥- تەحسیلدار - کورد | کەرکووک | کەرکووک | عەلیی ئەفەندی |

گومرگ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- مودیری گومرگ | بەغداد | بەغداد | عەلیی غالب ئەفەندیی |
| ٢- کاتیب - عەرەب | عیمارە | عیمارە | عەمدیی ئەفەندی |
| ٣- کاتیب - عەرەب | بەغداد | بەغداد | ڕەئووف |
| ٤- کاتیب - عەرەب | سلێمانیی | سلێمانی | ڕەشید مەعرووف ئاغا |

تاپۆ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- مەئموور - عەرەب | مووسڵ | مووسڵ | ئیسماعیل ئەفەندیی |
| ٢- موهەندیسی - عەرەب | مووسڵ | مووسڵ | حەمدیی ئەفەندیی |

مەسیحییە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- دوقتۆر – عەرەب | شام | شام | سەلاحوددین |
| ٢- ئەجزاچیی – ئرمەنیی | حەلەب | ئەستانبوول | حەمدیی ئەفەندیی |

ئەوقاف

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- مەئموور – کورد | هەولێر | – | ڕەئووف ئەفەندیی |
| ٢- قۆمیسەر – هەولێرییە | (عەبدولقادر ئەفەندیی نیوە کورد و عارەب) | | |

١٢- ئەگەر مومکینتان ئەبێ نەشرەی پێنجی (خۆیبوون)مان بۆ پەیدا بکەن، زۆر خزمەتێکی گەورەیە بۆ کوردانی ئێرە. نەماندیوە![1] قاقەزەکەتان جوابی نەختێ تەئخیر بوو، عەفوومان بفەرموون، چونکە لە «هەولێر» بووم، کە هاتمەوە کۆیە لە پۆستەخانەدا تەئخیر ببوو. ئیتر حورمەت و حەمییەت، بژی بۆ ئەم میللەتە هەژارەمان کە چەند کەسان بەسایەی ئەوەوە خیانەتیشی لێ ئەکا.

(ئیمزا)

براتان (ئەولا)

Aulla

(١) خۆیبوون، پارتێکی نهێنیی نەتەوەیی سەربەستیی خوازی کورد، خۆی لە ١٩٢٠ز.دا لە لایێن سورەییا بەدرخانەوە لە قاهیرەدا دامەزرا. بەڵام لە (بحەمدوون/ بەیرووت – تەشرینی یێکەم ١٩٢٧ز)دا یێکەم کۆنگرەی گرێدا و چوار کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردستانی باکوور تێیدا بەشدار و یێکگرتوو بوو. نوێنەری سلێمانیی بۆ کۆنگرە؛ نەتەوەپەروەر کەریم ڕۆستەم – شالوم – بوو. بەڵگەنامەی ئینگلیزیی بڵاوکراوەی در. کەمال مەزهەر لە (ڕەنگین – ژ ٨٨)دا قەبارەی لقی سلێمانیی لە ساڵی ١٩٢٨ز.دا بە «١٨» کەس خەمڵاندووە و مستەفا سایب سەرۆکی بوو. جێگەی باسە، هەر در. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە (ڕۆشنبیریی نوێ – س ١٩٦٦ز)دا لەمەڕ ئەم کۆمەڵەیە، بەڵگەنامەی خستووەتە ڕوو کە هەرچیی ئەو تەواو تیر و تانە و تەشەرانەی هەن و دەبێژن گۆیا؛ کۆمەڵەی دەستنێژی ئینگلیز بوو فرانسەکانە، هەموو درۆ و پڕوپووچن و کۆمەڵەکە – ئەگەرچیی ئۆتۆنۆمیی خوازی کوردستان بووە – کوردایەتییەکەی وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە. لێکۆڵینەوەی نوێش جەخت دەکات کە دروشمی خود موختاریی خوازیی کۆمەڵەی نێوبراو، هەڵەیێکی سیاسیی و مێژوویی گەورەی کۆمەڵەکە بووە، چونکە ئاوێکی ڕشت، تا ئەوڕۆ ئەو دروشمە بووە بەتەوقێ لە گەردنی بزاڤی نەتەوەیی کورددا و تا ئەوڕۆش ئەنجامەکانی بەخراپە بەسەر کورد و کوردستاندا شکاوەتەوە و داگیرکەرەکان و ئیمپریالیزمی گێتیی پتر کەڵکیان لێ وەرگرتووە.



حیسسییات و ئەفکاری قوتابییەکان شایانی فەخرە، هەموو لەگەڵ تەلەبەی سلێمانیی موخابەرە و موحەببەتتانی هەیە.

١٣- ڕەنگە ئەم مەعلووماتەش نەختێ لازمتان بێ؛ واریداتی عومومییەتی قەزای کۆیسنجق لە نیسانی ١٩٣٠ هەتا نیهایەتی کانوون سانیی ساڵی مەزکوور؛ ٦/ ١٩٣٠ «١٣٥٨٥٠» ڕوپییەیە. سەرفییاتی «٩١٦٥٠» ڕوپییەیە، زیادەکەی نێرراوە بۆ لیوا و لەوێوە بۆ خەزینەی عومومییە. ئەمە بێجگە لە واریداتی گومرگ. ئەگەر لازمتان بوو، ئەویشتان بۆ ئەنێرم!

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ٩٦/١/٤٥(*)

[مەلا عەبدالله مەلا ڕەسووڵ – زیوەر ـــــ شێخ مەحموود حەفید زادە][1]

[سلێمانیی]

١٤ی ڕەمەزان ١٣٤٠ [ک/ پێنجشەممە ١٩٢٢/٥/١١ز]

چە بەدبەختم، چ سەرسەختم لە دووریی تۆ کەوا ماوم

جەلای بۆ ماوە، نازانم لە دووریی چاوی تۆ، چاوم؟

سەییدم

سیحەتی تۆ بۆ من کە لە هەموو نیعمەتی دنیا زیاترە، ئەلحەمدولەهوو، خەبەرم زانیوە. ئینشاالله شەرەفی زیارەتیشم دەست دەکەوێ!

ئەحواڵی خوسووسیی خۆم، چیی عەرز بکەم؟ ئێستا لە مەکتەبدام و تەسەللای خاتیر بەچاوپێکەوتنی وەلیی نیعمەت زادەیە کە لە مەکتەبدایە، ڕەئووف خوا عومر درێژی کا، چ من و چ موعەللیمەکان، هەموو لێی ڕازیین؛ لە ئەخلاقی، لە ئادابی، لە شەوقی بۆ خوێندن، عیلم و عیرفان.[2] خۆت ئەیزانیی نە مەرایی ئەزانم، نە درۆ، هەرچیی عەرز ئەکەم، ڕاستە. دەستی شێخ محەممەد غەریب[3] ماچ ئەکەم. شێخ مارفیش چەند ڕۆژێکە

(*) وەرگیراو لە کوڕی؛ مەحموود زیوەر – سلێمانیی: ١٩٩٣/٢/٣ز.

(١)- بۆ ژیننامەی زێوەر بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ڕەئووف کوڕە گەورەی حەفید زادە.

(٣) محەممەد غەریب؛ شێخ حەمە غەریب، ئامۆزای حەفید زادە، دیل کراو – لەگەڵ حەفید زادە – هەروەها ئاوارە و بەندکراو لە هیندوستاندا.

هاتووەتە مەکتەب،[١] ئەمما بەسەردان ڕۆییوەتەوە قازانقایە، سەودای ئەویش خراپ نییە.

کاغەزی جەنابتانم ئەگەر چ وەک سەلامتان نەمدیوە، وەکو بیستوومە لە ڕەئووف عاجز بوون، ناحەقە! من شارەزای وەزع و حەرەکاتیانم. ڕەئووف پیاوە، بابا عەلیی هەموو شتێکە و ئەڵێی ئاوە، لە هەر قاڵبێکدا، بەڕەنگێ ئەنوێنێ! خوا بیانهێڵێ و بەزوودیی بەباوکی خۆیان بگەیێنێ و باوکیان لە غوربەت و غەمدا نەمێنێ، ئامین![٢]

ئەم ڕوباعییەم لە ئێراندا دانا، کردم بەزیکر و ویردی خۆم، خوا زوو نەجاتی دام.[٣]

ای بحر عطای تو نهان از خط ساحل
وی نقشهء إحسان تو بیرون از جداول
من سائل درگاه کریمی چو تو هستم
از لطف (فلا تنهر) اسف رفع کن از اول[٤]

(ئیمزای زیوەر)
١٤ی ڕەمەزان ٣٤٠

[تەواو]

---

(١) شێخ مارف کوڕی شێخ محەممەد غەریب.
(٢) مەبەست دوورە ولاتیی حەفید زادەیە. وەک مێژووی نامەکەش دیارە، ئەم نامەیەی بۆ (کوێت) ناردووە کە لە ٢٩ی جومادیی یێکەم ١٣٤٠ک) ١٩٢٢/١/٢٨، بەشێوەی دەستبەسەرێکی سیاسیی - لە هیندوستانەوە - گەییشتە ئەوێ و تا ١٠ - ١٩٢٢/٤/١١ز.ی تێدا بردە سەر و دوایی لە ١٩٢٢/٩/١٢ز.دا گەییشتە بەغداد و تا ١٩٢٢/٩/١٩ز.ی تێدا مایەوە و ئەوجا ڕۆژی ١٩٢٢/٩/٣٠ز گەییشتەوە سلێمانیی.
(٣) مەبەستی لە ئەو ڕۆژگارانەیە کە دوای نوشوستیی یێکەم شۆڕشی ڕسگاریخوازیی حەفید زادە - ١٩١٩/٥/٢١ز - کابان و منداڵان و خزمان و دۆست و لایێنگرەکانی حەفید زادە - وەک زێوەر خۆی - کەوتنە شاخ و کێوان و کوردستانی خۆرهەلات و باکوورەوە!.
(٤) واتای چوارییینەکە:

ئەی ئەوێ کە دەریای بەخشینی تۆ بێ کەنار و سنوورە
وەی نەخشی چاکەی تۆ کە لە ڕادە بەدەرە
من سواڵکەری بەر دەرگەی بەخشینی تۆم
هەر لە سەرەتاوە بەلوتفی(فلا تنهر)ەوە دریغ هەڵبگرە!



📖 پ. ن؛ کە: ٩٧/٢/٤٥[*]
[زێوەر ـــ عەلیی عەبدوڕڕەحمان قادر - عەلیی کەمال][١]
[سلێمانیی]
[-/١٩٤٣/٧ز]

موحتەرەم عەلیی کەمال بەگ

بۆ بەیانی حیسسیياتی وەتەنپەروەرانە و وەفاکارانەی ئێوە جوملە و عیبارەتێ نادۆزمەوە کە ئەم مەقسەدەم بەجێ بێنێ. بۆ بینینی ئەرک و وەزیفەیەت، دوعام هەر ئەوەیە بەخوا؛ ئەمسالت زیادکا!

وەختێ لە حەربییەی ئەستەموولّ بەزابتیی دەرچوون و تەشریفتان هاتەوە سلێمانیی، لەبیرمە، نەقشی دڵمە؛ ئەووەڵ ڕۆژ یا دووەم ڕۆژی هاتنەوەت بوو، لەپێش هەموو دۆست و خۆشەویستێکا، هاتی بۆ لای من... وەفای تەبیعیی و لازیمەی ئینسانییەت، لەو تافی نەوجوانییەدا بەکارهێنا، وە دووبارە فەرامۆشی خاتیرەم نابێ!.

ئیحتیفالێ کە بەشەرەفی ئێوەوە، لەبەر دەرگەی سەرای سلێمانییدا کرا، لە ناو ئەو هەموو خەڵقە کە منت بەچاو کرد، ساعەتەن تەشریفت بۆ موسافەحە و حاڵپرسیی، ئومەرا و ئەشرافت بەجێ هێشت و ئیختیاری مولاقاتی ئێمەت فەرموو.

بەگم؛ هەموو کاری تۆ، دوور لە ڕیا و ئاوازەیە. بۆ دوعای سەعادەت و ئیقباڵت تەنیا نیم و عالەم شەریکن و ئەڵێم؛ (کریم متى أمدَحُه. أمدَحه والورى معي، واذا لُمْتُه، لمتُه وحدي/ کەریمون مەتا ئەمدەحوهو، ئەمدەحوهو وەلوەرا مەعی، وە ئیز لومتوهو، لومتوهو وەحدی!).[٢]

خوا هەتا دەیری زەمان بەرقەرار و پایەدارت کا! ئامین.

(......)

[تەواو]

---

(*) گەلاوێژ - تەمووز ١٩٤٣ز.
(١) بۆ ژیننامەی عەلیی کەمال بنۆڕە: نێوداران.
(٢) واتە: جوامێرە هەر ستاییشی بکەم و خەڵکیش لەگەڵمە. ئەگەر گازندەیشی لێ بکەم، هەر خۆمم لێی دەکەم!.

☼ پ. ن؛ کە: ٩٨/٣/٤٥[*]

[زێوەر ـــ حەسەن فەهمی جاف]

[سلێمانیی]

١٩٤٦/١٢/١٠[ز]

بۆ خدمەتی میری ڕەوشەن زەمیر

حەمەعەلیی بەگزادە، حەسەن بەگ... تەقدیم

لە پاش عەرزی ئیحتیرام، غیابەن ئیخلاسی جەنابتانم بووە، چونکە ماددەتەن شەوکەوت و حیشمەتی ئەجدادی تۆم دیوە و مەعنەن ئاساری خەیرییەی باپیریشت[١] لە «سەعدییە» دیققەتم کردووە؛ ئەوقاف و مزگەوت و خەیراتی دائیمیی مەرحوومی پاشا نومایە!

زۆر خۆشحاڵم کە زانیومە لەو گوڵزارە، گوڵی وجوودی ئێوە باقیی و سەردارە. بینائەن عەلێهـ، لە ئەسەری خەرافات لابەری خۆم، بۆ یادگار نوسخەیێکم تەقدیم کرد.[٢]

ئەزانم کە جەنابتان پێ گەییشتووی تێ گەییشتوون و چەند شیعریشم کردە ڕەفیقی کە بەیانی حەقیقەتم کردووە، بۆ ئێوە قەترە بەدەریایەکە. وەکو لە ئاخیری شیعرەکاندا گوتوومە، لە سەد نەوەد و نۆی نوقسانە!

ئەم ڕجای خوسووسییەم لە خزمەتدا ئەوەیە؛ نە عەریزەکەم بەعەریزەی تەڵەب بناسە و نە کتێبەکە لە زیمنی هیچ مەتڵەبێکا تەقدیم کراوە و بەئومێدی هیچ جائیزە و موکافات نەنێرراوە. ڕجا ئەکەم کە ئەویش هەر بەموحەببەت و یادگاریی قوبووڵ بفەرموون!

---

(*) وەرگیراو لە مەحموود زیوەر – سلێمانیی؛ ١٩٩٣/١٢/٣ (گوتی خۆیشی لە محەممەد مەلا کەریمی وەرگرتووە!).

(١) مەبەست مەحموود پاشای جافە.

(٢) مەبەست دانراوەکەی خۆیەتی؛ چیرۆکی هۆنراوەیی: (چیرۆکی خێوی ناو مزگەوت و سۆفی کەریمی چەرچیی – س ١٩٤٦) کە بیست لاپەڕەیە و بابەتێکی پەروەردەیی و کۆمەڵییە بۆ پووچبوونەوەی هێندێ ئەندێشە و باوی کۆنی کۆمەڵی کوردەواریی. بەتایبەتی بەبۆنەی خەو دیتنەوە بەدێو و درنج و هتد! شێوازی داڕشتنی ئاسان و ڕەوانە و گەورە و بچووک چێژی دەکەن. زمان و هۆنینەوەیشی هاوشانی باری کۆمەڵیی و ڕۆشنبیریی سەردەمەکەیە.



بێخود[١] کە تەشریفی لە خدمەتدایە، ئەزانێ و شارەزایە تا عومرم گەییشتووەتە ئەم وەقتە، شیعرفرۆشییم نەکردووە و ئێوەش هەر وای بزانن بەگم.[٢]

دوو حەسەن ئیبنی عەلیی، شوهرەتیان تا قافە
(هاشیمیوننەسب/هاشميّ النسب) ئەووەڵ،ئەویی ئاخیر جافە
جەددی ئەو دانەری ئەحکام و شەریعەت بوو، هەموو
جەددی ئەم تابیعی ئایات و... حەدیسی ئەو بوو
ئەو ئیمامی دووەمین بوو، بەشەرەف بوو، بەمەقام
وا ئەمیش ناوی ئەوی گرتەوە، نەیکردووە حەرام
ناوی بەگزادەیی جاف تاکو لە مەیدانا بێ
باسی ساسانیی لە ناو گۆشەیی نیسیانا بێ
ئەم لە سامانییەکان کەم نییە تەبع و هونەری
فەخرە بۆ میللەتی، بۆ عەشرەتی سەعیی و سەمەری
نەوەد و نۆی کەمە ئەم مەدحە، لە سەد بۆ ئێوە
جارێ بام هێندە بێ، هەر باسی جنۆکە و خێوە!
(ئیمزا)

موخلێستان / زیوەر
٩٤٦/١٢/١٠

[تەواو]

---

(١) مەبەست مەلا مەحموود موفتیی، بێخودی شاعیرە کە ئەوێ دەمێ لە هەڵەبجە بوو؛ کاتێ کە موفتیی عەبدولعەزیزی کاکی لە ١٩٤٨/٨/٢٠دا مرد، هاتەوە سلێمانیی و جێگەی گرتەوە!.

(٢) وەک فۆتۆکۆپیی نامەکە لەبەرچاوە، حەسەن فەهمیی، بەقەڵەمی خۆی پەراوێزێکی خستووەتە سەر نامەکە و دەبێژێت؛ (جەنابی شاعیری مەشهوور زێوەر ئەفەندیی، لە ڕووی لوتفەوە لەگەڵ کاغەزێکی «...» بۆ ناردبووم. زۆر سوپاسی و لە منەوە مەرحەمەتی ئەم زاتە بەقیمەتە ئەکەم کە بەبێ ئەوەی قەتعییەن بەخزمەتی گەییشتبم، وا مەرحەمەتی فەرمووە!

ئیمزا
جاف
هەڵەبجە ١٤ی کانوون ١ سەنە ١٩٤٦
(١٩٤٦/١٢/١٤ز)

☼ پ. ن؛ كە: ٩٩/١/٤٦(*)

[عەبدوڕڕەحمان سەيید عەبدوللەتیف/ گیوی موکریانیی ـــ ڕەفیق حیلمیی][1]

[هەولێر]

٩٦٠/٣/٢ [ز][2]

زانای موحتەرەم و بەڕێز

سەعادەتی مامۆستا ڕەفیق بەگ حیلمیی خۆشەویست

لە خوای تاک و تەنیا ئاواتەخوازی ساغیی و خۆشیتانم. ئێمە جارێ ماوین و چاوەڕێی هاتنتانین. نازانم بەو گەرمایەی بۆچیی سەرێک لە هەولێر و شەقڵاوە نادەن؟ کە (شیرین) و (گەلاوێژ) گەڕانەوە، باسی ناسازیی ئێوەیان کرد![3] زۆر دڵتەنگ بووم، ئومێد وایە بەئارەزووی ئێمە ساخ و خۆش و بەختیار بن!. دوو کەلیمە عەرزم هەیە:

١- حەز دەکەم ناوی (هەتاو) بگۆڕم، بیکەمە (کوردستان)، ئایا لە وەزارەتی ئیرشاد، کەسێکی وا ناناسن، یارمەتیمان بدەن!.

٢- قاموسێکی گەورەم هەیە، لە کوردییەوە بۆ عەرەبییە؛ ئایا بۆ ئێوەی بنێرم نیشانی (جەمعییەتی ئودەبا)ی بدەن، تا یارمەتیم بۆ چاپ کردنی بدەن؟ یا خۆم ڕاستەوخۆ بۆیان بنێرم؟[4] ئیتر چاوەڕێی هیممەتتانم.

(ئیمزا)

بەندە

منداڵەکان دەستی هەموو لایێکتان ماچ دەکەن!

[تەواو]

---

(*) وەرگیراو -بەنامە- لە ناهیدە ڕەفیق حیلمییەوە.

(١) بۆ ژیننامەی عەبدوڕڕەحمان سەیید عەبدوللەتیف - گیوی موکریانیی، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ئەم نامەیە لە سنووری مێژوویی کتێبەکە دەرچووە، بەڵام چونکە نامەی دی ئەم ڕۆژنامەڤانەم دەستگیر نەبووە و پێویستم زانیی وێنەی نامەنووسینی بنوێنم، ناچار خستمە ڕوو. داوای چاوپۆشینی زانست دەکەم!.

(٣)- نێوەکان، کیژانی نامەهەنێرن!.

(٤) مەبەستی لە جەمعییەتی ئودەبا، (یێکیێتیی ئەدیبانی عێراقە) کە ئەو هەلە ڕەفیق حیلمیی جێگری سەرۆکی بووە!.



☼ پ. ن؛ كە: ١٠٠/١/٤٧(*)

[مەلا عەبدولکەریم فەتاح - مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس ـــ حەسەن فەهمیی جاف][1]

[کەرکووک]

١٩٥٨/٢/١٨[ز]

بۆ حوزووری میری گەورە و پایەبەرز و موحتەرەم

جەنابی حەسەن فەهمی بەگ تەقدیم

بەر لە هەموو شتێ دوعای دەوامی سیححەت و سەعادەت و خۆشیی دڵتان ئەکەم وە لە خوای گەورە نیازمەندم کە سەرووی سێبەرداری وجوودتتان لە بای ناسازی خەزانی زەمانە پارێزراو وە بەئاوی گەوارای خۆشیی وە نەسیمی بەهاری سەفا و دڵشادیی، ڕوو لە بەرزیی و سەرکەوتن بن وە بەدڵخوازیی دۆستان، لە بوستانی مەراما بەکامەرانیی ڕابوێرن.

میرم

دەمێکە لە ئەحواڵتان بێ خەبەرم، ئەوەندەم خەیاڵ کرد، زۆری نەماوە سەبوونی ئیشتیاق و ئارەزوومەندیی، خەزینەی خەیاڵم بسووتێنێ. ئینجا بۆ باوەشێنی دڵی بەتاوی خۆم، ئەم دوو کەلیمەیە - م/K - نووسیی بەڵکو بەشنۆی موژدەی سەلامەتیتان زیاتر لەوە کە ئەمەوێ دڵم فێنک ببێتەوە.

ئەحواڵی موخلیسی خۆتان ئەپرسن؛ ئەلحەمدوللە سیححەتم باشە وە وەختم لەگەڵ دەرس و تەڵەبە و تەماشای کتێبەکان ڕائەبوێرم وە لەم ماوەدا مەشغووڵ بووم... تەقریبەن سێ هەزار شیعرێ لە غەزەلیاتی (مەولەویی)م گرد کردووەتەوە، یەعنی زۆر زیاتر لەو میقدارەی کە لە دوو جلدە چاپکراوەکەی خوالێخۆش بوو (پیرەمێرد)دا هەیە! بەم شەرتە، هەموو شیعرێکی وەها کە تۆزێ مەعنای گران بێ، موفرەداتەکەیم تەرجەمە کردووە بۆ کوردیی خۆمانە وە بۆ خولاسەی مەعناکەیشی تەعلیقەیێکم لەسەر نووسیوە، حەتتا ئەم بەیانییە لەسەر ئەو غەزەلەی کە لە وەڵامی مەرحووم مەحموود پاشادا نووسیویەوە کە لە

---

(*) گەنجینەی حەسەن فەهمی جاف (لە هۆشمەندی کوڕیەوە)، بەغداد - ١٩٩٧/٥/١٤ز.

(١)- بۆ ژیننامەی نامەهەنێر بنۆڕە: نێوداران.

ئەووەڵی غـەزەلەکـەیەوە نووسـیـویەتی؛ (ئەیاز هەمـراز ناڵەی داخ و دوود، عـەرزش هەن وەخاک ئاسانەی مەحموود) وە لە ناسکیی مەزموونی شیعرەکانی گەلێ قسەمان کرد.

ئەم مـەجـموعـەیە کـە من گـردم کـردووەتەوە، وە تەعلیـقـەم لەسـەر نووسـیـوە، ئەگـەر مووەففەق ببین، چاپی بکەین، زۆر خزمەتێکی ئەدەبیی گەورەیە و ئینشاالله مووەففەقیش ئەبین، لە ژێر سێبەری لوتفتان چاپی ئەکەین.

میرم

جا ئەگەر وەکو بیستوومە کە (دیوانی مەولەویی) لە لای جەنابتان هەیە، ڕێ ئەکەوێ بەوەعدەی مانگێ بەپۆستەی موسەججەللا بۆم ڕەوانە بفەرمووی، موتابەقەی بکەم لەگەڵ مەجموعەکەی خۆما، زۆر باشتر دەرئەچێ... وە فیعلەن کتێبێکی هۆنراوەی کوردیی بەعینوانی (بارانی ڕەحمەت) کە نزیکی سێ هەزار شیعر ئەبێ، وا لە ژێر چاپا، ئومێد ئەکەم لە مانگی دواییا دەرچێ وە ئینشاالله نوسخەت تەقدیم ئەکەم.

زۆر زۆر دوعای دەوامی نەجاح و سەلامەتیی نووری چاوم (هۆشمەند) تەقدیم ئەکەم وە عەرزی دوعام هەیە بۆ والیدەی وە دوعای خێر و عافیەت بۆ هەموو ئەفرادی ئوسرە و ئەتباعتان ئەکەم.

ئیتر بژین بۆ ژین و دڵ خۆشیمان گەورەم.(١)

وە لە لوتفتان بەرابەر بەشێخ هادیی شێخ حەسەن زۆر مەمنوون بووم!

نیازمەندی دەوامتان

لە تەکییەی تاڵەبانیی کەرکووک

عەبدولکەریم

[تەواو]

(١) مەلا عەبدولکەریم -بەقسەی مەحموود هۆشمەند- یێکی بووە لە دۆستەکانی بابی و لە ئەو کاتەشەوە کە سەردەمێ نووسەری شێخ عەلائوددینی بیارە بووە، تا دوا ڕۆژ هەر دۆست و ئاشنای نزیک بووە. لە ئەم هەڵەشدا کە لە کەرکووکدا ژیاوە، ئەوە ئەنجامی هەڵکەندرانی بووە - بەهۆی سیاسەتبازیی حەمەی کوڕیەوە - لە بیارەدا.



✡ پ. ن؛ کە: ١٠١/١/٤٨(*)

[عەبدولکەریم محەممەد فوئاد ــــ محەممەد عەلیی محەممەد فوئاد](١)

[هەڵەبجە]

[ز]١٩٥٠/٣/٢١

٩٠٠

عەزیزم حەمەعەلیی

هەموو بەجارێک چاوت ماچ ئەکەین. کاغەزەکەتان هات کە لە بەغداوە چاوەڕێی بووم، دوێنێ وەرمگرت؛ لە سیحەت و سەلامەتیتان مەسروور بووین. شوکر ئێمەش هەموو چاکین و بەهەموو سووڕەت بەتەمای (گوزیدە) بووین، کەچیی بزانم نەهاتن؟ چونکە لە پێش هاتنەوەی (کەمال) بۆی نووسیبی بووم کە دێن. دیارە دایکت نەیهێشتووە وە یا بۆی ڕێ نەکەوتووە. ئەیرەش ئێستە سەرمای نەماوە، چوونە دەشت و (...) و بەرکارێز، ئێواران کۆڕی ژنان و چا لێنان دەستی پێ کردووە، بەهارەکەی فەریکە. زاتەن ئەیرە وەکو جارێکی کەش بۆم نووسیبی بوون، ئەوەی خۆشە کەوا لەگەڵ ئەو ناوچەی حەلەبجە و تا مەددی چاو بۆ شارەزوور، سەوزە. کەچیی سەری چوار ئەترافی شاخەکان بەفرە، بەفرەکەش میل میل بووە، ئەڵێی شەرداخە. هەرە جوانیی مەنزەرەی شاخەکەی پشتی خورماڵە. ئەمڕۆ هەر ئەڵێی (...) خاڵ و میلی لێ داوە. ئەو مەنزەرەیە لای ئێمە لەسەری پیرەمەگروون هەیە کە لە ئێمەوە، یەعنی لە سلێمانییەوە دیار نییە!. ئێستە ڕەنگە بەهاری ئەوێ بەلای پیرییەوە بچێت و یا چووبێت. ئەیرە کنگری تازە پێگەیشتووە، لە سلێمانییش ڕەنگە هەر وەها بێت، ئەوەندە فەرق ناکەن.

عارف لە (مامە)(٢) دیارە تەواو گۆڕیوە. هیچ بەحسیان نییە و (مامە) تەواو حەقیەتی لەو سپڵـە دووڕووەی درۆزنە دەسی هەڵبگرێت! یێکێک بۆ ئیشێک بەدەستەوە نەبێت، هەر چ بڵێ درۆ بکا، شتی خەڵقیی هەمووی هی خۆی بێت کەچیی خۆی مەرامی یێکێک حاسڵ نەکات، ئیتر بەعەمەلی چیی دێ؟ ئەگەر لە فیکرت مابێت، ئاگات لێ بوو بۆ

(*) گەنجینەی کتێبخانەی محەممەد عەلیی فوئاد (لە ئازادی کوڕیەوە)، سلێمانیی - ١٩٩٧/٩/١٣ز.

(١) بۆ ژیننامەی نامەوەرگر بنۆڕە: نێوداران.

(٢) مامە؛ عەبدولقادری برایانە.

سەفەری نوفووسەکە، بۆ ئەسپە ڕەشەکەی چیبی بە (جەمال)(١)کرد؟ چوار سەد فلسی لێ سەند، چوو بەکرێ دای بەپێکێکی کە!! کرێکەیشی وەرگرت و پارەکەی نەدایەوە، جا ئەمە هەر کەسێ بیکردایە، ئیجابی ئەکرد شار بەدەر بکرێ.

لەم ڕۆژانەدا (مـامـە) لە بابەت کـێـلانی ڕەزەکـەوە کـاغـەزی بۆ نووسیبی بووم. هەرکە بەحسی ڕەزەکەم خوێندەوە، سەفەرەکەی «سیتەک»(٢) و ڕابواردنەکەمان و سەر و ڕیشی ئەحە ئەرخەوانیی ڕەزەوان و هەتیوە رووتەکەی برا گەڕەکە و گۆشت و قوش باشی و (...) و قـوبوولیی، هەمـوو بەجـارێ هاتەوە بەرچاوم، با خـوسـووس نزیکیی بەرەبەیان کـە کـاروانچی بەلامـانا بۆ شـار ڕابوردن و دەنگی زەنگی ملی کەرەکـانیـان ئەهاتە بەر گـوێم، بەوە هەر بەجارێ ئیحیا بوومەوە؛ مندالّیی و حەیات، بەشێکم هەر بەجارێ هاتەوە پێش چاو! ئینشاالله ئەم ساڵیش بەسەلامەتیی، ئەو سەفەرە بەخۆشیی ئەکەینەوە!

بۆ حیسـابی بیـتـاقەکـان(٣) بەخودا منیش بەتەما بووم، کـەچیی هیچ! ئەمـجا بەخـودا چونکە پارەیێکی زۆرم داناوە و ئەو ڕۆژەی کـە ئەیخـوێننەوە، ئەگـەر پیـاو نەیکرێت، پەشیـمان ئەبێـتەوە! فیکرم هەیە ئەم جارەش هەر بیکرم، موحتەمەلە پارە بۆ تۆ بنێرم بۆم بکڕن، بینێرن!

چاوی بەهیـە مـاچ ئەکـەم و سـەلام و حـورمـەتم بۆ سـالّح ئەفـەندیی لەگـەلّ تەبریکیی تەرفیعەکەی کە لە جەریدە دیم و زۆر لە زمان ئێمەوە چاوڕوونیی لە حەلاوەخان بکە!

حورمەتی زۆرم هەیە بۆ خالّۆ کـەریم بەگ(٤)، دیارە ئێـسـتـە مـەشـغـووڵە و نایپەرژێتـە مەنهەجەکەمان بۆ بنێرێت.

ئیـتر هیـچی کە نییـە بینووسم... چاوم لە نەجاحەت و ڕابواردنەکەی هاوینە، ئەگـەر مـام ڕەمەزان تێکی نەدا!(٥)

---

(١) کوڕیەتی.
(٢) سیتەک، گوندێکی نیوچەی شاباژێر و نزیکی سلێمانییییە.
(٣) مـەبەست لە بلیـتی بەخت ڕاکێـشـانە (یانەسیب) کـە لە سـالّەکـانی پەنجاکـاندا (مـانگی سـووری عیراقیی) سەرپەرشت و بلاوکەرەوەی بوو گۆیا بۆ چاکەی بنیاتنانی خەستانەخانە بەکار دەبرێت.
(٤) مەبەست کـەریم سـەعـیدی ناسـراو بەکەریم زانسـتـیـیە کـە کـارمـەندی ئەو کـاتەی ڕادیۆیی کـوردیی مەملەکەتی عێراق بوو، سەرپەرشتی گۆڤاری (هونا بەغداد/ بەشی کوردی)یشی دەکرد.
(٥) مەبەست لە مانگی ڕەمەزانە!.



مووەدەتێکە کاغەزی (جەمال) بۆ ئێمە نەهاتووە، مادام بۆ ئەیوە هاتووە، باشە و خەبەری سەلامەتیمان زانیی.

ئیتر ئەم جارە ئەوەندەتان بۆ ئەنووسم عەزیزم.

(ئیمزا: عەبدولکەریم)
٩٥٠/٣/٢١

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١٠٢/٢/٤٨(*)
[عەبدولکەریم محەممەد فوئاد ـــ محەممەد عەلیی محەممەد فوئاد]
[ش؟]
[ز]١٩٥٢/٢/١١

## ٩٠

عەزیزم حەمەعەلیی
چاوتان ماچ ئەکەم

کـاغـەزەکـەی ناردبووتان دوێنێ وەرمگرت، هەرچیی نووسـیـبـووتان مـەعلووم بـوو. بۆ تەوەففیی فەقیر موتەئەسسیر بووین! حەقیـقەتەن ئینسان هەر چلۆنێک تەقدیرات بکات، هەر بۆی موتەئەسسیر دەبێت، چونکە ئەو فەقـیرە لە مندالّییەوە هەر ناساخ بوو. براییم بەگی ڕەحمەتیی زۆری پێوە خەریک بوو، چونکە ئەساسەن مەعلوول بوو. لەبەر ئەمە لە لایێکەوە کـەوا نـەجـاتی بووە، ڕاسـتـیی خـۆی لە هەمـوو کـەس زیاتر ڕەحـەت بوو، خـوا عافووی کات!

ماشاالله لە وەفییات و تەعزیەی ئەم چەند ساڵە. ڕاستیی بۆ ئۆستە فەرەج(١) بەقەدەر هەمووان موتەئەسسیر بووم. حەیف، سەد حەیف بۆ ئەو پیاوە چاکە و بۆ ئەو دراوسێ چاکە و بۆ ئەو سنعەتکارە بەکەڵکە، کەوا لە بەرەکانی فێری سوخمە قۆڵدارەکان، هەڵدەگرێت ئەوان بۆی بگرین و بەجوێ تەعزیەی بۆ دانێن، چونکە دەفعەیێ تر خەیاتی وەها و بەم دەست و دوورومانە جوانەیان دەست ناکەوێتەوە کە لە پەراوێزی کەوادا، وەک کارخانە دەرئەچوو؛ ورد و جوان، تەقەڵی لە تەقەڵی نەئەکەوت. ئەمجا لەمەولا کە دەست و درووی

---

(*) سەرچاوەی پێشوو!.
(١) وەستا فەرەجی ئەحەی جۆلا!

خەیاتەکەیان بۆ هاتەوە، ئەمجا بەخۆیان ئەزانن خەیاتی وا کوا؟ کە کەوای وەک دار لەبەرا بوەستێ، سوخمەی قۆڵداری وەک قاڵب بچێتە بەدەنەوە، لەمەولا مەگەر هەر کەوا–یێکی شۆڕی دەڵب و دۆڵی شەش تەقەڵ و مانگەشەو لەبەر کەن. بەو حاڵەشەوە لە خوارەوە دەڵب و شۆڕ بێتە خوارەوە، لەسەریشەوە لە بن باخەڵەوە نەچێ بەبەرەوە، هەر جارەی لەلایێکەوە هەڵپچڕێت، سوخمەی قۆڵداریان لەمەولا مەگەر هەروەک پارچە سیپاڵێ بیدەن بەشانیان. ئەوە عەجایبێ بوو، بووە بەچاوەوە. ئەو دروومانە جوانەی ئەکرد! ئەی ڕاستیی و بێ تەماعیەکەی لە کێ وەرگرتبوو؟ خۆ سەنعەتکارەکانی ئێمە، خاسسەتەن «کانێسکان»[1] هەمووی دەستبڕ و قوماربازن، کەچیی ئەو بەهەموو فوقرەوە، ئەو عیززەتی نەفسە گەورەیە و ئەو بێ تەکلیفەی لە کوێ هێنابوو؟ ٧٠ ساڵە لەو گەڕەکەدایە یێکێک بڵێ ئۆستە فەرەج ناردوویە بۆ حاجەتێ وە یا بەقەرز داوای نانێ وە یا جامە ئاردێکی لە کەسێک کردووە؟ ئەمە نە کەس دیویەتی و نە کەس بیستوویەتی و جێی ئەسەفە کە هی وا ئەڕوا و جێی خاڵییە! ئەوەندە موتەئەسسیرم، ئەمەوێ هەر لەم مەوزووعە بنووسم! وا سەرمای ئەم چەند ڕۆژە لام ئەدا... حەقیقەتەن ئەم یێک دوو ڕۆژە لەیرە هەر وا عەجایێب ئاڵۆز بوو، ئیتر شوباتەکەی لەمەڕ منە، ئەبێ شتێک هەر بکات، ئەگەر لای ئێوە بەفرەکە دەست کەوێ باشە!

خاسسەتەن ئەحواڵی عومووم ئەپرسم. کە من ئەڵێم عومووم خۆتان و دەرودراوسێ و هەموو خزمان. ئەمجا بام بێمە سەرەو کاری ئەحواڵی تۆ، چونکە ئەوەتەی ئێمە هاتووینە ئەیرە، وەعدەی هاتن و زیارەتێکت دابوو، کەچیی بزانم لەم کاغەزەدا لەگەڵ ئەوەی کە وەعدەکەی هاتووە، هیچ بەحست نەکردووە، ئەمە سەبەبی چییە؟

خۆ ئەمە لە وەعدە و چوونی ڕاوەکەی (مامە) عەجایێبترە، چونکە کە نەهاتایە، مەعزەرەتێکی بەیان ئەکرد، کەچیی تۆ بەلاشیا نەچووی. سەبەبی چییە، پێمان ڕازیی نین؟ خۆ ئێوە غەیرە نین، چیمان خوارد، ئێوەش ئەوە، ئیتر بەتەنگ چییەوەن؟ گوزیدە چیی ئەوێ؟ خانووەکەی بۆ ئەکەین بەشووشە، نایێڵین هەوریش بێتە سەر خانووەکەمان نەوەک تاریکی بکات. ئیتر لەمە زیاتر ئەزانم هیچی کەی ناوێ! ئیتر هیچی کە بینووسم!! منداڵەکان بەئیمتیحانەوە حاڵیان شەقە، وەکو ئەڵێن زۆر باش نەبوون. جا بزانین چیی وەرئەگرن؟

(١) گەڕەکێکی سلێمانییە!.



بۆ ئۆستە فەرەج تەعزیە لازمە لە فەهیمە بکرێ، چونکە هاتوچۆ و دەغدەغە و خەبەراتی لای ئۆستە فەرەجیشی لە کیس چوو. باجی سەمەن لە چیی دایە؟ ئەحواڵی ئەپرسین، دیارە لە تەعزییەکەی (...) هەڵسووڕاوە، چونکە کوڕی ئەو بوو، فەقەت نازانم تەعزییەی ژنان لە کوێ بووە بەو حیسابە کە براوەتە مزگەوتی شێخ ئەولا – ئەولا/K – دیارە هەر لەو گەڕەکە زایە بووە.

ئیتر ئەوەندە! (چرا) ئەکسەری ڕۆژ بە (مامە)وە گۆرانیی ئەڵێ، شوکر چاکە، فەقەت بەم زستانە تووشی چاو ئێشە بووە! ڕۆژیی دوو سێ دەفعە دەرمان ئەکەمە چاوی!

(ئیمزا: عەبدولکەریم)

٩٥٢/٢/١١

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١٠٣/٣/٤٨(*)

[عەبدولکەریم محەممەد فوئاد ـــ محەممەد عەلیی محەممەد فوئاد]

[ش؟]

١٩٥٣/٣/١٤

عەزیزم حەمەعەلیی

چاوتان ماچ ئەکەم.

کاغەزەکەتان هات، وەرمگرت. لە ئیعادەی سیححەتتان مەمنوون بووم لەو تۆزە ناساغییە کە تووشتان بووە. ئەمە هی سەرمایە، دیارە تۆیش وەک من بێ گوێی. ڕەنگە لەم سەرمایەدا کە ئەمسالی نەبینراوە، بەهاری خۆشت بەڕێ کردووە و سەرماتان بووە!

ڕاستیی سەرماکە وجوودی هەموو کەسی، هەریێکە بەنەوعی خەلەلدار کردووە. ئێمە هەموو تووشی هەلامەت بووین. من یێک دوو ڕۆژ هەلامەتێکی وا بەشیددەتم گرتبوو، سەر و ملم بەجارێ پێوە دەئێشا. حەپسەش[1] هەروەها. ئەمڕۆ کە یێک شەنبەیە ساردیی و ئاڵۆزییەکە ئاڵۆزتر بووە، خودا ڕەحم بکات! ئەو دوو کەروێشکەی کە کوژراوە، هەر لە

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) کابانی.

هیمەتی تانجییەوە نییە. بەئەنوەر بەگ بلێ بەڵکە سەرما و برسییەتیی هێزی نەهێشتوون، بۆیە کوژراون. من ساڵی وەهام نەدیوە. ئەمە لەو ساڵە دەکات لە خدمەت (مامە)دا ڕۆژێک لەگەڵ مامە حەمەبەگ چووبووین بۆ حەوشە سوور و بنارەکە بۆ ڕاو، مەگەر ئەو ڕۆژە سەرمای وام دیبی بێ! لە بیرمە ئەوەندە پەرێشان بووین کەروێشک گرتنەوەمان حەواڵەی مامی حەمەبەگ کردبوو، باوجوود حەتتا ئەو ڕۆژەش وەها نەبوو، چونکە هەتاو بوو و بەهەتاوەکە فەرامۆشییەک بۆ پیاو ئەهات، کەچیی ئێستە ماشاالله ڕۆژ بەڕۆژ سەرماکە شەدیدترە و هەوا ئاڵۆزتر دەبێت. ئەمڕۆ بەیانیی و عەسر لەیرە هەر کرێوە بووە. جا نازانم ئەوێ چلۆن بووە؟ موحەققەق لەوێ بەفر بووە کە لەم ئانەدا سەیری خۆشە، چونکە مەنزەرەکەی جوانە و ئێمە لێی مەحروومین. لەیرە لە دوور شاخەکان «بارزان» و «میرگەسوور» دیارە کەوا پڕ بووە لە بەفر! پیاو پێکەنینی بەئەهل و دوکانداری ئەیرە زۆر دێ؛. تەماشا ئەکەی لە دوکانەکاندا هەر یێکە بەلەچکێکەوە بەدیار خۆڵەمێشەکەوە کوشکەی کردووە. ئینسان کە دیققەتیان لێ ئەکات، کۆڵێ پێکەنین ئەیگرێت. سا خوا ڕەحم کات بەهارەکەمان بەتەواویی نەبێت بەزستان، باوجوو بووشە، چونکە مانگ و نیوێ زیاترە ئەم با ڕەش و سەرما و بەفرەیە هەر هەیە و هەر ماوە. ئەمڕۆ پاش عەسر کەس نەیئەتوانیی لە جادەوە بڕوات.

کەڵەشێرەکەت کەوا چاوێکی ناوەتە بان، ئەوە هی دوعایە، هەتا زووە چارەی بکە، چونکە دوعای هەردوو چاوی لێ کراوە. من زۆر جار گوێم لێ بووە ئەڵێن؛ (ئەی هەردوو چاوی کەڵەشێرەکە کوێر بێت. چاوت لەم ڕیقنە زلانە بێت کردوویە؟)، جا ئەگەر ئەو دوعایە، ئەگەر خۆت لەوێدابووی، لەولاوە یا لە غیابی تۆدا موحەققەق کراوە، ڕۆژیی دوو سێ جار کەوا بۆی کەوتووەتە کار. بەم چاوە کوێرەیدا مەعلوومە کەڵەشێری باشە، چونکە ئەو کەڵەشێرە کە لە زەمانی قەدیما بۆ (شێخ ڕەزا)[1] نێرراوە، چاوێکی کوێر بووە. شێخ ڕەزا لە تەشەککورا قەسیدەیێک ئەنێرێت، ئەڵێ:

ئەرمغان لە تەرەف دۆستەوە بێ شوکری دەکەم
پێی ڕەزامەندم ئەگەرچیی تەرەفێکی کوێرە
وەها ئەزانم لەپاشدا هەر ئەمرێ، چونکە لەپاشدا فەرموویە:
شەو هەموو شەو دەست بەدوعا بووین و لەوەقتی سەحەردا

(١) مەبەست شێخ ڕەزا تاڵەبانیی شاعیرە!.



کەڵەشێر عەمری خوای کرد و وتم؛ وای شێرە!
جا خوا بکات ئەمە لە هینەکەی ئێوە بەدوور بێت.

دێڵە قۆڕ کوێڕا ئەم توتکانەی پەیدا کرد؟ خۆ ساڵان جارێ وەعدەی تووکی مابوو، زۆر موافیقە (مامە) بیاندا بەئەبو ئیستراحەت؛ خۆی لەو کۆڵفەتە نەجات بدا! ئاخۆ (مامە) خۆی نەچووە؛ ئەو بچوایە لەم کەروێشک زۆرییەدا سەیری ئەکرد، چونکە وەکو تۆ نووسیوتە کەروێشک لە کا زۆرترە، مادام زۆرە بۆچ ناڵێن لە خورما زۆرترە؟ بەلای منەوە خورما زۆرترە، چونکە ئێستە بڵێم فەردەیێک خورما بهێنن زوو ئەیهێنن، ئەمما بڵێم گوێنییەک کام ئەوێت، دەبزانم چلۆن پێتان عیلاج ئەکرێت بەبێ کولفەت؟ لەبەر ئەمە ئەبوایە تەشبیهەکەت بەخورما بکردایە!

لەم بەینەدا کاغەزێکی کەمالی ئەحمەد بەگم بۆ هات، وا دیارە کارەکەی لەگەڵ خالۆ تێکداوە و شتەکانی بردووەتەوە. کاغەزی کەمال خۆییم بۆ هاتووە، چووەتە لای ئیسماعیل بەگ لە خەستەخانە! تەبیعیی خەبەرتان هەیە کە دارولموعەللیمینی ئیبتیدائیی داخراوە! جەریدە و ڕادیۆ تەفسیلاتەکەی و ئەسبابەکەی بەیان کرد. لازمە لە سەرما خۆتان موحافەزە بکەن. ئەوەی زستان لەبەرتان کردووە، ئەبێ هەر لەبەرتانا بێت، بێ گوێ مەبە! موحەققەقە دایەخانیش ئەمەی پێ وتوون. فەقەت دیارە بەعەقڵی خۆتان چوون بەڕێوە.

ئەو ڕاوی کۆترانەی تۆ کردووتە، ڕاوێکی ڕەسمییە، چونکە ڕاوێک لە دائیرەی ڕەسمییەدا بکرێ، ناوی ڕاوی ڕەسمییە، ئیتر هیچی وەها نییە بینووسم!

ئەحواڵی عوموومم ئەپرسم. کە چوویتە خدمەت حەمە ساڵح بەگ مەخسووس حورمەتی تەقدیم بکەن. وەکو لەیرە ئەڵێن؛ گۆیا بابەکر ئاغا وەفاتی کردووە، ئەی عەجەبا جەریدە بۆ هیچ نەینووسیوە؟

هەمووومان و ماڵەوە ئەحواڵی ماڵی (مامە) و جەمیلەخان ئەپرسین. باجیی سەمەن دەنگی نییە، بۆچیی؟

ئیتر ئەمەندە و تەمەننای سیححەت و مووەففەقییەت بۆ هەمووان.

مەخسووس ئەحواڵی ماڵی عەتییە ئەپرسین. حورمەتم هەیە بۆ شەفیق بەگ!

(ئیمزا: عەبدولکەریم)

٩٥٣/٣/١٤

ئەم کاغەزەی بنێرن بۆ حەسەن ئاغا. وەکو ئەو نووسیویە؛ حەمامەکەی زۆر چاک

کردووە، هەرچەند ئێستاکە مەحسووبی کرێ ناکات، فەقەت من تا نەیبینم ناتوانم هیچ بڵێم. بۆم نووسیوە بەپێی حیسابەکە - ١٢, دینار و کوسوور سەرف بووە. ئەمە بەچیی سەرف بووە؟ دیم حەمامەکە چیی لێ هاتووە، ئاخۆ ئێستا باش گەرم ئەبێت و بێ عەیبە؟ تەبیعیی ئێوە ئەیزانن، بۆم بنووسن!

(ئیمزا: عەبدولکەریم)

(چرا)[١] حازرە، کاغەزەکەم خوێندەوە. کە هاتە سەر کەڵەشێر وتی؛ (دودە مامە - قوقو!) دەبڵێ تۆ چوزانی کەڵەشێر دودەیە؟

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ٤٨/٤/١٠٤[*]

[عەبدولکەریم محەممەد فوئاد ـــ محەممەد عەلیی محەممەد فوئاد]

(هەولێر)

١/٥/٩٥٥ (ز)

عەزیزم حەمەعەلیی بەگ

هەموو چاوت ماچ ئەکەین و ئەحواڵی عومووم ئەپرسین. کاغەزی ئەم جارەتان ڕۆژی جومعە وەرمانگرت، لە سیحەت و عافیەتی عوموومیی مەمنوون و موتەشەککیر بووین، حەمدەن ئێمەش هەموو لایێک سەلامەتین و لەگەڵ (مام ڕەمەزان)دا بەینمان باشە بەشەرتێ بێ ڕۆژوو لێمان گەرێ، ئەگینا هەر ئەو بەتەنها هیچی نەکردووە، میوانێکی مووەققەتی بەئەدەبە... بەیانیان چونکە ئەزانێت ئێسکی قورسە، خۆی نیشان نادا، پاش عەسران خۆی نیشانی ئاشناکانی خۆی ئەدات، ماڵەکە ئەکا بەبەرە جەژنان، هەر ماڵە بەقەدەر دەست ڕۆیینی خۆی شتی پێ گرد ئەکاتەوە، هەموو شتی خواردەمەنیی، چونکە ئەم دەخڵی بەسەر چیتۆکە و سوورمە و شتی واوە نییە، کە سینیەکەی ڕێخست و فەرەحیی خستە ماڵەکە، ئیتر بەسەبرایی دەست ئەداتە جبەکەی و لە دەرگانەکە ئەچێتە دەرەوە. خۆ وەک بێ ڕۆژووەکان نییە کوللی دەقیقەیێک یێخە بگرن، دەنگ دەربهێنن، با خوسووس مەکتەبلییەکان!

خوا لوتفی بێ، وا خەریکە لە سێ بەشی، بەشێکی بڕوات. ڕاستیی زۆر سووک

(١) چرا: کیژیەتی!.

(*) سەرچاوەی پێشوو.



ئەڕوات، وەها ئومێد نەکرا با خوسووس سەرماکەی ئەم ئاخیریە زۆر تەئسیری بوو، چونکە ئەو باران و هەور و تریشقەیە لەیرەش هەبوو و حەتتا تەرزە باریی... بارانەکە، شەوی جومعە موعەددەل چوار سەعات باریی و ئەم ساڵ لە هەولێر قەت ئەوەندە لەسەرییێک نەباریوە... ئەو چاوڕاوەی شارەزووریش، باوەڕ ناکەم ئەسڵ بێ. فەلاح هەر عادەتییە کوللی ساڵێک ئەبێ هەر شتێ بدۆزنەوە! فەقەت ئەم قسەیە لای خۆمان بێت، ئەم بەحسانە لای (مامە) چلۆنی پێ خۆشە وەها بەحسی بکە! چاکی کردووە بەرۆژوو نەبووە، چونکە زەعیفە بۆی ناگیرێت. جەریدەی ئەم هەفتەیەشم وەرگرت. مەقالەکەی ئوستاد «س» خوێندمانەوە، زۆر باشە. دیارە سەعید ئەمەی لەسەر تەجرەبەیێک نووسیوە. جا نازانم ئەوەی تەجرەبەی لەسەر کردووە کێیە؟ لە نوسخەی پێشوو وتارەکەی (ساڵح ئەفەندیی)[١] زۆر جوان بوو، تەقدیرم کرد، هەر بەمەعنا و هەم بەئەدا، چونکە ئەوەی لە جەریدە بنووسرێ، ئەبێ بەقەڵەمێک بێت کە هەموو کەس نەتوانێت وەها بنووسێ!

چاوی هەمووان ماچ ئەکەم، جەمال ئەگەر لە بەغدا هاتبێتە دەرەوە، ئەبێ ئێستاکە لەو ناوە بێت. ئیحسان[٢] دوێنێ کاغەزی هات، ئەویش سەری مانگە بۆ پارە نووسیویە بۆیە نووسیی بووی!

سبەینێ تەعتیلە، ئەڵێن بەم موناسەبەتەوە گۆیا مەعاشێک ئەدەن، وە حەتتا بەعیلاوەوە. جا بزانین.

ئێستاکە ئەم کاغەزە ئەنووسم من و (چرا) بەخەبەرین. چرا، هەر ئەڵێ تاقەتم چوو، چونکە کە من حەز لە قاڵەباڵغ ئەکەم... منیش پێی ئەڵێم سەبرکە مامەعەلیی وەعدی داوە بەکۆمەڵ بێن، ئەو وەقتە ئینشاالله زۆر ئەبین. چاوی (مام قال)[٣] ماچ ئەکەم. ئینشاالله هاتووەتەوە و زەکیە چاک بووە. مەوسیمەکەی وەهایە، نەخۆشیی هەیە، چونکە عالەم لە گەرمایێکی زۆر گەرماوە کەوتە سەرماوە، ئەوە هی ئەوەیە. ئەو ئیزاعەی[٤] بەحستان کردووە، خەبەرمان لێی هەیە. فەقەت هیچ نییە. هەموو قسەکانی قۆڕە، تەقلیدی میسر ئەکات، ئەمما ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ؟

(١) پێم وەیە مەبەستی (ساڵح قەفتانە)ی نووسەرە!.

(٢) ئیحسان (در).

(٣) (مامە) عەبدولقادری برای.

(٤) مەبەست لە ڕادیۆی کوردیی قاهیرە کە تا س ١٩٦٣ز دەنگی هەبوو!.

بۆ حسـابی جـەریدەکـە وتووتانـە هەتا لەیرە بم ئەینێرم. ئەی عـەجـەبا لە کـوێ ئەبن؟ تێنەگـەییشـتم. ئیـتر هیچ نییـە بینووسم بەئەحـواڵ پرسینی عـومـوومـەوە خـاتیـمە ئەهێنم عەزیزم.

(ئیمزا: عەبدولکەریم)

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ١٠٥/٥/٤٨[*]
[عەبدولکەریم محەممەد فوئاد ـــ محەممەد عەلیی محەممەد فوئاد]
[هەولێر]
١٩٥٥/٥/١٤ز

عەزیزم حەمەعەلیی!

کاغەزی ئەم جارەتان دوێنێ لەگەڵ جەریدەکە پێکەوە وەرمگرت. ئەووەڵەن لە سیحەت و سەلامـەتیـتان هەمـوو مەسروور بووین، دووەم بەوە مەمنوون و فـەرەحـمـەنـد بووین کەوا حسابی هاتنەکەتان بەم کاغەزە تەواو ساغ کردەوە. ڕاستیی کە وەرمگرت و خوێندمەوە، بەقەدەر بەربانگێک فەرەحیم بۆ هات. کە چوومە ماڵەوە و خەبەرم دا، ئەوانیش هەروەها. زاتەن مـومکین نەبوو نەهاتنتـان، چونکە لەو وەقتەوە وەعدەتان داوە، ئێمە دەردی ئەڵێن؛ بەپەنجە ڕۆژمـان ژمـاردووە. وا خـودا لوتفی بێ، لێی نزیک بووینەوە، ئیـتر بەم وەعـدەیە و مژدەیە هەر نازانین ئەم چەند ڕۆژە چلۆن ئەڕوا؟ یا خودا بەخێر بێن![1] ئێمە بەحیسـاب، ڕۆژی جومعـەی ئاتیی بەتەمـاین و ئەگـەر ڕۆژی هاتن و گـەییشـتنی ئەیرەتان بۆمـان ساغ بکەنەوە، بەپیرتـانەوە دێین، ئینجا نازانم ئێوە چ ڕۆژێک دائەنێن؟ وە کەی ئەگەنە ئەیرە، بۆم بنووسە؟[2]

لە کاغەزەکەدا هەرچیی نووسیبووتان مەعلووم بوو. ڕاستیی بۆ نەخۆشیی ژنی عـومـەر چاوەش، هەمـوو موتەئەسـسـیر بووین! بۆچیی. کـەی حەسەن گـیراوە؟ خەبەریشـمان لەوە نییـە، هیی ئەم جـارەیە یا زووتر؟ ئیـتـر لە سـایەی منداڵی ئەم زەمـانە مـاڵێ نییـە بەم

(*) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(١) هەرچەندە دایکانیان جودایە، بنۆڕە سۆزی برایی گیانی گیانییان چەند پیرۆزە!.
(٢) مەبەست لە لاوان و خوێندەوارانە کە تێکەڵی کاروباری سیاسەت بوون.



بەزمەوە گرفتار نەبێت! فائیدەی چیی، قسەی خۆڕایی بۆ بکەم و وەختی خۆی هەموو شتم وتووە!

جـەریدەی ئەم جارە، مـەقـالەکەی سـەعـیـد زۆر جوانە. ئای ئافـەرم کـەوا هاتووە بەسـەر ئەهلی شارەکە و بەتایبەتی دەستەی موعەللیمان. ئەگەر ئەو فەقیـرە (سـەعـید زەکیی) کـوڕێکی و یا خـزمـێکی قـائیـمـقـام و یا مـوعـاوینی شـورتە و یا هەر ئەوەنـدە شـتێکی بەدەست بوایە، هەمـوو شارەکەی لەگەڵ ئەچوو و تەعزییەکەی بەر نەئەکەوت و هەر یێک بەنەوعـێک بەحسی چاکەی ئەکرد، ئەیان وت: ئەمـە حەقی لەسەر هەمـووانە، ماڵ نییـە مەرحووم بەمنداڵەکەی نەیخوێندبێت، ئیتر بەئەنواعی ڕیایی بەحسمـان ئەکرد. حەقیـقەتەن لەو ناحیەیەوە شارەکەمان عەیبێکی هەیە و سەعید زۆر جوان خستوویەتە بەرچاو، فەقەت فائیدەی چیی؟ عیبرەت کوا؟[1]

(١) سەعـید زەکـیی (سـەعـید عـەبدولفـەتاح) یێکێکە لە مـامـۆسـتـا پێشـڕەوەکـانی پێ گـەییشـتووی سەردەمی عوسمانیی. لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن – سلێمانیی؛ ١٩٢٠ز – ١٩٢٢ز)دا تا ڕۆژنامەی (ژین)ی ئەو کاتە گوتاری کـوردیی بڵاوە. من لە ڕایێڵـەی کرد و کۆشم بۆ ڕاست ناسینی مـامۆسـتا پێشـڕەوەکـان لە (پاییـزی ١٩٨٣ز.دا) و لە (بەڕێوەبەرایەتیی گـشـتـیی پەروەردەی سلێـمـانیی)دا دۆسێیەکانی کۆمەڵێکیانم دۆزییەوە و فۆتـۆکۆپیم کرد کە یێکێکیـان (زۆربەی دۆسێیـە)ی ئەم زاتە بوو. هەڵبـەت ئێرە جێگەی تایبەتی ئاشناکردنی ژین و ڕەنجی مـامۆستایی نییە، بەڵام (باسێکی گـرنگ) کە خۆی زاڵ دەکات، ئەمەیە کـە بەئاگـاداریی خوای هەرە پاکیـژ و شایەتیی دۆستم کـاک مەحموود تۆفیق خەزنەداری ڕێبەری کاروباری زاتییەی بەڕێوەبەرایەتیی نێوبراو، ئەم باسە بۆ یێکەم جار دەخەمە بەرچاوی مێژوو و ڕاستیی کە ئەمەیە. لە ئەو هەلانەدا کە بەشی زۆر و گرنگی دۆسێیەی نێوبراوم فۆتـۆکۆپیی کرد؛ (کۆمەڵێ نامەکاریی ڕەسمیی لێکۆڵینەوە ئاسا)م هاتە بەردەست کە گەلێ سەرسامی کردم و لە نێوان مەعاریفی سلێمانیی و مەعاریفی گشتیی بەغداد و نێوبراو تۆمار بووە! ڕاستییەکە لەبەر دوو هۆ ئەو (کۆمەڵە نامەکاریی و لێکۆڵینەوە و قسە وەرگرتنم) فۆتۆکۆپیی نەکرد؛ لە لاییێکەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕۆژێ دەزگەکانی ئاساییش و سوپای عێراق کە فێری پشکنینی ماڵانی کوردن، ڕۆژێ ئەم نووسینانەیان بەردەست بکەوێت و بەگیرم بهێنن! لەلاییێکی دیەوە چونکە (ئەنجامی تەواو)ی باسەکەم لێ ڕوون نەبووەوە کە وێ دەچێت باسەکە – بەدەست تێوەردانی دەزگەی ئاسـاییـشی گـشـتی ئەو سـاڵانە – دەمکوت کـرابێت بۆ یێک خـاوەند باس هەر بەمـامـۆسـتـایی مـاوەتەوە!. باسـەکەیشم ئەوهەیە؛ لە ئەو ڕۆژانەدا کـە سـەرقاڵیی دیدەنیی پەروەردەی سلێـمـانیی و فۆتۆکۆپیی نامەکانی دۆسێیەکانی ئەو مامۆستایانە بووم، من و دۆستم ڕێبەری زاتییە لە ژوورەکەیدا – بارانیش دەبارِیی – دوو بەدوو بووین و (دۆسێیەکەی سەعید زەکی)یش بەدەستمەوە بوو.    =

لەیرە باران و شتی وا نەبوو و یێک دوو ڕۆژ لەمەوپێش دنیا گەرم ببوو. فەقەت لە دوێنێوە هەواییێک هەڵیکردووە، تۆزێ دنیای فێنک کردووە، ئەبێ لە شوێنە بەرزەکان باران و شتی وا باریی بێ. ئەم ساڵ بەئیعتیبار عومومی ئێرە لە دەغڵ و دانا چاک نەبوو. ئەمما بەو دەرەجەیەش نییە کە ئاغا موحتەکیرەکان بەحسی ئەکەن! بەنەزەر وزەعی ساڵەکەوە، باشە!

ئەگەر ئەحواڵی (مام ڕەمەزان) ئەپرسیی، دڵنیا بە کە وا لە مونتەهای پەریشانییدایە. ئەمڕۆ خەریکن، لە ماڵی ئێمەدا گرمە گەورەکەی بۆ ئەکەن... وا (حەپسە) و ئەوان لە ماڵەوە خەریکی هەویر و شتی وان. ئەم ئێوارەیە زۆر بەپەریشانیی دیم، حەتتا نەمناسییەوە... تەماشا ئەکەم ئیختیارێکی کۆماوەی دەم و چاو ڕوو پووشاویی، کردی بەمالا...[1]

= گوتم: کاکە مەحموود، مەگەر ئێستە یێکی لە دەزگەی پەروەردەدا بوێرێت لە مامۆستایێ بکۆڵێتەوە و تەحقیقی گەرمی لێ بکات کە بۆچیی پێوەندیی بەدەزگەی ئاساییشەوە هەیە!!

پرسیی: بۆچیی؟

گوتم: سەیری ئەم دۆسێیەی ئەم زاتە بکە! مەعاریفی سلێمانیی و مەعاریفی گشتیی بەغداد، لە ساڵەکانی پەنجاکاندا، ئەم هەموو قاقەزەیان بەلێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو مامۆستایە پڕ کردووەتەوە و زۆر توند بەگیریان هێناوە و بەکفری دەزانن کە (مامۆستایێ) پێوەندیی بەدەزگەی ئاساییشەوە هەبووە کە بەهۆی ژنبرا عەرەبەکەیەوە، بەنهێنیی مووچەی مانگانەشی بەپێچەوانەی قانوونەوە، لە دەزگەکە وەرگرتووە! کاک مەحموود تۆفیق خەزنەدار، دۆسێیەکەی لێ وەرگرتم و ماوەیێ هێندێ لاپەڕەی ئەمدیو و ئەودیو کرد و دوایی بەڕەنگێکی مات و سەرسامەوە، بەدەست جووڵانێکی شەکەت و ماندووی پڕ پرسیارەوە، گوتی:

– ئەو کاتە لە کوێ و ئێستە لە کوێ؟ شتێکی سەیرە! سەیرە، هەر لە بەراوورد نایەن.

جێگەی گوتنە، مامۆستا نێوبراوەکە – بەپێی لێپرسینەوەی – ددانی بەپێوەندییێکەیدا نابوو، بەڵام وەکو (ئەنجامی تەواوی باسەکە) بەدۆسێیەکەیەوە دیار نەبوو، وێ دەچێت کە هەر دەزگەی ئاساییشی گشتیی مەملەکەتی عێراق بۆی تێ کەوتبێت و دەستی لە باسەکە وەردا بێت و سەری نابێتەوە.

مخابن ئەو دۆسێیەیە، هەزاران دۆسێیەی دی لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ز.دا سووتێندرا، بەڵام ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لێکۆڵێ نیازی ئەم باسەی هەبێت، پڕ باوەڕم لە وێنەی دۆسێیەی خزمەتگوزاریی مامۆستاکە، لە دەزگەی گشتیی خانەنشینەکانی عێراق – بەغداد، یان لە وەزارەتی پەروەردە – مەعاریفی جاران – دەدۆزرێتەوە!

(١) مەبەست هەر مانگی ڕەمەزانە.



وتم؛ کوڕە تۆ کێیی؟

وتی؛ نامناسیتەوە؟ ڕەمەزانم، ڕەمەزان، قوربانی چاو!

وتم؛ بۆچ وەهات لێ هاتووە؟

وتی؛ شوێنم تەواو لەق بووە... ئەچمە هەر ماڵێک پێشڕەوی سوارەی جەژنی لێ دابەزیوە. بەکوللیی لێم ناپرسنەوە و ئێستاکە لە سلێمانییەوە دیم، لە گەڕەکی کانێسکان، لە ماڵە گەورەکان ماڵێک هەیە، دایەخانێک تێدایە، ڕووی سپیی بێ، بەخودا ئەو نەبێت هەر لە دەرگاکەوە دەرکەوم پڕ شەقم ئەکەن. خۆ خوداحافیزی بێ (قادر بەگ)ێکیان هەیە[1]؛

کە ئەو لە ماڵ بێت، هەر ناوێرم بەوێدا بچم. لە نزیک ئەوانەوە، ئێوارەیێک چوومە ماڵێک، پێیی ئەڵێن (ماڵی شەفیق بەگ)... پەنا بەخودا، لێم دەرپەڕین، هەر نەمزانیی چیی بکەم. کوڕێکیان هەیە ناوی (سەعید بەگ)ە، هەر لەگەڵ منی دی، پڕی دایە دارکەپری مێوەکە کە لێم دا. کاری ڕاست بێ، ئافرەتێک لەبەر ژوورەکەی لای خوارەوە خەریک بوو، ئەو هات بەدەمیەوە، وتی: سەعید خۆ گاوەرسانیی نییە ڕۆڵە؟ ئەوە مام ڕەمەزانە بۆچ لێیی ئەدەی؟

بەم هەرا و دەنگە شەفیق بەگ کە وەها بزانم خاوەند ماڵەکەیە و سەعید بەگی کوڕی، ئەوەی بەم کە بەم کەینوبەینەی هەر نەزانیی، کە منی دیی، گوتی: وەرە کوڕە تۆ وادیارە بێ ئیشی، بام بتکەم بەئاودێری زەرعاتی بەرکارێزی کارێزە وشک!

ئەمما کە دوایی زانیی ڕەمەزانم، ئەو لە هەموویان خراپتر بوو، هەر بەپاڵەپەستۆوە کردمیە دەرەوە. ئەگەر عەتیەخان نەبوایە، ئەم جارە سەعید بەگی کوڕیان بەدارکەپرەکەی، لێیی ئەدام. ئەمما بەخودا عەتیەخانیش وەها بزانم زۆری لەبەر من نەبوو و لەبەر دارکەپرەکە بوو کە نەڕووخێت! هەر چلۆنێ بوو، نەجاتم بوو و ئیتر لەوێدا بەند نەبووم و هەر لەو گەڕەکەدا ماڵێکی کەش هەیە پێیی ئەڵێن (نامق بەگ)، لەوێش حورمەتم هەیە، فەقەت دەرگاکەیان ئەوەندە چەپەکە بۆم نەکرا بچم! لەبەر ئەوەی وا هاتووم بۆ ئەیرە و لەیرەوە ئێجگاریی ئەڕۆم!

ئەمیش بەزمی ڕەمەزان!

(١) مەبەست (مامە)یە.

لە گەڕانەوەدا جەمال کە هاتبوو بۆ لای ئێوە، ئێمە نەماندیی. وا دیارە لە کەرکووکەوە کابرا گەڕاوەتەوە بەغدا و ئەمجا خۆی هاتووە بۆ ئەوێ!

بۆ ئەم جەژنە بەهەمموو سووڕەت بەتەمای ماڵی شێخ مەجیدین![1] ئەگەر لەگەڵ یێک ڕێ بکەوتنایە، باش بوو. ئەختەر، بۆ ڕەمەزان نووسیی بووم بەشوێنیا. شێخ مەجید ئیزنی نەدابوو، وەعدەیان بۆ جەژن داوە. زۆر بیری زەکیەش ئەکەم، جا نازانم ڕێک ئەکەوێت ئەویش یا نە؟

ئیتر ئەوەندە عەزیزم

(ئیمزا: عەبدولکەریم)

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١٠٦/١/٤٩(*)

[عەبدولمەجید شێخ عارف ـــ مەحموودی برای][2]

[سلێمانیی]

١٩٢٦/١/٢٦ز

بۆ حوزووری برای خۆشەویستم

ئەووەڵەن مەخسووس دەستت ماچ دەکەم. زۆر دەمێکە کاغەزت وەرناگرم! عەجەبا ئەسباب چییە؟

نووسیی بووم کە چل ڕوپیە لە حاجیی ساڵح وەربگرە، ئەگەر لێت وەرگرتووە، بۆی ئیعادە بکەرەوە، چونکە بەحامیلی وەرەقە؛ عەتار حەمەئاغادا، چل ڕوپییەم بۆ ناردی، لێی وەربگرە و جوابی گەییشتنی بنووسەرەوە.

لەمەوپێش چل و ئەم جارەش چل ڕوپیە، جەمعەن تا ئێستا هەشتا ڕوپییەت وەرگرتووە! حاڵی حازر لای من سەد و بیست ڕوپییەت ماوە. لە مەعاشی کانوونی سانیی بیست ڕوپییەم بۆ داناوی.

(١) مەبەست عەبدولمەجید شێخ عارفی قازیی، خوشکەزایەتی!.

(*) گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسف- سلێمانیی؛ س ١٩٩٠ز.

(٢) بۆ ژیننامەی نامەهەنێر بنۆڕە: نێوداران.

ژیننامەی براکەی نەزانرا، بەڵام وێ دەچێت لە (ژیان)دا کاری کردبێت.



عەزیزم

مانگیی لە ٢٠ ڕوپییە زیاتر ناتوانم تەئدییە بکەم. لەم خوسووسەوە قوسوورم عەفوو بفەرموون! عەجەبا بۆ ئیش و کارت چیت کردووە؟ ئەگەر هیچ مومکین نابێت، وەرەوە بۆ سلێمانیی!

عەزیزم؛ هەچ پارەیێکم بۆ ڕەوانە کردی، ئەگەر فەوتا مەسئوولییەت قوبووڵ ناکەم. ئەلحەمدولله هەموو سەلامەتین و سەلامەتیی ئێوەش لە خودا تەڵەب ئەکەم.

ئەم چل ڕوپییەیە زوو وەربگرە و زوو جوابی بنووسەرەوە. ڕۆحەکەم؛ کوا لە وەزیفە و ئیش و کارت هیچ خەبەرێک نەبوو؛ باقیی دوعای مووەففەقییەتت ئەکەم.[1]

(ئیمزا)

٢٦ کانوون سانیی ٩٢٦

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١٠٧/١/٥٠(*)

[عەبدولواحید مەجید تیلەکۆیی/ عەبدولواحید نووریی ـــ مستەفا سایبب][2]

[شەقڵاوە]

[١٩٣١/٣/٢٢ز]

مامۆستا؛ ع. و. نووریی

مستۆ گیان

بەحەققی باخی پڕ خۆشەویستیی و سوروورمان! بەحەققی مەبدەء و مەفکوورەی میللیمان، هەر وەخت بوو شێت بم کە کاغەزەکەتم وەرگرت؛ چەند زویر و دڵتەنگ و غەمناک بوو، ئەوەندە هۆشم هاتەوە بەبەرا، خێرت بنووسێ کە زۆر دڵنەواییت کردبووم. تەسادوف منیش لەو ڕۆژەدا، ئەم (تەئریخە)م تەواو کردبوو و[3] نیازی ئەوەم بوو بۆت

(١) نامەهەنێر لە ئەو کاتەدا لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا لەسەر چاپخانەکە بووە!.

(*) وەرگیراو لە مەحموود تۆفیق خەزنەدار -زاوای نامەنووس- سلێمانیی؛ س ١٩٨٣ز. کە ئەویش لە ئازاد جەمیل سایبب -برازای مستەفا سایبب-ی وەرگرتووە.

(٢) بۆ ژیننامەی نامەهەنێر بنۆڕە: نێوداران.

(٣) مەبەست (تەئریخ)ەکەی، کتێبێکی دانراویەتی.

بنێرم و تۆش چاوێکی پیا بگێڕی، کە چوویتە بەغا، سەعیی بکەی بۆ قوبوولّی لە موستەقبەلا، لە خزمەت ئەمین زەکیی بەگا![1]

گیانەکەم

بیخوێنەوە! چیی؟ کتێبەکەم کە تەرجەمەم کردووە و چیی خراپە چاکی کە! بیبە لای ئەمین زەکیی بەگ و نیشانی بدە، بزانە لێی ڕازییە؟ ئینجا بینێرەوە بۆم، منیش تەقدیمی وەزارەتی – جەهالەت – مەعاریفی ئەکەم، وە تا ئەتوانیی بەخۆت و ئەمین ئەفەندیی[3] و شاوەیس[2] پێی قوبوولّ بکەن! نازانم ئیمان بەرەو کوێ بهێنم، چیی بووە؟

براله

لە تۆ وا ئەزانیی من خائینم؟ چونکی لە کاغەزەکەتا ئەفەرموویت؟ شەقلاوا کەوتووەتە قوژبنەوە... هەتەد!!

ئەرێ شارەزای تەبعی من نیت؟ ئایا نازانیت چەند سالّە موعەللیمم و چەندیم لە ناو لادێدا سەرف کردووە؟ نازانی کێ ڕێی لارێی لە لاوەکان کردەوە؟ نازانیی هەموو مانگێک ١٥ ٪ی مەعاشەکەم سەرفی منالّانی لادێ ئەکەم؟ ناشزانیی ئێستا چیی ئەکەم لێرە و چۆنم بۆ مەعلوومات؟ بچۆ ئەو جێیانەی قوتابیی ئێرەی لێ ئەخوێنێ؟

برا گیان

لەبەر ئەمە ئەزانم لادێی کورد، عومووماً دواکەوتوو، لاواز، حەق خوراو و بێ بەشن و

---

(١) محەممەد ئەمین زەکیی لە کابینەی وەزارەتی دوانزەی عێراقییدا نەبووە و لە کابینەی سیانزە (١/١٠/١٩٣١ز ـــــ -/١٠/١٩٣٢ز)دا وەزیری ئابووریی و کارگوزاریی بوو، عەبدولحسێن چەلەبیی عەرەب لە هەردوو کابینەی باس کراودا وەزیری مەعاریف – زانستیی – بوو.

(٢) ئەمین ئەفەندیی: محەممەد ئەمین حەسەن/ ئەمین ڕواندزیی (١٨٩٨ز. ڕواندز – ٦/١١/١٩٥٥ز. بەغداد)، ئەفسەری عوسمانیی، ئەفسەری دووەم حوکوومەتی کوردستان، ئەفسەری عیراقیی، سیاسیی نەتەوەپەروەر، خاوەندی یێکەمین ڕۆژنامەی هەولێر (هەتاو – س ١٩٤٨ز).

(٣) شاوەیس، ئیسماعیل حەققیی (١٨٩٨ز. مووسڵ ـــ ١٢/٥/١٩٧٦ز. سلێمانیی) ئەفسەری عوسمانیی، عێراقیی، سیاسیی کوردپەروەر، خاوەندی (قسەی پێشینان– س ١٩٣٣) و (پڕوپووچی پێشینان– س ١٩٣٨ز).(*)

*(*) ئەم دوو زاتەش –وەک نامەوەرگر مستەفا سایب– لە ئەو مێژووەدا لە کوردستان دوورخرابوونەوە بۆ باژێڕی حیللە!.*



شا دەماری کوردن؛ بەفەخری ئەزانم کە لەناویانا ویداع لەگەڵ دنیا بکەم وە ئەمین بە، عەینەن پرۆگرامی (فاچیست) تەتبیق ئەکەم! بۆ ئەوەی کورد بژی، ئەو تۆزە خوێنەی لە لەشمایە بیبڕژێنم گشت جارێ ئامادەم، بەلاّم من بلّێم چیی کە دائیما – تەنها پار نەبێ تۆزێ حوڕ بووم – هەموو وەختێ لە قەفەس دامئەنێن؟[1]

وەزعییەتم وەک لای خوارەوە نووسراوە، وایە:

١– کردوومیان بەڕەفیقی مەلا، شێخ و گاورێکی عەنکاوە.[2]

٢– بەناو چل دەرسم هەیە، هیچی بۆ فیکری میللییەت ئانەیێ نایەنێ. حەتتا موفەتتیش بەخوسووسیی بۆی دانام کە مەجبووری کردم دەرسی ئیجتیماعیی وەرنەگرم، دەرسی تەربییەی بەدەنییەش بەزمانی عەرەبیی«!!» ئەلّێمەوە![3]

٣– تا ئێستا دووجار مودیری ناحیە تەهدیدی کردووم، وە تا ئێستا وەک ئەووەڵ سالّی هەڵەبجە «١٠» ڕاپۆرم لێ دراوە!.

٤– لە پێش ئەوەدا کە هاتووم بۆ ئێرە، حوکوومەت بەدەم منداڵانی ئێرە – وە – تەلەغرافی لێ داوە بۆ مەعاریف کە (نامانەوێ!).

ئینجا تۆ لە جێی من بە، بزانم شەو و ڕۆژ لە مەراقا نامریی؟ لەگەڵ ئەم هەموو تەرتیبانەدا، ئەمین بەخیانەت ناکەم، عەینەن مەبدەء و مەفکوورە ئەخەمە مێشکی منالّانەوە کە لە منالّەکانیش جاسووسم بەسەرەوەیە، چونکی ئەم مەبدەء و مەفکوورەیە چووەتە ناو خوێنمەوە، لە (ق!!) دایکی مەعاشەکەیان بەم![4]

با ئینجا جوابی سوئالەکانت بدەمەوە:

---

(١) وێڕای نەتەوەپەروەریی نامەنووس، هەرگیز وێ ناچێت کە لایێنگیری (فاچیزم و ئەلمان) بووبێت؛ ڕەنگبێ لە ئێرەدا مەبەستی لە بەرنامەی خۆڕێکخستنی (لاوانی فاچیست/ پەستەک ڕەشەکان)ی ئیتالّیا بووبێت. ئەوەتە هەر بەئەم نامەیەی ڕەخنە لە ئەلّمان دەگرێت و لە ئەوەش پتر لە دانراو و چاپکراوەکانی دوارۆژی ورد ببینەوە، دەبینین کە دژیەتی! خۆی لە پێشەکیی چاپکراوی (لە ڕێگەی سەرکەوتنی ئینسانا)، نووسیویەتی: (خوا نەخواستە گەر فاشیزمیی سەرکەوێ کە موستەحیلە؛ کۆنەپەرستیی، خەرافات، دەرەبەگیی لەم ولاّتەدا زیاتر و چاکتر ڕەگ دائەکوتێ!).

(٢) عەنکاوە– عێنکاوە؛ ئاواییەکی تێکەڵ بەباژێڕی هەولێرە، دانیشتووەکانی مەسیحیین.

(٣) شوێنی «!!» جوێنە و من نەمنووسیوەتەوە کە دەبوو بنووسرێتەوە!.

(٤) دیسان جوێنە!

١- موعەللیمەکان کە هاتوونە ئێرە و لێرە بوون، بەحەقیقەت کەم خزمەتیان کردووە. چونکی هیچ ئەسەرێکی باش نابینم، بەناو کورد، بەجیسم ئەڵمان بوون! کاشکی (ئامریکا)یی بوونایە، بەس نەبوو ڕەحمی بەشەرییەتیان هەبوو!! خوا ئەزانێ منالّی سونفی چوارەم، نازانن کوردیی بنووسن، عەرەبیی جوان!!

٢- حیسی میللیی کەمە! ئەهمییەتی زبانی کوردیی لە تەحتەلسفر (١٠٠٠)دایە! مەوجوود «٦٠» کەسە کە لە شەقلاوەدا «١٥٠٠» مندالّی تێدایە کە عومری «٧» سالانە!

٣- لە هیچ عیلمێک ئیستیفادە نەکراوە!

٤- «٣٠» گاور وا لە مەکتەبا، چونکی لە شەقلاوادا «١٥٠» مالّی گاور هەیە!.

٥- ئیستیبدادی مودیری مەکتەب بووەتە سەبەبی نەمانەوەی مندالانی مەکتەب.

٦- لە شەقلاوادا حیسسی برایەتیی گەر ببێ، لای (میرانی قادر بەگ)[1]، ڕەشید بەگ جاسووسە![2]

٧- تەعەسسوبی دینیی و نیفاق لە دەرەجەی غەلەیاندایە، ڕۆژ نییە شەڕ نەبێ!.

٨- مەرکەزی ناحیە «٦٠٠» مالّە، «١٥٠»ی گاور، «٤» مالّی جوولەکەیە.

٩- حاسێلاتی ناحیەکە: تووتن، سێوە و دەغلّ و دانە.

١٠- داری خانوو بەمیلیۆن هەیە.

١١- میللەت لە برسا ئەمرێ، دەولّەمەندەکان سەفیهـ نین، موقتەسیدن!

١٢- واریداتی سالّی ١٩٢٧؛ «٨٠,٠٠٠» ڕوپییە، سالّی ٢٨ «٨٢,٠٠٠» و ٢٩ - ٣٠ «٨٥,٠٠٠» ڕوپییە. ئینجا تەماشای ئیستیبدادی حوکوومەت بکە![1]

١٣- «٨٥» دێ هەیە لە ناحیەکەدا، هەموو شاخستانە. ئەگەر میللەت موتەمەددین بێ، بەهەزار تەیارە ناگیرێ!.

١٤- پۆلیس موعتەبەرترە لە موعەللیمێک.

١٥- مەلاکان جاسووسن، ئەمما بەعومومیی، ئەوان موبەششیری نیفاقن.

١٦- کچ هەڵگرتن بەشەرەفیەوە، ئێستا باشە.

١٧- نوفووسی ناحیەکە؛ ١٠,٠٠٠ کەسە.

١٨- «٥٠٠٠» هەزار تفەنگ هەیە.

١٩- عەشیرەتی خۆشناو لە هەموو ناحیەکەدایە.

٢٠- کەمێک (هەرکیی) هەیە![2]

٢١- زبان و لەهجەی خۆشناو، وەک پیرێژنەکانی کۆنی خۆمانە!

٢٢- پۆلیسەکان لە کەرکووکی (ح!!) هاتوون!

٢٣- مودیری کوڕی شێخ عەبدولقادری شیمالە!.

٢٤- لە هەموو دێهاتێکی زیاتر، لە شەقلاوادا باغچە هەیە!

٢٥- سەرنج بدەرە کەلیماتی خوارەوە!

شەقلاوا: ش　　　　س: سلێمانیی

---

(١) میرانی قادر بەگ کوڕی میرانی مستەفا بەگ، دوای (ا. ج. گ) وێڕای نەخوێندەواریی، سەرکردەی هەموو بەرە خێڵی خۆشناو بووە. ئینگلیزەکان نێویان نابوو (هێزی هەشتەم). دەبلیوو. ئار. های W. R. Hay ئەفسەری بریتانیایی، لێی گوتووە؛ (ئەگەر ڕاوێژکاری چاکی ببوایە، سەرکردەیێکی نموونە دەبوو!). سالانی ١٩٣٣ز - ١٩٣٧ز نوێنەری هەولێر بوو لە پارلەمانی عێراقدا. سالّی ١٩٣٨ز بەنەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی کردووە! (بنۆڕە: خۆشناو و خۆشناوەتیی - س ١٩٨٥ز).

(٢) برا بچووکی میرانی قادر بەگ. جێگەی گوتنە ئەو ڕۆژگارە کەسێ بەنهێنیی پێوەندیی لەگەڵ دەزگاکانی حوکوومەت هەبووبێت، وشەی (جاسووس)ی بەرکەوتووە کە بێ گومان بەکاربردنی شێوەیێکی موتەڵەقی نییە!.



(١) سالانی ٢٨ ـــ ٣٠، مەبەستی سالّەکانی ١٩٢٨ - ١٩٣٠ز.ـە!

(٢) واتە خێڵی (هەرکی). من وەکو سەرنجیشم داوە لێکۆڵەکانی مێژوو، زمانی کوردیی زۆر لە نێوی ئەم خێڵە و ڕیشەی نەیانکۆڵیوەتەوە. بڕوام هەیە وشەی (هەرکیی) کە هێندێ کەسی نەشارەزا بەهەڵەوە دەبێژن گۆیا (کۆچەری هەر کوێیەکن!!) وشەیێکی تەواو کۆنە و خێڵەکەش ڕەسەنە! ئەم وشەیە (هەرکی - مهرکی) مادیە و (مهرکی) لە نێو خێڵەکانی (ماد)دا لای مێژوونووس (دیاکۆنۆڤ - میدیا) نێوی هاتووە! جێگەی باسە لە کۆتاییەکانی سالانی هەشتادا و لە بەشە عەرەبییەکەی ڕۆژنامەی (عێراق)ی بەغدادییدا - لە مەنفادا نێو و ژمارەکەیم لە بەردەست نییە - بەنێوی ئەو خێڵەوە بێزاریی نواندبوو لە ئەوەی - بەقسەی خۆی - بێژراوە کە ڕیشەیان کۆنە. نێوبراوەکە وێڕای ئەوەی نکوولی لە ڕەسەنی خۆی کردبوو، هەروەها پاکانەی کردبوو گۆیا کافر نین، سۆزیشی دابوو بەسەرکردایەتی حوکوومەتی بەعسی عەرەبی داگیرکەر گۆیا؛ هەمیشە وەفادار و فیداکاری دەبن!.

| | |
|---|---|
| کودیی | کوولەکە |
| پەنگر | پشکۆ |
| ئودی | دایک (دایکیش بەکار ئەهێنن) |
| ئەدیی | ئایا (!) |
| ڕێژوو (ڕەژوو) | خەڵووز |
| چیا | شاخ |
| قانەمانە | هەڵووژە |
| داندووک | گەنمەکوتاو (با بێمە لات یا بتبینم، حیکایەتێکی داندووکت بۆ ئەکەم!). |
| کوو؟ | چۆن؟ |
| داخۆ | ئایا |

گورج کتێبەکەم تەدقیق بکە، بیبە بەغا، نیشانی ئەمین زەکیی بەگی بدە و وەعدەی قوبوولی لێ وەربگرە تا ڕەسمەن بینێرینە مەعاریف! دەسی وەهبیی بەگ و شاوەیس و ئەمین ئەفەندیی و مستەفا شەوقیی ئەفەندیی ماچ ئەکەم![1] وەکیلی سڵاو بە بۆ (لاوانی بەغا)[2]، لە ئێستاوە جەژنی نەورۆزت پیرۆز بێ برا هاوخوێنەکەم![3]

(ئیمزا)

[تەواو]

(١) مستەفا شەوقیی ڕەمەزان (١٨٩٨ز - ١٩٤٢ز. ڕواندز)، ئەفسەری عوسمانیی، عێراقیی، سیاسیی نەتەوەپەروەر سەرۆکی (ک. پشتیوان/ ک. خۆیبوون) لە کوردستانی باشووردا، خاوەندی گۆڤاری (پەیژە - س ١٩٢٧ز).

(٢) مەبەست (ک. ل. کورد) لە بەغداددا.

(٣) بەرهەمی کۆکراوەی عەبدولواحید نووریی - ئامادەکردن و کۆکردنەوەی مەحموود تۆفیق خەزنەدار (زاوای)، پێشەکیی و سەرپەرشتیی و ئامادەکردنی در. عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ (ئەم نامەیە و تەنانەت نێو هێنانیشی «بەئانقەست» فەرامۆش کردووە! دەڵێم بەئانقەست، چونکە فۆتۆکۆپیی ئەم نامەیە و باوەڕنامەی خوێندنەکەیشم لە س ١٩٨٣ز.دا و لە سلێمانییدا لە مەحموود تۆفیق خەزنەدار خۆی وەرگرتووە! ڕاستییەکەیشی ئەو کردارە ئانقەستە، دیسان جەخت بۆ ئەو ڕاستییە دەکات کە هێندێ کەس مەبەستیان بوو، وێنەی ئەم نەتەوەپەروەرە بگۆڕن و بەزۆر بکەن بە(شیوعیی)، چەشنی دامودەزگەکانی حکوومەتی مەملەکەتی عێراق کە هەر کوردێکی ئازادیخواز و نیشتیمانپەروەریان بە(شیوعیی) دەژمارد!.



☼ پ. ن؛ کە: ١٠٨/١/٥١(*)

[شێخ عەلائوددین بیارە ـــــ مستەفا شێخ مەحموود شێخ محەممەد/ مستەفا قەرەداخیی][1]

[سەرۆکی هەردوو ڕێبازی نەقشبەندیی و قادریی]

بیارە. هەڵەبجە. عێراق

١١ ڕەجەب ١٣٦٠[ک]

١٩٤١/٨/٤[ز]

بۆ حوزووری سەعادەت مەئاب موتەسەڕریفی مەحبووبی سلێمانیی

مستەفا ئەفەندیی قەرەداخیی تەقدیم

لە پاش تەقدیمی مەراسیمی مەوەددەت و ئیختیساسی قەلبیی و تەمەننای پایەداریی و بەرقەراریی عالیتان، لوزوومەن زەحمەتتان ئەدەم... لە سەعادەتتان پوشیدە نییە کە داعیی هەموو قیوا و مەشاعیرم سەرفی تەقەدوومی مەساڵیحی حوکوومەت و ئاساییش و ڕەفاهی میللەت کردووە و لە هەموو عەسر و دەورەیێکا مەوقیفی ئێمە بۆ پێشکەوتنی مەساڵیحی حوکوومەت و وەتەن مەشهوود و مەعلووم بووە کە ئیحتیاج بەئیستیدلال و بورهان ناکات؛ (فەکەیفە یەسوحح فیلئەزهانی شەیئـ ئیزا ئیحتاجە ننەهار و ئیلا دەلیل؟)[2] دیسان لە خانەدانی نەجابەت بونیانی عەشیرەتی جاف، ئەو شەخسانەی کە ڕابیتە و عیلاقەیان لەگەڵ ئێمە بەمورووری زەمان دەوامی کردبێ، جەبابان نەجابەت شیعاران (حەسەن فەهمیی بەگ) و (ئەحمەد بەگ)ن[3]، بیلخاسسە ئەم دوو زاتە بەدەرەجەیێکی وەها لەگەڵ ئێمە مەربووتن کە عوموومی موریدان و مەحسووبان و عەلاقەدارانی ئێمە لە موختەلیف ئەلوییەی عێراقەوە، ڕووی دڵیان لەم دوو زاتەیە و

(*) گەنجینەی حەسەن فەهمیی جاف - بەغداد؛ ١٤/٥/١٩٩٧ز. (ڕەنگە پرسیار بکرێت چۆن ئەم نامەیە - بۆ ییێکێکی دییە - گەییشتووەتە دەست حەسەن فەهمیی. ئەز پێم وەیە یا ئەمە وێنەیێکی نامەکەیە، یا لە دوارۆژدا موتەسەڕریفی نێوبراو داویەتیی بەحەسەن فەهمیی).

(١) بۆ ژیننامەی مستەفا شێخ مەحموود قەرەداخیی، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) فکیف یَصُحّ في الاذهان شئ اذا یحتاج النهار الی دلیل!!/ چۆن شتێ لە بیراندا ڕاست دەردەچێت کە ڕۆژ پێویستی بە -بەڵگە- دەلیل بێت؟.

(٣) ئەحمەد حەمەساڵح بەگ.

زۆرتر بۆیە داعیی ئەم دوو شەخسەم خۆش ئەوێ کە دائیما تەرەفداری مەسالیحی حوکومەت و جانیبگیری ئەمن و ئاسایشی عام بوون. بەم موناسەبەیە ڕۆژ بەڕۆژ مەوقیفی حەسەنەیان لە قولووبی عەلاقەدارانی دیگەرا، مەخسووسەن، وە ئەنزاری عامما نەشئونومای کردووە – ئەم مووددەتە لە سلێمانییا ماونەتەوە)، لە ئەنزاری عومومی مەحسووبانمانا، مانەوەیان نەوعە ئیستیغرابێکی پەیدا کردووە، لەبەر ئەمە ئەوا مەخسووسیی برای عەزیز و موحتەرەمم و ڕاستم (شێخ تایب)م نارده خزمەتتان، ڕجام واسیقە و موتەئەککیدم کە بەرابەر بەم دوو زاتە تەحەوولی ئیلتیفات و شەفەقەت و مەحەببەتتان نیشان ئەدەن. واقیعەن سلێمانیی و هەڵەبجە بۆ حوکومەت یێک سووڕەتیان هەیە، فەقەت بۆ ئەنزاری عام، مانەوەیان لە سلێمانییا بەحیرەتەوە تەلەققیی ئەکرێت! جا ئەمەلم لە لوتفتان وایە، لەم ڕووەوە ئێمە مەمنوون خاتیری کافقەی مەحسووبانی ئەم دوو خانەدانە تەسریر و بەعەودەتیان و عەودەتی جەنابی (حامید بەگ) قەریبەن تەبشیرمان بفەرموون.

لە پایانا ئیحتیراماتی سەمیمانەم تەقدیم ئەکەم.(١)

(ئیمزا: عەلائوددین)

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ١٠٩/٢/٥١(*)

[شێخ عەلائوددینی بیارە ـــــ حەسەن فەهمیی جاف](٢)

[بیارە]

بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٦ی ئاب ١٩٤١[ز]

از آمدنت اگر خبرداشتم

در رەگذرت گل و سمن کاشتم(٣)

بۆ میری موحتەرەم و موعەززەز و دانا و دڵ پەسەند و عالیی مەقام و مەکاریم ئیتتیسام

(١) لێم ڕوون نییە داخۆ لەبەرچیی وەکو دەستبەسەری نێوبراوەکان لە سلێمانییدا بوون، بەڵام پێم وەیە حوکوومەتەکەی ڕەشید عالیی گێلانیی ترسی لە جافەکان بووبێت!!.

(*) سەرچاوەی پێشوو!.

(٢) تەواو ڕوونە ئەم نامەیە بەڵگەی ئەنجام بوونی نامەی پێشووە!.

(٣) واتە: ئەگەر هەواڵی هاتنتم پێ بزانیبا، ڕێگەتم بەگوڵ و سەمەن دەچاند!.



حەزرەتی حەسەن فەهمی بەگ تەقدیم..

بەڕاستیی و خۆیشت ئەیزانیی کە وایە، زۆر بەتەشریف هێنانەوەت دڵم ڕۆشن بووەوە و یاخوا بەخێر بێیتەوە و مەنزیلەت هەروا کە بووە، موبارەک و دەوڵەت ڕوون و کەیف خۆش بی. ئەوا بەنیسفولموواسەلە(١) زەحمەتم بەخاتیری عەزیزتان دا، خوا بەلوتفی خۆی مولاقات مییەسسەر بفەرمووێت.

تەبعەن وەعدەتان داوە کە بێن بۆ بیارە (وەلوەعد عەلەل حوڕولکەریم دەینون وەددەین و یەجیب ئەن یوقزا).(٢)

ئیحتیرامات زەحمەت ئەدەم، میرم

(ئیمزا)

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ١١٠/٣/٥١(*)

[شێخ عەلائوددین بیارە ـــــ حەسەن فەهمیی جاف](٣)

[بیارە]

٢٢ شەعبان ١٣٦٠ [ک/١٢/١٠/١٩٤١ز]

بۆ جەنابی خۆشەویست و موحتەرەم و دڵ پەسەندی فوقەرا

حەسەن فەهمیی بەگ

لەپاش ئیهدای مەوەددەت و قەوافیلی دەعەواتی خەیرییە، بەدڵێکی پڕ مەوەددەتەوە لە ئەحواڵتان پرسیار و تەمەننای عافیەت و ئیستراحەتتان لە خوا تەڵەب ئەکەم. لەو وەختەدا پارەمان لازمە، سەیید نیزامەددینم نارده خزمەتتان، ئەمەل وایە ئەو مەبلەغە کە لە خزمەتتا ماوە و تەبعەن ئەیزانن چەندە، بۆمان بنێرن، زۆر زەروورەت پێخەگیرمان بووە.

(١) نصف المواصلة. (نیوەی بەیێککگەییشتن).

(٢) والوعدُ على الحرِّ الكريم. دينُ والدّين يجب أنْ يُقضى (گفتی کەسێکی ئازاد و بەخشندە وەک قەرزە و قەرزیش دەبێت بدرێتەوە!).

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(٣) پەراوێزە فارسییەکەم ڕانەگۆستووەتەوە و پێویستم نەزانیی.

ئیتر بەم وەسیلەیە ئیحتیراماتی فائیقەم تەقدیم ئەکەم عەزیزم.

خادیمی مەحافیلی شەریفە

(ئیمزا: عەلائوددین)

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١١١/٤/٥١(*)

[شێخ عەلائوددین بیارە ـــ حەسەن فەهمیی جاف](١)

[ش؟]

[م؟]

بسم الله تعالى

بو حوزووری ئەمیری موحتەرەم جەناب حەسەن فەهمی بەگ

زیدە موحەببەتوهولعالیی

ئەووەڵەن زۆر بەئیشتیاق و بەلاغی دەعوەت و تەمەننای سەعادەت و ئیقبال، یادئاوەریتان ئەکەم، ئومێدەوارم پایەی عیززەتتان سەرئەفراز و مایەی حەیاتتان قەرینی ئیعزاز بێ. سانیەن لە خوسووس هەمڕاهیی و موساعەدەتتان بە (زاهید)ی کوڕم، زۆر مەمنوون و مەسروور بووم و زیاتر لە مەحەببەتی سابیقە، ئەسبابی دوعاگۆیی بوو. ئێستەش ئێوە خۆتان ئیتتیلاعتان هەیە وە ئەزانن ئەولاد و ئەحفا کە تەوەسسوعیان کرد، ئەوزاعی ئیقتیسادییە موقتەزای ئینتیشار و ئیستیقامەتی هەریێکێکیانە لە محەللێکا.

بۆ ئەم غایە مووماٸیلیێهم لەگەڵ یێک دوو برایا لە «گلیجان»(١) کە موفەووەزە بەئێمە، ئیسکان کردووە تا مەشغووڵی کەسابەتی خۆی، یەعنی بەئومووری زراعەت و فەلاحەت، ئیدارەی عائیلە و عیلاقەتی تەئمین بکا. بەرابەر بەم وەزعە مەشرووعە، مەعلووماتمان هەیە، جەنابی قائیمقام عەلا خیلافیعەدل ئەمر ئەکا کە (زاهید) لە گلیجان دانەنیشێ.

ئەمیشە بەقەراری قەتعیی زوڵمێکی شەرعیی و قانوونییە، کە وایە ڕجا ئەکەم بەهەر نەوع مومکین ئەبێ، ئەگەر مولاقاتی قائیمقام ئەفەرموون بۆ تەسهیلاتی ئەم قەزییە جەهد بفەرموون، وە عەلا کوللی حال بەئوسوولێ کە مەشرووعە تەنویری (زاهید) بفەرمووێ کە

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) گوندێکی سەر بەقەزای هەڵەبجەیە!.



لە ئومووراتی مەغدوور نەبێ. ئیتر هەموو وەختێ دەوامی ئیقبال و عومرتان لەگەڵ سیحەت و سەعادەتتان داوا ئەکەین وە سسەلام!(١) ئەمە وەها مەعلوومە بەهائوددین مەجید چاوەشیش چوار (......) ئەم قایمقامە ئەمر ئەکات و مەجید چاوەشیش بەئارەزووی عوسمان بەگە بۆ جەلبی مەنفەعەتی خۆی و پارزدری عوسمان بەگ لە گلیجان (......) خانەقایان دزیی، بردیان بۆ لای قەمەرسوڵتانی قەڵخانیی و ئێستەیش زدری (......) وە ڕەسووڵ (......) و ئەو چوار (......) تفەنگێکی لە ئێشکچیی دزیوە!

ئەلحاسڵ ئەوا بەهاددین پیاوی عوسمان بەگە وە قەڵخانیی هێناوەتە لای خۆی، ئەو عالەمەیان وێران کرد.

چیی بڵێم کە حوکوومەت نییە ئیللا بۆ فەقیر و (......)، ئەلحوکمو لله وە سسەلام.(٢)

خادیم مەحاسین شەرعییە

وە تەریقەنەقشییە و قادرییە

(ئیمزا: عەلائوددین)

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١١٢/١/٥٢(*)

[عەلیی باپیر ئاغا/ کەمالیی ـــ حەسەن فەهمیی]

[ش؟]

[م؟]

پیرم کە سەیری سینەیی وەک باغی بەی بکەم
یامەیلی نەو خەتانی خەیابانی ڕەی بکەم
وا باشە ئەسپی فیکر و هەوەس ئیکە پەی بکەم
لاکین مەحاڵە مەوسیمی گوڵ، تەرکی مەی بکەم

(١) دیارە کە ئەمە نووسینی دەستی نامەنووسە، بەڵام نووسینی دوایی – ئەگەر قسەکانیش لەهیی نامەنووس بچێت!! جودتراە و ئیمزاکەیش بەقەڵەمی نووسینەکەی دووەمە!

(٢) مخابن چەندم کرد نەگەییشتمە ناسینەوەی مێژووی نامەکە، بەڵام ڕەنگبێ هەر نووسراوی سالآنی چلەکان بێت!!.

(*) سەرچاوەی پێشوو.

من لافی عــەقڵ لێ ئەدەم،ئەم کــارە کــەی بکەم؟[1]
شــێــواوە ئەم جــیــهــانــە، وەها باشــە زوو بڕۆم
بێ هوودەیە کــە ئێســتــەکــە مەشغــوولّـی هاتوچۆم
بەندە و غــولامی (حافیزی شیرازی)ی نوکتەگۆم
دنیای وەفای نییە و نەبووە، پێکێ تێکە بۆم،
تا من حیکایەتی جەم و کاووس و کەی بکەم![2]

گەورەی خۆشەویستم جەنابی حەسەن بەگ

نامەیێکم پێشکەش کردن، هیچ وەڵامێکم پێ نەگەییشت. ئەم دوو شیعرەی سەرەوە هی حافیز بوو، گۆڕیومە بەکوردیی و تەخمیسم کردووە، تکا ئەکەم چ ئەم و چ شیعرەکەی پێشووتر ئەگەر موافیقی تەبعی جەنابتانە جوابم بدەنەوە؟ ئیخلاس و ئیحتیرامم هەیە بۆ هەر لایێک!

(ئیمزا)

دڵسۆزتان عەلیی باپیر

پ. ن؛ کە: ١١٣/١/٥٣(*)

[فوئاد ڕەشید بەکر ـــ مستەفا سایبب][3]

[ڕواندز]

١٩٣١/١/١٦[ز]

کاکەزەکیی سایبب

لەناکاو کاغەزێکتم پێ گەییشت، زۆر مەمنوون بووم. لەبەر کۆکردنەوەی ناوی دێهاتەکان، نەختێ جوابەکەم تەئخیر خست، ئومید دەکەم عەفووم کرێ! لە دێهاتەکان، ئەوەی مەشهوورن ئەمانەن کە تەقدیمی دەکەم، مودیری مەکتەب عەبدوڕڕەحمان شەرەف ئەفەندیی مودیری سابیقی کۆیسنجاقە. پیاوێکی هەتا بڵێیت مولاییم و باشە و بۆ هەموو

(١) شیعری حافز.
(٢) تەخمیسی کەمالیی.
(*) گەنجینەی مستەفا سایبب.
(٣) بۆ ژیننامەی نامەهەنێر بنۆڕە: نێوداران.



مەسائیلێک فیکر لە موعەللیمەکان وەردەگرێ. فیکری تازەیە، حەز لە تەقالیدی کۆن ناکا، بەهەموو مەعنای کەلیمەیێک مونەوویرە، وە ئەگەر لە خوسووسیەوە وەختی خۆی خراپەت بیستبێ، هەمووی موخالیفی حەقیقەت بوون.

موعەللیمەکانیش؛ سەعید فەهیم، مەدحەت موبارەک خەڵقی کفریی، برای (خولووسی)ی تاپۆیە! موعەللیمەکەی تریش عەبدالله سافییە کوڕی عومەر ئەفەندییە، خەڵقی کەرکووکە، فیکری باش نییە. هەرچەندە لێرەش بوونی زەرەری نییە، فەقەت لە خوسووس وەتەنییەوە ئیستیفای لێ ناکرێ.

مەجموعی تەلەبە: نزیکی «٨٠» تەلەبەیە. «٥» سونفی هەیە با مەیلی مەعاریف لێرە کەوتووەتە نیسبەتەوە؛ بەعزەن مەییال و بەعزەن عەلیهی دارن، وە ئێمەش ئەتڕافمان بەجاسووس دەورە دراوە. لە ٢٥٪ی ڕواندز لە ئەشراف و ڕەئیس عەشرەت و بێگزادە، هەتا وەکو گەندیان، جاسووسیی دەکەن چ بۆ حوکوومەتی عەرەب، چ بۆ ئینگلیز! ئیسماعیل بەگ[1] لێرە یێکە پیاوێکە مەزیبەتی هەبێ، بەڵام بەعەمەلی هیچ ئیشێک نایەت، کەوتووەتە مەراقی مەندووبییەتەوە؛ هیچی تری لەبیر نییە! لە خوسووس کوردییەتەوە، لێرە دەتوانم بڵێم (سفرە)، هیچی پێ ناکرێت.

لە مەئموورانی عەرەب، تەقریبەن مەوجوود نییە، تەنها یێک قۆمیسەر هەیە، ناوی عەبدولموتتەلیبە و کابرایێکی عەرەبی لەگەڵە، دەڵێن مەنسووبی ئیستیخباراتی عەرەبە و ئەم شوبهەیەش زۆر حەرەکات هەن کە ئیسباتی دەکا؛ مەسەلەن لەم ڕۆژانەدا کە زستانە و وەقتی سیاحەت و سەیران نییە، زیارەتی قیسمی ئەعزەمی ڕوئەسای عەشرەتەکانی ئەتڕافی ڕواندزی کردووە لەگەڵ پیاوێکی کورد، ئەڵێن لە خزمانی شێخ حوسامەددینی تەوێڵەیە ناوی شێخ جەمیلە![2] وەکو بیستوومە ئەم پیاوە شێخە مەنسووبی (یەس پاشالهاشمییە)[3] ئەم حەرەکەتە مونەوویرانی ئێرەی خستووەتە پەرۆشیی و پەشێوییەوە،

(١) مەبەست ئیسماعیل بەگی ڕواندزە کە لە خانەدانی پاشا کۆرە. لە ١ - ٢ی سووڕی پارلەمانی عێراقی عەرەبدا؛ ١٩٢٦ز - ١٩٣٠ز.دا نوێنەری هەولێر بوو، دواتر لە گەلیی عەلیی بەگدا بەکوشت چوو!.
(٢) شێخ جەمیل کوڕی شێخ عومەر زیائوددینە.
(٣) مەبەست یاسین هاشمییە کە چەند جار سەروەزیرانی عێراقی عەرەب بووە. تۆفیق وەهبیی بۆ م. ر. هاواری خاوەندی (شێخ مەحموودی قارەمان و...) گێڕاوەتە کە یاسین ئەفسەری عوسمانیی بووە و هەر بە (یاسین کاکەیی- کورد) بانگیان کردووە. بەڵام کاتێ مەملەکەتی عێراقی عەرەب و =

فەقەت چیی بکەن، دەستیان بەستراوە، ناتوانن هیچ بکەن!

زۆر زۆر عەرزی حورمەتم لە خیدمەت خۆشەویستمان ئەمین ڕواندزیی هەیە. زۆرم پێ خۆش بوو پێکەوەن. کوردەکانی تر کە لەوێن، کێن، ناوی چییە؟ سەیید حوزنیی، لێرە حاڵی زۆر خراپە و دەرهێنانی جەریدەکەی لەبەر ئەوەی ئیستیفادەی لێ ناکرێ و خۆشی ماددەتەن ئیستیفادەی لێ ناکا و بەعیبارەتێکی وازیح تر مەتاعەکەی قیمەت ناکا، دەری ناهێنێت، وە ئەگەر دەریشبهێنێ، بەحورییەت پێی ناکرێ بنووسێت، فەقەت ئەوە هەیە، نوسخە نوسخە (تەئریخی کوردان) دەردەهێنێت. هەتا وەکو ئێستە چوار نوسخەی دەرهێناوە، وا لە ئاخیر نوسخەکانی، دوانی بەناوی (سەیید)ەوە تەقدیمی ئەکەم![1]

یێکێکی بدەن بەئەمین ڕواندزیی! موعاوینی پۆلیسی ئێرە، خەڵقی کفرییە، قائیمقامیش ڕەزا بەگی خۆمانە. ئینتیزاری جوابتان دەکەم. ئیتر خۆشەویستیی!

(ئیمزا)

دێهاتەکان[2]

١- کانیی کولەک
٢- سریشمە
٣- دەربەندۆک
٤- کەلەکین
٥- پونچین
٦- کانیی چێرگان
٧- بەردین
٨- ئاموکان
٩- قەندیل
١٠- کۆڕک

=خانەدانی پاشا (فەیسەڵ هاشیمیی) لە عێراقدا دامەزران، ئەمیش بۆ کەڵکی خۆی لێیان نزیک بووەوە و ناسنێوی ئەو خانەدانەی بەخۆیەوە نا! نێوبراو بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو، ناحەزێکی توندی کورد و مافەکانی بووە!.

(١) مەبەست حوزنیی موکریانیی و گۆڤاری زاری کرمانجییە.

(٢) نامەنووس خۆی بەرپرسی هەر هەڵەیێکە لەنێوبردن و نووسینیدا، وێڕا؛ هێندێ گوندی دیی هەن کە نێوی نەبردوون، وەک (بەرسیرین، ڕۆست، گرتگ، داروسسەلام، هتد!!.



١١- هەراش
١٢- فەقیانۆک
١٣- باتاس
١٤- هەریر
١٥- نەرزن
١٦- سۆران
١٧- باویان
١٨- باشۆک
١٩- سەرسۆر
٢٠- سیساوە
٢١- شیناوە
٢٢- شێخ مەحموودیان
٢٣- قادیان
٢٤- کۆرگیسک
٢٥- موحەممەدیی
٢٦- بشون
٢٧- خورمایە
٢٨- کانیی ڕەش
٢٩- چنارە
٣٠- هاروونە
٣١- نووح ئاوە
٣٢- ماندان
٣٣- ڕەشەگوڵ
٣٤- زەردەگوڵ
٣٥- ماوینیان
٣٦- قەسرۆکێ
٣٧- مارەمۆن
٣٨- جافەریان

٣٩- هەنارە
٤٠- ئەڤرۆکە
٤١- خەلان
٤٢- بیرەشان
٤٣- دیزە
٤٤- سووران
٤٥- شانیدەر
٤٦- خەرابە
٤٧- خالیفان
٤٨- چۆلەمێرگ
٤٩- دەشت لۆک
٥٠- باپشتیان
٥١- باڵەکیان
٥٢- دیانە
٥٣- ناورۆین
٥٤- شێخان
٥٥- خوشۆک
٥٦- خوشکان
٥٧- کۆنەگوند
٥٨- فەقێیان
٥٩- هەبابە
٦٠- شیرۆکان
٦١- خارە
٦٢- شێتنە
٦٣- بابڕ
٦٤- شێخان
٦٥- لەیووک
٦٦- خالآنە



٦٧- مێرگەسوور
٦٨- شەوشەک
٦٩- گورۆونۆ
٧٠- کۆرانە
٧١- بەرسییە
٧٢- ماما
٧٣- هاروون
٧٤- گروێ
٧٥- ڕەش دوور
٧٦- چەم بالووک
٧٧- چۆمان
٧٨- پێشە
٧٩- بۆلە
٨٠- بەرتە
٨١- سیدەکان
٨٢- هاویران
٨٣- شیوان
٨٤- تالان
٨٥- دیرە
٨٦- کۆزەک
٨٧- تۆپزاوە
٨٨- بەنی
٨٩- گەرووی شەرۆ
٩٠- ئالانە

[تەواو]

پ. ن؛ كە: ١١٤/١/٥٤(*)

[ماجید مستەفا ــــ حەمەساڵح زەنگەنە](١)

بەغداد

٩٦١/٢/٩ [١ - ز]

برای عەزیزم کاکە حەمەساڵح موحتەرەم

لەپاش حورمەت، بەکاغەزەکەتان موشەڕڕەف بووم، زۆر زۆر تەشەککورتان ئەکەم. لە خوسووس (ئەحمەد)ەوە لە مودیرەکەی کاغەزێکم وەرگرت، ئەویش مەدحی ئەکات. تەبعەن ئەمە نەتیجەی نەسایح و ئیرشادی ئێوەیە کە ئەحمەد، شوکر بەم نەوعە خەڵق لێی ڕازییە.(٢)

من ئیتتیسالم کرد بە (یەحیا) فەقەت گوتی هێشتا زووە، وا ئەزانم لە جولای - تەموز، K - ئەحمەدیش وەر (......)من جوابی کاغەزی مودیرەکەیم بەسووڕەتی تەشککورنامەیێک دایەوە، فەقەت زۆر مەمنوون ئەبم ئەگەر هیممەت بفەرموون نمرە و تەئریخی ئەو کاغەزە کە بۆ بەغدا نووسراوە یاخود ئەنووسرێت، بۆم بنێرن کە من لێرە تەعقیبی بکەم.

ئیتر حورمەت و تەشەککور بۆ هەموو لایێکتان، باوک و دایک و کوڕ و کچ پێکەوە.

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) وەرگیراو لە حەمە ڕەشیدخان زادە؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر، سلێمانیی - ١٩٩٧/٧/٣١ز.

(١) بۆ ژیننامەی نامەهەنێر، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ئەحمەد کوڕی ماجید.



پ. ن؛ كە: ١١٥/٣/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکی ــــ شێخ ئەمین خاڵ]

[ش؟]

[م؟](١)

بۆ حەزرەتی پیری ڕۆشن زەمیر خەیروڵحاج

جەنابی حاجیی شێخ ئەمین موکەڕڕەمە

لەپاش عەرزی ئیخلاس و دەست بووسیی، مەعرووز ئەمەیە؛ کە ئەمر نامەیێکتان کە بەتەئریخی چەندێ لەمەوپێش ڕەوانە فەرموو بوو، گەییشتە دەست و مەئالی مونیفی ڕەهینی عیلمی موخلیس بوو. بەمووجیبی ئەمرۆ ئیشارەتی موبارەک، بۆ شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەسعەد ئەفەندیی لەگەڵ مەقاماتی لازمە موشاوەرە کرا وە بەمووافیقی ئارەزووی خۆمان بۆ قوبووڵ کردنی بەسیفەتی تەبیب لە تەرەف مودیری عومومیی سیحەحیەوە بۆ وەزارەتی داخیلییە نووسرا وە قەریبەن قوبووڵ دەکرێ و مەحموود ئەفەندیی بەسووڕەتی مووەققەت چووە سووریە و لە پاش قوبووڵ بوونی عەودەت دەکاتەوە.(٢)

ئینشاالله هەر ئەمرۆ ئیشارەتێ لە تەرەف جەنابتان سادیر ببێ، ئیجرا دەکرێ.

ئیتر دائیما تەمەننا، سیحەت و سەلامەتیی موبارەکتانە.(٣)

(ئیمزا)

وەزیر ئەشغال

[تەواو]

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ - سلێمانیی؛ ١٩٨٥ز.

(١) نامەکە نێوی شوێن و مێژووی بەسەرەوە نییە، بەڵام بەزەرفی نامەکەدا دیارە لە بەغدادەوە هاتووە و مۆری پۆستەی سلێمانییش، مێژووی ١١/نۆڤمبر - ١٩٢٨/١١ی لێ داوە.

(٢)- پێم وە ئەو پزیشکە نەوەی ئەسعەد ساحیبی برازای مەولانا خالید بێت.

(٣) ئەمین زەکیی بەزمانی فارسییش -بەخۆشنووسییەوە- هێندێ نامەی دی بۆ ئەم زاتە ناردووە. من ئەوانەم نەنواندووە چونکە -با وێنەی هەست و پێوەندیی کورد بن- ناچنە خانەی زمان و ئەدەبی نامەنووسیی کوردەوە!.

✿ پ. ن؛ كه: ١١٦/٤/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ ئەمین خاڵ]

[ش؟]

[م؟][1]

بۆ خیدمەت مورشیدی موحتەرەم

خەیرولحاج حاجیی شێخ ئەمین دامە عومرەهو

لەپاش عەرزی خیدمەت و دوعای عومر و عافیەت – عەرز – ئەمەیە:

لەمەوپێش لە خوسووس کاتیبی مەحکەمەی شاباژێڕ ئەمرنامەیێکتان نووسیی بوو، گەییشتە دەستی حورمەت و لەسەر ئەمری ئێوە، لە وەزارەتی عەدلییەدا تەعقیب کرا و داخیلی میزانییە لە مەجلیسی میللەتدا قوبووڵ دەکرێ و موومائیلێهـ تەعین دەکرێ! لە خوسووس کاتیبی مەحکەمەی سلێمانیی، شێخ جەلال ئەفەندیی، ئەمرنامەتان فەرموو بوو، دوێنێ قسەم لەگەڵ کرد. ئینشاالله لەم ڕۆژانەدا ئەمری تەسبیت و زیادەی مەعاشی وەردەگرێ! جگە لەمە، دەلالەتی خێری جەنابی عالیی چونکە مووجیبی ئەجرە، بەندە دائیما ئینتیزاری ئەمرتان ئەکەم. ئینشاالله لە جێبەجێ کردنی قەت قوسوور ناکەم.

ئیتر خوا بکەم دائیما وجوودی پڕ سوودی ئێوە بۆ سلێمانیی، خۆش بێ و لە فەیز و بەرەکەتتان موستەفید بێ. ئامین!

(ئیمزا)

بەندە

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) نامەکە نێوی شوێن و مێژووی بەسەرەوە نییە. وێ دەچێت هەر لە بەغدادەوە و لە دەوروبەری مێژووی نامەی پێشوودا، نووسیبیەتیی!.



✿ پ. ن؛ كه: ١١٧/٥/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ ئەمین خاڵ]

[بەغداد]

١٠ مایس ١٩٣١ [ز]

بسم الله الرحمن الرحیم

حەزرەتی مورشیدی موحتەرەم دامە عومرەهو

لەپاش عەرزی حورمەت، ئیلتیفاتنامەیێکتان ناردبوو، زۆر مووجەبی شوکر بوو. لە خوسووس زەممی مەعاشی نوورعەینی (شێخ محەممەد)[1] ئەمرتان فەرموو بوو. لەسەر ئەمری ئێوە سەعیی کرا و بەلوتفی خوا مووەففەقییەت ڕوویدا و زەممی بۆ کرا! ئومێدم هەیە لە ئیعتیباری ئەم مانگەوە مەعاشی تازە وەربگرێ. زاتەن داعیی، تا ئێستا بۆ سەندنی زەممی مەعاش بۆ مودەڕڕیسین و ئەئیممە و موئەززینی سلێمانیی لە سەعیی فاریغ نەبووم، چونکە بەڕاستیی زۆر مەغدوور بوون، بەڵام ئەلحەمدوللە بەدەرەجەیێک لە مەغدووربیەت نەجاتیان بووە وە بۆ هەموویان مەعاش زیاد کرا. ئینشاالله لە فورسەتێکی تردا، زیاتر تەوسیعی ڕزقیان مییەسسەر ئەبێ.

باقیی خوا بکەم هەر خۆش بن و ئیمانتان سەلامەت بێ!

بەندە

محەممەدئەمین زەکیی

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) مەبەست شێخ محەممەد خاڵە!.

پ. ن؛ كە: ١١٨/٦/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغدا

٤ تەشرین ئەووەل ١٩٣٥[ز]

نووری عەین شێخ محەممەد

موحەببەتنامەیێکتان بەتەئریخی ٢/١٠/٣٥ نووسیی بوو، گەییشت، لە مژدەی سیحەت و موحەببەتتان زۆر مەسروور بووم.

هادیی ئەفەندیی(١) نوسخەییێکی (تەفسیر)ەکەی بۆ هێنام، زۆر مەمنوون بووم، خوا ئەمسالتان زۆر بکا. بەڕاستیی خیدمەتێکی گەورە و بەفائیدەیە، ئینشاالله زۆر ئاساری تر دائەنێن!

لە بابەت نووری چەشم (مستەفا)وە نووسیبووتان، حالیی بووم، بەڵام بەگوێرەی قەراری ئەخیری وەزارەتی مەعاریف، کەسێک لە داروموعەللیمین وە یا لە سانەوییەکی کامیل دەرنەچوو بێ، ناکرێ بەموعەللیم. جا بەپێی ئەم قەرارە تەعین کرانی (شێخ مستەفا) موستەحیلە وە ئیللا سەعیی ئەکرا!(٢) بەڕاستیی دڵ وای پێ خۆشە کە برای تۆ و یادگاری مەرحووم(٣) خیدمەت بکەم، بەڵام چیی بڵێم؟ قابیل نییە و موتەئەسسیفم.

ئیتر دائیما تەمەننای سیحەت و مەحەببەتتانە، شێخم!

(ئیمزا)

موخلێستان

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) هادیی سابیب.

(٢) شێخ مستەفای برای.

(٣) مەرحووم: شێخ عەلیی بابی!.



پ. ن؛ كە: ١١٩/٧/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

[بەغداد]

١٨ کانوون ئەووەل ١٩٣٦[ز]

نووری عەین شێخ محەممەد

بۆ جەژنە پیرۆزە نووسیبووتان، زۆر تەشەککوری مەحەببەتتان ئەکەم و لە تەئەخخوری جوابەکەی موتەئەسسیرم. ڕجا ئەکەم شتێکی واتان بەدڵدا نەیە، من ئەساسەن موخلێسی مەرحووم و موحیببی ئێوەم. مەرحوومی باوکت ئویللاشم بوو، خوا عەمر درێژت کا. وە ئینشاالله وەکو (تەفسیر)ەکە زۆر ئەسەری تر دائەنێن. مەخسووس چاوتان ماچ ئەکەم شێخم!

(ئیمزا)

موحیبتان

[تەواو]

پ. ن؛ كە: ١٢٠/٨/١٥(**)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغدا

٢٠ کانوون ئەووەل ١٩٣٧ (ز)

نووری عەین شێخ محەممەد

کاغەزێکتان بەتەئریخی ١١/١٢/٣٧ نووسیی بوو، گەییشت، مژدەی سیحەت و دەوامی مەحەببەتتان مووجەبی مەمنوونییەتە. خوا بکا دائیما بەدەن ساغ و دڵ خۆش بن. نوسخەی (مەولود)ەکە هات، خوێندمەوە؛ بەڕاستیی زۆرم پێ خۆش بوو، یاخوا عومر درێژیی، خوا ئەمسالت زۆرکا!

لە نووسینا موراعاتی وەزعی ئێستای لوغەتەکەمان لازمە. قەت تەرەفداری تیفڕات مەبن! ئەووەڵەن؛ کەلیماتی عەرەبیی بەئیملای فەسیحی ئیستیعمال بکەن باشترە.

(*) سەرچاوەی پێشوو!.

(**) سەرچاوەی پێشوو!.

سانییەن؛ بەفیکری کوردیی پەتیی نووسین، کەلیماتی غەیرە مەعرووفە ئیستیعمال کردن موناسیب نییە، چونکە مەعنای مەقسوودی تەنیا لای موحەڕیرەکەی مەعلوومە، حاڵیی بوونی زەحمەتە.[١]

لە خوام تەڵەبە، عومر درێژ و موفید و موستەفید بن!

(ئیمزا)

موحیبتان

[تەواو]

📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٢١/٩/١٥[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغدا

١٤ کانوون سانیی ١٩٣٨[ز]

نووری چەشم شێخ محەممەد

ئەووەڵەن پرسیاری مەحەببەتتانە؟ ئەیزانن دەمێکە لەگەڵ (تەئریخی سلێمانیی) خەریکم و تەواوم کردووە. ئارەزووم هەیە دەرحەق بەعولەما و شوعەرای بەشوورەتی، فەسڵێکی مەخسووسە عەلاوە بکەم. نزیک سیی زاتێکم تەسەببوت کردووە، ئەگەر لەم خوسووسەوە موعاوەنەتێکی سەریعەم بکەن، زۆر مەمنوون ئەبم.

لە سوڵەحای مەشهووره و عولەما و شوعەرای بەناوبانگی تا دەورەی ئیحتیلال[٢]، ئەگەر چەند زاتێکم لەگەڵ تەرجومەی حاڵێکی موختەسەردا بۆ بنووسن زۆر مەمنوون ئەبم.

ئەوانەی کە تەرجومەی حاڵیانم لە لا هەیە ئەمانەن: مەولانا خالید، نالیی، بێتووشیی (تەئریخی ویلادەت و وەفاتی نازانم!!)، ڕەئفەت محەممەد ئەفەندیی، ڕەسووڵ مەستیی، ئەمین فەیزیی، زەهاویی، سالم، کوردیی، ئاهیی، خانەدانی شارەزووریی، تاهیر بەگی

(١) هەڵبەت ئەو بیروڕایە هێندێکی هەر بەکەڵکی کەسانی هاوسەردەمی خۆی و پەروەردەی خوێندەواریی کۆن هاتووە، دەنا کوردیی پەتیی نووسین واتای بەکاربردنی زمانە کوردییە ڕەسەنەکەیە و پاکیژکردنیەتی لە زمانی بیانیی!.

(*) سەرچاوەی پێشوو!.

(٢) مەبەستی تا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییە و هاتنی دەسەڵاتی بریتانیایە – س ١٩١٨ز.



جاف، مەلا عەبدوڕڕەحمان پێنجوینیی، یومنیی، شێخ عەبدوسسەمیع، عەبدوڕڕەحمان، محەممەد ئەفەندیی، محەممەد زەکیی، شێخ مەعرووفی نۆدێ، مەقسوود ئەفەندیی، مەولەویی. غەیرە ئەمانە، شێخ عومەر و شێخ عوسمانی تەوێڵە، حاجیی کاک ئەحمەد، ئەحمەد بەگی عوسمان پاشا، ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ، وە باقیی لە ئەهلی لیوای سلێمانیی کێ ئەزانن، لەگەڵ تەرجومەی حاڵێکی موختەسەردا زوو بۆم بنووسن تا بەتەبعی کتێبەکەدا بگا!

ئیتر تەمەننای سیحەت و دەوامی مەحەببەتتانە شێخم![١]

(ئیمزا)

موحیبتان

[تەواو]

📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٢٢/١٠/١٥[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

[بەغداد]

١٩٣٨/٦/٣٠ [ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

ئینتیزاری نەتیجەی کتێبەکەم ئەکرد، لەبەر ئەوە جوابی کاغەزم تەئخیر کردبوو. کتێبەکەم حەواڵەی لوجنەی تەدقیق کراوە. چاوم بەمودیری مەعاریفی عام و ڕەئیسی لوجنەکە کەوت، هێشتا کۆنەبوونەتەوە. ئومێدم وایە قوبووڵ ئەکرێ، مودیری عامیش سەعیی بۆ ئەکا! لە خوسووسی مەسئەلەی بەدەلی ئیعتیرازی سەیید ئەحمەد ئەفەندییەوە[٢] نووسیی بووتان. موعاوەنەتی جوزئیی من موقتەزای وەزیفەی ئینسانییە و موحتاجی شوکر نییە! لەسەر هەموومان فەرزە کە لە وەقتی زەروورەتدا بەفریای یێکترییدا بگەیین. خوا دائیما بمانکا بەواسیتەی خێر!

(١) مامۆستا خاڵ -بۆ منی گێڕایەوە- بەدڵی ئەو هاریکاری بووە، بەڵام محەممەدئەمین زەکیی لە کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ نەکردووە.

(*) هەمان سەرچاوە.

(٢) مەبەست شێخ ئەحمەدی برای شێخ محەممەدی خاڵە!.

مەخسووسیی چاوتان ماچ ئەکەم و تەمەننای سیححەت و مەحەبەتتان ئەکەم کاکە!

(ئیمزا)

موخلّیستان

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٢٣/١١/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

[بەغداد]

١٠ شەعبان ١٣٥٧[ ١٠/١١/١٩٣٨ز]

نووری عەین شێخ محەممەد

کاغەزێکتان بەتەئریخی ٢٦ ڕەجەب نووسیی بوو، گەییشت، لە مژدەی سیححەت و عافیەتتان زۆر مەسروور بووم. لە خوام تەڵەبە دائیما دڵ خۆش و ساغ بن، چونکە ئێوە ئومێدی دوایین بۆ دین و دنیا و لازمن. تەنیا ڕجام ئەوە کە لە تەئخیری جواب سەغڵەت نەبن، بەغەیری مەشغەڵە سەبەبێکی تر نییە. جار بەجار بەمژدەی سیححەتتان دڵشادم ئەکەن.

بەم موناسەبەتەوە ڕجاییێکی بچووکیشم هەیە؛ (تەئریخی سلێمانیی)م بۆ چاپ ناردبووە لای حاجیی تۆفیق بەگ(١)، وەک بیستوومە چەند فۆرمەییێکی لێ چاپ دراوە. دەلالەت بفەرموون کە ئەو نوسخانەم بۆ بنێرێ. دووەم ڕجاشم ئەوەیە کە بۆ مەبادیی تەئریخی بابان، بەعزێ مەعلووماتی ترم دەست کەوتووە، مەسوەددەکەییم بۆ بنێرێ تا عەلاوەی بکەم!

ئیتر تەمەننای سیححەت و مەحەببەتتانە کاکە شێخ!

(ئیمزا)

موخلّیستان

[تەواو]

(*) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١) پیرەمێردی خاوەندی چاپخانەی (ژیان).



پ. ن؛ کە: ١٢٤/١٢/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

[بەغداد]

٣ شەووال ١٣٥٧ (٩/١٢/١٩٣٨ز)

نووری چەشم شێخ محەممەد

لەپێش هەمموودا، جەژنتان موبارەک بێ، تەمەننا لە قاپیی خوا وایە کە زۆر جەژنی تر بەخۆشیی و دڵ خۆشیی ببینن و عەلاوەی ئەمەش خوا جەژنی بووژانەوە و سەربەرزیی میللەتیشمان پێ ڕەوا ببینێ! چەند خۆشە کە لە هەمموو لایێکەوە عیلم و سەنعەت و ڕەفاه و سەعادەت، چاو ڕوون بکاتەوە و کەساسیی و بێ نەواییی نەمێنێ. خوا ڕەحم بەحاڵی عالەم بکا!

(فەلسەفەی ئایین)م وەرگرت و دڵمی گەشاندەوە. هەر خۆش بە و بەبەر و بەرەکەت بە!. ئینسانی بێ ئەسەر چەند لە داری بێ بەر ئەکا؟ کوللی ئەسەرێکت نوورێکی تازە لە دیدە و دڵی عومووميیدا پەیدا ئەکا! شاعیرێکی ئێرانیی گوتوویەتی؛ (با فائدە دە آنچە تو دانی دیگریرا، با فائدە گیر آنچە ندانی ز دیگر کس!)(١) واقیعەن زۆر باش نووسراوە. هەموو کەس ئەتوانێ زۆر باش لەو حەقائیقە مەکتوومەیە بگا و بەم نەوعە دائیرەی ئیستیحساری بەعزی مەلاکانی زەدەدا، کردووە. زۆرم حەز ئەکرد لە نووسیندا موحافەزەی ئیملای کەلیماتی فارسیی و عەرەبیی بکەی! بێجگە لەمەش تا زەروورەت نەبێ، کەلیماتی فارسیی لە جێگەی کوردیی بەعەمەل مەهێنە! وەک (زبان) و (زمان)ی دووەم کەلیمە، بەتەواویی کوردییە! لام وایە تا مووەدەتێک لازمە موتەقابیلە مەئنووسەکەی تەرجیح بکەین! ئیتر لە خوام تەڵەبە دائیما تۆفیق ڕەفیقمان بێ کاکە شێخ!

(ئیمزا)

موحیبتان

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) واتە: لە ئەوەی دەیزانیت کەڵک بدە بەنەزانێ، یان کە نەتزانیی کەڵک لە کەسێکی نەزان وەربگرە!.

پ. ن؛ که: ١٥/١٣/١٢٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــــ شێخ محەممەد خاڵ]

[بەغداد]

[م؟][1]

### نووری عەین شێخ محەممەد

لەگەڵ مەلا محەممەددا[2] کاغەزێکتان ناردبوو، گەییشت. مژدەی سیحەت و مەشغەڵەی مووەففەقیتان، دڵی گەشاندمەوە -کە- لەگەڵ تەئالیفی لوغەتێک[3] خەریکن! خوا قووەتتان بداتێ و تۆفیق ڕەفیقتان بێ! گوتن و نووسینمان بەڕاستیی موحتاجی ئەسەرێکی وایە. لە پێشینان یێک دوویێک لوغەتیان نووسیوە، بەڵام لە ناودا نییە چۆنیان پێکەوە ناوە، دەرەجەی قیمەتی چییە؟ نایزانین، تەنیا بیستوومانە. تالووکە مەکە تا موکەممەلتر بێ باشترە! خوا ئەمسالتان زیاد بکا. بۆ مەلا محەممەد، ئەویی مومکین بوو، کرا. مەعاریف ئەوەی مەقسەدە لە وکەلای موعەللەمین ئیستیغنا بکا. لەبەر ئەوە چونکە ڕەسمی تەخسیلی ئیبتیدائیی نییە، زەحمەتە! خۆزگە داخیلی شەشەمی ئیبتیدائییە ببوایە و شەهادەتنامەیێکی وەربگرتایە، ئەو حەلە مومکین ئەبوو داخیلی دارولموعەللیمینی ڕیفیی بێ! حەیفە کە لاوانی ئێمە، زۆر کەم بەهیممەت و کەمتەرخەمن، زوو لە خوێندن سارد ئەبنەوە!

مەلا محەممەد ئەگەر شەهادەتی ئیبتیدائییە وەرگرێ، من داخیلی ڕیفیی ئەکەم و مەسرەفی ئەکێشم. زۆر سەلام و حورمەت بۆ ئەحواڵ پرسان. خوا دائیما مووەففەقولبیلخێرتان بکا! دیارییە بەقیمەتەکەتان گەییشت، هەر خۆش بن!

(ئیمزا)

موخلێستان

[تەواو]

---

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) نامەکە مێژووی لە سەرەوە نییە، بەڵام پێم وەیە هەر لە ساڵانی سییەکاندا نووسراوە بەتایبەتی کە مامۆستا خاڵ لە نێوەندی ئەو ساڵانەدا دەستی داوەتە (فەرهەنگی خاڵ).

(٢) مەبەست مەلا محەممەد کوردیی کوڕی مەلا مستەفا کوردەیە کە لە ئێرەدا باسی ڕابواردووە.

(٣) مەبەست (فەرهەنگی خاڵ)ە.



پ. ن؛ که: ١٥/١٤/١٢٦(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــــ شێخ محەممەد خاڵ]

[بەغداد]

١٩/ ٤/ [١٩]٣٩ز

### کاکە شێخ محەممەد

کاغەزەکەتان هات و گەلێ گەشامەوە، هەر خۆش بن، ئەگەر قیسمەت بوو، ئینشاالله بەخدمەت ئەگەم.

سووڕەتی تەلەغراف و مەزبتەم دیی، یێکێکیانم تەسمیع کرد، لام وایە ئیحتیاج نییە، ئیش لە مەجرای تەبیعیی وا لە پێشکەوتنایە، مەراق مەکەن، خوا کەریمە! ئەگەر پێویست بێ خەبەرتان ئەدەمێ. ئێستاکە تەمەننای سیحەت و سەعادەتتان ئەکەم. سەلام و حورمەت بۆ هەموو دۆستانی ڕاستەقینە، کاکە!

(ئیمزا)

[تەواو]

پ. ن؛ که: ١٥/١٥/١٢٧(**)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

١٩٣٩/٦/٩[ز]

### کاکە شێخ محەممەد

کاغەزەکەتم وەرگرت، لە تەلەغرافەکەتان زیاتر موئەسسیر و پڕ مەعنا بوو. تەشەککوری موحەببەتتان ئەکەم. واقیعەن نیابەت قابیلییەتی تەبریکی زاییع کردووە![1] بۆ خیدمەت، نیابەت زەروورییی نییە. لە هەموو وەزعییەتێکدا خیدمەت مومکینە، بەشەرتی خیدمەتکاریی. خوا عەدوای زۆرکا! مەسئەلەی شێخ ئەحمەد[2] چیی لێ بەسەرهات؟

---

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(**) سەرچاوەی پێشوو.

(١) لە ئەم هەلەدا بووە بەئەندام پەرلەمان!.

(٢) برای شێخ محەممەد خاڵ!.

ئیمتیحانی بڕایەوە یان نا؟ بۆ مەسئەلەی تۆ لە فەعالییەتدام، ئینشاالله سەمەرەی حەسەنەی ئەبێ!

سەلام و موحیببەت بۆ دۆستانی حەقیقیی، میرم!

(ئیمزا)

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٥/١٦/١٢٨(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

١٦/٦/١٩٣٩[ز]

عەزیز کاکە شێخ محەممەد

سێ چوار ڕۆژ لەمەوپێش کاغەزێکتان هات و لە ماجەرای وەزیفەی کیتابەتی سلێمانیی حاڵیی بووم، بەڕاستیی ئەم پەشۆکیی مەعاریفە جێگەی ئەسەفە. مودیری عامم دیی و عیتابم لێ کرد، بەڵام زانیم کە لەم حاڵە بێ خەبەرە. دەسبەجێ بۆ ئیمتیحانی ئەحمەد ئەفەندیی[1] لە تەڕەف لیجنەی سلێمانییەوە کاغەزێکم پێ نووسیی بۆ موتەسەڕریف و ئەوا لەگەڵ ئەم کاغەزەدا ناردم، تەقدیمی موتەسەڕریفی بکە تا لەوێ ئیمتیحانەکەی جێبەجێ بکرێ و بۆ ئێرە بنووسرێ بۆ تەعین.

سەلام و حورمەت بۆ جەنابی موتەسەڕریف پاشا و ئەحواڵ پرسان. نوسخەیێکی (تەئریخی سلێمانییی)م بۆ ناردی عەجەبا گەییشت یان نا؟

ئیتر هەر خۆش بن و دڵخۆش بن، میرم.

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) ئەحمەد ئەفەندیی برای شێخ محەممەد خاڵ!.



پ. ن؛ کە: ١٥/١٧/١٢٩(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

٢٦/٦/١٩٣٩[ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

لە دوای سەلام و ئیشتیاق، شێخ ئەحمەد هات و موراجەعەتی مەعاریف کرا و تیکرار بۆ موتەسەڕریف نووسرایەوە کە ئیمتیحانی بکەن و نەتیجەکەی خەبەر بدەن! کاغەزێکیشم بۆ جەنابی موتەسەڕریف نووسیی و ڕجام لێ کرد کە زوو ئیمتیحانی بکەن و بۆ ئێرە بنووسن بەڵکو خوا مەسئەلەی تەعینەکەی سەهل بکا.[1] لە خوسووس مەقالەکەی ژیانتەوە تەشەککور ئەکەم، خوا هەموو لایێک مووەففەق بفەرمووێ.

ئەحواڵ لێرە باشە. وەزیری عەدلییە ئیشەکەمان ئینشاالله بۆ ئەکا، هیچ مەراق مەکە، خوا چاکی ئەکا ئینشاالله.

سەلام لە ئەحواڵ پرسان و باخووس لە حاجیی تۆفیق بەگ[2]

(ئیمزا)

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٥/١٨/١٣٠(**)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

٢٢/٦/١٩٤٠[ز]

نووری عەین شێخ محەممەد

مەحەببەتنامەکەتانم لەگەڵ مەقاشەکان وەرگرت، لە مژدەی سەلامەتیتان زۆر مەسروور بووم. ئینشاالله مەسئەلەی ئینحیسار جێبەجێ ئەبێ و مەلا محەممەد تەعین ئەکرێ!

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) کاری دامەزراندنی شێخ ئەحمەدی برای شێخ محەممەد خاڵ.

(٢) مەبەست پیرەمێردە!

(**) سەرچاوەی پێشوو.

تەنفیزی قانوونەکە – حەیف – بۆ ئەم ساڵ نابێ، بەڵام بەقەراری ئەمە کە لە سەری ساڵدا ئیکمال بکرێ. ئێستاکە تەشکیلاتێکی بچووک ئەکرێ و مونتەزیری هاتنی میلاکەکەیم.

سەلام لە جەنابی قائیمقام و حەسەن بەگ، ئیتر هەر خۆش بن!

(ئیمزا)

[تەواو]

📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٥/١٩/١٣١(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

٢٦/١٠/١٩٤٠[ز]

نووری عەین شێخ محەممەد

جوابی کاغەزەکەت بەسەببەبی ڕەمەزانەوە تۆزێ دواکەوت، بەڵام لام وایە گلەیی ناکەی! بەسێ جار چوومە عەدلییە، زاهیر وایە، ڕەئیسولوزەرا کە هاتووەتە ئەوێ، لوزوومی تەعیینی حاکم بڕاوەتە نەهێنییەوە و تەعین کرا و، بەتەبیعەت وەزیفەی (قازیی)یشی ئەوێت، لەبەر ئەوە وەزیفەکەت مەعرووزی ئیلغا بووە، بەڵام ئەلحەمدولله مەیدان بەوە نەدرا، وە بۆ «چەمچەماڵ» تەعین قەرارگیر بوو!

ئومێدم وایە تا چەند ڕۆژێک تەبلیغ ئەکرێی. لێرە (......) شایانی ئەهمییەت هیچ نییە (......) عەجەبا مەسئەلەی ئینحیسار دەرەجەی تەتبیقی چۆنە؟ زورڕاع و ئەسعار مەمنونن یا ناو دەرەجەی ئەفکار چۆنە؟

سەلام لە حەسەن بەگ[1] ئیتر هەر خۆش بە کاکە!

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) حەسەن تاڵەبانیی، موتەسەڕریفی –ئەو کاتەی– سلێمانیی!



📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٥/٢٠/١٣٢(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

٢١/١١/١٩٤٢[ز]

نووری عەین شێخ محەممەد

دوو کاغەزتانم بێ جواب هێشتەوە، بەڵام ناساغیی مانیع بووە، لەبەر ئەوە لام وایە ئەبوورێی. ڕوتووبەتی ئێرە زۆرە و بەرەو زستانین، سەرما ڕوو لەزیادییە و ڕۆماتیزمەدار زۆر موتەئەسسیر ئەبێ. لەگەڵ ئەمەش چارە نییە، ئەبێ سەبوور و موتەووەکیل بین! نازانم لوغەتەکەت تەواو بووە یان نا؟ ئەڵبەتە لەگەڵ خەریکی شێخم، لە نووسیندا ئیملای کەلیماتی عەرەبیی مەگۆڕە، چونکە زەرەری هەیە![1] لاوێکی غەیرە، لە چەمچەماڵەوە، کاغەزێکی بۆ نووسیوم، ئیمزاکەییم بۆ نەخوێنرایەوە، لەبەر ئەوە جوابدانەوەی مومکین نەبوو، ئەگەر بۆت دۆزرایەوە، ڕجا ئەکەم لە زمان منەوە زۆر تەشەککوری بکە!

مەسئەلەی شێخ مستەفا[2] لام وایە جێبەجێ بوو! زۆر ئیشتیاق و مەحەببەت کاکە شێخ و سەلام لە هەواڵ پرسان.

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) خوێندەوار لێی ڕوونە کە ئەمین زەکیی مێژووناس، شارەزایی تەواوی لە زمان و ڕێزمانی کوردییدا نەبووە. ئەم جۆرە باوەڕەی بۆ زمانی کوردیی نارێکە و بەکاربردنی ڕێنووسی عەرەبیی لە کوردییدا، نەگونجاو بووە و ناگونجێت. هەڵبەت گلەیی لێ ناکرێت کە خۆی پەروەردەی خوێندەواریی کۆنە!

(٢) برای شێخ محەممەدی خاڵ!

پ. ن؛ کە: ١٣٣/٢١/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

١٩٤٤/٣/٨[ز]

خۆشەویستی هەموو شێخ محەممەد

ئینشـا الله هەمـوو ساغ و سەلیـمن. کتێبی (سـەرف و نەحوو)ەکـەم[1] لەگەڵ مولازمی ئەووەڵ حامیدا[2] بۆ ناردنەوە. ناساغیی و بێ تاقـەتیی نەیهێشت هەمووی بخوێنمەوە، بەڵام ئەو بەشـەی مـوتالام کـرد، زۆر بـاش و بەقـەڵەمـێکی شـارەزا نووسـرا بوو. لام وایە باقـیـیـشی هەر وایە و ئینشا الله لە پاشـدا لە چاپ ئەدرێ و ئیـحتـیـاجێکی ئەسـاسـیی خـوێندەواران دەفع ئەکـا، تا ئێـسـتـا شـتـێکی وا نەنووسـراوە، وا ئەم نەقسـە بەقـەڵەمـە جوانەکەی تۆ دەفع ئەکرێ. هەر بەرخۆردار بە تا زانستی کوردیش لە تۆ بەرخۆر بێ.

مەسئەلەی نەقڵەکـەتم لە فـیکرە و لە تەعـقیبی خاڵیی نیم. وەزیری مـۆڵەتی ڕۆژێکی ویست، بەغەیری ئینتیزار چارە نییە! زۆر تەشەککوری دیارییەکەتان ئەکەم، نازانم بۆچیی ئەم زەحمەتە؟ موناسەبەتی ئێمە ئیحتیاجی بەم نەوعە تەکلیف و تەکەللوفە نییە!

ئیتر لە خوام تەڵەبە دائیما خۆش و دڵ خۆش بن شێخم!

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) دانراوێکی چاپ نەکراوی شێخ محەممەد خاڵە!.

(٢) ناسراو بەحامید قەرە. لە نێوەندی هەشتاکاندا کۆچی دوایی کرد لە سلێمانییدا. هاوسەری مامۆستا مونیرە قەفتانە!.



پ. ن؛ کە: ١٣٤/٢٢/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

١٩٤٤/٩/٢٩[ز]

شێخی خۆشەویست

ئێستا کاغەزەکەتم گەیشتێ، دڵی گەشاندمەوە، ژانی کەم کردم، یاخوا هەر خۆش بی. ئینشـا الله ئیـجازەی مـەرەزییەکـەت نەتیـجەی ناسـاغیی نییـە، تەنیـا بۆ ئیـستـراحەت وەرتگرتووە. نازانم کۆششـەکـەت دەوام ئەکا یان نا؟ لوغـەتەکـەت تەواو بکە! تۆ دارێکی سـەوزی بەرداری، با هەمـوو بەرخـۆری بین! ناسـاغیـیـەکـەم مـاوە؛ ئەژنۆم دەسـتـەو ئەژنۆی کردم. بەغەیری شوکر چار نییە. خوا خراپتر نەدا.

چاوی براکانت ماچ ئەکەم و سەلام لە هەواڵ پرسان.

(ئیمزا)

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٣٥/٢٣/١٥(**)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

٤٥/٢/٢٨[١٩ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

کاغـەزەکەتم بەئیشـتـیـاقێکی زۆر وەرگرت و خوێندەوە. جوابەکەی کەمێک دواکەوت، چونکە تەئسیری پەنجەکانم ژان ئەکا و نووسینم زەحمەتە.

مـیـرم؛ ئەووەڵ کـوڕی (مـوفـتـیی) کـە عـەبدالله ئەفـەندییـە لە ١١ی ڕەجـەب ١٢٤٧دا هاتووەتە دنیاوە!.[1]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(**) سەرچاوەی پێشوو.

(١) ساڵی کۆچیی.

تەئریخی ویلادەتی کوڕەکانی تری وەک خۆی قەیدی کردووە، لە ژێرەوە نووسراوە:

| | |
|---|---|
| ٢- عەبدولحەکیم | ١٥ شەووال ١٢٥٦ /١٨٤٠ز.K. |
| ٣- عەلیی سەلیم | ١٥ ڕەمەزان ١٢٦٠ /١٨٤٤ز.K. |
| ٤- مەحموود | ٢٩ زیلقەعیدە ١٢٦٢ /١٨٤٦ز.K. |
| ٥- محەممەد ڕەشید | ٢٠ سەفەر ١٢٦٤ /١٨٤٨ز.K. |
| ٦- محەممەد ساڵح | ١٥ ذیلقەعیدە ١٢٦٥ /١٨٤٩ز.K. |
| ٧- محەممەد لەتیف | ١٨ ڕەبیعولئەووەل ١٢٦٦/ ١٨٥٠ز.K. |
| ٨- محەممەد سەعید | ١٢ ڕەجەب ١٢٦٨ /١٨٥٢ز.K. |
| ٩- محەممەد ئەمین | ٢٠ ڕەبیعولئەووەل ١٢٦٩/١٨٥٣ز.K. |
| ١٠- عەبدولحەمید | ١٣ شەعبان ١٢٧١/١٨٥٤ز.K. |
| ١١- محەممەد سەلیم | ٢٢ جومادیی ئەووەل ١٢٧٤ /١٨٥٧ز.K. |
| ١٢- عەبدولغەنیی | ٢٥ شەووال ١٢٧٧ /١٨٦٠ز.K. |
| ١٣- محەممەد جەمیل | ٢٩ زیلحججە ١٢٧٩ /١٨٦٢ز.K. |
| ١٤- عەبدولجەلیل | ١٥ جومادیی ئاخیر ١٢٨٤ /١٨٦٧ز.K. |

تەئریخی وەفاتیان نازانم وە غەیری ئەو ڕوباعیی و شیعرانە کە لە (مەشاهیر)دا[١] نووسراوە، هیچی ترم دەست نەکەوتووە.[٢]

دائیما تەمەننای سیحەحت و سەعادەتتان ئەکەم.

(ئیمزا)

[تەواو]

(١) دانراوی خۆی کە لە ئێرەدا ئاشنا کراوە.

(٢) من نێوەکانم بەپێی ساڵیان ڕیز کردووە.



📖 ✿ پ. ن؛ کە: ١٥/ ٢٤/ ١٣٦(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ پیرەمێرد][١]

[بەغداد]

[-/-/١٩٤٥ز]

بولبولی وڵاتەکەم مامۆستا گیان

لە (ژین)ی ئەم جارەدا (١ مارت ١٩٤٥) و لە ژێر عینوانی (گەڵاڵەی تەئریخ)دا، باسێکی خۆشت نووسیی بوو. سەرنجم لێ دا و دیم کە ناحەقت نییە![٢] تەئریخ باسی ڕابوردوو و ئێستا ئەکا. نووسەری تەئریخ بۆ بەشی ئەووەڵی، ئەبێ زۆر هەوڵ بدا، مەئخەز و مەسادیری باش و ڕاست بدۆزێتەوە، بۆ هەموو باسێک هیچ نەبێ دوو مەئخەزی ڕاست و ماقووڵی ببێ.

(*) ژین - ١٥/ ٥/ ١٩٤٥ز (بۆ ژینی خۆشەویست).

(١) پیرەمێرد - وەکو باسی کراوە - لە ڕۆژنامەکانی (ژیان، ژین)دا، گەلێ جار لە چەند گۆشەیێکی وەک (تەئریخ و ئەشخاص) و (چیم دی) و هتد...دا، بابەتی مێژوویی، بیرەوەریی گرنگی خۆی نووسیوە. هێندێ جاریش بۆ دەستگیربوونی باسی کۆک و بەهێزتر، دیسان بۆ ڕەواج پێ دانی بابەتی مێژوو، کەلەپووری کورد لە ڕۆژنامەدا، ڕووی تکای - بەپێی مەبەست و باسەکە - کردووەتە محەممەدئەمین زەکیی و ئەویش بەگوتارنامەیێ وەڵامی داوەتەوە و لە ڕۆژنامەکەشدا بڵاو کراوەتەوە. بۆ وێنەش لە (ژیان)دا، پیرەمێرد لەمەڕ (فەقێ ئەحمەدی بەبە) پرسیاری لە محەممەدئەمین زەکیی کردبوو. ئەویش لە ١٩/ ١/ ١٩٣٥ز.دا، بەگوتارنامەیێ وەڵامی داوەتەوە و پیرەمێردیش لە (ژیان - ١٢/ ١/ ١٩٣٥ز)دا بڵاوی کردووەتەوە! من پەسەندم کرد، پێشەکیی گوتارنامەکە - بێ لە باسەکانی فەقێ ئەحمەدی بەبە - بۆ پەرۆشانی ئەدەبی نامەنووسین بخەمە ڕوو. محەممەدئەمین زەکیی نووسیویەتی؛ (بەڕاستیی ئەم پرسیارە قورس قورسانەی تۆ، هێناومیە سەر ئەوە کە دۆعات لێ بکەم کە قەت نەبیتە مامۆستای مەکتەب، چونکە قوتابییە بەسەزمانەکان بۆ دۆزینەوەی پاسوخێکی بەڕێ و جێ، بۆ ئەم تەحرە پرسیارانەی تۆ، زۆر دائەمێنن! بەهەزار گۆ و پچڕ جوابێکی خۆمانەمان بۆ باسی ڕۆستەم دۆزییەوە، بەڵام وا ئەم جارەش تووشی باسی «فەقێ ئەحمەد بەبە»ت کردم، جا خوا ئەیزانێ لە ناو مێووژ و کاکڵە گوێزی گیرفانت چ تەحرە پرسیاری ترت بۆ حازر کردووم؟ پەنا بەخوا. ئەپرسیی؛ بەبە لە کێ و لە کوێوە پەیا بوون؟ هتد...).

(٢) نووسراوەکەی پیرەمێرد (ژین - ١/ ٣/ ١٩٤٥ز/ گەڵاڵەی تەئریخ بۆ گوڵاڵەی تەئریخ - ئەمین زەکیی) ئەمەیە: (تەئریخ قەومێک ئەژێنێ و پیاو لە سەرگوزەشتەی دەوروپشتی خۆی ئەگەیێنێ، بەشەرتێک ئەو ماجەرایە لە زەمانی خۆیا نووسرا بێ و ئەویی نووسیبیەتی، تەرەفگیریی تیا=

شەرەفخان خوا عافووی کا، گوێی نەداوەتە ئەم ئوسوولە. وا دیارە لەم و لەوی بیستووە و یا لە بەعزێ تەئریخی بێ قیمەتی فارسیی وەرگرتووە و بەشی پێش خۆی نووسیوە.

ئەم باسەی وەکو تۆ فەرمووتە، ئاودار و شیرین نییە. ئەحواڵی زەمانی بەپێی نووسینی ئەو دەورە، پڕ لە موبالەغەیە. لەمەشدا بەڕاستیی لایێقی ڕەحمەت و حورمەتە، چونکە شتێکی باشی بۆ بەجێ هێشتووین و بۆ نووسینی تەئریخمان مەسدەرێکی زۆر بەقیمەتە!

= نەکردبێ. شەرەفخانی بدلیسیی، ئەم هەموو ڕەنجەی داوە، ڕابوردووی کوردانی نووسیوەتەوە، بەڵام چونکە لە زەمانی خۆیدا نەبووە و لە زبانی ئەم و ئەوی بیستووە، دڵی پێ ئاو ناخواتەوە! میرزا مەهدیی کە دەبیری نادر شاه بووە؛ (تەئریخی جیهان گوشا)ی نووسیوە. بەڵێ خۆی بەچاوی خۆی دیویە و لەگەڵ نادرا بووە، بەڵام تەرەفگیریی و شێوەی موبالەغاتی عەجەمانەیە، تامی تیا نەهێشتووە و تەئریخ نووسینیش عیلمێکە و خوا بۆمانی بێڵێ؛ ئەمین زەکیی هێندێ ڕێی کوردستانی ڕوون کردووینەوە... بەڵام من ئەمەوێ لە پێش هەموو چشتێکدا گوزاریشاتی ناوخۆمان و ئێستامان بکەوێتە تەئریخەوە، بەهەر چوار لامانا بگەڕێی لەم کوردەواریەدا، پیاوی تەئریخی زۆر تیا هەڵکەوتووە، کەچیی ئەویی لەم نزیکانەدا ڕوویدا، هیچی هێشتا نەنووسراوە. ئێستا بنووسرێ لەوە چاکترە کە کۆن بێ و هەرییێکە بەڕەنگێ بیگێڕێتەوە!. جارێ لەسەردا لە پشدەرەوە پیا بێین کە سەرەتای بابان لە دارشمانە و فەقێ ئەحمەدەوە داهاتووە و نەتیجە حوکوومەتی بابانی لێ کەوتووەتەوە؛ هێشتا کۆ نەکراوەتەوە. پچڕ پچڕ لە تەئریخی تورکدا ناویان براوە، ئەویش بەغەرەزکاریی «ئەکراد بەدینهاد»یان پێ وتوون. خوا لێی خۆش بێ «حسێن نازم» بەتورکیی سەرگوزەشتێکی بابانی نووسیی بوو، ئەگەرچیی شتێ بوو، ئێستا پرسیم، ئەویش نەماوە! هێشتا سەرئاورد و بەراوردی بابان دەرنەکەوتووە و بڕایشنەوە و تازە هەرچیی بنووسرێ ئەبێ دەماودەم بیسترا بێ. کەریم خانی زەند، هەروا لوتف عەلیی خانی ئادەر، خاوەندی ئاتشکەدە کە لە زەمانی ئەودا بوو، یێک دوو لاپەڕەیێکی لێ دوواوە، ئەویش تەئریخ نییە! ئەوا ئەمانە لە دەست چوون، سیلسیلەی خانەکانی بانەش کوژایەوە کە زۆر کۆنن، تەنانەت ئەسحابەکوژیان پێ ئەڵێن، دیارە لە زەمانی ئەسحاباتیشدا بوون. سیوەیلێ کە لە سەلیم ئاغا و مەحموود ئاغای کوڕییەوە تا ڕەسووڵ ئاغای پیاوانی، تەئریخ بوون، قڕیان بڕڕا! ئەوەندە هەیە من دوو ڕیوایەتی تەمسیلییەی بانە و مەحموود سەلیم شێوەکە لێم نووسیوە، ئەویش خۆ تەئریخ نییە و تەمسیلە و دیارە منیش موئەڕڕیخ نیم و چەند لە حسابا کۆڵم، ئەوەندەیش لە تەئریخدا بێ بەهرەم! لەگەڵ ئەوەیش، وا من دیارە پیرم، هیچم لە بارا نەماوە، سا تا پێم ئەکرێ من گەلاڵەی بۆ ئەمین زەکیی بەگ دادەنێم و ئەڕۆم. من بیرەوەریی خۆم، پاشەڕۆکی پیاوانی تەئریخی لەم نوسخە بەدواوە ئەنووسم، با لە شکڵی تەئریخیشدا نەبێ، هەر باشە!/ تەواو).



مامۆستا

لە فیکرتە کە من لە پێش (تەئریخی سلێمانیی و وڵاتەکەی)، هاوارم بۆ هێنان و تکای موعاوەنەتم کرد، بەڵام کەس جوابی دامەوە؟

لەگەڵ ئەوەش نەترسام و ئەو تەئریخەم نووسیی، بەڵام وا دیارە باسەکانیت لە فیکر چووەتەوە، ئەگینە لەوێدا بنج و بناوانی (بابان) و ئەمارەتەکەیان بەتەفسیل باس کراوە.

بێینەوە سەر (حوکوومەتی زەند)؛ لە جلدی دووەمی (خولاسەیێکی تەئریخی کورد و کوردستان)دا، لە حەق ئەم حوکوومەتە دوواوم و ٦٣ لاپەڕەم «٢٢٨ – ٢٩١ سەحیفە» پڕ کردووەتەوە. ئەگەر خوێنتەوە، لام وایە توانجەکەت هەڵئەگری و بڕوا ئەکەی بەتەئریخی (زەند)، لە فیکر نەچووەتەوە و خراوەتە سەر قاقەز.

ئەمما باسی سەلیم ئاغا و مەحموود ئاغا و ڕەسووڵ ئاغا کردن لە وزەی منا نییە و نایزانم و کتێبێکی واش نییە کە فێرم بکا. ئەم ڕەنجە ئەکەوێتە سەر شانی مامۆستامان.

ئەمویست لەمە زیاتر مامۆستام بدوێنم، بەڵام داخم ناچێ، ژانی پەنجەکانم مۆڵەتم نادا، لێم ببوورە.(١)

قوتابییە ناساغەکەت

[تەواو]

📖 ☼ پ. ن؛ کە: ١٣٧/٢٥/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــــ پیرەمێرد]

[بەغداد]

[-/٢/١٩٤٦ز]

شوکرانەم بۆ (ژین)ی بیست ساڵە

بەپێی شەرع، لاوان لە عومری بیست ساڵییدا، ئیسبانی روشد ئەکەن و ئەمەش بینا لەسەر حیکمەتێکە. لەگەڵ ئەمەش، من وا ئەزانم کە (ژین)ی ئێمە زۆر دەمێکە و هەر لە

(١) پیرەمێرد لە پەراوێزی بڵاوکردنەوەی نامەکەدا نووسیویەتی (یاخوا ئەو پەنجانە نەیەشێ) کە بێ گومان ئەمین زەکیی بەدەست باداریی – ڕۆماتیزمەوە پەرێشان بووا!.

(*) ژین – ١٩٤٦/٢/٨ز (نامەکە بەبۆنەی ئاهەنگی بیست ساڵەی ڕۆژنامەی «ژین»ەوە لەگەڵ چەند نامە و بابەتی دی بڵاو کراوەتەوە!).

ئەووەل ساڵیدا ئیسباتی روشدی کردووە و هەموو ئەیزانین لە سایەی مێشک و قەڵەمی باوکیەوە بوو. خوا بەگەورەیی و قودرەتی خۆی عومری خۆی و باوکی درێژکا و چەند بیست ساڵێکی تریش بیانژێنێ و ئەم لاوەش لە لەڕ و لاوازیی، ڕسگارکا، نەتەوەی بەفام و بەئەدەبی لێ بکەوێتەوە!

بەڕاستیی، بێ تاقەتیی و بێ دەماغیی باوکی و دەوری دەوران (ژین)ی زۆر لەڕ کردووە. دڵ ئەیویست و ئەیەوێ ئەم تاقانەیە، قەڵەوتر و بەگوڕتر بێ؛ تەنیا بە«پەندی پێشینان» و بەعزێ قەسیدەی تر نەمانخەڵەتێنێ، چەند لاپەڕەیێکیش بۆ زادەی تەبع و قەڵەمی شاعیر و ئەدیبە ناسراوەکانمان جوێ کاتەوە. زەرەرێکی گەورەیە و حەیفە جارجار دەنگی بەزەمزەمە و ئاهەنگی (فائیق) و (سەلام) و (زیوەر) و ئەمسالیان نەگاتە گوێمان.[1]

زۆر ئیشتیاق و حورمەت بۆ باوکە کەباب خۆرەکەیشی!

(......)

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٥/٢٦/١٣٨[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ـــــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

١٤/١٢/٤٦[-١٩ز]

شێخی ڕاستەقینەم

لە بابەت (مستەفا)وە دوو کاغەزتم وەرگرت![2] ئەگەر لە پێشدا خەبەردار بوومایە، وا نەئەبوو. بەڵام موقەددەر ئەبێ ببێ. زۆرم پێ ناخۆش بوو. ئەم جارە هەر چۆنێ بوو، نیوە تەداریک کرا و بۆ کەرکووک تەحویل بوو. جا بزانین چۆن ئەبێ؟ بۆ دوایی خوا گەورەیە.

میرزا عەبداللەی حاجیی ئەحمەدی وەستا سادیق پوورزامە، بۆ تەعقیبی زاواکەی کە

(١) مەبەست (بێکەس)ی شاعیر و (شێخ سەلامی شاعیر: ١٨٩٢ز - ١٩٥٩ز) و عەبدالله زێوەری شاعیرە!.

(*) گەنجینەی شێخ محەممەد خاڵ.

(٢) برای شێخ محەممەد خاڵ.



ڕەئووفە، لێرە قسەم لەگەڵ جەنابی موتەسەڕڕیف حەسەن بەگ کرد و وەعدی دا. ڕجا ئەکەم ببیینە و پێی بڵێ؛ ئینتیزاری وەعدەکەی ئەکەم و ڕجام وایە زوو جێبەجێی بکا!

زۆر سەلام بۆ دۆستان. پەنجەکانم کەڵکی نەماوە وە ئیللا زۆرم ئەنووسیی، مەعزوورم میرم.

(ئیمزا)

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٥/٢٧/١٣٩[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ـــــ پیرەمێرد]

بەغدا

٢٩/٤/٩٤٧[ز][1]

بەناوی خوا

چرای ئەدەبی وڵاتەکەم

کارتە دڵبەرەکەتم وەرگرت. ئای چەند دڵسۆزانە بوو. چاوی ڕوون کردەوە و ژانی پەنجەکانمی شکاند. بەو هێزە دەستم دایە قەڵەم، ئەم چەند دێڕەم نووسیی. خۆزگە

(*) ژین - ١٩٤٨/٧/٢٩ز.

(١) ئەم مێژووە لە (ژین - ١٩٤٨/٧/٢٩ز)دا و بەسەر نێوی (دوایی نامەی ئەمین زەکییەوە) نووسراوە. من لەبەر کۆنیی مێژووی سەرەوە، دانانیم پەسەندتر کرد.
شایانی باسە؛ (ژین - ١٩٤٧/٥/١٢/ سەر مەقالە: تەنقید - سەنگی مەحەک) بەمێژووی ١٩٤٧/٤/٢٩ز.ەوە، هەمان (نامە)ی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام لەگەڵ بڵاوکراوەی (ژین - ١٩٤٨/٧/٢٩ز)دا ئەم ڕستانەی جودایە؛ (خۆزگە بمتوانیایە باش و زۆر بنووسم. ئاواتەخوازی قسەم لەگەڵ تۆ. فەرقی گوتاری ئێوە و ڕۆییشتووەکان ناکەم و - ڕەنگە ئەوانیش زیندووبوونایە - وەک من فەرقی دوو گوتارەکەیان نەکردایە!).
هەڵبەت دیارە کە ئەم نامەیە - بەڕاستیی - کۆنترە و دوایین نامەش نییە. بەڵام چۆن ئەو جوداییە (لە دووجار بڵاوکردنەوەدا) هەڵکەوتووە؟ من پێم وەیە کە لە یێکەم بڵاوکردنەوەدا - س ١٩٤٧ز - پیرەمێرد (لەبەر خۆیەوە) نامەکەی بێ وردبوونەوە نووسیوەتەوە و تێ هەڵکێشی گوتارەکەی کردووە کە لە ئەوێدا دەڵێت؛ (بێینە سەر شیعرەکانی بێسارانیی و وەلی دێوانە... پیرەمێردێ کە لە غەزەتەکەیدا بەناوی بێسارانییەوە نووسیویەتی و بێسارانیی دیوانی لە چاپ دراوی نەبێ و ئەمین=

بتوانیایە بەکامی دڵ، تێر بنووسم. نازانی چەند ئاواتەخوازی گفتوگۆم لەگەڵ تۆ؟ یاخوا هەر بژیت. ئەگەر قیسمەت بێ، چاومان بەیێک ئەکەوێ.

نازانم تا کەی تەپڵی تۆپێن بە(بێساران) و (وەلی دێوانە) و ئەمانە ئەکەی؟ سەرم وا لێ تێکچووە، فەرقی وتاری ئێوە و ئەوان ناکەم. ڕەنگە ئەوانیش زیندوو بوونایە وا نەبوونایە.

هەر خۆش بە مامۆستا.

محەممەدئەمین زەکیی

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٥/٢٨/١٤٠[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ــــ شێخ محەممەد خاڵ]

شەقڵاوا

٢٢/٧/١٩٤٧[ز.]

عەزیزم شێخ محەممەد ئەفەندیی

ئەوەتەی چوویتەوە، کاغەزت نەهاتووە، ئینشاالله سەبەبی خێرە و هەموو ساغ و سەلیمن.

زاتێکی موحتەرەم لە ئەستەنبوولەوە بۆی نووسیوم و ئەڵێ: (شێخ ئەحمەد) ناوێک، خەڵکی سلێمانیی، لە وەقتی خۆیدا چووەتە ئەستەنبوول. زاتێکی عالیم و عاشقی حورریيەت بووە، داخیلی حادیسەی مەشهووری «قسلەلی» بووە و گیراوە، حوکمی ئیعدامی دراوە و لە زەمانی سوڵتان عەبدولعەزیزدا بەنەفیی ئیکتیفا کراوە و

= زەکیی بەگ لە غەزەتەدا بیبینێ، شیعرەکانیش جوان و هەڵبژاردە بن؛ بیخاتە ناو ئەسەرەکەی خۆیەوە، چ گوناهی هەیە؟). لە لاییێکی دییەوە، هەر لە دوای بڵاوکردنەوەی نامەکەی ساڵی ١٩٤٧ز.ەوە، پیرەمێرد بەئەم چەند وشەیە وەڵامی محەممەدئەمین زەکیی داوەتەوە؛ (یاخوا ئەم سۆز و ئەم هێزەمان لێ نەبڕێ... ئەمە بوو وەرامی شیعری بێسارانیی و وەلیی دێوانە!) پێویستە بشزانرێ کە ڕەخنەی نەرم و سەر لێ تێکچوونی محەممەدئەمین زەکیی لەمەڕ گۆڕینی شێوەزاری (گۆران)ی شاعیرە نێوبراوەکان بۆ شێوەزاری نێوبراو بە(سلێمانیی) کە پیرەمێرد لەگەڵیان خەریک بووە، ئەنجامی ئەوەیە کە پیرەمێرد جاروبارە بەئیمزای (بێسارانیی)ەوە شیعری خۆی بڵاو کردووەتەوە. بۆ هەردوو باریش، (ژین)ی پیرەمێرد و (دیوانی پیرەمێرد) شایەتن!.

(*) گەنجینەی شێخ محەممەد خاڵ.



ناردوویانەتە «زیندانی ماغوسا»[1] و لەگەڵ (نامیق کەمال بەگ)ی مەشهوور[2] چەند ساڵێک ڕەفیق زیندانیی بوون. ئەم شێخ ئەحمەدە کێیە و تەرجومەی حاڵی چۆنە؟ لام وایە شێخ ئەحمەدی خوارزا نییە؟

ڕجا ئەکەم بۆم تەحقیق بکە و موفەسسەڵ بۆم بنووسە بۆ شەقڵاوا!

چاوی براکانت و منداڵەکان ماچ ئەکەم. سەلام لە هەواڵ پرسان.

(ئیمزا)

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٥/٢٩/١٤١[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ــــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

١٠/١١/١٩٤٧[ز.]

خۆشەویستی هەموو شێخ محەممەد

سەلام و ئیشتیاقێکی زۆر، چۆنی؟ ئینشاالله هەمووتان بەکەیفن!

کاکە شێخ، وا دیارە جەمیل ئەفەندیی[3] وەقتی نییە کە دوو کەلیمەیێک جوابم بۆ بنووسێتەوە و چونکە فێری جواب وەرگرتنەوە نەبووم، بەڕاستیی زۆرم لە لا گران بوو. ئیتر نانووسم، تەنیا خۆت لێی بپرسە و بۆم بنووسە چیی فرۆشراوە و چیی ماوە؟

چاوی براکانت و منداڵەکانت ماچ ئەکەم. سەلام لە هەواڵ پرسان.

(ئیمزا)

[تەواو]

(١) لە مامۆستا خاڵم پرسیی، فەرمووی؛ بۆمان ساغ نەبووەوە! پێم وەیە لێکۆڵەکان بەبەریانەوە هەیە لێی بپرسنەوە!.

(٢) نامیق کەمال - محەممەد (١٨٤٠ز - ١٨٨٤ز) نووسەر و شاعیری نیشتیمانپەروەر و ناسراوی ئەدەبی تورکیا. ڕەچەڵەکی عەرەبی لوبنانە!.

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(٣) مەبەست جەمیل سائیب کوڕی مەلا ئەحمەد مەلا قادری ساییب (١٨٩٧ز - ١٩٥١ز)، کە ئەو کاتە ڕێبەری گەنجینەی دارایی موتەسەڕڕیفییەتی سلێمانیی بووە.

📖 پ. ن؛ کە: ١٥ /١٤٢/٣٠[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

بەغداد

١٩[٤٧/١٢/٧.ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

لە دوای سەلام و ئیشتیاقێکی زۆر، نیهایەت جەمیل ئەفەندیی حەواڵەی «٥٠» دیناری ناردووە بۆ میرزا فەرەج.[١]

نازانم چییە و باقیی حسێبی کتێبەکان چۆنە؟ شایەت ئەگەر کاغەزی بۆ نەنووسیوم، بۆم بنووسێ تا تێی بگەم!

کاکەی برام سیی دینارت تەقدیم دەکا، ڕجا ئەکەم بیدە بە(زیبا)[٢] کە ئەڵێن ئێستا موحتاجە!

باسەکەی شێخ ئەحمەدت چیی لێ کرد؟ هەر لێم دەپرسن، شێخ هیممەتێکی تری بۆ بکە![٣] چاوی براکانت و منداڵەکانت ماچ ئەکەم. ئیتر هەر خۆش بە![٤]

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.

(١) زاوای جەمیل ساییب.

(٢)- ئافرەتێکی خانەدانی سلێمانیییە!.

(٣)- باس کراوەی (پ. ن؛ کە: ١٥/ ٢٨/ ١٤٠).

(٤) ئەم نامەیە وەکو دەستنووسی خۆی نەبێت ئەوهەیە کە تەنانەت ئیمزاکەیشی پەشۆکاوە. وێ دەچێت مەڵامەت نەخۆشییەکەی بێت!



📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٥/ ١٤٣/٣١[*]

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شاکیر فەتاح][١]

محەممەدئەمین زەکیی

شاریع ئەلعسکەریی - بەغداد

١٩٤٧/١٢/١٨[ز]

عەزیزم شاکیر بەگ

(شەبەنگە بەڕۆژ)م پێ گەیی و چاوێکم پیا گێڕا. بەڕاستیی وێنەیێکی بەرزی ئەدەبی ئیجتیماعییە. بەرخۆردار بە!

لە ناو پێشیناندا (هۆغۆ)[٢] و (ولز)یش[٣] لەسەر ئەم ڕێ و شوێنە ڕۆییشتوون و بوونە ڕەهبەرێکی بڵندی ئەدەبی ئیجتیماعیی و قەومەکەیان لە خەویی نەگبەتیی خەبەر کردەوە و نەتیجەی ئەم جیهادەیشیان زوو دەرکەوت. هیوام وایە (پرشنگ) و (شەبەنگە بەڕۆژ)یش ڕەهبەرێکی بەکەڵک بن و عەینی خیدمەت بەجێ بهێنن![٤]

هەر خۆش بە تا شائەسەری ئەدەبی ئیجتیماعیی تریشمان بۆ بنووسن!

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) گەنجینەی شاکیر فەتاح - سلێمانیی؛ ١٩٨٥/٢/٤ز (لە ماڵی خۆیدا، ئەم نامەیە و نامەی ئەمین زەکیی بۆ پیرەمێرد - بێ قاییل بوونی بەفۆتۆکۆپیی کردنیان - لە بەرچاوی خۆی نووسینمەوە. هەر لە ئەم دیدار و دانیشتنەشدا پێی گوتم کە پیرەمێرد زۆر دەوری هەبووە بۆ هان دان و نووسینی!).

(١) بۆ ژیننامەی شاکیر فەتاح بنۆڕە: نێوداران.

(٢) هۆگۆ ڤیکتۆر V. Hugo (١٨٠٢ز - ١٨٨٥ز) شاعیر و ڕۆماننووسی فڕانسیی بەنێوبانگ.

(٣) ولز هێربێرت ژورژ H. G. Wales (١٨٦٦ز - ١٩٤٦ز) ئەدیب و ڕۆژنامەڤان و ڕۆماننووسی ئینگلیز.

(٤) هەردوو دانراوی شاکیر فەتاحە.

📖 ☼ پ. ن؛ كه: ١٤٤/٣٢/١٥[*]
[محەممەدئەمین زەكیی ـــــ شێخ محەممەد خاڵ]
محەممەدئەمین زەكیی
شاریع ئەلعسكەریی - بەغداد
١٩٤٧/١٢/٢١[ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

كاغەزەكەتم وەرگرت و چاوم ڕوون بووەوە، یاخوا هەر خۆش و دڵ خۆش بن. كاغەزی جەمیل ئەفەندیی دەرنەكەوت، بەڵكو لە فیكری چووە، بیهێنەرەوە فیكری!

بۆ شێخ ئەحمەد چارێكتان نەكرد؟ بزانە لە حاجیی تۆفیق بپرسە! بەڵكو ئەیزانێ، بەڕاستیی بۆ ئێمە عەیبە كە پیاوێكی وا كە نامیق كەمال بەگ ئەوەندە مەدحی بكا، ئێمە نەیناسین![1] بۆ شێخ ئەنوەر، بەمودیری سیححیی عامم گوت، شاغیر ببێ تەرفیعی پێ ئەكا. كاشكی زووتر خەبەرت بداما یە!

چاوی منداڵەكان و براكانت ماچ ئەكەم. خوا بكا دائیما گەش و مووەففەق بن میرم.

(ئیمزا)

[تەواو]

📖 پ. ن؛ كه: ١٤٥/٣٣/١٥[**]
[محەممەدئەمین زەكیی ـــــ پیرەمێرد]
محەممەدئەمین زەكیی
شاریع ئەلعسكەریی - بەغداد
٤٨/١/٣[١٩.ز]

مامۆستا گیان

كاغەزەكەتانم گەییشتێ، دیارە كە هەرقلەكەی تۆیە[2] كە لە كاغەزێكی بچووكدا،

(*) گەنجینەی شێخ محەممەد خاڵ.

(١) دیسان مەبەست كەسە ونەكەی دوو نامەی ڕابوردووە!.

(**) گەنجینەی شاكیر فەتاح - سلێمانیی؛ ١٩٨٥/٢/٤ز.

(٢) مەبەست هێز و توانای پیرەمێردە كە لە نامەنووسیندا وەك توانای هەرقل (هیراكیلۆس Heraclius)ی ئیمپراتۆری بیزەنتی بەدەسەڵاتە. (بنۆڕە: فەرهەنگۆك).



موعجیزەییێكی گەورەی ئەدەبیی ئینسانیی ئەنوێنێ! چاوی تۆ، پیریی كزی نەكردووە، زەمانە كردوویە. لەگەڵ ئەمەش كز نییە و ئینشاالله كز نابێ!

خوا ئەیزانێ زۆر پەرۆشی دیدارم، لاكین بڵێم چیی؟ پێی من شەلە و مەنزڵ دوورە!

(شەبەندە بەڕۆژ) ئەسەرێكی جوانە و زۆر بەكەڵكە، بەشەرتێك ئەوەی ئەیخوێنێتەوە باش تێی بگا. من بەدڵ تەقدیری ساحیبەكەی ئەكەم، تكا ئەكەم تۆش تەشجیعی بكە![1]

(١) بەر لە گەییشتنی ئەم نامەیە، پیرەمێرد لە (ژین - س ٢١، زژ ٨٩٨، پێنجشەموو ١٩٤٧/١٢/٢٥ز)دا بەسەر نێوی (بێینەوە سەر شەبەندە بەڕۆژ) گوتارێكی لێ نووسیوە و دەبێژێت؛ (جارێ بەرەو ڕوو وتبوومان؛ لە ژمارەییێكی تردا لێیی ئەدوێین... بەڵێ، من خۆم لە خۆم گەییشتووم كە پیریی شپرزەی كردووم، ئەویی ئێستا پێیی ڕاهاتووم، ئەوەم پێ خۆشە، چونكە نەخۆشیی شەكریشم لەگەڵە، پارێزم لە گشت شیرینییەك - با حەزیشی لێ بكەم - نابێ بیچێژم. شەبەندە بەڕۆژم دانابوو بەكاڵەكی قرگەیی كە حەفتا ساڵ لەمەوبەر لە قەڵاچوالان ئەكرا و ئەمەندە شیرین بوو، ئاوەكەی حەڵوایان لێ ئەكرد. بەڵام كاڵەك كە لە شوێنێكەوە زەردەییێكی پەیدا كرد، زۆر تاڵ ئەبێ! شێوەی نووسینی شاكیر فەتاح، كوردییەكی جوان و ڕەوانی بێ قۆرت و ئاسانە. كەم كەس ئەتوانێ وا بنووسێ. ئەو كاڵەكە شیرینە كە قنچك و ناوەكەی، بابڵێین ناوی كتێبەكە كە لێیی نراوە و ناوی كاڵەكەكە كە تۆوی پێ ئەڵێن؛ وەك كاڵەكەكە شیرین نین! جارێ «شەبەندە بەڕۆژ» كە پارچە قوماشێكە، وەك قەنەووز و خارا و تافتە ئەدرەوشێتەوە، ناویان ناوە شەبەندە بەڕۆژ. نالیی؛ «شب اندر رۆژ»ی پێ وتووە؛ شەو لە ڕۆژا... مەرامیان ڕەنگەكەیەتی. ڕەنگە بەو ڕەنگە كە شاكیر فەتاح نووسیویەتی؛ شێوەییێك بێ كە لە ناو ژنان باوە و زۆرتریش لە تازە ئەدیبەكان كە لەباتیی «دال»، «گاف» ئەنووسن كە مەعنای زۆر ناشیرین ئەگۆڕێ! وەك ئەڵێن «چەنگ» جار، وە «چەند» لە كوێ و «چەنگ» كەسازە؟ «بەند» ئەكەن بە «بەنگ» ئەیكێشن. لە لاپەڕە «٢٣، دێڕی ١٦»دا «پەند» «پەنگ»ی خواردووەتەوە!! ئینجا بێینە سەر تۆوەكەی لەناویا؛ خوێندەوارێك ناوی دیموقراتیی دێنێ، تەقاویتەكان نایێڵێ بچنە چایخانە و دیواخان، مەلا و فەقێش... ئێمە دەخڵمان بەسەر شێخ و مەلا و فەقێوە نییە. تەقاویتین، بۆچ چوار مێخەمان بكێشرێ و لە ماڵە وێرانەكەمانا لە بەنگا «!!» بین؟ بۆچ گەنجەكان تەقاویت ناكرێن؟ ئەی چۆن ئەبێ؟ مانگێ سیی ڕۆژ، پیاو لە ماڵا ئیشی ژن ببینێ و ژن فرمانی پیاو، دۆستی ناڕاست بگرێ بەسەگەوان؟ سەگەوان لەمانە خۆشتر قیامەتی بۆ هەڵساندووین «نەفخی سوور - صور)ی بۆ لێ داوین... نابێ كەس نەسەب و حەسەب و لەقەبی بێ؛ سەیید، شێخ، حاجیی، مەلا، بەگ، پاشا، ئەفەندیی، ئاغا، میر، سوڵتان، مێزەر، كەشیدە، شاڵی سەوز، ڕیش، پرچ هەڵكیرێ! بەرەكەت!! كە ئەمانە لە خەودایە، بەوەزیفە نەبووە و مەبەستیشی گاڵتەوگەپە!. ناخۆش نییە، خۆشە، بەڵام لە خەوی ئەویشا بێ، من ڕیشم بتاشن وەك دەوری پیاوەتیی كۆن كە ڕیش تاشین سیاسەت بوو، پێم ناخۆشە! بەمەدا بۆم دەركەوت كە ئەم=

له خوام ته‌ڵه‌به زۆر بژیی و فیکری قه‌ڵه‌مت زیاتر بمانژێنیّ!

(ئیمزا)

موشتاقت

[ته‌واو]

---

= دانیشمه‌نده ئه‌رجوومه‌نده، به‌شی دوایی کتێبه‌که‌ی بۆییّکا به‌مانه پڕ کردووه‌ته‌وه که ئه‌سه‌ره‌که‌ی تاڵه‌وه‌که‌ره و خۆشه‌وه‌که‌ره بیّ! هه‌قیشیه‌تی، وا نه‌بیّ پاره نه‌کا، نیشان به‌و نیشانه ئه‌حمه‌دی خانیی و قانیع و حاجیی قادر و فائیق کفر ئه‌حمه‌د - بیّ که‌سی شاعیر/K - و زێوه‌ر په‌ک خراون... نازانم شێخ سه‌لام بۆچ هه‌ڵواسراوه له دوای که‌م و واته و کێشانه و هه‌ڵکێشانێک؟ هیوامان وایه که ئه‌م لاوانه، هه‌میشه به‌دڵێکی خۆشه‌وه هه‌ر بنووسن و په‌یڕه‌ویشیان یاد بیّ؛ وه‌ک ڕه‌شید نه‌جیب - شاعیر و نووسه‌ر/K - ئه‌ڵیّ: له ئاسمانی ئه‌ده‌بییاتی کوردییدا هه‌ر ئه‌ستێره‌یێک بدره‌وشێته‌وه، زیاتر چاو و دڵ ڕوون ئه‌کاته‌وه!/ته‌واو). شاکیر فه‌تاحیش هه‌ر دوای ئه‌م گوتاره‌ی پیره‌مێرد، له (ژین - ١٩٤٨/١/١ز)دا ئه‌م گوتارنامه‌یه‌ی بڵاو کردووه‌ته‌وه که بڵاوکردنه‌وه‌که‌یشی له لاییّن پیره‌مێرد خۆیه‌وه، مانای تایبه‌تی خۆی هه‌یه... نووسیویه‌تی: (بۆ مودیری ڕۆژنامه‌ی ژین... تکایه ئه‌م وه‌رامه‌مان له ڕۆژنامه‌که‌تاندا بنووسن! له دوو دانه «ژین»ی پێشووتاندا، باسی نووسراوی «شه‌به‌نگه به‌ڕۆژ»تان کردبوو وه گه‌لیّ ڕه‌خنه و پلار و توانجتان له‌و و له نووسه‌ره‌که‌ی گرتبوو. زۆر سوپاستان ئه‌که‌م، چونکه ئه‌و ڕه‌خنه و توانج و پلارانه‌تان، خوێنده‌وارانی به‌جۆرێک تیژ کرده سه‌ر کڕینی نووسراوه‌کان، ته‌نیا له‌م هه‌فته‌یه‌دا ٣٥٠ دانه‌ی لیّ فرۆشرا! جا نازانم ڕازی ئه‌مه چییه؟ خۆت باشتر ئه‌زانیی! ئه‌مه‌نده و ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که نامه‌ویّ خراپه به‌خراپه به‌رامبه‌ریی بکه‌م و نازی سه‌ربه‌ستیی نووسینیش له‌سه‌رم پێویسته که بیگرم، به‌رامبه‌ریت ناکه‌م، به‌ڵام تکاشم وه‌هایه که له بریتیی ئه‌وه، ئه‌م نامه‌یه که له‌و بابه‌ته‌وه باوکی ته‌ئریخی کورد، مه‌عالیی ئه‌مین زه‌کیی به‌گ بۆی ڕه‌وانه فه‌رمووم، له ڕۆژنامه‌که‌تاندا و له یێکه‌م لاپه‌ڕه‌یدا بڵاوی بکه‌نه‌وه، بام خوێنده‌واران هه‌روه‌کو نووسینی تۆ له باره‌ی «شه‌به‌نگه به‌ڕۆژ»ه‌وه ئه‌خوێننه‌وه، نووسراوی یێکێکی تریش که پێچه‌وانه‌ی هینه‌که‌ی تۆیه، بیخوێننه‌وه!

ئه‌وه‌نده و خۆشیتان!

نووسه‌ری شه‌به‌نگه به‌ڕۆژ)

جێگه‌ی باسه، پیره‌مێرد، له‌مه‌ڕ دانراوی شاکیر فه‌تاح (پڕشنگ)ی باس کراوی محه‌ممه‌دئه‌مین زه‌کیی و محه‌ممه‌د سه‌عید قه‌ززاز، زووتر له (ژین - ١٩٤٧/٦/٥ز/ سه‌رگوتار: ئه‌ده‌بییات - پڕشنگ) بیروڕای خۆی لیّ نووسیوه و په‌سه‌نده خوێنده‌واران سه‌رنجی بده‌ن که ده‌بێژێت: (به‌م ناوه‌وه - پڕشنگ - ئه‌سه‌رێکی شیرین و ڕه‌نگینی شاکیر فه‌تاح هاته کایه‌وه. باغچه‌ی ئه‌ده‌بییاتی =



---

= کوردیمان، ده‌سکه گوڵێکی تری جوانی لیّ به‌سترا به‌ناوداو هاته ناوه‌وه:

هر دم زین باغ بری می رسد

تازه‌تر از تازه‌تری می رسد(*)

به‌دیمه‌ن دیوانی شیعره، به‌ڵام زۆرتر «په‌ندی په‌خشانه»!

له‌م دواییه‌دا ئه‌دیبه ناوداره‌کانی تورک وه‌ک خالید زیبیا و (......) خاوه‌ندی ئه‌یلوول «شیعر مه‌نسوور - منثور»یان ئه‌نووسیی، زۆر ده‌ربه‌ستی وه‌زن و قافییه نه‌بوون. شاکیر فه‌تاحیش له‌سه‌ر دوو شێوه ڕۆییوه؛ زنجیره‌ی کورتیی قافییه و سه‌نعه‌تی جیناس که هه‌ردووکیان زۆر په‌سه‌ندن و هێجگار مه‌هاره‌تی له ڕه‌وانیی و ئاسانیی زبانه‌که‌مان نواندووه و نه‌چووه به‌لای که‌س نه‌بیستووه‌کانی «ئه‌له‌ی ئه‌حه‌سنه‌یی» و تێی گه‌یاندووین که بۆمان ئه‌لویّ، بیّ قۆرت و قۆرتی بیّ «تیّ» هه‌موو چشتێک ئه‌نووسریّ، ورده‌کاریی جوان و یێک ئاهه‌نگ ئه‌ڵیّ:

سه‌یری گه‌شتی، ناو به‌هه‌شتی دۆڵ و ده‌شتی

یاخو:

تێک شکاوی، ناته‌واوی، نان بڕاوی!!

له‌سه‌ر ئاووردده‌وه، له پشتی کتێبه‌که ئه‌ڵیّ:

ئه‌م وتارانه؛ هه‌ژاریی، نه‌خوێنده‌واریی، زۆرداریی، ناله‌باریی، کورده‌واریی ده‌رئه‌خا!

به‌ڵیّ ئه‌ویش ناشاررێته‌وه، گۆرانیی به‌یانیی، وه‌ک لوقمان و تاووس وایه:

پیّ بکه‌نه به‌ڵکو لێوی له‌علینت

بکشیّ و ده‌رخا دانی دوڕڕینت

ئینجا سنگ بنێم وه‌بان سنگته‌وه

ده‌ست خه‌م له باسک ناسک ڕه‌نگته‌وه

هه‌ندیّ ناله‌باریی و ناهه‌مواریی و چه‌وت و لاریی و خێچ و خواریی تریش ئه‌بینریّ، به‌ڵام که‌س له‌پڕیّ نابیّ به‌کوڕیّ. ئه‌گه‌ر له‌سه‌ری بڕوا، دیاره چاکتر ئه‌بیّ!/ (ته‌واو).

*(*) واته:*

*هه‌رده‌م له‌و باخه به‌ریّ پیّ بگات*

*تازه‌تر له هه‌ره تازه پیّ ده‌گات!*

📖 پ. ن؛ که: ١٤٦/٣٤/١٥(*)
[محەممەدئەمین زەکیی ـــ گۆڤاری نزار](١)
[بەغداد]
[-/٥/١٩٤٨ز]

## ڕۆڵەی خۆشەویست

زۆر دەمێکە کە کورد لە باسی سیاسەت و نووسینی مەحرووم بوو، وا تۆ ئەم جارە بەئیزنێکی حوکوومیی ئەم ئیشەت گرتە ئەستۆ، هیوام وایە لە عۆدەی دێیت! وەک من لێکی ئەدەمەوە، ئەم ئەرکە ئەوەندە گران نییە ئەگەر بێتو لە لێک دانەوە و نووسیندا، هەڵەشەیی نەکەی و هەدەفەکەت تەنیا چاکەی وڵات و هاووڵاتت بێ وە قەت شوێنی ئیفرات و تەفریت مەکەوە وە لە هەموو وەختێکدا موعتەدیل بە!. ئەم ڕێگەیە بگریتە پێش، فائیدەی گەورەت دەست ئەکەوێ:

١- درێژیی عومرت!

٢- خزمەتی وڵات و هاووڵاتت!

بۆ هەدەفەکەت لە ڕێیێکی ڕاستەوە وە بەدڵ و گیانێکی بەهێزەوە بڕۆ. غەیری چاکیی نیشتیمان و پێشکەوتنی، مەبەستێکی ترت نەبێ!

لە پێش تۆدا، زۆر کەس و زۆر جار، بەفیکری خزمەت هاتنە مەیدانەوە، زۆر هەوڵیان دا، بەڵام نە خێریان لێ دێ، وە نە کەڵکی کەسیان گرت، چونکە هەوڵ و ڕەنجیان بۆ خزمەتی دڵسۆزانەی گەل نەبوو! هەدەفی ڕاستەقینەمان یا تەمینی نەفعێکی خوسووسیی وە یا خزمەتی مەسڵەحەتی غەیرە بوو. لەبەر ئەوە خوا مووەففەقی نەکردن و لەناوچوون، لە هەوڵ و تەقەللاشیان جگە لە سووکیی و تڕۆیی خۆیان و ئێمە، شتێکی کەیان لێ بەجێ نەما!

کەوا بوو، زۆر پێویستە ئەمە بۆ تۆ ببێتە دەرسێک و تۆ خۆتی لێ بپارێزیی، وە لەسەر شوێنێکی تر بڕۆی!

ئەم شوێنەش مەتەڵەێکی قورس نییە، هەڵهێنانی ئاسانە؛ چەوت مەبە، شوێن چەوت

(*) نزار - ١٩٤٨/٥/٣٠ز (ئامۆژگاریم بۆ نزار).

(١) نزار یێکەم گۆڤاری کوردیی - عەرەبیی سیاسییە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردستانی باشووردا!



مەکەوە و خۆتی لێ بپارێزە. پێشینان وتوویانە؛ (خوا ڕاستە و ڕاستی خۆش ئەوێ!)، ئەمە بکەرە بیناغەی ئیش و کارت!

بۆ ئەوە چەند کەسێکت لێ ڕازیی بێ، مەکەوەرە ئیفرات و تەفریت! دائیما ڕوو لە ئیعتیدال بە! قەت بۆ تەفرەقە و دوژمنایەتیی هەوڵ مەدە! هەمیشە هەوڵ بدە بۆ تەئیدی برایەتیی و کوشتنی دوو دلێر و دوژمنایەتی! بەم ڕەووشتە پشتی ئیستیعمار و دەست و پێوەندی ئەتوانیی لە غەیرە پەرست و عەبدولمەنفەعەت خۆت بپارێزە! قەت داوای خزمەتیان لێ مەکە، چونکە موعاوەنەتیان زاهیریی و بێ فائیدەیە، حەتتا زۆر جار زەرەری لێ ئەبینیی!

ئەگەر بێتو ئەم ئامۆژگارییەی من بگریتە گوێ و لەسەری بڕۆی؛ ئومێدم هەیە کە خوانتەعالا لەگەڵت بێ و تووشی نوشوستیی نابیی!.(١)

محەممەدئەمین زەکیی

[تەواو]

📖✡ پ. ن؛ که: ١٤٧/٣٥/١٥(*)
[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]
محەممەدئەمین زەکیی
شاریع ئەلعەسکەریی - بەغداد
١٠/١/١٩٤٨[ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

دەمێکە خەبەرت نییە؟ ئینشاالله سەبەبی خێرە. هێشتا سەرماییێکی وا نییە کە بڵێم دەستت گۆ ناکا!! وە ئینشاالله ناساغیشیتان نییە!

کاک جەمیل سائیب تا ئێستا هیچی بۆ نەنووسیوم، تەنیا بەدەلی «١١٠» کتێبی ناردووە، نازانم باقیی چلەکەی چیی لێ هاتووە! عەجەبا لە موددەی ئەم ساڵەدا مومکین نەبوو بیفرۆشێ؟ وە یا فرۆشراوە و پارەکەی کۆ نەبووەتەوە؟ ڕجا ئەکەم بیبینە و حیسابەکەی خۆت و ئەوم بۆ ببڕنەوە، زۆر تووڵی کێشا!

(١) نامەکە دوو مانگ بەر لە مردنی ئەمین زەکییە!.

(*) گەنجینەی شێخ محەممەد خاڵ.

زۆر چاوی براکانت و منداڵەکان ماچ ئەکەم.
نازانم بۆ تەرجومەی حاڵی (شێخ ئەحمەد) شتێکتان پێ کرا یان نا؟[1]
سەلام لە هەواڵ پرسان. ئیتر یاخوا هەر خۆش بن!

(ئیمزا)

مامەت

(١) دەبینرێ مامۆستا ئەمین زەکیی تا ئەم هەلە پەرۆشی سۆراغی ئەو (شێخ ئەحمەد) نیوە مەردە بووە. ڕەنگبێ خوێندەوار وەبزانێ کە مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ دەربەست نەبووە. ڕاستییەکەی هەر دەمودەست سۆراخی بۆ کردووە و کوڕە زازای (شێخ ئەحمەدی خواهەرزاد) کە مخابن نیوی نەنواندووە، وەڵامی داوەتەوە کە بێ گومان ئەویش وەڵامی مامۆستا محەممەد ئەمین زەکیی داوەتەوە!. دیارە کە هەتا ئەم هەلەش سۆراخی بۆ کراوە، چ ئەنجامێکیان دەستگیر نەبووە. هەر چۆنێ بێ ئەمە مەتنی وەڵامنامەیە بۆ مامۆستا خاڵ هاتووە کە بەدەستکاریی ڕینووسەوە -فۆتۆکۆپییشی دیارە- دەیخەمە ڕوو...

٤٧/٧/١٤

بۆ حوزووری فەزیلەتمەئاب جەنابی شێخ محەممەد ئەفەندیی موحتەرەما:
تەقدیمی ئیحتیرامات و تەمەننای سیحەت و مووەفەقییەتتان ئەکەم. لوتفتنامەکەتان گەییشت، ئەحواڵی (شێخ ئەحمەد) ناوێکت پرسیی بووە تا ئێستا نەم بیستووە کەسێکی وا لە تائیفەی ئێمە چووبێتە ئەستەنبووڵ.
شێخ ئەحمەدی باپیرە گەورەم نەچۆتە ئەستەنبووڵ، بۆ زیارەتی مەولانا خالید- دەبێت پێش مێژووی ساڵی ١٨٢٧ و مردنی مەولانا خالید بووبێ- تا «شام» و لەوێوە بۆ «حیجاز» چووە و گەڕاوەتەوە و لەو سەفەرەدا مسەئەلەی (ئیبنو عابدین) ڕووی داوە. ئیتر تکای مانی لوتفتان ئەکەم سەروەرم.
(ئیمزا)

[تەواو]



📖 ✿ پ. ن؛ کە: ١٤٨/٣٦/١٥[*]
[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ]
محەممەدئەمین زەکیی
شاریع ئەلعەسکەریی - بەغداد
١٩٤٨/٢/٢٨[ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

کاغەزی دواییتانم وەرگرت؛ زۆر جێگەی ئەسەفە کە (الهدية الحميدية)م نەدۆزییەوە[1]، حەتتا خۆم بەزەحمەت چوومە خوارەوە و لە مەکتەبەکەمدا بۆی گەڕام و فائیدەی نەبوو. لام وایە بۆ موتالا یێکێک لێی سەندم تا ئێستا نەیناردووەتەوە. ئەگەر دەستم کەوت بەمەمنوونیی بۆت ئەنێرم!
نازانم بۆ مەسئەلەی کتێبەکان بەچیی گەییشت و کەی نیهایەتی دێ!
بۆ شێخ ئەحمەد بەداخیلییەم گوتووە، ئینشاالله جێبەجێ ئەکرێ.
سەلام لە هەموو دۆستان![2]

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو.
(١) دانراوەکەی یووسف زیبیائوددین پاشای خالیدی مەقدیسیی کە یێکەم کەسە چوکلەی «٨»ی لە ژێر تیپی (و) و (ی)ی کراوە داناوە.
(٢) شێخ ئەحمەدی برای شێخ محەممەد!.

پ. ن؛ کە: ١٤٩/٣٧/١٥(*)

[محەممەدئەمین زەکیی ـــ شێخ محەممەد خاڵ](١)

محەممەدئەمین زەکیی

شاریع ئەلعەسکەریی – بەغداد

[١٩]٤٨/٤/٢٣[ز]

عەزیزم شێخ محەممەد

بەئەووەڵ واسیتەدا، لە کتێبە تازەکەم (تاریخ الدول والامارات الكردية) پەنجا نوسخەت بۆ ئەنێرم، ئەبێ زوو بۆم سەرف بکەن! نوسخەی بەحەوت سەد و پەنجا فلسە!

زۆر سەلام لە جەنابی موتەسەڕڕیف محەممەد سەعید بەگ(٢)، بەتەبیعەت موعاوەنەتت ئەکا. سەلام بۆ مولاحیزی ئەشغال ڕەمزیی ئەفەندیی، ئەویش موعاوەنەت ئەکا! لە کەرکووک ئینشاالله ڕاحەتی. بۆ (سلێمانیی)ش دیسان بۆ جەمیل سائیب میقدارێکم نارد، بزانین هیممەتی بۆ ئەکەن یان نا ؟

سەلامێکی زۆر بۆ هەواڵ پرسان. ئیتر هەر خۆش بن!

(ئیمزا)

[تەواو]

(*) سەرچاوەی پێشوو!

(١) شێخ محەممەد خاڵ ئەو کاتە قازیی کەرکووک بووە.

(٢) محەممەد سەعید قەززاز.



پ. ن؛ کە: ١٥٠/١/٥٥(*)

[محەممەد سەعید عەبدولمەجید/ سەعید قەززاز ـــ شاکیر فەتاح](١)

کووت

١٩٤٧/٧/١[ز]

ڕۆحەکەم شاکیر

لە دوای تەقدیمی حورمەت و مەوەددەت، تەمەننا ئەکەم دائیما لەش ساغ و دڵ ڕووناک بن و هەموو کاروبار و ئامانجتان بەدڵی خۆتان بێ.

نامێلکەی (پڕشنگ)م(٢) وەرگرت، زۆر تەشەککورتان ئەکەم. بەڕاستیی دیارییەکی زۆر بەقیمەتە. ڕۆژ لەم گەرمای عەرەبستانەدا، لە دوای شەش حەوت ساعەت مەشغووڵ بوون بەئیش و کاری دەوڵەتییەوە کە هەمووی لە موزعیجات عیبارەتە. مێشک موحتاجی تەڕویزە و ڕۆح باوەشێنێکی فێنکی لازمە! خۆشبەختانە، چەند ڕۆژێکە نامێلکەی ئێوەم ئەم وەزیفەیەم بۆ ئەبینێ... لە پاش نان خواردن، لەسەر گازی پشت ئەکەوم و ئەیخوێنمەوە، بەمەراقەوە (پەری خان) و دایکی گوێم لێ ئەگرن.

وەقتێ من هیلاک ئەبم و ئەنووم، هەڵئەسم، ئەبینم پەریی خان خۆی دەوام ئەکات و وەکو زۆر تەشەنەی ئەدەبی کوردیی بێت، بەجیددیی زەوقی لێ وەرئەگرێت!

زۆر حەزم ئەکرد ئەم هاوینەم لە سلێمانیی ڕاببواردایە، فەقەت میەسسەر نەبوو، نەخۆشیی ئیجبارم ئەکات بۆ خاریجی عێراق شەددی ڕیحال بکەم.

ڕۆژی ١٤ی ئەم مانگە بۆ تەداویی ئەچم بۆ تورکیا، بزانین کەی و چۆن ئەگەڕێینەوە؟

چاوی کوڕە بچکۆلەکەت ماچ و دووبارە بۆ خۆشیی و سەعادەتتان تەمەنییاتی خالیسانە پێشکەش و ڕەجای قوبووڵ کردنی ئەکەم برای عەزیزم.

(ئیمزا)

برات / قەززاز

[تەواو]

(*) گەنجینەی شاکیر فەتاح – سلێمانیی؛ ١٩٨٥/٢/٤ز. (چەند تکام لە خۆی کرد کە نامەکەم بداتێ و فۆتۆکۆپیی بکەم، قاییل نەبوو، ناچار هەر لە ماڵی خۆیدا و لەبەرچاوی، نووسیومەوە!).

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو بنۆڕە: نێوداران.

(٢) بۆ ناسینی باسی ئەم دانراوە، بنۆڕە نامەکانی (محەممەدئەمین زەکیی).

📖✡ پ. ن؛ کە: ١٥١/٢/٥٥(*)
[سەعید قەززاز ـــ عەبدالله عەزیز]
وەزارەتو دداخلییە
بەغداد
١٩٥٥/١/٢٨[ز]

برای خۆشەویستم

کاغەزەکەتانم وەرگرت، زۆر موتەئەسسیفم کە تاڵیع و زورووف من ئەکاتە واسیتەی شەڕ بۆ ئێوە نەک خێر.

وەها تەسەوور مەکە کە من مەعنای وەفا نازانم و لە بیرم چووەتەوە، کە موددەتێکی دوورودرێژ برادەر بووین و بەیێکەوە گەلێک زیکرەیاتی خۆشمان هەیە! فەقەت زەمان و زورووف، ئەوزاعی وەها خەلق ئەکات کە مەجال ناهێڵێ فەرد، واجیباتی شەخسیی خۆی ئەدا بکات.(١)

---

(*) گەنجینەی عەبدالله عەزیز (لە نەژادی کوڕیەوە)؛ هەولێر - ١٩٨٥/٨/٢٣ز.

(١) هاوەڵی هاوڕۆژگاری، شاعیر، ڕێبەری ناحیە، شێخ نووریی شێخ ساڵح دوو قەسیدەی لێ نووسیوە. لە یێکێکیاندا گلەیی کردووە کە بەبەرچاوی ئەوێکی وەزیرەوە، لە ئاوایی «سەنگاو» ڕاگۆستراوەتەوە بۆ «بارزان» و پێی دەڵێت:

دێتە بیرت ئەودەمەی تۆ ڕووت لە ڕووی پەیمانە بوو
من دڵ و خوێنی دڵم بۆ تۆ؛ مەی و مەیخانە بوو
تا
چیی بەسەر هات ئەو زەمانەی ڕاستیی و عەهد و وەفا
لای ڕەفیق و ئاشنایان، شێوەی پیاوانە بوو
تا
ئێستە تۆ بوویتە وەزیر و من مودیرێکی فەقیر
شەرتی ئینسان و مورووەت، وا بزانم وا نەبوو!!(**)

جێگەی خۆیشیەتیی لەمەڕ باسی (وەفا)ی، یادی یاداشتنامە دەستنووسە عەرەبییەکەی بکەمەوە کە نووسیویەتی؛ (... لە ئەم فێرگەیەدا - فێرگەی مەلا عەبدولعەزیز/ خواجە ئەفەندیی - گیانی =

*(**) بنۆڕە: ١/٤٢.*



خوتتەیێکی ئەساسیی حوکوومەتە کە ئەوانەی شەهادەتی عالییەیان نەبێت، بۆ ئیزافە و دەرەجاتی وەسەت و ئوولا، لە قانوونی خیدمەی مەدەنییە، تەرفیع ناکەن، وە ئەم مەوزووعە دوورودرێژ، ساڵێک لە مەجلیسی وزەرادا مەوزووعی موناقەشەیە!(١)

مودیری ناحیە کە مەعاشی «٣٠» دینار بێت، ئەووەڵەن لازمە ئیمتیحان بدات و ناجیح بێت، ئینجا بە «٣٥» دینار ئەبێتە قائیمقام وە لە عەینی وەقتدا، حاڵی حازر لە «٣٠» مودیری ناحیە زیاتر، ئیستیحقاقی تەرفیعتان هەیە کە ببنە قائیمقام. بینائەن عەلیهی کە مەجالی تەرفیعتان بۆ قائیمقامییەت نەمێنێ، زەروورییە حەققی قانوونیی خۆتان لە ڕێگاییێکی ترەوە تەئمین بکەن!

دووبارە مەعزەرەت و تەئەسسوفم ئیزهار و تەمەننای سیححەت و خۆشیتان ئەکەم برای عەزیزم.

موخلێستان
(ئیمزا)
سەعید قەززاز

[تەواو]

---

=برادەریی و وەفا و ماناکانیم لە نێو منداڵاندا ناسیی! بووم بەهاوەڵی کوڕی مامۆستام - ئەحمەد خواجە/K - و کوڕە مامی عەبدوڕڕەحمان سەعید. ئێستەش ئەو پێوەندییە پاکەی نێو دڵانم لە لا ماوە و ئەگەر دووەم چووە بەر ڕەحمەتی خوا - لە س ١٩٣٣ز.دا کۆچی کرد/K - هێشتا یادیم لە کەللەدایە و لە خەومدا، دوور لە دنیای ماددیی، پێی دەگەم و خۆم پێ ڕاناگیرێت شین و گریەم بۆ جوانەمەرگ بوونی کپ بکەم! (یاداشتی س ١٩٥٩ز، بەر لە سێدارەدانی!).

(١) خۆی شەهادەتنامەییێکی خوێندنی باڵای نەبووە!.

✡ پ. ن؛ کە: ١٥٢/٣/٥٥(*)

[سەعید قەززاز ـــــ محەممەد ساڵح سەعید - حەمەساڵح زەنگەنە](١)

بەغداد

[١٩]٥٨/٣/٢٤ز

هەردوو چاوم کاک حەمەساڵح

لە دوای حورمەت، بەخەبەری ئەو فاجیعە کە هەفتەی پێشوو لە ئێوە ڕوویدا، زۆر زۆر موتەئەسسیر بووم!(٢) مەسئەلەیێکی زۆر موفجیع و حوزن ئاوەرە، لاکین لەگەڵ قەزا و قودرەتی ئیلاهییدا هیچ ناکرێت. خوا تەسەللیتان بداتێ و ئیتر لە حەیاتدا کەدەری وەعا تەسادوف نەکەن.

ئیشتیراکی غەمتان ئەکەم و لە خوا تەمەننا ئەکەم کە عومر درێژیی بۆ ئێوە و باقیی ئەفرادی عائیلەتان بەجێ هێشت بێ!

دووبارە ئیزهاری ئەسەف و دوعای تەسەللیی و عومر درێژیتان ئەکەم برای عەزیزم.

برات

(ئیمزا)

سەعید قەززاز

[تەواو]

(*) گەنجینەی حەمە ڕەشیدخان زادە؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر، سلێمانیی - ١٩٩٧/٧/٣١ز.

(١) بۆ ژیننامەی نامەوەرگر، بنۆڕە: نێوداران!.

(٢) ڕووداوەکە سووتان و مردنی (ڕووناک)ی کیژی نامەوەرگرە لە کەرکووکدا!.



✡ پ. ن؛ کە: ١٥٣/١/٥٦(*)

[مەلا محەممەد عارف چنگیانیی ـــــ ڕەمزیی مەلا مارف](١)

[ش؟]

[م؟](٢)

بۆ حوزووری گوڵدەستەی باغ و نەجابەت و سیادەت

ئەرفەع و ئەمجەد ئەلحاج ڕەمزیی ئەفەندیی

حەز ئەکەم سەرم گوێ گۆچانی مەحەببەت بێ، لەبەر پێتانە و لە جەولانا بێ! عەلاوە بەمەنتووقی (وما تشاؤون إلاّ أن يشاء الله)(٣)، دەسەڵاتی مێشوولەی ئیختیاری جوزئیی بەموقابیلی شێرێ مەفهوومی ئایەی مەزکوورە، پارای ئاشکرا کردنی نییە!

بینائەن عەلێه مانیعی نیعمەت، مولاقاتی ڕۆژی جومعە مەوجوود بووە، عەفوو فەرموو.

(ئەلعوزرو عینده کیرامونناسی مەقبوولون) وەسسەلام.(٤)

ئەلموخلیس

محەممەد عارف

[تەواو]

(*) گەنجینەی نامەوەرگر (بەهۆی فەوزیی کوڕیەوە) سلێمانیی - ١٩٩٧/٣/٣ز.

(١) بۆ ژیننامەی نامەهەنێر، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) نامەکە بێ مێژووە، بەڵام هێندێ نامەی دیی فارسیی - نەم نواندوون - ڕۆژ و مانگیان لە سەرەوە بوو. پێم وەیە کە دوایساڵی ١٩٦٣ز نووسراوە!

(٣) ئایەتێکی (قرآن)ە و واتا: چ نیازێکتان نایێتە دیی تا خوا نەخوازێت!

(٤) العذْرُ عند كرام الناس مقبول: بەهانە لای بەخشندەکان پەسەندە!.

☼ پ. ن؛ کە: ١٥٤/١/٥٧[*]

[شێخ محەممەد شێخ عەبدالله - قانیع ـــ ڕەفیق تۆفیق - ڕەفیق چالاک][١]

کەرکووک - فندق ئەڕڕافیدەین

١٩٥٣/١/٢٣[١-ز]

بۆ لاوێکی گرانبەهایە و زانایێکی بەنرخ

برای شیرینی سورداش و بیری ناو دڵی دۆزەقەی ئاشم

شێری بێ باک یانی؛ کاکە چالاک

لە پاش سوپاسێکی گەرموگوڕ و گوشینی دەستە بەجەوهەرەکانت؛ کاکە گیان، خۆت ئەزانیت لە کوردستانی ئێمەدا هیچ کاتێک شاعیر نەژیاوە، منیش بەناچاریی کۆچم کرد بۆ کەرکووک و ئیتر نازانم لە کەرکووکەوە بۆ کوێ ئەچم؟ نیازم وەهایە ئەم زستانە لە کەرکووک بم. ئەگەر هەتا بەهار کرێکاریم دەست کەوت، ئەوا دائەنیشم، ئەگەر دەستم نەکەوت و ناچارم سوننەتی شاعیرە کۆنەکانمان بەجێ بهێنم، یانی بەتەواویی تەرکی نیشتیمان بکەم وەکو حاجیی قادر لە ئەستەنبووڵ، کوردیی[٢] لە تاران، نالیی لە بەیرووت[٣]، بێتووشیی لە بەسرەدا مردن![٤] ئاخۆ (قانیع) لە کوێ قەزا و بەڵای کورد و کوردستان ئەبات؟ ئیش کردنی کەرکووکیش هەر شەریکەیە و[٥] منیش سێ کوڕی هەرزەکاری پێ گەییشتووم هەیە، ئەگەر یێکێکیان لە شەریکە بۆم بکرایە بەکرێکار، نانی هەمووانی پەیدا ئەکرد. بەڵام دامەزراندنی شەریکە پشتی زۆر ئەستوور و باخەڵی پڕ لە پارەی ئەوێت[٦] خۆ خۆت ئەزانیت کە هەموو پشتی من هەر تۆیت کە لە موو باریکتری،

(*) گەنجینەی ڕەفیق چالاک (بەهۆی چالاکی کوڕیەوە)؛ سلێمانیی - ١٩٩٧/٤/٢٢ز.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران!

(٢) مەبەست مستەفا بەگی کوردییە! (لە تاراندا نەمردووە!).

(٣) نالیی لە بازێڕی بەیرووتی لوبناندا نەمردووە!.

(٤) مەبەست عەبدالله بێتووشی؛ (١٧٩٨ز. گوندی بێتووش/ کوردستانی باکوور ـــ ١٧٩٦ز. بەسرە/ عەرەبستان) ئایینناس و زانستپەروەر و شاعیر و پەخشانزان - بەعەرەبیی - و خاوەندی چەند دانراوی ئایینیی.

(٥) مەبەست کۆمپانیای نەوتی کەرکووکە.

(٦) مەبەست کەسێکی بەهێز و دەسەڵاتدار، هەروەها پارەبەخشە، بەکورتیی؛ (واستە و بەرتیل).



وە باخەڵیشم لە کەللەی هەندێ خاوەن کورسیی خاڵیی ترە و بۆشترە.

کاکە گیان کوڕێکم کردووە بە(بۆی)[١] لە فندق ئەڕڕافیدەین. ئەگەر نووسراوت بۆ ناردم بەم ئەدرەسە لە خوارەوە نووسراوە، پێم ئەگات.

ئیتر هەر بژیت ئازیزەکەم.

موخلێستان

قانیع

(ئیمزا)

کەرکووک

فندق ئەڕڕافیدەین؛ (بورهان قانیع)[٢]

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ١٥٥/٢/٥٧[*]

[قانیع ـــ چالاک]

کەرکووک - فندق ئەڕڕافیدەین

٩٥٣/١/٢٩ [١-ز]

لە ساوێلکە و هیچ نەزانترینی هۆزی کوردەوە

بۆ هاروهاج و زیتەڵەترین هۆزی کورد، یانی

لە قانیعەوە بۆ چالاک

کاکە گیان

تۆ خۆت ئەیزانیت کە تەواوی تەمەنم لە شیعردا تەواو کرد، یاخوا بەمیراتم کەوێت، دەسکێ کەوەر ناکات کە نانێکی پێوە بخۆم. بەڵام ئەزانم ئەم هۆزە نرخ نەزانەمان لە پاش مردنم کۆ ئەبنەوە سەر گۆڕەکەم، حەفلەم بۆ ئەکەن، یان ئەڵێن بەیێکتر؛ بەخوا خەسارێکی

(١) واتە خزمەتکار.

(٢) مەبەست بورهان قانیعی کوڕیەتی کە دوایی بوو بەشاعیر و ڕۆژنامەڤان و وەرگێڕ و گوتاربێژی ڕادیۆی کوردیی بەغداد.

(*) سەرچاوەی پێشوو.

قورس و گران کەوت لە کورد و کوردستان، بریا هەزار کوردی بێ خێر بمردایە (قانیع) بمایە، چونکە خزمەتی زمانەکەمانی ئەکرد!

کاکە گیان، بابێمەوە سەر مەتڵەب...

دیوانە شیعرەکەم کرد بەپێنج بەندەوە. بەندی یێکەم کە ناوی (گوڵاڵەی مەریوان) بوو، لەسەر ئەرکی مەعاریفپەروەر سەیید عەلائوددین سەججادیی چاپ و بڵاو کرایەوە. باوەڕ بفەرموو؛ «سنەیی» و «سەقزیی» دێنە «پێنجوین»، لە منداڵە پێنجوینیی ئەکڕن بە دە ڕوپییە، چونکە لە دوکانەکاندا نەماوە.

بەندی دووەمیش لە لای سەیید عەلائوددین بوو کە چاپ و بڵاوی بکاتەوە، بێ دەستیی و پەرێشانیم گەییشتە دەرەجەیێک، وەرمگرتەوە لە سەییدی ناوبراو کە بەڵکو واسیتەیێک ببێت، خۆم و چاپ و بڵاوی بکەمەوە.

کاکە گیان

ئەگەر تۆ کەفیلێکم بۆ پەیدا بکەیت کە مەتبەعە بۆم چاپ بکات، وە چل شەو لێم بخایێنێت، من ئەتوانم بەم چل شەوە پارەی مەتبەعەکەیش بێنمەوە، وە خۆیشم قازانجی وای لێ ئەکەم کە دەستم بکەوێتەوە!

ئێستە بۆ چاپ کردنی ئەو سێ بەندەکەی تر، برا شیرینەکەم ئەگەر ئەم هەووەڵ جارە تۆ ببی بەسەبەب، ئیتر نەجاتم ئەبێت، وە ئەتوانم هەر بە دە ڕۆژ بەقەدەر (گوڵاڵەی مەریوان) شیعری تازەتر و چاکتر بڵێم، ئیتر ئینتیزاری هیممەت و جوابت ئەکەم!.

(موخڵستان: قانیع)

ئەدرەس

کەرکووک - فندق ئەرڕافیدەین (بورهان قانیع)

[تەواو]



☼ پ. ن؛ کە: ١٥٦/٣/٥٧(*)

[قانیع ـــ چالاک]

کەرکووک

١٩٥٣/٢/١٢

«سێ بارە هاواری قانیع بۆ چالاک»(١)

لەم کوردستانەدا نەمدیی خرۆشی دڵ بریندارێ
کە بۆ ئەو دەردە پەیدا بێ تەبیبێ یاخو خەمخوارێ
ئەبینم هەر کەسێ بۆ خۆی ئەکێشێ و هەوڵی بۆ خۆیە
بەسەر خاکی وەها ڕەببی بەدایم بەردی لێ بباری
بەماکینەی خەیاڵاتم غەزەل ئەدرووم لە بۆ کوردان
چل و شەش ساڵە ئەم ئیشە ئەکەم نەمدیی کڕیدارێ
دەچیی بکەم هۆزەکەم قەدری ئەدەب نازانێ هەی هاوار؟
بەئەندازەی گەڵا تووڕێ وە یا تولاشی بن دارێ!
ئەوانە چوونە سەر کورسیی وەکیلی کوردی بەدبەختێ
وەها گوێیان خنی، هەرگیز نەبیسن دەنگی هاوارێ
بڵێن بەحەو حەزرەتی نایبب کەچیی کرد بۆ گەل و هۆزی؟
لە برسا شین و گریانە لە دێهات و لە هەر شارێ
ئەوا ئێمە هەموو مردین، لە پاشا نایبی کێ بێت؟
لە پێی کێ وەرگرێ کورسیی و مەعاش و بەستە دینارێ؟
شکاتی (قانیع)ی ئەمڕۆ لە لای (چالاک)ی مەزڵوومە،
لە تۆ بێ دەستترە (قانیع)، ئەمانە چۆن بکا کارێ؟

لە من بێ دەستتر و لە من نرخ نەزانراوتر کاکە چالاکە

کاکە گیان

شیعری من و زانینی تۆ، بەمیراتمان کەوێت!

یارە دڵسۆزەکەم ئەو ڕۆژە فەرمووی: دوو کاغەزت بۆ وەرئەگرم کە کوڕێکیان لە شەریکە

(*) سەرچاوەی پێشوو!.

(١)- ئەم شیعرە لە دیوانەکانی شاعیردا نییە!.

دابمەزرێت و یێکێکشیان سەعادەتی موتەسەڕریف دابیمەزرێنێت!!

لاوە بەنرخە نرخ نەزانراوەکەم؛ بەخۆشەویستیی هەردووکمان قەسەم، کە لە تۆ جیابوومەوە، تەماشای باخەڵی خۆمم کرد (چوارده فلس)م پێ بوو. جاجمێکم هێنا بوو کە لە ناو قیتارا سەرمام نەبێ، بەناچاریی گەڕامەوە بۆ کەرکووک. ئەگەر خوانەخواستە تۆش ببیت بەئەشرافی کوردان، یانی منت لە بیر بچێتەوە، ئەوا لەم ژووره ساردوسڕەدا لە کەرکووک هەمووومان ئەمرین! باوەجوود هیوام وایە کە لە بیرت نەچمەوە، چونکو هێشتا نەبووی بەخاوەن قەسر و کورسیی.

ئەگەر ئەو کاغەزانەم فریا بخەیت، ئەمە یێکەم ئیشە لە کوردستاندا، چونکو تا ئێستە لە کوردستاندا هیچ کەس خەمی هیچ لێ قەوماوێکی نەخواردووە.

ئیتر ئینتیزاری غیرەتی شێرانەت ئەکەم لاوی بەنرخەکەم! بەم ئەدرەسی خوارەوە هەر چیم بۆ بنووسی، پێم ئەگات.

کەرکووک / دائیرەی خەزینە؛ بەواسیتەی ئەحمەد فەرەجەوە بۆ قانیع.

بچووکتان

قانیع

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ١٥٧/٤/٥٧(*)

[قانیع ـــ مەلا محەممەد جەمیل مەلا ئەحمەد ڕۆژبەیانیی + جەمال حاجیی تۆفیق/ جەمال نەبەز](١)

[ش؟]

[-/١٩٥٦/٨ز]

بەهۆی گۆڤاری بەرز و بەنرخ و تاقانەی کوردستان – هەتاو

بۆ مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانیی و مامۆستا جەمال نەبەز

گەورە و دڵسۆزەکانم

نیازم وابوو کە هەتا کاتی مردنم بەوتاری ناڕێک و ناشیرینم، لاپەڕەی هیچ گۆڤار و

(*) هەتاو – ١٩٥٤/٨/٣٠ (لە بن نیونیشانی: لە ژێر لێفەی گۆشەگیرییەوە).

(١) بۆ ژیننامەی مەلا جەمیل و جەمال نەبەز – ج. أ. کلۆڵ – بنۆڕە: نیوداران.



ڕۆژنامەیێکی کوردیی، چڵکن نەکەم؛ چونکە بەزیانی ئەزانم بەوشە هەڵەکانی من، لاپەڕە جوانەکانیان پڕ بکرێتەوە. بەڵام ناچارم چون هەمموو برینێ چاک ئەبێتەوە، برینی کەچ و کووڕی نەتەوایەتیی نەبێت!!

مامۆستاکانم

لە هەمموو کامەرانیی و بەختیاریی و سەرفرازیی، تەنیا ئەم تۆزە زمانەمان هەیە کە لە هەتیو بێ کەس تر و لە باخی بێ پەرژین ژاکاوترە، ئەویش ئەگەر نووسەرێکی نیشتیمانیی، بەخێری خۆی، شتێک بنووسێت، یێکێکمان لێی ڕاست ئەبێت و لەبریی لێکۆڵینەوە، ئابڕووی ئەبات!؟

بۆچیی مامۆستا بەڕێزەکانم؟ ئایا کوردستان هیچ ناتەواویی تیا نییە ئێوە لێی بکۆڵنەوە؛ وشە نووسین نەبێت؟

ئەگەر بەچاوێکی تێبینیی تەماشا بکەن، هەمموو هەڵسان و دانیشتنێکمان ناتەواوە، پێویستی لێکۆڵینەوەیە! (یووزدرەم، ئیللیی درەم، ئۆن ئیککیی درەم)(١)، گەزی حەڵەب، حوققەی ئەستەنبووڵ!؟

با بنوارن بۆچینی نەتەوەکەمان؛ یێکێ کەوای شۆڕ، یێکێ موورادخانیی، چاکەت و کەوا، یێکێ ڕانک و چۆخەیێکی سەوز، یێکێ سپیی، یێکێ ڕەش!؟ یێکێ پرچ، یێکێ سەر بێ موو و هەمووش قینیان لە یێکترییە کە هەمووشیان ئارەزوویان خودا پەرستییە!؟

برا شیرینەکانم

کەچ و کووڕیی ئێمە هێندە زۆرە، ناژمێررێت! کەوا بوو تکاتان لێ ئەکەم وە پشتیوانیی لە تکاکەی مامۆستا (گیو) ئەکەم(٢)، ئەبێت نامەی دڵ گەرمیی، دۆستایەتیی بۆ یێکتر بنووسن!

زۆر زۆر زیانە کە یێکێ وتارێ بنووسێت وە یێکێکی تر چەپۆکێ بدات بەنێو دەمیا، بێ دەنگی بکات!

(١) یێکانە کێشانێکی باوی سەردەمی تورکی عوسمانییە کە تا کۆتایی ساڵانی پەنجاکانیش لە کوردستانی باشووردا بەکار دەبرا؛ کەنێویان بەڕێز واتا؛ (چارەکە هۆقە، نیوچارەکە هۆقە، دوانزە درەم) هۆقەش ٣ کغم.

(٢) مەبەست گیوی موکریانییە.

ماموٚستاکانم

لەباتیی کۆمەڵی بەخێوکردنی زمان دابمەزرێنن، وە گۆڕینەوەی نووسراو لەگەڵ یێکتر بکەن و هانەهانەی یێکتر بدەن بۆ نووسینێ، کەچیی تێ ئەکۆشێن بۆ بێ دەنگ کردنی یێکترا!

من بەش بەنەزانینی خۆم، تا ئێستا ڕەنگە هەزار وتارم بۆ هاتبێت - لە تازە نووسەرەکانەوە - بۆ تەماشا کردن، هەموویانم پەسەند کردووە وە زۆر سوپاسم بۆ نووسیون وە هانەهانم داون. جا ئێوە، هەر یێکێکتان ئەگەر فەیلەسووف یا (لوقمان) بن، بەتەنیا هیچتان بۆ ناکرێت، هەر وەکو کوردێک وتوویە:

| | |
|---|---|
| ئاشنا وەرە با ئاشنا بین | لەگەڵ ئاشنا چاکترە هەروەک برا بین |
| تەنیا پەنجەیێ هیچی پێ ناکرێت | کە کردت بەپێنج، کێ بەرگەی دەگرێت |
| مشتەکۆڵ ئەبێ ناودەم ئەشکێنێ | ڕەگی پەناگوێی دوژمن ئەپسێنێ[1] |

هەر وەکو ماموٚستا گیوی لە وەرامی (نەریمان)دا نووسیی بووی؛ تەرمی جەهل لە کوردستاندا هێندە زۆرە، بەیێک و دوو دفن ناکرێت!

ئیتر هەر بژین بەبەرزیی.[2]

موخلیسی هەردوو لاتان

قانیع

[تەواو][3]

---

(١) مەبەست گیوی موکریانییە.

(٢) پێم وەیە دانراوی قانیع خۆی بێت!.

(٣) ئەم نامەیە درێژەی (ڕەخنەگیرییەکی ئەدەبیی)ە کە لەمەڕ (فەرهەنگی گیوی موکریانیی؛ س ١٩٥٠ز) و هۆنراوەییێکی (نەریمان) سەری هەڵداوە و لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین: س ١٩٥٣ز - ١٩٥٤ز) و گۆڤاری (هەتاو - س ١٩٥٤ز)ی گرتووەتەوە. ڕاستییەکەی ڕەخنەگیریی ئەوتۆ دوورودرێژ کە (ج. أ. کلۆڵ، ص. هەژار/ ساڵح هەژار، نەریمان) و هتد... تێیدا بەشدار بوون، هێندێ توندوتیژیی، تەنانەت قسەی نازانستانەی بڵاو کردووەتەوە و ئەوانەش هەموو، بۆ ئەم کتێبە چەند زۆرن، کەڵک ناگرن. ئەویی دەخوازێت سەرنجیان بدات - بەتایبەتی لێکۆڵەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی - دەتوانن بنۆڕنە: (ژین - ژ ١١٦٩، ١٧٢ - ١١٩٠؛ س ١٩٥٣ز - ١٩٥٤ز) و (هەتاو - ژ ٨؛ س ١٩٥٤).



☼ پ. ن؛ کە: ١٥٨/٥/٥٧(*)

[قانیع ـــ ڕەفیق حیلمیی]

[ش؟]

[ڕەنگبێ ساڵەکانی پەنجاکان][1]

بەیادی پاکانەوە ڕۆژباش

بۆ عالیمی بەقیمەت و دڵسۆزی لێ قەوماوان

جەنابی ڕەفیق حیلمیی ئەفەندیی

ئەووەڵەن، بەلێوی پڕ بارەوە، دەستی بەخزمەتت ماچ ئەکەم. ئەگەر خەبەراتی ئەم فەقیرانە ئەپرسیت؛ حەیاتێکی کوردانە لە بەدەنی قانیعانەدا مەوجوودە و ئەویش بەدوعاگۆیی تەرفیع و ئیقباڵتان سەرف ئەکرێت.

وەک مەلاکان ئەفەرموون (بەهەشت پڕ لە مەلائیکە، ئەمما خۆیان هیچ ناخۆن چون ڕۆحانین!) ئێمەیش واین لە بەهەشتدا، فەقەت ڕۆحانین، لەززەتەکەی بۆ ئێمە نییە!

کاکە گیان

حامیلولعەریزە؛ (بابا عەلیی) ناو، کوڕی مەرحووم ماموٚستا مەلا عەبداللەیە. باوکی ئەگەرچیی بەناو مەلا بوو، ئەمما فەیلەسووفی زەمانی خۆی بوو، قەت ئیشی مەلایانەی نەئەکرد، عەلالدەوام حەسەبەلئیقیتدار لە خزمەت فوقەرای کورد غافڵ نەبوو، تا پار - ئێوە سەلامەت - بەڕەحمەتی خوا چوو! ئێستەش هەشت نۆ سەغیری بەجێ هێشتووە و ئەم کوڕە سەبەبی ژینی ئەو هەموو سەغیرەیە! ئەگەر هیممەتێکی کوردانە و غیرەتێکی خۆتانە بفەرموویت، ببیت بەسەبەبی ناجیح بوونی لە (ڕیفیی)دا[2]، ئەوا ئەبیت بەسەبەبی ژیانی ئەم هەتیوانە و تا قیامەت باری مننەت بەسەر شانی کوردە تێ گەیێشتووەکانەوە!

ئیتر خۆت و غیرەتی فەقیرپەروەریی خۆت!

بچووکت

قانیع

---

(*) وەرگیراو لە ناهیدە ڕەفیق حیلمیی - ١٩٨٧/٣/١١ز.

(١) نامەکە - بەشیعرەکەشەوە - چ مێژوویێکی بەسەرەوە نییە و ڕەنگبێ هەر لە ئەو دەوروبەرەدا بێ.

(٢) ڕیفیی: فێرگەیێکی حوکوومەتیی بوو (دار المعلمین الریفیە) بۆ پێ گەیاندنی ماموٚستایانی قوتابخانەکانی سەرەتایی گوندان کە لە دەرچووەکانی سەرەتایی و فەقێکان.

مامۆستای ئەدیب، سەرچاوەی عیرفان
سوڵ سوڵەی وەجاغ ئاگری کوردان
ڕەفیق و هاودەم غەمی زەمانە
دوورکەوتەی وڵات، تێکەڵ بێگانە
عالیمی دڵسۆز، باز باڵ شکاو
تەنها و بێ ڕەفیق، لە کۆمەڵ بڕاو
ئەگەر ئەپرسیت وەک جاری جاران
خەبەرات، حاڵی دەستەی مەغدووران
بەزاهیر زیندوو، بەمەعنا مردووین
هەروەک گوڵاڵەی ڕەشەبا بردووین
هەر ئێوەن هێزی ئەژنۆی شکاومان
هەر ئێوەن مەرهەمی جەرگی سوتاومان
هەر ئێوەن چرای هیوای کوردانن
هەر ئێوەن نەوەی گوردی کوردانن
قەت قوسوور مەکەن بۆ بەرزیی نیشتیمان
من و «ئەزمەڕ» و «گۆیژە» و «سەرچنار»
«پیرەمەگروون» و بەرۆژو نیسار
«زەڵم» و «تانجەرۆ» و «بەرزنجە» و «کاژاو»
گردی «مامەیارە» و کێوانی بێ ناو
هەموو چاوەنواڕی هیممەتی ئێوەین
هەموو ئینتیزاری غیرەتی ئێوەین
کە سەر بەرزمان کەن بەعیلم و عیرفان
ئێمەیش بێینە ڕیزی باقیی هاوسەران
باغچەی تەبیعیی دەشتی شارەزوور
گوڵاڵەی ڕەنگە زەرد و سەوز و سوور
هەموو وەک (قانیع) چاوەنواڕی تۆیە
لە (قانیع) بەدتر، دڵیان بەسۆیە![1]
[تەواو]

(١) ئەم قەسیدەیە لە ڕیزی دیوانەکانیدا نییە!.



📖 پ. ن؛ کە: ١٥٩/١/٥٨[*]

[محەممەد مەحموود حیلمیی/ محەممەد قودسیی ــــ مەحموود محەممەد ئەحمەد حیلمیی/ بایی][1]

بەغداد

١٩٤٧/٦/١٨[ز]

باوکی خۆشەویستم و تاجی سەرم

زۆر بەخۆشییەوە داوای عومر درێژیتان دەکەم.

لە ڕێگەی شەرەف و ویجدانی میللییدا، ئێمە گیانی خۆمان بەخت کرد. ناشتنم لە گردی سەیوان بێت لەگەڵ مستەفا خۆشناو[2] لە تەنیشت مەحموود جەودەت![3]

(*) ١/٧٧؛ ل ٢٧.

(١) بۆ ژیننامەی هەردوو، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) هاوەڵی، ئەفسەری شەهید!.

(٣) مەحموود ئەحمەد جەودەت؛ نووسەر (س ١٨٨٨ز. سلێمانیی ــــ ١٩٣٧/٩/٢١ز بەغداد ــــ سلێمانیی). خوێندنی لە (ق. س) و (ق. ر. س. سلێمانیی) و (ق. ئا. س. بەغداد)دا تەواو کردووە و ئەوجا چووەتە (ف. ح. ئەستەنبووڵ) و لە س ١٩٠٩ز.دا بەپلەی مولازمی یێکەم – دامەزراوە. لە ئەو هەلانەی (ا. ج. گ)دا، ئەویش لە لایێن لەشکری بریتانیاوە دیل و لە دورگەی (بۆرما) بەند کراوە و لە ساڵی ١٩١٩ز.دا ئازاد کراوە و هاتووەتەوە بۆ سلێمانیی!. ڕەفیق حیلمیی یاداشتنووس لێی نووسیوە؛ لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی بریتانیادا لە سلێمانییدا – سەردەمی سۆن Soane – ماوەیێکی کەم ئەندازەڤانی بەلەدییەی سلێمانیی بووە و لە ڕێکخستنی شێوەی بازێڕەکەدا کرد و کۆشی کردووە. حیلمیی پتر دەبێژێت؛ لە لایێن سۆن Soaneـەوە ماوەیێ گیراوە و دوایی ئازاد بووە! هەمان یاداشتنووس پتر دەبێژێت؛ لە نێوان بەهار و هاوینی س ١٩٢١ز.دا، ئەندامێکی کارامەی (ک. س. کوردستان)ی نهێنیی بووە لە سلێمانییدا! دوایی لەبەر زۆرداریی فەرمانڕەوای نێوبراو هەڵاتووە و چووەتە ڕیزی نارازییەکانی دوژمنی بریتانیا لە نێوچەی پشدەردا کە تورکان سەرپەرشتی دەکردن. ئەوجا چووەتە پاڵ خەباتی سمکۆی شکاکی نەتەوەپەروەر!
لە (٢. س. ح. کوردستان)دا لاییێنگیری حەفید زادە مەحموود بووە. لە ١٩٢٣/٥/٢١ز.دا لە ڕیزی سوپای عێراقی عەرەبدا – بەپلەی مولازمی یێکەمەوە – دامەزراوە. لە مانگی ئابی ١٩٢٥ز.دا پلەی بۆ سەرۆک – ڕەئیس – بەرز بووەتەوە. بەر لە س ١٩٣٠ز پلەی بۆ سەرۆکی یێکەم بەرزبووەتەوە. لە شەوی ٨/٧ ئەیلوول ١٩٣٠ز.دا – دوای کارەساتی شەشی ئەیلوول – خۆی و حەمیدی برای و مولازیم کامیل حەسەنی ئەفسەر لە ڕیزی سوپای عێراق یاخی بوون و بەدزییەوە =

.............................................................

=ړوویان کردووەتە سلێمانیی و ئەوجا چوونەتە پێنجوین و پاڵیان داوە بەحەفید زادە مەحموودی دانیشتووی گوندی «پیران» و هانیان داوە بۆ شۆڕش کردنەوە و تۆڵەسەندنەوەی گەلی کورد. هەر لەسەر ئەو کارەی فەرمانی گرتنی دەرچووە و لە سوپادا کارکەنار کراوە. دوای شکستی شۆڕشی چوارەم و خۆبەدەستەوەدانی حەفید زادە مەحموود، دەستبەسەرانە ڕەوانەی بەغداد، ئەوجا ناسرییە کرا و دواتر خۆی و براکەی بۆ ماوەی «دوو ساڵ» حوکم دران. دوایی بەلێبوردنێکی پاشایانەی عێراق. ئازاد کران. لە ئەو هەلەڕاوە تا س ١٩٣٧ز بێ مووچەی خانەنشینیی گوزەرانی دەکرد... لە هەلێکیشدا کە هاموشۆی دەزگەی گشتیی دارایی دەکرد لە بەغداددا و خەریکی جێبەجێ کردنی مووچەی خانەنشینیی بوو، ڕۆژێ عەبدولقادر سنەویی/ سنەیی ڕێبەری زەویوزار و موڵکەکانی دەوڵەت لە وەزارەتی داراییدا – وەک کۆڵیومەتەوە – هێندێ توانجی ناحەزانەی دژی کوردایەتیی ئەو و هاوتای بە ڕوو داداوە، ئەویش ڕۆژی ١٩٣٧/٥/٢٦ز.دا دەچێتە سەری و لە نێو ژووری دەزگەکەدا (دەیداتە بەر گوللەی دەمانچە)ی و دەیکوژێت. حوکوومەتی عێراقی عەرەب بەپەلە لە ١٩٣٧/٥/٢٩ز.دا دادگایی دەکات و بڕیاری (مل پەت کردن)ی دەدا، بەڵام بێزاریی خەڵکیی و دەسەڵاتی بەکر سیدقیی بەنێوبانگ و هاوەڵی، کارێکیان کرد بەبیانووی (بیر ئاڵۆزیی)ەوە حوکمی خنکاندنی ڕابگیرێت و بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. دوای کوشتنی بەکر سیدقیی لە ١٩٣٧/٩/١١ز.دا، دیسان باسی کوشتنەکە خراوەتەوە سەر مێز و لە ١٩٣٧/٩/٢١ز.دا، سەرلەنوێ حوکمی لە سێدارەدانی دراوەتەوە و دوایی حوکمەکە جێبەجێ کرا و تەرمەکەیان هێناوەتەوە بۆ سلێمانیی. مەحموود جەودەت؛ ڕۆشنبیرێکی نەتەوەپەروەری ئازادیخوازی کورد و کوردستان بووە. نووسەرێکی ژیر و زمانزانی فارسیی، تورکیی، فڕەنسیی، عەرەبیی بووە. لە ڕۆژنامەکانی (دیاریی لاوان)، (زاری کرمانجیی)، (ژیانەوە)دا گوتاری بەنرخی هەیە! هەروەها لە دامەزرێنەرەکانی (ی. س. ک. بەغداد؛ ١٩٣٠/٥/٣٠ز) بووە. بەر لە ساڵی ١٩٣٠ز.یش لەگەڵ کۆمەڵێک، هاودەنگی نەتەوەپەروەرانی وەک مستەفا سایب بووە(*) هەواڵ دیار نییە ژنی هێنابێت و نەوەی هەبێت!! =

*(*) لە ژیانەوە – س ١٩٢٥ز.دا گوتاری ئەوتۆی هەیە کە توانج لە فەرمانڕەوایی حەفید زادە دەگرێت. وێ دەچێت لە سەردەمی حوکوومەتی کوردستاندا زویر کرابێت بۆیێکا لە س ١٩٢٣ز.دا چووەتە ڕیزی لەشکری عێراقی عەرەبەوە! لە لایێکی دیەوە – وێڕای مەلامەتی کوشتنەکەی سنەیی – زۆر کەس باوەڕیان هەیە کە دوو بەشی لەبەر بیری نەتەوەیی ئازادیخوازی، لە لایێن بریتانیا – عێراقەوە، بەئەو جۆرە و بەپەلە داوەریی کراوە و حوکمی خنکاندنی جێبەجێ کراوە!*

** سەرچاوە و تەماشاکراو:*
١- ١/٢٢.
٢- ٢/١٧/١١٣.
٣- *ڕۆژنامە نێوبراوەکان، هەروەها (الوقائع العراقیە، ئەلوەقائیع ئەلعیراقییە)ی ڕۆژنامەی ڕەسمیی.*



ئامانەتیی تۆ و (نەسرین)(١) دەستی دایکم و پووره نەعیم ماچ دەکەم. چاوی براکانم و خوشکەکانم؛ فائیق و ڕەفیق و لوتفیی و تۆفیق و عادیل و کامیل و گێلاس و ئەلماس ماچ دەکەم.

ئومێدی خۆشیتان. بژی کورد و کوردستان.

(ئیمزا)

شەهیدی ڕێگەی نیشتیمان

٩٤٧/٦/١٨

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ١٦٠/٢/٥٨(*)

[محەممەد قودسیی ـــ نەسرینی کابانی](٢)

بەغداد

١٩٤٧/٦/١٨[ز]

گیانەکەم نەسرین

داوام لە خودای عەززەوجەلە بەخۆشی بژیت!

ئێمە لە ڕێگەی ڕاستیی و نیشتیماندا گیانی پاکمان بەبەهەشت شاد کرد. هیچ

---

= مەحموود جەودەت لە نێو کورد و بەتایبەتی ڕۆشنبیران و شۆڕشگێڕاندا، هەروەها لە لای خەڵکی سلێمانیی، ڕێزێکی زۆری گیراوە و کۆچ کردنەکەیشی دڵی جەماوەری سلێمانیی هەژاندووە... شاعیرانی وەک (حەمدیی ساحێبقڕان) و (بێکەس) بۆ خەبات و جوامێری و ژیریی و کۆچیشی شیعریان بەسەردا هەڵداوە!

* دانراوە چاپکراوەکانی:
١- بەهائوالله و دەوری نوێ – بەغداد؛ س ١٩٣٣ز.
٢- پۆڵەندە و یا لەهستان – بەغداد؛ س ١٩٤٠ز.

(١) هێندێ پرس و ڕای تایبەتی.

(*) ١، ل ٢٨.

(٢) مخابن ژیننامەی تەواوی کابانی قودسیی نازانم... بەڵام ڕەفیقی برای قودسیی ئاگاداری کردم کە نەسرین، دوای شەهیدبوونی هاوسەرەکەی لە سلێمانییەوە گەڕاوەتەوە بۆ (مەهاباد) بۆ لای کەسوکاری، دوایی شووی کردووەتەوە! خۆزیا یێکی بیدۆزیایەوە (بیرەوەرییەکانی خۆی و قودسیی) لێ وەبگرتایە و دەنگی تۆمار بکرایە!.

نیگەران مەبە! واجیبی تۆ ئەوەیە کە بەشەرەفەوە بژیت وە لە حەیاتی خۆتدا بەسەربەرزیی بژیت!

ئیدی بژیت بەخۆشیی، بەخۆشیی لەگەڵ خوشکە بەشەرەفەکانتانا، لەگەڵ خوشکە زەکییە!.

ئێمە لە بیر مەکەن! ئیدی خۆشیتان.

گەردنت ئازاد بێت، گەردنم ئازاد کە!

(ئیمزا)
خۆشەویستت
محەممەد مەحموود
بەغداد ٤٧/٦/١٨

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١٦١/١/٥٩(*)

[محەممەد مێرگەسووریی ــــ هادیی چاوەشلیی][(١)]

[مێرگەسوور]

١٩٥٤/٦/٢٢[ز]

گەورەی موحتەرەم هادیی بەگ[(٢)]

ڕۆژباش

لەپاش ڕۆژباش، هەردوو دەستەکانت ئەگوشم، ئەحواڵی شەریفتان ئەپرسم.

گەورەم

ئەگەر جەنابت لە برا بچووکی خۆت ئەپرسیی لە سایەی خودا، دووەم سەری جەنابت، زۆر چاکم وە چاکیی جەنابت لە یەزدان نیاز دەکەم.

گەورەم؛

حسین دەستت ماچ دەکە! ئیتر گەورەم ئەوە پیاوێک ناوی عەلیی مەلا یاسینە، لە

(*) گەنجینەی هادیی ڕەشید چاوەشلیی، هەولێر – ١٩٩٦/٦/٧ز. (بەدەستکاری ڕێنووسییەوە).

(١) ژیننامەی نامەهەنێر پێ نازانم کە خۆی سەرخێڵێ بووە!.

(٢) ئەو کاتە هادیی چاوەشلیی قائیمقامی قەزای زێبار بووە!.



وەختی خۆی لەگەڵ ئەمن لە بەندیخانەی مووسڵ بوو. ئینجا وەکو حوکوومەت ڕەحمی بەئەمن کرد، عەلیی مەلا یاسینی لە دوایی – لە – هەولێر دامەزراند. ئینجا ئەیەوێ بچێتە سەرە گوندی خۆی هەتاکوو میقدارێک ماش و برنج بۆ خۆی بکا! چونکە خۆت ئەزانیی قەرار وایە بارزانیان ئەزیبەت بدرێن «؟».

ئینجا ئەیەوێ بچێتە گوندی خۆی، بەواسیتەی جەنابت، نەخۆ لە نووکە پاشەیە (...) چ ئیشی پێ ناکرێ. ئینجا ئەو خێرەی بکەی چونکە زۆر مەزڵوومە. ئەگەر هاتوو میللەت نەگەڕاوە، ئەویش بابچێتە بۆ ناو میللەتی خۆی «!!».

ئیتر بژی بەئازادیی گەورەم

(ئیمزا: محەممەد)

برای بچووکت محەممەد مێرگەسووریی

[تەواو]

🕮 ✡ پ. ن؛ کە: ١٦٢/٣/١٤(*)

[مستەفا ساییب «نامەی ئەڤینیی» ــــ یارێ!][(١)]

[٢٤ – ٢٥/ ئاغستۆس/ ١٩٢٢]

[سلێمانیی]

لەعانی خەیاڵات و تەنهاییدا، زۆر بێ تاقەت و پڕ غەم بووم. لەو ئانەدا، ئەم هەموو بوهرانەم بەسەردا هات و عادەتا لە بێ هۆشییەوە ئەم وڕێنەیەم کردووە؛ ئەمڕۆ لە دنیادا خۆم لە هەموو کەس بەبێ کەستر ئەزانم! نازانم چیی بکەم؟

(*) دەستنووس؛ یادگاری گەنجینەی مستەفا ساییب – بەهۆی ئازاد ساییبی برازایەوە – سلێمانیی؛ س ١٩٨٢ز (بەنێونیشانی: کەچیی کەچیی ەوە!).

(١) ئەم نامەیە لەسەر سێ پەڕە کاغەزی تەنکە فوڵسکاب و بەمەرەکەبێکی ڕەش نووسراوەتەوە. بێ لەو (مێژووە) کە بەقەڵەمێکی کل نووسراوە زۆر وێ دەچێ کە (مێژوویێکی دیی) بەسەرەوە هەبووبێت و لێی کرابێتەوە کە شوێنی لێ کرانەوەیشی دیارە. بەراوردکردنی مەتنی (ئەم نامەیە و نامەی «سکاڵا»؛ ١٦/١/١٤) بەتایبەتی ئەگەر ورد بنۆڕینە وشە و ڕستەکانی ئەم مەتنە، وەک (بڵێ هەر خۆشم ئەوێی، یاری سادیق، وەفادار، عەزیزی جان، یاری دڵ ئاشووب، بەتیری عەشقی نارینی تۆ، یار و ئەنیسی ڕۆحم، ئەو لێوە ئاڵانەت تۆزێ بکەرەوە و بەدەمی خۆت بڵێ؛ عەفووم کردی. هەروەک جاران موحیب و سادیقتم!) ئەوە دەتوانم دڵنیا بڵێم:
=

وەختێ، منیش ساحێب دۆست و ڕەفیق بووم... دوو ڕەفیق، یێک دڵ و یێک ڕۆح بووین. دوو دڵ بووین کە بەلافاوی چلەی زستانیش لێل نەئەبوو. دوو ڕۆح بووین لە گیانێکا ئەژیاین.

دڵ ئاوێنەی دڵە. هیچ بەبیرما نایەت کە من، منی بەدبەخت، بەزەڕڕە خواریی و خیچیم دەرحەق بەو دڵە موقەددەس و پاکە بووبێ، هیچ بەخاتیرما نایەت کە جارێ بەم دەسە لەرزۆکەوە، ئەو دڵە ئێشا بێ، ئازاری پێ گەیبیشتبێ!

ئێستا نازانم بۆچیی لە ئاقاری من، دەموچاو گرژە؟ مات و مەلوولە؟ سست و خاوە، وەک جاران بەکەیف و ڕوو خۆش، بەرچاو فەرەح و دڵ ڕوون نییە. وەک تێکچوو بێ، گۆڕرا بێ، وایە!

وام ئەزانیی کە ئەوسا من هەر بۆ ئەو ئەژیام، ئەویش وای ئەزانیێ! وام ئەزانیی کە خوا

---

= ١- وێنەی نامەی ئەڤینییە.

٢- درێژەی نامەی ڕابوردووی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکەیە.

٣- بۆیێکا ئەم وێنەیە بەئەم مەتنەوە بەر بڵاوکردنەوە نەکەوتووە، چونکە لە ڕۆژگارێکی تاریکی دوای جەنگ و باری خۆش و بەزەبری بەندوباوی کۆمەڵیی ئەوتۆدا هەڵکەوتووە کە نەک هەر دەربڕینی هەستی ئەڤینداریی ئاشکرای لا قەدەغە و حەرام بووە، بگرە نارەوایان نیوەی کۆمەڵ - ئافرەت -ی چەوساندووەتەوە و مافەکانی پێ شێل کردووە.

٤- ئەم خاڵە بەڵگەیشە کە وشەکانی (برایەتیی، لە برایەتییدا) لە نامەی (سکاڵا)دا، دەستکردە و پێوەندییەکە لە نێوان دوو کەسی برادەری گیانی گیانییشدا نییە!.

٥- وێڕای ئەوەی برازای نووسەر - ئازاد سایب - بۆ منی گێڕاوەتەوە (مستەفا سایب لە تافی لاوییدا تووشی عەشقێکی ناکام بووە)، هەروەها وێڕای هەردوو مەتنەکەش، دڵ لێ دەدات کە ئەسڵی مەبەست (پێوەندیی برایەتیی) و (ئەڤینی کیژ و کوڕێ) نەبێت، بەڵکو وێ دەچێت مەبەستی هەرە گەورە: (هیوا/ فریشتەی سەربەستیی) و لە دەست چوونی بێت. ئەگەر لە نامەی (سکاڵا) هێندێ بنۆڕینەوە کە - بۆ وێنە - تێیدا بێژراوە: (ئەوەتیی لەم ڕێیەوە ئەڕۆم هاوڕێیێکم هەیە. وەختێ کەوتمە سەر سەرەتای ئەم ڕێیە قاچ و قولم بەیێکدا ئەهات، جێ پێی خۆم بۆ نەئەدۆزرایەوە، هەموو وەختێ لە خەزانا بووم... نزیک ساڵێ لەمەوپێش (سەرنج بدە!/ k) من بۆ ئەم ڕێ لێ بڕییەم ڕێ پێشاندەرێکم دۆزییەوە... ئەتوانم بڵێم کە ئینسان لە ئاوێنەشدا تارمایی خۆی وا بەدیی ناکا! ئەو ئەوەند بەرز بوو، ئەوەند ورد بوو، قەت نەیئەگەیبیشتمێ! زاتی لە ڕۆژی هەووەڵەوە من خست بوومە دڵی خۆمەوە کە قەت نایمە ئەو، وەک ئەوم لێ نایە، نایگەمێ. ئەگەر بشڵێن نەناس نەبوو، ناسیاوێ بوو کە هیچ وەختێ باوک لەگەڵ نەوەی خۆی وا ڕانایەت! ئەمبیست، بەر بای گوێم ئەکەوت کە زۆر=



هەردووکمانی بۆ یێک خەلق کردووین. وام ئەزانیی کە من چ قیژەییێک بکەم، لە گوێی ئەوا ئەزرنگێتەوە... کەچیی... ئۆف خوا! کەچیی نەمزانی لێم تێکچووە، خەڵەتام، ئەویش وەک زەمان گۆڕڕاوە.

ئەو دڵە، وابزانم ئازاری گەیبیشتۆتێ. ئاوێنەی دڵمانیان وەرگێڕاوە! ڕووی دیوی ئەو، وا ئەزانم ژەنگی هەڵهێناوە لە ئاقاری دڵی ساردی من!

ئەمە نیشانەی بەدبەختیی و کڵۆڵییە بۆ من، بۆ ئەم دڵە بێ چارەیەی من! ئەمە نیشانەی بەدبەختیی و کڵۆڵییە بۆ من، بۆ ئەم دڵە بێ چارەی من! هەر لە ئەووەڵەوە نەمزانیی... لە ئەووەڵەوە نەمزانیی ڕاگیری کەم!... هەتا بەینێ زۆر چاک ڕاگیرم کرد، بەسەهلیی و زوویی ڕامکێشا بۆ لای خۆمەوە کە ئەمەیش ئیشێکی زۆر گەورەیە، مووەفەقییەتێکە. وامزانیی، هەروا ئەم سەعادەت و ئاسوودەگییە دەوام ئەکا و ئەم دوو

---

= کەس بەغیلییان بەمن و ئەو هاتووە، سەریان لەم یێکیەتییەی من و ئەو سڕماوە. زۆر کەس بەهەموو تەحرێ خەریک بووە گوڵۆڵەی شین بخەنە مەعبێنمان، بمانئاڵۆزێنن، من وام بەدڵا ئەهات کە ئەمە قەت نابێ و... هتد...). هەروەها ئەگەر ورد ببینەوە لە ئەم دەستنووسە کە بۆ وێنە تێیدا بێژراوە؛ (ئەوسا من بەو ڕۆحە موبارەکەوە ئیفتیخارم ئەکرد (سەرنج بدە/ k) هەر ئەو ڕۆحەش بوو، هەر ئەو دڵەش بوو کە منی مەسعوود و شادان ئەکرد. ئێستا خۆم هەم ڕۆحم بێ کەس و بێ ڕەفیق ماوەتەوە. بەڵام هەر واز ناهێنم، هەر لە شوێن پێی ئەو ئەڕۆم، خوێنی خۆم ئەڕێژم تاکو نزیکی ئەبمەوە، تاکو سێبەری خەیاڵاتی ئەوم بەرپەل ئەکەوێ، ئینجا دنیام ئەوێ. ئەگینا بێ ئەو ڕۆحە بۆچیی بمێنم؟ ژیانم بۆ چییە؟ هەر غایەیێک، ئەمەلێکی موقەددەسی تۆ منی مەجبووری ژیان کردبوو، هەر بۆ ئەو غایەیێ ئەژیام، ئەمویست بژیم!). ئەگەر بەتایبەتیش چاو بچەقێنین لە (نامەی سکاڵا)دا کە تێیدا بێژراوە؛ (نزیک ساڵێ لەمەوپێش) و لە ئەم (دەستنووسە)ش کە دەبێژێت؛ (ئومێدێک، ئەمەلێک وەک گوڵ ئەستێرە ئەدرەوشێتەوە، ئەبریقێتەوە و ئەیگێڕێتەوە ئەویش، ئەو نەجمی درەخشانە، ئەو ماهی سەعادەتەش «وەتەنە!») ئا ئەمانە هەموو کارمان لێ دەکەن باوەڕ بکەین کە ڕەنگبێ مەبەست (ئەڤینێکی باڵا، پیرۆز، دانسقە) بێ کە لە ئەوەش بەدەر نییە مەبەستەکە (سەربەستیی بەشێکی کوردستانی باشوور - سلێمانییە) و حوکمدارییە حەوت مانگییەکەی ساڵانی ١٩١٨ز - ١٩١٩ز.ی حەفید زادە مەحموودە. هەر بۆ یێکا - لە تاو پەژارەی کارەساتی لە دەست چوونی ئەو سەربەستییە نەتەوەییەدا - لە دەروونندا هەستی هەژاوە و خۆی بەهەڵە و تاوانبار دەزانێت بەڕادەیێک (داوای لێبووردن)ی لێ کردووە!. سەیریش نییە لە (سکاڵانامەکان - س ١٩٢٢ز.دا) بوخچەکانی (برایەتیی) و (یار) هەموو تووڕ دراون و (سکاڵای وەتەنپەروەریی) ڕووی جوان و ڕووناکی خۆی و نووسەرەکەی نواندووە! (بنۆڕە: ئاییندە!).

دڵە بەهیچ شتێ لێک جیا نابنەوە، هەتا قیامەت هەر بەیێکەوە بەنگ ئەبن و بەڕابوردنی سەد عەیامانیش تۆزەڵقانێ ئاوێنەی دڵمان ژەنگ هەڵناهێنێ... کەچیی، کەچیی!! هەی های، کەچیی وا نەبوو. ئەویی من ئەمویست وا دەرنەچوو، وا دەوامی نەکرد... سەعادەت و خۆشییم تێکچوو، ئەویی من لێکم دایەوە بەخەیاڵی خاو دەرچوو!

هەی های!! ئەی مازییی موقەددەس و مەسعوود، ئەی حالییی پڕ غەم و قەهر؛ ئاه، نازانم بەچ ڕەنگێ ئەو دڵە بێنمەوە جێی خۆی، چۆن ڕوون ئەبێتەوە؟

ئەی خۆشەویستی دڵ و جانم، ئەی عەزیزی هەردوو جیهانم، تۆ لە کوێیت؟ ئێستا لە چ کونجی تاریکیەکدا، لە چ قوژبنێکای؟ ئەم قیژەیەم، ئەم پڕمەی گریانەم ناگاتە گوێی تۆ؟ ئایا لە گوێتا نازرەنگێتەوە؟ ئەم فرمێسکە خوێنیانەم، ئەم هەنسکە هەنسکی پڕ قەهرانەم، ڕیققەتی قەلبت، حیسسی مەرحەمەتت ناهێنێتە جۆش و غەلەیان، ناهێنێتە گریان؟؟ هەتا کەی فرمێسک و خوێنم بڕێژم؟ ئەوا بەحرێکی بێ پایان و ناموتەناهیی هاتە وجوود لە فرمێسکی چاوانی من! ئەوا حەوزێکی زۆر زل و بێ بن، پڕ بووە لە خوێنی بەنگی دڵی من! ئیتر بەسیە! توخوا هێشتا ڕەحمێکم پێ ناکەیت؟ تووبی خوا هێشتا جار جار بەئاخ و داخەوە، ناوی ڕۆشنی من ناهێنی بەدڵتا؟ ئۆف... توخوا عەفووم کە با زان و بزمێن، دەستە و ئەژنۆ ئەوا هاتمە بەر دەرگەی دڵ و ڕۆحی تۆ!. دەستم بەدامێنت، ئەوەندە پیشامەوە، ئەوەندە قەهر و پیشم خواردەوە، ئەوەندە زان و بزمێن و سەر بەزەمین کەوتم، ئاوی خەجالەت و نەدامەت لە ژێرما ئەڕوا... ئیتر، ئیتر عەفووم کە، مەرحەمەت!

دەی ئەوا من بەدەمی خۆم ئەمەم وت، تۆ... تۆ بەدەم و دڵی خۆت ئەمە بڵێ! ئەمە بناڵێنە تاکو لە یێک ئانی کوتوپڕا، بەحری خوێن و فرمێسکم وشک بی! هەر بفەرموو، هەر بڵێ؛ (عەفووم کردی، خۆشم ئەوێی!)، ئیتر ئەمە ئابی حەیاتە بۆ من... توخوا بڵێ تا بزانم من وەرگەڕاوم، من خەڵەفاوم! ئۆها!! ئەی ڕەفیقم لە کوێیت؟ گوێت لە ناڵە ناڵی جەرگ و دڵم بێ، چاوت لە حاڵی بیمارییم بێ؟

وەختێ ئەم دوو لەشە گیانێک بوون، ئەم دوو دڵە، ئەو دوو دڵە یێک بوون؛ توێ توێ ببوایە، هێشتا وابزانم لێک جیا نەئەبوون، بەتیری غەم و عەشق قەهر و پرش و بڵاو نەئەبوون.

هەتا من من بووم، تۆش ئەنیسی ڕۆحم بووی! من ڕۆح، تۆ گیان بووی. من یاری سادیق، تۆ یاری وەفادار بووی! من ڕۆحی شیرین، تۆ ڕۆحی ڕەوان بووی! ئەم دڵە چیی



بناڵانایە؛ هاوار و فەریادی ئەو دڵە بوو... ئەو زەمانە من مەسروور و خەندان بووم، چونکە دوو ڕۆح یارم بوو؛ یێکێکی هیی خۆم، یێکێکی هی تۆ (......)[1] زۆر ئەژیام، هەیهات! (......................)[2] ئیتر لە پاش ئەم حاڵەتە، لە دوای ئەم ئاوارەییە، ئەم حەیاتە، ئەم ڕۆحە بەکەڵکی چیی بێت؟ بۆچیی باشە؟ مردن مردن! لە دنیادا بۆ کەسێکی مەئیووس، بێ کەس و بێ داوەر، بەدبەخت، لە مردن چاکتر، خۆشتر چییە؟ مردن لە ژیانی بەعەزاب و بەقەهرتر!

ئەوسا من بەو ڕۆحە موبارەکەوە ئیفتیخارم ئەکرد، هەر ئەم ڕۆحەش بوو، هەر ئەو دڵەش بوو کە منی مەسعوود و شادان ئەکرد! ئێستا هەم خۆم و هەم ڕۆحم بێ کەس و بێ ڕەفیق ماونەتەوە. لە ژیان، ڕۆحم نەفرەت ئەکا، ئەتلێتەوە. هەر خۆی فڕێ ئەدا بۆ بەحری مەمات، بەڵام لە ئانی خۆهاویشتنا، لە ئانێکا کە پێی لە پلەی حەیات ئەخزێنێ و خەریکە دەستی لە تەنافی ژین بەرئەدا؛ ئومێدێک، ئەمەلێک وەک گوڵ ئەستێرە ئەدرەوشێتەوە، ئەبریقێتەوە و ئەیگێڕێتەوە... ئەویش، ئەو نەجمی درەخشانە، ئەو ماهی سەعادەتەش؛ (وەتەنە!). ئەم هەموو کەشمەکەش و سەرگەردانییە لائەبا و پەردەی ئومێدم و عەزم هەڵئەداتەوە، ئیتر ئەگەڕێتە دواوە، فەقەت نازانم من چیم، بۆچیی چاکم، بۆچیی بمێنم؟

ئەوسا من خۆم بەئینسان ئەزانیی، ئێستا وەک ئەسکەلەت وشک بێ گیانم، وشک و برن، ئێسقان دەرپەڕیو، زەعیف و بێ هێز، بێ خوێن و بێ مێشک! گیانی بێ ڕۆح و جان، ڕۆحم بێ عەزا و تاب. ئەژنۆم نوشتاوە و پشتم کۆماوە، ئومێد و ئەمەلم فەرسوودە، قەلبم داغدار و موتەحەسسیر. ئەمە عیبارەتە لە لاشەیێکی بێ گیان و ڕۆحی من! ئیتر ئەم ژیانە چیی پێ ئەڵێن؟ بەچ ئەمەل و خەیاڵێکەوە بژیم؟ کە ئەوم لە کیس چوو، کە دڵی ئەو لێڵ بوو، ئاوێنەی دڵی شکاو پەنجەی ئازاری گەییشتێ، خۆی کشانەوە و منی ناوێ!

سەر هەڵئەگرم، لەم ڕێییەدا خۆم فیدا ئەکەم و هەتا ئەتوانم بەسەر ئەم ڕێییەدا ئەڕۆم ئەگەرچیی ئەو خەیاڵات و ڕۆحی ئەو، وەک سێبەری خۆم وایە و نایگەمێ... بەڵام هەر واز ناهێنم، هەر لە شوێن پێی ئەو ئەڕۆم، خوێنی خۆم ئەڕێژم تاکوو نزیک ئەبمەوە، تاکو هیچ سێبەری خەیاڵاتی ئەوم بەرپەل ئەکەوێ، ئینجا دنیام ئەوێ... ئەگینا بێ ئەو ڕووە بۆچیی

(١) شوێن قاقەزی وشەکە دڕاوە.

(٢) شوێن قاقەزی ڕستەکە دڕاوە.

بمێنم، ژیانم بۆ چییه؟ هەرچییەکم کرد، هەرچییەکم ویست، هیچ نەبوو، نەیگەییشتمێ! ئەمەلێ، خەیاڵێکی سپیی و موقەددەسم بوو، ئەویشم لە کیس چوو، ڕۆیی. نەمزانیی چوو بۆ کوێ؟ باڵی گرت و وەک کۆتری حەیات ڕفیی بەهەوادا، ئەوەتە ئەیبیینمەوە!!.

ئیتر بۆچیی بژیم؛ مانەوەم لەسەر دنیادا بۆچیی چاکە؟ نەء نەء، نامەوێ! ئەم حەیاتە فەرسوودە، ئەم گیانە بێ ڕۆحە!

ئۆه مردن!! مردن بۆ من چاکە! خوایە کەی نەجاتم ئەدەی لەم کەند و چاڵییە و قەهرییات و عەزاباتە؟ دەسا زوو ڕستگارم کە!

ئەی عەزیزی جانم! ئەی یاری دڵ ئاشووبم؛ ئەوسا کە بەتۆ گەییشتم... ئەوسا کە بەتیری موژکان و خەیالاتی تۆ ئەسیر بووم، هەر غایەیێک، ئەمەلێکی موقەددەسی تۆ، منی مەجبووری ژیان کردبوو... هەر بۆ ئەو غایەیە نەژیام، ئەمویست بژیم.

تۆ، منی مەجبووری ژیان کردبوو... هەر بۆ ئەو غایەیێ ئەژیام، ئەمویست بژیم!

چەند جار لە پردی مەمات و بەو قووەت و غایەیەوە پەڕیومەتەوە و خۆم ڕستگار کردووە، ئەویش کە تیری عەشقی ناریینی تۆیە، کەچیی... ئاه!! کەچیی!! ئەی ئابی حەیاتم، توخوا هەروەک جاران بەڕوونیی و ئاسوودەگیی ڕەوان بە! ئەی عەزابی ڕۆحم، هەروەک جاران بەنمی چاوانی من سەوز و بەرز بە!

ئەی یارد ئەنیسی ڕۆحم، توخوا بەدەمی خۆت عەفووم کە... ئەو لێوە ئالانەت تۆزێ بکەرەوە و بەدەمی خۆت بلێ؛ (عەفووم کردی! هەروەک جاران موحیب و سادیقتم!).

ئا... ه!! توخوا ڕەحمێ بکە، ئیتر بەسە فیراق؛ لە عەزابی جەهەننەم شەدیدتر بوو بۆ من!

ئیتر بەسیە! با هەر من خەتام کردبێ، هەر من خەڵەتابم!

ئەی ئەنیسی ڕۆحم؛ دەخیل و سەد هاوار... خوات لەگەڵ.

زەکیی سابیب

[تەواو]



📖 ✲ پ. ن؛ کە: ١٦٣/٤/١٤(*)

[کوردیی/ مستەفا سایبب ـــ برا هاونەتەوەکانی!]

[١٢ - ١٣/١٠/١٩٢٤ز]

[بەغداد]

بۆ برا عەزیزەکانم

(سکاڵا)(١)

براله‌ینه...

بەم ناوەوە، تەمامە نەختێ دەردی دڵمتان بۆ بڕێژم و تۆزێ لە بەحری غەم قەهری کەم بکەمەوە و تۆزێکیش بدەم بەئێوە... بەهیوام قوبووڵی ئەفەرموون و هیچ نەبێ بەلاییکی چاو پیا ئەڕوانن. چونکی ئەمە عەکسی دەنگن و ویجدانێکی میللیی و زەڕەباتێ قەلبێکی کوردییە! لێکی بدەنەوە و بڕواننە تەواریخی عالەم؛ کێن و چین؟

بۆچیی وامان لێ بەسەر هاتووە و بۆچیی کەوتووینە ئەم بیری مردنەوە؟ ئەجدادمان کێیە و چ سەڵتەنەت و ئیحتیشامێکیان بوو؟

تەئریخی عالەم و ئاساری دنیا، پڕ لە مەناقیبی باو و باپیرمانە و کەچیی خۆمان هیچی نازانین و خەبەرمان لە هیچ نییە!

ئەوە؛ کەی قوباد! دارا! ئەوە سەلاحوددین! کەریم خان و شەرەفوددین خان و ئەوە بابان و موکریان و بەدرخان و حەکاریی و بادینان!(٢) ئەمانە هەموو ئەجدادمانن، هەموو باوکمانن، هەموو تاجی تەئریخمانن و کائینات ئەیانناسن و کەچیی هێشتا خۆمان هیچیان ناناسین و حەتتا نازانین کە ئێمە لە نەتەوەی (میدییە)یانەین کە ئاسیای هێنایە

---

(*) دەستنووس - لە هەمان سەرچاوەی پێشووەوە - بەئیمزای کوردییەوە.

(١) ئەم نامەیە سێ بەشە (سکاڵا -١؛ ڕابوردوومان) و (سکاڵا -٢؛ ئێستامان) و (سکاڵا -٣؛ لەمەولامان) کە لە دەفتەریدا کۆکراوە و نووسراوی خۆیەتی. بەڵام بەتەنێ هەر (سکاڵا -١) لە ڕۆژنامەی: ژیانەوە - س١، ژ ١٤؛ ٢/١/١٩٢٥ز.دا بڵاوکراوەتەوە کەچیی ئەوتۆی لەگەڵ دەستنووسەکە جودا نییە. بەشەکانی دیی لە ڕۆژنامەی نێوبراو و ڕۆژنامەی دییدا بڵاو نەکراونەتەوە، ئەگەرچیی لە کۆتایی بڵاوکردنەوەی (سکاڵا -١)دا، نووسراوە؛ (ماویەتی). لە لاییکی دییەوە وێ دەچێت مەبەستی لە (برا عەزیزەکان) خوێندکار و ڕۆشنبیرەکانی کورد بێت، بەتایبەتی ئەوانەی (بەغداد) کە هەر لە ئێرەدا داوای (جەم بەستن، کۆبوونەوە، یێکگرتن)یان دەکات.

لەرزە و ترس، کە نیوەی ئاسیای داگیر کرد! هێشتا نازانین کە ئێمە لە ئەحفادی (قیسی - قاسسی)یەکانین[1] کە لە ١٥٠٠ - ١٧٠٠ ق.م (پ.ز./ k) ئەو حوکوومەتە زل و

---

(١) نووسەر لە ئێرەدا (قیسسی - قاسسی - قصّي - قاصّي) و لە هێندێ شوێنی دیبیدا؛ (قوسسە - قەیس)ی بەکار بردووە کە هەموویشی مەبەستی (کاششی)یەکانە.
لە ئێرەدا ناپەسەند نییە کە پتر خوێندەواران شارەزای بیر و لێکدانەوەی نووسەر بن کە لە (ژیان - ٧/٢٥ و ١٩٣٠/٧/٣٠دا/ یێکەم دەوڵەتی کورد) هێندێ ڕوونتر دەبنەوە... نووسیویەتی: (... بەپێی حەفرییاتێ کە پار لە «ئوور»دا کراوە لە لاییێن ئەڵمانەکانەوە؛ دەرکەوت کە تەئریخی کورد زۆر کۆنە و یێکەم دەوڵەتی کورد لە عێراقی ئێستادا و لە کوردستانی خواروودا زۆر لەو وەختە کۆنترە و دوورترە!
بەپێی تەئریخ و مەنقوولات، وا دیارە کورد لە تەئریخی قەدیمدا، هەر لە کۆنەوە هەموو وەختێ بەم ناوانەوە (کردۆش، کردۆخ، کاسیی، کاسیت، قەسسی، کوردۆخ) و کوردی پشتکۆ و لوڕڕەکان لە «ئیلام» و بەئەکسەرییەت کورد لە پەهلەویی و فارسیی قەدیمدا بە(کورد) ناوبراوە. بەم ئیعتیبارە، ئەتوانین لە تەدقیقات و تەتەببوعاتی تەئریخیی، ڕابوردووی خۆمان بگەیێنن!
هەموو کەس ئەیزانێ تەئریخێک کە جاران نووسراوە، زۆر ئیعتیباری نەماوە و تەئریخ و حەقائیقێ کە لە حەفرییاتی ئاسار و ئابیدە نووسراوی کۆن دەرئەکەوێ ئەوە ئیعتیبار و ئەهمییەتی تەواو و زۆر هەیە. ئێمەش لەم حەفرییاتی ئاسارەدا کە لە عێراقدا ئەکرێ لە لاییێن ئەوروپایی و ئەمریکاییەوە زۆر حیسسەمەند و موستەفیدین و ئەتوانین زۆر چاک تەتەببوعی پێشووی خۆمان بکەین.
وەک واحید ئەفەندیی - عەبدولواحید نووریی لە ژیان: ژ ٢٤٦دا/ k - لە تەرجەمەکەیدا نووسیویە؛ (ئەحمەد ڕەفیق کە چیرۆکنووسێکی موعتەبەرە، لە کتێبەکەیا ئەڵێ: قەسسییەکان ٥ - ٦ عەسر پێش میلاد بابلستانیان گرتووە و ٣ - ٤ قەرنی تیا ماونەتەوە و بابلیان زۆر ئاوەدان کردووەتەوە)، بەڵام لە نەتیجەی حەفرییاتێکی تازەدا کە لە لاییێن ئەڵمانەکانەوە کراوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە تەئریخی کورد، شەڕەف و شانی کورد، لەوە و لەو تەئریخەی مەجەللە عەرەبییەکەشدا نووسراوە. واحید؛ عەبدولواحید نووریی لە ئەمەوەی وەرگرتووە/ k - زۆر کۆنترە و لەبەر ئەوە زۆرتر بەئەهمییەتە.
بەپێی بەیاناتێ مەشهوور، موستەشریقی ئەڵمان دکتۆر یۆلیۆس یووردان و بەپێی تەئریخی قەدیم؛ مەعلوومە کە کورد میللەتێکی زۆر کۆنن و لەگەڵ سۆمەر و ئەکاد، یەعنی شەڕەفی کۆنیەتیی و شەئنی تەئریخیان هەیە، لە ئەووەڵ ئەقوامی قەدیمەی ئەم ئاسیای نزیکەن.
وەختێ کە سۆمەر و ئەکاد حوکمیان ئەکرد بەسەر عێراقدا - ٤٠٠٠ پ.ز - کورد وەک ئەوان بەشەڕەف و فەخرێکەوە، بەقووەت و قودرەتێکەوە، هەستیان بووە و کە سیلسیلەی عایلەی مولووکی «ئووروک» نەما، دوای حامۆرابیی، هەموو بابلیستان کەوتە دەستی (کاسیت)ەکانەوە =



موهیبەی (بابل)یان زەوت کرد و یێک دوو عەسر بەعەزم و شەرەف، بەسەڵتەنەت و

---

=کە وەکو لە پێشەوە دەرمانخست (کاسیت) هەر کوردە!
لە نەتیجەی حەفرییاتێکدا کە کۆمەڵی ئاساریی ئەڵمان کردوویانە لە کەلاوەکانی «ئووروک - ئوور)ی لای «ناسرییە»وە، دوکتۆر یۆلیۆس ئەڵێ: (لە پاش نەمانی خێزانی حامۆرابیی، بابلستان تێک چوو و بەنەتیجە کەوتە دەست میللەتێک کە زۆر دوژمنیان بوون لە شاخەکانی سەر سنووری ڕۆژئاوای فارسدا ئەژیان و ناوی «کاسیت» و ٥٠٠ساڵ لە ژێر حوکم و ئیدارەی ئەم میللەتەدا مایەوە!).
ئەم وەقاییعە و سوقووتی بابل بەدەست کوردەکانەوە، دوو هەزار پێش میلاد بووە و بەپێی ئەوە نزیکەی ٦٠٠ ساڵی تیا مانەوە. وا دیارە کوردەکان ٢٠ عەسر پێش میلاد بابلیان گرتووە و تا ١٤ عەسر - پ. ز/ k - تیا ماونەتەوە و حوکمیان کردووە! هێشتا مەعبەد و هەیکەل و ئاساری ئەو زەمانەی کوردەکان ماوە و بەم ئاسارە، ئەم واقیعە موهیممە دۆزراوەتەوە. حەتتا لە بابەت مەدەنییەت و فەننەوە، کورد زۆر تەئسیری کردووەتە سەر سۆمەرەکان و ئاسوورەکان.
لە پاش کوردەکان، بابل ئینجا کەوتووەتە دەست ئاسوورەکان، لە پاشدا کەوتە دەست فورسە سەلجوقییەکان.
لە وەختی ئیدارەیاندا کوردەکان کە لە تەئریخدا بە«کاسیت» ناو ئەبرێن، زۆر ئاساری میعماریی و فەننیان بەجێ هێشتووە، باخوسووس زۆر مەعبەدیان تیا کردووە، چونکە ئەو زەمانە هەر دین تەئسیری زۆری هەبووە بەسەر بەشەردا، بەتایبەتی مەعبەدێکی بچووک کە یێکێ لە حوکمدارەکانی کورد ناوی (قران داش)ـە لە قەرنی یانزەمینی پێش میلاددا بینای کردووە و زۆر ئەهمییەتی هەیە و هێشتا ناساز و ئەنقازی ئەو مەعبەدە ماوە و دیارە.
بەم ئەسەرانەدا کە لە زەمانی حوکمدار (قران داش)دا بەشی زۆری کراوە؛ وا دیاریشە کە کوردەکان ئەو زەمانە شەپقەیان لەسەردا بووە و پیاوە دینییەکان شەپقەی بەرز و درێژیان لەسەردا بووە کە لە خەڵقیی جیا بکرێنەوە!
لەم حەفرییاتەدا زۆر ئاسار و مەنقوشاتی عەجیبە و موهیممی زەمانی حوکمدار (قران داش) دۆزراوەتەوە کە بەوانەدا مەهارەتی میعماریی و فەننی کورد کە ٣٥ عەسر لەمەوپێشە و چاک دەرئەکەوێ و قسەی ئەو نەفام و نەشارەزایانە ئەبڕێ کە ئەڵێن: کورد فەن و مەدەنییەتی نەبووە.
کوردی

[تەواو]

لە ئێرەدا ئەو - دوو بەشە - گوتارە تەواو بووە ئەگەرچیی بەشی دووەمی دەڵێت؛ (ماویەتی!!) بەڵام من چەند سەرنجم دا نە لە دەستنووسەکانیدا نە لە ڕۆژنامەدا تەواوەکەیم بەردەست نەکەوت.
جێگەی لێ گوتنە، کەلاوەناسی بەنێوبانگی عەرەب (تەها باقیر) لە کتێبی (مقدمة في تأريخ=

حیشمەت تیا مانەوە، لەجیاتیی تەخریب و مەحوو، ئاوەدان و خۆشیان کرد!

هێشتا ئاگامان لە خۆمان نییە کە ئەسکەندەر و کەیخوسرەو[١]؛ هەردووکیان کە شەڕیان ئەکرد لەگەڵ دوژمنی خۆیانا، بەخۆشییەکی زۆرەوە کوردەکانیان بەعەساکیر و ئومەرا ئیستیخدام ئەکرد و ئینجا ئەیانوێرا هێرش - پەلامار - بەرنە سەر دوژمنەکانی خۆیان. لە ئەووەڵ و ئاخیریشدا، کوردی ئەعزەم، ئودەبای گەورەی پێ گەیان و هەموو ئیسلام بەفەخر و عەزەمەن ناویان ئەبەن!.

بابان عەبدوڕڕەحمان پاشا و محەممەد پاشا و سلێمان پاشا و بەدرخان بەگ و بەدرخانیی؛ کەنعان پاشا و عەبدوڕڕەزاق پاشا و عەبدوڕڕەحمان پاشا[٢]، ئێستایش ئەوە

= الحضارات القديمة - پێشنووسێ بۆ مێژووی شارستێنە کۆنەکانی عێراق؛ بەغداد - س ١٩٧٣، ل ٤٤٦ - ٤٤٧) و دواتر لەمەڕ (کاشییەکان) دەڵێت: (کەشوو واتای هێز و ئازاییە. وێ دەچێت ئەمە لە نێوی خوای نەتەوە کاشییەکانەوە داکەوتبێت. کاشییەکان ئەگەرچیی بنچینەیان ناناسرێتەوە، خۆیان خانەدانێکی فەرمانڕەوای وڵات بوون کە ناسراوە بە تیرەی بابلی سێیەم و دەسەڵاتیان نزیکی چوار سەدەیێکی خایاند: ١٥٩٥ - ١١٦٢ پ.ز. لە بارەی نیشتیمانی مەڵبەندەکەیشیانەوە، ئەوە باوەڕ دەکرێت کە لە شوێنی بووبێت لە پارچە نێوەندەکانی چیای زاگرۆس - نێوان بڕی عێراق و ئێران - تەنانەت دەشتوانرێت شوێنەکەیش نیشانە بکرێت بەئەم شوێنەی کە ناسراوە بەوڵاتی (لوڕڕ) یان (لوڕڕستان)ی ئێستەی باشووری ئێران و لە باکووریشیانەوە نەتەوە چیانشینەکانی وەک (گۆتییەکان، لۆلۆبییەکان) هاوسێیان بوون. وێ دەچێت کە هەر ئەو هۆزە چیانشینانەی لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە(کۆسای - Kossaios) نێوبراون؛ هەر ئەمانە بن! دەشتوانین بڵێین کە (کاشییەکان) لە وڵاتدا یێک مەملەکەتیان هەبووە کە لە ئەوپەڕی باشوورەوە تا سنووری وڵاتی ئاشوور لە باکووردا، کشاوە... هتد).

(١) ڕەنگبێ مەبەستی لە خوسرەو - کیسرا -ی ئەنۆشیروانی پاشای ساسانەکان (٥٣١ز - ٥٧٩ز) بێت کە کوڕی قوبادە. شەڕی (یوستیناتوس)ی کردووە و (ئەنتاکیا) و (لازق)ی داگیر کردووە. ناچاریش بووە لە (٥٥٥ز)دا لەگەڵ بیزنتیەکان ئاگربڕ مۆر بکات. لە (٥٧٠ز)دا «یەمەن»ی داگیر کرد. هەمان نێوبراو ناسراویش بووە بەدادپەروەر! خوسرەوی دووەم (٥٩٠ز - ٦٢٨ز) کوڕی پەروێزی دڵداری شیرین کە لە ئەدەبییاتی فارسیی و کوردییدا بەنێوبانگە!.

(٢) هەر عەبدوڕڕەزاق لە نێوەکاندا کوڕەزای بەدرخان پاشای گەورەیە! سەرچاوەکان دەڵێن ئەم میرە کوردە منداڵێکی زۆری هەبووە، چ کوڕ و چ کچ... کوڕە ناسراوەکانی؛ ئەمین عالیی بەگ، بەدری پاشا، حسێن کەنعان پاشا، حیکمەت بەدرخان، خەلیل ڕامیی بەگ، عەبدوڕڕەحمان بەگ. محەممەد عوسمان، میقداد مەدحەت، نەجیب پاشان.



شەریف و[١] شەوقی پاشا، حەتتا ئەوە لە عێراقدا؛ جەمیل زەهاویی، حەتتا ئەوە لە سووریاش؛ مستەفا شاهین، یووسف بەگ زادەکان... وەلحاسڵ ئەمانە هەموو کوردن و لە خوێنی کوردن و لە ڕەگەزی میدیەن.

ئەجدادی ئێمە کە کوردن و کوردستانین، چۆن بوون و چیی بوون و بۆچیی ئێمەیان هێنایە سەر دنیا و ئەم موڵکە عەزیزەیان بۆ کێ بەجێ هێشت؟

توخوا برالەینە؛ کامتان ئەتوانن بەتەواویی ناوی کورد و کوردستان بزانن و خۆی بناسێ و بزانن چییمان بەسەردا هاتووە؟ ئێستاش لە (ئەفغان و بەلووج و خوراسان و مەشهەد و گێلان و مازندەران)، ئێستایش لە (خوزستان و خوراسان و ئازەربێجان) و حەتتا لە (قەفقاسیا و تەرابزۆن و سیواس و ئەنقەرە و دەشتی یەمامە) کوردی لێیە و تیایەتی... بزانن ئەمە دەلالەت لە چ عەزەمەت و هەیبەتێکی پێشوومان ئەکا! سەیری ئەو عەزەمەتە و حیشمەتە بکەن و سەیری ئەم زیللەتە و ئەم مەسکەنەتە و مەحوورییەتە بکەن؛ ئیتر تەریق بینەوە، شەرم بمانگرێ! ئێمە نەتەوەی میللەتێکی وا جەسوور و ئیجلالین کە سەڵتەنەتی (قەرەزۆس)[٢] هەیئەتی تێکشکا و عەزەمەت و جەبەرووتی (ئاسووریی - فیلیقایەوە).

ئێمە ئەولادی دارایێکین کە گەورەیەتیی و سەربەرزیەتیی «میسر»ی نوشتانەوە و لەرانەوە! ئێمە ئەحفادی (ئەییووب) زادەیێکین کە جیهانی ئەورووپا لەناوبردنی ئەترسا و

(١) مەبەست ژەنەراڵ شەریف پاشای سەعید پاشای کۆنە وەزیری هەندەرانی عوسمانیی و خەڵکی سلێمانییە؛ (١٨٦٥ز - ١٩٤٤ز). نێوبراو لە دوای ساڵی ١٨٩٥ز.ەوە تا سەرەتای سەدەی بیست وەزیری دەوڵەتی عوسمانیی بوو، ئەوجا باڵوێزی عوسمانیی لە (سوید)دا، دوای مەشرووتەی ١٩٠٨ز لە فەرمانڕەوایی تورکەلاوەکان قاییل نەبووە و لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٠٩ز.دا لە «پاریس»دا پارتێکی ناڕازیی بەنێوی (پارتی ڕادیکالیی عوسمانیی Parti redical Ottomonی دامەزراند و گۆڤارێکی فڕانسیی زمانی بەنێوی (مەشرووتییەت Mechrotiette؛ ١٥/ ١٠/ ١٩٠٩ز - ٢/ ١٩١٤ز)ەوە دەکرد و دوای «٥٥» ژمارەش ڕایگرت و پارتەکەی هەڵوەشاندەوە. لە نێوان (١٩١٥ز - ١٩١٩ز)دا باوەڕی عوسمانییپەروەریی کز بوو، لایدا بەلای بیری نەتەوەیی و کوردایەتییدا. ئەوە بوو بەنێوی گەلی کوردەوە یاداشتی دا بە(کۆنگرەی ئاشتیی میللەتانی خۆرهەڵات - پاریس؛ س ١٩١٩ز) کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی کرد! (بنۆڕە: ١/ ١٥؛ ل ٤١ - ٤٣).

(٢) ڕەنگبێ مەبەستی: (قەرەغوزلو «چاوڕەشان» بێت کە گەلێکی تورک نەژادی نێو هەمەدان بووە و بەهۆی ئاژاوە و شەڕی نێوخۆوە - نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە - لە ئێراندا تەفروتوونا بوو!.

ئەلەرزیی و کائیناتی ئیسلام سوجدەی ئەبرد و ئەیپەرست. ئێمە ئەولادی (قوباد)ییێکین کە بێزی نەئەهات ئەو تاج و سەڵتەنەت و ئیقبالی (میدییە)ی قوبووڵ بکا!!

ئۆه... ئۆه لە حیجاب و سوئالی تەئریخیی چەند گەورەیە و چەند قورسە! هەرچەند ئەکەم نازانم بەچ ڕوویێکەوە بڵێم کوردم و نەتەوەی میدییە و قوسسەم؟ لێکی ئەدەمەوە، نازانم بەچ قەلبێکەوە بڵێم؛ من تێ گەییشتووی کوردم و لە ئەحفادی ئەییووبم؟ چۆن ئیسپاتی بکەم من لە ئەولادی (قەیس)م کە ئەو بابلستانە عەزیمەی داگیر کرد و ئاوەدانی کردەوە و جەدوەل و قەناتی تیا کردەوە و تەلاری تیا بینا کرد و خۆشی کرد؟

ئەی برالەینە!

لە پاش چیی، ئیتر ئێمە سەرمان هەڵبڕین و ناوچەوانمان سپیی بێ؟ بەچ ویجدانێکەوە بچینە حوزووری تەئریخی میللەتەوە؟ بەچ ڕوویێکەوە حەیایێکەوە بچینە لای باو و باپیرمان، سەیری ناوچەوانی نوورانییان بکەین؟ ئەی نەوجوانانی کورد، ئەوە باو و باپیرمان بووە و وابوون، ئەرێ ئێمە شیری کێمان خواردووە و بۆچییمان دراییێ؟

ئەی فیردەوسی کوردستان، دەرگەی ڕەحمەتت بکەرەوە با ئەولادی (کیان) و (ئەییووب) بێنە دەرێ و ڕووی باو و باپیرمان سپیی بکەنەوە، چونکی ڕۆژێ لە ژین و ژیانە!

...[1] لە ژێر پەردەییێکی چییەوە ڕوانیمانە ڕابوردوومان و تەماشاییێکی سیمای نەجیب و عالییەکانی ئەجدادمان کرد؟

ئێمە کەسانێکی موڵکێکی زل و ئاوەدان بووین! ئێمە کە خاوەن بەهەشتی سەر ئەرز بووین؛ ئەمڕۆ ئەو موڵکە عەزیزە، ئەو یادگارە موقەددەسە، بزانن چیی لێ هاتووە؟ هەموو خەرابەزارە، کاول و وێرانە! هەمووی چۆڵ و بیابانە! هەموو شاخستان و بەردەڵانە! ئەم موڵکە زلە و خۆشە، ئەڵێی گیاندارێکی تیا نییە و ئەڵێی وەتەنی وحووش و تیوورە، دەشتی لاشە و مردووانە! سەراپا بەخوێنی سوور هەڵگەڕاوە. سەراپا گڕی گرتووە، نەداری ماوە، نەبەرد. نە ڕۆحی ماوە نە گیان. نە من ئێوە ئەناسم، نە ئێوە من ئەناسن!! کە بەیێک ئەگەین وەک (ڕەش و سپیی) ئەڕوانینە یێک!!

باوک و باپیرمان بێ عیلم و هونەر ئێمەیان جێ هێشت و بەرەڵایان کردین... سەفیل و سەرگەردان ئەسووڕێینەوە بەم موڵکە زل و گەورەیەدا کەس نییە ڕێگەمان نیشان بدا و

(١) بەشی دووەمی نامەکە؛ (ئێستامان!).



کەس نییە وەزیفەییێکی خۆمان پێ بڵێ و تێ بگەیێنێ و کەس نییە گوێمان بداتێ!! عالەم لە تەرەققیدا ئەتلێتەوە، خۆیان بەو کەوسەرەی حەیات ئەشۆن. هەموو دنیا لە بەحری تەعالیی و شکۆهدایە! ئێمە هێشتا بەجەهل و تیفاق ئەڕۆیین! هێشتا بەچڵکاوی وەحشەت و نیفاق، دڵمان پیس و لیڵ ئەکەین، وە هێشتا لە جەهل و تەدەننییدایین!

کوا ئەو شکۆه و حیشمەتەی قەدیم؟ کوا ئەو شەرەف و فەخرەی ئەجدادمان کە بۆ بستێ خاکی وەتەن، بۆ لقێ داری وەتەن؛ دنیای تێک ئەشڵەقان و ژێر و زەبەری ئەکرد؟ ئێمە بەپێی خۆمان پان و پلیشی ئەکەینەوە و بەدەمی خۆمان کە شیری ناحەڵاڵیی خواردووە، تف و لەعنەتی ئەکەین! ئینجا کوا ویقار و حەیسییەت؟ کوا مەحەببەتی وەتەنییە؟ کەس بەگوێی کەس ناکا و کەس کەسی ناوێ. هەچ کەس بەگێکە، هەچ کەسە حوکمڕانێکە کە لەم عەسرەدا، لەم عەسری تەرەققیی و تەمەدوونەدا؛ گەورەیەتیی و بەگیەتیی نییە و نەماوە!

ئەی برالەینە؛ بۆ ئێمە عەیب و شین نییە، میللەتانی کە، تازە پێ گەییشتووەکانیان، ڕۆحی خۆیان فیدا ئەکەن و ئیستحقاری حەیات ئەکەن بۆ ژیان، بۆ ژیانێکی پڕ شەرەف و ویقار و ئێمەش لە جێی خۆمان دانیشتووین و بە(قسە و گاڵتە) عومر زاییع ئەکەین؟ ئەم هەموو کوردە، بەم هەموو مونەوویرانە و شوببانەوە، هیچیان پێ ناکرێ و هیچ ناکەن؟ لەمە زیاتر بێ فیکریی و بێ حیسسیی؟ باوەڕ ناکەم دایک و باوکمان بۆ گاڵتە و یاریی، بۆ سەفاهەت و ڕەزالەت و بۆ زەلیلیی و مەحکوومیی هێنابینیانە سەر دنیا و گەورەیان کردبین!! باوەڕ ناکەم ئەم موڵکە عەزیزە بۆ کاول بوون، ئەم میللەتە نەجیبە بۆ ئەسارەت و تەدەننیی بەجێ هێڵرا بێ و دیار بێ!!

ئەی مونەوویرانی کورد؛ بەناوی میللییەت و تەئریخەوە لێتان ئەپرسم: لە هەموو وەزائیفی میللییەتان چیتان کردووە، کامەتان کرد؟؟

ئەی بڕایینە؛ نازانم ئێمە چیمان کرد و لەم عانی مردنەدا کە ژیان لازمە، ویجدانی میللییمان ئەم زەلالەت و مەسکەنەتە، ئەم بێ حیسسیی و نوستنە، قوبوول ئەکا و تێ ناگەم بۆچیی یەخەی دەوڵەمەند و گەورەکانمان نەگرین و داوای (ئیستیقبال و حەیات)یان لێ نەکەین؟ لەم تاوانە زلتر؛ گەورەتر ئەبێ؟؟

ئەی موعەللیمینی کورد!

توخوا ئێوە چیتان کرد و بۆچیی چاکن و ئیشتان چییە لەم دنیایەدا؟ بۆچیی هەتا ئێستا

نەماندیی دوو کەستان یێک بن و یێک ڕۆح بن؟ هەر ئەم ئەو تەنقید ئەکا، ئەو تەحقیر ئەکا!! لەجیاتیی یێک بن و بەیێکەوە ئیشێکی خێر بۆ میللەتەکەیان بکەن، گوێ نادەنە یێکتریی!! ئیعتیبار نادەن بەغەیری خۆیان و گاڵتە بەیێکتریی ئەکەن!! مونەوویر و شەبابی میللەتێ کە حەز بەتەرەققیی و تەکامول بکا، چۆن ئەبێ وابێ؟

ئەی براییینە!

توخوا لەم زەمانی تەرەققیی و تەعالیەدا، لەم عەسری ژیانەدا، ئەم خۆ خواردنە، ئەم خۆ کۆشتنە و ئەم نیفاق و حەسوودییە چ چاکەیێکی هەیە و بۆچیی بکەین؟ ئیتر بەسی بێ و بەسیەتی! ڕۆحی باو و باپیرمان موعەززەب ئەبێ و ڕووی میللەتمان ڕەش ئەبێ و ئەمەیشمان نامێنێ!

ئیتر نەختێ بیر بکەینەوە و دەست بدەینە دەست یێک و وەختی قسە و گاڵتە نەما! بەکۆمەڵیی، بەتێکۆشین و سەبات هەموو شتێکمان پێ ئەکرێ!.

ئیتر نەختێ شەرم بمانگرێ و خۆمان بەئینسان دابنێین و میللەتەکەمان سپیی بکەینەوە! ئەمرۆ ڕۆژی تێکۆشین و پێشکەوتنە.

براییینە![1]

ئەوە ڕابوردوومان؛ ئەوە ڕابوردوویێک کە عالەم ئاواتی بۆ ئەخوازێ، ئەوە حاڵی حازرمان کە دوژمنیش بەزەیی پیامانا دێتەوە کە وەحشییانی ئەفریقا لەم حاڵە خراپەی ئێمەدا نین!

پانزە ساڵ لەمەوپێش کە دەوری مەشرووتییەت داهات و دڵمان خۆش بوو؛ وتمان ئیتر ئێمەش لە عیلم و هونەر، لە سەنعەت و حیرفەت بەشدار ئەبین و پێی ئەگەین و سەر ئەکەوین... هەیهات!!. ئەوە دەوری مەشرووتییەت نەبوو... دەوری نەحس و فەلاکەت بوو، دەوری ئەسارەت مەحکوومییەت بوو! چەند نەوجوانانی کورد بەڕێی خواریيدا عومریان فەوتا، خوێنیان ڕژا و نەمان! چەند هەزار پیاوی گەورەمان لە ناحەق کوژران و نەما! بۆ ئەوەی ئەم میللەتە نەجیب و قەدیمە نەهێڵن و هەڵیگرن لەسەر دنیا، ئەو تورکە زاڵمانە وەک دڕندە، خواردنیان، کوشتیانن، نەماڵیان هێشتن، نە منداڵ. نە گیانیان هێشتن، نە زمان لەم هەموو وڵاتی کوردانەدا؛ مەکتەبێ، سەنعەتخانەیێک، خەستەخانەیێک، فەقیرخانەیێک، ماکینەیێک، کارخانەیێک، ڕێگەیێک و هیچ شتێکی چاک و

(١) بەشی سێیەمی نامەکە؛ (لەمەولامان!).



ئینسانانەیان بۆ نەکردین، نەمان بوو!

ئەمە حاڵمان بوو، ئەمە وەزعییەتمانە!![1] بەو چەشنە ئەو فوڵکە عەزیزە وێران بوو! ئەم میللەتە نەجیبە دوا کەوت، کوێر بووەوە و ناوی نەما! ئینجا سەیر بکەن و بەدڵێکی پاکەوە لێکی بدەنەوە؛ ئەی لاوانی وڵات، بزانن چەند لە دواین؟ چەند پاشکەوتووین؟ چەند جاهیل و بێ کەماڵیین؛ تێ بگەن؛ چەند تێکۆشین و هەوڵ دانمان ئەوێ؟ چەند فەعالییەت و جیددییەتمان ئەوێ و چۆن نەوەستان و پێشکەوتنمان ئەوێ؟ کام میللەت ئەفەرموون وەحشیی بوو... پیاوخۆر بوو، دارپەرست بوو، ئێستا لە ئێمە سەرکەوتووترن. لە ئێمە ئینسانتر و ساحێب مەعریفەت و سەنعەتن!.

ئەی برالەینە؛ هەروا لێکی بدەنەوە، بزانین لە چ حاڵێکاین و بۆ لێ هاتووە؟ بزانین ئێمە کە ڕەهبەر و تێ گەیشتوانی میللەت و عەوامین؟ چییمان کرد و چیی ئەکەین؟ ئێمە کە تێ گەیشتووین و ئەبێ چیی بکەین؟ ئەگەر شتێ نەکەین، ئەگەر تێ نەکۆشین، هۆشمان نەیەتەوە بەر خۆمان؛ عەوام، خەڵقی جاهیل و بێ دەسەڵات چیی بکا و چیی لێ بەسەر دێ؟ کە ئێمە ئیشمان پێ نەکرێ، کە ئێمە ئیستیقبال و خەیاتی قەومەکەمان لێک نەدەینەوە، ئیتر حەمەی بەقاڵ و ئەلە چایچیی چیی پێ بکرێ؟

ئەی براییینە!

لێتان ئەپرسم؛ ئێمە چییمان کرد و چ کارێکمان بۆ ئەم میللەتە هەژارە کردووە و بۆچیی دانیشتووین بەخۆڕایی؟ لە پاش ئەم هەموو زیللەت و موحوییەتە، لە دوای ئەم هەموو فەلاکەت و وێرانییە، ئیتر هۆشمان نایەتەوە بەخۆمانا؟ ویجدانی میللییمان موعەززەب نابێ و لاییقی لەعنەت و نەفرەت نابین؟ عالەم ڕۆژ بەڕۆژ، دەقیقە بەدەقیقە، هەنگاو بەهەنگاو پێش ئەکەوێ، شەو و ڕۆژ ئەکاتەوە و ئیش ئەکا، خەریکە جان فیدا ئەکا، ماڵ

(١) ڕاستییەکەی لە دەمە و کۆتایی سەدەی نۆزدە و لە هێندێ باژێڕی کوردستاندا، تاکوتەرایێ قوتابخانەی سەرەتایی، ئامادەیی، نێوەندیی ڕوشدییەی سەربازیی – وەک دامەزراوەکەی سلێمانیی – هەروەها تاکوتەرایێ خەستەخانە هەڵکەوتوون. بەڵام ئایا ئەوانە لە بەرامبەر کارەساتی مێژوویی کورد و کوردستانی ژێردەستە و داگیرکراوی عوسمانییەکاندا – کە پتر لە سێ سەدە درێژەی کێشا – هەروەها لە ئاستی لە نێوچوونی نیو ملیۆن پتر لە کورد و لە (١. ج. گ)دا و کاول بوونی کوردستاندا، کێشیان، نرخیان هەیە؟ ئەگەر کێشیان هەبێت ئەو لاسەنگییان بەئەندازەی دووریی ئاسمان و ڕێسمانە!.

سەرف ئەكا بۆ سەركەوتن و پێ گەییشتنی میللەتەكەی! هەموو میللەتێ ساحێبی زمانی خۆی، خاوەنی مولْك و وڵاتی خۆی، مالیكی حوقووق و حەیشی خۆبەتی و ئێمە، ئەی ئەولادی (كیان) كامیانمان هەیە و چییمان هەیە و چییمان هەیە؟

بەسی بێ ئیتر! بووین بەسەبەبی سەرگەردانیی چەند هەژاران! بووین بەواسیتەی هیلاك بوونی میللەتەكەمان و ڕووی خۆیشمان و میللەتەكەشمان ڕەش كرد! ئیتر تۆزێكیش لێكی بدەینەوە، نەختێكیش تێكۆشین و هەوڵ بدەین و حەققی ئەم خراپییە، ئەم پاش كەوتنە و حەققی ئەم ڕوو ڕەشیی و تاوانە بدەینەوە!

ئەمڕۆ ڕۆژی تێكۆشین و پێشكەوتنە. ڕۆژی تەمەڵیی نییە! ئەم زەمانە زەمانی سەنعەت و عیلمە. زەمانی جەهالەت و وەحشەت نییە و زەمانی (ئاخچیی و پۆخچیی) نییە!.(١)

ئەم عەسرە، عەسری تەرەققیی و تەمەددونە! عەسری یێك بوون و كۆمەڵ بوونە! عەسری نیفاق و حەسادەت نییە. عەسری برایەتیی و تەرەققیە!.

ئەمە ڕۆژەكەمانە. ئەمە عەسر و زەمانەكەمانە! ئەی تازە پێ گەییشتوانی كوردان ئێوە لەگەڵ چیی خەریكن و چیی ئەكەن؟ كوا زمانتان؟ كوا قەواعید و ئەلفباتان؟ كوا تەئریخ و جوغرافیاتان و كوا ئەدەبییات و عیلمتان؟ كوا سەنعەت و فەلاحەتتان؟ كوا... كوا؟؟

عیبرەت بگرن لەم هەموو مەسائیبە، لەم هەموو زەلالەتە، لەم دواكەوتن و سەفالەتە! نەختێ ویجدانی میللییتان بێننە جۆش! نەختێ دڵتان نەرم كەن! نەختێ بیر بكەنەوە و هەڵێكیش تێ كۆشن! تۆزێ بیر بكەنەوە؛ بگرین و سەرشۆڕ كەن و شەرم لە ئەجداد و ئەحفاددتتان بكەن!

برایینە!

لە پاش هەموو بیركردنەوە و خەیاڵاتێ ناهومێد مەبن... كز و بێ دەنگ مەبن! مەوەستن و ئاخ و داخ هەڵمەكێشن، چونكی پێشكەوتن بە(كاشكی و ئاوات نابێ!)؛ دەست بدەنە دەست یێك. یێك یێك، كۆمەڵ كۆمەڵ، هەوڵ و تەقەللا بدەن و مەوەستن و ڕۆحتان بكەن بەقوربانیی. گیانی عەزیزتان بكەن بەبریانیی، خوێنی ساف و شیرینتان بڕێژن!

(١) یارییەكی فۆلكلۆریی زارۆكانە؛ (هەردوو وشەكەش توركین و ناتۆرە و جوێنی پیسن!). یارییەكەش بەدانیشتنەوە و دەست ڕاكێشانی یێكدییە بەدەم گوتنەوەی ڕستەی (ئاخچیی و پۆخچیی، دایە و بابە سوجووقچیی!) ئەم یارییە تا ئەوڕۆ لە نێو یاریی زارۆكانی كورددا باوە و پێویستە پاكۆ بدرێت و لە نێو یاریی كوردەوارییدا دەرهاوێژرێت!



خۆتان ماندوو بكەن! یێك دوو سەعاتی كەیف و گەڕان بدەن بەمیللەتەكەتان! ئیش بكەن، تێ كۆشن، پێشكەون و مەوەستن! حەیات و ئیستیقبال وا بەدەست ئێوەوە و تەئریختان زیندوو بكەنەوە! ئەرواحی باو و باپیرمان پیرۆز و شادمان بكەن! دڵی ئەولاد و ئەحفادتتان لە بریزی سورووور و فەرەح بكەن!

ئەی برایینە!

ئیتر بەسە! ئەم هەموو عار و شینە، ئەم هەموو گوناه و تاوانە! هەرچییەكمان لە دەست دێ؛ بەدڵ و بەگیان و بەڕۆح بیكەین و هەر نەوەستین!

ئەمڕۆ ڕۆژی شەبابە! ئەمڕۆ ڕۆژی ئێوەیە ئەی لاوانی كورد! ئێستا وەختی تێكۆشینە و زەمانی سەركەوتنە!

ئەمڕۆ ڕۆژی جەم بەستنە!

كوردیی

[تەواو]

☼ پ. ن؛ كە: ١٦٤/٥/١٤(*)

[كوردێك/ مستەفا سایبب ـــ مامۆستایانی كورد]

[١٣ - ١٤/١٠/١٩٢٤ز]

[بەغداد]

بۆ موعەللیمینی كورد!

لەپێش هەموو شتێكا تكاتان لێ ئەكەم ئەگەر قسەیێكی نارێكم كرد، بمبەخشن، چونكی سەبەبی ئەو قسەیەم هەیە جانی قەلبمە!

ئەم خەرابەزاری وەتەنە، ئەم ماڵ وێرانیی و سەرگەردانیی میللەتە، وەك شیشی سوورەوەكراو ئەچێ بەجەرگما، لەبەر ئەوە خۆم پێ نەگیرا و ئەم یێك دوو قسەیە ئەخەمە پێش چاوتان و بەهیوام كە تەماشای بكەن!

(*) دەستنووس - سەرچاوەی پێشوو!
(لە دەستنووسەكە ڕایگەیاندووە كە لە ١٩٢٥/٢/٢٤ز.دا ناردوویەتی!! وێ دەچێت ناردبیەتی بۆ (ژیانەوە) بەڵام ڕۆژنامەكە لە چ ژمارەیێكیدا بڵاوی نەكردووەتەوە!. ڕەنگبێ بۆ هێندێ مامۆستایشی ناردبێت!).

هەمــووتان ئەیزانن کــە ســەبەبی دواکــەوتن و نەمــانی ئەم کــوردە هەژارە، نەزانین و نەخــوێندنە! مــیللەتێ کــە ٥ – ٦ مــیلیــۆن نەفــەس، ســاحــێبی دوو مــەکــتــەب، خــاوەنی سەنایبع[١]، مالیکی دوو دارولموعەللیمین نەبێ... میللەتێ کە بەم زۆریی و زلییەوە دوو موعەللیم و مورەببیی و نەبێ... میللەتێ چوار سەنعەتکاری ئیشکەری نەبێ، دە جوتیاری چاکی نەبێ... میللەتێ کە زانست و خوێندنی نەبێ... میللەتێ کە لە عەسرێکی وادا لە هەزار یێکێکی خوێندەوار و ساحێب سەنعەت نەبێ؛ ئیتر چۆن ئەتوانێ لەم جیدالی حەیات و مەحشەرەوە تەرەققییەدا بژیی، سەرکەوێ و بمێنێ؟

تەماشای هەموو مەکتەبەکانی – کە بەقەد پێنج پەنجەی دەست نابێ – کورد بکەن؛ کتێبێ، دیوانێ، خەریتەیێک و شتێکی کوردیم بۆ بدۆزنەوە!! بڕواننە دەفتەری قوتابییەکان؛ بزانن نیزامی پاکیی و تەمیزییە، ڕێکوپێکییە ئەبینن تیایا؟ سەیری مێشک و حافیزەی شاگردەکانتان بکەن بزانن چ شەڕ و هەرایێکی تیایە و بۆچیی هەتابێ، لەجیاتیی بەخوێندن تیژ و باش بێ؛ کوێر ئەبێتەوە و ئەڕزێ؟ لەگەڵ ئەوەیش کە مێشکی بە ٢٠ – ٣٠ عیلم و فونوون خەریک و هەراسان ئەبێ، مەشغوولی فێربوونی پێنج شەش زمانە و هەتا ئەم فێر ئەبێ، ئەوی لێ تێک ئەچێ! هەتا ئەو ڕەوان ئەکا، ئەمی لێ ون ئەبێ![٢] بەو چەشنە ئەم هەموو بێچووە کوردانە؛ ١٥ – ١٧ساڵی عومریان بەخۆڕایی و لە پاشدا دەستەپاچە ئەمێنێتەوە و هیچیش فێر نابن و سەرگەردان ئەبن!

ئەی پێ گەییشتوان و مورەببییانی کورد!

ئێوە کە ئەمڕۆ شتێ نەکەن و وەزیفەی میللییەتان بەجێ نەهێنن، ئێوە کە ئێستا ئەم وردە پێویستیانە نەکەن و دوو بەسەزمان پێ نەگەیێنن، ئیتر چۆن بەخۆتان ئەڵێن: مورەببیی؟ ئەم هەموو کوڕ و برا بچکۆلانەتان چیی بکەن؛ کتێبێ بۆ مەکتەب دەست بدا نییە؟ ئەسەرێ کە شاگردێکی مەکتەب پێویستی پێی بێ، نییە! تێناگەین بەچ زمانێ، بەچ چەشنێ دەرس ئەڵێنەوە و ئەم برا بچکۆلانەمان چیی ئەخوێنن و ئیشیان چییە لە

---

(١) بۆ پشتگرتنی ڕای نووسەر، بنۆڕە بابەتی (کێشەیێکی سیاسیی...) کە چەند درەنگ فێرگەی مامۆستایان و قوتابخانەی پیشەسازیی لە باژێڕەکانی کوردستانی باشووردا.

(٢) لە ژێر باری دەسەڵاتی داگیرکاریی عوسمانیی، بریتانیایی، عێراقییدا، لە کوردستانی باشووردا زمانەکانی: تورکیی، فارسیی، عەرەبیی، فڕانسیی، ئینگلیزیی بەسەر شاگردی کورددا زاڵ کرا بوو. لە سەردەمی یێکەمدا قەدەغە و لە دووەم و سێیەمدا باو و ڕەسمیی بوو!.



مەکتەبی بێ کتێب و بێ خەریتە و بێ ئەساس؟ چۆن شەفەقەتتان قوبووڵ ئەکا کە بەخۆڕایی عومری مناڵە کوردەکان بەنووسین و زمان فێربوونەوە مەحوو بکەنەوە؟ مەکتەب و زمان، چۆن بێ کتێب ئەبێ؟ مەیخەنە لاگوێ و بیرتان نەچێتەوە؛ دە پانزە موعەللیم، هێشتا پێتان نەکرێ دوو کتێبی مەکتەب تەرجومە و تەئلیف بکەن یا بێزتان نایێ؟ هەر بێ کتێبی کوردییە کە ئەبێ بەسەبەبی ئەوەی لە مەکتەبێکی کورددا بەتورکیی دەرس ببێژرێتەوە! هەتا کەی ئەم خواریی و حەقیرییە و هەتا چەند عەسری کە زمانی خۆمان نەنووسین و نەخوێنین و قسە نەکەین؟

ئیحتیماله ئەفەرموون؛ ئەگەر بنووسین چۆن لە چاپی بدەین؟ ئەفسووس کە موعەللیم و مونەوویری کورد، لە بێ تاقەتیی خۆی، جوابی وا بداتەوە و هەوەسی بیرکردنەوەی نەبێ؟ لەبەر چیی ئەم هەموو موعەللیمانە بەڕەسمیی و عومoomیی داوای کتێبی کوردیی لە حوکوومەت ناکەن و داوای چاپ کردنیان ناکەن؟ ئەمە حوکوومەت ئەو حەق و ئیمتیازەی داوینێ؛ بۆچیی خۆمان نامانەوێ و کاری پێ ناکەین؟

بیستوومە یێک دوو کتێبی کوردیی هەیە لە وەزارەتی مەعاریف؛ ڕەنگە هەتا ئێستا نەڕزابێ وە یا نەیبردبێ، موتلەقەن مشک خواردوویەتی، چونکی ئێوە ئەوەندەتان ئەهمییەت نەفەرمووە کە تەعقیبی بکەن و داوای حەققی عەزییەتەکەتان بکەن کە ئەویش چاپ کردنی ئەسەرەکانتانە. ئیتر عەیب لەوە زیاتر؟ ئایا بەچ مەقسەدێکەوە تاقەتتان نییە داوای کتێب بکەن بۆ مەکتەبەکان و لەسەری بڕۆن؟ وە یا لە فیکرتان وە یا لە دەستتان کەم ئەبێتەوە ئەگەر دوو سەعاتتان سەڕف بکەن بەنووسینی تەئریخی، جوغرافیایە، ئەشیایێک، حیسابێک وە یا هەندەسەیێکی کوردیی بۆ براکانتان، بۆ مناڵەکانتان؟

ئیتر تکا ئەکەین ئەی تێگەییشتوانی کورد؛ بەسی بێ و مەوەستن! بەهەمووتان خەریک بن و تێکۆشن! لە ئێوە زیاتر بەتەمای کێ بین کە ئەم ئیشە موهیم و خێرانە بکا؟ لەسەر پرۆغرامی عومoomیی دوو کتێبی مەکتەب بنووسنەوە و تەرجومەی بکەن! لە پاش نووسینەوەی بینێرن بۆ وەزارەت و ئینجا بەعومoomیی مەزبەتەیێک بنووسن و بەشیددەت و عەجەلە داوای تەبع و نەشر کردنی ئەوانە بکەن!

خوا هەڵناگرێ و ویجدان قوبووڵی ناکا، مەبن بەسەبەبی کوێربوونەوەی ئیستیقبالی میللەتەکەتان! هیچ نەبێ عیبرەت وەرگرن لە شەبابەکان کە لە عانی تەحسیلدا یێکیی ئەلفبا بۆ براکانی ئەنووسێتەوە! ئێوەش ئەوانی کە تەواو بکەن... ئیتر زۆر بەعەجەلە چاوەڕوانیی هیممەت و فەعالییەتتا نین! تکا ئەکەین، مەوەستن و تەرەددود مەکەن،

دەقیقەییێک مەوەستن! تۆزێ تەرەددود ئەبێ و بەسەبەبی کوژانەوەی ئومێدی چەند منالّ و هەتیو! ئەبێ بەسەبەبی دواکەوتنی میللەتێک!

مەوەستن و بنووسن و بیکەن! سبەینێ تەئریخ هەیە و داوای حیسابتان لێ ئەکرێ!

کوردێک

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ١٦٥/٦/١٤(*)

[کوردێک/ مستەفا سایبب ـــ ئەشراف و توجاران]

[١٤ – ١٩٢٤/١٠/١٥ز]

[بەغداد]

بۆ ئەشراف و توجاران

دەمێکە حەز ئەکەم دوو سێ قسەتان عەرز بکەم و زەمان نەیئەهێشت! ڕەنگە هەتا ئێستا هیچتان بیرتان نەکردبیەتەوە لەم دنیایەدا وەزیفەتان چییە و ئیشتان چییە؟

بەندە بەزانستی خۆم، وەزیفە و کاری ئێوە شەرح بکەم چاکە! چونکی دیارە ئێوە بیرتان ناکەوێتەوە لەگەڵ حیسابات و ژماردنا خەریکن، ناپەرژێنە سەر لێکدانەوەی ئەم شتە (وردانە!).

لە پێشەوە تکاتان لێ ئەکەم، گوێم لێ بگرن و تێی وردبنەوە؛ ئەم میللەتە هەژارە تووشی ئەم هەموو دەرد و بەڵایە بوو و ئێوەش تێوە گلان، بەڵام زەرەری ئێوە بەنیسبەت خەڵقەوە کەم بوو و هیچ بوو![1] هەزار نەوجوان و منالّی کورد کە ئومێدی ئیستیقبال بوون، لە بن دەستیی و فەقیرییدا، نەمان و ون بوون! خەزێنەی میللییەت بەوان بۆش بوو، چونکی ئەوان کە لە تەبەقەییێکی فەقیر و فەقەت تازە بوون، ئیشیان ئەکرد، هەوڵیان ئەدا وە بێ حیجاب و تەرەددود هەموو تەشەببوسێکیان ئەکرد و لەبەر ئەوە هەموو

(*) دەستنووس؛ سەرچاوەی پێشوو.
(بەر لە بڵاوکردنەوەی من، هەرگیز لە ڕۆژنامەنووسییشدا بڵاو نەکراوەتەوە).

(١) مەبەستی نووسەر باری تەنگانەی گەلی کوردستانی باشوورە کە لە نێوان ١٩١٤ز – ١٩٢٤زدا تووشی کارەساتەکانی (١. ج. گ) و (داگیرکاریی بریتانیا) و قوربانییەکانی (شۆڕشەکانی حەفید زادە مەحموود) بوون.



شتێکیان لە دەست ئەهات! ئێوە، لام وایە لە عومری خۆتاندا هێشتا لێکتان نەداوەتەوە بڵێن: بۆچیی ئەم میللەتە وای لێ هات؟ بۆچیی ئێمە داییم تووشی دەرد و موسیبەت دەبین و بۆچیی پێش ناکەوین و چییە و چیی نییە؟ هەر خەریکی تووتن و کوتاڵی خۆتان بوون. ئیستیقبالی خۆیشتان و منالّیشتان لە بیر چووەوە. هێشتا نەماندیی لە نەسەبی ئێوە، کوڕێک پێ بگا بەعیلم و هونەری خۆی ڕووی میللەتەکەی سپیی کردبیەتەوە. هێشتا بیرتان نەهاتووە، کوڕی خۆتان بخەنە مەکتەبەوە و ئیهتیمام بەعەقڵ و تەربییەی بدەن!

ئەی ئەشرافی میللەت؛ توخوا ئێوە کە دەوڵەمەند و دەستداری خەڵقەکەن، ئێوە کە خاوەنی موڵک و پارەن، شتێ بۆ میللەتەکەتان، شتێ بۆ ئەولاد و ئەحفادتان ئەکەن؛ خێر و حەسەنات ئەکەن؛ یارییەی فەقیر و هەژار ئەدەن؟ چاودێریی هەتیوان ئەکەن؟ ئیتر کێ بیکا و ئەم میللەتە چۆن سەرکەوێ و لە چەرخی فەلاکەت ڕستگاری بێ؟

هەروا تەماشاییێکی میللەتانی کە بکەن؛ چیی ئەبینیی؟ چیی ئەکەن؟ تۆزێ زەحمەت بکێشن و دڵتان بسووتێ بەئەولادتاندا و ڕەحم بەفەقیر و هەژار بکەن کە شەوی زستانانێ لەبەر بەفر و باران، بێ جێ و بێ شوێن، بێ نوێن و ئاگر، بەسکی برسییەتیی –سەر/K– ئەنێنەوە و لە ڕۆژی هاوینانێ بۆ پوولێ، بۆ نانە ڕەقێ وە حەتتا لە تاوانا بەقنگە جگەرەییێک، لەبەر هەتاودا ڕائەبوێرێ؟ ئەوە مەملەکەتێکی زل و زەلام، ئەوە میللەتێکی زۆر بێ دەست؛ چییتان بۆ کرد و چییتان هەیە؟ بڕواننە خەڵق؛ تەماشای یار و ئەغیار بکەن، بزانن گەورەکانی ئەوان چیی ئەکەن و لە چییدان؟

کەی دووانتان ئەبن بەیێک و بەیێکەوە تێ ئەکۆشن و ئیش ئەکەن؟ کەی یێکێکتان خێرێک ئەکا و ڕەحمی دێتە جۆش؛ هەتیوخانەییێک ئەکاتەوە بۆ هەژاران و یەتیمان؟ هەرییێکە ساحێبی چەند هەزارانن، هەر یێکە مالیکی ئەموال و ئەملاکن و ساحێبی دیواخانە و قەسرن؛ لەگەڵ ئەم هەمووە، لە ڕێی دین و دنیاتانا، خێرێ بکەن و حەسەناتەکەتان لە ڕێی حەقدا بکەن! کە مەولوودێ ئەکەن، ئاغا و بەگەکان نا؛ فەقیر و برسییەکان، لنگ ڕووت و پێ ڕووتەکان تێر بکەن! کە قوربانیی سەر ئەبڕن؛ مەیبەشنەوە بەماڵی گەورەکانا، بیدەن بەدوو سێ برسیی و سێ چوار کوێری بێ دەست! کە زەکات ئەدەن؛ مەیدەن بەمەلا دەوڵەمەندەکان و پارەداران، بیدەن بەدوو هەناسە سارد و قوڕ بەسەر!

خوای تەعالا کە ئەمری زەکاتی دا، فیکرێکی موبارەک و موقەددەسی دانێ بۆ خاتری

ئەوەی بەسایەی ئەم زەکاتەوە، دەوڵەمەندان، تۆزێ لە پارە و شتی خۆیان بدەن بەفەقیر و بێ کەسەکان و نەختێ پێی بەڕێوە بچن!

ئێوە کە گەورە و نوجەبای میللەتن، ئەبێ ئەمانە لێک بدەنەوە و بەزەییتان بەخەڵقدا بێتەوە! ڕەحم بەموسڵمانان بکەن! بەناشکوریی نەبێ هێشتا نەماندیی دوو توجارمان یێک بکەون و بەیێکەوە ئیشێک بکەن و تیجارەت بکەن! نازانم لە یێک ئەمین نین؟ حەز لە یێک ناکەن و یا لە یێک ئەترسێن؟

ئەمین بن، هەتا ئێمە وابین و ئێوە بێ دەنگ و بێ حەرەکەت بن، ئەم میللەتە ڕەحەتیی و سەعادەت لە عومری خۆیدا نابینێ و ناژیێ! چونکی کە گەورە و دەوڵەمەندی میللەت ئیش نەکا، چاکە نەکا، ئیستیقبال و حەیات لێک نەداتەوە؛ فەقیر ئەبێ بمرێ، هاوار بکا و بەلادا بکەوێ، نەمێنێ!

هەتا ئێوە لە ڕێی میللەتە نەجیب و مەزڵوومەکەتانا دوو پارە و دوو گیان سەرف و هەدەر نەکەن، هەتا ئێوە بیری ئەحواڵی میللەتەکەتان نەکەنەوە و هەتا ئێوە دەست نەدەنە دەست یێک و نەکەونە جیدالی حەیاتەوە؛ میللەت ناژیێ و نامێنێ و ئەو وەختە وەباڵ و گوناهی ئەم میللەتە ئەکەوێتە سەر ئێوە و میللییەت لە مەحشەری حەقدا گەردنتان ئەگرێ و داوای حەققتان لێ ئەکا!

ئیتر بەسی بێ و نەختێ بەلوتف و ئیحسان بن! وەک عالەم یێک بن و پێکەوە تێ کۆشن، تەوسیعی تیجارەت بکەن؛ یارییەی مونەوویران، ساحێب فیکر و ئەخلاق بدەن و موعاوەنەتی فوقەرا و بێ دەستتان بکەن و تەرەققیی بەتیجارەت، سناعەتی وڵاتەکەتان بدەن و دنیاتان بیر نەچێتەوە![١]

کوردێک

[تەواو]

(١) خوێندەوار دەتوانێت تێ بگات کە هۆی بڵاو نەکردنەوەی ئەم (نامەیە) جاری کۆمەڵیی ڕۆژگارەکەیە کە کەسانی (دەوڵەمەند، خێڵدار، پایە بەرز) بەچینی (ئەشراف) نێوبراون و خەڵکی ڕەشووکیی بە(عەوام). دیاریشە کە ئەو نامەیەی نووسیوە مەبەستی بووە بڵاوی بکاتەوە، بەڵام لە (ژیانەوە)ی تاقە ڕۆژنامەی ئەو کاتەی سلێمانییدا، دیارە پەسەند نەکراوە، ئەگەرچیی ماوەیێ، جەمیل سایبی برای ڕێبەری ڕۆژنامەکە بووە. وێڕا، دیارە نووسەری نامەکە کۆڵی نەداوە و بەشێوەیێکی دیی ڕووی لە ئەو (چینە) کردووە کە نامەیێکی دیی بەنێونیشانی (بۆ هاووڵاتییە موحتەرەمەکان)ەوە لە =



................................................................

= (ژیانەوە – س ٢، ژ ٢٨؛ ١٩٢٥/٩/٢ز)دا بڵاو کردووەتەوە کە ئەمەتە:

📖 پ. ن؛ کە: ١٦٦/٧/١٤

[ک/ مستەفا سایب ـــــ هاووڵاتییەک]

[١٩٢٥/٩/٢ز]

[بەغداد][*]

بۆ هاووڵاتییە موحتەرەمەکان

ئەوەتیی بیستوومە بەعزێ لە توجارزادەکان خەریکن بۆ تەحسیلْ ئەچن بۆ وڵاتان، لە خۆشییانا پێم ناکەوێتە زەویی، هەر دوعای مووەفەقییەتیدا ئەکەم، چونکە میللەت کە ئەولادی توجارەکانی بەهۆش بوو، تەحسیلّی بوو تێ گەییشتوو بوو، ئیتر زیندوو ئەبێتەوە و نامرێ.

ئەم هەموو سستنیی و خراپیی تیجارەتمان، هەموو هیی ئەوەیە کە توجارەکانمان نە ئەولادیان لە ئوسووڵ و ئەساساتی تیجارەت، لە پەیداکردن و سەرف کردنی پارە نازانێ! ئیتر ئەمین بن تیجارەت بەپەنجە ژماردن، بەخەت کێشان لە دیواری حوجرەکان، بەباڵ پێوان نابێ و پێک نایەت. ئێمەیش ئەکەوینە حەیاتی مەدەنییەت و تەرەقییەوە و تێکەڵاوییمان لەگەڵ میللەتان و وڵاتان ئەبێ!

ئەگەر بێتو هۆشمان بەخۆمان نەبێ، دواڕۆژی تیجارەتمان لێک نەدەینەوە و لە ئوسووڵ و قەواعیدی تیجارەت و پارە پەیدا کردن نەزانین، پەکمان ئەکەوێ، سەرمان لێ تێک ئەچێ، زەرەر ئەکەین و تێ ئەکەوین.

کەوا بوو بۆ ئەوەی پارەکەتان لە کیس نەچێ، ماڵ و سەروەتتان بۆ خەڵق نەبێ و ڕۆژی پۆستە نووسین بۆ کاغەزێکی عەرەبیی بەم و بەوەوە نەگەڕێین، بۆ دەفتەر گرتن پەکتان نەکەوێ، هیچ نەبێ مناڵەکانتان بنێرن بۆ مەکتەب، بیاننێرنە بەر خوێندن کە ئاخیرییێکەی قازانج هەر بۆ خۆتانە. لەبەر ئەوە بەناوی ئیستیقبالی خۆتان و مناڵتانەوە، تکا ئەکەین تەگەرە مەدەن لە خوێندنی ئەولادتتان، ناهومێد و دەستە ئەژنۆیان مەکەن، دەست سپیی و دڵ ڕەشیان مەهێڵنەوە، هەوەس و شەوقی خوێندنیان مەشکێنن.

ئەمڕۆ بۆ تەحسیلْ و خوێندنی ئەوان، ئەگەر شتێ پارەیان زیاد بۆ سەرف بکەن، بەفیڕۆ ناڕوا، دوایی یێک و هەزار دەستتان ئەکەوێتەوە. ئەمە بەغدا بەبن دەستمانەوە؛ مەرکەزی عیلم و مەعاریفە، ئەنواعی مەکتەبی تیایە، واسیتەی عیلم و تەحسیلّی زۆرە، مناڵەکانتان بنێرنە ئەوێ، لە پاش چەند ساڵێ بەمێشکی پڕ لە فەن و مەعریفەت، بەئیستیقبالێکی پاک و ڕووناکەوە بۆتان دێنەوە.

ئەم جارەیش ڕجامان وایە کە پەکی خوێندنی مناڵتان مەخەن و ئۆباڵیان مەگرنە گەردنی خۆتان، =

*(*) ئەو کاتە خۆی خوێندکارێ بووە لە بەغدادا.*

📖✡ پ. ن؛ کە: ١٦٧/٨/١٤(*)

[کوردێک/ مستەفا سایبب ـــــ عەلیی کەمال/ عەلیی باپیر ئاغای شاعیر][(١)]

[٢٤ - ٢٥/ ١٠/١٩٢٤ز]

[بەغداد]

بۆ جەنابی عەلیی کەمال

هەرچەندە ئەزانم ئەهمییەتێکی نادرێتێ و نییەتی، بەڵام حەز ئەکەم نەختێ قسە هەیە عەرزتان بکەم!

هەموو ئەزانن ژیانی میللەت و نیشانەی مەوجوودییەتی قەوم بەزمانەوە ڕاوەستاوە. یۆنان لە پاش ون بوونی مەفاخیر و مەدەنییەتی کۆنی، بەزمان خۆی ژیانەوە. ئێران لە دوای بەخاک بوونی ئاسار و ئەساتیری؛ بەفیردەوسیی سەرکەوتەوە و نەکەوتە ژێر تەوقەوە! عەرەب، لە دوای سەرنگونیی مەدەنییەتی (ئەمەوییە) و (ئەندەلوس) و (سەبەئـ) بەزمان مایەوە! لەگەڵ هەموو ئینقیلاباتی زەمانەدا، کوردیش تا ئێستا زمانی خۆی پاراستووە و بە(کوردیی) مایەوە. چونکە جێگەکەیان سەخت و بەرز و دوور بوو،

---

= چونکە فەرقی خوێندەوار و نەخوێندەوار یێکجار زۆرە.

ئیتر خۆتان و ئینسافتان!

ک(**)

[تەواو]

(*) دەستنووس - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١) ئەم نامە دەستنووسە و بەسەر نێوی (زمان) و لە گۆشەیێکیشەوە (بۆ جەنابی عەلیی کەمال) نووسراوە کە هەر ئەمەش، بێ نێوبردنی (عەلیی کەمال و مێژووی نووسینی، بەسەر نێوێکی جوداوە و ناسنێوێکی نووسەرەوە لە گۆڤاری (زار کرمانجیی: ١٩٣٢/٧/٢٣ز)دا بلاوە. لە نێوان دەستنووس و بلاوکراوەکەدا جودایی گەورە نییە و بەتەنێ نێوی (عەلیی کەمال) و هێندێ وشە و ڕستەی دووبارەکراو لادراون!

ئەز لەبەر کۆنیی ئەم دەستنووسە و ڕەخنەی لە عەلیی کەمال - دوای خوێندنەوەی شیعرێکی ئەو کاتە نەک شیعرێکی س ١٩٣٢ - و تێربی ڕەنگی هەستی دەروونی نامەنووس؛ بلاوکردنەوەی ئەم دەستنووسە - نەک، بلاوکردنەوەی گۆڤارەکە -م پەسەند کرد!.

*(**) ئەم تیپە یێکتێکە لە ناسنیوە نهێنییەکانی!*



لەبەر ئەوە لە هەموو تێکەڵییەک، ئاسوودە و ئازاد بوون! بەڵام جەنابیشتان ئەیزانن کە لەمەولا، ئەم دوورییە، ئەم ئینزیوایە نامێنێ وە نابێ بمێنێ. سەختیی و دووریی ڕێگە لە ئاقاری عیلم و مەدەنییەتدا نامێنێ و باوی نییە!.

کورد؛ درەنگ و زوو، ئەبێ بکەوێتە ڕێی دەست بزێویی و تێکەڵیی لەو مەیدانەدا، لەو جیدالەدا ئەگەر (زبان و ئەدەبییات)ی کۆنی بپارێزێ و بهێڵێ؛ (کورد ئەمێنێ) و ئەژیی، ئەگینا مردن و نەمان موحەققەقە!

زمان؛ کتێبی پێ ئەنووسرێ، قەواعید و ئەلفبا و قامووسی بۆ ئەکرێ، پێی ئەنووسرێ، نامێنێ وە دەوام ناکا! میللەت بەزمانەوە، زمانیش بەنەشر و تەعمیمەوە بەنگە!

کورد بەکوردیی ژیاوە، وە ماوە... وە ئەگەر بیەوێ بمێنێ و بژیی، ئەبێ تا ئەبەدس کوردیی بمێنێ و سەرکەوێ. بەکوردیی قسە بکرێ، بنووسرێ، بخوێنرێ! ئەمانە هەموو جەنابیشت ئەیزانیی، بەڵام ڕەنگە لە بیرت چووبێتەوە، یا گوێی نەدەیتێ!!

خۆشتان ئەیزانن کە وەزیفەی سەرخستن و هێشتن و جوان کردنی زمان هیی ئێوەیە، لەسەر تەبەقەی شوعرایە! چونکی خۆشتان چاک ئەیزانن کە شیعر و ئەدەبییات چەند تەئسیری زۆری هەیە. ئێمەش؛ دوو سێ شاعیرمان هەیە، دلْمان خۆش بوو، وتمان هیممەت ئەفەرموون و زمانی باو و باپیرمان زیندوو ئەکەنەوە و ڕێکی ئەخەن! دلْمان خۆش بوو؟ وتمان ئیتر ئوسووڵ و ڕێگەیێک، ڕەونەق و لە تافەتێک ئەدەن بەزمانەکەمان وە بەهەموو هێزی خۆتان تێ ئەکۆشن بۆ ژیان و بەرزیی... حەیف کە هیچتان دیار نەبوو، زمانەکەشمان ئەوا خەریکە کوێر ئەبێتەوە و دوا بکەوێ!! زمانەکەمان یەعنی میللەتەکەمان، ئەڕزێ و ئەڕوا... ئەمە زۆر چاک لێک بدەنەوە، بزانن چەند گران و دڵسۆزە!

ئەوا غەزەتەیێکمان هەیە لە هەموو عێراقدا[(١)]! ئەمڕۆ لەسەر هەمووتان لازمە ئەم غەزەتە پڕ بکەنەوە و بەواسیتەیەوە نەیەڵێ زمانەکەمان ون بێ و نەمێنێ! نەیەڵێ زمانی (نالیی، کوردیی، حاجیی، میسباح[(٢)]) نەمێنێ!

هیوای گەورەمان ئێوە بوو، وامانزانیی بەمەقالات و ئەشعار و غەزەلییات غەزەتەکە پڕ ئەکەنەوە، زمانەکەمان ئەژێیننەوە و سەری ئەخەن و بەو چەشنە چاوەڕوان بووین... لە

---

(١) مەبەستی (ژیانەوە)یە!

(٢) میسباح: میسباحوددیوان؛ عەبداللە (١٨٥٩ز - ١٩١٢ز).

ئاخیربیا شیعرێکتان دەرچوو کە زانیم هیی جەنابتە، بەچ خۆشییەکەوە خوێندمەوە؟[1]

... ئەفسووس! یەئس لەسەر ئومێد چەند ناخۆشە، ئەو هەموو ئومێدە، ئەو هەموو سوورووره بەفوویێک بەهەوادا چوو، نەما و ڕۆیی! چونکی هیوامان وابوو کە لە پاش ئەو هەمووە، لە دوای ئەم هەموو تەجاریبە، واز ئەهێنن و هۆشمان دێتەوە بەخۆمانا و ئەبین بەئینسان! چونکی ئێمە بەتەمای (شیعری میللیی) و حیسسی عیلمیی و ئەدەبییات بووین و بەتەماین!

ئایا چ میللەتێکی کە هەیە؛ جەناب کەمال ئەفەندیی، لە عەسری وا نازک و گەورەدا، لە وەختێکی وا موهیمدا کە بیەوێ پێش کەوێ و سەرکەوێ، هەموو (ئەدەبییات و ئەشعار)ی عیبارەت بێ لە شتی بێ غایە و ناشیرین!

ئایا چ میللەتێکی کە، لە عەسری تەرەققیی و سەعییدا، لە زەمانی سەنعەت و عیلمدا، شوعەرا بەهۆشەکانیان، لە پاش هەموو تەجاریب و ڕابواردنێک، لە شیعردا باسی (موژگان و...)[2] ئەکا؟ هەتا کەی گاڵتە بەم زمانە شیرینە ئەکەن و هەتا کەی

(١) من لێم ڕوون نییە مەبەستی کام شاعیر و شیعرە... بەڵام ڕەنگبێ (ئەم نامەیەی بۆ عەلیی کەمال ناردبێت) کە ئەم - بێ نێوبردنی مستەفا سابیب - شیعرێکی گوتووە و وەڵامی ئەو جۆرە ڕەخنەیەی داوەتەوە کە تێیدا دەبێژێت:

دەڵێن پێم؛ بۆچیی هەر بەحسی ڕوخی خوبانە گفتارت
سەراپا پڕ لە وەسفی دولبەر، دیوانی ئەشعارت
لە میللییەت بدوێ چاکە؛ بکە تەبدیلی ئەتوارت
(کەمالیی) مەگرە گوێ لەم قەولە، هەر تۆ چاکە ڕەفتارت
لە میللییەت دەبێ وەختێ بدوێم حەققی کەلامم بێ!!

(بنۆڕە: ژیانەوە: س ٢، ژ ٥١؛ ١٩٢٥/١٢/٣ز/ لە ئەڵەبجەوە - عەلیی کەمال).

جێگەی باسە بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرە دوو مانگ دوای نووسینی نامە دەستنووسەکەیە، کە ئەمە جەخت دەکات ڕەنگبێ نامەکەی وەرگرتبێت!

پرسیارێکیش جێگەی خۆیەتی کە بۆچیی نامەنووس لە س ١٩٣٢ز.دا لە (زار کرمانجی)یدا بڵاوی کردووەتەوە؟ من پێم وەیە شاعیر و هاوتای هەر لەسەر ئەتواری جارانیان ماونەوە و بەم بڵاوکردنەوەیە نیازی ڕێچکە شکاندنیانی بووە!.

(٢) لە نامەی بڵاوکراوەی (زار کرمانجیی - س ١٩٣٢ز)دا (موژگان و چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ) نووسراوە!



نەختێ بەزەییتان بە(کوردیی)دا نایەتەوە؟ بڕوا بفەرموو، قەت حەزم نەئەکرد ئیتر شتی وا لە جەنابت ببینم و بەهەموو هێز و ئەمەلی خۆمان، چاوەڕوانی شیعری گەلێ گەلێ لەوە عولوویی ترمان ئەکردی!

هەنێ کەس، وەلەو شاعیریش بن، هەر بۆ ناو و شوهرەت، شیعری «بێ سەر و بن!» ئەنووسن! بەڵام جەنابت نابێ وابی و گەلێ لەوانە دووری! چونکی خۆیشمان ئەیزانین ئیتر زەمانی ئەوە نەماوە و هەتا ئێستا بۆیێکا نەبووین بەهیچ و پێ نەگەییشتین هەرچییەکمان کرد بەهیچ بوو!

ئایا ناتوانن، هیچ نەبێ لە مەوزووعی جەناب (مستەفا وافیی)ی[1] گەلێ گەلێ شیعر و غەزەلییات بڵێن و بنووسن؟ هەم مەوقیعی میللیی و ئەدەبییتان، هەم قەدری زمان و ئەدەبییاتتان بەرز بکەنەوە و کامیان چاکترە و جوانترە و کامیان موهیمتر و لازمترە؟

ئیتر بەهەموو چەشنێ هیوامان وایە لەمەولا نووکی قەڵەمت «ڕەش» نەکەی و تەنەززولی وا نەفەرمووی!

چاوەڕوانین!

کوردێک

[تەواو]

(١) مستەفا وافیی؛ کوڕی مەلا عەلییە و لە هۆزی محەممەد ئەفەندیی مەلا ڕەسووڵە کە بابی عیززەت ئەفەندیی تەلە!

وافیی زۆر وەختی بەمەئمووریبیەتەوە ڕابواردووە و لە دایێرەی گومرگدا وەزیفەدار بووە. ساڵی ١٩٣١ز لە سلێمانییدا مردووە و لە گۆڕستانی «ئاشی حاجیی کەریم»دا نێژراوە. (بنۆڕە: نەجموددین مەلا - کەشکۆڵی س ١٩٣٧ز - ١٩٣٨ز/ دەستنووس و پارێزراو لە لای عەبدوڕڕەقیب یووسف!).

📖 ☼ پ. ن؛ کە: ١٦٨/٩/١٤[*]

[کوردیی/ مستەفا سایبب ـــ شاعیرێ؟][1]

[١٥ - ١٦/٤/١٩٢٥ز]

[بەغداد]

......

زۆر حەز ئەکەم ئەم یێک دوو کەلیمەیەت پێشکەش بکەم؛ ئاوا، لە دوای فەلاکەت و موسیبەت، دیسان ئەکەوینە جیدالی حەیاتەوە!

میللەتی ئێمە، هەتا ئێستا هەر کورد بووە و بەتەعەسسوبی میللییانەوە مەشهوورن... ئەمە چەند هەزار ساڵە، بەم هەموو تێکەڵیی و هەرایەوە، هێشتا زمانیان ماوە! بزانە کورد هەر کوردە کە ٨٠٠ - ٩٠٠ ساڵ لەمەوپێش شاعیرەکانمان بەزبانی دایکی خۆیان شیعر و غەزەلیان وتووە، فەرمووە![2] ئەوە (حەریریی، جزیریی)[3]، فەقەت وەک لە کاغەزێکا عەرزی عەلیی کەمال ئەفەندییم کردووە؛ ئەگەر وریا نەبین، ئەوەمان نامێنێ و لە کیسمان ئەچێ.

لەبەر ئەوە هەر لە ئێستەوە، بەناوی ئیستیقبال و میللەت و لیسانەوە، تکات لێ ئەکەم جیرەت بێ و مەوەستە!

لە روبعە عەسرێ زیاتر عومری خۆت لەگەڵ شیعر و غەزەلییاتی کۆن ڕابوارد، قەیناکا! بەڵام لەمەولا نابێ وا بکەی و تکامان وایە کە واز لەوانە بێنی. ئەمڕۆ ئەشعاری فیکریی

(*) دەستنووس - سەرچاوەی پێشوو (بەسەر نێوی: شیعری کوردییەوە).

(١) نامەکە کە لە چ ڕۆژنامەییێکدا بڵاو نەکراوەتەوە، دیار نییە بۆ کێ نووسراوە، بەڵام لە نێو شاعیران؛ بێخود و نووریی شێخ ساڵح و ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان - حەمدیی -دا هزر دەکەم کە بۆ ئەمەی دوایی بێ.

(٢) پسپۆرەکانی ئەدەبییاتی کوردیی مێژووی هەڵکەوتنی شیعری کوردیی نووسراو دەگێڕنەوە بۆ سەردەمەکانی دوو شاعیری ناسراو؛ (بابا تاهیری هەمەدانیی - عوریان: لە ١٠١٠ز.دا زیندوو بووە، مەلا پەرێشان: تا ١٣٣٩ز زیندوو بووە) کە یێکەم بەلوڕیی و دووەم بەشێوەی (گۆران) شیعریان گوتووە.

(٣) شاعیر عەلیی حەریریی: ١٤٣٥ز - ١٤٩٥ز) و شاعیر مەلا ئەحمەدی جزیریی کوڕی شێخ محەممەد؛ ١٤٠٧ز - ١٤٨١ز کە بەمەزندە تەمەنیان لێک دراوەتەوە!.



و حیسسیی، شەرقیی میللیی[1] و وەتەنییمان پێویستە و پێویستە!

بێ زەحمەتیی بڕوانەرە ئەقوامی موجاویرە و سەیرێکی مەکتەبەکانیان بکە؛ هەموو پڕە لە شەرقیی ئەخلاقیی، میللیی و وەتەنیی. هەموو بینای مەکتەبەکان لە هاژەی دەنگی ئەولادی میللەت، لە ئاهەنگی شەرقیی؛ میللیی و وەتەنیی ئەلەرێتەوە!

ئێمە هەتا کەی شیعرێکی وەتەنیی، شەرقییەکی میللیمان نەبێ؟ هەتا کەی منداڵەکانمان شەرقییەکی حیسسیی نەزانن و ڕوو بەئیستیقبال نەقیژێنن و نەچریکێنن؟ ئیتر لوتفێ بکە بەبراکانت، ڕەحمێ بکە بەزاروڵەی خاکی پاکی وەتەنەکەت کە ڕۆژ تا ئێوارێ، دەرس ئەخوێنێ؛ شەرقییەک، گۆرانییەکی خۆش و شیرین نییە بیلێ و بچریکێنێ، بەفەرەحییەکی تەواوەوە بقیژێنێ؟

دوو ڕۆژی کە، مەکتەب ئەکرێتەوە... هەفتە ئەڕوا، مانگ ئەڕوا، ساڵ ڕائەبوورێ فەقەت شەرقییەک نابێ تیا بڵێن، پێی بقیژێنن و خۆیان بنوێنن!! ئینجا مێشکی مناڵەکان کون ئەبێ بەعولووم و ئەلسینە. دڵیان تەنگ ئەبێ و قەبز ئەبێ! شەرقییەک بەستەییێک نییە بیلێن؛ دڵیان ڕوون بکەنەوە، ڕۆحیان زیندوو بکەنەوە!

تۆ، بەو هەموو عولوویەتیی شیعریەتەوە، چۆن قوبووڵ ئەفەرمووی لە ئیجتیماعێکا، لە جەژنێکا، ئەو هەموو قوتابییانە ڕەپ و زەق ڕاوەستن بەڕیزە و گۆرانییێ، بەستەییێک نەبێ بیلێن؟ پێی بقیژێنن و مێشکی باوک و براکانیان بەڕۆحی میللییەت نەزرنگێنتەوە؟

ئینجا دیسان بەناوی ئیستیقبالی میللەت و لیسانەوە تکات لێ ئەکەم مەوەستە و بنووسە. سینەت بخەرە بەر هەوای شیرین و سافی وەتەنی موعەززەزەوە، بەڕۆحێکی عولوویی، قەلبێکی نەزیهەوە بقیژێنە، بڵێ و بنووسە، چونکی سبەینێ قەلبی چەند هەزار مناڵی وڵات بەو قەڵەمەی تۆ ئەگەشێتەوە، پاک ئەبێتەوە، بەرز ئەبێتەوە!

مەوزووع زۆرە؛ ئوسووڵ زۆر، بەستە زۆر... لەسەر ئەو ئوسووڵانە و لەسەر ئەو مەقامانە گەلێ شەرقیی میللیی و گۆرانیی وەتەنیی بڵێ و بنووسە! هەموو هیوامان بەلوتف و هیممەتی جەنابتە. بەتەماین لە سەرچاوەی ڕۆحی شەبابت، بەفوارەی میللییەت و ئاوی

(١) شەرقیی وەک وشەییێک (خۆرهەڵاتیی) و وەک زاراوەییێکی عوسمانیی (سروود/ گۆرانیی)ە.
شەرقیی میللیی: سروودی/ گۆرانیی نەتەوەیی.
شەرقیی حیسسیی: سروودی/ گۆرانیی هەست و سۆز.
شەرقیی وەتەنیی: سروودی/ گۆرانیی نیشتیمانیی.

کەوسەر بڕژێنێ بەسەر دڵە نازکەکانی مناڵانی وەتەندا!

ئەمانەوێ تۆ، ڕۆحی شەبابی کورد بژێنیتەوە، بلەرزێنیتەوە! ئەمە ئەمڕۆ و سبەی خزمەتی حەقیقییە و میللییەی تۆیە و ئەبێ بیکەی!

تەبیعیی ئەگەر لەمانەدا ئوستادی گەورەمان، جەنابی (زیوەر) ئەفەندییش[1] ئیشتیراک بفەرمووی و یاریەتان بدا، فەخر و سورووریکی زۆرە. فەقەت مەعەلئەسەف جارێ خۆیان شاردووەتەوە و بێ دەنگ بوون!.

ئیتر بەهەموو، بەهیوای خۆمان، چاوەڕوانین و بەتەماین و ڕجای ئەوەمان هەیە گوێتان بکەنە قسەکانمان و مەوەستن!

کوردیی

١٥ - ٩٢٥/٤/١٦

[تەواو]

(١) عەبداللە زێوەری شاعیر؛ مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی سلێمانیی س ١٩٢٥ز - وەکو ئاگاداری کرد و کۆششیم - بەڕاستیی ئەرکی دانانی سروودی نیشتیمانیی و نەتەوەیی زۆر جوان بەجێ هێناوە و لە ئەم بوارەدا لە هەموو کەس کارامەتر بووە! نامێلکە چاپ کراوەکانی وەک؛ (گۆرانیی کوردیی - س ١٩٢٥ز) و (گۆرانیی - کەریم سەعید؛ س ١٩٢٨ز) و (گۆرانیی - کوردیی و مەریوانیی؛ س ١٩٣٢ز) پڕن لە ئەو سروودانە کە هۆش و بیری قوتابییان هەتا ئەوڕۆش گەرمی وشەی پیرۆزی ئەون!

جێگەی خۆیەتی لە ئێرەدا بڵێم کە جێگری ئەفسە -ناییب زابت - عەبدولواحید حاجیی ئاغا مستەفای کۆیی (١٨٩٩ز - ١٩٧٥ز) کە مامۆستای مووسیقەی سوپا بووە، لە سلێمانیی ١٩٢٥ز - ١٩٢٨ز.دا، بەخۆڕایی مووسیقە و سروودی فێری قوتابییان کردووە و بەو (شیعرانەوە) کە هێندێکی ئاوازی خۆیین، گۆشی کردوون و ئەمەش گۆڕینێکی گەورە بووە بەتایبەتی کە باندوویێکی مووسیقە بۆ قوتابخانەکەش - بەپیتاک - کردراوە! (بۆ باسی پتر؛ بنۆڕە: کەمال ڕەئووف محەممەد - بنچینەی مووسیقە و گۆرانیی هاوچەرخ لە سلێمانییدا!/ ئاسۆ - ١٩٨٩/١٢/١٦ز).



📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٦٩/١٠/١٤(*)

[کوردیی/ مستەفا سابیب ـــ هاوڕێییێکی کۆیی؟][1]

[س ١٩٢٥ز]

[بەغداد]

بۆ ڕەفیقێکی کۆیی

هەننێ جار بیر ئەکەمەوە و تێ ئەفکرم، ئەڵێم: بۆچیی ئەم میللەتە سەرناکەوێ و کەس نایناسێ و حوقووقی بەشەری نییە؟ تەجاریبات و وەقائیعی تەئریخیی نیشانی دام و پێی سەلماندم کە سەبەبی هەموو شتێکمان؛ بێ زمانییە!

بڕوانن؛ بێ زمانێ، لاڵێ، چۆن هیچی پێ ناکرێ و کەس سەیری ناکا حەتتا ئەخورێ! ئێمەیش واینە؟ زمانمان نییە؟ نەء، باشا، زمانێکی زۆر واسیع و شیرینمان هەیە کە ئەمڕۆ مەسائیلی تەئریخیی و حەماسییات لەوەوە دەرئەهێنرێ.

مەدەنییەتی (میدییە) و، دارا؛ هەموو بەئەسڵی ئەم زمانە گەورە و خۆشە بووە! زمانمان هەیە، خۆمان گوێی نادەینێ، پێی قسە ناکەین، پێی نانووسین و نەشری ناکەین!

مونەوویرەکان و تازەکانمان وا دەزانن بەقسەی دڕکاویی قسە ئەکەن و قێزیان لێ ئەبێتەوە کە کەلیمەیێکی کوردییان بەرچاو ئەکەوێ، ڕوو گرژ ئەکەن! لەولایشەوە یا (ئەوت ئەفەندم!)[2] یا (وەی چۆن ئەفەرمووی؟).

زمانی دایک و باوکمان لێ گۆڕاوە و لێمان ون بووە... جەنابی عولەما و مەلایانیش لە عومری خۆیان، لە قسە زیاتر هیچ شتێکی کوردییان نەدیوە... ئەسەریان، کاغەزیان، موتاڵا و خوێندنیان وە حەتتا قسەیشیان کوردیی نییە و بەلایا ناچێ!.

(*) دەستنووس - سەرچاوەی پێشوو. (بەسەر نێوی زمانی کوردییەوە).

(١) چەند ورد بوومەتەوە بڵاوکراوم نەهاتووەتە بەرچاو. هەروەها - لە نێو دەفتەری نامەکاندا - مێژوویشی لێ نەدراوە، بەڵام دوای نامەی تەواوکراوی ١٩٢٤/١٠/١٨ز نووسراوە. پێم وەیە ئەوەش گرنگ نییە و نامەکە لە نێوان مارت - نیسانی ١٩٢٥ز.دا نووسراوە، چونکە لە ڕاییڵەی نامەکەدا باسی (قانوونێکی عێراقیی) دەکات کە لە ئەو مەودایە هەڵکەوتووە!

لە لاییێکی دییەوە بەڕۆشنایی پێوەندییەکانی، ڕەنگبێ مەبەستی لە هاوڕێیەکی کۆیی؛ (عەبداللە سامیی)یان فەتح اللە ئەسعەد یان عەبدولخالق قوتب بێت!!.

(٢) ڕستەییێکی تورکییە؛ واتە: بەڵێ ئەفەندیی بەڕێزم.

ئەگەر هەتا خەریک بوونایە و شتێکیان؛ تەفسیریٚ، حەدیسیٚ، کەلامیٚ، مەنتیقیٚ بەکوردیی بنووسیایە، ئێستا کوردیی وا ئەبوو؟ وای لیٚ ئەهات؟

ئایا لە (قرآن) و شەریعەتدا هیچ فەرمووراوە؛ زمانی کوردیی هیچە و کتێب و ئەسەری پیٚ نانووسریٚ؟ کیٚ لە هەزارا یێکێک شک ئەبا لە کوردەکانا؛ مەعنای (باسم الله... و فاتیحە) بزانیٚ؟ کیٚ باوەڕ ئەکا کە ئەم هەموو کوردە نەخوێندەوارە، لەم عەرەبییە ڕەقە ئەگا و مەعنای دینیی خۆی ئەزانیٚ؟ لەجیاتیی ئەو هەموو کتێبە عەرەبییانە و ئەو ئاسارە فارسیی و تورکییانە، کوردیی بوایە و نیوەی ئەوە بەکوردیی بنووسرایە و بناسرایە، ئایا حاڵمان وا ئەبوو و ئێمە ئەوەندە دواکەوتوو و بیٚ بەش ئەبووین؟

بزانە؛ ئەم ئەهمییەت نەدانە بەزمانمان چەندە زیانی پیٚ داوین و چەندە پاشی خستووین لە هەموو شتیٚ؟ دەردی موحەریری (بەسەزمان)[١] وتوویەتی: (هی وام دییوە، لە پاش چەند ساڵ خوێندن و ڕابواردنی عومر کە ئەپرسیی: شەش حەوتیی ئەکاتە چەند؟ ئەڵیٚ: ئاڵتی کەڕڕە یەددی، ئاڵتی کەڕڕە یەددی؛ قرخ ئیککی...) لە پاشدا ئەیکا بەکوردیی![٢] هەتا دە ساڵی کە، لەم عەسری ژیانەدا وا بڕۆین، ئەزانیی ئاخیریمان چۆن ئەبیٚ و چییمان لیٚ دیٚ؟ وەک (کلدانیی و ئاسووریا و هیتییس و ئیلام) نە ناومان ئەمێنیٚ و نە نیشان!

بزانە و بڕوانە، شارەکەی خۆتان، چۆن قسە ئەکەن و بەچیی ئەنووسن و بەچیی ئەخوێنن؟ هێشتا نازانن بڵێین؛ (دراوسیٚ) و ئەڵێن (جیران). نازانم خەڵقی «کۆیە» کەی لە عەرەبستان یان تۆرانەوە هاتوون؟ بەڵام ئەویی کە من ئەیزانم ئەوەیە کە لە ئەحفادی (میدییە) و ئەولادی (ئەیییوب)ی و بەینیٚ مەقەڕڕی پاشایەتیی حوکوومەتی بابان بوو. بەینیٚ ئەوەندە زل و مەشهوور بوو، لە تەئریخیشدا ناوی هەیە! سەیری تۆزی لای

(١) مەبەستی نووسەری ڕستە گوتاری ڕەخنەگیریی و لەسەرکردنەوەی زمانی کوردییە کە بڵاوکراوەی: پێشکەوتن - سلێمانیی؛ س ٢؛ ژ ٩٢، ٩٣، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠ی ڕێکەوتی ١٩٢٢/١/٢٦ز ــــ ١٩٢٢/٢/٢٣ز.ە و بەنێونیشانی (بیٚ زمان بەسەزمان)ەیە و نێوی نووسەریشیان لیٚ نەنراوە! وردبوونەوەم لە بیر و زمان و شێوازی دارشتن و ڕێنووسی نووسەرەکەش، دڵنیای کردووم کە ئەو ڕستە گوتارەش (نووسراوی مستەفا سایب) خۆیەتی نەک یێکیٚ لە براکانی وەک (هادیی سایب). جێگەی گوتنە لە (ژ ٩٤)دا نووسراوە: ئێستا زۆر کەس جەدوەلی کەڕڕاتیان بەتورکیی لەبەر کردووە؛ تا نەڵیٚ ئاڵتیی کەڕڕە بێش؛ ئۆتوز! نازانیٚ شەش پێنجیی ٣٠ دەکات. جا ئەمە بەڕیشی کیٚ ڕەوایە؟

(٢) واتە: شەش کەڕەت حەوت: چل و دوو!.



ڕۆژئاوای شارەکەتان بکە و «کۆیە»ی کۆن بدۆزەرەوە![١] میللەتیٚ کە مودیری مەکتەبی، خۆی نەناسیٚ و خۆی لیٚ بگۆڕیٚ[٢]، چۆن ئەژییٚ و چۆن سەر ئەکەویٚ؟ تێناگەم منالێکی ٦ - ٧ ساڵەی کۆیی، چیی تیٚ ئەگا لە ئیعلاناتی عەرەبیی و تورکیی؟

تیٚ ناگەم حوکوومەت خۆی کە ئیمتیاز و حوقووقی دابنیٚ، بۆچیی ئێمە ئەمانەویٚ و ئەو حوقووقە بزر بکەین و بیخەینە ژێر پیٚ و ڕووی باو و باپیرمان ڕەش بکەینەوە؟ ئایا شارەکەی تۆ، کورد نییە و کوردی تیا نییە و وەختی خۆی جێنشیینی بابان نەبووە؟ خۆ عەیب نییە، دیققەتم کردووە؛ هەننیٚ جار کە تۆش قسەم لەگەڵ ئەکەی، وا دەزانم قسە لەگەڵ (ئەبیلعەلا) ئەکەم.[٣] ئەگەر حوقووق و ئیمتیازی میللییتان ناویٚ و ئەگەر زمانی دایک و باوکی خۆتان خۆش ناویٚ؟ بۆچیی نایگێڕنەوە و مەبعووسەکەتان تەڵەبی موحافەزەی ئەکا؟ ئێمە لە هیممەت و غیرەتی قائیمقام[٤] و گەورەکانتان وا ڕادەپەرمووین، وامانزانیی حەز لە زمانی خۆیان ئەکەن و تیٚ ئەکۆشن بۆ سەرکەوتنی! وامانزانیی لەجیاتیی کوێرکردنەوەی؛ ئیحیای ئەکەنەوە و هەموو تەحریرات و تەدریساتێکیان و هەموو موخابەراتێکتان بەکوردیی ئەکەن؟ ئیتر هەقیان نییە بڵێین؛ (ئێوە لاییێقی تەرەققیی و تەمەددون نین؟).

لە پاش چیی ئەمەیش بەخۆمان بکەین و کەی شاعیرێکی میللیی گەورەی وەک جەنابی (حاجیی)مان[٥] بۆ پەیدا ئەکەنەوە و کەی ناوی زیندوو ئەکەنەوە؟ هەتا کەی هەر خۆمان ئەسووین لە چڵکاوی عەیب و عارەوە و هەتا کەی خیانەت لە تەئریخ و ئیستیقبالمان ئەکەین؟ بەخوا ڕەنگە کە ئەم کاغەزەم بخوێنیتەوە، زەریف تیٚ نەگەی و بۆت نەخوێنرێتەوە! چونکی هەموو (دەردی یێک ئەناسین و لە یێک نەگەییشتنمان هەیە)[٦]

(١) بۆ مێژووی کۆیە؛ بنۆڕە: ١/ ٢٠؛ ج ١ ــــ ٢.

(٢) ڕێبەری ئەو کاتەی قوتابخانەکە: عەبدوڕڕەحمان شەرە بووە. بنۆڕە؛ ١/ ٢٠، ج ٢.

(٣) بۆ (ئەبیلعەلا) بنۆڕە؛ فەرهەنگۆک.

(٤) قاییمقامی ئەو کاتە؛ جەمیل ئاغای حەوێزیی بووە! بنۆڕە: ١/ ٢٠، ج ٢.

(٥) مەبەست حاجیی قادری کۆییە!.

(٦) لە ڕاییێڵەی دەورکردنەوەی یادگاری بیر و هۆش و قەڵەمی نووسەرانی دوای ١٩٠٨ز، بەدواوە، ئەمە یێک نووسەرێکی ژیرمان ببینم کە ژیر و نەتەوەییانە پەنجە بخاتە سەر کێشەیێکی هەرە گەورەی کۆمەڵیی کوردەواریی کە تا (ئەم ساتە) کلۆڵیی و دواکەوتن و ژێردەستە بوونمان بۆ ئەم باسە؛ بۆ یێکدیی نەناسین و لە یێکدیی نەگەییشتن دەگەڕێتەوە نەک نەخوێندەواریی بەتەنیٚ!.

ئیـتـر بەسیـەتی! نەختێ ئاگـاتان لە خـۆتان بێ و تـێکۆشن! ئەمین بن لە زمـانـی دایکی خۆتان خۆشتر و شیرینتر زمانتان دەست ناکەوێ و بەو زمانە نەبێ، سەر ناکەون و نابن بەئینسا و پێ ناگەن! لە ئاخیریا، لەم ڕێگەی ناحەق و ڕکەڵانییەدا ون ئەبن و سەرتان لێ ئەشێوێ!

هاووڵاتییەکت

کوردیی

[تەواو]

📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٤/ ١١/ ١٧٠[*]

[کوردیی/ مستەفاساییب ـــ نوێنەر - پەرلەمانتارەکانی کورد!][١]

[١٦/ ٢/ ١٩٢٦ - ٢٦/ ٢/ ١٩٢٦ز]

[بەغداد]

بۆ مەبعووسە موحتەرەمەکان

لە پێش هەمـوو شتێکا، بەدڵ تکا ئەکەم، بێ زەحمـەتیی گوێ لە مـەعرووزاتم بگرن و بەئەهمـیـیـەت بیـخـوێننەوە... چونـکە ئەم قـسـانە، وە یا ئەم هاوارە بۆ شـەخسێ نـیـیـە، بۆ

(*) دەستنووس - هەمان سەرچاوەی پێشووە.

(١) ئەم نـامـەیە لەسـەر هەردوو دیوی چوار لاپەڕە فـوڵسکاب نووسـراوە کـە بەشی ١ - ٢ی مـێـژووی ١٦/ ٢/ ١٩٢٦ز.ی لەسـەرە و لە؛ ژیان - ١٨ و ٢٥/ ٣/ ١٩٢٦ز.دا بەهێندێ لێ گـۆڕینی وشـە و نێوی کەسانەوە، بڵاو کراوەتەوە بەشی ٣ - ٤ کە مێژووی ١٦/ ٢/ ١٩٢٦ز. بەغدادی لەسەرە و لام ڕوون نییە داخۆ لە (ژیان)دا بڵاون چونکە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکەم بەردەست نەکەوتووە. بەڵام بەشی «٥» کـە مـێـژووی لەسـەرە، باوەڕ ناکـەم - لەبەر نێـوبردنی کـاربەدەسـتـەکـانی بەغـداد، بڵاو کرابێتەوە!

من لە (مسـتەفـا ساییب ئەستێرەگەشەی کورد)دا جوداییەکانی نێوان دەستنووسەکە و بڵاوکراوەکەی ڕۆژنامـەکـەم نواندووە و لە ئێـرەدا ئەو وردەکـارییـە پێـویست نازانم بۆیێکا هەمـوو نامـەکـە لە (دەستنووسەکە)وە وەردەگرم.

نامەکەش ئەگەر نرخی ڕۆشنبیریی زۆر بێت، ئەوە نرخی مێژوویی و سیاسیی گەورەترە بەتایبەتی کە پێوەندیی بە(کێشەییێکی سیاسیی...)وە هەیە، ئەوێ کە لەم کتێبەدا خراوەتە ڕوو.



دووان نییە[١]، بۆ قەومێکە، بۆ میللەتێکی هەژار و بەجێ ماوە. عائید بەژین و مردنی قەومێکی گەورەیە!

وەک ڕۆژ لای جەنابتـان مـەعلوومـە؛ ئەمڕۆ، ئەم زەمـانە، هیـچ مـیللەتێ بەبێ عـیلم و عیـرفان، بێ عیـرفـان و عـیلم ناژیێ و نامـێنێ! هەچ میـللەتێ، بیـەوێ لە سەنعـەت، لە تیـجـارەت، لە زراعـەت، لە هونەردا پێـشکەوێ؛ لە پێش هەمـوو شـتـێکا، کـردن و پێکهێنانی ئەمانە ئەبێ بزانێ کە ئەمانەیش بەعیلم و عیرفانەوەیە!

بەڵێ؛ ئێستا توجارەکانمان تیجارەتی خۆیان ئەکەن، بەڵام لوتفەن بەتەئەممولەوە بڕوانن؛ بزانن چۆن تیجارەتێکە؛ کتێبی تیجارەتیان کە موقابیل (دەفتەری ئوسووڵی تیجارەت و حیساباتی مالییە و دەفتەری بانقە)ی عالەمە؟ وەک کتێبەکەی (مەلا یوونس) لە هەموو جینسییەی تیایە و تێکەڵوپێکەڵە!

بەڵێ ئێستا فەلاحەکانمان جووت ئەکەن، بەڵام بەڕەحمێکی دەروونییەوە هەر بڕوانن؛ بزانن چ ئەزییەت و زەحمەتێ ئەکێشن تا دوو گای لەڕ و بێ فەڕ پەیدا ئەکەن و جووتێک پێک ئەهێنن؟ خۆ سـەنعـەت لای ئێـمـە هەر نیـیـە و ناوی نیـیـە تا باسی بکرێ! ئینجا مـیللەتێک ئەمـە سـەوییـە و عـیـرفـانی بێ، ئەمـە بەهرە و زانسـتی بێ؛ لەم عـەسری پێشکەوتن و ژیانەدا، قابیل نییە بمێنێ و دەوام بکا!

بۆ ئیـسـلاحی ئەمـانە، بۆ پێـشکەوتنی تیـجـارەت، سـەنعـەت، زراعـەت و هەمـوو شتێکمان؛ لە پێش هەموو شتێکا عیلم و عیرفان پێویستە... بۆ ژین و ژیان، عیرفان و عیلم گەرەکە کە ئەمیش بەسایەی مەکتەب و مەداریسەوە ئەبێ!

ئەگەر لوتف بفەرموون، بڕواننە عالەم؛ ئەبینن کە هیچ میللەتێ نییە ئەمڕۆ مەشغووڵی

(١) لە ڕۆژگـاری ئەم نامـەیەدا ئەم نوێنەرە - پەرلەمـانـتـارە - کـوردانە نوێنەری باژێڕەکـانی؛ مـووسڵ، هەولێـر، کـەرکـووک، سلێـمـانیی بوون لە یێکەم سووڕی پارلەمـانی عـێـراقی عـەرەب (١٩٢٥ز - ١٩٢٧ز)دا:

حـازم ئاغـا شـەمـدینیی، نووریی بریفکانیی، هەیبـەت الله مـوفـتـیی - مـووسڵ، ئیـسـمـاعـیل بەگ ڕواندزیی، داوود حـەیدەریی - هەولێر. ئەحـمـەد موخـتـار عوسـمـان جاف، مـحـەممەدئەمین زەکـیی، محەممەد ساڵح، میرزا فەرەج - سلێمانیی. حەبیب تاڵەبانیی، ڕەفیق خادیمولسوججادە - کەرکووک.

شـایانی گـوتنە - بەپێی قـسـەی نووسراوی پیـرەمـێردی ڕۆژنـامـەنووس - فـێڵ و خـواروخـێـچیی لە هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانەدا کراوە و یێکێ لە ڕیزی فێڵ لێ کراوەکـاندا، مستەفـا پاشا یا مەلیکێ بووە کە خۆی هەڵبژاردبوو، بەری گیرا!.

پێشخستن و چاک کردنی مەکتەب و مەعاریفی خۆی نەبێ! میللەتانی کە، هەریێکە میقدارێک بەهرەمەندی عیلم و مەعریفەتن، وا خەریکن هەوڵ بدەن! ئێمە زۆر زۆر، یێکجار زۆر پاشکەوتوو و لە دواین و ئەبێ بڕۆین، باڵی عیلم پەیدا بکەین و بڕفێین و نەوەستین! ئەفەرموون مەقسەد لەمانە چییە؟ ئەوە چییە؛ مەکتەب و مەداریس، ئەوە چییە عیلم و عیرفان و مەعاریف هەمانە!

بەڵام بێ زەحمەتیی بڕواننە وڵاتەکەتان؛ ئەو وڵاتە عەزیزە کە ئێوە ئەمڕۆ وەکیلی ئەو ئوممەتە، ئەو قەومەن! بڕواننە سەوییەی عیرفانی ئەو قەومە مەزڵوومەی ئێوە نێرراوی ئەوەن، کە ئێوە لیسان حاڵی ئەو میللەتە بەسەزمانەن!

هەر لە سەنجارەوە تا شارەزوور بڕوانن؛ دوو مەکتەب، دوو مەدرەسەی تیا نییە پێی بڵێن جێی خوێندن!! بۆچیی، لەبەر چیی؟ بەڵێ ئەفەرموون؛ (سلێمانیی) تا ئێستا لەبەر شەقاوەت و جەردەیی «!!»[1] هیچی بۆ نەکراوە... بەڵام ئەی کۆیە، ڕواندز، هەولێر، ئاکرێ و بادینان و دهۆک و زاخۆ و سەنجار؟ ئەمانە چیی و بۆچیی؟

بێ زەحمەتیی بڕواننە هەوراز، بەهەموو مەکتەبەکان دوو موعەللیمی چاک و خوێندەواری تیا نییە! کوانێ موعەللیمە کوردەکان؛ (ئەوانەی وەختی خۆی لە مەکاتیبی عالییە و ئێستا لە دارولموعەللیمین دەرچوون؟ لە کوێن و چییان لێ هات؟).

هاوینێ؛ جەنابی حازم بەگ کە داوای موعەللیمی کوردی کردبوو بۆ کوردستان، (ساتیع بەگ)[2] وتبووی: تەنها موعەللیمێکی ئینگلیزیی نێرراوە بۆ ئەو ناوە، ئیتر هەمووی کوردە کە هیچ بوونی حەقیقەتی تیا نییە!

ئەی مەبعووسانی کیرام!

ئێوە کە وەکیللی میللەتی کوردی بەدبەخت و مەزڵوومن، بەدڵ تکا ئەکەم ئیتر نەختێ ڕەحمتان بێتە جۆش و بەدڵێکی نەرمەوە بڕواننە حاڵمان؛ حاڵی ئیقتیسادیی و عیلمیی و ئیجتیماعیمان، بزانن لە چ سەفالەت و ڕەزالەتێکاین؟ بزانن چەند جاهیل و پاشکەوتووین؟ ئەوە کۆیە، هەولێر، ئاکرێ و بادینان، هەموو دوو موعەللیمی وای تیا نییە کوردیی بەزەریفیی بزانن و منالّ تێ بگەیێنێ!!

---

(١) بەقسەی (نوێنەرەکان) ئاخاوتووە دەنا خۆی باوەڕی وەنییە هەر بۆیێکا لە ڕۆژنامەکەدا نووسراوە؛ (شۆڕش و هەرا!).

(٢) ڕێبەری گشتیی مەعاریف!!.



ئەوە عیمارە، مەجەر، بەسرە، دیوانییە، عانە[1]، هەموو هەریێکە یێک دوو موعەللیمی کوردی لێیە، بۆچیی ئەوانە لە وڵاتان دەرس بڵێنەوە و وڵاتەکەی خۆمان لەبەر بێ موعەللیمیی و مامۆستایی، داماو و پەککەوتوو بێ، ئەمە چۆن پێشکەوتنێکە؟

ئینجا مەسئەلەیێکی لەوە موهیمتر و نازکترتان عەرز ئەکەم کە دیسان ئەپاڕێمەوە ئەهمییەتی بدەنێ و فرێی مەدەنە لاوە![2] ئەمڕۆ؛[3] هەموو میللەتێ بۆ پێشکەوتنی عیرفانی خۆی؛ ئوسووڵێ، پرۆغرامێک ڕێک و تەعقیب ئەکا کە؛ (تا ڕێی لێ ون نەبێ و لێی تێک نەچێ!) عێراقیش یێک دوو ساڵ لەمەوپێش پرۆغرامێکی دانابوو بۆ مەعاریفی خۆی، کە تا ئێستا ئەوە تەعقیب ئەکرا)، ئەوا ئێستا خەریکن ئەیگۆڕن و چاکی ئەکەن. ئینجا لێرەدا وەزیفەیێکی زۆر گەورە و نازک ئەکەوێتە سەر ئێوە کە عائید بەئیستیقبالی (میللەتێکی دواکەوتووی بەجێ ماوە! عائید بەحەیات و مەقامی قەومێکی بێ دەست و هەژارە!). خۆیشتان ئەزانن هیچ قەومێ، ڕۆحی میللەتێکی کەی نییە! عادات و ئەخلاقی وەک میللەتێکی کە نییە و جیاوازە! لەبەر ئەوە بەدڵ ئیستیرحام ئەکەین و ئەپاڕێینەوە، وەک هەموو شتێ، لەمەیشا مەوەستن و مەکشێنە دواوە! ئەمڕۆ ڕۆژی خزمەت و هیممەت، ئەمڕۆ ڕۆژی ڕەحم و لوتفە!

لەپێش هەموو شتێکا ئیستیرحام و تەڵەبی دوو شتی گەورە، پێویست و نازکتان لێ ئەکەین؛ (پرۆغرامێک بۆ مەعاریفی کورد، دارولموعەللیمنێکی کوردیی!)؛ هەردووکیان بۆ قەومی کورد، ئەمڕۆ زۆر پێویست و موهیممە، زۆر گەورەیە!

مەعاریف بێ پرۆغرام و ئوسووڵ نابێ، مەکاتیب بێ موعەللیم نابێ... تەلەبەی کورد ناتوانێ بگاتە بەغداد و بەفەساحەتی عەرەبیی؛ عیلم و فەن بخوێنێ و تەحسیڵ بکا. هەموو تەلەبەیێکی کورد ئیستیعدادی فێربوونی عەرەبیی و تەحسیڵ کردنی نییە! ئەگەر دارولموعەللیمینی نەکرێتەوە بەکوردیی، دوو ڕۆژی کە، موعەللیممان نامێنێ، پەکمان ئەکەوێ ئینجا ئەو وەختە یا موعەللیمی بێگانە و نەشارەزامان بۆ ئەنێرن یا مەکتەبەکان ئەبێ داخرێ کە بەهەردوو لادا، بەهەردوو چەشن، مەماتی لە دوایە، تاریکیی لە دوو

---

(١) باژێڕەکانی باشوور و نێوەندیی عێراقی عەرەب کە ڕاستییەکەی هەر لە سەرەتای بەزۆر لکاندنی کوردستانی باشوور پێیەوە، سیاسەتی ڕاگۆستن و ئاوارەکردنی خوێندەوارەکانی کورد دەستی پێ کرد.

(٢) تەواوبوونی بەشی «١»ی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکە.

(٣) سەرەتای بەشی «٢»ی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکە (ژیان – ژ ١٠).

ئەولادی میللەتی تیایە... لەبەر ئەوە بەشیددەت و سورعەت، دارولموعەللیمینێکمان پێویستە، دارولموعەللیمنێکمان ئەوێ و زۆر لازم و موهیممە! وەک مەکاتیب بێ موعەللیم نابێ، تەحسیلّ و تەعلیمیش بێ پرۆغرام نابێ! پرۆغرامێ کە بەغدا تەرتیبی ئەکا وەلەو جوزئێکی مووافیق بێ، هەمووی زۆر مووافیقی ڕۆحی میللەتی ئێمە نییە و بۆ ئێمە ناشێ. ئێمە لەسەر ئەو پرۆغرامە بڕۆین ناژین و کار ناکەین. نەتیجەی ئەو پرۆغرامە خوسران و دواکەوتنە!

پرۆغرامێکمان ئەوێ کە مووافیقی ئامال و ڕۆحی میللیمان بێ، کە ئاساری قەومیمانی تیا بێ. لەبەر ئەوە پرۆغرامێکی مەعاریفی خوسووسیی و چاکمان ئەوێ و زۆر پێویستمانە!

ئەمانەی کە عەرزی جەنابتم کردووە، هەموو ئەساسی تەرەققیی پێشکەوتنمانە! ئەمانە، بێ ئیجراکردنی ئەمانە؛ پێشکەوتن و سەرکەوتن نابێ و نییە!

داواکردنی ئەمانە؛ نە زەرەر، نە ناحەقە! ئەمانە بەقانوون و بەعەدل و حەق دراومانەتێ و حەقمان، حەقی ویستنمان هەیە!

ئیتر ئێوە کە وەکیل و ئەمینی میللەتن؛ نابێ بێ دەنگ بن، ئەم حوقووقە ببەخشن و بیفرۆشن و وازی لێ بێنن! ئەمانە حەقمانە؛ حوقووقێکە عالەمی مەدەنییەت و قەوانین پێی بەخش کردووین و مالیکی ئەم حوقووقەین! داواکردنی گوناح و خراپ و ناحەق نییە!

دیسان بەناوی ژیان و ژیانی قەومێکەوە ئەپاڕێمەوە و تکا ئەکەم بەئەهەمییەت گوێ بگرنە ئەم هاوار و تەلّەبە و بۆمان ئیجرا بفەرموون... ئەگینا، بەلّێ ئەگینا ئۆبالّ و قوناحی میللەت، هەموو بەسەر ئێوە ئەمێنێتەوە!

میللەت بێ عیلم و عیرفان ناژیێ. عیلم و مەعریفەت بێ مەکتەب نابێ، مەکتەب بێ موعەللیم نابێ و مەعاریفی هیچ قەومێ بێ پرۆگرامێکی میللیی و مووافیق نابێ و سەر ناگرێ... ئیتر چاوەڕێی لوتف و هیممەتتانین![1]

......[2] جاری پێشوو هەننێ شتی زۆر پێویست و نازکم عەرز کردن کە ئەساسی ژین و پێشکەوتنی میللەتەکەمان بوو، وە هەموو وەختێ داوای ئەکەینەوە و داییم ئەمانەوێ و

(٨) تەواوبوونی بەشی – ٢ –.

(٩) بەشی – ٣ –.



وازی لێ ناهێنین... ئەم جارە شتێکی کەی لەوە موهیمتر، ئەی بەقەدەر ئەوە نازک و موهیمتان عەرز ئەکەم!

جەنابتان لاتان مەعلووم و ئاشکرایە کە سەبەبی پێشکەوتن و سەرکەوتنی هەموو میللەتێ؛ خوێندنە! سەبەبی پێ گەییشتن و تێگەیشتنی هەموو قەومێ؛ خوێندن و خوێندنە! بەلّام ئەوەش ئەبێ بیر نەچێ؛ میللەتانی کە ئیسلام و گاوور و جوولەکە و زنجیی و موشریک، هەموو کە ئەخوێنن، بەجووتە ئەخوێنن. هەردوو لا ئەخوێنن؛ گیان و وجود، سەر و بەدەن بەیێکەوە ئەژیێن و پێشئەخەن!

مەقسەدم لەم تەشبیهاتە، لەم تەلمیحاتە؛ نیوەی میللەتە. نیوەی مەوجوودی بەشەرە کە ئەویش (ئافرەتە!).

ئیحتیاج بەدرێژە ناکا؛ لە پاش ئەوەی بەچاوی خۆمان ئاساری عیلم و مەدەنییەتی حەقیقیمان دیی، خۆمان کاری چاکی خوێندنی ئافرەتمان دیی، وەلەو زۆر جاهیلیش بێ، کەس نییە ئینکاری باشیی و پێویستیی خوێندنی ئافرەت بکا، چونکە هەروا لێکی بدەینەوە؛ ئەگەر پیاوێک خوێندەوار و تێگەییشتوو بێ، ئافرەتێ ببینێ خوێندەوار و جاهیلە، ئایا ئەتوانن پێکەوە بژین؟ خۆ مەعلوومە، خوێندەوار و نەخوێندەوار نابن بەیێک؛ (هل یستوی الذین یعلمون والذین لا یعلمون؟)[1]

خۆ لای تێگەییشتوو وە مودریکیش ئاشکرایە کە فەرموودەی خوێندن لەسەر ژن و پیاو فەرزە؛ (طلب العلم فریضة علی کل مسلم ومسلمة)[2]

مەقسەدی لە خوێندن نییە، کچانمان بنێرینە لای (مەلا فاتمە) بەفەلاقە پێنج سالّ؛ دوو (ئەلف و بێ)کەی فێر بکا، بەلّکو مەقسەدی ئەوەیە کچانمان فێری خوێندن و عەقلّ و هونەر بکەین!

کە بۆ سبەینێ، ئەگەر خوانەخواستە کەسوکاریان نەما، بەعیلم و مەعریفەتیان بتوانن لە ناو مەجمەعی پیاواندا، لە شەڕی ژیندا بژیی و نەمرێ، دەستی سووالّ پان نەکاتەوە و سەرگەردان ببێ!

ئیمڕۆ خوێندنی ئافرەت بۆ ئێمە ئەمەیە و ئەمەندەیە؛ نامانەوێ ئافرەت پرد و خانوومان بۆ دروست بکا، نامانەوێ مەحامات و قازییەتیی بکەن؛ ئەمانەوێ ئەوەندە خوێندەوار و

(١) ئایەتێکی (قرآن)ە.

(٢) فەرماییشتێکی (محەممەد) پەیامبەرە!.

ساحێب هونەر و عەقل بن کە ئیدارەی ماڵ و خێزانمان بکەن! بتوانن منالّیان گەورە و بەخێو بکەن و ئیحتیاج بوو؛ بتوانێ بژیی و سەرگەردان نەمێنێ!

ئینجا لە پاش ئەم هەموو حیکایەتە؛ عەرزیشتان ئەکەم کە ئەمانە بێ مەکتەب نابێ و بەمانە توانیم عەرزتان بکەم کە موحتاجی مەکتەبی کچانین و زۆر زۆریش داماوین و پێویستمانە! ئەوە هەموو کوردستانی جونووبیی؛ مەکتەبێکی کچانی تیا نییە[1]، کچانمان هەروا جاهیلە و بێ مەعریفەت دانیشتووە لە ماڵەوە؛ بنێشت ئەجوون و تەشیی ئەرێسن. هەرچەند ئەکەن نازانن چێشتێ لێ نێن! نازانن منالّ چۆن ژێر ئەکەنەوە و نازانن بەرێوە برۆن!

ئەی گەورەی کوردان؛ دەرمانێکی ئەم دەردی جەهلە، ئەم عیللەتی وەحشەتە بکەن! ئەم دەرد و عیللەتە زۆر ساریی و تیژە! لە ٨٠٠,٠٠٠ هەزار نەفسدا کچێکی عاقیلە و خوێندەوار و ئینسانیمان نییە!! ئەمە زۆر شینە، عەیبە، موهلیکە بۆ ئێمە، بۆ ئیستیقبالمان! مەکتەبی کچانمان ئەوێ، مەکتەبی کچانمان ئەوێ... ئەگەر ئیجاب بکا نیوەی مەکتەبی کوڕانمان داخەن و دوو مەکتەبی کچانمان بۆ بکەنەوە. چونکە ئەولادی موستەقبەل، حەیاتی میللەت هەموو واسیتەی تەربییە و تەحسیلّی کچانمانە... کچانمان جاهیلە و بێ مەعریفەت بن؛ ئەولادیشمان وەک ئێستە بێ عەقل و تەربییە ئەبن! کچانمان عاقیلە و بەعیلم و مەعریفەت بن، ئەولادیشمان کە ئەفرادی میللەت و ئەولادی موستەقبەلی وەتەنن، تەربییە و تێگەیشتوو بەمەعریفەت ئەبن! ئەمە حەقیقەتێکە قابیلی ئینکار نییە! خۆ ئەمانیش هەموو عاقیلێک ئەیزانی؛ بێ مەکتەب، بێ تەعلیمخانە، بێ خوێندن نابێ!

---

(١) بۆ ڕاستیی؛ یێکەم قوتابخانەی سەرەتایی مێیینە – لە سەردەمی تورکی عوسمانییدا – لە سلێمانیی و لە ١٩١٥/١٢/١٧ز تا ١٩١٨/١١/٩ز دامەزراوە و ژیا. ڕێبەرەکەی خاتوو مەلیحە نەزهەت خانم کیژی قازیی عەبدولقادری کوڕی شێخ سەلامی خەڵکی سلێمانیی بووە! (بنۆڕە: العراق – ١٩٨٦/٢/٢٧ یان: کوردستانی نوێ – ئەڵقەیێکی مێژوویی؛ یێکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانیی: کەمال ڕەئووف محەممەد). جێگەی گوتنە یەکەم (ق. س. کیژان)ی سلێمانیی لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا لە ١٩٢٦/٤/٢١ز.دا دامەزراوە و ڕێبەرەکەی خاتوو گوزیدە یامەلکێ بووە! دوای ئەو خاتوو زەهرای مستەفا پاشا یامەلکێ کابانی عیززەت بەگی جاف! وەک گەلێ سەرچاوەش ئاماژەیان کردووە (محەممەدئەمین زەکیی) دەورێکی گەورەی هەبووە بۆ ئاوەدان بوونەوەی ئەو قوتابخانە.



ئەی وکەلای میللەت!

ئەپارێینەوە؛ ئەگەر ڕووناکیی ئیستیقبال و پێشکەوتنی ئەم قەومە هەژارەتان ئەوێ، دەرمانی ئەم دەردە بکەن و کچەکانمان لە جەهل و سەرگەردانیی ڕستگار بکەن... بەهەموو وڵات، تەنها کەرکووک مەکتەبێکی کچانی هەیە کە ئەویش کارێکی تەواوی نییە! چوار پێنج ساڵە هێشتا نەماندیی دوو کچی پێ گەیاندبێ کە ئەمیش دەلالەت گوێ نەدانی گەورەکانە بەو مەکتەبە! مەکتەب کە کرایەوە، وەک گاگەل منالّی تێ بەرەڵا ناکرێ و وازی لێ بێنرێ بەگیانی خوایی بژین! مەکتەب کە کرایەوە، دایمیی نەزارەت و دیقەت و موعاوەنەت و خزمەتی ئەوێ! سلێمانیی لە بووجەی ئەمساڵدا مەکتەبێکی کچانی هەبوو وەک خەو، تا نیوەی ساڵ ناویان نەهێنا! لە پاش نیوەی ساڵ؛ وتیان موعەللیم نییە! تەبیعیی ئەگەر هەر لە هاوینەوە بەجیددییەت حەز بەکردنەوەی بکرایە؛ ئەوسا موعەللیمەیان بۆ ئەدۆزییەوە... بەڵام لە پاش مەکتەب کرانەوە، ئەو موعەللیمانەی کوردیی ئەزانن، هەریێکە بۆ جێگەیێک تەعین کرا، وەک یێکێ بۆ «کەرخ»، یێکێ بۆ کەرکووک تەعین کرا، بەو چەشنە ئەوانەمان لە کیس چوو، ئینجا وتیان: موعەللیممان بۆ بدۆزنەوە بۆتان بکەینەوە کە ئەمە ڕەوای حەق و عەدل نییە! ئەمەش مەسئوولییەتێکی گەورە بوو بۆ مەبعووسەکانمان کە ئەمڕۆ وەکیلی میللەتن، مەعاشی میللەت وەرئەگرن!

زاتێ کە موقەددەراتی میللەتی بەدەستەوە بێ و حەز بەتەرەققیی و سەعادەتی میللەتەکە بکا، ئەبێ وەک حەیاتی میللەت ئەخرێتە دەستییەوە، وەهایش هەوڵ بۆ سەعادەت و پێشکەوتنی بدا و خۆی بەچرای ئەلەکتریکەوە پێشکەوێ و ڕێی نیشان بدا!

ئەی گەورە کوردینە! گەلێ عیللەت هەیە و دەرمانی نییە و زەحمەتە، بەڵام هی ئێمە دەرمانی زۆرە و ئاسانە کە ئەویش مەکتەبە و مەعاریف!

مەعاریفە و مەکتەب؛ بەقانوون، بەعەدالەت، حەق و حوقووق و ئیمتیازمان هەیە، مەکتەبمان ئەوێ... مەکتەبمان بۆ بکەنەوە! حەیاتی میللەت هەر بەکوڕەوە نا، لە پێش هەموو شتێکا و لە هەموو وەختێکا بەکچەوە، بەدایکی ئەولادی میللەتەوە بەنگە و قایمە کە دایک بێ شیر و گیان بوو، ئەولادی ئەمرێ، ناژیێ!

مەعنای نییە؛ هەموو جێگەیێک بوودجەی موساعید بێ و ئێمە بوودجەمان موساعید نەبێ بۆ کردنەوەی دوو مەکتەبی کچان و قابیل نییە کە پارە بوو، موعەللیم ئەبێ! لە بەغدا، لە مووسڵ و کەرکووک و حەتتا بەشکو لە سلێمانییدا، ژنی خوێندەوار زۆرە... ئێمە ئەمانەوێ ئیللا موعەللیمەیێکمان، چوار پێنج موعەللیمەمان ئەوێ کە بتوانێ

کچەکانمان فێری نووسینی ناوی خۆیان و یێک و دوو وە فێری دوو چێشت لێنان ئینسانیی و فێری دوو تەقەڵی دروومان، لەوە زیاتر پەیدا بکەین! هەموو شتێ بەهێواشیی و لەسەرخۆیی، لەپڕ نابێ!

ئەمڕۆ، دوو مەکتەبی کچانی ئەووەلیمان بۆ بکەنەوە کە لە هەشت سەد هەزار کەسدا «٢٠» کچی خوێندەوارمان بۆ پەیدا بکا! بۆ پێ بگەیێنێ، هیچی کەمان ناوێ، تەنها دوو مەکتەبمان ئەوێ! ئەمە شارەگی خوێنی میللەتە، حەیاتی نیوەی مەوجوودی میللەتە! بێ پێشکەوتن و پێ گەییشتنی ئافرەت، میللەت سەرناکەوێ، ناژیێ، پێ ناگا؛ هەروا جاهیل و وەحشیی و دواکەوتوو ئەمێنێتەوە!

ئیتر بەهەموو نەوعێ؛ مەکتەبی کچانمان ئەوێ... کچانمان لە دەردی جەهل و سەفالەت ڕستگار بکەن؛ (مەکتەبی کچان، دارولموعەللیمین، پرۆغرام)؛ سێ بونیانی عیرفان و مەعریفەتی میللەت... ئەمانەیە کە لە وکەلای میللەتکەمان ئەوێ و چاوەڕێی بەجێ هێنانی ئەمانەین و لە هەموو شتێ پێویستتر و فەرترە... بەشەریعەتی ئەکەن، بەعەقڵ و ویجدانی ئەکەن!

......[١] ئەی مەبعووسانی کیرام!

ئەمە دووجارە وێرام بەئاشکرایی گەلێ شتی پێویستیتان عەرز بکەم و توانیم دەرد و دەوای قەومەکەمتان پێ بڵێم... چونکە ئەمڕۆ مەبعووسیی بۆ میللەتی گەورە و عەزیزە، ئەوانیش ئەبێ ڕەحەتیی و خۆشیی خۆیان لە ڕەحەتیی و خۆشیی میللەتدا ببینن و تا میللەت مەسعوود نەکەن، ئیستراحەت نەکەن و ئەبێ داییم ئاگایان لە ئەحواڵی قەومەکەیان بێ کە فریادیان کرد بچن بەفریادیانەوە؛ کە کەوتنە زەحمەت و دەردێکەوە چارەسازیان بن! هەروا بڕوانینە مەبعووسانی ئەقوامی سائیرە و حەتتا زۆر دوور نەچین؛ بڕوانینە مەبعووسە عەرەبەکان، چیی ئەکەن بۆ میللەتکەیان و چۆن ئەگەن بەفریای قەومەکەیان لە ئانی تەنگانە و ناخۆشییدا!

هەرچەندە بیر ئەکەمەوە و ورد ئەبمەوە؛ شەرم ئەمگرێ و سەر دائەنەوێنم مەبعووسەکانمان ئاگایان لە ئەحواڵی ئەم میللەتە نییە!! جەرگیان بۆ قەومەکەیان ناسووتێ!! ئەمە شتێکی زۆر گرانە و ناخۆشە؛ چونکی تێ ئەفکرم دە دوانزە مەبعووس، هەموو خوێندەوار، گەورە گەورەی کورد، نێرراو و وەکیلی میللەت، لە شاری بەغداد مەبعووسی یێک میللەت،

(١) بەشی – ٤ –.



یێک جینس، وەکیلی یێک ئوممەت؟ نێرراوی یێک وڵات و وەتەن، نەمدیی یێک دەفعە هەموویان لە جێگەیێکا کۆببنەوە و دائیر بەدەرد و عیللەتی میللەت، دائیر بەسەعادەت و خۆشیی قەومەکەی دوو قسە بکەن، ئیجتیماعێکی بۆ بکەن و هەوڵێک بدەن!! هەرچەندە لێکی ئەدەمەوە، هەروا شەرم ئەمگرێ! چونکی زۆر گران و قورسە؛ میللەتێ مەبعووسەکانی هەوڵی بۆ نەدا و خەریکی ئیسعاد و تەرەققیی نەبێ!!

مەبعووس ئەبێ بۆ تەرەققیی و ڕەفاهییەتی میللەت، ئیجاب بکا ئیستراحەتی خۆی فیدا بکا و بکەوێتە ئەزییەتەوە؛ ماددیی و مەعنەویی موعاوەنەتی میللەت بکا... موعاوەنەتی جەمعییات و موئەسسەساتی خەیرییە و عیلمییەی میللەتکە بکا، چونکە ئەوان ئامینی میللەت و ڕەهبەرە گەورەکانن! تێ ئەفکرم؛ مەبعووسی خەڵق، یارییەی مەکتەب و مەعاریف ئەدەن، بەنەقد و کەلام خزمەت ئەکەن... هیی وایان هەیە نیوەی مەعاشەکەی ئەدا بەمەسکەنێ، نیوەی ئەدا بەجەمعییەتێکی خەیرییە! هیی وایان هەیە مەعاشەکەی فیدا ئەکا بۆ مەکتەبێ، بۆ موئەسسەسەیێکی خەیرییە! هەرچەندم کرد و ورد بوومەوە، ناتوانم بڵێم؛ نەمدیی مەبعووسێکمان لوتفەن مەرحەمەت بفەرمووێ و مەعنەویی و ماددیی موعاوەنەتێ، تەشویقێ، تەشجیعێکی مەکتەبێ، جەمعییەتێ، غەزەتەیێکی کوردیی بکا!!

یێکێ لە مەبعووسە موحتەرەمەکانمان تەبەڕروع ئەکا بۆ مەکتەبێکی بەغدا، کەچیی هەرچەندم ئەکرد، نەمدیی موعاوەنەتێکی مەکتەبێکی کورد بکا!! هەموو ئەیزانین، مەکتەب وەلەو ڕەسمیی بێ و حوکوومەت تەئمینی ئیدارەی بکا، وابەستەی موعاوەنەت و تەشویق نییە! ئەمینم تا ئێستا بەپیانقۆ، سینەما و دونبەڵە و ئیعانە نەبووایە، (مەکتەبی سلێمانیی) دەقیقەیێک نەئەژیا و ئێستا ئەو مەکتەبە بچکۆلەیەشی نەئەبوو!![١]

(١) بۆ ڕاستیی و لایێنگرتنی باسەکە؛ گەلێ بەڵگەی ڕاست بەدەستەوە هەن. بۆ وێنە؛ پێش کردنەوەی ئەو یێکەم (ق. س. سلێمانیی) لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا، پیتاکێ کۆکرایەوە کە دەوڵەمەند و فرمانبەرەکان تێیدا بەشدار بوون و بەهەموو، بڕی «٩٤٥» ڕووپییەیان کۆکردەوە و قوتابخانە باس کراوەکەش لە ١٩٢٥/٣/١ز.دا کرایەوە! (بنۆڕە باسی پیتاکەکە: ژیانەوە – ١١/٢٤ و ١٩٢٤/١٢/١٢ز!... بۆ باسی کردنەوەی قوتابخانەکەش: ژیانەوە – ١٩٢٥/٧/١٠ز) دیسان وێنەیێکی دیی ئەوەیە هەر هەمان قوتابخانە لە هاوینی ١٩٢٦ز.دا بەهۆی نواندنی دراماییێکەوە، بڕی «٦٥٠» ڕووپییەی گرد کردەوە بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی قوتابخانەکە و بەتایبەتیش «باندۆی مووسیقە»ی پێ کڕیی. (بنۆڕە: ژیان: ١٩٢٦/٩/٩ز).

خۆ دیارە ئەم نەوعە ئیعانەیە بەقەدەر سەرفیترەییک، بەقەدەر زەکاتێک و خێر و حەسەناتێکەوە، موهیمترە! ئەوە مەکتەبی سلێمانیی ٣٠ - ٤٠ تەڵەبەی تیایە؛ یا کەسوکاریان نییە، یا کەسوکاریان هەیە و فەقیرن، ڕووتوقووت، بێ کتێب و دەفتەر، لەبەر ئیکمالی تەحسیلڵ، دەوامی مەکتەب ئەکەن کە ئینسان بیانبینێ جەرگی بۆیان ئەسووتێ!

خۆ حاڵی مەکتەب، لەبەر بێ موعەللیمیی، لەبەر بێ کتێبیی، لەبەر بێ ئەدەوات و ئەساس وە خوسووسەن لەبەر بێ جێگەیی، هەروا ئینسان ئەتوێنێتەوە و موتەئەسسیر ئەکا! ئەوە مەکتەبی «کۆیە» پڕیەتی لە تەڵەبەی فەقیر و بێ کەس! گەلێ تەڵەبەی مەکتەب تەواو ئەکەن و دەرئەچن، لەبەر بێ نانیی و فەقیریی ناتوانن بێنە جێگەیێکی وەک بەغداد ئیکمالی تەحسیلڵ بکەن کە ئەوە زەربە و زەرەرێکە بۆ حەیاتی ئەو منداڵە کە فەردێکە لە ئەفرادی میللەت! ئەوە مەکتەبی «چەمچەماڵ، هەڵەبجە، قەرەحەسەن» کە ئەمەیان مەرکەزی جێگەی مەبعووسێکی گەورە و دەوڵەمەندمانە!

ئەمانە هەموو موحتاج و وێرانە، بێ موعەللیم و بێ جێگە و بێ ئەساس! جا کە ئەساسی عیلم و تەحسیلی میللەت بەم چەشنە بێ ڕزیو و نامەتین و ناڕێک بێ، زۆر خراپە، موهلیکە، زەرەر و خوسرانە!

ئەمڕۆ ڕۆژی هیممەت و خزمەتە! ڕۆژی لوتف و ڕەحمەتە! میللەت برسیی و تینووە! میللەت زۆر داماوی عیلم و مەعریفەتە، میللەت زۆر زۆر بێ کەس و دواکەوتووە؛ میللەت لە ژێر باری جەهل و سەفالەتدا ئەپلیشێتەوە، ئەڕزێ!

بڕوانن؛ مەبعووسی میللەتان چیی ئەکەن بۆ قەومەکەیان! یێکێ بەقسە و یێکێ بەقەڵەم، بەنەقد و ماڵ! یێکێ بەجان و گیان خزمەتی میللەتەکەی ئەکا، وەزیفەی ویجدانیی و میللیی خۆی بەجێ ئەهێنێ! هێشتا نەمدیی یێکێ لە مەبعووسەکانمان تەنەززول بکا، لە موددەی تەعتیلییەی دەورەیێکی مەجلیسدا، بچێتە ناو میللەتەکەی، سەیرێکی مەکتەبەکانی، سەیرێکی کەلاوەکانی، سەیرێکی فابریقە و مەعمەلەکانی (!!)، سەیرێکی فوقەراخانەکانی بدا و سەیرێکی بکا و ئیجاب بکا دەست بکا بەباخەڵیی حەمییەتدا؛ دوو ڕوپییە بدا بەئیحتیاجاتی مەکتەبی ئەولادەکانی!![1] سێ ڕوپییە بدا

(١) درەنگێ - لە مایس ١٩٢٨ز.دا - نوێنەرەکانی کورد کەوتنە دیدەنیی قوتابخانەکان... بۆ وێنە محەممەدئەمین زەکیی، سەبریی بەگ دیدەنیی سلێمانیییان کرد و پارەیان بەخشیوە! (بنۆڕە: ژیان - ١٩٢٨/٥/١٧ز).



بەدوو فەقیری میللەتەکەی!![1]

...... لەمەوپێش هەنێ شتی پێویست و نازکم عەرز کردبوون کە بەهیوام تەماشایێکی بکەن. ئێستایش شتێکی کەی وا موهیمتان عەرز ئەکەم کە بەقەدەر ئەوانە گەرەکە! وەک خۆیشتان ئەزانن، زمانی کورد و عەرەب زۆر جیاوازن لەیێک... ڕۆحی قەومی کورد و عەرەب زۆر لە یێک دوورن. ئەو شتەی مووافیقی قەومی عەرەب بێ، مووافیقی تەبعی ئێمە نابێ!

تەماشا بکەین؛ هەچ میللەتێ کە کتێبی تەرجومە و تەئلیف کردبێ، بەچەشنێکی نووسیوە کە ڕۆحی قەومیی خۆی قوبووڵ بکا. ئەمڕۆش ئێمە، یەعنی کوردی جونووبیی[2]، مووافیقی ماددەیێکی قانوونیی، ئەساسیی و شەرتێکی قەراری عوسبەتولوئومەم[3]، حەققی نووسینی کتێبی کوردیمان هەیە و لەمەودوا لە هەچ شتێکی کەدا، مەجبوور نین شوێن پێی کەس هەڵگرین و ئەتوانین بەسەربەستیی، لە دائیرەی قانووندا، هەرچیی بۆ پێشکەوتنمان دەست بدا، مووافیقی عەنعەنات و ئامالی میللیمان بیکەین!

لە پێش هەموو شتێکدا عەرزیشتان بکەم کە حوکوومەت، وەک بۆ عەرەبەکانی ئەکا، حەتتا وەک بۆ جلخوارەکانیشی ئەکا[4] کە مووافیقی حەق و قانوون نییە، مەجبوورە بۆ کوردیش کتێبی کوردیی، ئاساری کوردیی، لەوازیماتی مەکتەب بۆ کورد پەیدا بکا و بیکا!

هیچ مەکتەبێکی عەرەب و جلخوارەکانی نییە، پڕی نەبێ لە ئالات و ئەدەواتی مەکتەب و کەششافە و هەموو شتێکی تەواو نەبێ!

(١) کۆتایی - بەشی ٤.

(٢) کوردستانی داگیرکراوی عێراقی عەرەب!.

(٣) ئەم باسە لە لایێکەوە لە دوو ماددەی گشتیی سەر بەمافەکانی گەلی عێراقدایە کە لە بنچینەی قانوونی عێراقیی ١٩٢٥/٣/٢١ز.دا، هاتووە. لە لایێکی دیبیەوە مەبەستی ماددە «٣»ی بڕیار دراوی ١٩٢٥/٢/١٦ز.ی کۆمەڵی گەلانە! بۆ پتر شارەزابوون بنۆڕە ئێرە و؛ کێشەیێکی سیاسیی....

(٤) جلخوار: ناسنێوێکە کوردپەروەرەکان لە یێکەم سەردەمی حوکوومەتی کوردستان؛ س ١٩١٨ - ١٩١٩ز.ڕاوە دایانبڕیی بەسەر کوردە تورکخوازەکان و هاوتایاندا... بەڵام ئەم مەبەستەکەی ئەوانەیە کە خۆیان بەتورکمان دەزانن!.

ئەی مەبعووسانی کیرام!

هاوار ئەکەم بەدیققەت بڕوانن؛ بڕواننە مەکتەبەکانی وڵاتتان، وڵاتێ کە ئێوە نێرراوی ئەون! بەتەئەمموولەوە بڕوانن و تێ فکرن؛ ئایا دوو کتێبی کوردیی، دوو ئەسەری کوردیی ئەبینن؟ نەء نەء، نایبینن! ئەمە چییە و بۆچیی وابێ و ئایا چ وەختێ ئەبێ حیسسەمەندی عیلم و تەرەققیی بین و چۆن بەم چەشنە، بەم حاڵە پەشێواوە، پێش ئەکەوین؟.

لە پێش هەموو شتێکا تکا ئەکەم ئەم خیتابە، ئەم هاوارە، هەر بۆ مەبعووسێک وە یا هەر بۆ مەبعووسی سلێمانیی ناکەم! ئەم ئیستیرحامانە لە هەموو مەبعووسێکی کورد وە لە هەموو وکەلای میللەتی کورد ئەکەم!

عەرزتان بکەم؛ مووافیقی حەق و قانوون، چۆن ئیشمان پێ ئەکرێ و ئەتوانین پێشکەوین؟ بۆ تەئلیف و تەرجومەی کتێبی کوردیی، جەمعییەتێ تەشەککول بکا، بەزوویی هەم زۆر بەزوویی کتێبی مەکتەب بنووسێتەوە و زۆر زوو لە چاپ بدرێ! بەڵام ئەم جەمعییەتە، ئەم جەمعییەتە بەئەساس بێ و هەرچیی لینگێکی لە کوردیی هەڵدا، قوبووڵ نەکرێ. چونکە ئەوانە لەجیاتیی چاکیی زەرەر ئەدەن و زۆر خراپن بۆ ئێمە! کە ئاگاداری زمانی کوردین و هاواری پێشکەوتنی کورد ئەکەین، شتی وا زۆر نابەجێ، قوبووڵ ناکەین و نامانەوێ! بیستوومانە (بەرزنجیی) و (ئەوڕەحمان سەعید ئەفەندیی)[1]

لە ئەو جەمعییەتە کوردییەدان! تەئمینتان ئەکەم؛ ئەم دوو زاتە وە یا ئەم دوو نیوە کوردە، عەرەبێکی بەغدا وە یا مووسڵ چۆن کوردیی بزانێ، ئەوانیش وای دەزانن، ئەویی پێشەوەیان نە ڕۆحی، نە خۆی، نە دەموپلی، نەهیجی کورد و کوردیی نییە! ئەویی دوایشەوە؛ ناتوانێ کوردیی بنووسێ و کوردیی لە قسەکردن زیاتر نازانێ!

ئینجا تکا ئەکەم؛ جەمعییەتێ کە دوو کەسی وا نەشارەزای لە کورد بەدەری تیا بێ، چ خێرێکی تیا بێ و ئەبێ چییمان بۆ بکەن!

ئەی وکەلای میللەت!

ئێوە کە مەبعووسی میللەتن، لە شتی وا نازک و موهیمدا، نابێ بێ خەبەر و بێ ئاگا

(١) بۆ باسی ئەو نێوانە، بنۆڕە: (کێشەیێکی سیاسیی...)

جێگەی گوتنە ساتیعولحوسەری نێوی (عەبدوڕڕەحمان سالّح)ی بردووە لە جێگەی ئەم عەبدوڕڕەحمان نێوە. پێم وەیە یێکێکیان هەڵەیە!؟



بن! کە موداخەلەی شتی وا نەکەن، کە ئەمانەمان بۆ چاک نەکرا؛ فائیدەی چیی؟ چۆن ئێوە قوبووڵی ئەکەن: مودیرێکی مەعاریفی بێگانە لە ڕۆح و ئەفکاری ئێمە، بەهەوەسی خۆی جەمعییەت تەشکیل بکا بەناوی میللەتەکەتانەوە و بۆ میللەتەکەتان کتێب و ئاسار بنووسنەوە کە هیچ مووافیقی ڕۆحی ئێمە نەبێ و ئێوەش خەبەرتان نەبێ؟

ئەی مەبعووسانی کورد!

تکا ئەکەم فریای میللەتەکەتان بکەون! ئەمڕۆ ڕۆژی خزمەتە، ڕۆژی جیددییەت و فەعالییەتە! ئێمە ئەم جەمعییەتەمان بەم چەشنە ناوێ! جەمعییەتێکمان ئەوێ کە کوردیی بزانێ؛ بتوانێ کتێبی کوردیی بنووسێتەوە و لە ژێر دەستی بێگانەیێکدا نەبێ، لە ژێر دەستی کوردێکدا بێ!

بەچ قانوونێ، بەچ حەققێ (ساتیع بەگ) حاکم بێ بەسەر جەمعییەتێکی کوردییدا کە کەلیمەیێ کوردیی نازانێ؟ بەچ حەققێ موعارەزەی فیکر و ڕەئیی جەمعییەتێکی کورد بکا؟ بەچ حەققێکەوە ئەو ئاساری کوردیی نووسراو و قوبووڵ و تەبع ناکا و بەچ حەققێکەوە ئیعتیرازمان لێ ئەگرێ. گوێ ناداتێ؟

ئەی وکەلای میللەت!

تکا ئەکەم ئیتر بەسیی بێ! بۆچیی ئەوەندە ئەغیار و بێگانە دەستمان پیاکێشن و ڕێی تەرەققیمان لێ بگرن و ئیتر فریامان بکەون و بەجیددییەت و فەعالییەت کارمان بۆ جێبەجێ بکەن! عەرزیشتان بکەم کە (ساتیع بەگ) بەسیفەتی مودیریەتیی مەعاریفی عومووومیەوە حەققی تەدقیقی کتێبی هەیە، بەڵام ئەوەندە ئەتوانێ تەماشای بکا کە لەسەر ئوسووڵ و پرۆغرام بێ. لەوە زیاتر حەققی تەدقیق و تەنقیدی نییە و ناتوانێ کوردییمان پێ بکا بەعەرەبیی و کەلیماتی عەرەبییمان پێ قوبووڵ بکا، وەکو تا ئێستا ئەیکرد!.

ئینجا جەنابتان ئەبێ ئاگاتان لەم ئیشە نازکە بێ... خەبەرداری ئیشوکاری میللەت بن! وەک تا ئێستا هەرچیی ئیحتیاجییەکمان بوو عەرزمان کردن، بۆ ئەمانەیش هاوار ئەکەین: جەمعییەتێکی تەرجومە و تەئلیفی کوردیی وا تەشکیل بکەن کە کوردی تیا بێ و لە ژێر تەئسیری کەسدا نەبێ و بەئیشارەتی کەس نا، بەئیشارەتی چاکیی میللەت بەڕێوە بچن و خۆیشتان ئاگاتان لە تەشکیلی ئەم جەمعییەتە بێ و بزانن کێ ئەبێ بەئەعزا؟ ئەبێ چوار پێنجێ تەعین بکەن کە وەزیفەی کەیان نەبێ و مەعاشێکی تەواویان بدرێتێ و هەر خەریکی تەرجومە و تەئلیف بن! ئەگەر مودیرییەتی مەعاریفمان بۆ تەشکیل کرا، لە ژێر ڕیاسەتی مودیری مەعاریفی کوردستاندا و لەو جێگەیەی مودیرییەت لێی ئەبێ، دابنیشن!

دیسان عەرزتان ئەکەمەوە، لە جەمعییەتی کوردییدا، بێگانە و نیوە کورد و نەشارەزای وەک (بەرزنجیی و ئەمانە)مان ناوێ، چونکی ئەوان نە کوردن، نە کوردیی ئەزانن!

ئەوانە بەکەڵکی کورد نایەن و نامانەوێ!

کوردیی

٩٢٦/٢/٢٦

[تەواو]

🕮 ✡ پ. ن؛ کە: ١٤/١٢/١٧١(*)

[زەکیی سایبب/ مستەفا سایبب ـــ هەموو کوردێ!](١)

[-/-/١٩٢٧ز]

[سلێمانیی]

## تکاییێکی تایبەتی بۆ هەموو کوردێک

لای هەموو کەس مەعلوومە کە میللەت بەزمانەوە ئەناسرێ. بەقای هەموو قەومێک بەزمانەوە بەنگە! میللەتی بێ زمان نییە لە دنیادا. هەچ قەومێ زمانی کەوتە تەزەلزول و نەمانەوە، هەچ میللەتێ زمانی خۆی موحافەزە نەکرد، ئاخیرییەکەی ئینقیرازە! میللەتی کوردیش تا ئێستە زمانی میللیی خۆی لە هەموو شتێ پاراستووە. بەسایەی موحافەزەی زمانیەوە؛ ئەمڕۆ میللەتی کورد ناوونیشانێکی هەیە و ئەناسرێ! ئەمڕۆ لە حوکوومەتی عێراقدا، زمانی کوردیی لە ڕەسمییاتدا مەقبووڵە. موحافەزەی لیسانیش بەشتێک ئەبێ، پێی قسە بکرێ و بنووسرێ و بخوێنرێ! ئینسانێ کە زۆر موددەت بەزمانی باو و باپیری قسەی نەکرد و نەینووسی و نەیخوێند، ئەو زمانە عەزیزەی بیر ئەچێتەوە. میللەتی کورد تا ئێستە کە لە ژێر تەوقی زوڵم و جەهالەتدا بووە و بێ دەست بووە، لەبەر ئەوەیە کتێب و ئاساری موددەوەنەی نییە و لەبەر ئەوەش چاک نەناسراوە... هەر سەبەبی بێ کتێبیی و نەشرییاتە کە کوردێکی هەولێریی (ڕەشید موفتی)ی سەوق ئەکاتە سەر مەقالە نووسین لە

---

(*) دەستنووس، هەروەها بڵاوکراوەی: ژیان - ١٩٢٧/٧/٥ز (زەکیی سایبب - سلێمانیی).

(١) ئەم نامەیە بەڵگەییێکی بەخۆکەوتنی خۆیەتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی کۆ و چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی کە دواتر بەری گرت و پرۆژەی (نەشرییاتی کوردیی - مەریوانیی) لێ دەرچوو کە لە داهاتوودا دەناسرێتەوە!



عەلیهیی زمانە شیرینەکەی دایک و باوکی خۆی!

لەم درێژەیە مەقسەدم ئەوەیە کە مونەوویران و لاوانی وڵات کە ئەو وەزیفەیان لەسەر شانە، ئەبێ هەرچییەکیان بۆ بکرێ، بیکەن و نەوەستن. هەر هیچ نەبێ کە خەریکی تەئلیفات و تەرجومە نابن، هەرچیی ئاساری پێشوانمان هەیە، کۆی بکەنەوە و بیێکە بێکە لە چاپی بدەن و بڵاوی بکەنەوە تا هەم ئەو ئەسەرانە کە نیشانەی ڕۆحی کوردییە لە ناو نەچێ، ساحێب ئەسەریش ناوی بمێنێ؛ هەم بەسایەیانەوە زمانی میللیمان موحافەزە و بەردەوام بکەین... وەک کتێب نووسینەوە و تەرجومەی کتێبی عیلمیی و فەننیی پێویستە، کۆکردنەوە و چاپکردنی ئاساری پێشوانیش موهیم و پێویستە!

من زۆر دەمێکە بەو ئەمەلەوە خەریکم و چەند ساڵە هەر چیی شیعرێک، قسە و باسێکی گەورەکانمان ببینم و ببیەم، کۆی ئەکەمەوە و حازری ئەکەم، بەدڵ تا سەر بیبەم و تەواوی بکەم، لەگەڵ نوبزەییێک لە تەرجومەی حاڵی گەورەکانمان بیکەم بەکتێبێکی چاک، بیخەمە پێش دەمی هەموو کوردێک!

لەبەر ئەوە تکا ئەکەم لە هەموو کوردێکی حەمییدتمەند، لە هەموو مونەوویر و لاوێک؛ ئایا تەرجومەی ئەحواڵ و سەرگوزەشتە و قسە، ئایا شیعر و غەزەلییاتی هەچ شاعیر و ئەدیبێکی کۆن و تازەی کوردیان لایە و هەیانە، لوتف بکەن بۆم بنێرن تا هەموویان کۆ بکەمەوە و لە چاپیان بدەم لە شکڵی کتێبێکی مونتەزەم و موعەززەمدا کە بەسایەی هەموو حەمییەتمەندێکی کوردەوە، ئەسەرێکی وا گەورە و موهیم بێتە وجوود!. وەعدیش ئەدەم، هەرچیی تەرجومەی حاڵی جەنابی (نالیی، شێخ ڕەزا، مەولەویی، کوردیی، سالم، وەفایی)، یەعنی یێکێ لە شاعیر و ئەدیبەکانم بەڕاستیی، بەتەئریخی تەوەللود و وەفاتیانەوە بەتەواویی بۆ بنووسێ، لە پاش چاپکردنی، دوو کتێبی لەو کتێبە و هەرچیی «١٠٠» شیعر، یەعنی «٢٠٠» میسرەعم لە ئەشعار و غەزەلییاتی یێکێ لە شاعیرەکانم بۆ بنێرێ، لە پاشدا یێکێ لەو کتێبەی بەدیاریی تەقدیم ئەکەم! مەمنوونییەت و مننەتداریی خۆم و خزمەتی میللەتەکەش بەجیا.

تکایش ئەکەم، هەر کەس بەقەریحە و فیکری خۆی ناوێکی موناسیب و جوان بدۆزێتەوە بۆ ئەم کتێبە گەورەیە و موهیممە!.

سلێمانیی

زەکیی سایبب

[تەواو]

📖 ✿ پ. ن؛ کە: ١٤/١٣/١٧٢(*)

[نەورۆز/ مستەفا سایبب ـــ برادەرێکی لە هەولێردا] (١)

[٢٩/٩/١٩٣٤ز]

[سلێمانیی]

......

دەمێکە خۆمان لەیێک مات داوە، وا چاکە لە ماتیی دەرچین؛ مەیل تازە بکەینەوە!

هەرچەند موحەببەتێکی پڕ حەقیقەت کە لەگەڵ خوێن و گۆشتا تێکەڵاو بووبێ، ئیحتیاجی نییە بەتازەکردنەوە، مەگەر جار بەجار بۆ تەسفییەی مەعیدە؛ نەختێ (ئینگلیز دۆزیی) (٢) بۆ بخۆین... نەء! لام وایە نە ئەمە، نە ئەوە، هەردوو لە یێک دوورن، یەعنی لەم ڕۆژەدا هەوڵی مەعیشەت بۆ مەنفەعەتی شەخسیی، هەوێنی موحەببەتی بزڕکاندووە!

سەرزاریی، برا و دۆست، ناوئاخنەکەی هەوڵی گیانی گیانییە! جارجاریش کە ئەو ناوئاخنە وەک بۆمبا ئەتەقێتەوە، پارچەیێکی بەڕاست و چەپا، برا و دۆستە گیانی بەگیانییەکانی لاڵ و پاڵ ئەخا! ئەڵێن ئیجتیماعییات زادەی مەدەنییەتە، بەڵام هەردووکیان لە یێک تەلقیح بکرێن، لە ناو ئێمەدا ڕیایی، مەرایی لێ پەیدا ئەبێ کە باپیری ئەمانەیش دەسیسە و مەلعەنەتە! هەروەک چۆن تەفریقە و ئیفسادات، شا دەماری بگریی؛ ڕۆحی دەرئەچێ – ئەو ڕۆحەیش جەهالەتە – ئێمەیش بێ ئەو ڕۆحە ناژین... خوویێکە و گرتوومانە!

لەم ڕۆژانەدا بەسایەی دوکتۆرەکانمانەوە نەخۆشیی «فوقرددەم» (٣) ڕوو لە کزییە، هەموو موبتەلای عیللەتی فوقرودەم بووین کە ئەم دەردەیش لە ناو ئێمەدا دەوای نییە، چونکە بەقەدەر بەڕەی خۆمان پێ درێژ ناکەین، جڵەومان بەرداوە! ئەگەر بڕوا ناکەی، سەری مانگ تۆزێ بگەڕێ و ورد بەرەوە – بەڵام پێ لە چایخانەکان نەبڕیی – ئەوسا ئەزانیی

---

(*) ژیان – ٢٩/٩/١٩٣٤ز (بەسەر نێوی: کاغەزێک بۆ برایێکی خۆشەویستی نووسیوە کە لە هەولێرە!).

(١)– دوای بەراووردێکی زۆر و لێکدانەوەی پێوەندییەکانی بەهاوەڵەکانییەوە؛ پێم وەیە کە یێکێ بێ لە هاوەڵەکانی جارانی و تێکەڵی کوردایەتیی، بەڵام ناتوانم بڵێم کێیە!!.

(٢) دەرمانێک بووە بۆ پاک کردنەوەی گەدە و چەشنی سۆدا بووە. لە ئێرەدا بەتوانج هێناویەتیەوە!.

(٣) کەم خوێنیی!.



پارە ئەدەین وەقتی پێ سەرف ئەکەین! ئەم ماددەیە لە هەمووی خۆشترە! لەهولحەمەد؛ ئەمڕۆ مەعاریف ڕوو لە پێشکەوتنە، خوا ئەولییای ئوموور و مەعاریفپەروەران مووەففەق بکا، هەر لەوحەی مەکتەبەکان مابوو، ئەویشیان گۆڕیی، لەوحە کۆنەکانیان هەڵگرتووە بۆ چەند مەکتەبێکی کە، کە لە دێهات عەشائیرەکاندا تازە گوشاد ئەکرێن!

(ماوییە!) (١)

نەورۆز

[تەواو]

📖 ✿ پ. ن؛ کە: ١٤/١٤/١٧٣(*)

---

(١) چەند سەرنجم داوە (پاشماوە)کەیم لە ڕۆژنامەنووسییدا بەرچاو نەکەوت!.

(*) دەستنووس – ١٠ نامە لە دۆسیێی تایبەتییدا – لە هەمان سەرچاوەی پێشووەوە پارێزراو لە لای من! جێگەی وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و گوتنە کە مستەفا سایبب دوای ڕاگۆستنەوەی لە باژێڕی حیللەوە بۆ سلێمانیی – دەمەو نیوەی س ١٩٣٢ز – لە ڕاییێلەی پڕۆژەی (نەشرییاتی کوردیی – مەریوانیی) و لە نێوان ١/١/١٩٣٢ز – ٣/٦/١٩٣٤ز.دا، ئەم دۆسییەیەی بۆ نامەکانی خۆی کە ناردوونی بۆ (مەریوانیی) نیشتەنیی بەغداد، هەڵگرتووە. مخابن لە دۆسییەکەدا (وەڵامنامەکانی مەریوانیی) دیار نییە و ڕەنگبێ لە دۆسیەیێکی دییدا، هەڵیگرتبێت و دوای کۆچی ماڵئاوایی کەوتییەتە لای یێکێکی دیی و ون بووبێت! ئەم نامانە – هەروەها باسی پڕۆژەی نێوبراویش کە من ئاشکرای دەکەم – باسی سەرەتای پڕۆژەکەیان هەڵنەگرتووە، هەروەها باسی دوا هەواڵەکانیشی... بەڵام وێڕا نامەکان پەردە لەسەر کۆ و چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی دوو کەسی بێ پێوەندیی بەچاپ و چاپگەریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی ساغ دەکەنەوە کە – وێڕای جودایی پیشەی خۆیان – لە ڕۆژگارێکی دواکەوتووی ناسکدا مشوورخۆری چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی بوون، هەروەها دیسان – بەشێوەیێکی دڵنیا و ڕاست و تۆمار کراوەوە – باری کۆ و چاپکردن، شوێن و سنووری بڵاوکردنەوە، باری فرۆشتن، ژمارەی چاپ و بڵاوکراوەکان ئاشکرا دەکەن و گۆشەیێکی نهێنیی مێژووی (بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیی) ڕووناک دەکەنەوە!

**پڕۆژەی نەشرییاتی کوردیی – مەریوانیی:**

دوای وردبوونەوەم، دڵنیا دەڵێم کە؛ ئەم پڕۆژەیە دوو قۆناغی بەخۆیەوە دیتووە:

یێکەم: مستەفا سایبب – بەتەنێ! – دوای دامەزراندنی بەئەندازەڤان لە باژێڕی سلێمانیی ١٩٢٦ز.دا، بەکردەوە کەوتووەتە خۆ تا (دیوان و نووسراوی کوردیی) کۆ و چاپ و بڵاو بکاتەوە و (نامەکانی ڕابوردوو) بەڵگەن... بەڵام زۆر وێ دەچێت کە لە س ١٩٢٧ز.دا و بەدارایی خۆیەوە، دەستی بەئەم کارە کردبێت و بەخۆشەویستیی (لاوانی کورد)ەوە، نێوی خۆی فەرامۆش کردبێت کە =

= بۆ ئەم باسە دوو بەڵگە پشتیوانمن:
١- بابەتی کۆمەڵیی ئامادە و چاپ کراو؛ (ڕەووشت و خوو - لاوانی کورد؛ س ١٩٢٧ز) کە نێوی کەسێ بەسەرەوە نییە؛ ئەگەر بەراووردی (دەستنووسی خۆی و پارێزراو لە لای من) بکرێت کە مێژووی ١٩٢٨/١٢/٢٠ز.ی بەسەرەوە هەیە و (بابەتەکانی نزیکی چاپکراوەکەیە!) ئەوە وێڕای زمان و شێواز و نێونیشانەکانی هێندێ باس، بەڵگەن کە کردەوەی مستەفا خۆیەتی!
جێگەی گوتنە، ئەو دەستنووسەی لە لای منە، ئەوە دەنوێنێت - هێندێ دەستکاریشی پێوە دیارە - بۆ چاپکردنی دووەم جار ئامادە کرابێت کە هەر نەیشیکردووە!.
٢- ئەگەر ئەوە بەیێکەم چاپکراو بزانین، ئەوە بابەتێکی وەرگێڕدراو لە زمانی تورکییەوە: (کورد لە کەیێکەوە خەریکە؟ - عەلیی عیرفان، چاپخانەی ئەلفورات؛ بەغداد س ١٩٢٧ز) کە وەرگێڕەکەی پێشکەشی (لاوانی کورد)ی کردووە، دیسان بەبلاوکراوەی مستەفای دەزانم و بۆ ئەمەش چوار هۆ پشتیوانە:
١/٢ - عەلیی عیرفانی ئەندامی (ک. زەردەشت) و دواتر (ک. خویبوون)ی هەردوو نهێنیی، لە ئەیلوولی ١٩٢٧ز.دا بووە بەڕێبەری چاپخانەکە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیان)! ئەوجا ئەگەر بەر لە ئەم مانگەی ئەو ساڵە چاپ و بلاو بووبێتەوە، ئەوە عەلیی عیرفان - مامۆستایێکی قوتابخانە - و کەم دەرامەت بووە و توانای چاپکردنی نەبووە و دەبێت یێکێکی دەرامەت بەهێز، بەدەسەڵات - وەک مستەفا سایبیی ئەندازەڤان و باوەڕ پێ کراوی ئەو کۆمەڵە نهێنییانە - خەرجیی چاپ کردنی گرتبیەتە خۆی!
٢/٢- ئەگەر دوای دامەزراندنی عەلیی عیرفان لە ڕۆژنامەکەدا، چاپ و بلاو کرابیەتەوە، دەی دەیتوانیی بابەتێکی «١٥» لاپەڕە - کتێبەکە - لە ڕۆژنامەکەدا بلاو بکاتەوە کە بێ گومان بۆ ڕۆژنامەکە چاکتر دەبوو. کە وایشینەکردبێت، دیارە بۆی نەلواوە و مستەفا ئەرکەکەی گرتووەتە خۆی!.
٣/٢- وێڕای پێوەندیی هاوەڵیی و هاوبیریی، خزمایەتیشیان لە نێواندا هەبووە و عەلیی عیرفان، ژنبرای جەمیل سایبیی برا گەورەی مستەفایە!
٤/٢- هەڵبەت خۆشەویستیی مستەفا بۆ (لاوانی کورد) و پێشکەشەکەی عەلیی عیرفان بۆ (لاوانی کورد) ئەمەش هەر بەڵگەی بەهێزە.
بەر لە نۆڕینە قۆناغی دووەم - کە یێکەم چاپکراوی ئەم قۆناغەش وەکو دیارە لە س ١٩٣١ز.دا بووە - پێویست دەکات وەڵامی ئەم پرسیارە پڕ لە گومانە بدەمەوە: بۆچیی لە ماوەی چوار ساڵدا - ١٩٢٧ز ـــ ١٩٣١ز - مستەفا چیی دیی نەکردووە؟
بۆ وەڵامێکی ماقووڵ، دەڵێم:
=



= یێکەم: لە نێوەندی ١٩٢٧ز - ١٩٢٠/١٢/٢٠ کە بەیاننامەی سیاسیی پێ گیراوە، تا ساڵی ١٩٣٠ز کە لە «حیللە»دا گیرسایەوە، ڕووداوی گرنگ بەسەر خۆی و گەلی کوردیشدا هاتووە:
- لە نیسانی ١٩٢٧ز بەدواوە، لقی سلێمانیی (ک. ز. ک) تووشی لاوازیی و سستیی بوو کە سەرۆکەکەی؛ ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ لێی دوور کەوتەوە و لە موتەسەرڕیفیی خرا! هەڵبەت ئەو کۆمەڵەیە چرایێکی ڕۆشنبیریی و هیوای چاپ و بلاوکردنەوەی کوردیی بوو!.
- لە تەمووزی ١٩٢٧ز.دا (حەفید زادە مەحموود) دەستی لە خەباتی چەکداریی هەڵگرت و سیاسییانە جووڵایەوە و لە گوندی «پیران»دا دانیشت!.
- لە تەشرینی یێکەمی ١٩٢٧ز.دا (کۆنگرەی ک. خ - لوبنان) گرێ درا و کاری کردە سەر سلێمانیی و وێ دەچێت (لقی سلێمانیی) بەسەرۆکایەتیی مستەفا دامەزرا بێت!.
- بەیاننامە پێ گرتنی و بەڵگەنامە بریتانیاییەکەی س ١٩٢٩ز جەخت دەکەن کە مستەفا پتر خەریکی کاری سیاسیی بووە و بەئەم ڕۆشناییەش جموجووڵی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە کەمتر لەبار بووە.
دووەم: لای من ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٣٠ز لە حیللەوە - نەک لە ساڵی ١٩٣١ و یێکەم چاپ کراوەوە - دەست پێ دەکات، چونکە ئەو لە باژێڕەی دوورە کوردستانەوە و نزیکی بەغدادیی پڕ لە گەورە پیاوی کورد و (لاوانی کورد)ی خوێندکار و نزیکەکانی، کردەوەی ڕۆشنبیرانەی وەک چاپ و بلاوکردنەوەی بۆ لەبار و ئاسانتر کردووە، بەتایبەتی کە هاوەڵێکی گیانی گیانی وەک (مەریوانیی) هاوبیر و هاودەنگ و هاومەبەستی هەبووبێت!
بەئەم پێیە (نەشرییاتی کوردیی - مەریوانیی) بەتەواوەتیی کەوتووەتە دوو ماوەی ساڵانی (١٩٣٠ز - ١٩٣٢ز/ حیللە - بەغداد) و (١٩٣٢ز - ١٩٣٨ز/ بەغداد - سلێمانیی!).
من لام ڕوون نییە داخۆ - لە هەردوو ماوەکەدا - سەرمایەی هاوبەشی هەردووکیان لە ئەم پڕۆژەیەدا چەند بووە، بەڵام هەر (ئەم نامانە) بەڵگەن و جەخت دەکەن کە لە ماوەی دووەمدا هاوبەشن! لە لایێکی دیەوە، بنچینەی خوێندەواریی هەردووکیان، هەروەها تێکەڵیی گەرمی مستەفا لە سیایەتدا، هەروەها نیشتەنیی تاهیر مەریوانیی لە بەغداددا و مستەفاش پتر لە کوردستاندا، دیسان ئاشکرایی پێوەندیی زووی مستەفا بەکەلەپوورەوە، هەموو بەڵگەی ڕاستن کە (مستەفا پتر ئەرکی کۆ و ئامادەکردن و ناردن و بلاوکردنەوەیانی لە ئەستۆدا بووە!).
بەڕۆشنایی نووسراوە وەرگێڕدراوەکان - بەتایبەتی دەستنووسەکانی مستەفا خۆی - و باسی دەمودوویی مستەفا بۆ جەمال بابان، دیسان بەڕۆشنایی نامەکەی س ١٩٢٧ز.ی مستەفا؛ ئەمانە بەڵگەن کە (زۆربەی نووسراوە - کۆکراوە و وەرگێڕدراوەکان) بەری قەڵەمی مستەفا سایبیە!
**چاپ و بلاوکراوەکانی پڕۆژەی (نەشرییاتی کوردیی - مەریوانیی):**
=

.......................................................................

=

١- ديوانیی نالیی - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی داروسسەلام، بەغداد؛ **١٩٣١**ز، (**٦٩** لاپەڕە).

٢- ديوانیی کوردیی - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی داروسسەلام، بەغداد؛ **١٩٣١**ز (**٣٨** لاپەڕە).

٣- یاریی کوردیی - مەریوانیی، چاپخانەی داروسسەلام، بەغداد؛ **١٩٣٢**ز (**٣٠** لاپەڕە، تا لاپەڕە **٢٩** باسی وەرزش و دواییەکەی باسی هێندێ یاریی کوردییە!).

٤- گۆرانیی - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی مەریوانیی، بەغداد؛ **١٩٣٢**ز (**٧٢** لاپەڕە: هێندێ گۆرانیی و مەقامی کوردیی وەک: ئەڵڵاوەیسیی، خورشیدیی، قەتار، خاوکەر، ئای ئای).

٥- خورشیدی خاوە - أ. ش(*) مەریوانیی، چاپخانەی نەجاح، بەغداد؛ **١٩٣٢**ز (**٣٥** لاپەڕە؛ چیرۆکی کۆنە و لە فارسییەوە کراوە بەکوردیی).

٦- یادگاری لاوان - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی کەرخ، بەغداد؛ **١٩٣٣** (**١٠٦** لاپەڕە؛ بەرهەمی شیعر و پەخشانی ئەدەبییاتی چەند شاعیر و نووسەرێکی کوردە!).

٧- دیوانی سالم - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی کەرخ - بەغداد؛ **١٩٣٣**ز (**٣٣** لاپەڕە!).

٨- هەموو کچێک چیی بزانێ - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی کەرخ، بەغداد؛ **١٩٣٣**ز (**٨٨** لاپەڕە؛ لە سەرچاوەکانی خۆرئاواوە گەڵاڵە کراوە و لەمەڕ نهێنییەکانی ژینی سەکسیی - جینس - و تەندروستیی ژنە!).

٩- شەرلۆک هۆڵمس لە گوللەیێک لە تاریکییدا - کۆنان دویل، کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی مەریوانیی؛ بەغداد؛ **١٩٣٥**ز (**٤٠** لاپەڕە؛ ڕۆمانێکی پۆلیسیانەیە!).

١٠- دیوانی شێخ ڕەزا - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی مەریوانیی، بەغداد؛ **١٩٣٥**ز (**٢٣٦** لاپەڕە؛ شیعرەکانی بەکوردیی، فارسیی، تورکیی).

١١- تووتنەکەمان - مەریوانیی (!!)(**)، چاپخانەی مەریوانیی؛ بەغداد؛ **١٩٣٥**ز (**٤١** لاپەڕەیە).

١٢- دوو تەقەللای بێ سوود - محەممەدئەمین زەکیی؛ چاپخانەی مەریوانیی؛ بەغداد؛ **١٩٣٥**ز (**٦٩** لاپەڕە؛ یاداشتێکی س ١٩٣٠ز کە بۆ مافەکانی گەلی کورد دابووی بەحوکوومەتی عێراقی عەرەب. لەگەڵ چاپ و کەوتنە بازاڕەوە، دەستبەجێ بەفەرمانی حوکوومەت قەدەغە و کۆکرایەوە!).

١٣- دیوانی حەریق - کوردیی و مەریوانیی، چاپخانەی مەریوانیی؛ بەغداد؛ **١٩٣٨**ز (**١٠٣** لاپەڕە).

** ئەنجام:

وێڕای ئەوەی کە هێندێ وردە باسی دیی هەن و لە ئێرەدا نەشتەر لێ دانیان زۆر دەکێشێت و جێ نابێتەوە، بەکورتیی دەتوانم دڵنیا بڵێم کە پرۆژەی (نەشرییاتی کوردیی - مەریوانیی) هەنگاوێکی گەورەی دوو دڵسۆزی ڕۆشنبیریی و ئەدەبییاتی کوردیی بووە کە بەنهێنیی و ئاشکرا بەربەرەکانێ =

*(*) أ. ش = ئەحمەد شوکریی - شاعیر.*

*(**) ڕاستییەکەی نووسراوی ئەحمەد ڕەفیقی خەڵکی سلێمانییە نەک مەریوانیی!.*



[مستەفا سایيب ـــ تاهیر بەهجەت مەریوانیی](١)

Jimare: 1 [ژمارە: ١]

Roj 1.1.33 [ڕۆژ: ١/١/١٩٣٣ز]

Sulemany [سلێمانیی]

برا

**١- ئەمە دەفتەری حیسابی لای من، وا ناردم! تۆیش هیی خۆت بنێرە. وەک بۆم نووسیی بوویت؛ کتێبی (گۆرانیی) مەنێرە بۆ هیچ لایێک و زۆری لەناو مەبە! چونکە کەمە و لە پاشدا داوا ئەکرێ، منیش هەروا ئەکەم. وەک نووسیم «٢٥٠» نوسخەی بۆ بنێرە بۆ ئێرە «١٠» نوسخەیێکیش بنێرە بۆ (شێخ ساڵح)(٢) و ئیتر جارێ بۆ هیچ لایێک مەنێرە! حەز ئەکەی بەکارتێک خەبەر بدە بە(عەبدالله سامی)(٣) لە «کۆیە»دا؛ بزانە ئەویش داوای ئەکا یان نا؟ بەڵام بنووسە بۆی کە پارەکەیمان زوو ئەوێ.**

**٢- لە پاش ئەمە؛ تەقریبیی حیسابێکی (دیوانی سالم)یش بکە؛ بزانە چەندی ئەوێ؟.**

= دەکران. نرخی ئەم پرۆژەیە لە ئەوەدایە کە لە ماوەی ١٠ ساڵدا - واتە تا ١٩٣٠ز - لە کوردستانی باشووردا، هەمووی **٢٧** کتێبۆکەی هەمەجۆر چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کەچیی لە ماوەی **١٩٣١**ز - **١٩٣٨**ز.دا، ئەم پرۆژەیە **١٢** بابەتی گرنگ و هەمەجۆر بەرەنج و دەرامەتی دوو کەسەوە، چاپ و بڵاو کردووەتەوە. ئەم پرۆژەیە - وەک جارێکی پشت بەرگی دیوانی حەریق دەینوێنێت - دیارە بەرهەمی دیی بەدەستەوە هەبووە و ڕووی لە پێشکەوتن بووە، بەتایبەتی کە تاهیر بەهجەت مەریوانیی (چاپخانەی مەریوانیی)شی داناوە، مخابن لەپڕ پەکی کەوتووە کە بڕوام بەهێزە هۆکەی بەتەنێ (کۆچی مەریوانیی)ە بۆ ئەمریکا نەک ناکۆکیی، یان قەدەغەکردنی جموجووڵی. هەرچۆنێ بێت؛ دەتوانم بڵێم لە نێوان **١٩٢٦**ز - **١٩٣٨**ز.دا، لە کوردستانی باشووردا «**٣**» کەسی کارامە و نەتەوەپەروەری دڵسۆز؛ حسێن حوزنی موکریانیی، مستەفا سایيب، تاهیر بەهجەت مەریوانیی جێگەی دەزگەی حوکوومەتیی و کیسەی دەوڵەمەندانیان گرت بووەوە و بۆ خزمەت و بووژاندنەوە و پێشکەوتنی ئەقڵ و ماریفەت و پێ گەییشتنی کورد تێ دەکۆشان، بۆیێکا بەڕاستیی پرۆژەی (نەشرییاتی کوردیی-مەریوانیی) لە مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیریی کورددا نرخێکی گران و بەرزی هەیە.

(١) بۆ ژیننامەی تاهیر بەهجەت مەریوانیی، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) شێخ ساڵح ئەفەندیی سەعاتچیی، فرۆشیاری بڵاوکراوەکان لە کەرکووکدا.

(٣) عەبدالله سامی ئەفەندیی؛ کوڕی کارگێڕی پۆستە و بروسکەی «کۆیە» کە خەڵکی جزیر و بۆتان بووە.خۆیشی مامۆستا و کوردپەروەر و دەرچووی فێرگەی کشت و کێڵ دوای قوتابخانەی سەرەتایی.

٣- تۆیش لەمەولا کاغەزێ کە عائید بە(نەشرییات) بێ، بەقۆپییە بینووسە و بەژمارەوە، سوورەتی لای خۆت لە دۆسیەیێکدا وەک من هەڵبگرە وەک من! وا زۆر باشترە و لەمەولا ژمارەیشی لەسەر دابنێین باشە تا ئەگەر موراجەعەتمان کرد، بەکاغەزێک؛ ژمارەی بەیان بکەین و دۆزینەوە و تێ گەیشتنی ئاسان بێ.

ئیتر بەعەجەلە چاوەڕێی کتێبەکان و کاغەزی درێژتم!

Kurdy / (کوردیی)

جەدوەلی حیسابی مانگی کانوونی ئەووەل ١٩٣٢ – 1932[1]

[تەواو]

| | | |
|---|---|---|
| پاشەکەوتی ٣٢ مانگ: ت١، ت٢، کا١: هی من کە لەسەر خۆت حیسابم کردووە | ١,٠٠٠ | ١,٠٠٠ |
| قیمەتی دیوانێکی (کوردی) | | ٠,٠٦٠ |
| | ١,٠٠٠ | ٠,٠٦٠ |
| | ١,٠٠٠ | ٠,٠٦٠ |
| لای عەبداللە بەگ[2] موعەللیمی هەڵەبجە کتێبی (یاریی) عەدەد: ١٥ هێشتا پارەی وەرنەگرتووە. | | ٠,١٥٠ |
| ٨ لای مەکتەبی دووەمی سلێمانیی: کتێبی (یاریی). | | ٠,٠٨٠ |
| ٤٠ لای مەکتەبی موتەوەسستیەی سلێمانیی کتێبی (یاریی). | | ٠,٤٠٠ |
| ئەو کتێبانەی لای خۆم ماوە و نەفرۆشراوە | عەدەد | ٠,٦٣٠ |
| نالی | ٦٥ | |
| کوردی | ٢٥ | |
| یاریی | ١٠ | |

(١) وەک نووسراوە.

(٢) مەبەست عەبداللە سلێمان (گۆران)ی شاعیرە!.



📖 ✿ پ. ن؛ کە: ١٧٤/١٥/١٤

[مستەفا سایێب ـــ ت. ب. مەریوانیی]

ژمارە: ٢/ B [سلێمانیی]

[١٩]٣٣/١٧[ز]

برا

١- کاغەزەکەتم وەرگرت. خۆت ئەیزانیی، من حیسابی پێشووم هیچ نەگرتووە و سەرم لێ دەرناچێ؛[1] چونکە من و تۆ فەرقمان نەکردووە و هەر پارەیێک سەرف وە یا وەرگیرابێ، بۆ هەردوو لامان وەک یێک وا بووە، باخوسووس هەر تۆیش نەختێ حیسابت باشتر ڕاگرتووە! تەبیعیی خۆت شارەزاتری!.

٢- حەققی پۆستەی کتێب، حیساب بکە.

٣- جوابی مستەفا ئەفەندیی موفەتتیش[2] هاتەوە، ئەڵێ: ئیمکان نییە لەو ناوە هیچ بفرۆشرێ! بەڵام نوسخەیێکی (گۆرانیی) بۆ بنێرە و بەناوی هەردووکمانەوە دوو کەلیمەی تیا بنووسە؛ ئایا بەناوی خزمەتەوە مومکین نییە لەم کتێبی (گۆرانیی)ە هیچ بفرۆشن؟ بنووسە جوابەکەی بنووسەوە بۆ فلان کەس لە سلێمانییدا!.

٤- جوابی فوئادم[3] بۆ هاتەوە. فوئاد ئەڵێ؛ (یاریی) «٢٠» نوسخەی هاتووە. تۆ لە حیسابەکەدا نووسیوتە «١٥» نوسخە!! ئەم فەرقە چییە؟ دوای «٣٠» نوسخەی تر لە (یاریی) ئەکا، بۆی بنێرە!.

٥- لەمەولا لەجیاتی B. A،[4] ئەووەڵی حەرفی شارەکان بنووسین! مەقبووڵترە. یەعنی تۆ بیکە بە(B) و من بیکەم بە(S).[5]

٦- (گۆرانیی)ەکان نەهاتوون، شەقم برد. بچۆرە سەریان یا پێیانبنێرە! یا خۆت یێکێ

(١) هەڵبەت مەبەستی ئەژماری ڕۆژگاری حیللە - بەغداد؛ ١٩٣٠ز – ١٩٣٢ز، هەروەها سەرەتای پرۆی نەشرییاتەکەیانە.

(٢) مەبەست مستەفا مەزهەرە. (بنۆڕە: نێوداران).

(٣) مەبەست فوئاد ڕەشیدی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی ئەو کاتەی ڕواندزە. (بنۆڕە: نێوداران).

(٤) A, B: دوو نیشانەی پێشنیارکراوی (مەریوانیی) بووە کە خۆی (ئا) و کوردیی (B – بێ) بووە لە نامەگۆڕینەوەدا!.

(٥) B بەغداد و S سلێمانیی.

بدۆزەرەوە، زوو پێش جەژن بینێرەوە! درەنگە!

Kurdy[١]

(کوردیی)

[تەواو]

🕮 ✲ پ. ن؛ کە: ١٤/١٦/١٧٥[*]

[مستەفا سایب ـــ ت. ب. مەریوانیی]

ژمارە: S/٣ [سلێمانیی]

ڕۆژ: ٢٤/ تووبڕین - ٢/٣٣[١٩ز][٢]

برا

١- دیوانی (شێخ ڕەزا) بارمتە نییە! نەمزانیی ئەوەندە زەرووریيە! سبەینێ ئەینێرمەوە!.

٢- (ئەنجوومەن)ەکە جارێ با لات بێ، هەر لەناو نەچێ، قەیناکا؟[٣]

٣- عەرزی ئەمین زەکیی بەگ بکە؛ نەمزانیی کوڕی (جعێدنی)[٤]

وا بێ غیرەتە. بەوا ناردم گێلاسەکان. پێرێ دیسان ٥ - ٦ لقی کەم بۆ ناردووە. تۆ گەییشتنی لێ بپرسە و بۆم بنووسەرەوە.

٤- ئەگەر مومکینە بەکابرای ئەڵمان[٥] لە نەشرییاتەکەمان هەریێکەی نوسخەیێکی بدەرێ!.

---

(١) هەر ئەم ئیمزایەی بەتیپی لاتینیی لێ داوە!.

(*) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) تووبڕین = ڕەشەمێ/ شوبات!.

(٣) مەبەست: ئەنجومەنی ئەدیبان - ئەمین فەیزیی، چاپخانەی تەرجومانی حەقیقەت؛ ئەستەنبووڵ ١٩٢٠ز. (کەشکۆڵی کۆمەڵی شاعیری کوردە!).

(٤) جعێدنی: ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبە کە وێڕای خۆشڕەوییەکەی هەر چوار پەلی یێک ڕەنگە و سپیی تێدا نییە! سەعید زەنگەنەی بابی حەمەساڵح زەنگەنەی نیشتەنیی سلێمانیی، ئەسپێکی ئەوتۆی هەبووە و خەڵک بەئەسپە ناسراوەکەیەوە پتر ناسیویانە. (کوڕی جعێدنی)ش دیارە مەبەست حەمەساڵحی سەعید جعێدنییە!.

(٥) نەمزانی مەبەست لە چ کابرایێکی خۆرهەڵاتناس - ئەڵمانییە؟



٥- تەرجومەی (سالم)؛ ناهیەخانیش هەر ئەوە ئەزانێ کە من ناردوومە بۆت، چونکە ئەوانەی من لە هەڵەبجە نووسیومە[١] لێرە زاتی کەس نایزانێ، حەتتا خزمەکانیشی. ئەگەر ساڵح زەکیی[٢] ئەوەندە هیممەتی بکردایە، هینەکەی عەلیی باپیری بدابایە، باش بوو!

٦- کتێبەکان؛ جارێ «١٩٩» نوسخەم بۆ هاتووە، ڕەواجی باشە. لەبەرەوە ئەفرۆشرێ، بەڵام دووبارە بچۆرەوە سەریان، بلێ؛ باقییەکەیشی بنێرن زوو!.

٧- ئاخۆ ئەتوانین لە نیوەی دوای مانگی ڕەشەمێدا، دەست بکەین بە(سالم)؛ دیباجەکەم بۆ بنێرە بیخوێنمەوە!.

٨- خالم[٣] هان دا، وا خەریکی (مەولەویی)ە.[٤] چۆن؟ شیعرەکانی مەولەویی عەینەن ئەنووسێ، لە ژێریا تەرجەمە و مەئالی! ئەوە زۆر باشە بەکوردیی سلێمانیی و بەشیعر ئەینووسێتەوە. گەنجینەییێکی زۆر بەقیمەت ئەبێ. خوا بکا بێ تەگەرە بیباتە سەر. زۆر موهیممە، زۆر!.

٩- ئەم مانگە ئەتوانیی داخلی (کۆنکۆردیا/ Concordia)[٥] ببی! یا من لەسەر حیسابی پاشەکەوت بۆت بدەم و لای خۆت قەیدی بکەی؟! ئەڵێی چیی نیو دینارە؟ زۆر خۆشە!.

١٠- (یاریی)ەکانت نارد بۆ فوئاد ڕەشید یان نەء؟

Kurdy

(کوردیی)

[تەواو]

---

(١) ڕەنگبێ لە س ١٩٢١ز.دا کە لە هەڵەبجەدا بووە، مشووری ئەو باسەی خواردبێ!.

(٢) مەبەست ساڵح زەکیی ساحێبقڕانی خاوەندی گۆڤاری (دیاریی کوردستان)ە کە بەهۆی کرد و کۆشی شاعیر عەلیی کەمال باپیر ئاغاوە - لە گۆڤارەکەدا - دەستی دایێ بڵاوکردنەوەی ژیننامە و شیعرەکانی (سالم).

(٣) مەبەستی (پیرەمێرد)ە!.

(٤) ئەم کارە بەنرخەی پیرەمێرد نوخشەکانی لە (ژیان) و (ژین)دا بڵاوە.

(٥) یاریی پاشەکەوتی پارە!.

📖 ☼ پ. ن؛ کە: ١٧٦/١٧/١٤(*)

[مستەفا سایبب ـــــ ت. ب. مەریوانیی]

ژمارە: ٤/S[سلێمانیی]

ڕۆژ: ٩٣٣/١/٣١[١.ز]

......(١)

١- لەبەر پرسەی ژنی کاکم(٢) نەپەرژام (شێخ ڕەزا) بنێرم، یا سبەینێ یا دووسبەی ئەینێرم!.

٢- حالەن بەئەووەل واسیتەدا «٥٠» دانەی کە کتێبی (گۆرانیی) بنێرە! ئەو «٨٩» نوسخەیە کە نووسراوە ماوە، لە تەواو بووندایە! هەندێکی فرۆشراوە، سبەینێ پارەی وەرئەگرم. دەستبەجێ ئەو «٥٠» نوسخەیە یا بەپاکەتێک یا بەدوو پاکەت، ئەگەر کەسێ حازر نەبوو، قیروسیا بەپۆستەدا، بێ وەستان بینێرە بەناوی ئەحمەد سەعیدەوە لە دوکانی خەیات ئەحمەدی خالە عەلیی(٣)، چونکە داماوین لەسەر کتێب. هێشتا بۆ «هەڵەبجە»یشم نەناردووە!.

٣- بچۆرە ماڵەوە(٤)، ئەگەر خۆیان بیری هاتنیان نییە بۆ سلێمانیی، کتێبەکانی ئەوانیش کە ماوە، بەئەووەڵ واسیتەدا بیاننێرە!.

٤- تۆ هیچت لێ فرۆشتووە لە (گۆرانیی) یان نا؟

٥- کەی ئەتوانین دەست بکەین بەچاپی (سالم)؟

٦- زوو (گۆرانیی)ەکان بنێرە. یێک کتێبم لا نەماوە؟

٧- ئەگەر خوشکم بێتەوە سلێمانیی، ڕەنگە من بێم بۆ بەغدا! بەتەلەغرافی خەبەرت ئەدەمێ کە بۆم نووسیت ڕاست لە ماڵەوە ببینە! جارێ بزانین، بەڵام کتێبەکان ئەگەر

(*) دەستنووس - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١) بێ پێشەکییە. هەروەها خشتەی کتێبەکان و فرۆشتنیان لە بانەوە دانراوە و بەکوردیی لاتینیی نووسراوە.

(٢) مەبەست حەبیبەی مەلا عەبدالله عیرفانی کابانی جەمیل سایبە.

(٣) فرۆشیاری بلاوکراوەکانی لە سلێمانییدا!.

(٤) مەبەست ماڵی خوشکییەتی؛ فەهیمەی کابانی میرزا فەرەج!.



کەسی حازر و ئەمین نییە، حالەن بەپۆستەدا بینێرە! لێرە هەمووم بە«٢٠» فلس فرۆشتووە، باشە!

Kurdy

(کوردیی)

| | نالیی | کوردی | یاریی | گۆرانیی | ف | د | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- فرۆشراوە | | ٤* | ٨ | ١٠٨ | ٨٠<br>١٦٠ | ٢ | ٤* (کوردیی) لەسەر نووسینی خۆت دامە بە مەلا ڕەحیم وە بەپارەم وەرنەگرتووە.(١) |
| ٢- ماوە | ٦٥ | ٢٥ | ٤٠ | ٨٩ | | | ٢ (گۆرانیی)م داوە بە (ژیان)(٢) وە مەکتەبی کچان بێ پارە |
| ٣- واریداتی مانگی پێشوو | | | | | ٢١٦ | — | |
| ٤-پاشکەوتی مانگی پێشوو | | | | | ٤٠٠ | — | |
| ٥- هەموو واریداتی ١٩٣٣ | | | | | ٨٥٦ | ٢ | |

[تەواو]

(١) مەبەست مەلا ڕەحیمی مەریوانییە کە لە مزگەوتی هەمزاغای سلێمانییدا بووە!.

(٢) مەبەست ڕۆژنامەی (ژیان)ە!.

📖 ✡ پ. ن؛ کە: ١٧٧/١٨/١٤(*)

[مستەفا سابیب ـــ ت. ب. مەریوانیی]

ژمارە: ٥/ S [سلێمانیی]

ڕۆژ: ١٩٣٣/٣/٢[ ز.]

......(١)

١- لەو چل و پێنجە (١٠ گۆرانیی) لە چەمچەماڵە. لەم ڕۆژانەدا ڕەنگە پارەکەی بنێرن. ئەوانی کەیش لە فرۆشتنایە!.

٢- (سالم)ت دا بەچاپ یان نە؟ لەقەبی (بیمار)ی نییە(٢)! لێرە هەموو وا ئەڵێن. پارەکەت وەرگرت؟

٣- بۆ چاپی کتێب و لەو کاغەزە عادییانەی پێم وتیت؛ پرست کرد یا نا؟ فەرقی چۆنە؟.

٤- لە دوای (سالم) ئەڵێم؛ (هەموو کچێک چیی بزانێ) و کتێبێک لەو (حیکاتە بچووکانەی تەرجومەم کردوون)(٣) لە چاپ بدەین باشە. تۆ ئەڵێی چیی؟.

٥- جەدوەلی حیساباتی مانگی پێشووم و ئەم مانگەی خۆت زوو بنێرە! چونکە هی مانگی پێشووت نەنارد و تەمەڵیی مەنوێنە!.

Kurdy

(کوردیی)

(*) دەستنووس – هەمان سەرچاوەی پێشوو

(١) بێ پێشەکییە و خشتەی ئەژمارەکەیشی بەکوردیی لاتینیی نووسیوە.

(٢) ڕەنگبێ ئەمە یێکەم جار بێ هەواڵێکی ئەوتۆ ببیسترێت!.

(٣) لە ڕابوردوودا باسیان کراوە.



| | | ناليی | کوردیی | یاریی | گۆرانیی | قیمەت | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ف | د | |
| ١ | مەوجوود | ٦٥ | ٢٥ | ٤٠ | ٣٠٠ | | | |
| ١ | فرۆشراو | ١٢ | ١٦ | ١٥ | ١٤٣ | ١٥٠<br>٢٨٠ | –<br>٢ | * داومە بەمەلا ڕەحیم پارەم هیچ وەرنەگرتووە |
| ٢ | ماوە | ٥٣ | ٩ | ٢٥ | ٤٥B | – | – | B: ٢ نوسخەم داوە بەمەلا ڕەحیم، پارەم وەرنگرتووە |
| ٣ | واریداتی پێشوو ٣/١ | | | | | ٨٦٥ | ٢ | |
| ٤ | پاشەکەوتی ڕەشەمی٢/٣٣ | | | | | ٤٠٠ | – | |
| ٥ | هەموو واریدات | | | | | | | سەرفیات<br>٥١٥٠<br>٥,٧٥٠ بۆ کۆنکوردیا و حەوا<br>٦,٢٦٥<br>٠,٠٠١ |
| | | | | | | ٢٦٦ | ٦ | ٦,٢٦٦ باقیی |

[تەواو]

(*) نیشانەی بەخسینە

🕮 ✡ پ. ن؛ كه: ١٤/١٩/١٧٨(*)

[مستەفا سایيب ـــ ت. ب. مەريوانيى]

ژمارە: S/٦ [سلێمانيى]

ڕۆژ: ١٩٣٣/٣/٢٢[.ز]

براكە

١- ئەو كتێبە وردانەت بۆچيى بە ٥٠٠ حيسابت پرسيوە؟ بەشكوو زياتر لە چاپ بدەين! حورووفەكانى وەك كتێبە بچكۆلە توركييەكان بێ، باشە! لە F ٧٠٠[1] كەمتر نييە!

٢- ئەڵێى ديوانى (سالم) لە چاپ دايە و ١٤ لاپەڕەى لە چاپ دراون، كەچيى ئەڵێى لەو نموونەيە قوبووڵم نەكرد! ئەى چ نموونەييكە و چۆنە؟.

٣- بەحيسابى نيهائيى (سالم) هەمووى چەندى تێ ئەچێ؟.

٤- تەرجومەى حاڵى (سالم) لەوە زياتر نييە لێرە؛ تۆ لە هەردووكيان يێكێكى مەعقوول و باش ڕێك بخە كە نزيك هينەكەى ساڵح زەكيى بێت!.

٥- لێرە هەر خەريكم بەشكو بەلەدييە، حورووفاتێ بكڕێ بۆ چاپخانەكە، وەختە سەر بگرێ، كە سەرى گرت، ئەڵێم كتێب لە چاپ بدەين![2]

٦- باشە، كاغەز ئەنووسم بۆ فوئاد ڕەشيد!.

٧- نوخشەى چار[3] جوانە، خراپ نييە!.

---

(*) دەستنووس - هەمان سەرچاوەى پێشوو.

(١) فلس.

(٢) ڕاستييەكەى (تيپى نوێ) بۆ چاپخانەكەى (ژيان)ى بەلەدييە كڕدراوە، بەڵام لە چاپدانى بڵاوكراوەكانى (كورديى - مەريوانيى) لە سلێمانييدا هەرگيز سەرى نەگرتووە. پيرەمێردى ڕێبەرى چاپخانە و ڕۆژنامەى (ژيان - ١٩٣٣/٥/٢٥ز) بەسەر گوتارى (مزگێنيى دڵ تازەبوونەوەى خوێندەواران)ەوە دەڵێت: (هەرچۆنێ بێ وا خوا ڕێكى خست؛ تيپى تازەمان بۆ چاپخانەكە پەيدا كرد! وا دەبينين كە «ژيان» ژيايەوە و كەوتە شكڵ و ڕەنگێكى واوە كە بخوێنرێتەوە... ئيتر خوا يار بێ لەمەودوا غەزەتەكەشمان جوان دەرئەچێت! ئينجا دەمێنێتەوە سەر ئەمە كە ئاسارى پێشينان چاپ بكەين!).

(٣) ئەو بابەتە لە بەرگى (ديوانى حەريق - س ١٩٣٨ز)دا باسى كراوە كە ئامادەيە بۆ چاپ و ڕەنگبێ مەبەست چيرۆكێ بووبێت!.



٨- قەرارمان دابوو كە (ئەلفابێ)ى وەهبى بەگ بمێنێ[1]، چونكە پارەى زۆرى ئەوێ! من ئەڵێم ئەو بمێنێ لەگەڵ (ناوە كورديى)ەكاندا[2]، لە هەلێكدا بڵاوى ئەكەينەوە!.

٩- تا يێک دوو ڕۆژى كە؛ (ژيان)ەكان ئەنێرم ئەگەر دەست كەوت![3]

١٠- وا سەرەتاكەم بۆ ناردیتەوە. شتى وا درێژ بۆ ئێمە گرانە... هەڵيگرە بۆ وەختى خۆى!.

Kurdy

(كورديى)

[تەواو]

🕮 ✡ پ. ن؛ كه: ١٤/٢٠/١٧٩(*)

[مستەفا سایيب ـــ ت. ب. مەريوانيى]

ژمارە: S/١ [سلێمانيى]

ڕۆژ: ٣٤/١/٢٣[١٩ز]

برا...

١- ڕاپۆرەكەم وەرگرت. وەكو خۆت ئەيزانيى؛ منيش دەمێكە هيچ نانووسم.[4]، بەڵام ڕاپۆرتە كۆنەكان ماوە و تەماشام كرد هەر وايە وەك خۆت نووسيوتە! تەبيعيى لە بەشى فرۆشراوەدا فەرق هەيە، ئەوسا فرۆشراو كەم بوو. تا ئێستا ديارە هەندێكى كە فرۆشراوە!.

٢- لە ڕاپۆرتەكەتا وا ديارە لە بەشى كتێبى (گۆرانيى)دا، سەهووى تيايە. چونكە لێرە؛ ميقدارى «٣٠٠» نوسخە ساغ بووەتەوە بە«٢٠» فلس كە ئەكاتە (٦- د). جگە لەوانەى خۆت و كەركووك و سائيرە... وە لاى من ئێستا هيچ (گۆرانيى) نەماوە.

---

(١) پێم وەيە مەبەستى دانراوى (خوێندەواريى باو - تۆفيق وەهبيى) بێ كە س ١٩٣٣ز لە چاپخانەى داروتتيباعەى حەديسەى بەغداددا چاپ كرا.

(٢) ئەم دانراوە بەر بڵاوكردنەوەى پڕۆژەكە نەكەوتووە!

(٣) مەبەست ڕۆژنامەى (ژيان)ە.

(*) دەستنووس - سەرچاوەى پێشوو

(٤) ديارە لە ١٩٣٣/٣/٢٢ز. بەدواوە تا ئەم كاتە نامەى لەگەڵ نەگۆڕيوەتەوە!.

ڕەنگە لەوێش لای ئێوە شتێکی وای نەمابێ. وەلحال تۆ لە فرۆشراودا بۆ کتێبی (گۆرانیی) تەنها ٢,٧٩٨ فلست نووسیوە! تکا ئەکەم ئەمە فەرقە لە چییەوەیە، زوو بۆم بنووسەوە، با تێی بگەم!.

٣- وا بەپێچراوەیی، منیش مەوجوودی کتێب لێرە چییە، بۆم نووسیت، لەگەڵ مەوجوودی سندووق! سەری مانگ مەوجوودی سندووق چیی بوو، بۆت حەواڵە ئەکەم.

٤- لوتفەن «٢٠» نوسخە (خورشیدی خاوەر) بنێرە! هەندێ کەس داوای ئەکا، بەشکو ساغی بکەینەوە.

٥- وا دیارە بەپێی ڕاپۆرەکەت؛ جگە لە کتێبی (هەموو کچێک) هیچ کتێبی کەت لا نەماوە. لای من (نالیی، کوردیی، یاریی) و ئەوانە زۆر ماوە. ئەگەر پێویست بوو خەبەرم بدەرێ!.

٦- لەمەولا، دیسان بەرێکوپێکی ڕاپۆر بگرین و بینێرین. تۆیش وەک من ئاچەندەیێک یا دەفتەرێکی[1] گەورە و سپیی بگرە با واریدات، سەرفییات، دابەش، پاشەکەوت و ئەوانە بەئوسوولێکی جوان و ڕێک بنووسە؛ کە سەرت لێ تێک نەچێ و ئیشت مونتەزەم بێ.

٧- پیاوی چا بە؛ (سالم) تەواو بکە! لەمە درەنگتر بێ زۆر عەیبە و مەیدانی فەوتانی مەدە! با ڕەنجمان بەبا نەڕوا! (شێخ ڕەزا)ی عەلیی کوردیم[2] بۆ ناردی، گەییشتنی بنووسە!

Kurdy

(کوردیی)

[تەواو]

(١) واتە: سیجیل.

(٢) عەلیی کوردیی؛ محەممەد عەلیی کوردیی (١٨٩٨ز - ١٩٧٠ز/ بەغداد) کۆنە ئەفسەر، نەتەوەپەروەر و ئەدیب و چیرۆکنووس. لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا گوتار و نووسینی بڵاوە. لە عەرەبییەوە (حیکایەتی زادیج - بەغداد ١٩٥٤ز)ی بڵاو کردووەتەوە!



☼ پ. ن؛ کە: ١٨٠/٢١/١٤(*)

[مستەفا سایب ـــ ت. ب. مەریوانیی]

١/ S [سلێمانیی]

٢٥/١/٩٣٤[١.ز]

| | نالیی | کوردیی | یـاریـی | گۆرانیی | هەموو کچێک | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەوجوود | ٥٨ | ١٥ | ٢٥ | ٥ | ١٥٠ | | |
| فرۆشراوە یا دابەش کراوە | – | – | – | – | ٤٣ | | (٣) نوسخەی (هەموو کچێک) نێرراوە بۆ قەرەداغ! پارەم وەرنەگرتووە. (٤) دانەی فرۆشراوە بەپارە |
| ئەویی ئێستا ماوەتەوە | ٥٨ | ١٥ | ٢٥ | ٥ | ١٠٧ | | |

نۆت:[1]

تۆ (هەموو کچێک) مەوجوودی ئێرەت «٢٠٠» نووسیوە، بەڵام لەمە خۆت، هاوینێ «٥٠» نوسخەت بردووە و لەمەوە مەوجوودی ئێرەت لێ دەرنەکردووە!

| واریدات | فلس | د | سەرفییان | فلس | د |
|---|---|---|---|---|---|
| لەمەوپێش ماوەتەوە | ٠٠١ | – | داومە بەخۆت لەمووسڵ ١٩٣٣/٨/١٥ | ٠٠٠ | ١ |
| مانگانەی خۆم بۆ ئاخیری مانگی تووبرِ ١٩٣٣ | | | ناردوومە بۆت بەحەواڵە لە مووسڵ لە ١٩٣٣/١١/٣١ | ٠٠٠ | ١ |
| پارەی کتێبی فرۆشراو لە مووسڵ | ٦٠٠ | | لە ١٩٣٣/١١/٢٠ | ٥٠٠ | |
| لە سلێمانی | ٤٠٠ | – | | ٦٠٠ | |

(*) دەستنووس - سەرچاوەی پێشوو.

(١) ئەم نامەیە و هەموو خشتەکەی بەکوردیی لاتینیی نووسیوە!.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەموو | ٨٠١ | ٣ | بەشێخ فتاحدا لیرە بۆت نێرراوە | ٤٠٠ | |
| باقی ماوە زیادەی سەرفییان | ٦٩٩<br>٦٩٩ | – | هەموو | ٥٠٠ | ٤ |

Kurdy

(کوردیی)

[تەواو]

✿ پ. ن؛ کە: ١٤/٢٢/١٨١(*)

[مستەفا سایيب ـــ ت. ب. مەریوانیی]

ژمارە: S/٢[سلێمانیی]

ڕۆژ: ١٦/٢/٣٤[١٩]ز]

برا

١- ئەووەڵەن؛ ئەوە بزانین کە کار و زیان بۆ هەردووکمان پێکەوە نابێ ئەگەر هەرییێکمان زیان بکەین. لەبەر ئەوە مەسەلەن تۆ ئەو کتێبانەت ناردووە بۆ (خانەقی/ن)[1] نابێ لە باخەڵی خۆت پارە بدەی! ئەبێ لە سەرفییاتی دابەشدا بەنەگەییشتووی دابنێیت تا پارەکەت بۆ دێت، ئەوسا بەواریداتی حیساب مەکە! دیاریی و شتی وایش داییم بەجیا بنووسە و بەڵام لە واریداتدا مەینووسە. پێویستە بزانین چەندی بەدیاریی و خۆڕاییش ئەڕوا. تەبیعیی وەکو قەرارمان دا، حەقی پۆستەیش هەر بنووسە!.

(*) دەستنووس – سەرچاوەی پێشوو. (دوو خشتەکەی پاڵ نامەکە بەلاتینیی نووسراوە).

(١) ئەمە یێک لە ڕیزی ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمەدا وشەی (خان قی) بەئەم جۆرە نیشان بدرێت کە هێندێ سەرچاوە بەڕاستی دەزانێت گۆیا (خان نەقی) نێو باژێڕەی ئاوەدان کردووەتەوە. لە هەلی نووسینی ئەم پەراوێزەدا –٣٠/١١/٢٠٠٠ز– لە ڕادیۆوە هەواڵم بیست کە ڕژێمی بەعسی عەرەبی داگیرکەر، هەر دەستبەکارە بۆ (تەعریب) کردنی ئەو باژێڕەی کوردستان و ئاوارەکردنی خۆوڵاتیەکانی کورد هەڵبەت بەعس خەیاڵ بڵاوە!



٢- مەهدیی[1] ئەگەر ئەزانیی حەزی پێ ناکا؛ لای دامەنێ، یا یێکێکی کە بدۆزەرەوە، یا با لای خۆت بێ!.

٣- هیی (یاریی)ەکانی ڕواندز، هیچم وەرنەگرتووە. وا کاغەزێکی باش ئەنووسم لەو بابەتەوە بۆ فوئاد.

٤- من هەر کتێبە سەرفییات و هاتووی جیاجیا ئەنووسم لە دەفتەری عومومییدا! بەڵام لە ڕاپۆرتدا ئەیکەم بەیێک، لەمەولا لە ڕاپۆرتیشدا بەجیا ئەینووسم!.

٥- ئەو دینارە هەر لە مووسڵەوە ناردوومە بۆت، حەتتا هێشتا قەبزی حەواڵەکەم لا ماوە! تۆ سەهووت کردبوو. نەتنووسیی بوو!.

٦- کتێبی (هەر کچێک...) من کە پرسیومە، هەر سەد و پەنجا نوسخە بووە و «١١٠» نوسخەم وەرگرتووە و «٤٠» نوسخەیشی پێش هاتنەوەم فرۆشراوە! لەم «١١٠» نوسخەیش «٣» نوسخەم ناردووە بۆ قەرەداخ، پارەکەم تازە وەرگرت و «١٠٧» نوسخە مەوجوودە لای من، ئیتر نازانم ئەم فەرقە لە چییەوەیە و چۆنە؟ چاک لێکی بدەرەوە، بزانە لە چییەوەیە؟.

٧- هێشتا فەرق لە هیی (گۆرانیی)دا زۆر ماوە، چونکە بەپێی ڕاپۆری ژمارە (B/٣ و ڕۆژ ٤/٢/٣٣) تا «٢٠» نوسخەت ناردووە بۆ کەرکووک و کۆیە و بەپێی ڕاپۆرەکانی دوای ئەوە، تا «١٩» نوسخەیشی لە بەغدادا بەش کراوە، بەپێی ڕاپۆری دواییتریشدا تەنها پێنج نوسخەی ماوە و تەنها فرۆشراوی ئێرە کە «٣٠٠» نوسخە بووە؛ (-,٦) دیناری گرتووەتەوە. جگە لەوانەی لای خۆت کە فرۆشتووتە غەیری ئەو «٣٩» نوسخەیە وە ئەگەر بیلفەرز ئەم «٢٠» نوسخەیەشی بخرێتە سەر – جا نازانم ئەم بیست نوسخەیە گۆرانییە یا کتێبێکی کەیە؟ چونکە ناوت نەبردووە!! – هێشتا فەرقەکە یێکجار زۆرە کە فرۆشراو «٣,٢٢٨» فلس ئەنووسیت!! هیچ لەم حیسابە حاڵیی نەبووم! تکام وایە چاکی لێک بدەرەوە و حیساب ڕابگرە کە هەردوو لامان تێ بگەیین و سەرمان لێ نەشێوێ و ئەم فەرقە بدۆزینەوە! مەقسەدم ئەوە ئینتیزام و ئوسوولێک

(١) مەهدیی، لە «مەیدان/ بەغداد»دا؛ فرۆشیارێکی بڵاوکراوەکان بووە.
هەروەها ڕەئووفی دەلاک لە «رەئسولقەریە» و محەممەد بەقاڵی هەورامی بە«بابوششەیخ»ی بەغدادا، سەیید ئیسماعیل ئەفەندیی سەعاتچیی لە هەولێردا و کاکە ئەفەندیی حاجیی مەحموود لە کۆیەدا و عەبدالله فەوزیی ئەفەندیی تووتنچیی و محەممەد ڕەشید تووتنچیی لە خانەقیندا، مەلا عەلیی سەححاف لە سلێمانییدا، فرۆشیاری بڵاوکراوەکان بوون!.

بدەین بەحیساب و مالییە و نووسینمان و فێر بین!.

٨- مەلا عەلیی سەححاف «١٠٠ خورشیدی خاوەر»ی بۆ هاتووە و هیچی نەدامێ، تەنها «٥» نوسخەم لێ سەندووە. قەیدی بکە لەسەر من و لە حیسابی ئەوی دایگێڕەوە! بۆ من بەجیا مەنێرە، قەیناکا! ئەگەر یێکێ ویستی ئەوا ئەینێرمە لای ئەو!.

٩- ئەو «١٠» نوسخە کتێبەی کە لە فەقەرە «٧»دا نووسیوتە، لە هیچ لایێک نەنووسراوە لە کوێ حیساب ئەکرێ و بۆچیی ساغی ناکەیتەوە، لە قیسمی دابەشدا!.

١٠- هێشتا هەر تێنەگەییشتم دیوانی (شێخ ڕەزا)کەت وەرگرتووە یان نە؟.

١١- لەمەولا ڕاپۆرەکەت نەختێ باشتر و درێژتر بنووسە، چونکە هی تۆ ئەبێ تەفسیلاتی زیاتر بێ! وەک وێنەییێکم بۆ ناردی، لەسەر ئەوە با هەردووکمان چاک لە حیسابەکەمان بگەیین!.

١٢- سەری مانگی کە؛ ڕاپۆری کە -دی/ K- ئەدەم چونکە ڕاپۆرەکەم هیچ فەرقێکی وای نەکردووە، تەنها ئەو «٥» خورشیدی خاوەرەم وەرگرتووە و لێم فرۆشتووە و «٤٠٠» فلس پاشەکەوتم عەلاوەی واریدات بووە!.

١٣- لەمەولا شتی خوسووسییات نەنووسین لە (ڕەسمییات)دا و ئەگەر قسەی خوسووسیمان بوو بەجیا لە عەینی پۆستەدا لە قاقەزێکی کەدا بینووسین باشە، چونکە ئەم (ڕەسمییاتە تەئریخە!)!.

٣٤/٢/١٦

Kurdy

(کوردیی)

| هەموو | نالیی | کوردیی | یاریی | گۆرانیی | هەموو کچێک |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| لەچاپ دراو | ٥٠٠ | ٥٠٠ | ٦٠٠ | ٧٠٠ | ٧٠٠ |
| دابەش و فرۆشراو | ٤٠٠ | ٤٥٠ | ٢٥٠ | ٦٠٠ | ٢٠٠ |
| ماوە | ١٠٠ | ٠٥٠ | ٢٥٠ | ٠٥٠ | ٥٠٠ |
| هەموو | ٥٠٠ | ٥٠٠ | ٦٠٠ | ٧٠٠ | ٧٠٠ |

وێنەی خشتە – جەدوەل –ی: ١



| | نالیی | | کوردیی | | یاریی | | گۆرانیی | | هەموو کچێک | | هەموو | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | ف | د | ف | د | ف | د | ف | د | ف | د | ف | د |
| مەسرەف | ٠٠٠ | ١٠ | ٧٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ١٢ | ٨٠٠ | ٩ | ٠٠٠ | ١١ | ٦٠٠ | ٥١ |
| واریدات | ٧٠٠ | ٤ | ٠٠٠ | ٧ | ٣٠٠ | ٠١ | ٠٠٠ | ٨ | ٧٠٠ | ١ | ٧٠٠ | ٢١ |
| ماوە | ٣٠٠ | ٥ | ٧٠٠ | ١ | ٨٠٠ | ١٠ | ٨٠٠ | ١ | ٣٠٠ | ١٠ | ٩٠٠ | ٢٩ |

وێنەی خشتە – جەدوەل –ی: ٢(*)

| شار | نالیی | کوردیی | یاریی | گۆرانیی | هەموو کچێک |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| سلێمانی | ٢٠٠ | ٢٠٠ | ٢٠٠ | ٣٠٠ | ١٥٠ |
| کەرکووک | ٥٠ | ٢٠ | ١٠ | ٥٠ | ١٠ |
| بەغداد | ١٠ | ٥(*) | – | ٥٠ | ١٠ |
| سابلاغ | ٢٠(*) | ١٥(*) | ٢(*) | ١٠(*) | ٥(*) |
| ڕواندز | ٢٠ | ١٠ | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| سووریا | ٢(*) | ٣(*) | ٢(*) | ٥(*) | ٥(*) |
| میسر | ٣ | ٢ | ٣(*) | ٥(*) | ٢ |
| کۆیە | | | | | |
| خانەقین | | | | | |
| هەولێر | | | | | |
| هەموو | ٣٠٥ | ٢٧٥ | ٢٦٧ | ٤٧٠ | ١٨٧ |

[تەواو]

(*) ئەم نیشانەیە دانراوی نووسەر خۆیەتی گۆیا نیشانەی پێشکەش کردنی کتێبەکانە (بەخۆڕاییی).

✿ پ. ن؛ کە: ١٨٢/٢٣/١٤(*)

[مستەفا سایيب ـــ ت. ب. مەریوانیی]

ژمارە: ٣/ S[سلێمانیی]

ڕۆژ: ٣/٦/[١٩]٣٤[ز]

......(١)

١- وا ڕاپۆرەکەم نارد؛ گەیيشتنی زوو بنووسە!.

٢- (شێخ ڕەزا) لە چییایە؟ هیممەت بکە با ئەویش وەک (سالم) خراپ چاپ نەکرێت!.

٣- لە دوای (شێخ ڕەزا) چیی چاپ ئەکەی لەو چیرۆکانە؟(٢)

Kurdy

(کوردیی)

| شار | نالیی | کوردیی | یاریی | هەموو کچێک | خورشید و خاوەر | سالم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەموو مەوجوود | ٥٨ | ١٥ | ٢٥ | ١٥٠ | ٥ | ١٠ |
| فرۆشراو | ١ | ٣ | – | ٥٠ | ٣ | ١ |
| دابەش | ٥٠ | ١٠ | – | ٢٠ | – | ١ |
| ماوە | ٧ | ٢ | ٢٥ | ٨٠ | ٢ | ١٠ |

(*) دەستنووس – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١) بێ پێشەکیيە و خشتەکانیش بەتیپی لاتینیی نووسراون. وەک نیو و ژمارەی چاپ و بلاوکراوەکانیش دیارن، هەڵبەت (شارلۆک هوڵمس لە گوللەییێک لە تاریکییدا) هێشتا چاپ نەکراوە!.



| واریدات هاتوو | پارە | | ڕۆیشتوو | پارە | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ف | د | ١٥٠ | ف | د |
| بەپێی ڕاپۆری مانگی (سەربڕ) لە ٢٥/١/١٩٣٤دا | ٨٠٠ | ٣ | بەپێی ڕاپۆری مانگی (سەربڕی) لە ٢٥/١/٣٤دا | ٥٠٠ | ٤ |
| واریداتی کتێب | | | بەهۆی: م. فەرەجەوە ناردم لە ٣٠/٥/٣٤دا | ... | ٥ |
| پاشەکەوتی خۆم هی مانگی ١،٢،٣/٤/٩٣٤ | ... | ٢ | هەموو ڕۆیشتوو | ٥٠٠ | ٩ |
| هەموو هاتوو تا ئەمڕۆ | ١٢١ | ٦ | زیادەی ڕۆیشتوو | ١٢١<br>٣٧٩ | ٦<br>٣ |

[تەواو]

✿ پ. ن؛ کە: ١٨٣/١/٦٠(*)

[مەحموود مەلائەمین موفتیی – بێخود ـــ حەسەن فەهمیی جاف](١)

[سلێمانیی]

٨/٥/١٩٤٧[ز]

٩٠٠

اگر پر پستی خاکم و گر بر ذروهء قافم
بجان و دل دوعا گوی حسن فهمی بەگ جافم(٢)

میرم

دوێنێ بەرقییەکەتم وەرگرت، ئانەن جوابەکەم تەقدیم کرد، جیددەن ئەگەرچیی تەحسیلی حاسلیی، بەڵام مەمنوونی لوتف و حیسیياتی ئێوەم، ئینشاالله دائیما لەسەر کورسیی و دەوامی عومری خۆشیی،بەمەقسوودی ئێمە، ئیمراری ئەوقاتی نەفیسە ئەفەرموون، ئامین!

(*) گەنجینەی حەسەن فەهمیی جاف، بەغداد – ١٤/٥/١٩٩٧ز.

(١) بۆ ژینnamەی نامەهەنێر بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ئەگەر پڕ پێستم خاک بێ و گەر لە بەرزایی قافدابم بەگیان و دڵ دوعاگۆی حەسەن فەهمیی جافم.

کاکم[١] فیلحەقیقە ناساغە، بەڵام ناساغی پارێز نەکردنە. ئەمە دە دوکتۆرمان گۆڕیی، هەرچیی ئەوان ئەیلێین، بەدزیی ئەوانەوە پارێزەکە ئەشکێنێ! لەم خوسووسەوە بەندە زۆر نارەحەتم. ئیتر ئیجاب بەتەفسیلات ناکا. داعییش (لله) ولحەمد، غەیری دووریی جەنابتان و نارەحەتیم نییە، بەڵام مەسئەلەکەی کاکم تێکی داوم. خوا بەلوتفی خۆی ڕەحم بفەرمووێ، ئامین! ئینشاالله قوڕڕەتولعەین (هۆشمەند)ی خۆم لەگەڵ والیدەی ماجیدەی لە کەماڵی سیحەت و عافیەتان. موحیببەت قەسەم، ناتوانم غافڵ بم، یەعنی لە دوعای خێر سستیی ناکەم، چونکە ئەگەر خوانەخواستە وا نەبێ، ئیجاب ئەکا بەندە خائین بم، ئینشاالله خۆیشم بەخائین نازانم بەڕاستیی عەرزتان بکەم، تازە حیسابی بەندە و جەنابت تێپەڕیی، ئەمانە هەموو بەزیادی ئەزانم! ئیتر دائیمەن (......) خێر لە خوا تەمەننا ئەکەم و (ئوفوقی!!) بەدخواهیش بەرامبەر بەندمورەوەتی قەهری یەزدانی پاک ئەکەم!!

عەرزی حورمەتم لە خزمەت ئەحمەد بەگی حەمەساڵح بەگا هەیە. عەبدالله بەگی حسێن بەگ کەزا، ئیتر هەر لە پەنای خوا و ڕەسووڵی خوادا بن، میرم.

م. مەحموود
موفتیی زادە
٩٤٧/٥/١٨

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١٨٤/١/٦١(*)

[مەحموود پاشا محەممەد پاشا – مەحموود پاشا جاف ـــ مەلا عەبدالله مەریوانیی][٢]

[ش؟]

[م؟]

جەنابی فەزیلەت، ئوستادی موعەززەم مەولانا جەنابی مامۆستا مەلا عەبدالله[٣] دامە

(١) مەبەست مەلا عەبدولعەزیز موفتیی برایەتی.

(*) گەنجینەی عەبدوڕڕەقیب یووسف، سلێمانیی – ١٩٩٤/١١/٢٩ز.

(٢) بۆ ژیننامەی مەحموود پاشا بنۆڕە: نێوداران. مخابن ژیننامەی مەلا عەبداللەم لێ ڕوون نییە.

(٣)– هەتا ١٩٩٦/١٢/٢٧ز چەند جارێ پرسم بەکاک عەبدوڕڕەقیب کرد کە چۆن دەزانێت کە نامەکە بۆ ئەو زاتە نووسراوە؛ بەدڵنیاییەوە وەڵامی دایەوە کە بۆ ئەوێکە و نووسەری شێخ حوسامەددین بووە و هەر ئەو مەلا عەبداللەیەشە کە شێخ ڕەزای تاڵەبانیی لە شیعری خۆیدا نێوی هێناوە!.



بەرەکاتوهو (موشەڕڕەف شەوەد/ مشرف شود؛ پێشکەش بێ!)

شێخ و شارەزووریان نەوتووە. شێخ و شاخ! تۆ وەرە لە سلێمانیی، هەڵەبجە، قزلڕەبات، لە هەر جێگەیێ مەیلت هەیە، چیی بفەرمووی ئامادە ئەکرێت؛ لە موڵک، لە ماڵ، وەسسەلام!

مەحموود پاشای جاف
(ئیمزا)

[تەواو]

پ. ن؛ کە: ١٨٥/٣/٢٤(*)

[حەفید زادە مەحموود ـــ سەیید محەممەد سەیید سەمەد جەباریی][١]

[سلێمانیی]

٩ی کانوون سانیی ٣٩ [ر – ١٩٢٣/١/٩ز][٢]

نەجابەت مەئاب جەنابی خۆشەویستی موحتەرەمی خۆم

سەیید محەممەد ئەفەندیی دامە ئیقبالەهولعالیی

کاغەزەکەتان گەییشت، لە سیحەت و مووەففەقییەتی عومووميتان زۆر زۆر مەسروور بووم، لە سایەی خواوە ئەوزاعی ئێرە شایانی شوکرانە و بەمەرامی خۆمانە!

کاغەزەکەی جەنابی (ڕەفعەت بەگ)م خوێندەوە[٣]، لە موندەریجاتی حاڵیی بووم، ئێوە

(*) عەبدوڕڕەقیب یووسف«لە کەلەپووری بەڵگەنامەی کوردییەوە» :ڕۆشنبیری نوێ–ژ١١٠،س ١٩٨٦ز.

(١) بۆ ژیننامەی نامەوەرگر، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) لێکدانەوەی بڵاوکەرەوەکەی.

(٣) ڕەفعەت بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگی سەرخێڵی داوودەیە. پیاوێکی کوردپەروەر، ئازا و دلێر، دڵسۆزی شێخ مەحموود بووە. بەپێی نووسینێکی مستەفا نەریمان لە (العراق «صفحات من تأریخ طوز خورماتو/ چەند لاپەڕەیێ لە مێژووی دوزخورماتوو»؛ ١٩٨٣/٣/٣) ڕەفعەت بەگ لە هاوینی ١٩٨٠ز.دا لەتەک سەرخێڵەکانی نێوچەی دوزخورماتوو، دەوری گرنگی لە شەڕکردنی بریتانیادا هەبووە. کە شێخ مەحموود لە هیندوستاندا ئازاد کرا و گەڕایەوە و دەسەڵاتی گرتەوە، لە پاییزی ١٩٢٢ز.دا، ڕەفعەت بەگ ماوەیێ لە سلێمانییدا مایەوە.
لە مامۆستا ئەحمەد خواجەم بیستووە کە تۆفیق وەهبیی، عەلیی ئاغای زەنگەنە، ڕەفعەت بەگ یاوەری شێخ مەحموود بوون. (پەراوێزی بڵاوکەرەوە!).

له ئیشوکاری خۆتان غافڵ مەبن، ئینشاالله تەوفیقی حەق یار و یاوەرمانە!

جەنابی سەردار نەسرەت؛ ئیسماعیل ئاغای سمکۆ لەگەڵ عوموومی پشدەر لێرەن.[1]

کەپیتان (چاپمان) هاتووەتەوە، زۆر مەشغوولم، وەختی تەفسیلات نییە!

خەبەرات و حەوادیس چییە، دائیمەن بینووسن!

چاوی جەبار ماچ ئەکەم[2] نووری دیدە؛ لەتیف عەرزی ئیحتیرام ئەکات.[3]

في ٩ کانوون سانیی ٣٩

مەلیک کوردستان

(ئیمزا مەحموود)

بەگەییشتنی ئەم کاغەزە وەرە بۆ ئێرە، قەڵەباڵغ نییە! خەبەریش بەرەفعەت بدە، موشاوەرە و قەرار بدەنەوە!

(ئیمزا: مەحموود)

زۆر زۆرە شێخ عەبدالله فێراری کردووە،[4] لەگەڵ کورەکەی حەبییەن وە مەییت ئەمەوێ![5]

[تەواو]

(١) ئیسماعیل ئاغای شکاک کە ١٣٣٩/١/٧ز - ١٩٢٣/١/٨ز گەییشتە سلێمانیی بۆ دیدەنیی حەفید زادە مەحموودی مەلیکی کوردستان.

(٢) جەبار کوڕی سەیید محەممەدە.

(٣) لەتیف؛ کوڕی حەفید زادەیە.

(٤) بڵاوکەرەوەی دەبێژێت؛ (نەزانرا ئەم شێخ عەبداللەیە کێیە!!).

(٥) کۆ و بڵاوکەرەوەی نامەکە، مەبەستەکانی نامەکەی ئەوهە لێکداوەتەوە و دەبێژێت: لە ئەم نامەیەدا هەست دەکرێت کە شێخ مەحموود پەلەی بووە بۆ گردکردنەوە و دیمانەی سەرخێڵەکانی کورد، بەڵام تەنیا بۆ دیتن و ڕێزگرتنی (سمکۆ) نەبووە، بەڵکو باری کورد لە ئەو هەلەدا ڕووی لە تێکچوون لەگەڵ ئینگلیزەکان کردووە. ئەوان کەوتبوونە دژایەتیی شێخ - مەلیکی کوردستان/ K - و لە بەڵێنەکانیان پەشیمان دەبوونەوە بەتایبەتی کە (سمکۆ) و (ئاغاکانی پشدەر) لە سلێمانییدا بوون، شێخ ئارەزووی لە وەرگرتنی ڕای هەموو لایێ بێت سەبارەت بەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕش! کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرخێڵە کوردەکان تەواو بوو، لە بەرەبەیانی ٤ی مارتدا، دیسان شێخ سلێمانیی بەجێ هێشت ڕووە و بارەگەی نوێی لە ئەشکەوتی «جاسەنە»دا! ئەم ڕستەیەی کە شێخ مەحموود بەسەیید محەممەد دەڵێت: (بەگەییشتنی ئەم کاغەزە وەرە بۆ ئێرە و خەبەریش بەرەفعەت بدە، =



✪ پ. ن؛ کە: ١٨٦/٤/٢٤(*)

[حەفید زادە مەحموود ـــ شێخ موحیەددین شێخ محەممەد ساڵح][1]

[بەغداد]

٣ی شەووال ١٣٥١ [ر - ٢٩ی کانوون دووەم ١٩٣٣ز]

کاکە شێخ محییەددین

لە حیفزی خوادا بی، ئامین

ئەحواڵمان ئەپرسیی، بەدوعای خێرتان دەوام ئەکەن، بۆ نەجاتمان ئومێد وا نەبوو وە ئەمرەکە وا نەبوو کە ئەوەندە بمێنێتەوە. ئێستاش ئومێد زۆر قەوییە![2] بەوەجهەتی خۆم، وازم لە مووسا هێناوە، خەریکی عیسەوییەکم، ئەرمەنیشە! ئێستا زۆر خزمەتمان ئەکەن، هەموو ڕۆژێ خواردنی خۆشم بۆ ئەنێرن؛ تامیی تامیی دنیا. هۆ کاکە ئەمن وەکی تۆ وشکەسۆفیی نیم، ئەمن قادرییم، ساحێبی زرگێم!

=موشاوەرە و قەرار بدەن... زۆر مەشغوولم، وەختی تەفسیلات نییە!) دیارە کە چەندە پەلە و سەرقاڵە. شێخ مەحموود - مەلیک - لە مانگی کانوونی دووەم و شوباتدا، چەندین جار لەگەڵ پیاوە گەورەکان کۆبووەتەوە، وەک لە زۆر کەسم پرسیوە؛ دوو ڕا هەڵکەوتووە: هێندێک دەیگوت کە بەهیچ جۆرێ بەگژ ئینگلیزدا نابێت بچین! دەبێت مل کەچ بین و لە قسەیان دەرنەچین تا بەدڵسۆزمان تێ بگەن و دڵنیا بن و مافمان بدەنێ! ڕای دووەم ئەوە بوو - وەک ڕای شێخ مەحموود کە دایینابوو - بریتانیا بەئاشتیی و خۆشیی مافمان ناداتێ و هەموو کردەوە و بەڵێنێکی لەگەڵ کورد درۆیە و بەبێ شۆڕش بۆ مافمان نایەتە ڕایە! ڕاستییەکەی شێخ مەحموود، لە هەموو کەس پتر لە ئینگلیزەکان و نیازیان گەییشت بوو. ڕۆژگاریش سەلماندی کە ڕاکەی ئەو ڕاستە. هەتا ئەورۆ. (بەکورتیی).

[تەواو]

(*) گەنجینە نامەوەرگر (لە ئەحمەدی کوڕیەوە)؛ هەولێر - ١٩٩٦/٦/٩ز.

(١) بۆ ژیننامەی نامەوەرگر بنۆڕە: نێوداران.

(٢) لێم ڕوون نییە مەبەستەکەی چییە؟ هێندە هەیە، ڕەنگبێ کۆشش کرا بێ بۆ لابردنی باری دەستبەسەریی حەفید زادە کە دوای چوارەم شۆڕش و خۆبەدەستەوەدانی ناچاریی، ئاوارەی نێوەند و باشووری عێراقی عەرەب کرا. جێگەی گوتنە لە ئەم هەلەدا، ڕاگوێسترابووەوە بۆ بەغداد کە نامەکەیشی جەخت دەکات و ئەگەر خۆراکی باشە، بەڵام - بەپێ خۆش بوونی چوارینەکە - مادام ئەسیرە، خەمبار و قوڕبەسەرە! بەڵام وێرا لەگەڵ دۆستە نزیکەکانی - وەک نامەوەرگر - سروشتی قسە خۆشیی هەر نواندووە!.

حاشا له رووی تۆ، حەکایەتی من و کوڕی شێخ عیساموددینت نەبیستووە؟

سووالی کرد لێم: فەرقی نەقشیی و قادریی چییە؟

نەقشیی بورجە و ڕو بو (...........) قادریی ئەمریان فەرزی عەین ئەزانم (...........).

فەرقێ کە بیلێین قادریی و نەقشیی هەندەیە؛ سۆفیی لە ورگی خۆی ئەدات و منیش زرگی پیا ئەکەم!

لە تەبریکاتی جەژندا ئەم ڕوباعییەم زۆر پێ خۆش بووە کە بۆم هاتووە:

جەژنی کەسێ مویارەکە سەربەست و حوڕ بژی

پابەندی قەیدی غەیری نەبی، میسلی کوڕ بژی

کوردی هەژار، ئەسیری دەسی غەیری، جەژنی چیی؟

کەی جەژنی تۆیە، بگری، بڕۆ سەر بەقوڕ بژیی![3]

دەستی والیدەت ماچ دەکەم!

ئەلموخلێس

(ئیمزا: مەحموود)

[تەواو]

(٣) ئەم چوارینە دانراوی (کەمالیی/ عەلیی باپیر ئاغا)یە کە لە (دیوانی کەمالیی)دا بڵاوە. خۆیشی لە س ١٩٧١ز.دا قسەی بۆ کردم - لەسەر شریتدا تۆمارە - کە (شێخ مەحموود لە بەغدادا دەستبەسەر بوو... گوتیان دەگریا و دەیگوت: ئەم کافرە هەر دەمگرییەنێت! دەنگی خۆش بوو... گوتیان دەیخوێندەوە بەگۆرانیی). جێگەی باسە، شاعیر - لە لای من - مێژووەکەی بەهەڵە و بەساڵی ١٩٤٥ز دانابوو، تەنانەت لەبریی وێنەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکانی کوردستان کە لە س ١٩٤٧ز.دا لە سێدارە دران، گوتی؛ (سەری دوو شەهیدەکە، لەگەڵ چوارینەکە، براییم ئەحمەد و هاوەڵەکانی کردبوویان بەکارتی جەژنە پیرۆزە!). بۆ باس گێڕاندنەوەی، بنۆڕە: کەمال ڕەئووف محەممەد «عەلیی باپیر ئاغای شاعیر»؛ کاروان - س ١، ژ ٦، ئاداری ١٩٨٣ز!



☼ پ. ن؛ کە: ١٨٧/٥/٢٤[*]

[حەفید زادە مەحموود ـــ شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم][1]

داریکەلیی

١٩٥١/٢/٣

موحتەرەم خاڵۆ شێخ عەبدولکەریم

دەستت ماچ دەکەم، کاغەزەکەتان گەییشت. فەرمووتانە نەخۆشن، خوا شفاتان بدات. وە - ئەگەر - ئەحواڵی لەتیف ئەپرسیت، وا لە (ناسرییە).

وەسیی[2] ئەمری فەرمووە کە بێتەوە بەغداد ئومێد ئەکەین نووریی پاشا بێتەوە![3] هەموو شتێک ئینشاالله دوایی دێت و بەرامی خۆمان و خۆیشتان ئەبێت و فەرمووشتانە ئەچم بۆ ئەوێ، خوا لە ئێمەتان کەم نەکا. شکم نییە لە غیرەتی ئێوە! ئومێد ئەکەم وەکیلی زیارەت بی لە خزمەت حەزرەتی پیرا.[4]

دوعای خێرمان بۆ بکە! ئەمڕۆکە مونافیقەکان لە زەمانی حەزرەتی حسێن زیاترن لە عەلەیهی ئالبەیت، پشت بەخوا (سەد قەل و بەردێ).

باقیی وەسسەلام

(ئیمزای مەحموود)

●

[تەواو]

(*) وەرگیراو لە در. سەعدیی بەرزنجەیی (کوڕەزای نامەوەرگر) هەولێر - ٣٠/١٠/١٩٩٤ز.

(١) ژیننامەی نامەوەرگر زۆر لام ڕوون نییە (کوڕەزاکەی گفتی پێ دام و چاوەنۆڕیی بێ هوودەم ئەنجامی نەبوو!).

(٢) مەبەست لە وەسیی: عەبدولئیلاهی خاڵی فەیسەڵی دووەمە کە ئەو کاتە جێ نشین بوو!.

(٣) نووریی سەعیدی سەروەزیرانی مەملەکەتی عێراق. لە ١٩٥٨ز.دا بەکوشت چوو.

(٤) مەبەست شێخ عەبدولقادری گێلانییە.

☼ پ. ن؛ کە: ١٨٨/٦/٢٤[*]

[حەفید زادە مەحموود ـــــ شێخ محەممەد خاڵ]

[داریکەلیی]

١٩٥١/٥/٣١[ز]

برای خۆم جەنابی قازیی

لە دوای ئیحیترام...

ڕجایە حەمل نەکرێتە سەر (......) وا بەستەیی! ئەلحەمدولللە عیلم و کەیاسەت و تەعەسسوب و دینپەروەریتان لە هەموو کەس ئاشکرایە، وە دیسان موحەببەتی ئێمەش هەر بەمەحزی تەرەفداریی حەقە! خوا تۆمان لێ نەستێنێ!

مەعەلجوملە، هەر ئەبێ موساعەدەی دین و دیانەت و ڕازاندنەوەی شیعاری ئیسلام لە ئەمسالی جەنابت بگرێ. ئەمما نازانین دەلیلی سوکووت لە ڕەزائیلی ئەخلاق و تەبعی (خەتیبێ) فیعلی چییە؟[١] ئەڵبەتە ئەفەرموون؟ (تُصلی خلف کلّ آە!)[٢]، ئەمما ئایا وەرع و دیانەت و عومر و عیلم، شەرافەتیان مەنزوور نییە لە شەرعدا؛ ئیتر خۆت ئەزانیی ئەڵێم چیی؟ وەکو مەعلوومە، جەنابیی (خەتیب) بەم هەموو واریداتە تێر ناخوا؛ هاتووە تەعەڕڕوزی بەحوقووقی جەماعەتێکی مەعسووم لە ئەولادی (مەلا عەبدولواحید)[٣]

---

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەدی خاڵ؛ سلێمانیی - س ١٩٨٥ز.

(١) مەبەست لە (خەتیب) شێخ غەوسەیە کە شێخ موحیەددین کوڕی شێخ عەلیی کانیی کەوەییە.
حەفید زادە دڵ گران بووە کە لە مزگەوتی (کاکەئەحمەدی شێخ)ی باپیرەیدا بێت، چونکە بێژراوە کە مەیخور، هەروەها شیوعیی بووە! ئەنجامی نامەکەش بەئەوە شکاوەتەوە کە خەتیبی نێوبراو ڕاگوێستراوەتەوە بۆ (مزگەوتی هەڵەبجە) و لەبریی ئەویش (محەممەد قەرەداخیی) لە ئەوێ ڕاگوێستراوەتەوە بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانیی!/ تەواو[*] جێگەی باسە محەممەد قەرەداخییش تا س ١٩٨٨ز پێشنوێژ و گوتاربێژی مزگەوتی گەورە بووە و لە ئەوساڵەدا (تەقەی لێ کرا) و سەرئەنجام کەفتەکار و ئیفلیج بوو تا لە س ١٩٩٦ز.دا مرد!

(٢) تَصلی خَلْفَ کلِّ برٍّ وفاجِرْ (فەرماییشتە) واتە: مەرج نییە ئیمام دادپەروەر بێ.

(٣) ڕەنگبێ مەبەست مەلا عەبدولواحیدی گوتاربێژ و پێشنوێژی مزگەوتی (شێخ حسێن قازیی) بێت لە سلێمانییدا کە بەر لە (مەلا ئەوڕەحمانە کۆڵە) لە ئەو مزگەوتەدا بووە.

*(*) سەرچاوەی باس؛ مامۆستا محەممەدی خاڵ.*



کردووە. وەکو عەرزت کراوە یاخو عەرز ئەکرێ، زەلیلیی و نەگبەتیی سیغاری مەزبوور بەئێوە ڕاجیعە، چونکو (القاضي وليّ من لا وليّ له/ ئەلقازیی وەلییو مەن لا وەلییە لەهو!).

مونتەزیرین دەفعی فەسادی خەتیبی فاسیدولئەخلاقیان لێ بکەن وە بۆ پێ ڕاگەییشتنی ئیشی ئەم سەغیرە ساڵح و حەلاڵزادانە، جیددیەتی کافیی بەخەرجیی بدەن وە ئیتر عەرزی سەلامەمان هەیە وە سەلام لە براکان ئەکەین و سەلامەتیتان لە خوا ئەخوازین!

براتان

(ئیمزا: مەحموود)

٥١/٥/٣١

جواب و نەتیجەی ئەم مەعرووزەمان ئینتیزار ئەکەین لەگەڵ تەتهیری بەیتوالللە لە عەناسیری فاسیدە!.

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ١٨٩/١/٢٤[*]

[حەفید زادە مەحموود ـــــ در. نووریی عەبدولئەحەد/ نووریی فەتتووحیی][١]

[داریکەلیی]

١٩٥١/٨/٢١[ز]

موحتەرەم خۆشەویست و عەزیزمان

جەنابی دوکتۆر نووریی

لە دوای بەیانی ئەحواڵ پرسین و موحەببەت، ئومێد ئەکەم (......) کەماڵی سیححەت و عافیەت بن. دەمێکە لێتان بێ خەبەرین، ئینشاالله باعیسی خێر وە هەمیشە ڕوو لە خۆشییا ئەبن! هەرچەندە دوور بن، بەڵام لە ئێمە و دڵی ئێمەدا هەر نزیکن.

بۆ خاتری قژ بەسەرێ، تەرکی دییار و مەحەببەتی خوێشانت کرد! من بیستوومە ژن هەڵئەگیرێ، بەڵام من نەم بیستووە پیاو ڕادوو بکەوێت!! ئەوا ئێوەم دیی؛ مەعە هازا

---

(*) وەرگیراو لە شێخ فەتاح شێخ مەحموود و عەبدولباسیت شێخ فەتاح (وەچەکانی بنەماڵەی شێخ فەتاحی دۆلان)، سلێمانیی - ٢٩/١٠/١٩٩٧.

(١) بۆ ژیننامەی نامەوەرگر، بنۆڕە: نێوداران.

دوعا ئەکەین بەشادیی لەگەڵیا ڕابوێرن. مەحەببەتی ئێوەیش هەمیشە هەر یاد ئەکەین وە گەلێ دەفعە لە ڕادیۆدا گوێ لە نەسیحەتە سیححیەکانت ئەگرین.[1]

حامیلی کاغەز شێخ حسێن؛ باوکی کە شێخ حەسەن ناوە، شێت بووە، بەڵام شێتێکی واش نەبووە کەس ئەزییەت بدات. ئێستاکە وا لە شێتخانە لە بەغدا. ئومێد ئەکەم بەیارمەتیی و یاریدە و هیممەتی ئێوە، تەسلیم بەکوڕەکەی بکرێتەوە بەشکم خوا ڕەحمی پێ بکات!

ئیتر لەم جیهەتەوە، زۆر مەمنوون ئەبم و خیتامەن ئیحتیراماتم تازە ئەکەمەوە و مەخسووس ئەحواڵی شەریفتان یاد ئەکەم.

(ئیمزا: مەحموود)

حەفید زادە

دوعای خانم ئەگەیێنم. مەحەببەتی خانم وا کاری لێ کردوون، لە ڕادیۆدا گوێم لێ بوو، کوردییشتان بیر چووبووەوە، بەڵام بیرت نەچێ، لەوە دنیا هەر کەسە بەزبانی خۆی (مەڕنەمووکە)[2] سوئالی لێ ئەکەن.

نەکەی کوردیی بیر بکەیت وە یا مەحەببەتی خانم لە بیرت بباتەوە!

[تەواو]

(١) مەبەست گوتارەکانی نامەوەرگرە کە لە ڕادیۆی کوردیی بەغدادەوە پێشکەشی دەکرد!

(٢) مەڕنەمووکە، کورتکراوەی ڕستەی عەرەبیی (منْ هُوَ رَبُّكَ)یە.

حەفید زادە مەبەستی لە ئەو فریشتانەیە کە پرسیار دەکەن. ڕاستییەکەیشی (پیرەمێرد) و (حەفید زادە) دوو کەسن کە هەمان قسەیان دووبارە کردووەتەوە. هەر ئەو باسەش بۆ خۆی بەڵگەی گەورەیە بۆ نەتەوەپەروەریی حەفید زادە و پەرۆشیی بۆ زمانی نەتەوەکەی.



☼ پ. ن؛ کە: ١٩٠/٨/٢٤(*)

[حەفید زادە مەحموود ـــ محەممەد ساڵح زەنگەنە]

داریکەلیی

٢٥/٩/[١٩]٥١-ز

برازای عەزیز و نووری چاومان کاک محەممەد ساڵح ئەفەندیی

سەعید زەنگەنیی موحتەرەم

کارتی جێژنە پیرۆزەتان لە دوای چەند ڕۆژ وەرگرت، بێ لە نیهایەت خۆشحاڵ بووین وە لە بەرانبەردا بەدوعای خێر و جەژنە پیرۆزە وە ئیحتیراماتی لازیمە یادتان ئەکەین.

لە خوام تەڵەبە ژیانتان باش بێت و بەبەرزیی و ئیحتیراماتەوە ڕابیبوێرن عەزیزم.

ئەلموحیب

حەفید زادە

(ئیمزا: مەحموود)

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ١٩١/٩/٢٤(**)

[حەفید زادە مەحموود ـــ شێخ موحیەددین شێخ محەممەد ساڵح]

[داریکەلیی]

١٢/١٠/[١]٩٥٤-ز

کاکە موحیی

ئەسسەلامو عەلەیکوم

لە دوای عەرزی ئیحتیرام ئینشاالله لە سیححەتدان... نامەوێ پوول و پارە و نانت، با کەرامەت نەبێتە عیدانت، پڕ بەچنگی چەپۆڵەکەت، توتون ناردن زەحمەتە لەسەر شانت!

عەرزی سەلامم بەجەنابی شێخ ناشێخ عەبدولکەریم، خورما ناخۆم، من بە تاڵیی ڕامبواردووە، شیرینیشم ناوێ بۆ خواردن! بە(......) دەردی دەروێشیم دی، لە جێیەیێکم،

(*) گەنجینەی حەمەڕەشیدخان زادە؛ کەیوان – سلێمانیی: ١٩٩٧/٩/٧ز.

(**) وەرگیراو لە کوڕی نامەوەرگر (ئەحمەد شێخ موحیەددین)، هەولێر ١٩٩٦/٦/٩ز.

تەنیایی هەر بۆ خوا چاکە!

فەقێ ئیسماعیل هاتووەتە ئێرە. ئومێد ئەکەم مولاحەزەی بفەرموون، عەفووی کەن![1]

(ئیمزا: مەحموود)

[تەواو]

✡ پ. ن؛ کە: ١٩٢/١٠/٢٤(*)

[حەفید زادە مەحموود ـــ شێخ محەممەد خاڵ]

داریکەلیی

١٩٥٥/٦/١٣[ز]

بیسمیهی تەعالا

برای زانا و بەرزم فەزیلەتی قازیی

شێخ محەممەد ئەفەندیی موحتەرەم

زۆر بەگەرمەوە سەلامت لێ ئەکەم. لە زیمنی دوعای خێردا، بەئیهدائ ئیحتیرامات یادئاوەرین.

برا گیان وەکو بێژراوە:

امشب ای شمع اگر نسوزی تو

پس برای کـــــدام روزی تو؟[2]

ئەوا سووئ تەسادوف، موجریمێکی قاچاغ، مەردوودی ئێمە - فەقەت بۆ تەفتین و مەفسەدە - موسادەمەیێکی کردووە.

---

(١) وێ دەچێ مەبەست لە فەقێ ئیسماعیل - سەرمابردەڵە یان فەقێ سماییلی سەییاح -ی دەفژەن و دەنگ خۆش بێت.

(گوتەبێژێکی چەند سەعاتیم لەگەڵ تۆمار کردووە و بڵاو نەبووەتەوە، کە خۆیشی لە س ١٩٨٧ز، لە سلێمانییدا کۆچیی ماڵئاوایی کرد).

(*) گەنجینەی مامۆستا محەممەد خاڵ، سلێمانیی؛ س ١٩٨٥ز.

(٢) شیعرە فارسییەکە واتە:

ئەی مۆم ئەم شەو گەر نەسووتێی

دەی داخۆ بەکەڵکی چ ڕۆژێ دێیت؟



ئەم حەرەکەتە وەحشییانەی بۆ ئەمە بوو، ئاشووب بخاتە دێهاتەکانمەوە، بەئینتیقامی ئەوە کە جواب دراون! عەلائەییحالەین، واجیبی زیمەی فەزیلەتی جەنابتە کە دڵی نازک و ئازاردەی سەعادەتی موتەسەرریفمان بۆ بهێنیتەوە سەر لوتف و غائیلەی لە دڵدا نەمێنێ![1] شەخسەن ئەنجامی ئەم موشکیلەتان لێ ڕجا ئەکەم![2] ئیتر خۆت و فوتووەت و سەداقەتت. وەسسەلامو عەلیکوم، وە دومتم.

ئەلموحیب

حەفید زادە

(ئیمزا: مەحموود)

[تەواو]

📖 پ، ن؛ کە: ١٩٣/١/٦٢(*)

[مەعرووف شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم/ مارف بەرزنجیی ـــ شاکیر فەتاح][3]

[ش؟]

[-/١١/١٩٤٢ز]

بۆ ڕوویێکی مەزن

کاکی جوامێر کاک شاکیر پێشکەش[4]

هیوای خۆشیی و گوشادیی دڵمان و ئاسوودەیی «قادرکەرەم»! بەدڵێکی توون و

---

(١) موتەسەرریفی ئەو ڕۆژگارە؛ عومەر عەلیی نێوی تورکمان بوو، کە کابرایێکی سوپایی و توندوتیژ و فێڵباز بوو.

(٢) لە مامۆستا خاڵم پرسیی بۆ ئەنجامی ئەم تکایە، ئەویش هەر هێندەی فەرموو؛ من تکای خۆمم لە موتەسەرریف کرد! جێگەی باسە - وەکو دڵنیا نیم داخۆ لەسەر ئەم باسە بووە یان نا!! - ئەو موتەسەرریفە چەند ناحەزی کورد بوو، ڕقێکی تایبەتی لە حەفید زادە مەحموود بوو کە هەر ئەو کارێکی کرد، حەفید زادەی لە گوندی داریکەلیی، هەڵکەند! هەر لە ڕۆژگاری ئەویشدا - کاتێ کە حەفید زادە گیانی پاکی گەییشتە بەهەشت - شێخ لەتیفی کوڕی حەفید زادە زیندانیی بوو لە سلێمانییدا!.

(*) سەرچاوە؛ ١١/١؛ ل ٣٧٦ - ٣٧٧... وەرگیراو لە ڕۆژنامەی دەستنووس؛ باسەرە - ژ ٢٤، ١٩٤٢/١١/٢٣ز. بەنێونیشانی (نامەی مارف شێخ عەبدولکەریم)ەوە.

(٣) بۆ ژیننامەی نامەهەنێر، بنۆڕە: نێوداران.

(٤) بەبۆنەی ڕاگۆستنەوەی نامەوەرگر - ڕێبەری ئاوایی قادرکەرەم -ە بۆ ئاوایی خورماڵ!.

تاریکەوە، بەدەست پەلی زەمانەوە، هیوای خۆشیت و سەربەرزیت ئەکەم.

ناتوانم بۆت بلێم چیی لە دڵمدایە و چیم بەسەردا هاتووە، لەو ڕۆژەوەی کە خوێندمەوە کە دوور ئەبینەوە لەیێک!! تاکو ئێستا «قادرکەرەم»م بەشاری ئاسوودەیی دەزانیی و خۆم بەیێکە بەختیار، چونکی ڕۆژێکی درەوشێرەی پیرۆز لەسەر کەلی «قادرکەرەم» هەڵهات بوو؛ بەتیشکی، دڵی بریندارى ناکۆکەکانی ناوچەی سارێش کردبوو... دەشتی وشکی بەرداویی کردبوو، بەگوڵزاری بەهەشت، وڵاتی نەزانیی و پەستی کردبووە وڵاتی زانستیی و چستوجۆ.

خەفەت بۆ ئەو ڕۆژە... خەفەت... بەڵام زۆر لە گومانام کە زۆرتر جەنابت هەوڵت دابێ، چونکە لە بیرم نەچووەتەوە ئەو ڕۆژەی کە فەرمووت؛ (خەویان دیوە، ١٥ی ڕەمەزان ئەڕۆم!).

گەردنت ئازاد ناکەین لەم هەموو سزا و تاڵییە؛ نەء... درۆیە، تۆ نارۆی لە «قادرکەرەم»... گوڵەکان دەستنێژی تۆن، نابێ وشک بن! قوتابییەکان کرداری تۆن - نابێ - کۆڵ و سست بینەوە! خۆشیی و شادیی چەمی باسەرە بەوێنەی تۆوە بوو؛ وێنەی هەر ئەمێنێ لە چاوی باسەرەدا، وەک لە چاوی من و هاورێکانی ترا!

مێشکم ژەنگین بووە بەدەست خوێندەوارییەوە، ناتوانم خۆم و هاورێکان و «قادرکەرەم» و «باخچەی گشتلایی» و «خوێندگە» و «باسەرە» بلاوێنمەوە... با بمێنێ بۆ ڕۆژێکی تر.

کاکە گیان

دڵمان لەگەڵ دڵتە، تکام وایە دڵت هەر لامان بێ، چونکی هێزی سەرکەوتنمانە... خواحافیز ئەی لاوی هونەرمەند!

(......)

[تەواو]



📖 پ. ن؛ کە: ١٩٤/٢/٦٢(*)

[مارف بەرزنجیی ــــ مارف خەزنەدار](١)

سیجنی مەوقیف - بەغداد

٢٦/٧/٩٦٠[١-ز]

برای شیرینم کاک مارف(٢)

ڕۆژباش

دەستەکانت ئەگوشم. پاش سەردەمێکی لای من دوور و لای ئێوە نزیک، ئەمجا کورتە نامەیێکتان بەمن گەییشت. وەک تینوو بەئاو بگا، هەر لێوی تەڕ بێ، لێوم تەڕ بوو، بەڵام تینوویەتیی نەشکاندم. بەرێکەوت ژمارەیێکی (ژین)م پێ گەییشت، وەک هەستی بەتینوویەتییەکەم کردبێ، چۆڕێکی کەی لە گوزەرانتان پێ بەخشیم.

برادەر

من نامەی دووردرێژم گەرەکە تا دڵم ئاو بدا. لەو شتانە بدوێت کە بەر چاون و دڵگیرن، یا لە کوردۆڵۆژیی بدوێت. بەڵام ئێوە منتان لە بیر کردووە، لە بیرتانە کە دووبارەم کردەوە لێتان کە لە بیرمان نەکەن؛ بەم هۆیەوە سڵاوی گەرم و پڕ گلەیی بۆ مامۆستا عیززەددین(٣) کە کورتە نامەیێکیشی بۆ نەنووسیووم. سوپاس بۆ ڕۆژنامە کە جار بەجار نامەی ئەوی تێدا ئەخوێنمەوە.

سڵاو بۆ هەموو برادەرەکان چ سۆڤیەتیی چ کوردستانیی، سڵاوێکی گەرم و شایان بۆ مامۆستاکانتان بەتایبەتی مامۆستا کوردۆییێف. وابزانم ئاواتەکەی منی هێناوەتە دی بەقامووسە ناودارەکەی. تکایە کە لە چاپ دەرچوو، بەشی عێراق بنێرن!

حەز ناکەم باری دڵی ئێوە گران بێ وەک باری دڵی ئێمە. هێشتا ڕۆژمان بۆ دیاریی نەکراوە لە (مەحکەمەی عورفیی)، چاوەڕوانی دانانی ئەکەین. ئیتر چاوەنواڕی نامەتانین،

---

(*) سەرچاوە: ٩/١؛ ل ٣١٢ - ٣١٣.

(١) ئەم نامەیە و ئەوانی دی، لە سنووری مێژوویی کتێبەکە دەردەچن، بەڵام چونکە نامەکان لە نووسەرێکی بەندکراوەوە - کە دواجار لە سێدارە دراوە - هاتوون، نرخێکی ئینسانیی و ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییان هەیە، پێویستم زانیی تێ هەڵکێشیان بکەم.

(٢) نامەوەرگر، خوێندکار بوو لە وڵاتی سۆڤیەتی جاراندا.

(٣) مەبەستی عیززەددین مستەفا ڕەسوولە کە ئەویش لە ئەو وڵاتەدا خوێندکار بووە.

بەڵام نامەی درێژ نەک کورت. دووبارە دەمتان ماچ ئەکەمەوە.

کۆمەڵە چیرۆکێکم ئامادە کردووە بۆ چاپ، لە وەزارەتی ئیرشادیش ڕێگەم پێ دراوە، بەڵام جارێ پارەم نییە بۆ چاپ کردنی. لەبەر ئەوە لە یێکیەتیی ئەدیبانم خواستووە کە یارمەتیم بدەن. ئەوانیش چاوەنواڕی ئەو پارەیەن کە سیادەتی زەعیم[1] بەڵێنی پێ داون بیانداتێ. چیرۆکەکان پێنجن: ١- شەتڵ ٢- ئاواز و کەباب ٣- گای پیرۆز ٤- نامەی سەر سنوور ٥- سەرلەبەیانیی نەورۆزێک.

وابزانم سیانیانت دیی بوو، هەرچەند دەستێکی کەمم پیادا هێناون و لە داڕشتندا پوختترم کردوون. دوو چیرۆکەکەی کەش (گای پیرۆز) لە تەوقیف نووسیومە. ئەوی کەشیان (سەرلەبەیانی نەورۆزێک) لە ساڵی ١٩٥٦دا نووسیبووم، بەڵام تەواو نەبووبوو، لێرە تەواوم کرد. لەسەر ئوسلووبی (تەییار ولوەعیی/ تیار الوعي) داڕێژراوە، کە چاپ کرا نوسخەتان بۆ ئەنێرم.

برادەران یێک یێک بەدڵ سڵاوتان لێ ئەکەن. حسێن[2]، جەبار و هەموو ناسیاوان.

ئیتر خۆشیتان

(ئیمزا)

مارف

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ١٩٥/٣/٦٢[*]

[مارف بەرزنجیی ــــ مارف خەزنەدار]

سیجنی مەوقیف - بەغداد

١٩٦١/٢/٢[ز]

برام کاک مارف

دەستتان ئەگوشم

وابزانم لە دێری یێکەمدا، بۆنی گلەیی ئەکەیت. حەقمە، چونکە دەمێکە لە بیرت کردووین! منیش لەسەر قسەی خۆت کە نووسیی بووت؛ کاغەزم بۆ مەنووسە، ناونیشانی

---

(١) برای خۆی کە پێکەوە زیندانیی بوون و پێکەوە لە سێدارە دران!.

(٢) مەبەستی سەروەزیران عەبدولکەریم قاسم بووە.

(*) سەرچاوەی پێشوو؛ ل ٣١٣ - ٣١٤.



تازەمت بۆ ئەنێرم... لەو بەینەدا نامەیێکی تایبەتی کە بۆ کاک جەمالی برات نووسیبی بوو، ئەویش هاتبووە سەردانمان، سڵاوتم بۆ ئێمە تیا خوێندەوە و بەڵێنیشت دابوو کە کاغەزم بۆ ئەنووسیی، زۆرتر دڵم لای ئەوەیە کە هۆ نازانم چییە، هۆی نەنووسینت؟

من هێشتا لە تەوقیفدام. نزیکەی ١٠ - ١٢ جەلسە موحاکەمە کراوین. نزیکەی ١٤ شایەت بیستراوە. وابزانم مەحکەمەیش بۆی دەرکەوتووە کە ئێمە بەرین و بێ گوناهین! حسێنی برام و چەند کەسێکی کە، بەکەفالەت بەردراون. من و جەبار و چەند کەسێکی کە ماوین. بەردانەکەیشمان ئەبێ لە بەغدا دەرنەچین، جا بۆ پیاوی بێ کار و بێ پارەی وەک من، تەوقیفەکە کەمتری تێ ئەچێ، بۆیێکا بەردانم لە لا زۆر بایەخدار نییە!

خۆت ئەزانیی، جیهانی من ئێستە چوار دیواری زیندانەکەمە، لەبەر ئەوە نامەکەشم وشک و بێ چێژە وەک ژیانی زیندان، وەک شۆربای نەخۆش، وەک گەردەلوولی خەزان، یا سەردەمی بێ کاریی و پیریی ژیان.

بەڕاستیی مارف، بیرت ئەکەم، یادت ئەکەم، خۆشم ئەوێیی نەک لەبەر ئەوەی وای لە وڵاتی سۆڤیەت، لەبەر ئەوەی برادەرین... برادەری قەڵەم، هاوڕێین لە مەیدانێکا، مەیدانی خزمەتی نووسیاریی و ئەدەبیی گەلەکەمان و بڕوام وایە کە تۆ جەنگاوەرێکی بەکاریت.

کاکە، وەک وتم، جیهانەکەی من بەری تەسکە و چیی ترم پێ نییە بۆتی بنووسم. چاوەنواڕم نامەیێکی بەتامم بۆ بنووسیت، بەڵام با لەسەر سواڵی خۆم نەبێ، بەڵکو لە دڵتەوە ویستبێتت کاغەزم بۆ بنووسیت، تا گەرمیی ڕاستیی تیا هەست بکەم.

ئیتر چاوەڕوانتم. خوات لەگەڵ.

(ئیمزا)

مارف بەرزنجیی

برای دڵسۆزت

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ۱۹٦/٤/٦٢(*)
[مارف بەرزنجیی ـــ مارف خەزنەدار]
سیجنی مەوقیف - بەغدا
٤/٣/١٩٦١[ز]

کاکە مەعرووف

دەمت ماچ ئەکەم

نامەکەت: (نامەی هەویەی خاس دۆستانت یا وان)

زۆر دیارییەکی مێخۆش بوو، بەڵام کورت بوو، هەرچەند خۆت بەدرێژت دانا بوو. نامەکەی تۆ دوو ئەوەندەیش بێ هەر کورتە، چونکە تۆ لە جیهانێکی پڕ و بەریندا ئەژیت. ئەگەر بڵێم پەیە درۆ نییە، بەڵام من؟ منی ناو حەوش و حەسارێکی تەسک و تەنراو بەسیم و ئاسن و چاو، بەنووکی دەرزیی خەفەت دڵم دەرزیی ئاژن کراو، هەرچەندە کورت بنووسم هەر ئەڵێم درێژە، چونکە وەکو باسەکانی تۆ خۆش و چاو ڕووکەرەوە و دڵ خۆشکەر نییە. ئەترسم دڵت تەنگ بکا!! لەگەڵ ئەوەیش چاوێکی وردترم بەجیهانی زیندانەکەما گێڕایەوە و یادێکی سەرگورشت و گوزەرانی ئەم بیست مانگەم کردەوە؛ بینیم کە گەلێ شتی وای تێدایە، شایانی نووسینە... کاکە تۆ لە جیهانێکی سوسیالیستی پێشکەوتوودا ئەژیت، لە «لێنینگراد»ی نازدارا و هاوڕێی پەرییەکی خەت خۆشیی، کە شەوەزەنگی خۆش ئەوێت، چونکە خۆی ڕۆژە، پڕتەوە، تریفەیە، پەلکەزێڕینەیە، ئاوازە، نازە، هێزە، پێزە، تینە و سەرمای لێنینگراد لە بیر ئەباتەوە! بەو پێیەی کە ڕۆژ و تریفە شەوەزەنگی بووێت، تۆی خاوەن ژیانی لێنینگراد و لاوی ناو ئەرمینیاشی، ئەبێ دەنگوباسی زیندانت بووێت!

برام

زینداکەم (کۆلێجێک)ی بەنرخ بوو بۆ بیر و توانای دەروونیی، گەلێ بەقووڵتر ژیانم چەشت و باشتر بەناخی دەروونما چوومەتە خوارەوە و گەییشتوومەتە سەر تەختی ساغ، ئەو تەخت و بنچینەیە کە بەرگەی هەموو سزایێک ئەگرێت، با وەک خۆم بێ گوناهیش بێت!

برا گیان

گەلێ بەسەرهاتی گرنگمان بەسەر هاتووە، بەڵام قاڵیشی کردووین. با باسی دەروون

(*) سەرچاوەی پێشوو - ل ۳۱٥ - ۳۲۰.



بەس بێ، نۆرەی دەوروپشتە!

ئێمە ژیانێکی یێک ماڵیمان لە ناو زیندانەکەمان پێک هێناوە، لەبەر ئەوە هەموومان کەمتر ئیش و زۆرتر خواردن و خواردنەوەی باشمان پێ ئەبڕێت، ڕێکوپێکتریشە، لەباتیی ئەوەی هەر کەسە بۆ خۆی بژیی کە گەلێک ناتوانن بەڕێکی بژین، پێکەوە ئێستە «۱۰۰» کەسێک لە وەجاخێک ئەخۆین و هەموو نۆکەری یێکترین! بێجگە لەوەی کە پیر و نەخۆش ئەفەرۆزن، جا هەموو بەچاوی خۆمان ئەیبینین کە لە جێگەی ئەوەی هەریێکە ڕۆژیی سێ جار چایی بۆ خۆی لێ بنێ و دووجار شیو بکا و چوار جار قاپ و قاچاغ بشوا، ئێستە شانزە ڕۆژ جارێک نۆرە فرمانێکی وەک قاپ و قاچاغ شتنی بەر ئەکەوێت، لەگەڵ هاوڕێیەکەی. جاران من وەک کوڕە شێخێکی نازدار قێز و بێزم لە مەنجەڵ و حاجەتی چەور و ڕەش ئەبووەوە، بەبیرما نەئەهات بتوانم دەست بخەمە پاشماوەی خەڵکیی و مەنجەڵ و قاپی چەور و چڵکن، بەڵام ئێستە بەئارەزوویێکی خۆشەوە ئەو مەنجەڵ و قاپە چەورانە پاک ئەکەمەوە. چەندێک نووسینی شیرینم لا خۆشە، ئەوەندەیش پاککردنەوەی قاپەکان، ئەو بۆ خوێندەواران و ئەمیش بۆ نانخۆرەکان، ئاوا بیر و دەست لێک نزیک ئەبنەوە!

کاکە

بەرهەمی ساڵی یێکەمم لە خوێندنەوە و نووسین «۱٥» وتاری ئەدەبیی، «۸» هەڵبەست و «۲» چیرۆکی نوێ و لەگەڵ «۳» چیرۆکەکەی کەم کە دیوتن بەپێشەکیی و پێشکەشییەکەوە ئامادەن بۆ چاپ؛ نزیکەی «٥۰» کتێبی ئەدەبیی و لێکۆڵینەوەی باشم خوێندووەتەوە لە کتێب و چیرۆکە سەردەستەکان، جگە لە گۆڤار، کتێبێکی عەرەبیم کردووە بەکوردیی، سێ چوار وتاریشم لە ئینگلیزییەوە کردووە بەکوردیی. چوار نەخوێندەواریشم فێرە خوێندن کردووە، دووانیان ئێستە باش ڕۆژنامەیش ئەخوێننەوە و نامەیەش ئەنووسن. ئەم حەوت هەشت مانگەی دواییەش هەرچەندە بەمەحکەمەوە ئالاوین، دەستم لە خوێندنەوە و نووسین بەرنەداوە. ئێستە ئاواتی هەرە بەرزم ئەوەیە چیرۆکێکی درێژ دەست پێ بکەم کە بەساڵەها تەواو ئەبێ. ئەمەوێت سەردەمی ژیانی خۆمی تیا دەربخەم لە هەموو بارێکی گوزەرانی وڵاتەکەمانەوە، واتە لە سەرەتای دەست پێ کردنی قۆناغی دەرەبەگییەوە تا ئەمڕۆ، ئەخوازم لە چەشنی چیرۆکەکەی (جۆرج ئامادۆ) بێ؛ (ئەرزون سیمارۆها مینەززەهەب/ ارض ثمارها من الذهب) تێکەڵ بەهەستی دەروونی خۆم بەو کارەی کە تێیی کردووم، بەو گۆڕانەی بەسەر ژیان و گوزەران و ڕەووشت

و پەیوەندیی بیروباوەڕ و دەروونا هاتووە، لە دێ و شاری کوردستان.

ئەو کچەم کە پاش گرتنم بەچەند مانگێک لە دایک بووە، ئێستە پێی گرتووە و خشپیلانە ئەڕوا و بانگ ئەکات (بابە، بابە!) بەڵام نازانێ بابە کێیە و چییە، چونکە بابەی نەدیوە!

زیندان پەژموردەم ناکا، بەڵام دانیشتن و بێ کاریی، شتێکی ناخۆشە! بێ نازیی منداڵە ساواکانیش لەولاوە بوەستێ وەک وەستاندوومە. لەگەڵ ئەوەیش هێشتا ئەتوانم بڵێم زیندانەکەم زاخاوێکی بەدڵ و دەروون و مێشکم داوە. کە ڕۆژی ئاشتیی و بەختەوەریی گەلان هەڵات بێ، سێبەری کێوی ڕەشیش لێی ناکا بەشەوەزەنگ، کرێوەی پیریی سەر و سمێڵی گرتبێ (بەفرە و لە گەرمیان باریوە!).

کۆمەڵە چیرۆکەکەی کاک مستەفا ساڵح کەریم، بەتایبەتی چیرۆکی (قەڵای دمدم) کە تازە کەوتووەتە بازاڕەوە.

ئەم چیرۆکەیان کەرەسەی باش بووە، یا وەک نانەوایی بڵێم؛ ئاردێکی باش بووە و نەیهێشتووە هەویرەکەی هەڵبێ، نانەکەی بووە بەفەتیرە! (ڤیان)، نازانین کچی کێیە و چۆن چووە قەڵای دمدم بێ گواستنەوە؟ لە هەر لاپەڕەیێکدا چەند (هەر)ێکت دێتە پێش کەوا ئەزانی بەتەنگوچەڵەمە ئەگەی – ئەزمە – و ئەنجام ئەگا – حەل، بێجگە لە شێوەی حیکایەت؛ (نە بکەی و نە بخۆی سەیری سای گەردنی بکەی!!)، بێجگە لەوەیش بەرکوڵ و ڕێ خۆش کردنی پێوە دیار نییە! خۆت ئەزانیی چیرۆک نووسین ئەبێ پەلە و شپرزەیی تیا نەبێ. دایلێکتێکی وردە وردە لە گۆڕانی بچوک بچوکەوە بگاتە گۆڕانی گەورە، نەک کوتوپڕ و لەناکاو؛ (چاش بەپەلە بیکولێنی هەڵئەپروزکێ)، بەڵام ئاگرەکەی ژیلەمۆ بێ، جوان دەم ئەدا. ئەوەیش نازانم ئەو سەردەمە تفەنگ هەبووە لە کوردستانا یان نا؟ هەر ڕم و گورز و شیر هەبووە، زەمانی شا عەباس و ساڵی ١٠١٧ی کۆچیی!

ڕەنگە ئەم جارە لە (ڕووناهیی)دا منیش شتم هەبێ![1] لە (سۆڤیەت لیترەیچەر)دا ژمارە «١ – ١٩٦٠» لە ژێر ناوی (نرخی فەننیی و سەردەم)دا لێکۆڵینەوەیێک نووسراوە، لام پێویست بوو بیکەمە کوردیی![2] بەشی یێکەمم کرد و ناردم بۆ (ڕووناهیی). سەرنجی بدە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەسڵەکەی، بزانە وەرگێڕانەکەی چۆنە و

(١) گۆڤاری ڕووناهیی، لە بەغدادا دەردەچوو.

(٢) گۆڤاری (سۆڤیەت لیترەیچەر/ ئەدەبی سۆڤیەتیی) لە مۆسکۆدا بەئینگلیزیی دەردەچوو!.



ڕای خۆتم بۆ بنووسە، پاش خوێندنەوە.

لە (هیوا)یشدا ڕەنگە باسێکم بڵاو بکرێتەوە... وەڵامێکە بۆ (هەژار) یان ڕاستتر بڵێم بەرپەچێکی هەندێ بیروباوەڕیەتیی و لەگەڵ کەمێک دووان لە سروشتی شیعری (تازە)، واتە (ئازاد)، سەرنجی ئەوەیش بدە، کە دەرچوو ڕای خۆتم بۆ بنووسە!

کاکە

من و جەبار و مەجید و محەممەد عەلیی هێشتا هەر تەوقیفین، بەڵام لە «٢٠»ی کانوونی دووەم (حسێن)ی برام و (مستەفا عەسکەریی) و (مەلا نووریی) و (ساجید) بەکەفالەت بەردران.

مەحکەمەکەمان زۆر سست ئەڕوا بەڕێوە، نزیکەی «١٣٤» شاهید هەیە. تا ئێستە «٢٢» شاهید بیستراوە کە لە ١٧/ ١٠/ ١٩٦٠ـەوە دەست کراوە بەمەحکەمە و ئێستە ٤/٣ تەئجیل کراوە. واتە بەشەش مانگ «٢٢» شاهێد. ئەبێ تا تۆ دوکتۆرا وەرئەگریی، ئەوسا ئەم شاهیدانە تەواو بن. سا خوا گەورەیە بۆ چەند ساڵێکی کەش... بەڵام شاهیدەکان ئەوییی ڕاست بکا، بۆ ئێمە باشە و ئەوەیشی درۆ بکا، درۆکەی وەک بزن ئەبارێنێ و مەحکەمە جاڕس ئکا، چونکە هەر چۆن بێ، تا عورفییش – مەحکەمەی عورفیی – درۆی زلی پێ ئاسان نییە.

یێکێ لەو درۆیانە ئەمەیە کە من بەئوتوموبیلی بەلەدییە، تفەنگ و چەکم بڵاو کردەوە بەسەر خەڵکدا کە لە سندووقی پشتی ئیستێشنەکەمەوە – ئوتوموبیل/ K – هەشت سندووق دانرا بوو، هەریێکەی «٩٠» سانتیم درێژ بوو، پەنجا سانتیم بەرز کە بەهەندەسە و حیساب بیژمێریی ئەبێ سندووقە بچووکەکەی ئوتوموبیلەکە فارغۆنێک بێ... شتی وا و سەیرترا! منی ئاشتییخواز و ئینسانپەروەر، ببم بەپیاوکوژ و هۆلاکۆ، سەیرە سەیر؟ ئافەرین وەستا بۆ چەکوش و بزمارت.

کاکە

ئێمە بەبۆنی نەوت کەوتووین. بەسەری تۆ بۆنی نەوتە و هیچی دی نییە! وا ئێستە چیرۆکەکەی دکتۆر (ڕەحیمی قازیی)م بەدەستەوەیە! هێشتا لێ نەبوومەتەوە، ناتوانم شتێکی لێ بڵێم، تا باش نەیخوێنمەوە![1] زۆر سوپاست ئەکەم بۆ ئەو کتێبانەی بۆمت

(١) چیرۆکی؛ پێشمەرگە – بەغداد؛ س ١٩٦١ز.

کرپیون. له پێش هەموویەوە داماوێ نوسخەییێکی ئەسڵیی دیوانەکەی (نازم حیکمەت)م که بەزمانی خۆی وتوویه، بەڵکو باری کێش و پاشبەندی ئەوم بزانیایە![1]

کاک مارف

حەز ئەکەم لێکۆڵینەوەییێک لەسەر شیعری نوێی ڕووسیی بنووسیت لەلاییێن کێش و پاشبەند و ڕوخسار و دیمەنییەوە.

کاک جەمالی برات جار جار سەرمان لێ ئەدات، ئەویش دەردی زۆره.

کاکه، بۆمت نەنووسیی بوو ئایا چیی ئەخوێنیت و چیی ئەکەی؟ بیستوومە دەرسی کوردیی ئەڵێیتەوە؟ له بارەی دیراسەی کوردییەوە له دانیشگه و ئەکادیمیای لێنینگراد و باکۆوه شتێک بنووسه.

(هیوا) لەبەر بێ وتاریی درەنگ درەنگ دەرئەچێت،[2] نووسیارەکانمان وەک ناوم لێ نابوون، وەک ڕووباری خاسه «٥» ساڵێ هەر دوو ڕۆژ ئاوی پیا دێ. ئەوانیش هەر دووجار دەست (......)[3] برادەران یێک یێک دەستەکانت ئەگوشن. چاوەنواڕی (......)، دووباره دەمت ماچ ئەکەمەوە. خوا ئێمەش له دیتنی شوێنی (......) نەکا.

ئەگەر لەسەر شیعری سۆڤیەتیت نووسیی، ڕەنگه له شێوەی پرسیار و وەڵامدا لەگەڵ نووسیارێک یا بوێژێکی بەناوبانگی سۆڤیەتییدا بێت جوانتره، لەگەڵ سەرنجی خۆت و بەراوردکردنتان لەگەڵ شیعری عەرەبیی و کوردیی.

(ئیمزا)

برای دڵسۆزتان

[تەواو]

(١) شاعیری تورک.

(٢) مەبەست گۆڤاری (هیوا)ی سەر بەیانەی سەرکەوتنی کوردانی بەغداده.

(٣) مخابن له کتێبەکەدا، ئەم شوێنانه بەر چاپ نەکەوتوون!.



پ. ن؛ که: ١٩٧/٥/٦٢(*)

[مارف بەرزنجیی ـــ مارف خەزنەدار]

بەغدا

١٩٦١/٥/٨[ز]

کاک مەعرووف

تێر دەمت ماچ دەکەم

نامەکەشتم وەرگرت و بەدڵ و بیر خوێندمەوه بۆ خۆم و هاوڕێکانم.

نامەکانت گەشته، گەشته له وڵاتێکی کامەرانا. گەشته له بیردا، له دەروونداا، لەبەر ئەوه وەک پیاوێکی دوور له خۆپەرستیی ئەمەوێت هاوڕێکانیشم خۆشیی له نامەکانت وەربگرن.

ئێسته شەوه که نامه ئەنووسم، یێکسەر و بێ مسوەدده، چیی بەسەر دەمی قەڵەمەکەدا بێ، ئەوەیه. ئێسته له ئاهەنگێکی کوردیی و عەرەبیی بووینەوه که بەهۆی ئەوەوه کردمان، چونکه بەیانی هەشت هاوڕێمان گوێیان له قەراری عورفیی ئەبێ، ئەشزانن حوکمیشیان تێدایه، بەڵام بۆ ئیعدامیش هەر بەئاهەنگەوه بەڕێ ئەکرێن.

لای ئێمه له کانی دڵەوه، یێکێ لەوانه حەیرانێکی خۆشی ئەوت، پاشبەندەکەشی (کراس زەردی) و چەپڵەڕێزانی کوردانه. لەولایشەوه برا عەرەبەکان له نەزمی (هەجەع) بەشیعری نیشتیمانییەوه و تەنەکه و چەپڵه و زبان تەقاندن – دەستووری خۆیان – ئۆپیرا و سینەما و سەیرانی ئێمەش ئەمەیه. بەرەو مەرگ و بۆ زیندان، بەگۆرانیی و چەپڵەڕێزانەوه!

مەحکەمەی ئێمه له پێش ڕەمەزانەوه تا ئێسته وەستاوه. هەر بەتەئجیل تەئجیل ئەیکەنه کێش و ئەنجامێکیان دیار نییه! بەری ئاسمانیش لای ئێمه تا بێ تاریکتر ئەبێ. نه سەنگ هەیه نه تەرازوو. پاش دوو ساڵ زیندان، عالەمی دەرەوەمان له بیر کردووه و ڕاهاتووین. ئێسته بیری منداڵەکان ناکەم. زۆر سەیره! ئەم دڵه ناسک و بەهەست و دڵسۆزەم بۆ کۆرپەکانم، ئێسته له خورپه کەوتووه!

(*) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٩ – ٣٢٣.

کاکە

کەمێکت هەڵنابووم. درۆیە بڵێم زۆرم پێ خۆش نەبوو، چونکە من کە دەستم داوەتە قەڵەم، هێزێکی دەروونیی پاڵێکی زۆر بەتینی پێوە ناوم کە بنووسم. بۆ ڕابواردن نانووسم. هەست ئەکەم ئەرکم لەسەر شانە، ئەرکێکی زۆر پێویست. (کورد نووسیاری گەرەکە. نووسیارێک لەم چەرخەدا بژی و دەروونی کورد بخوێنێتەوە. نووسیارێک هەستی بەوە کردبێ کە زمانی کوردی توانایێکی مەزنی تیایە و کانێکی گەوهەرینە و کرێکاری فرمان گوزار و ژیر و چالاکی ئەوێ تا گەوهەرەکانی دەربێنێ و بیخاتە بازاڕەوە، بازاڕی خۆماڵیی و دەرەوە!). کەمتەرخەمیی دەورێکی زۆر گرانی خوێندەوارەکانمانە. کوا کێ قەڵەمدارە؟ بەپەنجەی یێک دەست بیانژمێرە.

من ئەو کەسە بەقەڵەمدار دانانێم کە وەک «خاسە»ی کەرکووک[1] ساڵی جارێک یا دووجار لە بەهارا ئاوی پیا بێت و ئیتر وشک و زڕبێ بەدرێژایی ساڵ! قەڵەمدار ئەبێ کرێکاری سەروم‌ڕ بێ، بۆ قەڵەم و کاغەز، بۆ گەلەکەی، بۆ هەموو ئینسان!

هەست ئەکەم کورد، نامەخانەکەی چۆڵە. داستان و چیرۆک و ڕیوایەی چاپکراوی نییە. هەست ئەکەم هەندێک وەک منداڵ گڕوگاڵ ئەکەن و ناوی ئەنێن هەڵبەست و چیرۆک. هەندێک وەک مەلاکانی جاران کە تا ئێستەش هەر خوتبەکانی (ئیبنونەباتە/ ابن نباتە) ئەخوێننەوە بۆ خەڵک، ئەوانیش هەر شتە وتراوەکان، شین و ڕۆ ڕۆ و پاڵەوانبازیی هەرزەکارانە دەرخواردی بیری گەلەکەمان ئەدەن! (هەموو شاعیرێک کە مرد، ئەبێ نەمر بێ!) و هەر کەسێک لە جارێکا دوو تیپ و لەتێکی بەهەوایێک نووسیی، ئەبێ بەبلیمەت بێ، چونکە بەرامبەریی لە بلیمەتێکی ڕاستەقینە گرتووە. هەندێک وەک «گا» مل ئەنێن و هەندێک لەباتیی ژیریی ژار ئەڕێژن. من و تۆیش خۆمان ڕاگیر ناکەین، ئەبێ پتر دەست لە قەڵەمەکەمان توندکەین و زۆرتر دەماری دڵ و بیرمان بسووتێنین تا خزمێکی ڕاستەقینە پێشکەش بکەین!

کاکە

وەک قوتابییەک ڕێگای لەبەر ڕوون بووبێتەوە، ئێستە وام. قوتابیم، بەڵام ڕێگاکەم ئەزانم و بێ وچان ئەڕۆم. (ئەگەر چەند ساڵێکم ژیان مابێ، لە ڕێگەی ئەدەب و زمانی کوردییدا خەرجی ئەکەم، ئەمە ڕێگەی منە!)

---

(١) خاسە، ڕووبارێکە بەنێو کەرکووکدا تێدەپەڕێ و پردێکیشی بۆ کراوە و بەئەو نیوەشەوەیە. ئاوەکەی هەر لە بەهاراندا ڕەنگی هەیە و ئیدی چۆڕی لێ دەبڕێت.



برا

فەرمووبووت کە نووسینەکانم جێگەی ئەبێ لە نامەکەتا، نامەوێ بڵێم مەمنوونت ئەبم، چونکە نابێ وەک برایێک تەماشام بکەی. ئەبێ وەک ماددەی - مەوزووع - بڕوانینە شتەکانم، وەک زانایێک لە زانایانی فیزیک، کیمیا، بایۆلۆژیی. لە ماددەیێک ئەکۆڵێتەوە بێ لایێنگیریی، سیماتی ڕاستیی ماددەی مەوزووع دەرئەخا، بەڕاستگۆییەکی تەواوە بێ لایێنگیریی. منیش ئەتوانم هاوکاریت بکەم بۆ دیراسەی ئەو شتانەی کە هەتا نووسیومن، پارچەیێک بوون لە من و ئێستە شتێکی جیاوازن و ئەتوانم لێیان بکۆڵمەوە و تا ڕادەیێکیش بێگانە بم. چۆن؟ ئایا ئەندازیارێک ئۆتوموبیلێکی دروست کرد، ناتوانێ دوا جار لێی بکۆڵێتەوە و چاکە و خراپەی لێک جیا بکاتەوە؟

ئەگەر لە خۆپەرستیی دوور بکەوینەوە، ئێمەیش ئەتوانین چاکە و خراپەی نووسینەکانمان بخەینە بەرچاو. جا نازانم لە نووسینەکانی من چیت لەبەردەستدایە؟

من چیرۆکەکانم بۆ چاپ نەکرا، هەرچەند بڕیار درابوو چاپی بکەن. نازانم بۆچیی کۆسپ هاتە ڕێی؟ بەڵام ڕەنگە چیرۆکێکم بەم زووانە لە گۆڤارێکا کە تازە دەرئەچێ، بڵاو بکرێتەوە.

حەز ئەکەم ئەوە دواشی بەرەو دوا لە گۆڤارەکاندا بڵاو بکەمەوە، بەڵام شیعرەکانم، ئەوانە بڵاوکراونەتەوە، هەر ئەوانەت ڕەنگە دیی بێ. بۆ بنووسە چیت ئەوێ بۆت بنێرم. وتارەکانیش هەر ئەوانەن کە بڵاوکراونەتەوە و بەنازناو و ناوی ڕاستیی کە شارەزای!

ئێستە خەریکی زمانی ئینگلیزییم. لەم مانگەوە بڕیارم داوە شانی لێ توند بکەم. لەبەر ئەوە کەمێک لە بەرهەم نووسینم کەم ئەکاتەوە، بەڵام لەم یێک دوو مانگەی دواییەدا، چەند وتارێکم هەیە و (مەسرەحییەیێک)ی بچووکیشم نووسیوە، هێشتا شێوەی یێکجاریی وەرنەگرتووە، لە ژێر ناوی (زەویی زەویی خۆمانە)دایە، کە تەواو بوو، بڵاوی ئەکەمەوە. ڕەنگە بۆ دوو مانگێکی کە، دەست بدەمەوە گەلاڵەی ڕیوایەیێکی درێژ، واتە مەوزووع و شوێن و کات و کەس و شتەکان لە بیرمدا کوڵاون و لە هەل ئەگەڕێم کە کاتی بۆ تەرخان بکەم، تا بیخەمە قاڵبەوە. ڕەنگە «٢٠» فەسڵ بەریت، واتە «٢٠٠» تا «٣٠٠» پەڕەیێک ئەبێ، وام داناوە بەچەند ساڵێک تەواوی بکەم.

پێش ئەم نامەیە و پاش گەییشتنی نامەکەت، کارتێکی جەژنانەم بۆ ناردبووی، ئەترسم پێت نەگەییشتبێ، چونکە بە (فەڕڕاشی سیجن)ەکەدا ناردم و پارەشی زیاد وەرگرت، ئەترسم هەر سەر و بەر پارەکەی نابێتە باخەڵی و کارتەکەی دڕاندبێ!! بۆ (دڵسۆز)یشم

ناردووە، هیچ وەرامیان نەبوو!

نووسیبووت (ئەم جارە کتێبێکم بۆ بنووسە!)، کاکە؛ جیهانی زیندانەکەمان ماوەی ئەوەمان پێ نادا کە کتێبێکی پاراوت لە نامەیێکدا بۆ بنووسم. ژیانی ئێمە بریتییە لە خواردن و خەوتن و شەترەنج و خوێندن و نووسین بۆ هەندێک.

برا

کاتی خۆی باسی قاموسێکت بۆ کردبووم کە پار ئەبووایە دەرچووایە لە چاپ و منیش دانەیێکم بۆ بهاتایە، کەچیی هیچ دیار نەبوو؟

وا ئەم جارەیش باسی قاموسێکی سۆرانیت کردووە کە خەریکی، تکا ئەکەم لە هەردووکی بێ بەشم مەکە. من لێرە دەستم ناکەوێ، خۆم دەستم بەستراوە و لە بازاریش نییە!

خۆشیی لینینگراد و سۆڤیەت بۆ ئێوە و گەرمای عێراقیش بۆ ئێمە، یان بەهاری ژیان لای ئێوەیە و زستان لای ئێمە، بەڵام شادم بەزستان، چونکە لە رێی بەهارێکدایە کە خەزانی لە دوا نییە![1]

کاکە

ئەم جارەیش ببوورە کە لەم چوار لاپەڕەیەم پتر پێ نانووسرێت، چونکە ماوەم نییە! تۆ بۆم بنووسە، چەند ئەتوانیی بنووسە، بەقەدەر فیلمێک لەزەتی لێ وەرئەگرین... سێ چوار جار بەدەنگی بەرز ئەیخوێنمەوە، ئەمجا ئەیخەمە ناو جانتاکەم تا بەین بەین دووبارە بیخوێنمەوە.

کاک جەمالیش کە دێت بۆ سەردانم ئەیخوێنێتەوە. ئێستە هەفتەی دوو رۆژ مواجەهەمان هەیە و هەر جارەیش سەعاتێک. لەبەر ئەوە جەمال ئەم جارە هەر بەخوێندنەوەی نامەکەی تۆدا گەییشت!

ئیتر ماچێکی دوور لەسەر دوو لێوت و چاوەنواڕی وەرامم. برادەران یێک یێک دەستت ئەگوشن، بەتایبەتی حسێن و جەبار!

(ئیمزا)

[تەواو]

---

(١) مخابن خەزانی لە دوا بوو! ئەم کەڵەپیاوانەش بەسێدارەی عێراقی عەرەبەوە بوون بەقۆچی قوربانیی! هەزاران ئەفسووس کە خۆیان و بەهرەیان لە دەست نەتەوەکەیان چوو! (کەمال).



📖 پ. ن؛ کە: ١٩٨/٦/٦٢

[مارف بەرزنجیی ـــ مارف خەزنەدار]

[سیجنی مەوقیف – بەغداد]

١٩٦١/١١/٣١[ز]

کاک مارف

دەستەکانت ئەگوشمەوە، لە دڵەوە بیرت ئەکەم و لە دوورەوە ماچت ئەکەم. سەرکەوتن و پێشکەوتنت ئەخوازم.

ببوورە ئەم جارە وەڵامی نامەکەتم درەنگ ناردەوە. سووچ سووچی پەژارە و نەپەرژان بوو، چونکە بەهاتووچۆی رێگای عورفییەوە بووین. هێشتا واین لە نیوەی موحاکەمەدا... شایەت هەر دێ و کۆتایی نایەت. هەموویشی کاوبایە، بەئارەزووی دڵی ناحەز رێک نایەت بۆیێکا هەر لەسەرییێک تەئجیل بەدوای تەئجیل دوامان ئەخەن، هەرچۆنێ بێ لەگەڵ نەگبەتیی و کوێرەوەریی و دەرد و ئازار و فرمێسک دەمێکە ئاشناین. ژیانیش بەشی زۆری رۆییوە و کەمی ماوە، زۆری خەفەت بۆ ناخۆین! تا هەژارێک لە گیان ئەکرێت، سەد نازداری خۆش گوزەران گیان ئەسپێرێت. هەژاران زوو نامرن، نامرن! وەک لە چیرۆکی (جەژنێکی شادیی)دا لە «ڕووناهیی»دا نووسرا بوو!

دوا هەواڵ کە بۆ پێکەنین ئەشێ ئەوەیە؛ نزیکەی دوو مانگە (فەرەیدوون)ی کوڕیشم گیراوە... ئەو منداڵە ژووری خوێندنگاوە ئێستە لە ژووری حەپسخانەکەی کەرکووکدایە، بێ سووچ و بەتەگبیرێکی چەپەڵ، لە پەناوە شتیان خست بووە ناو کتێبەکانی، بەگرتنیان دا. بەڵام (فەرەیدوون) پێئەکەنێ، چونکە ئێستە بەم گرتنە، خۆی بەشت دێتە پێش چاو!

برادەر

لەم هاوینەدا دەستم دایە نووسینی داستانێک کە تا ئێستە ڕەنگە «١٠» لاپەڕەی چاپم لێ نووسیبێتەوە، بەڵام لەبەر پەژارە و ئەندێشەی هاتووچۆی (عورفیی) ماوەی زۆر نووسینم نەبوو. لەگەڵ ئەوەیش سەرەتایێکی (لای خۆم) پەسەندم بۆ هاتووەتە دەست. ناوم بۆ دانەناوە، چونکە تا تەواو نەبێ، ناتوانم ناوی لێ بنێم. زۆر حەز ئەکەم ئەم ڕیوایەیە بگەیێنم بەئەنجام، چونکە لەگەڵ هەستی دەروونی خۆم، (بەسەرهاتی نەتەوە و وڵاتەکەم نیشان ئەدەم لە سەرەتای هاتنی ئینگلیزەوە!).

ئەم کردارە ئاسان نییە، لەبەر ئەوە پەلەی لێ ناکەم، با چەند ساڵێک بەرێت یا کەمتر،

پەلەم چییە، خۆ ناشکوریی نەبێ، جارێ ماوەی هیچ نییە کە ئەگەر ماین و یێکترمان دیتەوە، پێکەوە سەرنجی ئەدەینەوە!

نووسیبووت کە لە «فەننی چیرۆکدا زۆر شارەزا نیم»، زۆر حەز ئەکەم لەم فەننەدا شارەزایی پەیدا بکەی. تازەترین فێرگەش لای ئێوەیە لە سۆڤیەت، تا بەهۆی تۆ و هاوڕێکانتەوە، چیرۆکنووسانی کورد ئاگاداری کاروانی پێشکەوتووی ئەدەبی جیهانیی ببن! من تا ڕادەیێک لەم گرتنەم کەڵکم لێ وەرگرتووە، چونکە گەلێ چیرۆکی درێژ و کورت و نامەی سەرچاوەیی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییم خوێندووەتەوە. هەرچەند زۆرتر پێویستە، بەڵام ئەگەر ئەم گرتنە نەبووایە، بە دە ساڵی کە ئەوەندە ماوەم نەئەبوو بۆ خوێندنەوە و نووسین!

خواستبووت کە ڕای خۆمت بۆ بنووسم لەسەر (دوو چاوی ڕەش)! چوار جارم خوێندووەتەوە، جارێک پێش نامەکەت و سێ جار پاش... دیارە خاوەنی (چاوی ڕەش) دڵی ڕفاندووی؟ بەئەندازەی جوانە نازدارەکەی حەوتی ئۆکتەبەری ئەو ڕێگا دوورە، بەڵکو زۆرتریش ڕایتکێشاوە، چونکە ڕێگاییێکی دوورتری خستووەتە پێشت.

کاکە، ئەبێ چ چاوێک بێ؟ ئەبێ خاوەنەکەی چۆن بێ؟ کەوا ئەو بەهەشت، گوڵزار، لالەزار، جوانیی، ئاشتیی، شەوق، ژیان، ئەو ژیانەی کە بۆ هەموو کەسێکە، تەنیا بۆ تۆ نەبێ، ئەویش بۆ ماوەییێک خستوونییە ناو ڕێگاییێکی دوورتر، وای لێ کردووی کە ئەو هەموو گوڵزار و جوانیی و ژیانە وەکو خۆی نابینی، هەرچەند باوەڕ ناکەی کە ڕێگاکە گۆڕا بێ.

چ چاوەڕوانییەک بووە؟ ئای چاوەڕوانیی کەسێک نەیبینێ نایزانێ، چ گرانێکی ئاسان و ئاسنێکی گرانە؟ چ خۆشییەکی ناخۆش و ناخۆشێکی خۆشە؟ چەند ڕەنگە ئەندێشە و بیر بەدڵ و سەردا دێ؟ گەشانەوە و سیس بوون؟ داگیرسان و کوژانەوە؟ دڵەکوتێ و زەردەخەنە؟ لێو تەڕ بوون و لێو کرۆشتن؟ پەلە و خۆڕاگرتن؟ گۆرانیی و گریان؟ شانازیی و لە خۆ بێزاربوون؟ ئازایەتیی و ترسنۆکیی؟ گەرمیی و بەتینی هیوا و بەیێک گەیشتن و ساردیی نەهاتن؟ تاوێک خۆت بەخاوەنی هەموو جیهان دێتە بەرچاو و تاوێک وەک هەژارێکی بێ نەوا و لێقەوماو، حەز ئەکەی لە هەموو قەید و بەندێک ئازا بیی و پاش کەمێک هەزاران داو و کۆت و زنجیر و دیواری بینراو و نادیاریی بەخۆتەوە ئەبینیی، هەموو ئەو شتانەت لەو ماوە کورتەدا بەسەر دێ کە بریتییە لە ژیانێکی قووڵ و پان و



بەرین، کەچیی لە ترازووی زەمانەدا بەتاوێکی دائەنێن و ناوی لێ ئەنێن؛ چاوەنواڕیی!

مەگەر هەر چاوەنواڕیی حەوتی ئۆکتەبەر و ئەو چەشنە چاوەنواڕییانە لەو چاوەنواڕییەی تۆ دوورتر و قووڵتر و سەختتر بێ و لەبەر ئەوە ئەم دوورترە لەو، بەڵام تۆ حەقتە کە ئەو دوورتر بێ، چونکە ئەو ڕێگەیە بڕاوە و تەنیا ڕێگە نزیکە دوورەکەی چاوە ڕەشەکانت لە پێشە، بۆیێکا بەدوورترت هاتووەتە پێش چاو.

نووسینەکەت کوردییەکی شۆخە، هەستی دەروونی خۆت تێکەڵ بەئامانجێکی مرۆڤایەتیی فراوان کردووە لە سەرگوزەشتەی چاوەنواڕییەکدا!

سۆزێکی پڕ جۆشە و لە دڵێکی بەڕاستی پەرۆشەوە هاتووە، بەڵام بۆ هەموو کەسێک نییە. بۆ خۆم و خۆت ئاساییە، چونکە سۆزێکی دەروونیی تایبەتی ئەنوێنێ لە بەرگێکی فەنتازیبیدا، لەگەڵ وردەکاریی!

پێشتر مێژووی ژیانی خۆم و کردارە ئەدەبییەکانم بەکاک جەمالدا بۆ ناردووی، نازانم گەیبیشتووە یان نا؟

کاکە

نووسیبووت کە لا جگەرم بووە بەکەباب بۆ ئێوە، بۆ دانیشتنێک لە ماڵی هەر کامێکمان. باوەڕ بکە نە ماڵ ماوە و نە (بلە) و نە (ماله)، مەگەر بارانی پەڵەییێکی کە بمانڕوێنێتەوە!.

شوێنی خۆتان زۆر خۆشە، ئێمەیش دڵنیاین کە بەیێک ئەگەیینەوە. هەر مەرگ نەبێ!

حسێن دەستەکانت ئەگوشێ و برادەرانی کەش خۆشیتیان گەرەکە!

دووبارە دەمت ماچ ئەکەمەوە و چاوەنواڕی نامەتانم گیانە.

(ئیمزا)

برادەر و برای دڵسۆزت

[تەواو]

📖 پ. ن؛ که: ١٩٩/١/٦٣(*)

[نووریی شێخ ساڵح شێخ غەنیی ـــ ڕۆژنامەی ژیان](١)

[سلێمانیی]

[-/-/١٩٢٦ز]

بۆ دائیرەی عەلییەی (ژیان) تەقدیمە

زۆر دەمێکە کە مەفکوورەم لەگەڵ ئەدەبییاتدا تێکەڵیی و موناسەبەتێکی لایەنقەتیعی هەیە. زبانی کوردییش، ئەمڕۆ لە ساحەی کائیناتدا، لە سایەی عەزم و سەباتی حوکوومەتی موعەززەمەوە، مەوجوودییەت و مەوقیعێکی زەفەر و غالیبییەتی هێناوەتە وجوود.

مەعلوومی عالیتانە، زبانێکیش کە مەوجوودییەتی خۆی ئیسبات بکا، لازمە، بەڵکو واجیبە، ئەدەبییاتی ببێ، لە نووسیندا ریعایەتی بکرێ. چونکە تەرزی تەکەللوم و شێوەی تەحریرییەی هەموو قەوم و میللەتێ جیاوازە. ریعایەت کردنی ئەم نوقتەیەش بەوجوودی عیلمیی و ئەدەبییاتەوە مومکینە کە ئەم جیهەتەش مەعلئەسەف مەفقوودە!

لە پێشەوە ڕجا ئەکەم ئەم قسەیە کە ئەیکەم، حەملی نەکەنە سەر خودفرۆشیی؛ (هێنانە وجوودی ڕیسالەیێکی ئەدەبیی کوردیی، لەسەر شانی ئەدیب و تەجەددودپەروەرەکانمان بەلەزمەیێکی قەتعیی ئەزانم!)(٢) حاشا، سومە حاشا؛ من ناڵێم ئەدیبم، من ناڵێم شاعیرم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مندالّیمەوە فیکرم ئیشتیغالی لەگەڵ ئەدەبییاتدا بووە، بەتەتەببوعات نەختێ شارەزاییم هەیە و ئەم شارەزاییییە، دائیما سەوقی ئەوەی کردووم کە لەم عیلمەدا کە هێشتا بەزبانی کوردیی نەنووسراوەتەوە، (ڕیسالەیێک) تەئلیف و تەبع بکەم.

مەعەلئەسەف وەزعییەتی خوسووسییەم بۆ دەست نەکەوتنی شیعری شاعیرە کۆنەکانمان بوو بەئەسبابی تەئەخخوری ئەم تەشەببووسە خێرە!

مەعلوومی عالیتانە، بۆ هەموو قاعیدەیێکی ئەدەبییەی کە ئێمە ئیزاحی ئەکەین، چ بە (نەسر) و چ بە (شیعر)، میسال پێویستە!

---

(*) ژیان - ١٩٢٦/٦/١٠ز.

(١)- بۆ ژیننامەی نامەهەنێر بنۆڕە: نێوداران.

(٢) وشەی (ڕیسالە/ نامە)ی لەبریی (کتێب) بەکار بردووە!.



ڕجا ئەکەم لە هەموو شاعیر و ئەدیبێکی کورد، لە زادەی ئەفکاری خۆی، مەهما ئەمکەن، ئەشعاری خۆیمان بۆ بنێرێ، بۆ ئەو زاتەش ئەبێ بەنامێکی ئەدەبیی ئەبەدیی!

جارێ لە پێش تەبعیا، بەسووڕەتی مەقالاتی موتەفەڕریقە، هەفتەی مەقالەیێک بەئیفتیخارەوە بۆ تەبع و نەشر تەقدیمی دائیرەی عەلییەتان ئەکەم.

خاسسەتەن ڕجا ئەکەم کە لایەنقتیع، هەموو هەفتەیێک دەرجی بفەرموون!

عوموومەن تکا ئەکەم کە بەنەزەرێکی مەرحەمەت، سەیری ئەم مەقالاتە ناچیزانەیەم بفەرموون و چاو لە سەهوو و خەتای بپۆشن!(١)

م. نووریی

[تەواو]

📖 پ. ن؛ که: ٢٠٠/٢/٦٣(*)

[نووریی شێخ ساڵح شێخ غەنیی ـــ زاری کرمانجیی - حسێن حوزنیی]

[ش؟]

[-/-/١٩٢٧ز]

بۆ خزمەت مودیری ئیدارە و ڕەئیس تەحریری (زاری کرمانجیی)

جەریدە موحتەرەمەی (زاری کرمانجیی) کە لە ڕواندز ئینتیشار ئەکات، وەکو ڕۆژێکی زیبابەخش، فیووزی عیلم و عیرفانی بەساحەی کورد و کوردستاندا بڵاو کردووەتەوە. ڕووناکیی ئیستیقبال (أظهر من الشمس/ ئەزهەرو مینە شەمس)ی نیشانی بەئەولادەکانی کورد داوە.(٢) ئەم ڕۆژە تا ئێستا کە عالەمی کورد لە زیبای جیهانگیری مەحرووم بوو، بەڕەش گیرابوو، جەهل بوو داپۆشیی بوو.

مەعلوومە کە بەهەزار تەقەولە ساجی سنگ و جامی سەردان، بەربووە، دنیای ڕووناک

---

(١) لە ئەم ژمارەیەوە تا (ژیان ٢٧/٣/٢٤) بە «٢٥» جار، لێکۆڵینەوە ڕەخنەگیرییێکەی بڵاو کردووەتەوە کە لە دوا ژمارەشدا نووسراوە «ماویەتیی» و کەچیی ئیدی درێژەی نەکێشاوە. وەکو باسی ڕابردووە -لە ژیننامەیدا- در. کامیل حەسەن بەسیر کۆیکردنەوەتەوە و بڵاوی کردوونەتەوە!.

(*) زاری کرمانجیی - ١٧ی ڕەبیعولسانیی ١٩٢٧/١٣٤٥ز. (نامە و شیعرەکە بەهێندێ ناتەواوییەوە بڵاوکراوەتەوە. لە دیوانی شێخ نووریی - ج٢دا، شیعرە ڕاستەکەم وەرگرت).

(٢) واتە: لە ڕۆژ ڕووناکتر، دیارترە.

کردووەتەوە. کەوا بێ قەدری بزانرێ و لە ڕووناکییەکەی ئیستیفادە و تەمەننا و دوعای دەوام و نەگیرانی بکرێ!

زۆر موتەئەسسیفم کە تا ئێستە ئەم دایکە موشفیقە ناسیحە، زادەیێکی بەسەر و پۆتەڵاکیدا نەهێناوە کە لە ڕووی نوازشیی ئەوەوە، وردە وردە باڵا بکات و ڕووی دانیشتنێکی مەجلیسێکی ئەدەبیی ببێ.

بینائەن عەلێه، هەر بەم فیکرە، ئەم دیارییە بێ قیمەتەم تەقدیم کرد، ڕجای قوبووڵ کردنی ئەکەم.[1]

شێخ نووریی شێخ ساڵح

(شیعر)

سەبا، ئەم دیارییەم بۆ خاکپای (زاری کرمانجە)
لە (نووریی) نا، لە مۆری توحفە بۆ خزمەت سلێمانە
(ڕواندز) بەختیارە، قابیلە فەخری وڵاتی بێ
کە چونکە مەرکەزی نەشری فیووزی عیلم و عیرفانە
جەریدەی(زاری کرمانجیی)ڕەفیقی(ژیان)ە بۆ میللەت
کەسێ زاری نەبێ، بێ زارە، ئیشی زار و گریانە
لە دەستی خوێندەوارانا، ئەگەرچیی ئەمڕۆ بێ قەدری
سبەینێ هەر سووتنێکت، وەسیەتخوانی عومرانە
بەئەنگوستی تەجەسسوس،ڕووپەڕەی زەرد هەڵگەڕاوی تۆ
ئەپشکنرێ کە چونکە مەرکەزی ئەسراری کوردانە
وەکو میرئاتی زی ئیدراکی، بۆ مازیی و ئیستیقبال
مەعانیی جوملەکانت کەنزی لا یوفنای عیرفانە
ئەمینداری خەفایای حەیاتی حازیرەی ئەمڕۆی
سبەینێ یێک بەیێک ئەیدەیتەوە، بۆ ئەو جوانانە

(١) ئەم نامە و شیعرە لە ڕۆژنامەڤان و شاعیرێکی نەتەوەپەروەری وەک نوورییەوە، نرخاندنێکی ڕەخنەگیرانە و مێژووییە بۆ گۆڤاری نێوبراو و بەتایبەتی کەڵکی لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردییش دەگرێت!.



بەهێز و قووەتی خۆت بانگ ئەدەی بۆ سبحەینێ
چریکەی تۆبە وا گوێم لێیە، دێ لەو شاخ و داخانە
ئەڵێ: ئیتر شەوی غەفڵەت نەما، ڕۆژی سەعادەت هات
کە عومرێکە، هەموو ئانێکی دەرسی زوڵل و خوسرانە!

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٢٠١/٣/٦٣(*)

[نووریی شێخ ساڵح ـــ گیوی موکریانیی]

[سلێمانیی]

١٩٤٢/١/١٦[ز]

نووری چاوی نووریی

لەگەڵ ڕەمزیی ئەفەندیی[1] و وێنەیێکم بەکابراییێکدا و کاغەزێکم وەرگرت. زۆر لە خۆشەویستیی ساف و بێ تۆز و گەردتان دڵشاد بووم. ئەوا هەندێک لەو شیعرانەی کە جەنابتان نەتاندیوە، بۆ ئەوەی بژاری بکەی و کامی بەچاکتان زانیی نامزدیی دیوانەکەی بکەی، کردم بەدیاریی و ناوم نا (توحفە) و بۆم ناردی و هیوام وایە مەقبووڵی تەبعتان بێ، زاتەن لە هەموو نەوعێکە.

لە غەزەتە کۆنەکان، بەخوا هەر ئەمە مابوو کە بۆم ناردی، منداڵان هەموویان لەناو بردبوو. بەعزێ مەقالاتی ئەدەبییەی خۆم لە ناویاندا هەیە. مەقالەیێکی سیاسیی تیایە کە وەختی خۆی جوابی غەزەتەی (نەجمە) کە لە کەرکووک دەرچووە، داومەتەوە.[2]

مەعەلئەسەف قیسمی ئەووەڵ لە غەزەتەیێکدایە کە نەمدۆزییەوە![3] حەقیقیی

(*) بنۆڕە سەرچاوەکەی: ١/ ٤٠؛ ج٢، ل ٤٣٧ - ٤٣٨. کۆوبڵاوکەرەوەی، ئازاد عەبدولواحید - بەنامە و گوتن - ئاگادار کردم کە بەشکم فۆتۆکۆپیی نامەکانم بداتێ بیانخەمە ڕوو. مخابن تا س ١٩٩٨ز نامەکانی بەدەستەوە نەدام!.

(١) مەبەست ڕەمزیی مەلا مارفی شاعیرە کە ئەو کاتە فرمانی لە هەولێردا بوو.

(٢) نەجمە ڕۆژنامەیێکی سیاسیی ڕۆژانەی دەسەڵاتی بریتانیای داگیرکەر بوو ١٩٢٩ز کە سەرەتا لە ١٩١٨/١٢/١٥ز لە بەغدادا دەرچوو، دوایی لە کەرکووکدا کە تا ١٩٢٩/١٢/٣١ز بەتورکیی دەرچوو، بەڵام لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقدا بوو بەنیمچە ڕەسمیی!.

(٣) ئەو بەشە وەڵامە بڵاوکراوە و نێو هاتووە، لە سەردەمی دووەم حوکوومەتی کوردستان و (ڕۆژی =

جوابێکی موهیممە! وەختی خۆی لەسەر (تورکچێتیی) شەڕە مەقالەی زۆرم کردووە، هیچی پارەیێکی نەکرد!

= کوردستان- س ١، ژ ١٠، چوارشەممە، ٧ی جومادیلئاخیر ١٣٤١/ ٢٤ کانوون سانی ١٣٣٨ز/ ١٩٢٣ز) بەشێوەی سەرگوتاری (قسەی حەق ڕەد ئەکرێتەوە) و بەئیمزای (م. نووریی)یەوە بڵاوکراوەتەوە. پێویستم زانیی کە بیخەمە ڕوو. ئەمەیە: (هەرچەند تێ ئەفکرم و ورد ئەبمەوە لە غەزەتە دراوسێکانماندا مەعەلتەئەسسوف تەسادوفی مەقالەی هیچ موحەڕڕیرێکی حەق و حەقیقەت پەرستم نەکرد کە بێ تەرەفانە بنووسێ و حەقیقەت ئیهمال نەکا. بیلعەکس ئەویی کە حەق و حەقیانییە بێ، چاوی لێ ئەقووچێنن و هەر چ بادئاباد ستوونی غەزەتە ڕەش ئەکەنەوە. سەرف بۆ تەمەتتوعی زاتیە، یا بۆ تەعقیبی غایە و ئامالێکی واهیی ئەیانەوێ موحیت، میللییەت، عیرق، لیسان، ڕاستیی مەوجوودییەتی کوردستان بەخۆڕایی ئیهمال و پایماڵ بکەن و لەم عەسری بەخشاییشی حوقووقەدا، ئەم میللەتە قەدیمە بەقسە بێ بەش و مەحرووم بکەن، کە ئەمەش وا ئەزانم زۆر موشکیلەیە، چونکە تەئریخ، جوغرافیا، بەو خاسییەتانەی کە لە سەرەوە وتمان؛ کورد و کوردستانی لە میللەل و موحیتی سائیرە جیا کردووەتەوە، کەچیی لەگەڵ ئەمەش بەو ڕەنگە کە عەرزتان ئەکەم، ئیهمالی حەقیقەت ئەکرێ:

١- لە غەزەتەیێکی (نەجمە)دا کە تەئریخی ٥ی کانوون سانیی ٣٣٩ بوو، ئیقتباس لە غەزەتەی (ئەلعیراق)ەوە کردبوو، لە ویلایەتی مووسڵدا، کوردستانی تەنها بەسلێمانیی داوەتە قەڵەم.
٢- وتوویەتی لەویلایەتی مووسڵدا ٦٠,٠٠٠نوفووس عەرەبی تێدایە وجونووبی مووسڵیش کامیلەن عەرەبە.
٣- ئەو تورکمانانەی کە لە ویلایەتی مووسڵدایە، زۆر کەمن و عەلاقەیان بەکورد و کوردستانەوە نییە و بەڵکو کوردەکانیش ئەسڵەن تورکن!
٤- سلێمانیی کە ئەڵێن بەیعەتی بەمەلیک فەیسەڵ نەکردووە، تەکزیبی ئەکەین! ئێمە، یەعنی هەموو میللەتی کورد، بەهەموو مەوجوودییەتمانەوە، ئەم بەیاناتە هەڵبەستراوە کە ئیسنادی لە بەعزێ پیاوی گەورە و ساحێب ویجدان ئەدەن، بەکوللیی ڕەدد ئەکەینەوە...
١- لە ویلایەتی مووسڵدا؛ کوردستان کە بەتەنها سلێمانیی دراوەتە قەڵەم، وا نییە. بیلعەکس غەیری قەسەبە و مولحەقات، (مووسڵ کامیلەن کورد و کوردستانە!) عەقرە، زاخۆ، دهۆک، بارزان، عەمادییە، ئەربیل، کەرکووک، کفریی و سائیرە و مولحەقاتی ئەمانە و عەشاییر و ئەتڕافیان چین و بەچ زبانێک قسە ئەکەن؟.
٢- غەیری قەسەبەی مووسڵ کە لە چاو ئەم ویلایەتەدا ئەقەلییەت تەشکیل ئەکا، هیچ مەوقیعێکی تر شک نابەم کە کورد نەبێ و غەیری حوڕییەت و ئیستیقلالییەتی خۆی ئارەزووی تەبەعییەتی هیچ قەومێکی تر بکا!!.
٣- ئەو تورکانەی کە لە ویلایەتی مووسڵدا ساکینن و بەتورک ناوبراون، عیرقەن، ئەخلاقەن، تەبیعەتەن کوردی داخڵ خەریتەی کوردستانن، لەبەر ئەوەی کە عیلاقە و مەربووتییەتی موحیتیەیان لەگەڵ =



کە هاتمەوە کاغەزێکی عەلیی کەمالم وەرگرت[١] وا تەقدیمم کرد، ئەمجا نازانم جوابی خۆی داوەتەوە؟ هیوام وایە لە خزمەت سستیی نەکات! منیش دووبارە بۆی ئەنووسمەوە.

= کوردستان هەیە، هیچ قووەتێ جیای ناکاتەوە!.

٤- لە وەقتی خۆیدا بۆ تابیعییەت و عەدەم تابیعییەتی سلێمانیی بەعێراق، لەسەر ئەوراقی مەتبووع، ڕەسمەن لە تەرەف حوکوومەتی فەخیمەی بریتانیاوە، لە هەموو ئەفرادی ئەهالیی پرسیار کرا، هیچ کەس ئەم بەیعەتەی (لا باش نەبوو!) لە پاشدا بۆ ئەم موختارییەتە دوو ساڵ مۆڵەت بەسلێمانیی درا، دیسان لە پاش ئەم موددەتە هەر (لامان باش نەبوو!) و ئەم کەیفییەتە لە حوکوومەتی عێراق مەعلوومە. زۆر تەعەجب ئەکەم ئەو موحەڕڕیرانە چۆن تەکزیبی حەقیقەت و قەڵەمیان ئەم نەوعە شتانە ئەنووسێ؟

لە ویلایەتی مووسڵدا لیسان کە تەعەددودی پەیدا کردووە، واسیتەی ئەمەیە؛ تەئریخەن سابیتە کە ئەم موحیتی کوردستانە بەواسیتەی هوجوومی غەرب بۆ شەرق و شەرق بۆ غەرب، موتەماددیەن مەمەڕڕ و مەعبەری ئۆردووی ئەقوامی شەرق و غەرب بووە و توولی موددەت لێرەدا ماونەوە و لە موددەی ئیقامەتیاندا بیتتەبوع ئیختیلاتیان لەگەڵ کوردەکان کردووە. ئەوانەی کە ساکین دەشت و ئەرازییەکی موسەتتەح بوون، لەبەر ئەوەی کە زیاتر لە سکوونی شاخەکان ئیختیلاتیان لەگەڵ کراوە، بەمورووری زەمان زبانیان تێکەڵاوی یێکتریی بووە، فەقەت ئەوانەی کە لە شاخوداخدا مەسکوونن تا ئەمڕۆ کامیلەن موحافەزەی زبانی خۆیان کردووە! عەرەبییش کە قیسمەن لە کوردستاندا موکالەمەی پێ ئەکرێ، ئەسبابی چییە؟ مەعلوومە کە لە زوهووری ئیسلامییەتدا تەعەسسوبی دیانەت لە ناو ئیسلامدا چەند زۆر بووە! لەگەڵ ئەوەش مەرکەزی خیلافەتی عەبباسییەکانیش بەغداد بوو کە لەگەڵ کوردستان موناسەبەتێکی زۆری ئیقتیسادیی و موحیتییان هەیە، بەم ڕەنگە زمانی عەرەبیی و تورکیی لە بەغدادەوە و نازانم لە کوێ و کوێوە، وردە وردە سیرایەتی کردە کوردستان، وە ئیللا ئەتوانم بڵێم لە شەرقی دیجلەوە هەتا ئاراس بەئیعتیبار، ئەساسی کورد و کوردستانە. کەوابوو بۆ ویجدانی ئەو موحەڕڕیرە، ئەو ساحێب مەعلووماتە موتەئەسسیفم کە موقابیل بەداهەت، خیلافی حەقیقەت، قەڵەم یەنێتە سەر کاغەز. ئێمە میللییەتیمان ئیدراک و ئیفهام کردووە، لەبەر ئەوە موحافەزەی ئەم حەققە مەشرووعییە هەر ئەکەین و خیلافی حەق بەپاناتێ ئەگەر ببینین، ڕەددی ئەکەینەوە و ئەم حەققە لە حوکوومەتی فەخیمەی بریتانیا داوا ئەکەین!

م. نووریی

[تەواو]

(*) ڕاستییەکەی – چۆن ڕۆژنامەکەی نەجمە بەڵگەیە – ئەو جۆرە گوتارانەی ئەو و گوتارەکانی ڕۆژنامەی «عیراق» هەموو بەفیتی ئینگلیزەکان خۆیان و ئەقڵی ڕەگەزپەرستانەیان بووە کە گەلێ لە ئەو نووسەرانە تفی ئەوتۆیان کرابووە دەم و بەئاشکرا و نهێنی نانخۆری ئینگلیز بوون.

(١) مەبەست عەلی باپیر ئاغا – کەمالیی شاعیرە.

كاغەزەكەی (لەتیف)م هێشتا نەداوە، سبحەی شەو ئەچم بۆ ماڵەوە بۆ لای![1]

ئەمە دوو سێ ڕۆژە ئەگەڕێم ئەحواڵی یێكێك ئەپرسم كە بێت بۆ هەولێر، دەست ناكەوێ. ئەوا مەجبوور بووم ئەم توحفەیەم تەقدیم كرد و غەزەتە كۆن و شڕەكانم هێشتەوە بۆ ئەوەی بەیێكێكدا بینێرم. جارێ ئەم جارە خواحافیزتان بێت.

(ئیمزا)
سلێمانیی؛ م. نووریی
٩٤٢/١/٢٦

[تەواو]

پ. ن؛ كە: ٢٠٢/٤/٦٣(*)
[نووریی شێخ ساڵح ـــ عەبدوڕڕەحمان مەلا عەبدولعەزیز موفتیی – شێرۆ][2]
[سلێمانیی]
١٩٥٥/١٢/٢١[ز]

نووری چاوم عەبدوڕڕەحمان

ئینشاالله دائیمەن مەسعوود و لە سیحەتدا ئەبن. ئەلحەمدولله هەموو لایێك باشین.

وتار و ئەشعارەكان، پاش سێ چوار ڕۆژێ حەفلەی تەئبینەكە[3]، تا ئەوڕۆش – من بزانم – گوتار و شیعرە باسكراوەكان لە چاپ نەدراون!!.

هەمووی كۆكردەوە و مەیدانی فەوتانی هیچم نەدا، بەئەمەلی ئەوەی كە ئینشاالله لە فورسەتێكدا لە چاپ بدرێ. تا ئەم بەینە كەس لێی نەپرسیەوە؛ لەم ڕۆژانەدا (جەمال) هات و داوای كرد.[4]

وتی: كاك ئەوڕەحمان داوای كردووە و بۆی ئەنێرم. منیش هەمووی تەسلیم كرد، بەڵام

(١) پێم وەیە مەبەستی (شێخ لەتیفی شێخ مەحموود) نەبێ و مەبەستی شێخ لەتیفی دانساز بێ كە پێوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ گیو هەبووە!.
(*) سەرچاوەی پێشوو.
(٢) بۆ ژیننامەی نامەوەرگر، بنۆڕە: نێوداران.
(٣) مەبەست پاسینیی – چلەیەتی.
(٤) برای نامەوەرگر. (جەمال موفتیی كۆچكردوو!)



بۆ ئەوەی زاییع نەبێ و بەهەر جۆرە تەقەللایێك بووە لە چاپ بدرێ، ویستم ئەم كاغەزەتان بۆ بنووسم. (بێخود) لە دڵی هیچ فەردێكا فەرامۆش نەكراوە. تەبیعیی ئەو مەركەز و مەكانەتەی بە لە چاپدانی وتارەكان كە بۆ تەئبینەكەی وتراوە و بێجگە لەوەیش بەچاپكردنی ئەسەرەكانی، تا دنیا ماوە، ئەویش ئەمێنێ.

ناشێ موتاڵەعەی حەیاتی گەورە شاعیرەكانت نەكردبێ، زۆربەیان لە جیهانێكی موبەهەمەوە، دۆستێكی، موخلێسێكی ئەسەرەكانی، یا خزمێكی، بەجارێ هێناویەتەوە ناو و لە دڵی خوێندەوارەكانی جێگەیێكی بەرزی بۆ تەئمین كردووە و تا لا موتەناهیی ژیاندوویەتی! تۆ، ئێمە، ئەگەر بێتو كەمێك، یەعنی هەر بەقەدەر ئیمكان بۆ ژیاندنی ئەم ناوە گەورەیە تێ بكۆشین، زۆر بەئاسانیی پێكی ئەهێنین و شتێكی گران نییە!

ئەووەڵەن، ئەو قەبرەی كە ئەبەدییەن تیا ڕاكشاوە، بۆ ئەوەی بەمورووری زەمان لەگەڵ ئەرزەكە نەبێ بەیێك، تەدبیرێكی بكرێ!.

سانییەن؛ ئەو وتار و ئەشعارەی كە بۆ مەرحووم و تەئبینی كراوە، لە چاپ بدرێ و لە تەرەف یێكێكی شارەزاوە، موقەددیمەیێكی جوانی عەلاوە بگرێ!

سالیسەن؛ ئاسارەكانی زۆر بەئیعتیناوە، یەعنی لەسەر كاغەزێكی چاك لە چاپ بدرێ. بەفرۆشتنی ئەمانە، ئەوانەی لە سەرەوە عەرزم كردن كە عیبارەتە لە تەخلیدی ناو و مەرقەدی، زۆر چاك پێكدێت. ئیشراف و تەنزیمی چاپكردنی ئەمانە بخرێتە ئەستۆی مامۆستا (عەلائوددین سەججادیی)ەوە، چونكە ئەو نەك هەر لەمەدا، لە هەموو شتێكدا بەهۆش و مەعریفەتە!

ئەمجا من ئەمانەم بۆ نووسیت و هەرچیی ئەزانیی بەمن بكرێ و لە دەستم دێت، ئەوە تەودیعی منی بكە، من بەڕۆح ئەیبەمەسەر.

ئیتر خۆشیتان لە خوا داوا ئەكەم
لێی سەندم و بۆ خۆتی ناردووە!

(ئیمزا)
شێخ نووریی
پوورزات
١٩٥٥/١٢/٢١

[تەواو]

📖 پ. ن؛ کە: ٢٠٣/٥/٦٣[*]

[نووریی شێخ ساڵح ـــ عەلائوددین سەججادیی][1]

سلێمانیی

١٩٥٨/٥/١٤[ز]

برای بەرز و بەنرخم مامۆستا عەلائوددین

هەموو کاتێکت باش

لە یەزدان ئەپاڕێمەوە بەتەندروستیی و خۆشیی ڕابوێرن... نامەکەتم وەرگرت، لێم عایەن بوو کە ئەدەبییاتەکەتان زۆر جوان خوێندووەتەوە. بەرامبەر بەم زەحمەتانە سوپاسی بێ پایانتان پێشکەش ئەکەم![2]

قوربان

لە ئەساسا مەبەست لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، ئەوەیە؛ ئەم شاعیرانەی کە ئێستا بەپای پیلان (شیعر) ئەخەنە پێش چاوی خوێندەواران، وا تێگەییشتوون، شیعر، لەم عەسرەدا وەک سائیر شتی تر، تەتەووری کردووە و تەتەوورەکەش عیبارەتە لە (ڕیعایەت نەکردنی ئەوزان و قەوافیی، وە بەکارهێنانی وشەی کوردیی پەتیی لە جێگەی خۆیا بێ، یا نەبێ، ئیتر هەرچیی نەواحیی ئەدەبییەی تری شیعر و ئەدەبییات هەیە، ڕیعایەت کردن و نەکردنی زیادە)، یەعنی (شت بڵێین و بنووسن)، خۆیان ناو بنێن، شیعر، ئیتر بەسە و تەواوە![3] مەعلوومی عالیتانە، تەئلیف بۆ ئەو خوێندەوارانەیە کە ئەیخوێننەوە و تێی ئەگەن، بۆ ئەوانە نییە کە نازانن ئەدەب و ئەدەبییات چییە!

(*) سەرچاوەی پێشوو؛ ل ٤٣٩ – ٤٤٣.

(١) بۆ ژیننامەی نامەوەرگر، بنۆڕە: نێوداران.

(٢) ڕەنگبێ مەبەستی بەشێکی هۆنراوە چاپکراوەکانی بێ کە بەنێوی (هۆنراوەی نووریی شێخ ساڵح)ەوە لە ساڵی ١٩٥٨ز.دا چاپ و بڵاوکرایەوە!.

(٣)- ئەم هۆش و بیروڕایانەی شاعیر کە خۆی سەردەستەی شاعیرە نوێخوازەکانە، شایانی لێ وردبوونەوەیە. ڕەنگبێ یێکێ هەست بکات و بڵێت؛ دژی شیعری ئازاد بووە؟ من باوەڕ ناکەم ئەوهە بووبێت، بەڵام پێم وەیە ڕاست دەکات کە شاعیر دەبێت بەر لە شیعر دانان، ڕۆشنبیریی لە هونەرەکانی ئەدەب و بەتایبەتی لە شیعری کۆندا هەبێت و لە دەستوورەکانی بزانێت، نەوەک هەر =



ئەمجا ئەو بەشە شاعیرانە، ئەگەر لەم نەوعە تەئلیفانە، خوا کردی نەکەوتنە ڕەخنەگرتن، ئەو تەتنفیدە، مەعنەن تەئیدە بۆ ئەو تەئلیفە کە ئیستیناد بەمەباحیسی عیلمییەوە هاتبیەتە وجوود.

تەبعەن ئەوانە ئەبن بەڕەخنەگر، شاعیر و یا ئەدیب نین و ناشزانن کە شاعیر و ئەدیب نین کە (فەلاکەتی گەورە) بۆ خۆیان ئەمەیە!

مەعنای ڕاستەقینەی ئەدیب ئەوەیە کە وەلەو لە دەرەجەیێکی کەمیشا بێ، کەم تابێژێ لە قەواعیدی ئەدەب شارەزا بێ، بزانن تەشبیهـ چییە؟ ئیستیعارە مەعنای چییە؟ لەف و نەشر چۆنە و شتی وا لە قەواعیدی ئەدەب بزانن.

تەقریبەن دە پانزە ساڵ لەمەوپێش، تاقمێک لێرە چووبوون بۆ «پێنجوین» و لوجنەی فەحسی تووتوون بوون... لەو سەردەمەدا، یادی بەخێر (ڕەشید سیدقیی) مودیری ناحیەی پێنجوین بوو![1] لەبەر ئەوەی مودیر گەورەترین مووەززەفی ناحیەیە، بەتەبیعەت لە ئەوقاتی فەراغا، هەموو لوجنە، لای ئەو کۆئەبنەوە!

مودیریش، جەنابتان ئەیزانن کە شاعیرە، ئەکسەری وەقتیان بەشیعر خوێندنەوە، لای ئەو ڕابواردووە.

ئەوانەی کە گوێیان لە خوێندنەوەی شیعریش نەبووە، هەموویان بەتەئسیری شاعیری بەنێوبانگ، ببوون بەشاعیر!! لە چ جێگایێک کۆئەبوونەوە و چ نەوعە خواردەمەنییەکیان ئەخوارد، عەشق و غەرام لەگەڵ کێ و لە چ دەرەجەی شیددەتێکا بووبێ، پەی دەرپەی، ئەکرا بەغەزەل و قەسیدە و ئەنێررا بۆ خوا لێخۆشبوو؛ (پیرەمێرد).

= لەخۆڕاوە، بەشێوەی پەخشان بەکوردییەکی ڕەوان، شتێ بنووسێت و نێوی لێ بنێت (شیعر!)، چونکە شیعر، پەیکەرێکی گیانیی، جوان و ڕازاوە و بەئاوازەی هونەرە کە هونەریش لە هەموو کەسێ نایەت. وێڕا، دەبێت ددان بەڕاستییدا بنرێت کە (هونەر) بەرد نییە، بەڵکو گیانێکی هەمیشە زیندوو و بزێوە و هاوڕێگەی ژین و هەستیی مرۆڤ و ڕۆژگاریەتیی و بۆ خزمەتی ئەوە و ئەگەر ئەوهەش نەبێت، ئەوە هەرگیز هونەر نییە!

(١) ڕەشید سیدقیی غەفوور؛ (١٨٩٠ز – ١٩٥٦ز) شاعیرێکی خەڵکی سلێمانییە. لە سەردەمی دووەم حوکوومەتی کوردستاندا ئەفسەر بووە و لە دووەم شۆڕشدا، بەچەک و تیفاقەوە خۆی تەسلیم کردووەتەوە. ئیدی تێکەڵی کوردایەتیی نەبووە! لە سەردەمی مەملەکەتی عێراقی عەرەبدا بووە بەڕێبەری ئاوایی و تا قایمقامیی ڕۆییشتووە. دیوانی شیعری کۆ و چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە!.

یێکێ لەم شاعیرانە (ڕەفعەتە درێژ) بوو... غەزەلێکی ناردبوو بۆ ئەوەی لە (ژین)ا چاپ بکرێ.

شیعرەکانی توخنی وەزن نەکەوتبوون، بەڵام هەموو ئاخیری دێڕێک لەگەڵ دێڕی دووهەمی موقەففا – قافیەدار/ k – وەک مریشکی سوورەوەکراو و پاقلەی کوڵاو و گۆشتی برژاو... غەزەلەکەش مەوزووعەکەی هەر خواردن بوو و مەوزووع تەتەڕڕوقی کردبوو بەئیشارەت لەم غەزەلەدا باسی ئەوەشی کردبوو کە (ڕەشید سیدقیی) مەیلی کچی مەلا ئەکات و ڕۆژێک لە مەجلیسەکەیاندا مەوزووع کراوەتەوە و توورە بووە!

پیرەمێرد؛ خوا لێی خۆش بێت، ئەمەی لە (ژین)ا چاپ کرد... پێنجشەممە بوو، ئەو ڕۆژە جەریدە دەرچوو، خۆی بۆی هێنام بۆ خەزێنە – ئەو سەردەمە لەوێدا کاتبی مەسرەف بووم – نیشانی دام. عەرزم کرد؛ خاڵە، بۆ جەریدەکەی خۆت بەجوان و موناسیبی نازانم ئەم جۆرە شتانەی تیا بنووسرێ!

فەرمووی: بۆ ئەوەی حەیایان بەرم، بۆیە نووسیومە!

منیش بۆ پێنجشەممەی ئایندە، ئەم چەند شیعرەم دا بەخزمەتی،وتم: ئەمەش چاپ بکە!
ئەمەیە شیعرەکان لە ۱۹٤۲دا – واتە س ۱۹٤۲ز.دا/ k – وتراوە:

حەقە ئەمڕۆ بدا تانە لە ماه و موشتەریی و ئەختەر
سولەیمانیی بەشیعری ئێوەوە ناویەتە سەر؛ ئەفسەر
تەماشای لاپەڕەی (ژین) کەن؛ نییە جێ نوختەیێ خاڵیی
لەبەر ئەشعاری تازەی شاعیران، ئەم سەر تا ئەو سەر
ئەبینیی شیعری(لوجنەی فەحسی تووتون)بێشەمە و بۆندار(٥)
ئەبینیی میسرەعی وا، قامەتی بەرزە وەکو عەرعەر
ئەبینیی شیعری(سیدقیی) پڕ لە نیکتەی خۆش و مەعیندار
لەسەر ماڵی مەلا شەڕیە، لەسەر پێیە وەکو وەڕوەڕ
ئەبینیی شیعری وا، پڕیە لە قەیسیی و مێووژ و بادام
فەساحەت، جیڕ و هووڕی دەف لەوێدا وەک کەلەرمی تەڕ
لەناو ئەشعاری ئەم خۆراکە نایابە؛ شیعری کۆن
ئەشوبهێ هەر بەتەشبیهی پڕ لە ترخێنە و لەپەی ساوەر

(٥) دوو جۆرە تووتوونی بەنێوبانگی کوردستانە!.



شوکر فەوتا «جیناس و قاعیدەی تەشخیس و ئیستیفهام»
هەتا کەی بۆ تەزاددێ دابمێنم وەلەو موزتەڕ؟
هەتا کەی موقەییەد بم بەقەیدی قافیە و ئەوزان؟
هەتاکو کەی (تەجاهولی عاریفانە) بێنمە دەفتەر؟
لەگەڵ «تەردید و قەتعا» بۆ نەکەم قەتعی عیلاقەی دڵ؛
بەکەڵکی چیم ئەشێ غەیری خەفەت هێنان و دەردی سەر؟
دەبا بڕوا «وزووح و ئیستیعارە» گۆڕی با گوم بێ،
«ڕوجووع و حوسنی تەعلیل و ئەدای حیسسی بەدیع»ئاوەر!
لە بۆ چیم چاکە بەینێ دابمێنم بۆ «لەف و نەشرێ» ؟
«مورەتتەب یا موشەووەش» بۆ بەدڵما چێ وەکو نەشتەر؟
بەقانوونیش مووززەف گەییە حەددی خۆی تەقاویتە،
تەمای چیمان هەیە، تا کەی بژیی شیعری (من و زێوەر)؟

کاکە عەلائوددین

ئەمجا ڕۆژێک ئەبێ ئەم شاعیرە بەنرخانە، یا خۆیان تێ ئەگەن کە شاعیر نین و یا خێرخواهێک تێیان ئەگەیێنێ و کە لە ئەدەب و ئەدەبییات تێگەییشتن، تەبعەن فێر ئەبن و کە فێربوون، ئەمجا ئەنووسن و باش ئەنووسن!

ئەمجا کە وابوو، هەروەکو عەرزم کردن، موختار و موفەووەزن، ئەتوانن چ نەوعە دەست لێ دانێ کە پێویست بێ، دەستی لێ دەن و کەلیماتی عەرەبیی – حەتتائیمکان – بگۆڕن بەکوردیی. پاش ئەوە تەرتیبی و حەجمی لاپەڕەکانی، لەگەڵ موقەددیمەییێکی خۆتا بۆم بنێرێتەوە کە خۆم لێرە لەسەر ئەو وەسییەیە تەبیزی بکەم وە بۆ چاپکردنی چی پێویستە عەرزتان بکەم!

ئیتر بەدڵ و بەگیان، ژیان و بەرزیتان لە یەزدان داوا ئەکەم!

نووریی شێخ ساڵح
سلێمانیی
۱۹۵۸/٥/۱٤

[تەواو]

☼ پ. ن؛ کە: ٢٠٤/١/٦٤ (*)

[ئی. دەبلیو نۆییێل E.W. Noiel ـــــ شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم] (١)

[ش؟]

٩٢٢/١٢/٣١[ز.١]

...

بۆ جەنابی حەرزەتی شێخ عەبدولکەریم دامەئیقبالەهو

لە پاش ئەدای ئیحتیرام

مەعلوومی جەنابی عالییە، هاتنی موخلّیس بۆ ئەم تەرەفە، ئەساسەن ئەمەیە کە لە مابەینی کورد ئیتتیفاقی وا جاریی ببێ کە هەموویان موتتەحیدەن بۆ ئیددیعای حوقووقیان بتوانن مودافەعە بکەن! وەلحال ئەم تورکانە کە ئێستا لە قەزای ڕواندزە و لە ئەترافی خۆشناوات کە مەوجوودە، مانیعە بۆ ئەمە کە کورد ئیتتیفاق بکا و بتوانێ بۆ خوسووسی جوقووقیان ئیددیعا بکەن، وە ئەگەر ئێمە ئەم تورکانە لەم مەنتیقەیەدا دەربکەین، ئەم وەقتە ئیرتیبات لە مابەینی هەموو کورد جاریی ئەبێ. «k/!!»

بینائەن عەلێهـ، (ئیسماعیل ئاغا) (٢) ئێستاکە کە هات بۆ سلێمانیی، ڕجا ئەکەم لە

---

(*) دەستنووس - ڕوونوس کراو لە ئەسڵە نادیارەکەوە - وەرگیراو لە کوڕەزای شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم؛ در. سەعدی بەرزنجیی؛ هەولێر - ١٩٩٤/٣/٦ز. در. سەعدی بۆ منی گێڕایەوە گۆیا ئەوە ئاخاوتن و دەستنووسی نۆییێل خۆیەتی!! من ئاخاوتنەکە بەڕاست دەزانم، بەڵام ئەم دەستنووسە بەئەسڵ و نووسراوی ناژمێرم. نامەکەش - سیاسییە - بۆیێکا لە ڕیزی (نامەی ڕەسمیی)دا دامنەناوە، چونکە لە دەزگاییێکی ڕەسمیی و بەمۆر و نێوی بریتانیاوە، بەرەو ڕوونەکراوە.

(١) بۆ ژیننامەی (نۆییێل) بنۆڕە: نێوداران.

(٢) سماییل ئاغا؛ سمکۆی شکاکە کە لە ١٩٢٣/١/٨ز.دا گەییشتە سلێمانیی. نامەکەش کە بەڵگەییێکی زیندووی سیاسەتی درۆودەلەسەی بریتانیا و کاربەدەستەکانیەتی - وەک نۆییێل - نهێنیی دوو توێی ئەمەیە: بریتانیا، تورکیا، حوکوومەتی مەملەکەتی کوردستانی باشوور، هەرسێکیان بۆ مەبەستی خۆیان (کاغەزی فشار)یان بۆ سەرییێک دیی بەکار بردووە...
تورکیا - بەسەرزاریی و بەنێوی هاوئایینیی و تێکەڵیی پێوەندیی مێژوویییەوە - پێوەندیی لەگەڵ حەفید زادەی مەلیک دروست کرد تا نامەی هەڕەشە بگات بەبریتانیا و بەلاییێنی کەمەوە - ئەگەر کوردستانی باشووری بەنێو هەرێمی مووسڵی نەهاتەوە پاڵ کە هەرگیز نەهاتەوە! - کارێ بکات (پەیمانی سەڤەر) زیندەبەچاڵ بکرێت کە لە دواڕۆژدا هیوای هاتە دیی. بریتانیاش - وەکو سمکۆ =



جەنابی عالیی سەعیی و کۆششی وا ئەفەرموون کە ئیسماعیل ئاغا، مەئیووس نەگەڕێتەوە. باقیی ئیحتیرام! (٣)

**٣١ کانوون ئەووەل ٩٢٢**

**مێجەر نۆییێل**

**(ئیمزای ئینگلیزیی)**

[تەواو]

---

= و کەسانی دیی وەک شێخ عەبدولکەریمی هان داوە - مەبەستی لاوازکردن و پاکۆدانی ئەو هاریکاریی و پێوەندییە بووە تا تووشی شەڕی ڕووبەڕوویی لەگەڵ نێرووەکانی تورک و زیانی دارایی نەبێت و خەو بەگێڕاندنەوەی کوردستانی باشوورەوە نەبینێت! حوکوومەتی مەملەکەتی کوردستانی باشووریش - کە چ دەوڵەتێ باوەڕی پێ نەکردبوو - مەبەستی فشار بوو بۆ سەر بریتانیا تا لەگەڵ گەلی کورد و مافی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان ڕاستگۆ بێت و بەڕەسمیی باوەڕی پێ بهێنێت و پاشگەز بێتەوە لە سیاسەتەکانی پەرت و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵانی گەلی کورد و لێک دابڕاندنی نێوچەکانی و لکاندنیان بەمەملەکەتی عێراقی عەرەبەوە! سمکۆی شکاکیش - لەبەر دوژمنایەتی لەگەڵ تورکیا - بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە و دەستگیربوونی پشتیوان و یارمەتیی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازییەکەی، تێکەوتنی پەسەند کردبوو، بەڵام نە ئەو کارەی سەری گرت و نە خۆیشی باوەڕی بەپشتیوانیی بریتانیا ما! سەرئەنجام بارەکە بەئەو لایەدا کەوتەوە کە دوای نزیکەی سێ مانگێ، بریتانیا ڕێگەی سیاسەتێکی توند و بوردومانکاریی و ئەوجا پەلاماری سەربازیی و داگیرکردنەوەی سلێمانیی جێبەجێ کرد!
(لە بەشی نامەی ڕەسمییدا، باسەکە ڕوون کراوەتەوە!).
جێگەی باسە، لە ئاستی پێوەندیی حەفید زادە و تورکدا، مێجەر ئەدمۆنس G. J. EDMONDS، لە کتێبەکەی (کورد و تورک و عەرەب)ی خۆیدا، باسی هەڵوێستی شێخ عەبدولکەریمی کردووە و دەبێژێت؛ (شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم و بەگزادەکانی جاف و هێندێ کوردی دی، نامەیان بۆ ناردم کە پێوەندیان بەشێخ مەحموودەوە نەماوە، چونکە پێوەندیی لەگەڵ تورک پەیدا کردووە!).

(٣)- بەدەستکاریی ڕێنووسەوە!